IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لیکۆڵینەوە

### گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك

# نهێنییەکانی دەستگیرکردنی ئۆجەلان

نوسینی: Britta Bohler
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێکەوت ئیسماعیل

2015

گەشتە بۆ ئاکامەکانی سەرکردەیەك

# نهێنییەکانی دەستگیرکردنی ئۆجەلان

نوسینی: Britta Bohler
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێکەوت ئیسماعیل

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 33 )

ناوی کتێب: گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك
نوسەر: Britta Bohler
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێکەوت ئیسماعیل
بابەت: ڕامیاری
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئاکام شەمسەدینی
وێنەی بەرگ: چێنەر عوسمان
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2015
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 8000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1160 )ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

## ناوەرۆک


پێشەکی نوسەر ........ 7
پێشەکی وەرگێر ........ 9

**بەشی یەکەم  رۆما**
- دۆسیەیەکی تازە ........ 16
- گەلێکی بێ وڵات ........ 62
- بولەر Bohler وەک خۆی ........ 118

**بەشی دووەم گەشتەکان**
- دەرگا داخراوەکان ........ 149
- کەوتنە داو ........ 193
- ئەو پرسیارانەی چاوەڕێی وەڵامن ........ 232

**بەشی سێیەم ئیمرالی**
- وێستگەیەکی کورت لە ئەستەنبوڵ ........ 245
-لەژێر ئاگربارانداا ........ 268
- پرۆسەی سەدەیەک ........ 302

**بەشی چوارەم**
-چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان ........ 327
-چاوپێکەوتن لەگەڵ سەبری ئۆک ........ 341
-فەرهەنگۆك ........ 351

## پێشەکی نووسەر:

بەر لە نۆڤەمبەری ١٩٩٨ کەم کەس ناوی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی بیستبوو، هەروەك چۆن دیسان کەم کەسیش بایەخێکی ئەوتۆی بە بارودۆخی کوردەکان لە عێراق و تورکیا دەدا کە ساڵانێکی ڕەبەقە بێ ئاکامێکی ئەوتۆ لە پێناو بەدیهاتنی مافەکانی خۆیاندا دەجەنگن، بەڵام بە گەشتنی ئۆجەلان بۆ ئیتالیا هەموو ئەم شتانە گۆڕان، مانەوەی ئەو بۆ ماوەیەکی کورت لە ڕۆما و گەشتە ناکام و مەترسیدارەکانی بە ناو نیوەی ئەوروپادا و گەڕانی بەشوێن ئارامی و ئۆقرەیداو پاشان دەستگیرکردنە سەیروسەرنجڕاکێشەکەی لە کینیا، نەك تەنها ئۆجەلان خۆی، بەڵکو کێشەی کوردیشی فڕێدایە سەر مێزی زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرئاوا. وێنە دڵتەزێنەکانی ئۆجەلان بە دیلی و بەنجکراوی و چاوبەستراوی لە نێو ئەو فڕۆکەیەدا کە بەرەو تورکیای دەبرد، شێوازی مامەڵەکردن لە گەڵیدا، پاشان وێنەی ئۆجەلان بە دەستبەستراوی لەبەردەم ئاڵای تورکیادا بە دڵنیاییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بە تەنها منی دانەچڵەکاندووە.

ئەمە هەمووی لە لایەك و پرۆسەی دادگاییکردنەکەشی لە لایەکی دیکە، پرۆسەیەك کە دەرئەنجامەکانی هەر لەسەرەتاوە دیاریکرابوون، پرۆسەیەك کە ئامانجی ئەوە نەبوو بڕگە یاساییەکان بچەسپێنێت هێندەی ئامانجی ئەوە بوو کە لەژێر پەردەی یاسادا بەرهەڵستکارێکی سیاسی پەراوێز بخات..

ئەم کتێبە چیرۆکی گەشتە بێئاکامەکانی ئۆجەلان لە زمان و لە دیدی یەکێك لە پارێزەکانیەوە دەگێڕێتەوە، گەشتێك کە لە(دیمەشق) ەوە دەستپێدەکات و لە تورکیادا کۆتایی پێدێت.. هەرچەندە من هەوڵمداوە کە روداوە راستەقینەکان زۆر بە راستگۆیانەو ئەمانەتەوە شرۆڤە بکەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆچۆن و رامانی خۆشم رۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێت..

هەوڵمداوە زۆر خۆم بە وردەکاری زیاد و ناپێویستەوە نەبەستمەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا وردەکاریەك کە زۆر رۆڵی هەبوبێت لەرووداوەکاندا و ئاماژە بۆکردنی پێویست بووبێت ئەوا فەرامۆشم نەکردووە، لەهەمانکاتیشدا هیچ روداوێکم بەئانقەست لانەداوە لە پێناو ئەوەدا کە راستیەکان ئاوەژوو کەمەوە تەنها ئەوە نەبێت کە هەندێك جار لەبەر سەلامەتی یاخود لەبەرئەوەی کە بابەتەکە پەیوەندی بە کەسایەتی تایبەتی ناوبراوەکانەوە یاخود کارەکتەرەکان یاخود موەکیلەکەم هەبێت خۆم لە هەندێك شت لاداوە، بۆ نمونە لەبەر باری ئاسایش و پاراستنی گیانی کەسایەتیەکان، ناوی تەواوی هاوەڵەکانی ئۆجەلان و تەنانەت ناوە نهێنیەکانیشم گۆڕیون.

ئەم کتێبە بەبێ هاوکاری و پاڵپشتی هاوڕێکانم و کارمەندەکانم بەرهەم نەدەهات، بۆیە لەم بارەوە سوپاسی تایبەتی تەواوی هاوکارەکانم دەکەم لە نوسینەکەمدا – جا چ پارێزەرەکانی هاوڕێم بن یان کارمەندەکانی دیکە بن – کە بەراستی مەوداو کاتیان پێبەخشیم کە ئەم نوسینە تەواو بکەم، لێرەدا سوپاسی تایبەتم بۆ یەکێك لەوانە بە ناوی (TIES PRAKKEN) پێشکەش دەکەم کە بەڕاستی خەمخۆریی ئەو بۆ موەکلەکانی هەمیشە و تاسەر نمونەی بەرزی من دەبێت..

**ئەمستەردام – فێبەروەی ٢٠٠٠**

## پێشەکی وەرگێڕ:

زستانێکی زۆر سارد بوو، بەڵام بۆ ئێمەی کوردان، رووداوە سیاسیەکان ئەو زستانەیان زۆر گەرم کردبوو. ئەوێ دەمێ لە رۆژانی ئەو رووداوانەی کە ئەم خانمە پێشمەرگە و بەئەمەکە بەرامبەر بە گشت دۆزە مرۆییەکان بە تایبەت بەرامبەر بە دۆزی کورد ئەم کتێبەی لە بارەوە نوسیوە، بەشی خۆم لە هۆڵاندا لە نێو رووداوەکاندا بووم. کوردێک بووم لەو هەزاران کوردەی، چاوەڕوانی ئەوە بووم ئۆجەلان لە فڕۆکەخانەی شاری رۆتەدام، کە بڕیار بوو بگاتە ئەوێندەرێ و داوای مافی پەنابەری بکات، دابەزێت و ئیتر دۆزی کورد بەتایبەت لە باکوری کوردستان، لە قۆناغێکی نوێدا خەباتی سیاسی خۆی درێژە پێبدات. بەداخەوە رووداوەکە نەک بەوجۆرە نەبوو، بەڵکو بە تراژیدیایەک گەیشت کە هەموومانی تەزاند. ئەوێ دەمێ ئیتر سەدان کوردی کەرامەت بریندار بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی وێنەی ئۆجەلان لە تەلەفیزیۆنی تورکیا، شێت ئاسا کەوتنە سەر جادەکانی شاری دەنهاخی هۆڵەندا و نەک تەنها لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسدا کەوتنە شەڕەوە، بەڵکو هەرچی بەرژەوەندیەکانی تورک بوو تێکوپێکیاندا. دنیا هەژاو چەندین باڵیۆزخانەی دەوڵەتی یۆنان کە دەستێکی ناپاکانەی لە پیلانەکەدا هەبوو لە لایەن رەوەندی کوردەوە داگیرکران. باڵیۆزخانەی ئیسرائیلیش کوردە راپەڕیوەکانی دایە بەر دەستڕێژی گولە و چەندان کەسی لێکوشتن... راشکاوانە بێژم ئەگەر لەو رۆژانەدا چەک و تەقەمەنی لە ئەوروپا دەستی کوردان بکەوتایە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە

وڵاتی ئەوروپی نەدەما قەسابخانەی تێدا ئەنجام نەدرێت، چونکە ئەوەی بەسەر کوردیان هێنا نامۆراڵیەیەک بوو کە دەبێت بۆ هەتا هەتایە مێژوو شەرم و داوەشین بۆخۆی بنوسێت...

پەکەکە لە مێژوی رزگاریخوازانەی گەلی کوردا پێگەیەکی زۆر گرنگ و مێژووی هەیە. کەم نیە پارتێکی ئاوا بەگژ وڵاتێکی ئاوا گرنگ و زەبەلاحدا بچێتەوە، کە نەک تەنها لە رووی جیۆپۆلەتیکەوە بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا هەتا ئەمرۆ پڕ بایەخ و ستراتیژە، بەڵکو ئەندامێکی گرنگی ناتۆشە و هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ماوە درێژی ئەمەریکاش بووە لە ناوچەکەدا. ئەگەرچی کوردانی باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەختێکی باش یاوەریان بووە کە رژێمەکانی سەردەست هەمیشە دوژمنی ئەمەریکا و ئیسرائیل بوون، ئەمەش بۆ خۆی پشتیوانییەکی زۆر گەورە بووە لە بزاڤەکەی ئەوان، بەڵام پەکەکە ئەوەشی نەبوو. لە خۆڕا نەبوو کە ئۆجەلان لە سوریا قەتیس مابوو، تا سەرەنجامیش هەر سوریا دەستبەرداری بوو. لە نێو ئاپۆرای ئەم بەرژەوەندییە تێکئاڵاوانەی هەموو دنیا لەگەڵ تورکیادا، دەبوو پەکەکە خەباتێک بکات کە هیچ نەبێت وەک کارێکی خۆکوژی نەبێت، تا سەرەنجام لە کات و ساتی پێویستدا پەکەکە خەباتی خۆی هەڵگیرساند. شکاندنی ئەو دیوارە سایکۆلۆژییە کە زیاتر لە دیوارێکی پۆڵاین دەچوو، بەسە بۆ ئەوەی پەکەکەو خودی ئۆجەلان پێگەیەکی گرنگی سیاسی بۆخۆیان تۆمار بکەن. ئاخەر میلەتێک بەدرێژایی نزیکەی شەست ساڵ بەهەموو شێوازێکی نامرۆڤانە، جینۆسایدی کەلتوری و جوگرافی و دەرونی و مێژوویی کرابێت و دەیان دەزگای جاسوسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کار لەسەری بکات، ملیارەها دۆلار بۆ تواندنەوەی سەرف کرابێت و لەپڕ بزوتنەوەیەک مەسیح ئاسا فویەک بکاتە نێو رۆحی ئەوها میلەتێک و زیندووی کاتەوە، قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت.

هاوتای هەموو بزوتنەوەکانی پارچەکانی دیکە کوردستان، دەکرێت خەبات و بەرخودانی گەریلا و پێشمەرگەکانی پەکەکە سەدان و بگرە

هەزاران داستانی لەسەر تۆمار بکرێت. هەموو ئەو کچ و کوڕە لاوانەی کە لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە دەچوونە قەندیل و لەژێر سەخترین بارودۆخی جوگرافیادا، لەگەڵ فڕۆکەو تانک و تەکنەلۆژیای خۆرئاوادا بەتایبەت (ئەمەریکی و ئیسرائیلی و ئەڵمانی) دەستەویەخە شەڕیان دەکرد، تەنانەت سەردەمانێکیش بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دەبوو شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ براکانی باشوری خۆشیاندا بکەن..تاد ، ناکرێت نادیدە بگیرێت. وێرای هەموو ئەمانەش دەکرێت لە روی دیسپلین و رەوشتی شۆڕشگێڕانەو تاکتیکی مۆدێرنی خەباتی سیاسی بە تایبەت لە ئەروپا پەکەکە نمونەیەکی جوانی خەبات بێت...

پێگەی ژنان لەناو پەکەکەدا خاڵێکی دیکەی گرنگە و هەڵوەستەیەک دەخوازێت. جێگای داخ و خەمە بۆ من کە دەبینم لە باشوری کوردستاندا پـۆل پـۆل کچانی خوێندەوارو خـاوەن دبلۆم لەسەر میکیاژێک یان تەلەفونێکی دەستی گڕ لە جەستەی خۆیان بەردەدەن و خۆیان دەسوتێنن، کەچی لەملاشەوە دەبینم کچانی پەکەک دەستەوتاقم، ژیانی خۆشگوزەرانی و بەزم و سەفای ئەوروپا بەجێدێڵن و شان بەشانی هەڤاڵەکانیان شەڕی شوناس و کەلتورو زمان لەگەڵ دێوەزمەیەکی ئەم سەر زەمینەدا دەکەن... بەڕاستی ئەمە خاڵێکە لەم بزوتنەوەیەدا کە دەبێت هەموو رێکخراوی ژنان و ئافرەتانی گشت پارچەکانی کوردستان دەرسی لێوە فێر بن.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدا نیە کە خانمێکی وەک بریتا بولەری پارێزەری ئۆجەلان ، نزیک و لەنێو دڵی روداوەکانەوە دەینوسێت و بوێرانە زۆر روداوی شاراوەی پشتی پەردە ئاشکرا دەکات، بەڵکو گرنگییەکی دیکەی ئەم کتێبە لەوەدایە کە خوێنەری کورد لە توێژە باڵاکانی کۆمەڵگا - پارێزەران، مافناسان، رۆژنامەنوسان، میدیاکاران، پیاوانی دەوڵەت و تەکنۆکراتان...هتد- دەتوانن سودی تەواوی لێوەرگرن، دەرس و عیبرەت لە چۆنیەتی کارکردن و مامەڵەیان لە تەک روداوەکان فێربن.

خودی روداوەکان و ئەو گەلەکۆمەکە نێودەوڵەتیەی لەکورد بەگشتی و کوردی باکور بە تایبەتی کرا و هاتنە سەرجادەی دەیان و سەدان هەزارکوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لەوڵات و لە تاراوگەو دەیان خاڵی دیکەی ورد لەنێو ئەم کتێبەدا خوێندنەوەو شرۆڤەی زۆر هەڵدەگرێت. من خوازیاری ئەوەم شارەزایان لە بوارە جیاوازەکانی  سیاسی و قەزایی و دبلۆماسی و پەیوەندیەکان و تەنانەت شارەزایانی بواری دەرونی، بتوانن خوێندنەوەیەک بۆ روداوەکانی نێو ئەم کتێبە بکەن، کتێبێک کە بەداخێکی زۆرەوە، هەرچەندە زۆر درەنگیشە  بۆ وەرگێڕان بەڵام هێندەی خوێنەری ئەوروپی و غەیرە کورد پێ ی ئاشنایە، هێندە کورد خۆی پێی ئاشنا نیە. کتێبێک کە  لەیەکەم ساتی کەوتنە بازاڕیەوە یەکێک بوو لەو کتێبانەی  کە زۆرترین فرۆشی هەبوو..

ئۆجەلان دەستگیرکرا و خرایە زیندانەوە و دادگایی کرا. هەرچەندە راستی و دروستی وتەکان و هۆکار و روداوەکانی پشتی پەردەی بەر لە دادگا و نێو دادگا، تەنها خودی ئۆجەلان دەتوانێت رۆژێک لە رۆژان  بۆمان بنوسێتەوە، وێرای هەموو سەرنجەکانیش لەسەر خودی ئۆجەلان و هەڵەو کردارو خاڵە لاواز و بەهێزەکانی لەگەڵ هەموو ئەمانە من شانازی بە گەلی کوردمان لە باکور دەکەم ، چونکە خۆشبەختانە نەخۆشیەکی کوشندە لە ئێمەوە فێر نەبوون و بەئەمەک بوون  بەرامبەر بە ئۆجەلانی رەمز و هیچ کەس و زاتێک بیری لەوە نەکردەوە  کە راستییەک بشێوێنێت و ئۆجەلانی سیمبوڵ لەکەدار بکات، هەر ئەمەش بوو کە یەکڕیزی و شکۆمەندی ئەو بزوتنەوەیەو میلەتی کوردمانی لە باکور پاراست و گەورەترین نەخشەی گڵاوی تورکەشچیەکانی لەگۆڕنا.

وەرگێڕان و تەرجەمەکردن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە تەنها ئەوەندە نیە تۆ لە جیاتی وشەیەکی بێگانە هەمان ئەو وشەیە بە زمانی کوردی بدۆزیتەوەو لە رستەیەکدا ریزبەندی کەیت، بەڵکو وەرگێڕان بەرلەوەی کارێک بێت لەسەر زمان، کارکردنە لەسەر کەلتور. تەرجەمەکردنی

کەلتورێکە بۆ کەلتورێکی دیکە. لەبەر ئەم بۆچونەم وەرگێڕانی ئەم کتێبە پستی بە تەرجمەی حەرفی و دەقی وشک نەبەستووە، بەڵکو من هاتووم کتێبەکەی ئەو خانمە هێژایەم کورداندووە، بەجۆرێک تەواوی توانای خۆم بەگەڕ خستووە کە وا لە خوێنەری کورد بکەم لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بکات ئەم کتێبە نوسەرێکی کورد نوسیویەتی نەک هۆڵەندی، ئیتر چەندە سەرکەوتووم ئەوە خوێنەری شارەزاو بەئەمەک دەزانێت.

لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا دوو گرفتی زۆر گران هاتنە بەردەمم، کە زاڵ بوون بەسەریاندا کات و رەنجی زۆری لێداواکردم. گرفتی یەکەم ئەوە بوو کە خانمی نوسەر وێرای ئەوەی کە پارێزەرێکی زۆر بەناوبانگ و بە توانایە و کۆمپانیا پارێزەریەکەشی پسپۆڕیی لە کێشە سیاسی و نێونەتەوەییەکاندا هەیە، زمانی زگماکی خۆی ئەڵمانیە و ئەم کتێبەشی بە هۆڵەندی نوسیوە، ئەمە وێرای ئەوەی کە ماوەیەکیش لە ئەمەریکا خوێندویەتی و زمانی ئینگلیزی ئەکادیمی دەزانێت، بۆیە لەم کتێبەدا نوسەر هەندێک جار بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی بە باشی بپێکێت وشە یاخود  رستەی ئەڵمانی بەکارهێناوە، زاراوەی یاسایی و قەزائی ئینگلیزی بەکار دەهێنێت و هەندێک جاریش فەرەنسی، ئەمەش وایکردووە کارەکەم قورستر بێت بۆیە وێرای بەکارهێنانی حەوت جۆری جیاواز لە فەرهەنگی ئینگلیزی وهۆڵەندی و ئەڵمانی بۆ پاراستنی ئەمانەتی وەرگێڕان و دڵنیابوون، دەبوو تەلەفۆن بۆ کەسانی شارەزا لەبوارەکەو ئەو زمانەنەش بکەم.

گرفتی دووەم هەژاری و داماوی زمانی کوردیە لەو هەموو زاراوە یاسایی و قەزایانەی کە بە زمانە ئەوروپیەکان دێنە بەردمی مرۆڤ، بۆیە زۆر زەحمەت دەبێت کاتێک مرۆڤ هەست دەکات ئەو زاراوەیە بە کوردی بوونی نیەو دەبێت بەجۆرێکیش بیگۆڕێتە سەر کوردی کە واتای خۆی بەدەستەوە بدات، بۆیە لەم کاتەدا باشترین شت بۆ من ئەوەیە کە زاراوەکە شیکەمەوە..

دەزانم وەرگێڕانێکی ئەوها زەحمەتە و بێ کێماسی نابێت، بەڵام لە کارەکەم دڵنیام و بەخزمەتەکەش سەربەرزم، دڵنیام لەوەی بەم کارەم خزمەتێکی بچوکم پێشکەش بە وشەی کوردی کردووە.

**رێکەوت ئیسماعیل**

**گەلاوێژی ٢٠١٠**

**هۆڵەندا**

زیادکردنێک بۆ چاپی نوێ:

چاپە کۆنەکانی ئەم کتێبە لە بازاڕدا نەمان، بۆیە بە باشم زانی چاپێکی دیکەی بۆ سێیەم جار بکەمەوە. چاپی یەکەم و دووەمی هەر هەمان ساڵی ٢٠١٠ کران، بەڵام ئەم چاپە دەکەوێتە پێنج ساڵ دوای ئەوان. پێداچوونەوەیەکی باشم بۆ کردووە، وێرای زیادکردنی هەندێک پەراوێز، رۆیشتم بۆ قەندیل و لەگەڵ بەڕێز سەبری ئۆک دیدارێکم لەبارەی ئەو رووداوانە سازکرد. بەڕێز مەحمود عوسمانیش خۆی لەو رۆژگارەدا سەردانی ئۆجەلانی دەکرد و لە نزیکەوە ئاگای لە رووداوەکان بوو، بۆیە سەردانی ئەویشم کرد و لەم بارەوە دیدارم لەگەڵدا کرد. کانی یەڵماز کوژراوەو ماهیرولات و ئەوانی دیکەشم دەست نەکەوت. ئەگەر رۆژگار ماوە بدات ئەوە دەتوانم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە دیدار سازبکەم بۆ ئەوەی بۆ خوێنەر بە تەواوی ئاشکرا بکەم رووداوەکان چۆن گوزەریان کردووە. سوپاسی هەموو کەسێک دەکەم لەو بارەوە هاوکاریم بکات...

**رێکەوت ئیسماعیل**

**سلێمانی**

**فێبریوەی ٢٠١٥**

# بەشی یەکەم

# ڕۆما

# - ١ -
# دۆسیێیەکی تازە

سەرلەبەیانیەکی رۆژێکی یەکشەمەی ساردو بارانـاوی مانگی دیسەمبەر بوو لە نێو شەمەندەفەردا کە لە ئەمستەردامەوە بۆ ئەلمیلۆ دەچوو دانیشتبووم، دەبوو سەردانی یەکێك لە موەکیلەکانم بکەم کە پێرێ دەستگیرکرابوو و هێشتا لە پۆلیسخانەیەك دەستبەسەر بوو، نێو شەمەندەفەرەکە زۆر کپ و هێمن بوو بە تەنها خۆم لە نێو فارگۆنەکەدا بووم، خەریکی پەڕەکردن و پێداچوونەوەی دۆسیەکە بووم کاتێك زەنگی تەلەفونەکەم بە ئاگای هێنام:

- هەلۆ بریتا (ئەمە دەنگی کەسێك بوو لە تەلەفۆنەکەوە هاتە بەرگوێم)، دەنگەکە دەنگی کەسێك بوو بە ناوی محەمەد عەلی، یەکێك بوو لە کۆنتاك پێرسۆنەکانم لە کەناڵی (MED TV) ئاخر بەر لە چەند ساڵێك من یەکێك بووم لەو پارێزەرانەی کە بەرگریم لە تاقە کەناڵی تەلەفزێونی کوردی مەد تی ڤی دەکرد، ئیتر لەو ساوە ئەوەم دەزانی کاتێك کوردەکان تەلەفۆن بۆ کەسێك دەکەن هەرگیز ناوی خۆیان ناڵێن، هەرچەندە ئەمە کاتێکی ویست تا راهاتم، بەڵام ئیتر لەوساوە پێویستم بەوە نەبوو ناوی خۆیان بڵێن، بەڵکو هەر بە دەنگەکانیاندا دەمناسینەوە..

محەمەد بە ڕێزێکی زۆرەوە لە هەواڵ و تەندروستی پرسیم، منیش بە هەمان جۆر لەگەڵیدا:

- سوپاست دەکەم من باشم ئەی تۆ چۆنیت؟ دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

محەمەد ئەوەی لەبیر هێنامەوە کە لە دوا کۆبونەوەم لەگەڵیاندا لە شاری برۆکسل باسی بابەتێکیان کردووە لەگەڵما:

- مەبەستم تەلەفزیۆنی مەد تی ڤی نیە، شتەکەی تر دەڵێم کە پێم گوتیت.

دیسانەوە شارەزای ئەوەش بووم کە کوردەکان هەرگیز بابەتەکانی خۆیان بە ئاشکراو ڕەوانی ناڵێن، بەڵکو لەترسی چاودێری و گوێڕادێری پۆلیس بە نهێنی و بە هێما قسان دەکەن، بەڵام بە هەرحاڵ لەو باوەڕەدابووم کە زانیم مەبەستی چیە، چونکە پاش ئەوەی کە سەرکردەی پەکەکە عەبدوڵا ئۆجەلان لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٩٨ دا لە ڕۆما دەستگیرکرا ئێمە پێکەوە لەو بارەوە قسەمان کردبوو کە دەبێت شێوازێك بۆ بەرگریکردن لە ئۆجەلان بدۆزینەوە، بڕیاری ئەوەشماندا کە هەوڵبدەین تیمێکی نێودەوڵەتی لە پارێزەران بۆ بەرگریکردن لە کەیسی ئۆجەلان دروست بکەین، بۆیە لە وەڵامدا گوتم:

- بەڵێ باشم لەبیرە دەزانم مەبەستت کام شتە، بەڵام هیچی تازە هەیە؟

- بەڵێ ئەی چۆن، شتی تازە زۆرە باوکم دەیەوێت چاوی بە جەنابت بکەوێت.

یەکسەر لە مەبەستەکەی محەمەد حاڵی بـووم، بێگومانم باوکی محەمەد، ئۆجەلان نەبێت کەسی دیکە نیە و داوای ئەوەی کردووە کە من بچم بۆ ڕۆما سەردانی بکەم...

پەیامی ئەوەی کە من بچم بۆ ڕۆماو سەردانی ئۆجەلان بکەم شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، دەمزانی کە ئەو بە ناو من دەناسێت ئەویش لەبەرئەوەی لە چەندین کەیسی کوردەکاندا کارم کردبوو بە تایبەت ئەو کارەی کە بۆ تەلەفزێۆنی کوردی مەد تی ڤیم کرد، چونکە ئەو تەلەفزیۆنە تاقە تەلەفزیۆن

بوو کە لەلایەن کوردەکانی تاراوگەوە زۆر گرنگ و پڕ بایەخ بوو، لەبەر ئەوەی تاکە کەناڵی تەلەفزیۆنی بوو کە بە زمانی کوردی بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد، ئەمەو کەیسەکانی دیکەش کە کارم تیادا کردبوون زۆر بە وردی لە لایەن ئۆجەلانەوە چاودێری دەکران، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هاوینی رابووردوو هاوکارەکانی ئۆجەلان داوەت نامەیەکیان ئاراستەی من کرد کە سەردانی سوریا بکەم، بەڵام ئەمە سەری نەگرت، چونکە تورکیا هەڕەشەی جەنگی بەرامبەر بە سوریا دەکرد و پاشانیش لە ژێر فشاردا ئۆجەلان ناچار بوو کە سوریا بەجێ بێڵێت.

پاش ئەوەی محەمەدم دڵنیاکرد کە پەیامەکەی تێگەشتووم و جەختم لەسەر ئەوە کردوە کە سەردانی باوکی دەکەم، پێی راگەیاندم کە دەبێت لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ناوی جۆن (JOHN) پەیوەندی بگرم و ئەو زیاتر پێم دەڵێت کە چی بکەم و چی نەکەم، جۆن سەرمایەدارێکی یۆنانی بوو کە لە زۆر کەیسەکانی دیکەی تایبەت بە کورددا هاوکاری کردوم و پێکەوە کارمان کردووە زۆر دەمێکە ئاشنامەو لەم چەند ساڵەی دوایشدا پێکەوە زۆر کارمان کردووە، جۆن لە راستیدا ناوی خۆی (STEFANO ANDROPOLIS)[1] بوو، بەڵام زۆربەی کوردەکان بە ناوی خوازراوی جۆنەوە دەیناسن، بەکارهێنانی ناوی نهێنی یاخود کۆد لە لایەن کوردەکانەوە وەك زمانێکی شاراوەو نهێنی زۆربڵاوەو کاری پێدەکرێت..

پاش تەلەفۆنەکەی محەمەد دەبوو خێرا تەلەفۆن بۆ فکتۆر (VICTOR) بکەم، چونکە دەبوو ئەویش ئاگادار بێت، پێمڕاگەیاند کە:

- پێدەچێت کەیسێکی نوێ و دۆسییەیەکی نوێم وەرگرتبێت، لەوەڵامی ئەوەی کە ئەو خاوەنی ئەو کەیسە کێیە بە زمانێکی شاراوە پێم ڕاگەیاند " تۆ خۆت

1- نازانرێت داخۆ ئەم ناوەش خوازراوە یان راستییە، چونکە کەسێکی دیکەش بە ناوی ئەندرۆنی ناتساکیس هاوەڵی ئۆجەلان بووە و هەر لە سوریاوە لە گەڵیدابووەو ئۆجەلان خۆشی لە چەندین بۆ نەدا ناوی بردووە.- وەرگێڕ-

باشی دەناسیت ئەو کەسەیە کە ماوەیەکە لە ئیتالیا دەستبەسەرە" فکتۆر کەمێك وەستاو تێڕاما پاشان تێگەشت کە مەبەستم کێیە:

- ئۆ، خراپ نیە زۆر باشە، بەڕاستی کەیسێکی خۆش و بەنرخە..

لەگەڵ فکتۆر لەسەر ئەوە ڕێکەوتم کە سبەی لەگەڵ بەشی (سزادان) لە نوسینگەکەم کۆبونەوە ساز دەکەم و چۆنیەتی گرتنە دەستی کەیسەکەو بەڕێوەبردنی تاوتوێ دەکەم.

- ٢ -

لێرەدا خێرا شتێکمان بۆ ئاشکرا بوو ئەویش ئەوە بوو کە بە تەنها خۆم ئەم کارە نەکەم، کەیسی ئۆجەلان کەیسێکی ئاسایی نەبوو، بە پێچەوانەوە زۆر ئاڵۆز و دژوار بوو، جا ئایا لە رووی قەزاوەتەوە یاخود لە رووی سیاسیەوە، بۆیە بڕیارماندا کە لە هەموو حاڵەتێکدا تیس (TIES) و ئەندرێ (ANDRE) لەگەڵما لەم کەیسە تازەیە کار بکەن، هەروەها فکتۆر (VICTOR) و ستاین (STIJN) جارێ هەر لە پشتەوە کۆمەکمان بکەن و هەرکاتێك پێویستی کرد یارمەتیمان بدەن.

سەرەتا هەوڵماندا کە بەشێوەیەکی گشتی روپەرێك بۆکەیسەکە دیاری بکەین و بۆچوون و هێڵە گشتیەکانی کارکردن دیاری بکەین، پاشان هەوڵبدەین خاڵە یاسایی و قەزاییەکان بخەینە نێو چوارچێوەیەك و کاریان لەسەر بکەن.

ئۆجەلان چەندین ساڵە لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە وەك تیرۆریستێك و دوژمنی ژمارە یەکی وڵات داواکراوە، ئەمە وێرای ئەوەی کە تورکیا چەندین ساڵە یاداشتێکی دەستگیرکردنی نێودەوڵەتی دژ بە ئۆجەلان بەگەڕخستووە، راستەوخۆ پاش ئەوەی ئاشکرا بوو ئۆجەلان لە رۆما دەستگیرکراوە، تورکیا بە فەرمی داوای لە دەوڵەتی ئیتالیا کرد کە ئۆجەلانی رادەست بکات.

سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا ماسیمۆ دەلێما (D› ALEMA) رایگەیاندبوو "کە رادەستکردنەوەی ئۆجەلان بە تورکیا کارێکی ئاسان نیە و پڕگرفتە، چونکە ناوبراو لە تورکیا فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرکراوە، وێرای ئەمەش رادەستکردنەوەکە ئەگەر ئەنجامیش بدرێت ئەوە دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی ئەنجام بدرێت. وێرای ئەوەش لە کۆتاییدا مەسەلەی رادەستکرنەوە مەسەلەیەك نیە کە سیاسەت یەکلایی کاتەوە، بەڵکو مەسەلەیەکە کە دادگاو دادوەر دەتوانێت بڕیاری لەسەر بدات، هەروەها ئەگەر ئیتالیا ئامادە نەبوو ئۆجەلان رادەستی تورکیا بکاتەوە ئەوە ئەوسا ناچاردەبن بە پێی رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان خۆیان دادگایی بکەن، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگ بوو کە دەبوو ئێمە زیاتر لەسەری بوەستین".

هەروەها لێرەدا کێشەیەکی دیکە روبەڕووی ئیتالیا دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئۆجەلان داوای مافی پەنابەری لەو وڵاتە کردووە، ئەمەش بۆخۆی پرۆسەیەکی دیکەی سەربەخۆیە و کاتیشی دەوێت هەتا یەکلا دەکرێتەوە، ئەم پرۆسەیەش لە لایەن دوو پارێزەری ئیتالیەوە بەڕێوە دەبرا، بۆیە دەبوو ئێمە هەموو ئەم خاڵانە بە هەند وەرگرین و کاریان لەسەر بکەین ئەمە وێرای ئەوەی کە دەبوو لەمەڕ یاسای مافی پەنابەری ئیتالیاش زانیاری کۆکەینەوە...

لە لایەکی دیکەوە لە ئەڵمانیاش یاداشتێکی دەستگیرکردن لەدژی ئۆجەلان بەپێی یاسای سزادان بوونی هەیە ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکەیە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەڵمانیاش داوای رادەستکرنەوەی ئۆجەلان بکات و لە نێو چوارچێوەی سنوری خۆیدا دادگایی بکات، بەڵام هەتا ئێستا ئاشکرا نیە کە ئەڵمانیا ئەم کارە دەکات یان نا خۆشبەختانە ئۆجەلان پارێزەرێکی ئەڵمانیشی هەیە کە لە حاڵەتێکی وەهادا دەتوانێت کاری بۆ بکات بەم جۆرە گرفێتك بۆ ئێمە کەمتر دەبێتەوە...

لە کۆتایی و سەرەنجامی هەموو ئەمانەشدا دەبێت لە بیرمان بێت کە لایەنە سیاسیەکە ڕۆلی گرنگ و بەرچاو دەگێڕێت، مەسەلەکە لێرەدا هێندە سادە نیە کە ئەڵمانیا پشت ئەستور بە لایەنە درەوشاوەکانی یاسایی و قەزایی ئەم کەیسە چارەسەر بکات و حوکمی خۆی بەسەردا بدات، بەڵکو لەو هەموو نیگەرانی و دوودڵ بوونەی ئەڵمانیاوە تێدەگەین کە لایەنە سیاسیەکە ڕۆڵی زۆر بەهێز دەبینێت لە یەکلاکردنەوەی ئەم کەیسەدا کە بۆچی ئەڵمانیا پەلە ناکات و داوا لە ئیتالیا ناکات کە ئۆجەلانی رادەست کاتەوە، ئۆجەلان لە ئەڵمانیا بە تاوانی زۆر قورس و بە پێی یاسای سزادانی ئەو وڵاتە بە هەموو ئەو تۆمەتانەی رووبەڕووی پەکەکە دەکرێنەوە تۆمەتبار کراوە.

داواکاری گشتی لە ئەڵمانیا ئەگەر خۆی سەرپشك بێت ئەوە بێگومان هیواداره کە ئۆجەلان رادەست بە ئەڵمانیا بکرێتەوەو بخرێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لە راستیدا پێشکەشکردنی داوایەك یاخود یاداشتێکی لەو جۆرە بە ئیتالیا لە دەستی داوەری گشتیدا نیە، بەڵکو لەدەستی وەزیر و سیاسەتمەداراندایە، بۆیە ئەوە چـاوەڕوان دەکرێت کە وەزیری دادی ئەڵمانیا بڕیارێکی ئەوتۆ نەدات – هەرچەندە لە رووی یاسایی و قەزاییەوە کارەکە گونجاوە-، بەڵام کارێکی لەو جۆرە بۆ ئەڵمانیا لە رووی سیاسیەوە کارێکی نەخوازراوە، بۆیە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ئەڵمانیا داخوازیەکی لەو جۆرە هەرگیز پێشکەش بە ئیتالیا نەکات.

ئێمە دڵنیا بووین لەوەی کە فاکتۆرە سیاسیەکان رۆڵێکی هەروەها کەم و بێ بایەخیان نابێت لەسەر ئاییندەی ئۆجەلان، چونکە کە خۆی بە سەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەزانی نەك تەنها لە تورکیا، بەڵکو لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیادا وەك تیرۆریست ناوزەد کراوە کە ئەمەش بە شێوەیەکی نێگەتیفانە کار دەکاتە سەر دۆسیەکە، بۆیە دەبوو ئێمەش بە پێچەوانەوە کارمان لەسەر ئەوە بکردایە کە ئۆجەلان کەسایەتیەکە لە دژی چەوساندنەوەی

تورکیا شۆڕشی بەرپاکردووە و رونکردنەوەو شرۆڤەی پێویست لەم بارەوە ئامادە بکەین، لەم بارەوە هەوڵی ئەوەم دەدا کە بەراوردێك لە نێوان ئەم دۆزە و بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی دیکەی وەك عەرەفات و (PLO) و (ANC) لە باشوری ئەفریکا بدەم.

ماندێلاو عەرەفاتیش تا ماوەیەکی زۆر نزیك بەر لە ئێستا مۆرکی تیرۆریزم بە نێوچاوانیادا لکێنرابوو. من هێشتا زۆر باشم لە یاد ماوە کاتێك عەرەفات بۆ یەکەم جار لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکەوت دەمانچەیەکی لە کەمەری خۆی بەستبوو! ماندێلاش تا ماوەیەکی کەم بەر لە ئازادبوونی لە لایەن (THATCHER) وەك سەرۆکی گروپێکی تیرۆریستان ناوی دەبرا، ئەم کارە چۆن رویدا کە ئەوانە لە کەسانی تیرۆریستەوە بگۆڕێن بۆ کەسانی سیاسەتمەدارو پیاوانی دەوڵەت؟ بەهەرحاڵ ئەمە رێگایەکی زۆر درێژو ئالۆزە کەسێك لە (تیرۆریستەوە) بگۆڕێت بە کەسێك شایەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بێت، بۆیە ئەگەر بۆ ئەو کەسانە چوبێتە سەر دیارە دەبێت بۆ ئۆجەلانیش بچێتە سەرو ئەمەش شتێکە من پڕ بەدڵ هیوای بۆ دەخوازم..

## -٣-

هەفتەیەك زیاتری خایاند پاش یەکەم تەلەفۆنی محەمەد کە من و تیس و ئەندرێ بۆ یەکەمجار بڕیارماندا بەرەو رۆما بۆ لای ئۆجەلان بەڕێکەوین، (جۆن) دەبوو چەندینجار بە تەلەفۆن لەگەڵ (هەڤاڵان) دا – ئەمە ناوێك بوو کە هەموو لایەنگرانی ئۆجەلان یەکتریان پێ بانگ دەکرد- پەیوەندی بگرێت تا ئەوەی بتوانێت رۆژێك دیاری بکات بۆ سەردانەکەی ئێمە، سکرتێرەکەم بەناوی ئەنیتا بەتەواوی ماندوو بوو بە دەستمەوە هێندە تکتمان کڕی و رەتمانکردووە و هێندە هۆتێلمان گرت و رەتمانکردەوە و هێندە رۆژەڤ و ژوانەکانی دیکەمی گۆڕی...

لە رۆژی ١٥ ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٨ ئێمە بەرەو رۆما فڕین ،

لەناو فڕۆکەکەدا سەرلەنوێ پێداچونەوەیەکی وردم بەگشت تێبینی و سەرنجەکانی خۆمان سەبارەت بە لایەنە جیاوازە یاسایی و قەزاییەکانی ئەم کەیسەدا کرد، دەمویست بیخەمە بەر چاوی خۆم کە گفتوگۆکانم لەگەڵ ئۆجەلان چۆن بەڕێوە دەچن، بەڵام زۆر بە باشی ئەم کارەم بۆ نەکرا.

لە کەشێکی گونجاوی ڕەوشی ئاوهەوادا، ڕۆژێکی گەرم و خۆرەتاو نیوەڕۆ کاتژمێر سێ گەیشتینە (FIUMICINO) پاش کەمێکیش لەوەی کە ئێمە گەیشتینە هۆتێلەکە (جۆن) یش کە لە یۆنانەوە هاتبووە رۆما، گەیشتە ئەوێ بۆ ئەوەی ئەمانگرێتە دەست و لەگەڵماندا دوا گۆڕانکاریەکانیش تاوتوێ بکات...

جۆن کەسێکی رۆح شیرین و خۆشەویست بوو لای من، لاشەیەکی رێك و قیافەتێکی جوانی هەبوو، زەردەخەنەکی شیرین و گەرمی هەبوو کە مرۆڤی بۆ خۆی رادەکێشا، جۆن خۆی لەگەڵ ئێمەدا بۆلای ئۆجەلان نەدەهات، بەڵکو ئەو کاری ئەوە بوو کە سەردانەکەی ئێمە بە جۆرێکی باش و گونجاو بۆ لای ئاپۆ – کە ئۆجەلانی لای زۆربەی کوردەکان پێ بانگ دەکرا- بەڕێوە بچێت بۆ نمونە کە دوو " هەڤاڵی " باوەڕپێکراو بە ناوەکانی حسێن و عەلی ئەرکی گەیاندن و گەڕانەوەی ئێمە لە ئەستۆ بگرن بۆ ئەمەش دەبوو چەندین جار پەیوەندی تەلەفۆنی بکات بە کەسانی جیاوازەوە و لەوە دڵنیا بێت کە ئێمە لە لایەن کەسانی گونجاو یاخود باوەڕپێکراو رێبەری دەکرێین و ئۆجەلانیش ئاگاداربێت و لە چاوەڕوانی ئێمەدا بێت..

ئەم هەموو سەوداو ئەمسەرو ئەوسەرە زۆر لە فلیمەکانی (جیمس بۆند) دەچوون، لە چەندین لاوە زێرەڤان و چاودێر و بۆدیگارد بەدیدەکران من بە گاڵتەوە ئەوانەم ناو نابوو (پیاوانی پەت لە گوێ)، ئیتر بزانە هەر لە ئاسایش و دەزگای هەواڵگرییەوە تا دەگاتە پۆلیس و ئەنترۆپۆل ئامادە بوون.

جۆن سەرەتا هۆشداری ئەوەی دایە ئێمە کە ئەم کەیسە کەیسێکی ئاسایی نیە و موەکیلەکەشتان کەسایەتیەکی ئاسایی نیە، بۆیە دەبێت کە

زۆر ئاگادار بین، چونکە تورکەکان زۆر لەوە زیاتر دەکەن کە تەنها گوێداری تەلەفۆنەکانی ئێمە بکەن، من هەر لەسەرەتاوە دەمزانی کە ئەم جۆرە کەیسانە رەنگە هەڕەشە بن بۆ سەر ژیانی ئێمەمانان وەك پارێزەرێك کەچی لە پاشاندا زانیم کە پارێزەرە ئیتالیەکانی ئۆجەلان بۆدی گاردیان بۆ دانراوە بۆ ئەوەی لەهەر ئەگەرێکی هێرشکردنە سەریان پارێزگاری ژیانیان بکەن، بەڵام هەرگیز ئەوەم نەدەزانی کە دواترو پاش سێ مانگی دیکە خۆشم دەکەومە ژێر پارێزگاری پۆلیسەوە...

هەرچۆنێك بێت کاتژمێر شەش و نیو توانرا هەموو ئامادەسازییەك بکرێت بۆ رۆشتنی ئێمە، کەمێك بەر لەوەی دەرچین، جۆن کە زۆر دەمێك بوو ئۆجەلانی دەناسی و بە هاوڕێی شەخسی خۆشی دەزانی منی بە تەنها بردە لاوە:

- خانم ئەو ساتەی کە چاوت بە ئۆجەلان دەکەوێت لە یادی نەکەیت بە جەنابی سەرۆك ناوی بەریت!

- نا خەمت نەبێت لە بیرم ناچێت...

دەمزانی کە ئۆجەلان بە کوردی بە "سەرۆك" ناوی دەبرا کە ئەمەش لە هەمانکاتدا واتای سەرکردە و سەرۆکیش دەبەخشێت...

جۆن بۆ زیاتر دڵنیا بوون بە دەستی (حسێن) دا نامەیەکی بۆ ئۆجەلان نوسی تیادا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە "خەڵکانێکی باشین" و ئەو بە تەواوەتی گرەنتی ئێمە دەکات... من بەپێی شارەزایی و مامەڵەی خۆم لەگەڵ کوردەکاندا بایەخ و گرنگی ئەم جۆرە پشتگیری و تەسکیەکردنەم دەزانی، کوردەکان بەڕاستی متمانەیان بە کەسێکی دیکە- غەیرە کورد بە تایبەت – نەدەکرد تەنها مەگەر ئەو کەسە لەلایەن کەسانی دیکەوە تەسکیە بکرایە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە پارێزەریش بێت ئەوە هەر باسی مەکە..

ئەو راستیەی کە ئۆجەلان منی پێشتر بەناو ناسیوە بە تایبەت لەبەر ئەوەی لە کەیسی کەناڵە کوردیەکەدا کارم کردبوو پشتگیری بوو بۆ ئەم کارە،

بەڵام جۆن خۆشی هەفتەی رابردو ئەوەی درکاند کە بەرلەوەی من بەرەو رۆما بکەومە رێگا ئەو زۆر بە ئاشکرا لە ئۆجەلانی پرسیوە کە داخۆ متمانە بە من دەکات یان نا، ئۆجەلان راستەوخۆ گوتویەتی "بە دڵنیاییەوە و بە بێ هیچ مەرجێك" ئەم وەڵامەش هاندەرێکی باش بوو بۆ کارەکە.

رێگا بەرەو (OSTIA) ئەو شوێنەی کە ئۆجەلانی تیادا دەستبەسەر کرابوو دەکەوتە دەرەوەی رۆماو نزیکەی سێ چارەکە کاژێرێك دەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا کاتی بەتاڵبوونی دەوام و تەواو بوونی کارە ئێمە لەناو قەرەباڵەغی شەقامەکاندا گیرمان خواردووە، حسێن پەیوەندی بە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئۆجەلانەوە کرد و ئاگاداری کردنەوە کە ئێمە درەنگ دەکەوین و پاش کاتژمێر هەشت دەگەینە لایان، لە راستیشدا ئێمە کاتژمێر هەشت و چارەك گەیشتینە ئادرەسەکەی ئۆجەلان (VIA MALE 90) خانویەکی ئاسایی کە هیچ سەرنجێکی رانەدەکێشا و لەریزی کۆمەڵێك خانوی دیکە بوون کە بۆ پشوودان و حەوانەوە تەرخان کرابوون، لە لایەن پۆلیسی ئیتالیەوە زۆر بە توندی خرابووە ژێر کۆنترۆڵەوە. هیچ کەس بۆی نەبوو لەو جادەوە هەروا بێت و بڕوات، جا ئیتر نەمدەزانی کە داخۆ ئیتالیەکان لە ئۆجەلان دەترسن یان لە تورکەکان؟، بەڵام دیار بوو لە هەردوولا دەترسان..

حسێن ئێمەی بە پۆلیسەکان ناساند، دیار بوو هەر لە دەرچوونمان لە هۆتێلەکەوە ئەوانی لە هاتنی ئێمە ئاگادار کردبۆوە و ناوەکانی دابووین، کەواتە دەبوو کە هەموو شتێك زۆر خێرا ئەنجام بدرێت و تەواو بێت، بەڵام بەداخەوە بەو جۆرە نەبوو، چونکە هەتا ئێمە گەشتینە جێ تیمی پۆلیسەکان ئاڵوگۆڕیان پێکرابوو، تیمە تازەکەی شەفتی رۆژ لە بیریان چوو بوو کە لە هاتنی ئێمە، تیمەکەی شەفتی شەو ئاگادارکاتەوە، بۆیە هەموو شت دەبوو لە سەری سالآنەوە دەستپێبکاتەوە، دیسانەوە تەلەفۆن کرانەوە و وەڵامی پرسیارەکان دەدرانـەوە "نەخێر ئێمە رۆژنامەنوس نین، ئێمە پارێزەرین و لێرە کارمان هەیەو خەڵکی چاوەڕێمانن" هەرچەندە زمانی

ئیتالیمان باش نەدەزانی، بەڵام پۆلیسەکان لێمان حاڵی بوون: ئۆۆۆ پارێزەرن "AH, AVVOCATI".

پاسپۆرتەکانیان لێسەندین، کاتێك وەریاندەگرینەوە کە لەو شوێنە دەگەڕێینەوە، پاشان ناوەکانیان داین بەو تیمە پۆلیسەی دیکەی کە لە ناو ماڵەکەدان و لەوێ بەهۆی کۆمپیوتەرەوە دیسانەوە کۆنترۆل دەکرێنەوە!

" دیارە بۆ ئەوەی بزانن کە نەوەك تەزویرمان کردبن" تیس بە گاڵتەوە گوتی..

ئەوجا گرفتێکی دیکە، کۆمپیوتەرەکە ناوی (TIES PRAKKEN) ی نەدەناسی، پۆلیسەکان کەوتنە گومانەوە و تفەنگەکانیش بەرزکرانەوە بۆیە ناچار داوامان لە حسێن کرد کە ئیتالییەکی زۆر باشی دەزانی ئەوەیان پێڕاگەیەنێت کە ئەو ناوە کورتکراوەیە بۆیە کۆمپیوتەر ایناسێت لەبەر ئەوە دەبێت ناوی تەواوی خۆی واتە

(E.PRAKKEN) بدەنە کۆمپیوتەر، خۆشبەختانە ئەم جارە سەری گرت و رێگەمان درا کە بەرەو شوێنەکە برۆین. بەرلەوەی بچینە ناو ماڵەکە دیسانەوە جانتاکانیان زۆر بە وردی پشکنیەوە، دەبوو هەموو شتێکیان بۆ بکەینەوە تەنانەت پاندانەکەمیشیان زۆر بە وردی کردەوە و داخستەوە، هەروەها پاتری مۆبایلەکانیشیان لێسەندین و ئەوجا رێگەدراین بچینە ژورەوە، لەو ساتەدا لە کاتژمێرەکەم نۆڕی نزیکەی نۆو نیو دەبوو!

لەناو ماڵەکەدا ژمارەیەکی زیاتری پۆلیس هەبوون، تفەنگ و چەکی قورسیان هەڵگرتبوو، لەناو داڵانەکەدا لە قاتی خوارەوە دیسانەوە زۆر بە وردی پشکنیانین، ئەو هەموو زەلامە کە هەموو یەك جۆر جلیان پۆشیبوو، سەنتەرێکی کۆمپیوتەر و تەلەفۆن، شوێنەکە زیاتر لە پۆلیسخانە دەچوو.

حسێن و عەلی چونە سـەرەوە بۆ ئـەوەی ئاپۆ لە گەیشتنی ئێمە ئاگاداربکەنەوە و نامەکەی (جۆن) یشی بدەنە دەست، پاش چەند خولەکێك رێگا بە ئێمەش درا کە بچینە سـەرەوە، ئۆجەلان لەسەر قادرمەکان بۆ

بەخێرهاتنی ئێمە وەستابوو، من پێشتر ئەوم نەدیتبوو، یەکەمجارم بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ ناسیمەوە، پاش ئەو هەموو شتانەی کە لەسەر ئەوم بیستبوون و خوێندبوومەوە تۆزێك ناخۆش بوو بۆم کە ئاوا دەهاتە بەرچاوان... پیاوێکی مام ناوەندی لەدەستێك جلی خاکیدا، قژێکی پڕو ڕەش و سمێڵێکی ڕەشی هەبوو، زەردەخەنەیەکی دۆستانە لەسەر روخساری بوو، بەتورکی بەخێرهاتنی کردین، ئێمەش بە ئینگلیزی وەڵامان دایەوە، خۆشبەختانە نەڤین(NEVIN)کە یەکێك بوو لە هاوەڵەکانی ئۆجەلان تەرجەمەی بۆ دەکردین، وا دیاریش بوو کە زمانی ئینگلیزی زۆر بە جوانی دەزانی، خەمسارد بووین و دوای ئۆجەلان کەوتین بۆ ژوری دانیشتنەکەی، تاقمێك قەنەفەی زەردی تۆخ، چوارکورسی قاوەیی، مێزێکی بچوك کە کۆمەڵێك ڕۆژنامەی تورکی لەسەر دانرابوو هەروەها تەلەفزیۆنێکی گەورەش، لە ژورەکەدا بوون...

ئۆجەلان بە وردی تەماشای مەد تی ڤی دەکرد، چایمان پێشکەش کرا، ڕەش و تۆخ، لەگەڵ شەکرێکی زۆردا.

## وێنەیەک لە میوانداری کورد.. لە رۆما!

سەرەتا رێزو خۆشەویستی و سڵاومان گۆڕییەوە، پاشان سڵاوی " هەڤاڵان"ی برۆکسل و هۆڵاندام گەیاندە ئۆجەلان، ئەوجا پرسیاری ئەوەی لێکردم کە داخۆ هیچی تازە هەیە لەمەڕ مەسەلەی مەد تی ڤی ؟ دواجاریش لەمەڕ دۆسیەکەی خۆی بۆچونی ئێمەی پرسی...

هەوڵماندا ئەوەی بۆ باسکەین کە ئێمە لەو بارەوە چیمان بۆ دەکرێت، مافی پەنابەری، مەسەلەی رادەستکردنەوەی بە تورکیا، ئەگەری حوکمدانی لە ئیتالیا...

ئۆجەلان بە چاوێکی نیوە داخراو گوێی بۆ شل کردبووین، بۆچونێکی وای دەبەخشی کە زۆر بە سەرنجەوە دەهزرێت، بەڵام من لەوە دەترسام کە گێرمەو کێشەی قەزایی بێزاری بکات بۆیە هەوڵی زۆرم دەدا کە خۆم لە وردەکاری زۆر وردی یاسایی بپارێزم، چونکە بە هۆی شارەزایی خۆمەوە لەگەڵ کوردەکانی دیکەدا ئەو بۆچونەم لەلا گەڵاڵە بوو کە کوردەکان زۆر متمانە بە دادگا و قەزاکان ناکەن ئۆجەلانیش لەم بارەوە جیاواز نەبوو" یاساکان هەمیشە دژی ئێمە بوون " چەندین جاران بوو کە من گوێم لەم رستەیە دەبۆوە...

قسەکردنم لەگەڵ کەسێکدا بە وەرگێڕانەوە لا زەحمەتە، کۆنتاکت و پەیوەندی لەوکاتەدا زۆر نزیك نابێت، بەڵکو ناراستەوخۆ دەبێت، چۆن

دەتوانیت متمانەی کەسێك بەدەست بهێنیت کە نەتوانیت رووبەڕوو یاخود راستەوخۆ لەگەڵیدا بدوێت بەتایبەت ئەگەر کەسەکە لە بنەڕەتدا بەو جۆرە بەگومان بێت لە چارەسەرە یاساییەکان.. ئۆجەلان لەوە دەچوو کە هەر لەسەرەتاوە بڕوای وابێت کە شەڕە قەزاییەکە نابرێتەوە، بۆیە گوتیشی "جۆن بۆی نوسیوم کە ئێوە کەسانێکی زۆر باشن منیش بەهیچ کلۆجێك گومانم لەوە نیە، بەڵام ئێوە دەتوانن چی بۆ من بکەن؟".

نیوکاژێری یەکەم هەستێکی وام لا دروستبوو کە ئەم کارە سەرناگرێت، بەڵام دواتر تێگەشتم کە ئۆجەلان رەنگە هەوڵی ئەوە بدات رادەی سوربوون و دڵنیابوونی ئێمە تاقی بکاتەوە و بزانێت کە داخۆ ئێمە خۆشمان دڵنیاین کە دەستمان داوەتە کارێکی بێ ئاکام و بەرهەم؟

چانسی بردنەوە یاخود دۆڕانی ئەم کەیسە لای ئێمە چەندە و داخۆ ئێمە لە تورکەکان ناترسین و چەندین پرسیاری دیکە ئاراستەمان کران، بەڵام ئێمە هیچ خۆمان تێك نەداو رامانگەیاند نەخێر ئێمە بەهیچ جۆرێك ترسمان نیە و بڕواشمان بە دۆڕانی کەیسەکە نیە و بە لەخۆ رازیبوونێکیشەوە گوتم "کەیسێك یاخود دۆسێیەکی بێ هیوا و ئاکام بوونی نیە، بەڵام پارێزەری بێ هیواو ئاکام بوونی هەیە" جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە چەندین خاڵی قەزائی و یاسایی زۆر هەیە کە دەتوانین کاریان لەسەر بکەین، لە کۆتاییدا هەستم کرد ئۆجەلان ئارام و کەیف ساز بوو، ئێمەش لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتین، لێرەدا دڵنیام پشتگیری و تەسکیە کردنەکەی جۆن و هەڤاڵانی دیکە یاریدەدەر بوو، ئۆجەلان تاڕادەیەك بەرامبەر بە مەسەلە یاسایی و قەزائیەکان گازەندەی زۆری هەبوو، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئەوە بوو کە ئەو لانیکەم ئامادەیە لە رێگای ئێمەوە ئەوەش تاقی کاتەوە بۆیە راشکاوانە گوتی:

- ئێوە لە ئێستا بەدواوە پارێزەری منن، ئێوە خۆتان چی بەباش دەزانن ئەوە بکەن، لە یادی نەکەن ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەست نیە بە خودی

خۆمەوە ئەمە مەسەلەو چارەنوسی میللەتەکەمە، مەسەلەی کورد دەبێت چارەسەر بکرێت من لەبەر ئەوە هاتومەتە ئەوروپا، ئەوروپییەکان دەبێت ئەو تێبگەن کە پرسی کورد پرسی ئەوروپاشە" لێرەدا باسمان لە ئەگەری پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی کرد کە تیایدا تورکیاش وەك لایەنێکی بەرپرس بخرێتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها ئەوەمان رونکردەوە کە لەبەر ئـەوەی کوردەکان دەوڵەتی خۆیان نیە رەنگە ئاسان نەبێت لە دادگا نێودەوڵەتیەکان بەهرەمەند بن و بتوانن لە دادگای نێودەوڵەتی دەنهاخ دەنگیان هەبێت، بەڵام رەنگە ئەلتەرناتیف هەبن و دەبێت بیر لەوە بکەینەوە و لەم بارەوە فەرمانی کارمان وەرگرت... ئۆجەلان خوازیاری ئەوە بوو کە ئێمە بشتوانین پەیوەندی بە سیاسەتمەدارانی ئەوروپاوە بکەین و هەوڵبدەین دەنگەکانی ئەوان بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا بەدەست بێنین. هەروەها لەسەر ئەوەش پێکهاتین کە ئێمە لەگەڵ پارێزەرەکانی دیکەی ئۆجەلان لە ئەڵمانیاو ئیتالیا پێکەوە کاربکەین و هاوکاربین.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی گوێم لە وتەی ئامادەبووان دەگرت سەرقاڵی دروستکردنی لیستێك بووم بۆ ئەوەی هەفتەی داهاتوو وەك پرۆگرامێك کاری لەسەر بکەم، سبەی دەبێت لەگەڵ پارێزەرە ئیتالیەکاندا پەیوەندی بگرم و بزانم هەتا ئێستا چییان ئەنجامداوە، چاوێك بە دۆسیەی تورکیادا بخشێنم و ئەگەر توانیشم وێنەیەکی کۆپی بکەم، پاشان ناوی سیاسەتمەدارانێك کە گرنگ بن بۆمان لە هۆڵەنداو ئەڵمانیا، کەسانی وەك یۆشکا فیشەر (JOSCHKA FISCHER) و ڤان ئارتسن (VAN AARTSEN)، هەروەها ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا وەك هەدی د ئانکۆنا (HEDY D›ANCONA) و پاولا گرین (PAULA GREEN) لە لەندەن، هەروەها لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا ڤان دەن بروك (VAN DEN BROEK) هێندە خەیاڵم لەسەر دۆزینەوەی ناوەکان بوو پاش چەند دەقەیەك بەوەم زانی کە پاندانەکەی

دەستم تێکچووەو پەڵە مەرەکەب رژاوەتە سەر لاپەڕەکەو هەموو دەستم رەنگی شینی گرتووە، شتێکی زۆر ناخۆش بوو ئەمە کاتی ئەوەیە کە گرفتی ئاوا بێتە پێشەوە!! پف لای خۆی دەمویست شیك دەرکەوم بەم پاندانە مۆنتیبلانکەوە (MONTBLANC)، خۆشبەختانە تیس هەندێ کلینیکس و پاندانێکی دیکەی دامێ و هەروەها ئۆجەلانیش زۆر بەڕێزەوە خۆی هەڵە کرد هەروەك ئەوەی هیچی نەبینیبیت و دەستی دایە قۆریەکەو چای بۆ تێکردین و بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی...

پاش ئـەوەی قسەکانمان لەگەڵ ئۆجەلان بـەردەوام بوون و باسی ئەوەمان کرد لە داهاتوودا چی دەبێت بکەین خواست و باسەکانمان باشتر بەدەستەوە دەهات، ئۆجەلان لەمەڕ هەندێك پرسی تایبەت بە هەنگاوە یاسایی و قەزاییەکان پرسیاری کرد، چۆن دەکرێت پێشهاتەکان بخوێنیەوە و پەرچەکردارمان چی دەبێت بەتایبەت لەمەڕ مەسەلەی رادەستکردنەوەی بە تورکیا، لەم بارەشەوە ئێمە دڵنیامان کردەوە کە شتی لەوجۆرە هەرگیز رونادات، هەروەها لەمەڕ ئەگەرەکانی حوکمدانی لە لایەن ئیتالیاوە بە زیندان پرسیاری کرد لەم بارەشەوە ئەوەمان شیکردەوە کە بە بۆچونی ئێمە ئەم کارەش زۆر ئاسان نیە و قورسە، بەڵام ئەگەرێکی لەو جۆرەش بە دوور نازانین ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئۆجەلان گاڵتەیەکمان لەگەڵدا بکات کە گوتی (جا بەڕێزینە ئێوەی پارێزەر هەرگیز بە دڵنیاییەوە لە شتێك دەدوێن!).

دانیشتنەکەمان دوو کاژێری خایاند لە کۆتاییدا من پرسیاری ئەوەم کرد کە چۆن لەگەڵ ئۆجەلان پەیوەندی بگرین ئەگەر پێویستمان بە شتێك بوو، چونکە راستەوخۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەم ناوچەیە (ئۆستیا) زەحمەت بوو، ئەمە وێرای ئەوەی کە هەمیشە کەسێك لێرە نابێت کە ئینگلیزی بزانێت، بۆیە ئۆجەلان کەمێك لەگەڵ وەرگێڕەکەیدا دواو پاشان گوتی کە ناوی کەسێکم لە برۆکسل دەداتێ کە وەك کۆنتاك پێرسۆن بتوانێت هەمیشە

پەیوەندی پێوە بکات، تا ئەوان سەرقاڵی نوسینی ژمارە تەلەفۆن و ناوی ئەو کەسە بوون من ماوەم لێخواستن کە بتوانم بچم دەستم بشۆم، کە گەڕامەوە هەموویان لە داڵانەکە چاوەڕێی منیان دەکرد، ئۆجەلان کاغەزێکی بە دەستەوە بوو کە دەیویست بیداتە دەستی خۆم و لەرێگەی وەرگێڕەکەوە گوتی " بفەرموون ئەوەتا زێڕین عوسمان، دوو ژمارە تەلەفۆنی تیادا نوسراوە، ئەگەر ویستت شتێك بە من راگەیەنیت ئەوە دەتوانیت تەلەفۆن بۆ زێڕین بکەیت ئەو بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ مندا دەگرێت" منیش لە پاشاندا ئەوەم پێگوت کە لە هەموو حاڵەتێکدا پاش هەفتەیەك دەگەڕێمەوە بۆ رۆما بۆ ئەوەی بۆت باسکەین کە چیمان کردووە و چۆن بەردەوام بین، لە رێگای زێڕینەوە رۆژی سەردانەکەشم دیاری دەکەم.

لە خوارەوە حسێن و عەلی چاوەڕوانی ئێمە بوون بۆ ئەوەی بمانبەنەوە بۆ رۆما، ئەم جارەیان خۆشبەختانە قەرەباڵغی لەسەر جادەکان نەمابوون، هەرچەندە کۆبونەوەکەمان زۆری نەخایاند، بەڵام هەستم بە ماندوو بونێکی زۆر دەکرد. ئێستا هەستم بەوە کرد کە زۆر شڵەژانم پێوە دیار بوو دەبوو زیاتر بەسەر خۆمدا زاڵ بومایەو خۆم گورجتر بکردایەتەوە، من پێشتر کەیسی قورس و گەورەترم لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام لە راستیدا ئەمەیان زۆر تایبەت و جیاوازە وێرای ئەوەش لە بەیانیەوە هیچ نانم نەخواردبوو برسێتیش زۆری بۆ هێنابووم.

جۆن لە نێو باڕی هۆتێلەکەدا بەسیمایەکی پڕ لە هێماوە چاوەڕوانی ئێمە بوو:

- سەرۆك کەمێك بەر لە ئێستا تەلەفۆنی بۆ کردم، پێم وابێت باش بەگیری هێنابوون ها؟، بەڵام زۆر لێتان رازی بووە...

وەك پیشەی هەموو جارێکی خۆی، بە ویقارێکەوە جۆن پرسیاری ئەوەی کرد کە داخۆ برسیمان بووە؟ لە وەڵامدا گوتم " زۆریش، بەڵام بەم نیوە شەوە هیچ چێشتخانەیەك ماوە بچین نانێك بخوێن؟ جۆن بە پێکەنینەوە گوتی:

" ئازیزەکەم خۆ تۆ لە ئەمستەردام نیت ئێرە رۆمایە!" لەگەڵ گارسۆنی سەر بارەکە بە ناوی لاوغی کەمێك پێکەوە قسەیان لەو بارەوە کرد و سەرەنجام ناوی چێشتخانەیەکی بۆ هەڵدا بە ناوی " دوو دزەکە" و بە تەلەفۆن مێزێکی بۆ گرتین و تەکسیەکیشی بانگ کرد...

لەکاتی نانخواردندا وردەکاری قسەوباسەکانی خۆمانمان لەگەڵ ئۆجەلاندا بۆ جۆن گێڕایەوە، جۆن کامەران بوو کە هەموو شتەکان بە باشی بەڕێوە چوون هەروەها ئەوەشی خستە روو کە ئەو لەو باوەڕەدایە تیمەکەی ئێمە کارێکی باش بەدەستەوە دەدات، ئەو(جۆن) سبەی پاش نانخواردنی بەیانی بەفڕۆکە بەرەو یۆنان دەگەڕێتەوە، بەڵام بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ مندا دەبێت و هەرکاتێك پێویست کات هاوکاریم پێشکەش دەکات، دڵشادم کە جۆن بەم کەیسەوە وابەستەیە، ئەو کەسێك بوو دەمتوانی متمانەی پێبکەم و هەمیشە گەورەترین پشتیوانی بوو. کاتژمێر دوونیوی ئەو شەوە گەڕاینەوە بۆ هوتێلەکە، سەرم لە ماندووبووندا گەرم داهاتبوو، خێرا دوشێکم کرد و چومە نێو جێگاوە.

بۆ رۆژی دواتر، سەرلەبەیانی کاتژمێر حەوت و نیو لەگەڵ جۆن و ئەندرێ نانی بەیانیمان خوارد، تیس کە دەبوو کاتژمێر دە لە شاری ماستریخت ئامادەی کۆبوونەوەیەك بێت دوو کاژێر زووتر لە هوتێلەکە دەرچووبوو.

پاش نانخواردن و ماڵئاوایی لە جۆن، هەوڵمدا دوو پارێزەرە ئیتالیەکە بدۆزمەوە، بەڵام پێدەچوو ئاسان نەبێت، یەکێکیان بەناوی پیساپیا (PISAPIA)لە میلانۆ بوو چەند رۆژێکی دیکە دەگەڕایەوە بۆ رۆما، ئەوی دیکە ساراسەنی (SARACENI) کۆبوونەوەی هەبوو، سکرتێرەکەشی نەیدەزانی کۆبوونەوەکە چەند دەخایەنێت و کەی تەواو دەبێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا تا کاتژمێر دوازدە دەخایەنێت.

به سکرتێرەکەیم راگەیاند کە ئێمە ئەمڕۆ سەر لە ئێوارە رۆما بەجێ دەهێڵین بۆیە سوپاسگوزار دەبین ئەگەر بتوانین ئەمڕۆ چاومان بە ڕێزدار ساراسەنی بکەوێت، ئەویش بەڵێنیدا کە تەواوی هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت لە نێو کۆبونەوەکەیدا پەیوەندی پێوە بکات و پاشان تەلەفۆنمان بۆ بکاتەوە. لەبەر ئەوەی پاتری تەلەفۆنە دەستیەکەم خاڵی ببوو، وزەی تیادا نەمابوو ناچار ژمارەی تەلەفۆنی هۆتێلەکەم لا تۆمار کرد، ئەمەش بۆخۆی بووە هۆی ئەوەی کە لە نێو هۆتێلەکەدا قەتیس بین و نەتوانین دوور کەوینەوە...

دەرەوە روناك و پرشنگدار بوو، لەگەڵ ئەندرێ لە داڵانی هۆتێلەکەدا دانیشتبووین و چاوەڕێی تەلەفونمان دەکرد. لە دەستبەتاڵیدا نەمدەزانی چی بکەم، هەموو ئەو شتانەی کە بۆ ئەم دۆسییەیە پێویستن هەمووی لە ئەمستەردامە، دەبوو شتێك لەگەڵ خۆمدا بۆ خوێندنەوە بێنم. لە هۆتێلەکەدا تەنها رۆژنامە چنگ دەکەون کە زۆربەیان ئیتالین تەنها (HERALD TRIBUNE) نەبێت کە ئەویشم سەرلەبەیانییەوە دووجار خوێندۆتەوە..

دوایی ئەم دوو رۆژەم بۆ بوو بە دەرس بە تایبەت بۆ سەفەرکردنم بۆ رۆما، هەندێ جاران دەبێت لە پەلەپرۆزێ لە ژوانێکەوە راکەم بۆ ئەوی دیکە یان ئەوەتا چەندین کاژێر لە هۆتێلێکدا چاوەڕێ بم، بەڵام ئیتر ئەم یەکەم سەفەرەم بۆ رۆما فێری ئەوەی کردم کە هەرگیز بەبێ کتێب و چارچی تەلەفۆن (شاحینە) سەفەری رۆما نەکەم.

لەبەر ئەوەی پێویستی نەدەکرد هەردوکمان لە هۆتێلەکەدا گیر بخۆین و بێتاقەت بین ئەندرێ رۆشتە دەرەوە پیاسەیەك بکات، بەڵام زۆر دوور نەکەوێتەوە نەوەك لە پڕدا تەلەفۆنمان بۆ بێت و بڕۆین بۆ لای بەڕێز ساراسەنی، پاش کاژێرێك ئەندرێ گەڕایەوە، بەڵام هێشتا رەوشەکە وەك خۆی بوو تەلەفۆنمان بۆ نەکرابوو، بۆیە ئیتر نۆرەی من بوو کەمێك هەوایەکی باڵی خۆم بدەم.. هۆتێلەکە زۆر لە سەنتەرەوە نزیك بوو، پاش چەند هەنگاوێکی

کەم خۆم لە نێو ئاپۆرەیەکی قەرەباڵەغدا بینییەوە، هەستێکی نامۆم بەسەردا زاڵبوو هەروەك ئەوەی لە جیهانێکی دیکەوە هاتبم، پیاسەیەکم لەو ناوەدا کرد، ئایسکرێمێکم کڕی و لەبەر هەتاوەکەدا دانیشتم پاشان گەڕامەوە بۆ هوتێلەکە، بەڕاستی نەمدەتوانی لەزەت لەو جۆرە گەشتوگوزاریە بکەم..

کاژێرێك دواتر تەلەفۆنێکی (ئانا) سکرتێرەکەی ساراسەنیمان بۆ هات و ئاگادار کراینەوە کە پاش نیو کاژێری تر دەتوانین بەڕێز ساراسەنی لە نوسینگەکەی خۆی بەدیبکەین خۆشبەختانە نوسینگەکە لە شوێنی ئێمەوە نزیك بوو دەمانتوانی هەر پێ بچین و پاشان راستەوخۆ بەرەو فڕۆکەخانە بڕۆین..

لە هۆتێلەکە شتێکمان خوارد و پرسیارەکانمان لە بەڕێز ساراسەنی تاوتوێکرد و حسابمان لەگەڵدا کردن و جانتاکانمان کۆکردەوە و کەوتینە ڕێ، هەرچەندە سەرەتا نەمانتوانی نوسینگەکە بدۆزینەوە و پاش پرسیارکردن، سێ جار بەهەڵە ئێمەیان رەوانەی دیوی پشتەوەی ئادرەسەکە کرد، بەڵام سەرەنجام لە کاتی خۆیدا گەیشتینەجێ..

کەمێك لە نوسینگەکە چاوەڕێ بووین، پاشان کابرایەکی بە تەمەنی قژ ماش و برنجی، بە ڕێزەوە بەرەو پیرمان هات کە ئەویش هاوتای من جگەرەی زۆر دەکێشا.

دانیشتنەکەمان لە سەرەتادا زۆر بە زەحمەت بەڕێوە چوو لەبەرئەوەی بەڕێز ساراسانی زۆر بە کەمی ئینگلیزی دەزانی، هەروەها فەڕەنسیەکەشی زۆر خراپ بوو، هیچ وەرگێڕێکیش ئامادە نەبوو، ئەگەر بەمجۆرە بێت کارەکەمان مەیسەر نابێت ناچار بە زمانێکی شەقوشڕی تێکەڵاو لە ئیتالی و فەڕەنسی و ئینگلیزی هەوڵماندا کە ساراسانی لە قسەوباسەکانی دوێنێمان لەگەڵ ئۆجەلان ئاگادارکەینەوە، هەروەها خاڵە بنەڕەتەکانی نێو دۆسیەکەمان لەگەڵدا تاوتوێ کرد بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەستن بە مەسەلەی مافی پەنابەری ئۆجەلان.

هەروەها باسی مەسەلەی حوکمدانی ئۆجەلانمان لە لایەن ئیتالیاوە بە پێی پەیماننامەی ئەوروپا دژ بە تیرۆریزم تاوتوێ کرد بۆیە هەر زوو بۆمان دەرکەوت

بەڕێز ساراسانی کە کار لەسەر دۆسیەکانی مافی پەنابەری و یاسای سزادان دەکات شارەزایی لە یاسا نێودەوڵەتیەکانی وابەستە بە کەیسی ئۆجەلانەوە نیە، پاشان زیاتر ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو کە وێرای ئەوەی ئەو کەسێکی بەڕێزە، بەڵام لەم کەیسەدا پسپۆڕیەکی ئەوتۆی نیە و لە تازە پارێزەرێکی ناشارەزا دەچێت، لەوەش زیاتر خوازیاری ئەوە بوو کە ئەو بە تەنها خۆی ئەم کارە بکات و ئێمەی لەگەڵدا نەبین...

پاش کاژێرێك و بەدحاڵی بوون و تاڕادەیەك تووڕەبوونیشەوە ماڵئاوایمان لە یەکتر کرد، لەگەڵ بەڕێز ساراسانی لەسەر ئەوە پێکهاتین یەکێك لە هاوکارەکانم لە نوسینگەکەم لە هۆڵاندا کە ئیتالی باش دەزانێت بە ناوی میشێل پەستمان (MICHEIL PESTMAN) پەیوەندی پێوە دەکاتەوە. میشێل کە خۆی دایکی ئیتالی بوو، ئیتالیشی زۆر بە باشی دەزانی، رەنگە ئەم خاڵە یاریدەدەر بێت بۆ ئەوەی کە پێکەوە کارکردن لەگەڵ ئەم هاوکارانەدا باشتر بێت..

پاشتر لە ئەمستەردام، ئەندرێ توڕەبوونەکەی خـۆی هـەر لە نێو فرۆکەخانەکەدا دەربڕی " ئاخر کابرا کە تۆ لە یاسای نێودەوڵەتی نازانیت چۆن کەیسێکی ئاوا دەگریتە دەست ها ؟ " منیش هاوڕا بووم لەگەڵیدا " لەوەش زیاتر تەنها زمانی ئیتالی دەزانێت و هیچ زمانێکی دیکە شارەزا نیە ئەمەش دەست نادات بۆ ئەم جۆرە کارانە"

گرفتەکە لەوەدا بوو کە ئێمە دەمانزانی ناتوانین دەستبەرداری ئەو پارێزەرە ئیتالیانە بین و پێویستمان پێیانە نەك تەنها لەبەر مەسەلەی مافی پەنابەری سیاسی ئۆجەلان، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەوان تاکە لایەن بوون دۆسیەکەی تورکیایان لا بوو، ناوەرۆکی دۆسیەکەی تورکیاش زۆر گرنگ بوو بۆمان، جا بۆ مەسەلەی رادەستکردنەوەی ئۆجەلان بێت بە تورکیا یان بۆ پێشهات و ئەگەرەکانی حوکمدان و زیندانیکردنی ئۆجەلان بێت لە ئیتالیا.

## - ٤ -

هەرچەندە ئۆجەلان کەم تا زۆر لەسەر داوەتنامەی ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی ئیتالیا هاتبووە رۆما، بەڵام حکومەتی ئیتالیا بەهیچ شێوەیەك بەم سەردانە شادمان نەبوو، وێرای مەترسیەکان بۆ سەر ئاسایشی وڵات ئەم سەردانە لە چەندین لایەنەوە ئیتالیای دەخستە نێو رەوشێکی قورسەوە. لەمەڕ رادەستکردنەوەی ئۆجەلان بە تورکیا، ئیتالیا پەیوەست بوو بە پەیماننامەی ئەوروپی مافی مرۆڤ کە رێگەی نەدەدا کەسێك رادەستی وڵاتێك بکرێتەوە تیایدا حوکمی لە سێدارەدان چاوەڕوانی بێت، خۆ ئەگەر تورکیا بەڵێنی ئەوەشی بدایە کە حوکمی لەسێدارەدان جێبەجێ ناکات ئەوە رادەستکردنەوەکە هەر مەحاڵ بوو، چونکە گرنگی ئەوە لە ئارادا نەبوو کە ئۆجەلان وەك زیندانێکی سیاسی لە تورکیا دوچاری مەترسی نابێتەوە، بە پێچەوانەوە دووچاری دادگاییکردنێکی ناعادیلانە دەبێتەوە. تەنانەت ئەگەری ئـەوەش هەیە کە دوچـاری ئەشکەنجەو خـراپ مامەڵەکردن بێتەوە. هەرچەندە تورکیا دەستبەجێ سیاسەتی بایکۆتکردنی پەیڕەو کرد و هەڕەشەی چەندین هەنگاوی دیکەی لە ئیتالیا دەکرد ئەگەر بێتوو ئۆجەلان رادەستی تورکیا نەکاتەوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئیتالیا دەیزانی کارێکی وا مەحاڵەو دژ بە یاسایە، ئەی کەواتە دەبێت چی روو بدات؟

ئیتالیا بێ ئاکامانە ماوەیەکی باش چاوەڕێی ئەوە بوو کە ئەڵمانیا بە پێی ئەو یاداشتی دەستگیرکردنەی کە کاتی خۆی بۆ ئۆجەلانی دەرکردبوو، داوای رادەستکردنی ئۆجەلانی بە ئەڵمانیا لێبکات، بەڵام حکومەتی ئەڵمانیا پاشان ئاشکرایکرد کە دەستبەرداری ئەو داوایە بووە و نایەوێت ئۆجەلانی رادەست بکرێت. ئیتالیا بەم بڕیارەی ئەڵمانیا شادمان نەبوو، بەڵام لەرووی سیاسییەوە ئەڵمانیا ناهەقی نەبوو، حکومەتی تازەی چەپە سەوزەکان کە تازە پێکهێنرابوون لە نێوخۆی وڵاتی خۆیاندا گرفت و سەرئێشەی زۆریان هەبوو بۆیە پێویستیان بەو نەبوو خۆیان لە قەرەی پرۆسەیەکی یاسایی

ئەوتۆ لە دژی ئۆجەلان بدەن بە تایبەت کە وڵاتەکەیان دانیشتوانێکی زۆری لە کورد و تورك تیادا دەژی و کردەوەیەکی لەم جۆرە تەنها ئاژاوەی دەخستە نێوماڵیان بۆیە ئەڵمانیا بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست ئەو بەڵایە بخاتە نێو ماڵی خۆیەوە...

لەم کاتەشدا تا رادەیەکی زۆر ئیتالیا ناتوانێت بە هاوکاری و پاڵپشتی دەوڵەتە ئەوروپییەکانی دیکە چارەسەرێك بۆ گرفتەکەی ئۆجەلان بدۆزێتەوە، هەرچەندە بۆ ئایندەی بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپا مەسەلەی کورد و پاشانیش کێشەی ئێستای ئۆجەلان خاڵگەلێکی زۆر گرنگن کە دەبێت لە راستیدا بەرنامەی کارێك بن لە نێو رۆژەڤی یەکیەتی ئەوروپا، بەڵام لە راستیدا ئەندامانی یەکیەتی ئەوروپا خۆیان لەم کارە دەدزنەوە، چونکە دۆسیەی ئۆجەلان پرسێکە کە هیچ کەس ناخوازێت دەستی خۆی پێوە بسوتێنێت. ئەو ئێستا لە ئیتالیایە کەواتە بە ئاسانی ئێستا ئەو گرفتی ئیتالیاکانە، دەبێت هۆڵاندا چەند بەوە دڵخۆش بوبێت کە فڕۆکەکەی ئۆجەلان لە رۆما نیشتەوە نەك لە ئەمستەردام؟ بەداخەوە پاش چەند مانگێکی کەم ئەمە بەباشی روون دەبێتەوە، ئیتالیەکان پیشتیوانی دەوڵەتە ئەوروپییەکانی دیکە وەردەگرن لەمەڕ هەڕەشەکانی تورکیا ئەگەر ئۆجەلان رادەستی نەکاتەوە، بەڵام ئیتر بۆ هەموو شتەکانی دیکە ئەوە دەبێت ئیتالیەکان خۆیان چارەسەر بدۆزنەوە، بەڵام چۆن؟

رادەستنەکردنەوەی ئۆجەلان بە تورکیا، ئیتالیا لە چەند گرفت و کێشەیەکی دیکەوە دەگلێنێت، حکومەتی تورکیا راستەوخۆ هۆشداری دایە ئیتالیا کە ئەگەر بێتوو ئۆجەلانی رادەست نەکاتەوە، ئەوە ئیتالیا ناچارە خۆی ئۆجەلان بداتە دادگاو حوکمی بدات، تورکیا هاوشێوەی ئیتالیا پەیوەستە بە پەیمانی ئەوروپی دژی تیرۆر، ئەم پەیمانە لە هەفتاکاندا لە لوتکەی باڵای دەوڵەتانی ئەوروپا دژ بە تیرۆریزم مۆرکراوە لە پێناو ئەوەی رێگا بەو کەسانە نەدرێت کە گومانی هێرشە تیرۆریستیەکانیان لەسەرە بە ئازادی بسوڕێنەوە،

لەبەر ئەوەی لە بەر هۆیەك لە هۆیەكان ناتوانرێت ڕادەستی ئەو وڵاتە بكرێنەوە كە كردەوە تیرۆریستیەكەیان تیادا ئەنجامداوە.

ئەگەر ئەو وڵاتەی كە تاوانبارەكەی تیادا دەژی نەیتوانی ڕادەستی ئەو وڵاتە بكاتەوە كە داوای كردووە ئەوە بە پێی ئەم پەیمانە دەبێت خۆی دادگایی بكات بەم جۆرە لە حاڵەتێكدا ئەگەر ئیتالیا ئۆجەلانی ڕادەست نەكردەوە ئەوە دەبێت ئۆجەلان بخرێتە بەردەم دادگایەكی ئیتالی و دادگایی بكرێت..

كەواتە لێرەدا ئیتالیا دارێكی لەبەر دەستدایە هەردوو سەرەكەی پیسە، ئەگەر ئیتالیا ئۆجەلان ڕادەستی توركیا بكاتەوە ئەوە بێگومان بەیەكجاری لەم میوانە نەخوازراوە ڕزگاری دەبێت، بەڵام پێشێلكارییەكی زۆر ئاشكرای مافی مرۆڤ دەكات ئەمە وێرای ئەوەی كە لەلایەن دادگاكانی دیكەی نا ئیتالیەوە لەوانەش دادگای باڵای ئەوروپا و كۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە ستراسبۆرگ دوچاری سەرزەنیشتی توند دەبێتەوە، لە لایەكی دیكەوە ئەگەر ئۆجەلان ڕادەستی توركیا نەكاتەوە و خۆی دادگایی بكات ئەوە ئەگەرێكە هاوتای ئەڵمانیەكان ئیتالیاش بیری لێناكاتەوە..

ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر وەك ئێمە پێمانوایە ڕێكەوتنی دژبە تیرۆریزم بەسەر ئەم دۆسیەیەی ئۆجەلاندا نەچەسپێت؟ پرسیارەكە لێرەدا سروشتی ئەو كردەوانەیە كە توركیا ئۆجەلانی پێتۆمەتبار دەكات – ئەمە بەدەر لەوەی كە داخۆ لە بنەڕەتدا ئەو كردەوانە ئەنجام دراون یان نا- ئایا ئەو كردەوانە لە ڕووی یاسایی و قەزائیەوە دەخرێنە نێو چوارچێوەی تیرۆرەوە؟ تەنها كاتێك ئەوە ڕوودەدات كە ئەو كردەوانە بخرێنە نێو چوارچێوەی تیرۆرەوەو پاشان بڕگەكانی پەیماننامەی دژ بە تیرۆریزمی بەسەردا دەسەپێت ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكە خودی لێكدانەوەی زاراوە قەزائیەكانی تیرۆریزم لە یاسای نێودەوڵەتیدا زۆر لەوە ئاڵۆزتر و دژوارترن كە مرۆڤ بیری لێدەكاتەوە.

دوو لایەنی گرنگ هەیە کە رۆڵی سەرەکی دەبینن لەوەی کە داخۆ ئەو کردەوانەی ئۆجەلانی پێگوناهبار کراوە لە خانەی تیرۆردا پەسەند دەکرێن یان نا:

یەکەم شت بریتیە لە زەمینەی تاوانەکان، پەیمانی دژبە تیرۆریزم یەك لیستی زۆر وردو درشت لە خۆ دەگرێت لەمەڕ ئەو کردەوانەی کە دەشێت بخرێنە خانەی تیرۆرەوە بۆ نمونە وەك رفاندنی فڕۆکە، بارمتە گرتن، هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەکان، ئەگەر مرۆڤ بەراوردێك لە نێوان ئەو لیستەی پەیمانی دژ بە تیرۆرو ئاشکرای کردوون لەگەڵ ئەو لیستەی کە تورکیا لە دژی ئۆجەلان ئامادەی کردووە، ئەوە راستەوخۆ ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو لیستەی تورکیا نەك ناچێتە خانەی پەیمانی دژ بە تیرۆریزم، بەڵکو زۆر گومانیش لە خۆ دەگرێت...

دووەم شت ئەوەیە کە لە دۆسیەکەی ئۆجەلاندا خاڵی یەکلاکەرەوە هەیە بۆ بڕیاردان، لێرەدا ئەو کردەوانە دێنە پێشەوە کە لە دژی خەڵکان و ئامانجە سڤیل و نا سەربازیەکان ئەنجام دراون. بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی شەڕی نێوان پەکەکەو تورکیا لە راستیدا جگە لە شەڕێکی ناوخۆ لە هیچ خانەیەکی دیکەدا ریزبەند ناکرێت. لە یاسای نێودەوڵەتیدا ئەمە بە (ململانێی چەکدارانەی ناوخۆ) ناوی براوە، لە ململانێی چەکدارانەی ناخۆشدا رێك وەکو جەنگی نێوان دوو دەوڵەت یاسای نێودەوڵەتی جەنگ دێتە پێشەوە کە تیایدا ئاشکرا کراوە لە کاتی جەنگدا چ شتێك رێگە دراوەو چ شتێکی دیکە قەدەغە کراوە. ئەشکەنجەدان و کوشتنی زیندانیەکان بۆ نمونە بریتیە لە پێشیلکاری یاسای جەنگ بەم جۆرەش سزای لەسەر دانراوە، کوشتنی جەنگاوەرانی یەکتر لە کاتی جەنگدا بە پێشێلکاری یاسای جەنگ تۆمار ناکرێت. بەم جۆرە سزای لەسەر نیەو بەهیچ جۆرێکیش ناچێتە خانەی تیرۆرەوە، یاسای جەنگ زیاتر وردەکاری لەم بارەوە پێشکەش دەکات و ئەوەش رووندەکاتەوە کە هێرشکردنە سەر ئامانجە مەدەنی و سڤیلەکان لە هەندێك بارودۆخدا سزا نایگرێتەوە...

بەم جۆرە لەسەر بنەمای یاساکانی جەنگ ئەو تۆمەتانەی کە تورکیا ئاراستەی ئۆجەلانی دەکات – ئەمە بەدەر لەوەی کە ئایا ئەو تۆمەتانە لە بنەڕەتدا بناغەیەکی راستەقینەی هەیە یان ئایا ئۆجەلان و پەکەکە بە چ جۆرێك تەماشا دەکەیت- ناخرێنە چوارچێوەی کردەوەی تیرۆریستیەوە، یاخود هەر هیچ نەبێت ناچنە نێو بڕگەو بەندەکانی پەیمانی دژ بە تیرۆریزمەوە. مەسەلەی ئەوەی کە تورکیا لەسەر بناغەی یاسا نیشتمانیەکانی خۆی ئەو تۆمەتانەی ئۆجەلان وەك کردەوەی تیرۆریستی ریزبەند دەکات؛ ئەمە هیچ کاریگەری و رۆلێکی نابێت و لەسەر بناغەی ئەوەش ناکرێت ئەو تۆمەتانە بخرێنە چوارچێوەی بڕگەو بەندەکانی پەیمانەکەوە..

زاراوەی تیرۆریزم لە تورکیا تەواو واتایەکی جیاواز و دیکەی هەیە لەوەی کە لە بڕگەو دەقەکانی پەیمانی نێودەوڵەتیدا هاتووە، بۆ نمونە بە پێی یاساکانی تورکیا بە ئاشکرا ئاماژە کردن بۆ مەسەلەو دۆزی کورد وەك (هەوڵی جیاخوازی) هەژمار دەکرێت. هەر لە هەمان یاسای تیرۆریزمی تورکیادا هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی جیاخوازی یاخود سەربەخۆخوازی وەك تیرۆریزم ریزبەند کراوە، بۆیە لە خۆڕا نیە کە تورکیا هەمیشە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە لە تورکیادا کێشەی کورد بوونی نیە، بەڵکو تیرۆریزم بوونی هەیە!

ئەگەر بڕگەکانی پەیماننامەی دژ بە تیرۆریزم بەسەر ئۆجەلاندا نەچەسپێت ئەوە بێگومان ئیتالیاش ناچار نابێت کە خۆی ئۆجەلان بداتە دادگا و حوکمی بدات. لێرەدا ئیتالیا پرۆسەی دادگاییکردنی ئۆجەلانی لەکۆڵ دەبێتەوە، بەڵام بەرامبەر بەمە توشی نەگبەتیەکی دیکە دەبێت، چونکە ئەگەر ئیتالیا نەتوانێت ئۆجەلان رادەستی تورکیا بداتەوە و نەشتوانێت خۆی. بیخاتە بەردەم دادگا ئەوە ناچار دەبێت کە داخوازی مافی پەنابەریەکەی ئۆجەلان وەڵام بداتەوە، بەمجۆرە ئیتالیا ناچار دەبێت بۆ هەمیشە ئەم میوانە نەخوازراوە بگرێتە خۆی، لێرەدا نەك تەنها ئیتالیا، بەڵکو بەپێی یاسای مافی

پەنابەری هەموو ئەوروپا لەبەردەم ئۆجەلاندا والآ دەبێت. ئەو پاسپۆرتەی کە ئیتالیا دەبێت وەك پەنابەرێك بە ئۆجەلانی بدات مافی ئەوە بە ئۆجەلان دەدات کە بەو پەڕی ئازادییەوە لە هەموو دەوڵەتانی رێکەوتننامەی شنگن (SCHENGE) دا هاتووچۆ بکات کە بێگۆمان ئەمەش بۆ یەکە یەکەی دەوڵەتانی ئەوروپا شتێك نیە مایەی کامەرانی بێت..

**- ٥ -**

پاش گەڕانەوەم لە رۆما لەگەڵ بەشی سزاکان لە نوسینگەکەمدا ستراتیژی ئەم کارەمانم خستە بەر باس و لێکوڵینەوە. ئەندرێ پرسی (پەیماننامەی نێونەتەوەیی دژ بە تیرۆر) ی زیاتر تاوتوێکرد و گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە پێداگرتنی ئێمە لەسەر ئەوەی کە ئەو پەیمانە بەسەر ئەو کەیسەدا ناچەسپێت لە جێگەی خۆیدا بووە، ئەمەش لە راستیدا ئەوە دەگەیەنێت کە مەسەلەی دادگاییکردنی ئۆجەلان لەبەردەم دادگایەکی ئیتالیدا بخەینە سەرمێز و کاری لەسەر بکەین، چونکە ئیتالیا جیاواز لە ئەڵمانیا رۆژێك لە رۆژان تۆمەتی تێوەگلانی ئۆجەلانی بە یەکێك لە بڕگەکانی یاسای سزادانەوە رانەگەیاندووە بەم جۆرە ئەگەر بڕگەو بەندەکانی پەیماننامەی ناوبراو بەسەر ئۆجەلاندا نەچەسپن ئەوە ئیتالیاش بۆی نیە خۆی ئۆجەلان بخاتە بەردەم دادگا، چونکە بناغەی یاسایی و قەزایی بۆ ئەم کارە لە گۆڕێدا نابێت..

بەڵام هەروەك ئەندرێ لە پاشاندا گوتی هێشتا ئەمە هەموو مەسەلەکە نیە، چونکە خاڵێکی دیکەی بچکۆلە ماوە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئیتالیا - لەئەگەری ئەوەی کە بەندەکانی پەیماننامەی دژ بە تیرۆری نێودەوڵەتی بەسەر ئۆجەلاندا نەچەسپێت- خۆی هەوڵبدات بیخاتە بەردەم دادگا هێشتا بە تەواوی ئەو مافەی بۆ دەستەبەر نابێت، چونکە لەگەڵ مافی "هاوڵاتی بوون" دا یەکناگرێتەوە.. دەسەڵات و توانای هەردەوڵەتێك بۆ دادگاییکردنی کەسێك هەتا ئەوپەڕی سنور کراوە نیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە

و له تۆمەتێکەوە بۆ تۆمەتێکی دیکەی جیاواز دەگۆڕێت. شتێك نیە بەناوی (دەسەڵاتی دادگایی جیهانی)، هێندە ئاسان نیە کە هەر وڵاتێك هەروا هاوڵاتیەکی بێگانە کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی نیەو تۆمەتێکی لەسەرە کە لەو وڵاتەدا ئەنجام نەدراوە، بخاتە بەردەم دادگاو حوکمی بدات، بۆ نمونە کەسێکی هۆڵەندی لە ئەمستەردام تاوانێکی کوشتنی ئەنجامداو پاشان هەڵهات بۆ ئیتالیا ئەوە ئیتالیەکان بۆیان هەیە ئەو کەسە رادەستی هۆڵەندا بکەنەوە، بەڵام ئەگەر لەبەر هۆیەك لە هۆیەکان ئەم کارە مەحاڵ بوو ئەوە ئیتالیا خۆی بۆی نیە ئەو کەسە دادگایی بکات... میشیل کە پێویست بوو لەسەری بە وردی و درشتی یاساکانی ئیتالیا تاوتوێ بکات زیاتر گوتی "بەهەرحاڵ هەتا ئێستا ئیتالیا روبەڕووی کێشەیەکی لەو جۆرە نەبۆتەوەو ئەو مافەشی بەکار نەهێناوە، بۆیە ئەگەرێکی زۆر بچوکمان هەیە کە ئیتالیا خۆی ئۆجەلان بخاتە بەردەم دادگا " منیش زیاتر گوتم"، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا کەس ناتوانێت ئیتالیا ناچار بکات خۆی ئۆجەلان دادگایی بکات و بەهیچ جۆرێك ئەمە ئیلتیزام نیە لەسەر ئیتالیا" ئەندرێش هاوبیری من بوو.

خاڵێکی دیکەم لە دانیشتنەکەماندا هێنایە گۆڕی، ئەویش ئەوەیە بۆچی وەزیری دادی ئیتالی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەر بێتوو ئۆجەلان رادەستی تورکیا نەکەنەوە ئەوە ئیتالیا خۆی ئۆجەلان دەخاتە بەردەمی دادگاو حوکمی دەدات، لێرەدا من روو لە هاوڕێکانم گوتم " دڵنیام کە ئێمە زۆر باش و زاڵین بەسەر بابەتەکەدا، بەڵام نابێت وابزانین کە تەنها ئێمە لە یاسای نێودەوڵەتیدا شارەزاین"

هاوکارەکانم هەموو کۆك بوون لەگەڵمدا، چونکە دەبێت راوێژکارانی قەزایی حکومەتی ئیتالیا ئەوە بزانن کە لە رووی یاساییەوە ئیتالیا مولزەم نیە خۆی ئۆجەلان دادگایی بکات، لەوەش زیاتر ئیتالیا هەرگیز حەز بەوە ناکات و ناخوازێت خۆی ئۆجەلان دادگایی بکات بۆیە دەبێت شتێکی دیکەی

بەهێز لە پشت ئەم لێدوان و پەیڤینانەی وەزیری دادی ئیتالیادا هەبێت، تیسی هاوکارم لەوبارەوە گوتی " رەنگە ئیتالیا لەم رێگایەو هەوڵی ئەوە بدات کە فشار بخاتە سەر ئۆجەلان" ئەمەش بێگومان رەنگە راست بێت، چونکە لە میانەی قسەو باسەکانماندا لە رۆما ئۆجەلان ئاشکرایکرد کە لە ژێر فشارێکی زۆر گەورەی حکومەتی ئیتالیادایە بۆ ئەوەی بە خواستی خۆیی و بە خواهیشت لە ئیتالیا دەرکەوێت.. رەنگە ئیتالیەکان نەیانەوێت ئۆجەلان بەزۆر شاربەدەر کەن، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەخوازن لە ئیتالیا نەمێنێت. ئەمرۆ بڕوات باشترە لە وەی سبەی بڕوات ئاسانترین شتیش بۆ ئەوان ئەوەیە کە ئۆجەلان خۆی ئەوکارە بکات و خۆی بڕوات، هەڕەشەکردنیش لە ئۆجەلان بەوەی کە ماوەیەکی دوورو درێژ لەژێر لێپیچینەوەو رۆتینی یاساییدا دەبێت جگە لە هۆکارێك بۆ فشارخستنە سەری هیچی دیکە نییە.

بۆ ئۆجەلان دادگاییکردن لە ئیتالیا شتێکی ئەوتۆی لێ سەوز نابێت و پڕ لە کەماسیش دەبێت، لە گریمانی ئەوەی کە ئیتالیا دادگاییەکی لەو جۆرە ئەنجام بدات ئۆجەلان بە تەنها خۆی دادگایی دەکرێت و تورکیاش وەك لایەنێکی پەیوەست بە یاسای سزادانەکەوە بانگ ناکرێت، ئۆجەلان لە رۆما لەم بارەوە زۆر بە ئاشکراو رونی بۆچوونی خۆی بۆ ئێمە دەربڕی و ئێمەش هاوبێر بووین لەگەڵیدا، ئەو لەو باوەڕەدا پرۆسەیەك ئاکامی دەبێت کە تیایدا تورکیاش لایەنێکی داواکراو بێت تیایدا و ناچار بکرێت کە بەرپرسیارەتی خۆی لە کێشەی نێوان کورد و تورکدا لە ئەستۆ بگرێت پرۆسێسێك بێت کە شێوەیەکی ئەنتەرناسیۆنالی بەخۆوە بگرێت..

هەتا دۆسیەی ئۆجەلان لە لایەن ئەوروپیەکانەوە وەك گرفتێکی تەنها ئیتالیا خۆی سەیربکرێت ئەوە بێگومان بایەخی کەم دەبێتەوە و ئیتالیا زیاتر هەوڵدەدات ئۆجەلان لە کۆڵ خۆی کاتەوە، بۆ ئەوەی فشار لەسەر ئیتالیەکان کەم بێتەوە و بەتەنها خۆی بکرێتە بەرپرسیار لە چارەسەرکردنی دۆسیەکەی ئۆجەلان دەبێت ئەم مەسەلەیە بکرێت بە مەسەلەیەکی

ئەوروپی نەك تەنها بە مەسەلەیەكی ئیتالی تەماشا بكرێت. سیاسیەكانی ئەوروپا دەبێت بەوە قایل بن كە ئۆجەلان وەك كلیلێكی ئاشتی بۆ چارەسەری كێشەی كورد لە توركیا بناسینن، بۆ ئەوەی سیاسیەكانی ئەوروپا ئامادەبن چارەسەرێك بۆ دۆسیەكەی ئۆجەلان و دۆزی كورد بدۆزنەوە دەبوو ئێمە بتوانین لەرووی قەزائی و یاساییەوە ئامادەكاری ساز بدەین بە جۆرێك بەرپرسیاریەتی ئەم گرفتە بخاتە ئەستۆی هەردوو لایەن واتە ئۆجەلان و توركیا، ئەمەش كارێكی ئاسان نیە ئێمە لەم بارەوە بۆ ئۆجەلانمان روونكردبۆوە كە تەنها فورمێكی گونجاو بۆ ئەمكارە كۆمیسیۆنی باڵای دادوەری نێودەوڵەتیە لە دەنهاخ بەڵام دیسانەوە ئەمەش ئاسان نیە، چونكە ئەم كۆمیسیۆنە تەنها ململانێی نێوان دەوڵەتان چارەسەردەكات، كۆمیسیۆنەكە رێگەی ئەوەی پێنەدراوە لە كێشە ناوخۆییەكانی وەك كێشەی نێوان كورد و تورك خۆی هەڵقورتێنێت، كەواتە ئەمەش شتێكی ئەوتۆ سەوز ناكات...

بێگومان لـەڕووی تیۆریەوە ئەگەری ئەوە هەیە كۆمیسیۆنێكی نێودەوڵەتی بۆ ئەم دۆزە دروستبكرێت، شتێكی لەمجۆرە لە رابردوودا چەندینجار ئەنجامدراوە، نمونەی ئەمانەش تریبونالی یۆگوسلاڤیاو هەروەها تریبونالی روانــدا، لەم كەیسانەدا ئادهۆك "AD HOC" (حاڵەتێكە بەتایبەت بۆ ئەو كەیسە دروستدەكرێت- وەرگێڕ) پێكهێنرا بۆ ئەوەی بتوانن تۆمەتبارانی هەردوو ئەو دۆسیەیە بخەنە بەردەمی دادگا، بەڵام دامەزراندنی كۆمیسیۆنێكی نێودەوڵەتی ئەوها تازە دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە ئەنجامبدرێت، بە بۆچوونی ئێمە هاوكاریكردنی نەتەوەیەكگرتووەكان بەتایبەت ئەمەریكا لە پێكهێنانی تریبونالێك بۆ بەدوادا چونی ململانێی كوردو تورك نەك ئەستەمە، بەڵكو مەحاڵیشە، چونكە توركیا هاوپەیمانێكی گرنگی ئەمەریكایە بەتایبەت بۆ بەگژاچوونەوەی عێراق لەبەرئەوە خێرا وازمان لە بیرۆكەی پێكهێنانی

تریبونالێکی لەوجۆرە هێنا، بۆیە دەبوو لێرەدا ئیتر بیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە...

بڕیارماندا کە یەکەم شت لەسەر مەسەلەی دادگاییکردنی ئۆجەلان لە ئیتالیا کار بکەین، ئەگەر ئاشکرا بوو کە ئەو پرۆسەیە ئەنجام نادرێت ئەوە ئیتالیەکان گرنگترین کارتی فشاری خۆیان لەسەر ئۆجەلان لە دەستدەدەن و رەنگە پاشان ئامادەش بن بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی گونجاو هاوکاری بکەن، لـەوەش زیاتر ئێمە لێرەدا کات دەبەینەوە و پاشان دەتوانین ئەگەرەکانی پێکهێنانی تریبونالێکی نێودەوڵەتی تاوتوێ بکەین، لێرەدا ئەندرێ پێشنیازێکی خستە پێشەوە و گوتی " رەنگە بتوانین تۆزێك خێراتر لە بارەی دادگاییکردنەکەی ئیتالیا هەنگاو بنێین، دوێنێ یەکێك لە هاوڕێکانم لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا بە تەلەفۆن پێی راگەیاندم کە کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ لێکوڵینەوە لەو بارەوە ئەنجومەنێکی راوێژکاری قەزائی دروستکردووە تا بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئەو ئەنجومەنە سبەی یاخود دوو سبەی لە پاریس کۆبونەوە دەکات!"

بێگومان ئێمە بۆمان نەبوو لەو کۆبوونەوەیە بەشداری بکەین، بەڵام لانی کەم دەتوانین شتێك پێشکەش بکەین، لێرەدا ئەندرێ بە پێکەنینەوە گوتی " منیش بیرم لەوە کردۆتەوە، بەڵام خۆ هێشتا روون نەبۆتەوە کە داخۆ ئێمە دەتوانین بەشداری بکەین یان نا لە هیچ شوێنێك نەنوسراوە کە ئێمە ناتوانین بەشداری بکەین!" پاشان تیس گوتی " بە خراپی نازانم ئەگەر ئێمە ئەرگومێنتەکانی خۆمان بخەینە سەر کاغەز و پێشکەشی بکەین و ئەوە رایگەیەنین کە بۆچی پەیماننامەی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر بەسەر ئەو دۆسییەیەدا ناگونجێت و بە شێوەیەکی نا فەرمی بیخەینە بەردەستی ئەو ئەنجومەنی راوێژەوە"..

هەموو پێمانوابوو کە کارێکی زۆر باشەو ئەوە هەڵدەگرێت بۆیە بڕیارماندا ئەندرێ هەر ئەمڕۆ رەشنوسێك ئامادە بکات و بە شوێن ئەوەشدا

بچێت؛ کام کەس لە ئەنجومەنی راوێژەکە گونجاوترە کە بۆی رەوانە بکەین.

پاشان دووەم بڕیاری گرنگماندا کە بۆ نوسینگەکەمان و بۆ خۆشم باندۆرێکی زۆری دەبێت، پێویستمان بە هاوکاری و پشتیوانی سیاسی هەیە تا بتوانین دۆسیەکەی ئۆجەلان لە گێژاوی ئیتالیادا دەربێنین، لیستی ناوی ئەو سیاسەتمەدارانەی کە دەبێت لەم بارەوە پەیوەندییان پێوە بکەین پێشتر لە رۆما ئامادەم کردبوو، بەڵام تەنها بە قسە ناتوانین بگەینە ئەو ئامانجەی کە دۆسیەی ئۆجەلان و دۆزی کورد بخەینە نێو رۆژەڤی سیاسیەوە ‹ سیاسیەکان نابزوێن هەتا نەیانبزوێنیت› بەتایبەت لەم حاڵەتەدا کە دۆزەکە زۆر ئاسان نیە هەروەك تیس زیاتر گوتی " بەبێ فشاری دەرەوە ئەوانە هەرگیز ئامادە نین خۆیان لە پرسێکی ئاوا بگەیەنن" پێکەوە گەیشتینە ئەو خاڵەی کە تەنها یەك هۆکار هەیە کە بتوانین بە هۆیەوە شەقامی سیاسی بوروژێنین و بەئاگای بێنین: دەبێت هەتا ئەو رادەیەی بۆمان دەکرێت رای گشتی لە مەسەلەکە ئاگادار کەینەوە. رای گشتی لەهەمبەر ئۆجەلان و پرسی کورد رەنگە بتوانێت جوڵەیەك بخاتە نێو مەسەلەکەو سیاسیەکان ناچارکات کە گوێیان لێبگرن. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم هەنگاوە هەڵبگرین چۆن دەتوانین سەرنجی رای گشتی بە قازانجی ئەم دۆسیەیە بجوڵێنین؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا تیس گوتی " وەك دەستپێك پێم باشە ئەمڕۆ لێدوانێکی رۆژنامەوانی بڵاو کەینەوە؛ تیایدا ئاماژە بۆ داواکەی ئۆجەلان بکەین و لایەنە نێودەوڵەتیەکەی ئەم دۆسیەیە بخەینە روو، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی راوێژکاران لە پاریس لەم بارەوە باشترین هەلە" پاشان ئەندرێ هەڵی دایێ و گوتی" دەتوانین هەر یەکسەر لێرەوە مەسەلەی دادگاییکردنی ئۆجەلان وەك باسمانکرد ئاشکرا بکەین"

پاشان منیش رەزامەندیم پشانداو گوتم " کەواتە زۆر باشە من لێدوانەکە ئامادە دەکەم و پێمخۆشە لە پاشاندا ئێوەش سەیری بکەن، پێم وابێت باشتر وایە بەئینگلیزی ئامادەی کەم بۆ ئەوەی بتوانین راستەوخۆش بۆ میدیاکانی

دەرەوەی وڵاتی رەوانە بکەین". ئەندرێ و تیس سەری رەزامەندیان لەقاند.

ئەگەر بمانەوێت سەرنجی رای گشتی راکێشین ئەوە بێگومان دەبێت قوڵی لێهەڵمالین و کاری باشی بۆ بکەین، دەبێت لیستێك لە تەواوی ئەو ئاژانسە هەواڵیە بیانیانە کە بایەخیان بۆ ئەم بابەتە هەیە ئامادە بکەین بێگومان لەوانەش ئیتالیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا، میشێل لێرەدا گوتی " رویتەرز بێگومان نابێت فەراموش کەین، لە دۆسیەکەی بۆسنەدا ئەم کارەمان کرد و بەسود بوو، چونکە هەموو کەس سەیری دەکات"، میشێل کە هاورێ لەگەڵ یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم نوسینگەیەمان بە ناوی فۆن ڤان دەن بیسن (PHON VAN DEN BIESEN) لە یەکێك لە دۆسیە گرنگەکانی جینۆساید لە بۆسنە دژی یوگوسلاڤیا کاریان کردبوو، لە ناو دۆسیەکەی بۆسنەدا لیستێکی تەواوی لە ژمارە فاکسی پێرس بیرۆکانی دایە دەستم، ئەمەش بێگومان کارێکی زۆری گەڕانی لە کۆڵ کردمەوە و پاش یەك کاژێری دیکە یەکەم لێدوانی رۆژنامەوانی لە نوسینگەکەمانەوە دەچێتە دەرەوە.

رۆژی دواتر رۆژنامەکان نوسیبویان (هۆڵەندیەك سەرپەرشتی تیمی پارێزەرانی ئۆجەلان دەکات)، بەداخەوە هیچم سەبارەت بە کۆبونەوەکەی پاریس یاخود مەسەلەی دادگاییکردنی ئۆجەلان لە ئیتالیا بەرچاو نەکەوت، بێ هیوا بووین! پێدەچوو لایەنە قەزائی و یاساییەکانی دۆسیەکە زۆر وردو ئاڵۆز بووبێت یان لەوانەیە رۆژنامەکان بەگرنگیان نەزانیبێت یان رەنگە هەردوو خاڵەکە پێکەوە هۆکاری بایەخ نەدانەکە بووبێت و وەك هەواڵێك بۆ بڵاوکردنەوە دەستی نەداوە. بێگومان رەنگە باشتر بوایە کە خۆم رۆژنامە نوسی تایبەتم دیاری کردایە، ئەوانەی لایەنە یاسایی و قەزائیەکانی دۆسیەی ئۆجەلانیان زۆر بە گرنگ بزانیایە.

من لە راستیدا هەتا ئێستا لەبەر سروشتی کارەکەم زۆر پەیوەندیم بە رۆژنامەکانەوە نەبووە، من زیاتر لەسەر دۆسیەی سزادان کارم کردووە بۆ

نمونە کەسێك بە تاوانی فێڵکردن لە یاسا تۆمەتبار کراوە، هەرگیز ناخوازێت دراوسێکانی لە رۆژنامەکانەوە بەو شتەی ئەو بزانن، لەراستیشدا کەسانێکیش هەن کە بەهەمان یاسای سزادان تۆمەتبار کراون، بەڵام زۆر بە جدی و توندی بە شوێن میدیاکاندا دەگەڕێن، بەڵام من خۆم زۆر لەگەڵ ئەو لایەنەدا نیم و حەزم لێ ی نیە، چونکە بڕوا ناکەم لە هەموو حاڵەتەکاندا میدیا هۆکارێك بێت پۆزەتیڤانە کار بکاتە سەر بەڕێوەچوونی دۆسیەکە، بۆیە لە رابووردوودا بەرامبەر بەمە هەوڵمداوە بە هەموو شێوەیەك دۆسیەکان بە دوور لە رۆژنامەکان بگرم، هەرچەندە هەموو جارێك لەم بارەوە سەرکەوتوو نەبووم بۆ نمونە لە یەکێك لە دۆسیە گەورەکانی (فێڵکردن و ساختەکاری لە بۆرسەدا) کە تیایدا من و فکتۆر پارێزەری ژمارەیەکی زۆر لە تۆمەتباران بووین میدیاکان بە شێوەیەکی یەکجار ناخۆش وەڕسیان کردبووین. پارێزەریش هەیە بە سروشت واهەڵکەوتووە کە تەنها بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێت لە رۆژنامەکاندا وێنەی بڵاو بکرێتەوە، هەموو کەسیش ئەوە دەزانێت، بەڵام وەك پارێزەرێك لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت باش ئەوە بزانیت ئەگەر یەکێك لە دۆسیەکانت خستە نێو میدیاکانەوە چ کاریگەرییەك لەسەر دۆسیەکەو خاوەن دۆسیەکە دەبێت؟ ئایا کاریگەریەکە بە سود و بە خواستی تۆ دەبێت؟ لە سەرو ئەمانەشەوە دەبێت باش ئەوەت لە یاد بێت کە ئەو شتەی لە رۆژنامەیەکدا بڵاو دەبێتەوە ئیتر تەواو ناتوانیت بیگەڕێنیتەوە ئەمە وەك ئەوە نیە کە تۆ سکاڵایەك یان داخوازیەك لە دادگا تۆمار بکەیت و لە پاشاندا ئەگەر سودی نەبوو دوای کشانەوەی بکەیت و دەستبەرداری بیت، لە کۆتایشدا گرنگترین خاڵ لێرەدا دۆسیەکەو خاوەن دۆسیەکە واتە موکیلەکەتە، کە دیارە بەرژەوەندی موەکیلەکەت لەم نێوەدا لەهەموو شتەکانی دیکە گرنگترە.

میدیاکان بۆ کەسێکی پارێزەر تەنها هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك، بەڵام هەرگیز خۆی ئامانج نییە. راستەوخۆ پاش یەکەم لێدوانی

ڕۆژنامەوانی و پەیوەستبوونی ئێمە بە دۆسیەکەی ئۆجەلانەوە بۆ یەکەمجار لە لایەن نۆڤا (NOVA) و باوتن هۆف (BUITENHOF) ە وە پەیوەندیم پێوە کرا، هەروەها (MIDDAGEDITIE)یش داوای ئەوەی کردبوو کە لە ستۆدیۆکانی خۆیدا لەمەڕ دۆسیەکەی ئۆجەلان چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا ساز بکات. لە هاوکارەکانی نوسینگەکەم پرسی کام لەم کەناڵانە گونجاوترینە کە هەڵیبژێرم؟ هەموویان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە باوتن هۆف هەلبژێرم...

دۆسیەکەی ئۆجەلان کتوپڕ بوو مایەی سەرنجی زۆرێك لە میدیاکان، ئەم هەفتەیە زۆر سەرگەرم و سەرقاڵی کردم، من بێگومان ژمارەیەکی دیکە دۆسیەو موەکیلم هەیە کە ئەوانیش دەبێت بایەخیان پێبدرێت و نابێت پشتگوێ بخرێن. خۆشبەختانە ڤیکتۆر و ستاین خۆیان هەڵدایە نێوان و بە شێوەیەکی کاتی بەشێك لە دۆسیەکانی دیکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان. تەلەفۆنم بۆ وەزیرەکان، ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا، کۆمیسیۆنی برۆکسل دەکرد، هەوڵمدەدا چاوم پێیان کەوێت، ئەو لیستەی کە ناوەکان و ژمارە تەلەفۆنەکانم لەسەر دیاری کردبوو تا دەهات درێژتر دەبۆوە، زۆربەی زۆریـان سەرەتا بەرلەوەی ڕۆژی سەردانم بۆ دەستنیشان بکەن داوای "شتێکیان لەسەر کاغەز" دەکرد، سەرەتا نامەکەی خۆمان بۆ ئەنجومەنی راوێژکارانی قەزائی لە پاریس نارد چەند ڕۆژێك دواتر نامەیەکمان بەدەست گەیشت کە تیایدا ئەنجومەنی باڵای ئەوروپا لەگەڵ بۆچونەکەی ئێمەدا کۆکە: ئەنجومەنی راوێژکاران بە ئیتالیا رادەگەیەنێت کە ئەو وڵاتە - لە حاڵەتی رادەستنەکردنەوەی ئۆجەلاندا - بەهیچ شێوەیەك ناچار نیە کە ئۆجەلان بخاتە بەردەم دادگاکانی خۆی و حوکمی بدات. بەم جۆرە ئەگەری دادگاییکردنی ئۆجەلان لە ئیتالیا بوو بە ئەگەرێکی زۆر لاواز کە ئەمەش شتێکی خراپ نەبوو...

بۆ ئەوەی بزانم داخۆ لە ئۆستیا هیچ گۆڕانکاریەك لە ئارادایە یان نا لەگەڵ زێڕین پەیوەندیم گرت، بۆم روونکردەوە کە من کێم، هەروەها پێم

راگەیاند کە لە ڕێگای ئۆجەلانەوە ڕاسپێردراوم لە ڕێگای تۆوە پەیوەندی پێوە بگرم، زێڕین ئاگاداری سەردانەکەی ئێمە بوو بۆ لای ئۆجەلان ڕاستەوخۆ داوای لێکردم کە خزمەتم بە چیە. پێم ڕاگەیاند کە سەرقاڵی نامە نوسینم بۆ سیاسیەکان، هەروەها بۆ دڵنیایی پێویستم بەوەیە کە ئۆجەلان وەکالەتێکی تەواوم بە نوسین بۆ بنوسێت، زێڕین بەڵێنیدا کە ئەو کارانەم بۆ جێبەجێ بکات هەروەها لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە وەکالەتەکە بە زمانی ئینگلیزی بێت و لە ڕێگای کۆمیتەی کوردستانەوە لە ڕۆما بۆ من فاکس بکرێت. لە هۆڵەندا وەك وڵاتانی دیکە نیە بۆ نمونە ئەڵمانیا، کە پارێزەرێك داوای وەکالەتی گشتی و نوسراو بکات من خۆشم لە هیچ موەکلێکی دیکە ئەم کارەم داوا نەکردووە، بەڵام لە کەیسێکی ئاوا ئاڵۆزدا ڕەنگە هەرکاتێك پێویستت بە شتێکی لەو جۆرە بێت...

زێڕین زیاتر شتێکی ئەوتۆ تازەی لا نەبوو، باسی ئەوەی کرد کە ئیتالیەکان هێشتا بەردەوامن لە فشارەکانی خۆیان لەسەر ئۆجەلان بۆ ئەوەی ئیتالیا بەجێبێڵێت و پارێزەرە ئیتالیەکانی ئۆجەلانیش ڕۆژانە لە پەیوەندی بەردەوامدان لەگەڵ چەندین وەزیر و تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش. داوام لێکرد کە ڕاشکاوانە هەڵوێستی ئێمە لە ئۆجەلان بگەیەنێت کە بەهیچ شێوەیەك نەجوڵێت و لە ڕۆما بمێنێتەوە و خۆی لە هەڕەشەکانی حکومەتی ئیتالیا نەگەیەنێت و سەغڵەت نەبێت. ئێمە لەو باوەڕەدا بووین دەرچوونی ئۆجەلان لە ڕۆما تەنها کاتێك سودی هەیە کە ئەو بەرەو وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی بێت. زێڕین ویستی بزانێت چ کاتێك دیسان دەچمەوە بۆ ڕۆما منیش دەستم دایە ڕۆژمێرەکەم و هەفتەی داهاتوو ڕۆژی سێ شەمەم بۆ دیاریکرد، زێڕین بەڵێنیدا کە ئەو پەیامە بە ئۆجەلان بگەیەنێت...

ڕۆژی یەك شەممە بەر لە دووەم سەفەرم بۆ ڕۆما، بۆ یەکەمجار کەوتمە سەرشاشەی تەلەفزیۆن و لەبەرنامەیەکی باوتن هۆفدا بەناوی سەکۆی ڕۆژنامەنووسان بەشداریم کرد، زۆرخراپ شڵەژابووم بەرنامەکەش ڕاستەوخۆ

بوو، چی بکەم ئەگەر شتێکم لەدەم دەرچوو یان شتێکم نەزانی و لە یادم چووە؟ بەهەرحاڵ هەوڵمدا بەسەرخۆمدا زاڵ بم و هێمن ببمەوە. بەوە دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە کە بەم نیوەڕۆیە زۆر کەس تاقەتی سەیرکردنی تەلەفزیۆنی نیە، یەك کاژێر بەر لە دەستپێکی بەرنامە دەبێت من لە ستۆدیۆ بم بۆ ئامادەکردن و میکیاژم، دوو خانمی زۆر شیرین بە درێژایی ئەو ماوەیە بە یەك سێتی تەواو لە ماکیاژ و پۆدرەوە خەریکی من بوون، بەتەما بوون ماسکارام بۆ بەکار بێنن " ببورن ئەوە بەکار ناهێنم حەز ناکەم چاوم سێبەری هەبێت" پاشان " چاوەکانت چەندە شین و جوانن ئەوە راستین هی خۆتن؟" هتد....

پاش تەواو بوونی ئامادەکاری بە پێشکەشکاری بەرنامە رۆب تریب (ROB TRIP) و میوانەکانی دیکە ناسێنرام. لە نزیك من جۆب کۆهین (JOB COHEN) ئامادە بوو، بابەتەکەی ئەویش سەبارەت بە برچیبوونی (مانگرتن لە خواردنی) کۆمەڵێك لە کەسانی – سپی نایاسایی[2] - بوو، هەروەها سێ ژنە رۆژنامەوانی دیکە سەبارەت بە مەسەلەی تۆمەتبارکردنی کلنتۆن گفتوگۆیان دەکرد. ریداکشن یاخود دەستەی بەڕێوەبەری باوتن هۆف ئەوەیان بۆ روونکردمەوە کە وەشانی بەرنامەکە راستەوخۆ پاش پێشکەشکردنی دەنگوباسەکانە و کە تەواویش دەبێت هەتا کۆتایی بەرنامەکە لە شوێنی خۆتا بمێنیتەوە تا بەرنامەکە تەواو دەبێت و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم لە بەرنامەکەدا و بەرەو ژوری ستۆدیۆ رابەری کردم..

لە نیو ستۆدیۆدا مێزێکی گەورە کە چەندین رۆژنامەو مایکرۆفۆنی لەسەر دانرابوو بەدیدەکرا، کامێرایەکی زۆرو چەندین لامپی دیکەش هەبوون. شوێنی من لە و سەری مێزەکە لای شوێنە چەماوەکەیەوە بەرامبەر

2- کەسانی سپی نایاسایی لە هۆڵاندا بریتین لەو کەسانەی کە لە رووی یاساییەوە بە ئاشکرا لەم وڵاتەدان و کار دەکەن و باج دەدەن، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی مافی نیشتەجێ بوونیان وەرنەگرتووە بۆیە وەك مانەوەیان لە هۆڵاندا بە نایاسایی ناو دەبرێن..

بە دوو رۆژنامەوان- هەنك ڤان هۆرنHENK VAN HOORN، مارتن ڤان ئامەرۆنگن MARTIN VAN AMERONGEN- کە پرسیارەکانیان ئاراستە دەکردم دیاریکرابوو، کۆپێك قاوە و پەرداخێك ئاویشم لەبەردەمدا دانرابوو، سەرەتا غیرەتی ئەوەم نەبوو دەست بۆ هیچیان بەرم لەترسی ئەوەی نەوەك دەستم بلەرزێن، هەردوو دەستم لەبەردەمی خۆما خستە سەر مێزەکە، چونکە بەو جۆرە هەستم بە ئارامی دەکرد... دەستپێکی بەرنامە لەگەڵ کۆهین دەبوو پاشان نۆرەی من دەهات...

- ئۆجەلان تیمێك لە پارێزەرەی بۆ چیە؟ هەنك ڤان هۆرن بەم پرسیارە بابەتەکەی لەگەڵ مندا دەستپێکرد، هەروەك چۆن جاران لە مەکتەب کاتی تاقیکردنەوە قورسەکان بەسەرماندا دەهات بەهەمان جۆر بوو، لەگەڵ دەستت بە وەڵامدانەوە دەکرد ئیتر هەموو شڵەژان و نائارامیەکت لە بیر دەچۆوە. بۆ وەڵامی پرسیارەکە چەندین لایەنی جیاوازی یاسایی و قەزائیم خستە ڕوو کە لەم کەیسەدا رۆڵی زۆر بەچاویان هەیە، ئەوەم روونکردەوە کە ئەگەر بتەوێت هەموو ئەم لایەنانە بەباشی بەڕێوە بەریت پێویستیت بە کۆمەڵێك پارێزەری شارەزا لە کۆمەڵێك بوارو پسپۆڕی جیاواز دەبێت، مێزگردەکەمان زۆر بە نەرمی و بابەتیانە بەڕێوە دەچوو، چاوەڕێ ئەوەم نەدەکرد، بەڵکو لەو باوەڕەدا بووم رووبەڕووی وتووێژێکی توند دەبمەوە، کاتی خۆم وەرگرت بۆ ئەوەی ئاماژە بە چەوساندنەوەی کوردەکان لە تورکیا بکەم، هەروەها ئاماژەم بۆ ئەوە دا کە ئەوروپا دەتوانێت رۆڵێکی باش لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، ببینێت. هەروەها باسم لە رۆڵی پارێزەر کرد لە دۆسیەیەکی لەو جۆرەدا، زیاتر سەبارەت بە رۆڵی (پارێزەرێکی سیاسی) قسەم کرد، هەوڵمدا ئەوە شیکەمەوە کە واتای ئەوە چی دەگەیەنێت و بۆچی من زیاتر ئەو کەیسانە وەردەگرم کە سیاسین، پاش بیست خولەکە ئیتر ماوەی من تەواو بوو، ئاهێکم پێدا هاتەوە و گوێم بۆ بابەتی نوێ سەبارەت بە تۆمەتەکانی کلنتۆن شل کرد.

پاش تەواو بوونی پرۆگرامەکە لە ڕێگای ڕۆب تریب گوێبیستی ئەوە بووم کە هەموو کەسێك وتەکانمی بەدڵ بووە و زۆر دەوڵەمەندو پڕ زانیاری بوون، کەمێکیش لەگەڵ جۆب کۆهین قسەم کرد، لەگەڵ کەسێك بەناوی یان هودەمان کە ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی د ڤۆلکس کرانت (DE VOLKSKRANT)بوو، یەکترمان ناسی، ئەم ڕۆژنامەوانە بایەخێکی زۆری بۆ ئەم کەیسە هەبوو، بڕیاریدا هەفتەی دادێ تەلەفۆنم بۆ بکات و زیاتر قسان بکەین. ئەو شوشە شەرابەی کە بەدیاری لە جیاتی بەشدار بوونم لەوپرۆگرامەدا وەرمگرت لە بن دەست ناو بە قادرمەکاندا چومە خوارێ. دەرەوە گەرم و هەتاوی بوو، لە سوچی ستۆدیۆکە توشم بوو بە توشی پێشکەشکاری بەرنامەی چاپی نیوەڕۆ (MIDDAGEDITIE) کە بەسوار پاسکیلەوە بوو، من ئەوم تەنها لە تەلەفزیۆندا دیوە، بەڵام دیار بوو ئەویش تەماشای باوتن هۆفی کردبوو دەستێکی بۆبەرزکردمەوە و گوتی " ئیشێکی زۆر باشت کرد بە ڕاستی" شادمان بووم بەوەی کە یەکەم تاقیکردنەوەی قورسی لەوجۆرەم سەرکەوتوانە تێپەڕاند، وردە وردە بەرەو نوسینگەکەم بەڕێکەوتمەوە...

## - ٦ -

هێشتا بیر لە یەکەم چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیم دەکەمەوە بەتایبەت ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە ڕۆڵی پارێزەران لێمکرا لە دۆسیەیەکی سیاسیدا، من ئەوەم گوت کە خۆم وەك پارێزەرێکی سیاسی دەبینم، هەوڵیشمدا ئەوە ڕوون بکەمەوە بۆمن چی دەگەیەنێت ئەگەر پارێزەرێك لەسەر کەیسێکی سیاسی کاربکات ئەو کەیسانەی کە جگە لە مەسەلە قەزائی و یاساییەکان ڕەنگێکی سیاسی ئاڵۆزیان هەیە هاوتای کەیسەکەی ئۆجەلان، دۆسیەگەلێك کە تەنها لە هۆڵەکانی دادگا بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی نادرێت، بەڵکو سیاسەت تیایدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت.

ئەمەش هەموو مەسەلەکە نیە، چونکە مەرج نیە هەر پارێزەرێك دۆسیەیەکی سیاسی بگرێتە دەست ئەوە ئیتر ئۆتۆماتیك و خۆرسك دەبێتە پارێزەرێکی سیاسی، بە واتایەکی دیکە هەندێ پارێزەرهەن کە زۆر باش لەگەڵ کەیسە سیاسیەکاندا مامەڵە دەکەن بەبێ ئەوەی خۆیان پارێزەری سیاسی بن، لەو باوەڕەشدام زۆرێك لەو پارێزەرانەی کە دۆسیە سیاسیەکان بە دەستەوە دەگرن خۆشحاڵ نابن خۆیان بە پارێزەرێکی سیاسی ناوبەرن، پارێزەرێك ئەگەر خۆی بە پارێزەرێکی سیاسی بزانێت یان نا پەیوەندی بەوە وە نیە کە ئیتر ئەو باشتر بێت یان خراپتر بێت لەوانی دیکە، بەڵام بە دڵنیاییەوە جیاواز دەبێت لەوانی دیکە.

لە نوسینگەی خۆشمان زۆرجاران گفتوگۆمان لەبارەی ئەوەوە کردووە کە چۆن ئێمە بتوانین جیاوازی نوسینگەکەی ئێمە لەگەڵ نوسینگە مام ناوەندیەکانی دیکەی هۆڵەندا بخەینەروو، لە نێو برۆشور(ناملیکەکان)ی نوسینگەکەماندا نوسیومانە کە ئێمە زیاترخۆمان بۆ دۆسیەکانی وەك مافی کرێکاران، ژینگە، سزادان، مافی پەنابەران تەرخانکردووە، بەڵام ئەو ناوە یان ئەو تایبەتمەندییەی کە ئێمە بۆ خۆمانمان وەرگرتووە شتێکی زۆر جیاوازو دەگمەن نیە وەلێ دەگمەن و رۆشنترە کاتێك ئێمە جەخت لە مافەکانی مرۆڤ و مافە گشتیەکان دەکەینەوە، دۆسیە لەستراتسبۆرگ (STRAATSBURG) لە کن کۆمیسیۆنی باڵای ئەوروپا بۆ مافی مرۆڤ، لە دەنهاخ لە کن دادگای باڵای نێودەوڵەتی، زۆر دۆسیەیەی دیکە کە لایەنی یاسا نێودەوڵەتیەکان لەخۆ دەگرێت...هتد ئەمانە دۆسیەگەلێکن کەم نوسینگەی پارێزەران هەیە لە هۆڵاندا خۆی لە قەرەی بدات، تەنانەت لە دەوڵەتە ئەوروپییەکانی دیکەش جگە لە بەریتانیا نوسینگەی لەو جۆرە زۆر نین.

پسپۆڕی و شارەزایی لە کەیسە نێودەوڵەتیەکاندا بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەم نوسینگەیەی من، دۆسیەکەی وەك دۆسیەکەی ئۆجەلانیش بۆ پسپۆڕی ئێمە لەم بوارەدا نەك تەنها هیوایەکە، بەڵکو پێویستیشە.

لە راستیدا بە بێ تیس پراکن و ستاین فرانکن و شارەزاییەکانیان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و دۆسیەکانی ستراتسبۆرگەوە، هەروەها بەبێ ئەندرێ نۆلکامپەر(ANDRE NOLLKAEMPER)ی مامۆستای گەورەمان لە مافی گشتی، هەرگیز نەمدەتوانی ئەم دۆسییەیە بەڕێوە بەرم، گوناح بوو ئەندرێ، لە هەموو جارەکاندا کە ناوی لە رۆژنامەکاندا دەهات هەرگیز ناوی بە تەواوی و راستی نەدەنوسرا، هەرجارەی شتێکیان دەنوسی دەمێك (N.KEMPER) و جارێکی دیکە (NOLLKEMP) و دەمێکی دیکە (HOLLKAMPER). جگە لە ئەندرێ هاوکاری دیکەشمان هەبوو لە نوسینگە سەرقاڵی دۆسیەکانی مافە نێونەتەوەییەکان بوون، بۆ نمونە (VICTOR KOPPE) لەپاڵ یاسای سزاداندا چەندین کەیسی رادەستکردنەوەی وەرگرتووە کە بەڕاستی بەهۆی راوێژەکانی ئەمەوە بوو ئێمە توانیمان ئۆجەلان دڵنیا بکەینەوە کە کۆمیسیۆنی باڵای ستراتسبۆرگ رێگا نادات رادەستی ئیتالیا بکرێتەوە، یان میشێل پێستمان کە بەڕاستی بەهۆی ئەوەی کە زمانی ئیتالی زۆر باش دەزانی و شارەزاییەکی باشی لە یاساکانی ئیتالیا هەبوو بە جۆرێك تەنها شتێك لەم بارەوە بیڵێم ئەوەیە کە ئەمە تەنها رێکەوتێکی جوان بوو بۆ من، رێکەوتێك کە بەڕاستی شادمان بووم پێی.. لە کۆتایشدا بێگومان فۆن ڤان دەن بیسن پارێزەری بۆسنە لە کەیسی جینۆساید دژی یوگوسلاڤیا لە دادگای باڵای نێودەوڵەتی لە دەنهاخ کە ئەمەش بۆخۆی کەیسێکی سیاسی بوو، من چەندین جاران لە کەیسی ئۆجەلاندا بۆ راوێژو بیروڕا گۆڕینەوە دەچوومە ژورەکەی ئەو... بەم جۆرە ئەگەر بمەوێت خەسڵەتەکانی ئەم نوسینگەیە بخەمە روو ئەوە بێگومان یاساو مافە نێونەتەوەییەکان شوێن و پێگەی گرنگی دەبێت، بەڵام پارێزەرایەتی سیاسی زیاتر لەمە دەگرێتەوە. هەندێك جاران چەمکی (پارێزەری سیاسی) لەگەڵ (پارێزەری کۆمەڵایەتی) دەخرێنە یەك تای تەرازوو، بەڵام ناکرێت ئەوە بڵێین کە ئێمە بەشێکین لە پارێزەری کۆمەڵایەتی هەرچەندە هەندێك لە ئێمە بناغەیەکی لەو جۆرەیان هەیە، بۆ

نمونە تیس کە خۆشحاڵە زۆر جار بە " دایکی کراکەران*[3] لە نێو پارێزەرەکانی هۆڵەندا" ناو دەبرێت. هەروەها فۆن و ژمارەیەکی دیکە لەو پارێزەرانەی کە لە نوسینگەکەماندا کار دەکەن رۆژێ لە رۆژان پارێزەرانی کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی سەردەمی بزوتنەوەی کراك و داگیرکردنی ماڵان دەمێکە لە هۆڵاندا کۆتایی هاتووە پارێزەرانی ئەوانیش تەنها وەك دیاردەیەك لە ئەدەبیاتدا ماوەتەوە. لە سەرو ئەمانەشەوە ئێستا ماوەیەکی درێژە هیچ پارێزەرێك لەوبابەتەی کە مۆرکی پارێزەری کۆمەڵایەتی پێوە بێت نەهاتۆتە لامان، هەروەها بەشێکی کەمیش نین ئەو پارێزەرانەی کە بە دڵنیاییەوە دەڵێم وەك من راستەوخۆ لە نوسینگەیەکی گەورەدا کە هیچ پەیوەندی بە کاروباری کۆمەڵایەتیەوە نیە دەستبەکار بوون..

نەك تەنها بۆچوونی سیاسیمان، بەڵکو شتێکی دیکە هەیە کە ئێمە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەرچەندە ئەمەش ئاساییە کە وابێت، چونکە ئەو رەنگە سیاسیانەی لەناو ئێمەدا بەدیدەکرێت زۆر نزیکن لە یەکەوە ئەتوانم بڵێم هەرە ئەو پارەتەی کە لەناو نوسینگەکەماندا راستڕەوترینە بریتیە لە پارتی دیموکراتەکانی ٦٦ (D66) بەواتایەکی دیکە نوسینگەکەی ئێمە نوسینگەی چەپەکانە، نوسینگەیەك کە تیایدا" بیری چەپ نمونەی بەرزیەتی" هەروەك لە یەکێك لە رۆژنامەکاندا نوسیبویان. ئەمەش ئەو ناگەیەنێت کەسێك تەنها چەپ بێت و بۆچوونی چەپانە بێت لە نێو نوسینگەی ئێمەدا کار دەکات، نا، مرۆڤ دەنگی خۆی بە چ پارتێکی سیاسی دەدات ئەوە ئازادە و تەنها پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە و پێویست ناکات لەگەڵ کاردا تێکەڵ بکرێت، من خودی خۆم کە سەرەتا لە نوسینگەی (LOEFF

3- کراکەر- ئەم وشەیە لە هۆڵەندا ‹Krakers › بەرامبەر بەو کەسانە بەکاردێت کە خانوی چۆڵی کەسانی دیکە داگیردەکەن و خۆیان تیایدا نیشتەجێ دەبن، دیارە کاتی خۆی ئەم گرفتە لە هۆڵاندا زۆر گەورە بوو بەتایبەت کەسانێکی زۆر لەسەر زەوی دیکە بە شێوەیەکی نایاسایی خانویان دروستدەکرد، هەروەك چۆن لە کوردستان بە خانوی تەجاوز ناو دەبرێت. وەرگێڕ

CLAEYS VERBEKE) لای خاوەنکاری یەکەمم کارمدەکرد، هەتا ئێستاش کە لە نوسینگەی خۆم کاردەکەم ڕەفتاری دەنگدانم نەگۆڕیوە!

بەم جۆرە دەتوانم بڵێم کە مۆرکی سیاسی لە نوسینگەکەی ئێمە تەنها ئاماژەیەك نیە بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی پارتێکی سیاسی لە لایەن ئێمەوە، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەش دیاری دەکات کە چ جۆرە دۆسییەیەکی سیاسی دەکرێت لە لایەن ئـێمەوە وەرگیرێت و کاری لەسەر بکرێت و چ جۆرێکی دیکە نا؟ ئەمە بۆخۆی واتای ئەوەیە کە ئێمە شادمان نابین بەوەی هەموو کەیسێك چارەسەر بکەین و هەموو دۆسیەیەك وەربگرین تەنها لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی سیاسی یان ڕەنگێکی سیاسی هەیە، چونکە کەیسی سیاسی هەیە ئەگەر بە وریایی لێی رامێنیت سەیر دەکەیت ڕەنگێکی ناسیاسی هەیە، بۆیە دەبوو ئێمە لە نوسینگەکەماندا بۆ هەڵبژاردن یاخود وەرگرتن و وەرنەگرتنی دۆسیەکان هەستیار و بە ئاگا بوینایە، بۆیە بەڵێ بۆسنە وەردەگرین، بەڵام عێراق نا، ئۆجەلان وەردەگرین، بەڵام پینۆشێ (PINOCHET) نا. ئەمە وێرای ئەوەی دۆسیەکانی ژینگە پارێزی کە بابەتی سیاسی لەخۆ ناگرێت دیسانەوە بەوپەڕی خۆشحالیەوە وەردەگرین.

کەواتە وەك پارێزەرێکی سیاسی تەنها لەبەر ئەوە دۆسیەك وەرناگریت لەبەر ئەوەی لە روی یاسایی و قەزائیەوە گرنگ و پڕ بایەخە، بەڵکو تۆ هەڵبژاردنێك ئەنجام دەدەیت کە لەوە زیاتر دەڕوات، واتە هەڵبژاردنێکی سیاسی دەخەیتە بەردەمی خۆت، پرسیارێك لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە داخۆ کاتێك هەڵبژاردنێکی لەو جۆە ئەنجام دەدەیت، واتە کاتێك دۆسیەیەکی سیاسی لەو جۆرانەی کە باسمانکردن وەردەگرێت مەرجە خۆت لەگەڵیدا بیت؟ ئایا ئێمە لە هەڵبژاردنی دۆسیەکەی ئۆجەلان و وەرگرتنیدا پشتوانی لە بزوتنەوەی ئۆجەلان و کوردەکان دەکەین لەهەمبەر ئەو چەوساندنەوەیەی تورکیا بەرامبەریان ئەنجامیدەدات؟ بەڵێ، بەڵێ من پشتیوانی دەکەم. کەواتە لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە تۆ لەگەڵ یان دژی

شتێك بیت بتەوێت و نەتەوێت دەکەوێت لایەنی ئامانجە سیاسیەکانی موەکلەکەتەوە، لە راستیدا هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر وا تێبگەین پارێزەری سیاسی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پارێزەرەکە راستەو راست دەبێتە هاوجوت لەگەڵ موەکیلەکەی و لەهەموو رەهەندەکاندا هاوبیری دەبێت.

کاتێ یەکێك لە هاوکارە کۆنەکانم لە نوسینگەی (LOEFF) لێی پرسیم کە ئێستا لە کوێ کاردەکەم وەك ئەوەی سەرکۆنەم بکات گوتی " ئۆۆۆ کەواتە تۆ ئێستا لە نوسینگەی تیرۆریستان کار دەکەیت؟ " بێگومان ئەمە نەفامیە، چونکە کەسێك پارێزەری کەسێکی تیرۆریست بێت – ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەموو کەسێکی تۆمەتبار بێتاوانە هەتا ئەوکاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە- خۆی نابێت بە تیرۆریست، ئەمە بەهەمان جۆرە کاتێك تۆ دەبێتە پارێزەری کەسێك کە بانقێکی بڕیوە مانای ئەوە نیە پارێزەری ئەو کەسە دێت جزدانەکەی تۆ دەدزێت یان گیرفانت دەبڕێت، ئەمە وەڵامی تیس بوو بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی کە قسەی لەو جۆرەیان دەکرد، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوە دەبینین کە ئەو دوو شتە زۆر تێکەڵاو کراون واتە کاری پارێزەرو ئەو تاوانانەی ئاراستەی تۆمەتباردەکرێت بەتایبەت لەو دۆسیانەی کە مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت...

ئەمە نەك تەنها ناخۆشە، بەڵکو مەترسیداریشە، ئەگەر تۆ پارێزەرێك لەسەر بناغەی بەرگری و مامەڵەکردنی لەگەڵ تۆمەتبارێکی دیاریکراو بە پیاوکوژ بناسیت ئەمە تەنها واتای ئەوە نیە کە تۆ هیچ کلۆجێك و فرسەتێك بۆ مافی بەرگریکردن لەخۆ ناهێڵیتەوە کە هەقی هەموو تۆمەتبارێکە، بەڵکو واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پارێزەکەش هەمان نمونەی تۆمەتبارەکەیە، لە کاتێکدا پارێزەر تەنها کارەکەی خۆی دەکات بەمەش کاری پارێزەرەکە دەچێتە نێوچوارچێوەیەکی تاوانباری و خۆی تۆمەتەکە وەردەگرێت. حکومەتی تورکیا تەنها بەوە ناوم نابات کە من

" پارێزەری بکوژی منداڵانم"، بەڵکو لەوەش زیاتر من خۆم تاوانبارو پیاوکوژم و هاوتای موەکیلەکەم شایەنی زیندان و حەپسم، ئەو کەسەی بەرگری لە ئۆجەلان بکات پارێزەر نیە، بەڵکو تیرۆریستە، تیرۆریستە لە ژێر عاباوە...

لە هۆڵەندا خەڵکی بەوجۆرە زیادەڕۆیی ناکەن لە پەیوەند بە دۆسیەکەی ئۆجەلانەوە، بەڵام بەلای هۆڵەندییەکانەوە ئۆجەلان لە گروپی ڕاڕا (RARA[4])ی کۆن زیاتر تێپەڕیوە، لە هۆڵانداش مرۆڤ هێشتا لەوە دەربازی نەبووە کە حوکمی پێشوەختە و تاوان و بوختانی ناهەقانە بدات بەسەر ئەو پارێزەرانەی کە کەیسی سیاسی هەستیار دەگرنە دەست. کاتی خۆشی تیس زۆری لەو بابەتە چەشت کاتێك وەك یەکێك لە پارێزەرەکانی دۆسیەی گروپی ڕاڕا بوو.

خۆشبەختانە وێرای هەموو ئەو چەرمەسەریانەی کە هەندێك کەیسی سیاسی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، هێشتا پارێزەری زۆر هەن لەو بـاوەڕەدان کە پارێزەری تەنها پیشەیەك نیە، بەڵکو پەیامێکیشە، پارێزەرانێك کە بـڕوای تەواویان بەوە هەیە ئـەوان وەك پارێزەرێك پیشەیەکی زۆر گرنگ و هەستیاریان لە نێو کۆمەڵدا لە ئەستۆ گرتووە، کەسێکیش دەرك بەوە بکات کارەکەی لە بەرژەوەندی کۆمەڵدایە هەرگیز کارەکەی بە هیچ و بەتاڵ و بێ بەها نازانێت. تێکۆشان لە پێناو دادپەروەریدا زۆرجاران کارێکی قورس و تاقەت پروکێن و درێژخایەنە، بەڵام وەك پارێزەرێك دەبێت لەکنت رون بێت کە ئەرکی سەرشانتە ئەم

---

4- * گروپی ڕاڕا- RA RA یاخود (Revolutionaire Anti-Racistische Actie) گروپی شۆڕشگێڕانەی دژ بە ڕەگەزپەرستی، گروپێکی سیاسی بوون لە هۆڵەندا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤- ١٩٩٣ چالاك بوون، هەرچەندە ئەم گروپە زۆر بە توندی لەلایەن دەزگای هەواڵگری هۆڵەندا لە ژێر چاودێریدا بوون و کاری تێکدەرانەی زۆریان ئەنجامداوە، بەڵام هەرگیز وەك گروپێکی تیرۆریست ناوزەد نەکراون، چونکە لە چالاکیەکانیاندا هیچ کەسێك نەبۆتە قوربانی.. وەرگێڕ

تێکۆشانە ئەنجام بدەیت، هەموو جارێك بۆ هەموو موەکیلێك و هەموو دۆسیەیەك سەرلەنوێ دەستپێبکەیتەوە با ئەوەش بڵێم من کەسێکی کۆنزەرفەتیفی میسالیم و شانازیش بەوە دەکەم...

# گەلێکی بێ وڵات

## - ١ -

پێش جەژنی کریسمس بۆ جاری دووەم بـەرەو رۆما بەڕێکەوتم، ئەمجارەیان ‹میشیل›م لەگەڵ خۆمدا برد، لە رێگادا بۆ فرۆکەخانە دیارییەکم بۆ ئۆجەلان کڕی، ئەمە نەریتێکی هۆڵەندیانە بوو، لەو باوەڕەدام ئۆجەلان ئەمەی پێخۆش دەبێت، دێتەوە یادم کاتێك چایی دەخوارد شەکری زۆری تێدەکرد، شەکردانێکی شینی دیڵفت (DELFT) م بۆ کڕی، کارمەندەکانی هوتێل بە جۆرێك بەخێرهاتنیان کردم وەك ئەوەی موشتەریەکی زۆر کۆنی خۆیان بم، رەنگە گوتبێتیان ئەوە دیسانەوە خەڵکە بێزارکەرەکان هاتنەوە گیانمان کە هەفتەی رابووردوو نیورۆژی تەواو لێرە مانەوە بە دیارچاوەڕوانی تەلەفونێکەوە!

لە کاتێکدا میشێل بەختی خـۆی لەگەڵ پـارێـزەرە ئیتالیەکاندا تاقیدەکردەوە، من تەکسیەکم گرت و بەرەو ئۆستیا بەڕێکەوتم، ئەمجارەش یەك کاژێری تەواو دواکەوتم، شۆفێری تەکسیەکە نەیدەتوانی ماڵەکە بدۆزێتەوە..

دیسانەوە لەبەردەم و لەناو ماڵەکەدا کۆنترۆڵە وەڕسکارەکەی پۆلیس کرامەوە، پاشان رۆشتمە سەرەوە بۆ لای ئۆجەلان... دیارییەکەم پێشکەش بە ئۆجەلان کردو بۆم رونکردەوە کە ئەمە بەبۆنەی کریسمسەوەیە، راستەوخۆ چایی هات و شەکردانەکەش بەکارهێنرا ئۆجەلان بە کوردانەیەکی رەسەن

و بەرێزەوە گوتی " هەمیشە ئەم دیارییە لەگەڵ خۆم دەبم" پاشان لە وەرگێڕەکەیم بیست کە ئۆجەلان بەڕاستی زۆر شادمان بووە بە دیارییەکەم و هەمیشە کە میوان سەردانی کردبێت لە سەرمێزەکە دایناوە...

وتووێژمان سەبارەت بە هەموو گۆڕانکاریەکانی هەفتەی پێشوو کرد، چیمان کردووە هەمووم بۆ باسکرد، لەگەڵ کێدا پەیوەندیمان بەستووە، هەروەها باسی یەکەم سەرکەوتنی بچوکم لەگەڵ ئەنجومەنی راوێژ لە پاریس بۆ کرد، ئۆجەلان گوتی " زۆر زۆرت بۆ کردوم و هەموو شتی باشن"، بەڵام هەستم بەوە کرد کە غەمبارە.

بە ئاشکرا هەستم بەوە دەکرد لەچاو هەفتەی پێشوودا دەنگی غەمبار دیارە. حکومەتی ئیتالیا هەفتەی رابووردوو بێدەنگ دانەنیشتووەو فشارەکانی بۆ سەر ئۆجەلان بۆ ئەوەی ئیتالیا بەجێ بێڵێت چڕتر کردونەتەوە، هەڕەشەکانی حکومەتی ئیتالیا لەسەر ئۆجەلان ئەوە بوون، ئەگەر بێتو لە رۆما بمێنێتەوە ئەوە بەبێ سێ و دوو دەبێت بچێتە زیندانەوە، پارێزەرە ئیتالیەکانی پێیان راگەیاندبوو کە ساڵانێکی درێژ لە زیندان دەمێنێتەوە بەرلەوەی ئاشکرا بێت کە داخۆ ئیتالیا دەتوانێت خۆی دادگایی بکات یان نا.

لە دانیشتنی ئەمجارەدا بۆ ئۆجەلانم روونکردوە کە چانسی دادگاییکردنی لە ئیتالیا زۆر زۆر کەمە و ئیتالیەکان ئەم هەوڵانە وەك فشارێك بەکاردێنن تەنها بۆ ئەوەی بێزارت کەن و ئیتالیا بەجێبهێڵیت، ئۆجەلان گوێی بۆ قسەکانم شلکردبوو لەهەمانکاتدا لە بیرکردنەوەشدا بوو، زنجیرێك لە دەستی راستیدا بوو کە کۆمەڵێك نقێمی سوری لەسەربوون ئەمەش جۆرە سروتێکی یۆنانی بوو، جۆنیش دانەیەکی وای هەبوو دەیگوت " بێزاری و دڵەراوکە لەناو دەبات".

ئۆجەلان وردە وردە کەوتە پەیڤین و گوتی " نایەنەوێت لێرە بمێنمەوە، لەوە ناچێت لێرە هیچم بۆ گەلەکەم پێبکرێت، ئەگەر ساڵانێکی درێژیش لە زیندانا بم ئەوە بارودۆخەکە خراپتر دەبێت، هەفتەی پێشوو دیسان دوو هاوڵاتی کورد لە پێناوی منداو لەدژی مامەڵەی حکومەتی ئیتالیا گڕیان

له خۆیان بەرداوە" دەبێت چ رووبدات ئەگەر ئەو بخرێتە زیندانەوە؟ ئایا باشترنیە ئێرە بەجێبهێڵێت و بڕوات؟ ئۆجەلان خۆشی دوودڵ و بە گومان بوو، ئەمە بەئاشکرا هەستی پێدەکرا، داوای لە ئێمە دەکرد هەوڵی ئەوە بدەین شوێنێکی نیشتەجێبوونی دیکەی بۆ بدۆزینەوە، وڵاتێك بدۆزینەوە کە قبوڵی بکات و پێشوازی لێبکات باشتر وایە وڵاتێکی ئەوروپی بێت، بەڵام پێدەچێت ئەوە هەروا ئاسان نەبێت... پاشان راگەیەنرا کە دوان لە هاوکارەکانی ئۆجەلان یوسف و یاڤوز لێرە خەریکی ئەوەن و دەبێت منیش لە رێگای نوسینگەی کوردستان لە رۆماوە پەیوەندی بەوانە بکەم. دەبوو وێرای ئەوە لەگەڵ پارێزەرە ئیتالیاکاندا قسە بکەمەوە، چونکە بەتەواوەتی نیگەران بووم لەو رۆڵەی ئەوان دەیگێڕن. بیستومە یەکێك لە پارێزەرەکانی ئەندامی پارلەمانیشە ئەمەش لە لایەك ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە لەگەڵ حکومەتی ئیتالیادا میانەی زۆر باشە، لە لایەکی دیکەشەوە واتای ئەوە بۆ من دەدات کە ئەم پارێزەرە لەم نێوەدا بە تەنها بەرژەوەندی موەکیلەکەی لەبەرچاو ناگرێت.

ئۆجەلان دەیویست سەبارەت بە دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆچوونی ئێمە بزانێت، منیش سەبارەت بە کارەکانمان رونکردنەوەم بۆدا کە جارێ هیچی وا نیە، بەڵام ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین، هەموو ئەو ئەگەرە جیاوازانەی کە ئێمە کاریان لەسەر دەکەین و گرفت و ئاڵۆزیەکانیشم لەو بارەوە باسکرد، ئۆجەلان یەکسەر ئەوەی گوت کە بەبێ هاوکاری ئەمەریکا ئەم کارە سەر ناگرێت و ئەوانیش زۆر روونە کە هێشتا ئامادە نین لەو بارەوە کارمان لەگەڵدا بکەن بۆیە دەبێت لێرەدا دەستپێشخەریەکە لە لایەن یەکیەتی ئەوروپاوە بکرێت کە ئەویش لە بارودۆخی سیاسی ئێستادا ئەگەرێکی لاوازە. ئەمە بێگومان مانای ئەوە بوو کە دەبێت ئەوروپا رۆڵێکی چالاك لە چارەسەری کێشەی کورددا بگێڕێت، کە من لەو باوەڕەدا نیم لە کاتی ئێستادا ئەوروپا بەو کارە هەستێت، بەتایبەت کە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم بارەوە دیارە، بەڵام خۆ ئەبێت بیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە، پڕبەدڵ ئاواتەخوازیشم بۆ

ئەوە، بەڵێنیشمدا لەو بارەوە زۆر مكوڕانە كار بكەین. كە لەقسەو باسەكانمان تەواو بووین ئۆجەلان پێی گوتم " كەسێكی دیكە هەیە دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بكات، هاوڕێیەكی خۆتە لە وڵاتێكی زۆر دوورەوە هاتووە" ئۆجەلان بە سەرسوڕمانەكەم زۆر پێكەنی. " هاوڕێی من؟ ئەبێ ئەم هاوڕێیە كێ بێت؟ سەرەتا وەمزانی جۆنە، بەڵام دڵنیا بووم ئەو لە یۆنانە و ئەم بەیانیە قسەم لەگەڵیدا كرد "پاشان ئۆجەلان گوتی" نەڤین دەتبات بۆلای، لێرەیە لەولاوە چاوەڕێت دەكات"

لە كاتی ماڵئاواییكردندا ئۆجەلان هیوای ئەوەی خواست كە " ئەمجارە بە هەواڵی خۆشەوە بگەڕێمەوە" بەڕێزەوە تەوقەم لەگەڵدا كرد و ئەویش وەك نەریتێكی كوردانە ئەملاو ئەولای ماچ كردم، منیش ئەوەم وەك هێمایەكی باش وەرگرت كە ئۆجەلان ئێستا متمانەی پێم هەیە...

لەدەرەوە لە ناو داڵانەكە پیاوێكی كورتەباڵای قژ ڕەش چاوەڕێی منی دەكرد:

- چۆنی هاوڕێكەم؟

بە زمانی ئینگلیزی و دەم بە پێكەنین سڵاوی لێكردم، سەرەتا نەمتوانی سیمای بناسمەوە، بەڵام دەنگەكەی لام نامۆ نەبوو! پاش تۆزێك رامان یەكسەر هاتەوە یادم:

- ئەلێكس[5] (ALEX) ئەوە تۆیت؟ چی دەكەیت لێرە؟ بەڕاستی سەرم سوڕما...

---

5- پێدەچیت ئەم كەسایەتیە كە نوسەر بە ئەلێكس ناوی دەبات لە راستیدا جواد شەمۆیان بێت، ناوبراو بەپێ ی وەسفەكانی نوسەر دێتەوە، چونكە كوردی روسیا بوو، پاش دەستگیركردنی ئۆجولان چوارساڵ لە روسیا زیندانی كراوە. ئەوەی جێگەی سەرنجەو نوسەری ئەم كتێبە لە یاداشتەكانیدا ناوی نەهێناوە (چونكە دیارە ئەو كەسانەی لەو كاتەدا نەدیووە) هەریەكە لە كانی یەڵماز و ماهیر وڵاتن. یەكەمیان واتە كانی یەڵمازكە لە بنەڕەتا ناوی فەیسەل دونلایجی بوو، رۆژی ١١-٢-٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی بەهۆی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلەكەیەوە لە نزیک ناوچەی پیشەسازی كوژرا.

ئەلێکس کوردێکی خەڵکی روسیا بوو کە ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی دۆسییەکی دیکەی کوردەکانەوە ناسیبووم. هەرگیز بۆم ئاشکرا نەبوو کە ئەم پیاوە چ کارەیە، بەڵام دڵنیا بووم لەوەی پەیوەندییەکی توندی بە دەزگا جاسوسیەکانەوە هەیە نەك تەنها لە روسیا، بەڵکو لەگەڵ (ئەنتەرپۆل)یش. ئەلێکس لە وەڵامدا گوتی: " سەرۆك ناردویەتی بە شوێنمدا رەنگە کاری پێم بێت"

ئەم وەڵامەی ئەلێکس بیرۆکەی ئەوەی لا دروستکردم کە ئۆجەلان ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتەوە بۆ روسیا، چونکە پێشتر ئۆجەلان کە ناچارکرا دیمەشق بەجێبهێڵێت، بەرلەوەی بگاتە رۆما ماوەیەك لە روسیا مایەوە، پاشان ئەلێکس زیاتر گوتی " من لەگەڵ تۆدا سواردەبم بۆ رۆما، منیش لەهەمان ئەو هۆتێلەی تۆ دابەزیوم، لەوێ بۆخۆمان زیاتر قسان دەکەین".

زۆر لەوە درەنگتر بوو کە من پێشبینیم دەکرد کاتێك لەگەڵ ئەلێکس سواری تەکسی بووینەوە بەرەو رۆما، لەگەڵ میشێلدا تەلەفۆنم کرد، ئەو زۆر دەمێك بوو گەڕابۆوە بۆ هۆتێلەکە داوام لێکرد کە پێشوازی لەو رۆژنامەنوسەی رۆژنامەی ئێن ئاڕ سی (NRC) ی بکات کە پاش دە خولەکی دیکە دەبوو ببینم، بەڕاستی من خۆم زۆر بێزاردەبم لە دواکەوتن، بەڵام لەم حاڵەتانەدا بەدەست کەس نیە بۆیە داوام لە میشێل کرد" لە جیاتی من ئەوەی بۆ رونکاتەوە کە دانیشتنەکەم لەگەڵ موەکیلەکەمدا درێژی خایاندووە، بێگومان ئەو خۆشی ئەوە دەزانێت موەکیلەکەم لە پێشترە لەچاو ئەودا، هەروەها هیوادارم پاش سێ چارەکی دیکە بتوانم چاوم پێیکەوێت"، بەخت یارم بوو، شەقامەکان چۆڵ بوون و پاش پەنجا خولەك گەشتمەوە هۆتێلەکە..

پاش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی ئێن ئاڕسی لە ئیتالیا بە ناوی مارك لیەندێکەر، میشێل باسی پارێزەرە ئیتالیەکانی بۆ کردم، زۆری لەم بارەوە چنگ نەکەوتبوو، چونکە ئەوان تا ئێستا لەگەڵ

ئەوە نین پێکەوە وەك تیمێك كار بكەین، گومانەكانم بەرامبەر بە پارێزەرە ئیتالیەكان زیاتری دەكرد بە تایبەت كە ئەوان لەهەموو حاڵەتێكدا هەوڵی ئەوەیان نەدەدا رۆشتنی ئۆجەلان لە ئیتالیا رابگرن..

كاتژمێر نۆو نیوی شەو لەگەڵ ئەلێكس رۆشتین بۆ نانخواردن، لێرەش هەستم بە شتێك كرد ئەویش ئەوە بوو كە بەرنامەیەك هەیە كار لەسەر ئەوە دەكات ئۆجەلان بەرەو روسیا بەرێتەوە، بەڵام نەمدەزانی كە داخۆ حكومەتی روسیا بەمە قایل بووە یان نا، ئەلێكس گەشبین بوو، بەڵام من بەگومان بووم: خێرا وا لە پڕێكدا روسیا هەڵوێستی خۆی گۆڕی؟ ئاخر یەكەم سەفەری ئۆجەلان بۆ روسیا سەركەوتوو نەبوو، روسەكان ئامادە نەبوون بیگرنە خۆ، بەڵام ئێستا ئامادەن! بێجە لەوەش من نیگەرانی مەسەلەی سەلامەتی ئۆجەلان بووم ئایا حكومەتی روسیا ئامادەیە سەلامەتی ئۆجەلان گرەنتی بكات؟ ئایا گرفتی رادەستكردنەوەی بە توركیا چۆن چارەسەر دەكرێت؟ لێرە لە ئەوروپا ئەوە گرفتێك نیە، بەڵام ئایا لە روسیا چۆن دەبێت؟ بەكورتی بڵێم من متمانە بەم مەسەلەیە ناكەم..

تا نیوەشەوێكی درەنگ لە گەڵ ئەلێكسدا قسەم كرد، هەموو باس و خواستەكان و هەموو خاڵ و فاریزەكانم بۆ دانا، ئۆجەلان خۆی چی دەوێت؟ لەچ شوێنێك سەلامەت دەبێت؟ لە چ شوێنێك باشترین كانسی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی لە دۆزینەوەی چارەسەرێكی سیاسیانە بۆ كێشەی نێوان كورد و تورك؟ لە راستیدا سیستەمی یاسایی ئەوروپا باشترین چەتری پارێزگارییە بۆ ئۆجەلان، ئەو لێرە تا ڕادەیەكی گونجاو ژیانی سەلامەت دەبێت، رادەستكردنەوەی ئەگەرێكی مەحاڵە، داداگایی ئیتالیاش هیچ بڕوام پێ نیە بچێتە سەر، بەم جۆرە من گیر بووم لەسەر بۆچوونەكانی خۆم...

## - ٢ -

کاتژمێر شەشی سەرلەبەیانی هێشتا لە ناو جێگادا بووم، ئەلێکس تەلەفۆنی بۆ کردم، نۆتەی دەنگی ئاماژەی بە شتێکی زۆر باش نەدەدا، حکومەتی ئیتالیا هەتا ئەمڕۆ کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی بۆ ئۆجەلان داناوە کە بەخواستی خۆی ئیتالیا بەجێبهێڵێت، فشارەکانی تورکیا بۆ سەر ئیتالیا چڕبوونەوە و زۆریان بۆ هێنابوون:

هەڵوێستی ئیتالیا ئەوە بوو ئەگەر ئۆجەلان خۆی بە خۆشی نەڕوات ئەوە دەردەکرێتە دەرەوە!

بەدڵ داخورپانێکەوە و بەدەم خەوەوە بە ئەڵمانی لەبەر خۆمەوە گوتم " قسەی قۆڕ، کردنەدەرەوەی چی بۆ هەروا گاڵتەیە " پاشان هەر لەسەر تەلەفۆنەکە بە ئەلێکسم راگەیاند "دەرکردن لەوڵات ئەمە گاڵتەجاڕیە و روونادات " پاش کەمێکی دیکە دێمە خوارەوە، پاش چارەکێك دەگەمە لات" بێزار بووم و لەبەرخۆمەوە قسەم دەکرد " دوازدەی نیوەڕۆ ! جا زۆر نیە؟ ئەم ئیتالیانە چەندە کاوبۆیانە رەفتاردەکەن" زۆر تورە ببوم، هەر پرتەوبۆڵەم بوو " فلیمە فلیم – HIGH NOON[6] - لە رۆما! بەراستی گاڵتەجاڕیە" بەرەو خوارەوە بەڕێکەوتم و ریستوڕانتەکە تازە کرابۆوە و ئەلێکس داوای کۆفی (قاوە) ی کردبوو منیش کۆفیم لە جۆری (ESPRESSO DOPPIO) داواکرد، کار وابڕوات زۆرمان لەم کۆفیە پێویست دەبێت بیخۆینەوە! بەرلە وەی کۆفیەکەمان بۆ بێت زێڕین تەلەفۆنی کرد، ئەویش هەواڵەکەی تازە

---

6- * ئەمە فلیمێکی ئەمەریکی بەناوبانگە ساڵی ١٩٥٢ بەرهەم هاتووە و چوار خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهیناوە، ئەم فلیمە باس لەوە دەکات کە پیاوکوژێك لە زیندان هەڵدێت و لەگەڵ دەستەو تاقمەکەیدا بڕیار دەدەن هەلکوتنە سەر کەسێك لە گوندەکە و تۆڵەی لێبسەننەوە، بەلام خەڵکی گوندەکە فشار دەخەنە سەر ئەو کەسەو لەترسی باندە پیاو کوژەکە ئەو لە گوندەکە دەردەکەن. وەرگێڕ

بیستبوو " نەخێر هێشتا نازانم چۆنە و چیە، ئەگەر زانیاریم دەستکەوت ئەوە تەلەفۆن دەکەمەوە، نا هیچ مەترسە تکات لێدەکەم، ئیتالیەکان ناتوانن بەزۆر ئۆجەلان دەرکەن، پرۆسەی مافی پەنابەری هێشتا بەڕێوە دەچیت بۆیە هیچ شتێك روونادات".

پاش نانخواردن – لە راستیدا من تەنها کۆفیم خواردەوەو جگەرەم کێشا، چونکە ئاوا زوو نانم بۆ ناخورێت- میشێلم نارد بۆ وەزارەتی داد " بڕۆ بزانە هیچت دەستگیر نابێت؟ هەر شتێکت زانی خێرا وەرەوە، بە ئاسانی لە کۆڵیان نەبیتەوە و پارێزەرە ئیتالیەکانیش ئاگادار کەوە".. هەروەها لەم نێوەشدا ئەلێکس هەوڵدەدات لە سوچێکەوە ئەوە بزانێت کە ئایا ئۆجەلان ئەمڕۆ چ دەکات، هەوڵی رۆشتن بۆ روسیا دەدات یان نا؟ ئەلێکس رۆشتە دەرەوەی هۆتێلەکە بۆ ئەوەی لە تەلەفۆنێکی گشتی سەرجادە تەلەفۆنێك بکات، چونکە تەلەفۆن کردن لە هۆتێلەکەوە یان لە تەلەفۆنە دەستیەکی خۆیەوە کارێکی باش نیە، هەتا ئەلێکس دێتەوە زۆری دەوێت، بۆیە منیش بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە نوسینگەی کوردستان لە رۆماوە گرت و پێمڕاگەیاندن کە لە پاشاندا لەگەڵ ئەلێکس سەردانیان دەکەین، نامەیەکم لە هۆتێلەکە بۆ میشێل بەجێهێشت و داوام لێکرد کە ئەویش پاش گەڕانەوەی بۆ ئێرە راستەوخۆ بێت بۆ ئەوێ، تکتی گەڕانەوەکەم رەتکردووە، لە راستیدا دەبوو من ئەمشەو بگەڕێمەوە بۆ ئەمستەردام، بەڵام واپێدەچێت ئەمە مەحاڵ بێت... سەرەنجام هەموو شتەکان بە ئارامی بەڕێوە چوون، ئەو ماوەیەی کە حکومەتی ئیتالیا بۆ ئۆجەلانی دیاریکردبوو، تێپەڕی بەبێ ئەوەی هیچی ئەوتۆ رووبدات، ئۆجەلان هێشتا بە شێوەیەکی کاتی لە ئۆستیا ماوەتەوە لەبەر ئەوەی حکومەتی ئیتالی لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان نەبۆتەوە و خوازیارە بە زووترین کات ئۆجەلان دەرپەڕێنێت، بەڵام یاڤوز[7] کە پیاوێکی قژرەشی باڵاکورتی لاوازو دووچاوی

---

7- یاڤوز پێدەچێت ناوێکی خوازراوبێت بۆ عاکیف حەسەن، ناوبراو بەپێ ی وەسفەکانی نوسەری ئەم کتێبە هەمان ئەو کەسەیە و کوردێکی سوریایەو پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان

زیرەکانەی لە ژێر چاویلکەیەکی چوارچێوە زەردەوە هەبوو، بۆ یەکەمجار بوو من بە دیداری شاد بم، داوای لە ئیتالیەکان کردبوو تۆزێك لەسەریان راوەستن و ماوەیان بدەنێ هەتا بەزووترین کات شوێنێکی نیشتەجێ بوونی دیکە بۆ ئۆجەلان پەیدا دەکەن و راستەوخۆ پاش ئەوەی شوێنێك دەدۆزنەوە ئۆجەلان ئیتالیا بەجێدەهێڵێت. یاڤوز هەمان بۆچوونی منی هەبوو لەوەی کە ئۆجەلان دەبێت هەر لە ئیتالیا بمێنێتەوە تەنها لە کاتێکدا ئەگەر وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی ئامادە بێت ئۆجەلان بگرێتە خۆی..

سەبارەت بە ئایندەی ئۆجەلان یاڤوز زۆر بە هێمنێ و دڵنیابوونەوە گوتی " ئەگەر وڵاتێکی دیکە نەدۆزینەوە خۆ بەو ئاسانیە ناڕۆین، بەڵام بۆ ئەوەی ئیتالیەکان جارێ هێمن کەینەوە، ئەبێت وا خۆمان نیشان بدەین کە وادەی رۆشتنەکەی ئۆجەلان زۆر نزیکە، تەنها خاڵی گرنگ لەم ساتەدا کات بردنەوەیە !".

ئێوارەکەی لەگەڵ ئەلێکس گواستمانەوە بۆ هۆتێلێکی دیکە کە لە فڕۆکەخانەش و لە ئۆستیاش نزیکتر بوو، یوسف میشێلی بەرەو فڕۆکەخانە بردەوە کە بەهەزارحاڵ توانی فریاری دوا فڕۆکە بۆ ئەمستەردام بکەوێت، چونکە ئەو دەبوو سبەی بەرەو (سەراییڤۆ) بەڕێبکەوێت..

پاش ئەوەی لەگەڵ ئەلێکس لە هۆتێلە تازەکە نانی ئێوارەمان خوارد، یوسف و یاڤوزیش کە بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکە تازە سەردانی ئۆجەلانیان کردبوو، گەشتنە ئەوێ، وێرای ئەوەی ئەم رۆژەمان لە چاو دەستپێکردنیدا باشتر کۆتایی هات، بەڵام هێشتا دەنگ و رەنگی ئامادە بووان لەبار نەبوو، بێزاری ئۆجەلان لە مامەڵەی حکومەتی ئیتالی لە گەڵیدا زیاتر ببوو، لە هەوڵە بێوچانەکانیدا بۆ ئەوەی کە ئیتالیا پشتوانی بکات لەوەی بتوانێت لە ئەوروپا شوێنێکی نیشتەجێبوونی چنگ کەوێت زیاتر نائومێد ببوو، هەستی بەوە

---

ئەویش هاوتای هاوڕێکانی نەیوێرا خۆی لە قەرەی پەکەکە بدات و بۆ پاراستنی گیانی خۆی پەنای بردە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان.

دەکرد کە درۆی لەگەڵدا کراوە، بەبێ هۆکارێکی ئەوتۆ خیانەتی لێکراوە..

کاتێ ئۆجەلان بۆ یەکەمجار لە روسیا هاتە دەرەوە، نەك تەنها لەسەر داوەتنامەی ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتە بەرەو رۆما هاتووە، بەڵکو خودی سەرۆك وەزیران ئاگاداری ئەم کارە بووە و رەزامەندی لەسەر بووە. راستە رۆژنامەکانی ئیتالیا بڵاویانکردەوە کە گوایا ئۆجەلان لە فڕۆکەخانەی رۆما ناسراوەتەوەو دەستگیر کراوە، بەڵام ئەم هەواڵانە زۆر دووربوون لە راستییەکانەوە..

ئۆجەلان پاشئەوەی دەگاتە رۆما بۆ ماوەیەك لە خەستەخانە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی گشتی دەمێنێتەوە، ئامانجی ئەمەش لەڕاستیدا ئەوەبوو کە ئیتالیا سەرەتا بۆ ماوەیەك هاتنی ئۆجەلان بۆ رۆما بەنهێنێ راگرێت تا ئەوکاتەی ئاشکرا دەبێت کە زیاتر چی بکەن و چی نەکەن، بەڵام تورکەکان پاشئەوەی ئۆجەلان لە دیمەشق نامێنێت و دەڕوات، زۆر تەنگەتاوانە بەشوێن هەواڵیدا دەگەڕێن و سەرەداوەکە دەدۆزنەوە، حکومەتی روسیا کە بێگومان ئاگاداربووە ئۆجەلان مۆسکۆ بەجێدەهێڵێت بەرەو چ لایەك سەفەری کردووە، لە مامەڵەیەکدا لەگەڵ حکومەتی تورکیا بەرامبەر بە ئازادکردنی ئەفسەرێکی پلەداری روسی کە لە تورکیا زیندانی بووە، شوێنی تازەی ئۆجەلانی بۆ تورکیا ئاشکرا کردووە.

بەرامبەر بەم ئاشکرا بوونەش حکومەتی ئیتالیا بە پێویستی نەزانیوە کە چیدیکە هەواڵی هاتنی ئۆجەلان بشارێتەوە بۆیە سیناریۆی دەستگیرکردنی ئۆجەلانی داڕشتووە، گوایە کۆمیسیۆنی دادوەری بڕیاریداوە ئۆجەلان لە زیندانەوە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە ئۆسیتیا و دەستبەسەری کات، بەڵام لە راستیدا ئۆجەلان لە ئیتالیا هەرگیز دەستگیر نەکراوە و هەرگیزیش لە زینداندا نەبووە، بەڵام راستە لەژێر چاودێری و پارێزگاری توندی پۆلیسدایە لە خانوویەك لە ئۆستیا خانوویەك کە ئۆجەلان خۆی بەکرێ گرتوویەتی!

## - ٣ -

ڕۆژی داهاتوو سەرلەبەیانی زوو لەگەڵ یاڤوز لە هۆتێلەوە بەرەو ئۆستیا بۆ لای ئۆجەلان بەڕێکەوتین، پێدەچوو ڕێگای ئۆستیا لە هۆتێلە تازەکەوە " هەرچەندە لە فڕۆکەخانەوە نزیك بوو" زۆر ناخۆشتر بێت لە ڕۆماوە، دوو کاژێری ڕەبەق ئێمە لە قەرەباڵەغیدا گیرمان خوارد، لەڕێگا یاڤوز باسی ئەوەی بۆکردم کە پارێزەرە ئیتالیەکەی ئۆجەلان ساراسەنی دوێنی شەو جارێکی دیکە سەردانی ئۆجەلانی کردووە " بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لێبکات!" یاڤوز ئەمەی بە زەردەخەنەیەکی بێزاریەوە گوت.. بروام نەکرد بۆیە پێمگوت:

- ببورە، مەبەستت چیە؟ لەوەڵامدا گوێبیستی ئەوە بووم کە ساراسەنی لە مڕۆوە پشووی سەری ساڵی وەرگرتووە و هاتووە بۆ ماڵئاواییکردن لە ئۆجەلان، چونکە خۆی گوتەنی هەتا ئەو دێتەوە ئۆجەلان لە ئیتالیا نەماوە و لە کۆتایی قسەکانیشیدا هەر وەك یاڤوز پێیی گوتم هیوای بەختێکی باش و کامەرانی بۆ ئۆجەلان خواستووە لە ئایندەدا...ئەم هەڵوێستە زۆر توڕەی کردم، چونکە بەڕاستی جێگەی باوەڕ نیە..

لام ئاسایی بوو کە حکومەتی ئیتالیا زۆر بۆ ئۆجەلان بێنێت و هەوڵبدات لە ڕۆما دەری پەڕینێت، بەڵام لەو باوەڕەدا بووم کە پارێزەرە ئیتالیەکان لەگەڵ ئێمەدا هەوڵی ئەوە دەدەن ئۆجەلان لە ئیتالیا بمێنێتەوە، یاڤوز بە بێدەنگی هەردوو شانی هەڵتەکاند وەك ئەوەی نەزانێت چی بڵێت...

من لێرەدا ئەوەی بیرم لێکردبووە ڕاست دەرچوو، پارێزەرە ئیتالیەکانیش هاوتاو هاو هەڵوێست بوون لەگەڵ حکومەتدا کە دەیانویست ئۆجەلان لە ئیتالیا نەمێنێت.. بەدەم قسەوە کە گەیشتینە شەقامی (VIA MALE)، ئەو شەقامەی کە ماڵەکەی ئۆجەلانی لێبوو، یاڤوز پێی گوتم " بەڵکو بتوانیت ئۆجەلان قایل کەیت لە ئیتالیا نەڕوات، دوێنێ زۆرم هەوڵ لە گەڵیدا، بەڵام سودی نەبوو، بەڵکو گوێ لە تۆ بگرێت!" لەوەڵامدا پێمگوت " هەوڵدەدەم

بەلام بڕوا ناکەم سودی هەبێت، سەردانەکەی دوێنێی پارێزەرە ئیتالیەکە باندۆرێکی خراپی هەیە لەسەر ئەو کارە" یاڤوز بەدەم قسەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی " دەبێ لە هەوڵەکانماندا بـەردەوام و لێبڕاو بین، من ئەمڕۆ پاش کەمێکی دیکە لە وەزارەتی داد ژوانم هەیە و دەبێت بچم بۆ ئەوێ، حسێن و عەلی دواتر ئێوە دەبەنەوە بۆ رۆما، من پاشان لە رۆما دەتبینمەوە"..

دابەزیمە خوارێ و بەتەنیشت باخچەیەکی بچوکەوە کەوتمە هەنگاو یاڤوز بەدەم ماڵئاواییەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم منیش هەروەها و ماڵئاواییم لێکرد، لە ژورەوە لە لایەن حسێنەوە پێشوازیم لێکرا، دەنگی تاڕادەیەك شلەژانی پێوە دیار بوو، پارچە کاغەزێکی دامێ و گوتی " سەیرێکی ئەمە بکە ئەمڕۆ سەرلەبەیانی بۆمان هاتووە، دەیانەوێت پسولەیەك وەك بەڵگەی وەرگرتن و بەدەستگەشتنی نامەکەمان لێوەرگرن، بزانە چی لێبکەین باشە" نامەکە بڕیارنامەیەکی حکومەتی سویسرا بوو کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەتا پێنج ساڵی دیکە ئۆجەلان بۆی نیە سەردانی ئەو وڵاتە بکات، هەروەك ئەوەی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بووبێت کە ماوەیەکی دیکە ئۆجەلان ئیتالیا بەجێدەهێڵێت، لەبەرخۆمەوە بە پرتەو بۆڵە گوتم " خۆپاراستن لە دەرمان و چارەسەر باشترە" و نامەکەم دایەوە بە حسێن، ئەویش چاوەڕێی وەڵامی من بوو گوتی " ئێوە چ دەڵێن؟"

- وازی لێبێنە، ئۆجەلان ئاگاداری ئەم نامەیە هەیە؟

- بەڵێ راستەوخۆ من خۆم نامەکەم دایێ و بۆم تەرجومە کرد!

حسێن ساڵانێکی درێژ لە ئەڵمانیا ژیابوو، ئەڵمانیەکی زۆر باشی دەزانی و زیاترلەو بارەوە پێم گوت " هیچ گوێ مەدەنە ئەو نامەیە ئەمە راوێژی منە بۆ ئۆجەلان، سویسرا داوای بەڵگەی وەرگرتنی نامەکە دەکات، با خۆیان بێن لێرە بەڵگەکە وەرگرن ئێوە ئەو زەحمەتە مەکێشن!"

حسێن سەری ڕەزامەندی لەقاندو گوتی " زۆر باشە ئەو پەیامە دەگەیەنم، زیاتریش گوتی "ئۆجەلان پێوەی دیار بوو کە زۆر بەو نامەکەی سویسرا نیگەران بووە، لە روخساریدا ئەمە باش بەدیدەکرا"

هەوڵمدا تۆزێك بارودۆخەکە سازبکەم بۆیە گوتم " سەیرکە، دەبێت تۆ پۆزەتیف بۆ ئەو نامەیە بڕوانیت، ئێستا ئێمە بەهەرحاڵ دەزانین کە پێویست ناکات خۆمان بەوە ماندوو کەین لە سویسرا بۆ شوێنێکی ئارام بگەڕێین و ئۆجەلان بەرەو سویسرا ڕەوانە بکەین، وڵاتێك کەمتر ئێمە هەوڵی خۆمانی لەگەڵدا بدەین، ئەوەش خراپ نیە"حسێن بەدەم پێکەنینەوە گوتی ‹فەرموون با بتانگەیەنمە سەرەوە›.

نزیکەی دوو کاژێر لای ئۆجەلان مامەوە، جارێکی دیکە بە هەموو توانایەکی خۆمەوە خاڵە خراپ و نێگەتیفەکانی بەجێهێشتن و ڕۆشتن لە ڕۆمام بۆ باسکرد، لاوازی و بێ توانایی و باوەڕنەبوونم بە سیستەمەکانی یاساو دادگاکانی دەرەوەی ئەوروپا، ئەگەرەکان و ترسی رادەستکردنەوەی بە تورکیا لە دەرەوەی ئەوروپا، مەترسیەکان لە ژیانی کەسایەتی خۆی، پانتایی و فراوانی مەودای هەڵسوڕانی سیاسی ئەو لە ناو ئەوروپا لە چاو دەرەوەی ئەوروپا...هتد هەموو ئەم خاڵانەم بۆ شیکردەوە. ئۆجەلان بە سەبرەوە گوێی بۆ شل کردبووم، روخساری هەر هاوڕێیانە و بەڕێز بوو، بەڵام بەردەوام بە سەرنجێکی قوڵەوە چاوی لەسەر زەویەکەی بەردەمی بوو، بڕوای نەبوو پرۆسە قەزاییەکان شتێك بۆ ئەو سەوزکات، ڕەنگە بیر لەوە بکاتەوە کە ئیتالیەکان لە پاشاندا باشتر هاوکاری سیاسی پێشکەش دەکەن ئەگەر ئەو دەستبەرداری مافی مانەوە بێت لەوێ، یان ڕەنگە نەخوازێت لە شوێنێك بمێنێتەوە کە تیایدا نەخوازراو بێت و خانەخوێ پێشوازی لێنەکات، بە هەرحاڵ نازانم، ڕەنگە کە من پێی دەڵێم پارێزگاری یاسایی و قەزایی لە دۆزەکەی ئەو لە هەموو حاڵەتێکدا لە ئەوروپا باشترە وەك لە دەرەوەی ئەوروپا بۆ ئەو زۆر گرنگ نەبێت " یاساکان هەمیشە دژ بە ئێمە بەکار

دەهێنرێن" ئەمە وتەی خۆیەتی و لەم ساتەدا لە گوێم دەزرنگێتەوە، ئەمە وێرای ئەوەی کە مەسەلە یاسایی و قەزاییەکان تەنها خاڵ نین بۆ ئۆجەلان، رەنگە ئەگەربتوانین سەبارەت بە پێکهێنانی تریبونالێکی نیونەتەوەیی[8] شتێك بکەین و بەرهەمێکمان هەبێت پاڵنەربێت بۆ ئۆجەلان لە ئیتالیا نەڕوات...

حسێن و عەلی هاوڕێی من بوون لە گەڕانەوەدا بەرەو هۆتێلەکەم، ئەلێکس لە باڕی هۆتێلەکە دانیشتبوو، ویستم بۆلای ئەو بچم، بەڵام هەستمکرد سەرقاڵی گفتوگۆکردنە لەگەڵ کەسێکی دیکە کە وادیار بوو تازە گەشتۆتە ئەوێ، چونکە هێشتا جانتاکانی لە نزیکە خۆیەوە بوون، ئەلێکس بە تۆنێکی مکوڕ و جدی قسەی دەکرد، پیاوەکەش بە نیوە چاوێکی داخراو گوێی بۆ شل کردبوو، بەسیمایەکی پڕ پرسیارەوە سەیرێکی "حسێن"م کرد، ئەویش بە دەنگێکی نزم چرپاندی بە گوێمدا " ئەم پیاوە نوێنەری پارتمانە لە روسیا، ئەبێت لە پاشاندا ئەو بەرم بۆ ئۆستیا، ئۆجەلان لە دوێنێوە چاوەڕییەتی" لە مێشکی خۆمدا گوتم " کەواتە هێشتا ئەگەری روسیا لە ئارادایە"..

کە ئەلێکس چاوی بە ئێمە کەوت بە حورمەتێکی زۆرەوە کورسیەکی بۆ راکێشام، بۆ یەکەمجار هەستم بەوە کرد کە لە راستیدا هەمیشە من تەنها ئافرەتم لە نێو گروپەکەدا، جگە لە وەرگێڕەکەی ئۆجەلان هەمیشە تەنها پیاوانم بەدیدەکرد، ئەلێکس، یوسف، یاڤوز، حسێن، عەلی، جۆن، ئەو پیاوە

---

8- بە درێژایی ئەو رۆژانەی ئۆجەلان لە رۆما بوو، کەناڵەکانی میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە لە نێو مەڵبەندو کۆمەڵە کوردیەکاندا، کە جمەی دەهات لە کـوردان، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و رۆژنامەوانیان ساز دەدا، باشم لە بیر ماوە کە دەیانجار هاوڵاتیانی کورد داوای پێکهێنانی تریبونالێکی نێودەوڵەتی یاخود چارەسەرێکی نێودەولەتی هاوتای مەسەلەی بۆسنەی هەرزۆگۆڤین کە لەو رۆژانەدا بە سەرپەرشتی مادلین ئۆلبرایتی وەزیری دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی کلنتۆن لە فەرەنسا لە (رامبۆیێ) بەڕێوە دەچوو، دەکرد، بەڵام هیچ کام لەم داواکاریانە لە ریپۆرتاژەکاندا نەدەخرانە روو، هەروەك ئەوەی میدیاکانیش نەخوازن بابەتێکی لەو جۆرە بوروژێنن.. وەرگێڕ..

پیرەی هەمیشە لە ئۆستیا لای ئۆجەلان بەدیم دەکرد، ئەندامانی نوسینگەی کوردستان لە رۆما کە دوێنێ سەردانم کردن، ئێستاش ئەو پیاوەی روسیا...

ئەمە بۆ بۆمن زۆر شتێکی ناسروشتی نیە و وەك پارێزەرێك لەسەری راهاتووم، لە راستیدا لە نوسینگەکەی خۆماندا نیوەی پارێزەرەکان ئافرەتن، بەڵام هەموو ئەو کەسانەی موەکیلم بووم پیاو بوون، هەروەها زۆربەی ئەو پارێزەرانەی کە روبەڕووم دەبنەوە بە تایبەت لە مەسەلەی (کەیسەکانی تاوان) دا، ئافرەتیان زۆر کەم تێدایەو زۆربەی زۆریان پیاون، سەرۆکی هیچ کام لە نۆزدە دادگا هەرێمەیەکەی هۆڵەندا ئافرەت نین، هەرگیزیش ئافرەتێك لەو پۆستەدا نەبینراوە، ئەمستەردام یەك جار پارێزگارێکی ئافرەتی هەبووە (ELS SWAAB) لە کاتی ئەودا بوو من سوێندی پیشەم خوارد، بەڵام ئەمە دیسانەوە ماوەیەکی درێژ لەمەوبەر بوو. دەنگی ئەلێکس لە خەیاڵە فەمینیستیەکەم بە ئاگای هێنام:

- بە چی گەیشتن لەگەڵ ئۆجەلان؟

شانم هەڵتەکاند وگوتم " زەحمەتە بتوانیت باسی کەیت، بە راستی سەرۆکەکەتان وەك کتێبێکی کراوە نیە بتوانیت بە ئاسانی بیخوێنیتەوە، بەڵام دڵنیام کە ئەو بیر لەوە دەکاتەوە لێرە نەمێنێت و بڕوات، من جارێکی دیکە بۆم رونکردوە کە من ئەوە بە شتێکی خراپ دەزانم، بۆشم باسکرد بۆچی خراپە، بەڵام دواجار ئەو خۆی بڕیار دەدات، بۆیە من بەراستی نازانم ئیتر چی روودەدات".

ئەلێکس لە وەڵامدا گوتی " رەنگە بەم زوانە هەموو شتێکمان بۆ رون بێتەوە" پاشان رویکردە هاوڕێ روسیەکەی و زیاتر گوتی " رەنگە هەر ئەمڕۆ و سبەی هەموو شتێکمان بۆ رون بێتەوە"..

پاش ئەوەی حسێن و عەلی لەگەڵ پیاوەکەی روسیای پەکەکە بەرەو ئۆستیا رۆشتن، هەوڵمدا بزانم کە پلانەکانی روسیا بەچی گەشتوون، ئەلێکس دەڵێت ئەوان ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە بۆ وەرگرتن و داڵدەدانی ئۆجەلان،

ئێستا تەنها ئەوەندە لەسەر ئۆجەلان پێویستە قایل بێت و لێرە بڕوات، بەڵام من هەر دردۆنگ و بەگومانم;

ئایا حکومەتی روسیا خودی خۆی بەڵێنی داوە؟ گەرەنتی هەیە بۆ ئەوە؟ بۆریس یەڵتسن خۆی لەمە ئاگادارە؟ ئەو خودی خۆی رێگای بەمە داوە؟ بێجگە لەمە تەندروستی یەڵتسن ئێستا باش نیە و زۆر نەخۆشە چی روودەدات ئەگەر ئەو لەناکاو مرد؟ من یەك دنیا پرسیارم هەیە، بەڵام ئەلێکس حەزدەکات شتەکان زیاتر نهێنی بن " با بزانین چۆن دەبێت" ئەمە تەنها وەڵام و رستە بوو کە من لەوم بیست. ئیتر منیش بێدەنگیم لێکرد، چونکە دڵنیابووم وەڵامێکی ئاشکرام چنگ ناکەوێت، لەبەرئەوەی لە خودی روداوەکان و پێشهاتەکاندا وەڵامی رون و ئاشکرا نەبوون، ئەمەش ئاماژەیەکی باش بەدەستەوە نادات!.

رۆشتمەوە بۆ ژورەکـەم بۆ ئـەوەی تەلەفۆن بۆ تیس بکەم و دوا گۆڕانکاریەکانی پێڕاگەیەنم، هەروەها بۆ ئەوەی جلەکانم بشۆم، بەتەما نەبووم بۆ ماوەیەکی هێندە درێژ لە رۆما بمێنمەوە، جلی زۆرم لەگەڵ خۆمدا نەهێنابوو، بەڵام کتێبێکم هێنابوو لە جارەکەی پێشووەوە بۆم بوو بەدەرس، بەڵام پێدەچێت ئەمجارە پێویستم پێی نەبێت، پاش ئەوەی هەندێك لە تی-شێرتەکانم شوشتن لەگەڵ فکتۆردا پەیوەندیەکی تەلەفۆنیم گرت:

" گوێگرە فکتۆر، نازانم کاتت دەبێت بە دواداچونێکم بۆ بکەیت؟ بزانە روسیا لەگەڵ تورکیا پەیمانی رادەستکردنەوەی تاوانبارانیان لە نێواندایە؟ ئەگەر هەیە بزانە چی تیادا نوسراوە و بەندەکانی چین؟" بێگومان بە کورتی هەموو شتێکم بۆ فکتۆر رونکردەوە و دوا گۆڕانکاریەکانم بۆ باسکرد، ئەگەر بەڕاست روسیا هەڵبژاردنێك یاخود ئەڵتەرناتیفێك بێت بۆ ئۆجەلان ئەوە لانیکەم دەبێت من ئەوە بزانم کە ئەم هەنگاوە لە رووی یاسایی و قەزاییەوە چۆن چۆنی دەبێت لەوێ... فکتۆر لە وەڵامدا گوتی " پێموابێت هیچ جۆرە رێکەوتنێك لە نێوانیاندا نیە، بەڵام هەر بۆ دڵنیایی دیسانەوە تەماشا دەکەم،

ئێستا تۆ پێتوایە کە ئەو بەڕاستی بە نیازی روسیایە؟ بە بۆچوونی من ئەمە شتێکی باش نیە، باشتر وایە بۆ ئەو لەو شوێنە بمێنێتەوە کە ئێستا لێیەتی، بۆچی دەیەوێت لە ئیتالیا بڕوات؟"

هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو گوتم " منیش نازانم بۆچی، پێم وابێت متمانەی بەمان نەماوە، چونکە ئیتالیەکان فشاری زۆریان خستۆتە سەرو هەڕەشەی ئەوەی لێدەکەن کە بیدەنە دادگا، من زۆر هەوڵم لەگەڵدا، پێمڕاگەیاند کە رۆشتنی ئەو زەرەر نەبێت هیچی لەدوا نیە، بەڵام ئیتر نازانم بۆ ئەو چ شتێك گرنگترە" جارێکی دیکە حەسرەتێکم هەڵکێشا بۆیە فکتۆر گوتی " پێموا بێت ئەرکەکەت قورستر بووە، پێتەوە دیارە".

فکتۆر بەڵێنیدا کە ئەو داوایەی من جێبەجێ بکات و بە وردی بگەڕێت بزانێت جۆرێك لە پەیمانی رادەستکردنەوە لە نێوان روسیاو تورکیادا هەیە یان نا، پاش ئەوەی تەلەفۆنەکەم داخستووە زێڕین تەلەفۆنی بۆ کردم، ئەویش نیگەران بوو لەوەی کە رەنگە ئۆجەلان بڕوات و لە ئیتالیا نەمێنێت، بەڵێنی ئەوەم پێدا کە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەمڕۆ و سبەی لە رۆما دەمێنمەوە و هەرشتێك بوو ئاگاداری دەکەمەوە " هەرشتێك هەبوو راستەوخۆ تەلەفۆنت بۆ دەکەم" بەم جۆرە دڵنەوایی زێڕینم کردەوە. پاش تەلەفۆنەکەی زێڕین راستەو خۆ یەك لە دوای یەك دوو رۆژنامەنوس پەیوەندیان پێوە کردم پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە " داخۆ هیچی تازە هەیە؟" منیش بێگومان پێمڕاگەیاندن کە هیچی تازە لە گۆڕێدا نیە، مەسەلەی روسیا شتێك نەبوو کە بتوانم بۆ رۆژنامەکانی بدرکێنم بۆیە هەمان ئەو قسانەی دوێنێم دووپاتدەکردەوە بۆیان " بەڵێ حکومەتی ئیتالیا فشارێکی زۆری خستۆتە سەر ئۆجەلان و بەردەوامە لەسەر فشارەکانی; نەخێر ئۆجەلان هێشتا نەڕۆشتووە، بەڵێ کەمێك بەر لە ئێستا قسەم لەگەڵیدا کرد، نەخێر پێشهاتەکان نازانم، نازانم چی روودەدات، بەڵێ بێگومان بەدڵنیاییەوە دەتوانیت هەمیشە تەلەفۆنم بۆ بکەیتەوە.... هتد " لە گرمەی قسەکانمدا

لەگەڵ رۆژنامە نوسەکاندا تەلەفۆنەکەم بارگەی نەماو کوژایەوە، باشتر خۆ من زۆر شتی تازەم نیە بیدرکێنم، شاحنە ‹ ژارژ› ی تەلەفۆنەکەم دەرهێناو خستمە سەر کارەبا و چومە خوارەوە بۆ لای ئەلێکس...

لەگەڵ ئەلێکس دانیشتم و پاش کەمێك لەوەی نانمان خوارد، یوسف و یاڤوز گەیشتنە لامان، کاتژمێر چوارو نیو بوو، یاڤوز ماندوو دیار بوو، چەند رۆژێك بوو زۆر کەم خەوتبوو،› یوسف› یش هەر لە سەرەتای هەفتەوە نەخۆش کەوتبوو، بە سیمایەکی هەڵبزرکاو لەسەر کورسیە دانیشتبوو، وێرای ئەوەی بارِی هۆتێلەکە گەرمیش بوو، بەڵام ئەو چاکەتێکی ئەستوری لەبەر کردبوو. پەیتا پەیتاش چای لیمۆی دەخواردەوە بۆ ئەوەی ئازاری قورِگی برِەوێتەوە، یاڤوز باسی ئەوەی کرد کە حکومەتی ئیتالیا سەرقاڵی ئەوەیە شوێنێکی مانەوە بۆ ئۆجەلان بدۆزێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە.

" بۆ ئەوەندە پەلەیانە لە کۆڵیان بێتەوە، خۆیان بۆ هەوڵ نادەن شتێکی بۆ بکەن؟" ئەمە پرسیارێکی من بوو، یاڤوز لە وەڵامدا گوتی " پێدەچێت وا بێت، بەڵام ئێمەش هەروا بەئاسانی بۆ وڵاتێکی دیکە یان بۆئەفریکا ناچین" یاڤوز باسی لەوە کرد کە ئیتالیا لە گەڵ یەکێك لە کۆڵۆنیە کۆنەکانی خۆیدا لەئەفریکا لەهەوڵی ئەوەدایە شوێنێك بۆ ئۆجەلان بدۆزێتەوە، جا ئایا ئەتیوبیا بێت یان ئەریتریا بێت...

" کارێکی زۆر پرِمەترسی و بێگەرەنتیە" کەوام گوت یاڤوز لێی پرسیم "ئەی لای تۆ چی هەبوو؟" منیش دیسانەوە سەردانەکەم بۆ لای ئۆجەلان باسکردەوە و پاشان زیاتر گوتم " برِواش ناکەم توانیبێتم شتێکی ئەوتۆم چنگ کەوتبێت" کە وتەکەم بەم دێرِە تەواو کرد، یاڤوز ویستی وەڵامێك بداتەوە، بەڵام لە پرِ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا کە پێموابوو فکتۆرە تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە:

- ئازیزەکەم چۆنی؟

گوێم لەدەنگی باوکم بوو لەسەر خەتەکە و زیاتر گوتی "حەزم کرد

هەواڵت بزانم و گوێم لەدەنگت بێت، تەلەفۆنمان بۆ ماڵەوەت کرد، بەڵام لەوێ نەبوویت بۆیە زەنگم بۆ تەلەفۆنە دەستیەکەت لێدا"

- لە راستیدا من ئێستا لە رۆمـام هـەروەك دەزانیت کار لەسەر دۆسیەکەی ئۆجەلان دەکەم.

لام سەیر بوو لەم کاتەدا باوکم تەلەفۆنم بۆ دەکات، چونکە دایك و باوکم هەمیشە لە پشوی کۆتایی هەفتەدا تەلەفۆنم بۆ دەکەن، هەروەها لام سەیر بوو باوکم چاوەڕێی ئەوە بێت بەم پاش نیوەڕۆیە کاتژمێر پێنج من لە ماڵەوە بم، دەستێکم خستە سەر تەلەفۆنەکەم و بەچرپە بە یاڤوزم گوت" ببورە ئەوە باوکەم با کەمێك قسەی لەگەڵدا کەم دێمەوە بۆلات"... بە باوکم راگەیاند کە ئێستا سەرقاڵم و لە گفتۆگۆدام لەگەڵ خەڵکانی دیکە و هەوڵدەدەم ئەگەر ئەمشەو زوو لە کار بوومەوە تەلەفۆنی بۆ بکەم یاخود سبەی پەیوەندی پێوە دەگرمەوە...

پاش کاژێرێکی دیکە و لە کاتی قسەکانمدا لەگەڵ یاڤوزدا یەکسەر بۆم دەرکەوت بۆچی باوکم تەلەفۆنی بۆ کردوم... ئەمڕۆ ٢٤ ی دیسەمبەرە و شەوی کێرستە (جەژنی کریسمس- وەرگێڕ)...

شەوی کیرست لە هوتێلێکی نیوە خاڵی نزیك رۆما، میوانەکانی دیکەی هۆتێل کۆمەڵێك خێزانی ئینگلیزی بە ساڵاچوو بوون کە گۆرانی کێرستیان بەبەرزی لە نێو باڕی هۆتێلەکەدا دەچڕی، من بە تەنها لە بەردەم مێزێکی بچوکی هۆتێلەکەدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی یاڤوز و یوسف بووم کە ئێوارەی ئەمڕۆ جارێکی دیکە بەرەو ئۆستیا رۆشتبوون.. ئەلێکس دوو مێز لەولاتر دانیشتبوو لەگەڵ میوانەکەی روسیا هێشتا سەرگەرمی قسەکردن بوون.

پێدەچێت ئەم ئێوارەیە زۆر درێژ بخایەنێت، هەندێك خواردن و ویسکیم داوا کرد- ئیتر بمەوێت و نەمەوێت شەوی کێرستە- هەروەها هەندێك تێبینی و یاداشتم لەسەر گفتوگۆکانم لەگەڵ ئۆجەلان و یاڤوز و ئەلێکس تۆمارکردن، لەم نێوەشدا ڤیکتۆر تەلەفۆنی بۆ کردم و ئەوەی پێڕاگەیاندم کە پەیمانی

ڕادەستکردنەوە لە نێوان تورکیا و ڕوسیادا نیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر ئۆجەلان بڕیاریدا بچێت بۆ ڕوسیا ئەوە ڕوسیا ناچار نابێت ئۆجەلان ڕادەستی تورکیا بکاتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە نەبوونی ڕێکەوتنامەیەکی لەوجۆرە لە نێوان ڕوسیاو تورکیا بەداخەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕوسیا ئەو کارە ناکات و ئۆجەلان ڕادەستی تورکیا ناکاتەوە. ئەگەر سەیرێکی بارودۆخی سیاسی ئێستای ڕوسیا بکەین ئەوە بێگومان ناتوانین لەم بارەوە متمانەی تەواومان هەبێت، لەم بارەوە لەگەڵ یاڤوزدا قسەم کرد ئەویش هەمان دردۆنگی منی هەبوو. بە پشت بەستن بەو ڕاستیەی کە ڕوسیا پێشتر ماوەی بە ئۆجەلان نەدابوو لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە ئەوە دەتوانین لانی کەم هەڵویستی ڕوسیا لەم بارەوە بە ناچەسپاو وەسف کەین، " وڵاتێك کە لە لێواری جەنگی ناوخودایە" هەروەك یاڤوز نیوەڕۆ بە بێزارییەوە ئاماژەی پێدا، ‹ یەڵتسن› نەخۆشە و وڵاتەکەش بەتەواوی لەژێر کاریگەری مافیادایە، تەنانەت ئەگەر دۆما، پەرلەمانی ڕوسیا مانەوەی ئۆجەلان پەسەند بکات – ئەلێکس لەم بارەوە گوتی بڕیارێکی پۆزەتفی دۆما بۆ مانەوەی ئۆجەلان شتێکی چاوەڕوانکراوە –، بەڵام پرسیارەکە دیسان دەمێنێتەوە کە داخۆ حکومەتی ڕوسیا خۆی دەکاتە خاوەن بڕیارێکی لەو جۆرە؟

کاتژمێر یەك و نیوی شەو یاڤوزو یوسف گەڕانەوە. ئەلێکس و ئەو پیاوەی لە ڕوسیاوە هاتبوو ڕۆشتبوونە ناو جێگاو خەوتبوون، منیس ئێسپرسۆیەکی بەهێزم خواردەوە بۆ ئەوەی خەو نەمباتەوە و بێدار بمێنم، خۆشبەختانە باڕی هۆتێلەکە هەتا درەنگانێکی نیوە شەو کراوەیە، یاڤوز زۆر دڵخۆش نەبوو، هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر چارەنوسی نادیاری ئۆجەلاندا نەهاتبوو، هێشتا ناخوازێت بڕیارێکی یەکجاری بدات و لە ڕۆما بمێنێتەوە، بەڵام بڕیارێکی یەکجاری نەداوە بۆ ئەوەی بڕوات، ڕەوشەکە هەروەك دوو ڕۆژی ڕابووردوو نادیارو تەڵخە.

حکومەتی ئیتالی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە پاش جەژنەکانی کریسمس و سەری ساڵ شوێنێکی مانەوەی نوێ بۆ ئۆجەلان دەستنیشاندەکەن، بەڵام هێشتا ئاشکرای ناکەن ئەو شوێنە کوێیە و چ وڵاتێکە!

یوسف کەمتر دەدوێت، نەماندەتوانی هەمیشە راستەوخۆ پێکەوە قسان بکەین، چونکە ئەو بە پێچەوانەی یاڤوزەوە ئینگلیزی نەدەزانی، بەڵکو تەنها تورکی و ئیتالی دەزانی، یوسف هەرچەندە کوردیش بوو، بەڵام کوردی نەدەزانی، ئەویش شێوەی زۆرێك لەوانەی کە بە گەنجی وڵاتی خۆیان بە جێهێشتووەو رویان لە هەندەران کـردووە، هەرگیز نەیتوانیوە زمانی دایکیی خۆی فێر ببێت، ئەمڕۆ لە کاتی قسەکردنی نێوان یوسف و ئەلێکسدا دەبوو یاڤوز قسەکان تەرجەمەبکات، چونکە ئەلێکس کوردی دەزانی، بەڵام تورکی نەدەزانی لەم بارەوە ئەلێکس جارێکیان راشکاوانە پێی گوتم " هەرگیز ئامادە نەبووم زمانی داگیرکەرانی خۆم فێر بم "، بەڕاستی ئەمەش شتێکی سەیرە کە دوو کورد پێکەوە نەتوانن بە زمانی خۆیان بئاخافن و وەرگێڕ لە نێوانیاندا بێت.

لە تورکیاش بەو جۆرەیە زۆرێك لە کوردەکان ناتوانن زمانی دایکیی خۆیان بەکاربێنن، سڕینەوەو تەفروتوناکردنی زمانی کوردی لە تورکیا هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی تۆکمەی تورکیا بووە بەرامبەر بە کورد، یەك وڵات، یەك نەتەوە، یەك زمان، ئەم سیاسەتە هۆکاری ئەوە بووە کە دەیان ساڵی رەبەقە زمانی کوردی قەدەغەبکرێت. منداڵان نەیانتوانیوە لە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی خۆیان بخوێنن و فێربن، زمانی کوردی نابێت بە ئاشکرا وەك هۆکارێکی ئاخاوتن بەکاربهێنرێت، بەم جۆرە کتێب و رۆژنامەش بە زمانی کوردی بەرچاوان ناکەون. پەیڤین بە زمانی کوردی لە تورکیادا شتێکە هەتا ئێستا سزای یاسایی لەسەرە، دەچێتە نێو چوارچێوەی " هەوڵەکانی جوداخوازی" بەمجۆرەش بێگومان دەچێتە چوارچێوەی تیرۆریزمەوە! ماوەیەك لەمەوبەر گۆرانیبێژێك بۆ ماوەیەکی

درێژ سزای حەپسی بەسەردا سەپێنرا لەبەر ئەوەی هەوڵیدابوو لە سیدی تازەکەیدا دوو گۆرانی کوردی تۆمار بکات.

یاڤوز لەم نێوەدا باسی ئـەوەی بۆ کردم کە لەگەڵ ئەمەریکاشدا قسەوباسێك کراوە " کەسێك لە وەزارەتی دەرەوە"، بەڵام ئەو کەسە کێ یە یاڤوز نەیویست ناوی ئاشکرا بکات، چونکە ئەمە دەبوو بە نهێنی بمێنێتەوە. پێدەچێت مامەڵەی ئەمەریکا لەوەش کەمتر ئاشکراو روون بێت وەك من چاوڕێم دەکرد، لە لێدوانە فەرمیەکانی حکومەتی ئەمەریکادا بە تەواوی پشتگیری هەڵوێستی تورکیا دەکرێت و رایانگەیاندووە کە " دەبێت تیرۆریست ئۆجەلان رادەستی تورکیا بکرێتەوەو هەرلەوێ بخرێتە بەردەم دادگـا"، بەڵام بەپێی قسەکانی یاڤوز ئەمەریکیەکان لە پشتی پەردەوە هەڵوێستێکی دیکەی تەواو جیاوازیان هەیە، لە رێگا نافەرمیەکان و کەسانی نیمچە فەرمیان ئەوە دەگوترێت کە ئۆجەلان لە ئیتالیا بمێنێتەوە باشترە بۆ ئەوەی رێگاچارەیەك بۆ کێشەی کورد و تورك بدۆزرێتەوە. یاڤوز لەم بارەوە لەو باوەڕەدا بوو کە سیاسەتی دوو فاقە یاخود یاریکردنی دوو سەرە، سیاسەتێکە زۆر لەوڵاتان پەیڕەوی دەکەن، ئەو هیوا دەخوازێت کە بڕیارێکی یەکجاری ئۆجەلان بۆ مانەوە لە ئیتالیا ببێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە ناچار بن بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ کورددا مامەڵە بکەن و رێگا چارەیەك بۆ کێشەکە وەدۆزن. بێگومان ئەمە راستە، بەڵام دیارە زۆر درێژ دەخایەنێت تا ئەنجامێکی دەبێت و پاشان ئایا ئۆجەلان بۆ ماوەیەکی هێندە درێژ لە ئیتالیا دەمێنێتەوە؟

لەگەڵ یاڤوز رێکەوتم کە سبەی بەیانی بتوانێت بمگەیەنێت بۆ نوسینگەی کوردستان لە رۆما بۆ ئەوەی کۆبونەوەیەك ساز بکەم، ئەویش بە ئەسپایی بە گوێدا دام " بەڵام زۆر زوو نا، پاش کاتژمێر هەشت" هەستم کرد لە سیمای یاڤوزدا سەرسوڕمانێك هەیە بۆیە سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد روانیم کاتژمێر چوارو نیوە! منیش گوتم " کاتژمێر هەشت باشە کەواتە"

هەرچەندە هیواداری ئەوە بووم کە دەنگەکەم ئاماژەی ئەوە بێت کە دەتوانم لەو کاتەدا ئامادە بم، یاڤوز بە پێکەنێکی کەمێك گاڵتەوە شەوباشی لێکردم...

بە هەمان شێوە رۆژی داهاتووش هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا، رۆژەکەم بەو جۆرە بەسەر برد، لەگەڵ نوسینگەی کوردستان لە رۆما کۆبونەوەم ئەنجامدا، لەگەڵ یاڤوز و ئەلێکس دوا گۆڕانکاریەکانمان تاوتوێکردەوە، تەلەفۆنم لەگەڵ زێڕین و جۆندا کرد، میدیاکان بە هەمان شێوە پەیوەندیان کردەوە، لە کۆتایی نیوەرۆدا لەو باوەڕەدا بووم کە ئۆجەلان جارێ لە رۆما دەمێنێتەوە، بۆیە جێگایەکم لە دوا فرۆکە بۆ ئەمستەردام دابینکرد...

یاڤوز داوەتیکردم بەر لەوەی سەفەرکەمەوە بۆ ئەمستەردام نانی نیوەڕۆی لەگەڵدا بخۆم، پێکەوە لە نوسینگەی کوردستانی رۆمـاوە بە پێ رۆشتین بۆ رێستورانتێکی بچوك کە یاڤوز زۆربەی جاران لەوێ نانی دەخوارد. رۆما بە شێوەیەکی کپ و خامۆش دەردەکەوێت، جادەکان بە یەکجاری چۆڵ دێنە بەر چاو، پێدەچێت هەموو کەسێك لە ماڵەوە مابێتەوە بۆ ئەوەی جەژنی کێرست پیرۆز بکەن، لە کاتی نانخواردندا بۆ یەکەمجار پێکەوە هەندێك قسانمان کرد کە پەیوەندی بە کەیسەکەوە نەبوو، یاڤوز هەندێك بیرەوەری تایبەتی خۆی بۆ گێڕامەوە کاتێك کە خوێندکاری زانکۆ بووە، ئەو لە سوریا کۆلێژی ئەدەبیاتی خوێند بوو، ئاماژەی بە شەکسپیرو شاعیرە پەسەندەکەی خۆی کرد کە دەڵێ (قاچەکانم لەسەر زەوی وەستاون، بەڵام هۆشم لە ئاسمانە)، باسمان لە رەوەندی کوردی لە ئەڵمانیاو هۆڵەندا کرد.

پاشان یاڤوز ئاماژەی بە گرفتێك دا کە لەنێوان من و پارێزەرەکەی ئۆجەلان لە ئەڵمانیا بە ناوی ئێبیرهارد شۆلز(EBERHARD SCHULTZ) کە لەراستیدا تا ئێستا بەس بە ناو دەیناسم، بەڵام راستەوخۆ پاش یەکەم

سەردانم تەلەفۆنم بۆ کرد و لە سەردانەکەم بۆ لای ئۆجەلانم ئاگادار کردووە و لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە لە رۆما لە مانگی ژانیوە چاومان بە یەکتر بکەویت، منیش بە تەوسەوە لە یاڤوزم پرسی:

- بەڕاستە؟ چ جۆرە گرفتێك هەیە؟

پێدەچوو رۆژنامەکانی ئەڵمانیا بەبێ مەبەست هەڵەیەکیان ئەنجام دابێت و منیان بە پارێزە ئەڵمانیەکەی ئۆجەلان ناساندبێت، پێدەچێت ئەم هەڵەیەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە من بەراستی هێشتا پاسپۆرتەکەم ئەڵمانیە و دەستبەرداری رەگەزنامەکەی خۆم نەبووم و بۆ رۆژنامەکانیش ئەوە زۆر گرنگ نیە، لەبەر ئەوە پارێزەرە ئەڵمانیەکە لای ئۆجەلان شکایەتی ئەوەی لە من کردبوو، وەك ئەوەی من ئەو خۆم ئەوکارەم ئەنجامدابێت!

هەناسەیەکم داو روم لە یاڤوز کرد " نا.. بەڕاستی شتی لەو جۆرە نەبووە" پاشان وەك بێتاوان و بێئاگا لەو کارە شانم هەڵتەکاندو زیاتر گوتم " ئێوەی پیاوان....نازانم چی بڵێم.. ببورە یاڤوز بەهەڵە لێم تێمەگە، وەك ئەوەی ئێمە هیچ گرفتێکی ئاڵوزو ئەتۆمان نەبێت تا خۆمان بەم کارە لابەلایانە سەرقاڵ کەین؟" یاڤوز بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە " نا نا خۆت سەغلەت مەکە، ئەوە زۆر گرنگ نیە من بۆیە پێم گوتیت تەنها بۆ ئەوەی ئاگادار بیت" پاشان منیش زیاتر گوتم " کە گەڕامەوە تەلەفۆن بۆ شۆلز دەکەم، پێی رادەگەیەنم کە رۆژنامەکان بە هەڵە ئەوە تێگەشتوون و ئەو تەنها پارێزەری ئۆجەلانە لە ئەڵمانیا" یاڤوز سەری رەزامەندی لەقاند، بەڵام هێشتا هەر دەخەنی! دوای نانخواردن یاڤوز گەیاندمی بۆ شوێنی ئەو شەمەنەفەرەی کە بەرەو فڕۆکەخانە دەچوو:

- سەفەرێکی خۆش هاوڕێکەم، ئاگات لە خۆت بێت.

- بۆ تۆش هەروەها، بۆ لێپرسراوەکەشت، هەوڵبدە ساڵی ئایندە هەر لە رۆما بێت، گوێت لێبوو؟

یاڤوز لە وەڵامدا گوتی " هەوڵی تەواو دەدەم و هەرشتێك هەبوو

پەیوەندیت پێوە دەکەم" پاشان ئەملاو ئەولای ماچکردم و چاوەڕی بوو تا شەمەنەفەرەکە کەوتە جوڵەو پاشان چەندین جار دەستی ماڵئاوایی بەرزکردەوە و ئیتر کە دوور کەوتینەوە هەردوو دەستەکانی خستە ناو گیرفانی چاکەتەکەیی و بەرەو دەرەوە هەنگاوەکانی هەڵهێنان... لە ڕێگادا بۆ فڕۆکەخانە حسابم کرد لەوەتا هاتووم بۆ ڕۆما واتە چوار ڕۆژی ڕەبەق تەنها یازدە کاژێر خەوتبووم...

## - ٤ -

ڕۆژی دووشەممەی پاش جەژنی کریسمس سەرلەبەیانی زوو لە نوسینگەی خۆم دانیشتبووم، ئەندرێ تەلەفۆنی بۆ کردم و پرسی "ئێ.. لە ڕۆما چی بوو چی نەبوو؟ لە کەیەوە هاتویتەتەوە؟" "پێرێ گەڕامەوە، زیاتر لەوە مامەوە کە چاوەڕێم دەکرد، تۆزێك بارودۆخەکە مەترسیدار بوو لەوێ، ئیتالیەکان هەڕەشەی دەرکردنی ئۆجەلانیان دەکرد، بەڵام پاش بێنەو بەردەیەکی زۆر سەرەنجام تا ئێستا ئۆجەلان لە ئیتالیایە، جارێ بارودۆخەکە جێگیرە"..

دوێنێش یاڤوز تەلەفۆنی بۆ کردم و ئەوەی پێراگەیاندم کە هیچ شتێکی تازە لە گۆڕێدا نیەو هەتا دوێنێ شەو ئۆجەلان هەر لە ڕۆما بووە، هەروەها کاتی سەردانەکەم بۆ ڕۆما هەرچی هەبوو نەبوو هەمووم بە ئەندرێ گوت، هەروەها جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە بە زووترین کات دەبێت سەبارەت بە دادگایەکی نێودەوڵەتی دەستبەکاربین، هەروەها پێمگوت " نازانم کاتت دەبێت ئەم هەفتەیە دانیشین لەو بارەوە قسان بکەین؟ داوا لە فۆن (PHON) یش دەکەم ئامادە بێت، چونکە ئەو لەوبارەوە دەتوانێت هاوکاریمان بکات" ئەندرێ لە وەڵامدا گوتی " ئەمە بە شتێکی باش دەزانم، تیس لەم بارەوە ئاگادارە؟ " " نەخێر تیس ئێستا پشووی هەیە و کۆتایی هەفتەی داهاتوو دەگەڕێتەوە، بۆیە نامەوێت زۆر دواکەوین" لەگەڵ

ئەندرێ لەسەر ئەوە پێکهاتین کە من لەگەڵ فۆن قسان بکەم و پاشان ئەویش ئاگادار کەمەوە... پاش دوو رۆژ لە ژورەکەی فۆن کۆبونەوەی خۆمان ئەنجامدا، فۆن بە گاڵتەوە ئەم کۆبونەوەیەی ناونا ‹ کردەوەی تاوتوێکردنی بیروبۆچونەکان› پاشان بەدەم قاوە تێکردنەوە دەستی بە قسان کرد:

- ئۆ کەی با سەرەتا هەموو ئەو شتانەی لای ئێوە کەڵەکە بووە گشتیان پێکەوە ریزکەین.

منیش لە وەڵامـدا گوتم " ئاسانە.. – بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەی سەرنجەکانم زیاتر گوتم – تا ئێستا لانیکەم بە شێوەیەکی گشتی دەزانین کە چ شتێکمان بۆ ناکرێت" پاشان بە کورتی دەرئەنجامێکم خستە بەردەم:

" کۆمیسیۆنی باڵای دادوەری لە دەنهاخ تەنها کێشەکانی نێوان دوو دەوڵەت چارەسەر دەکات، پێکهێنانی تریبوناڵێکی نوێ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەحاڵە لەبەر ئەوەی ئەمەریکا لەم بارەوە ئامادە نابێت هاوکاری بکات و هیچ دەوڵەتێکی دیکەش ئامادە نیە دەستپێشخەری بکات و کۆنفرانسێك بۆ ئاشتی کوردستان سازبکات، ئەگەری سازدانی گردبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی بۆ ئەم مەسەلەیە بە بۆچونی ئێمە زەحمەتە، ئەمە دەرئەنجامی بۆچونی ئێمەیە"، پاشان فۆن پرسی: " ئەی چیتان کردووە بۆ ئەوەی لایەنێك وەك ناوبژیوان بتوانێت دانوستان ئەنجامبدات وەك ئەوەی لە کۆسۆڤو بینیمان؟"

" لەم بارەشەوە قسەو باسمان کردووە دەتوانین لە هەوڵەکاندا بەردەوام بین، بەڵام..." پاشان ئەندرێ کەوتە قسان " سەیرکەن; گرفتی ناوبژیوانی سیاسی ئەوەیە ئەو تەنها چارەسەری ئەو گرفتانە دەکات کە هەنوکە لە گۆڕێدان نەك ئەو گرفتانەی کە لە رۆژگارێکی رابووردوودا روویانداوە!" فۆن ویستی رونکردنەوەی زیاتر بزانێت بۆیە پرسی " مەبەستت چیە؟" منیش زیاتر رونکردنەوەم لەوبارەوە دا " تریبوناڵ یاخود هەر شتێکی دیکەی لەو جۆرە ئەگەر پێکبهێنرێت ئەوە دەبێت رۆماڵی دوو رەهەند بکات،

یەکەم بێگومان ئەوەیە کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کورد و تورك بدات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێت جۆرە حسابێك بۆ رابووردوو بکرێت بۆیە هەردوو لایەن چ کورد و چ تورکەکان دەبێت بەرپرسیاری خۆیان نیشان بـدەن بەرامبەر بەو کێشانەو ئەو توندوتیژیانەی لەو ئاکامەدا کەوتونەتەوە " ئەندرێ لێرەدا هەڵی دایەو گوتی (NO PEACE WITHOUT JUSTICE – ئاشتی بەبێ عەدالەت دەستەبەر ناکرێت)، نمونەی زۆرمان هەیە دەتوانین ئاماژەیان پێبکەین بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ کام لەمانە بەبێ ئەوی دیکە نابێت، پێموابێت لە رووی سیاسیشەوە ئێستا ئەمە چەسپیوە، هەموو هەوڵەکانی رابووردوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەوە نیشاندەدەن کە دەبێت هەردوو ئەو رەهەندە لەبەرچاو بگیرێت، تەماشاکەن باشوری ئەفریکا و کۆمیسیۆنی راستیەکان یان یوگوسلاڤیا، بەبێ تریبونالی یۆگوسلاڤیا هەرگیز ناوبژیوانی سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا. ئەو خەڵکەی ساڵانێکی درێژ لە ژێر ستەمی نادادپەروەریدا ناڵاندویانە پێویستیان بەوە هەیە کە ئەو ناعەدالەتیەی رابـووردوو بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەسەر بکرێت"، لێرەدا منیش هەڵمدایێ و گوتم " وێرای ئەوەش رەنگە زەحمەت بێت کەسێك یاخود لایەنێك بدۆزینەوە کە لە لایەن هەردوو لاوە پەسەندکراو بێت! کەواتە ئەو ناوبژیوانە یاخود ئەو لایەنەی وەك دەلاڵێك ئەم کارە دەکات دەبێت کێ بێت؟" فۆن سەری راوەشاندو گوتی " بەڵێ لە گرفتەکە تێدەگەم، بەڵام موەکیلەکەی ئێوە هەڵوێستی چۆن دەبێت ئەگەر هەردوو لایەن واتە بەویشەوە، بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتکران؟ لەوەڵامدا گوتم " ئۆجەلان لە رۆما زۆر بە رون و ئاشکرایی ئەوەی پێڕاگەیاندم کە ئامادەیە خۆی بدات بە دەست هەر دامەزراوەیەکی یاساییەوە بەمەرجێك سیفەتێکی نێونەتەوەیی هەبێت و تورکیاش تیادا وەك لایەنێکی بەرپرسیار ئامادە بێت" ئەندرێش لەم بارەوە زیاتر گوتی " ئۆجەلان تەنها ئەمەی بە ئێمە نەگوتووە، بەڵکو

چەندین جاران لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەکاندا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە" بەدەم قاوە تێکردنەوە فۆن گوتی " کەواتە دەبێت دامەزراوەکە سیفەتێکی نێونەتەوەیی هەبێت!" ئەوجا ئەندرێ زیاتر گوتی " بەڵێ تەنها ئەوەندەش نا کە دامەزراوەکە خەسڵەتێکی نێونەتەوەیی هەبێت، بەڵکو دەبێت یاسا نێونەتەوەییەکانیش تیایدا بەڕێوەببرێن، چونکە بۆ کەیسێکی ئاوا تەنها یاسا نێودەوڵەتیەکان دەست دەدەن ئێمە لێرەدا لەبەردەم ململانێیەکی ناوخۆی چەکدارانەداین" منیش وەك پشتگیری بۆچوونەکەی ئەو گوتم " بە چەسپاندنی یاسا نێودەوڵەتیەکان لەم حاڵەدا ئاشکرا دەبێت کە مەسەلەکە پەیوەندی بە تیرۆریزمەوە نیە، بەڵکو مەسەلەکە بریتیە لە شەڕێکی چەکداری ناوخۆ لە نێوان میلەتێك و دەوڵەتێکدا، ئەم لایەنە بۆ ئۆجەلان زۆر گرنگە، چونکە تورکیا ساڵانێکی درێژ سەرکەوتوو بووە لەوەی کە مۆرکی تیرۆریزم بەسەر ئەودا بچەسپێنێت"...

فۆن لە پاشاندا گوتی " من هەموو ئەمانە تێدەگەم، بەڵام گرفتێك هەیە لێرەدا ئەویش ئەوەیە داخۆ تورکیا بە خواهیشتی خۆی دێتە پێشەوە و هاوکاری دەکات؟ بێگومان هیچ دادگایەکی تایبەت لە گۆڕێدا نابێت کە تورکیا ناچار بکات خۆی بکاتە بەرپرس لە دۆزەکە، ئەگەر خۆشی ئامادە نەبێت بە خۆاهیشت ئەم کارە بکات ئەوە تریبوونالیش ساز ناکرێت" ئەندرێش گوتی " ئەوە راستە، بەڵام ئەگەرئێمە پێشنیارێك بکەین بۆ دروستکردنی مونتەدایەکی نێودەوڵەتی و ئەم پێشنیارە لە لایەن یەکیەتی ئەوروپاوە پەسەند بکرێت ئەوە تورکیا رەنگە ناچار بێت هاوکاری لەم بارەوە بکات" ئەوجا منیش گوتم " جگە لەوەش ئەگەر یەکیەتی ئەوروپا پشتیوانی ئەم پێشنیارە بکات ئەوە ئەگەری ئەوە دێتە پێشەوە کە یەکیەتی ئەوروپا فشاری سیاسی بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی هاوکاری بکات" فۆن لە وەڵامدا گوتی " بەڵێ، بەڵام من دیسان دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی ناوبژیوان یاخود دەلاڵەکە، ئەگەر باس لە رابووردووش نەکەین، ئەگەر کەسێکیش

بدۆزینەوە کە لە رووی نێونەتەوەییەوە پەسەند کراوبێت بۆ نمونە کەسێکی وەك هۆڵ بروك (HOLBROOKE) ئایا لەم کاتەدا دەکرێت تورکیا بخرێتە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی هاوکار بێت؟" لەوەڵامدا گوتم " ئەمە راستە، بەڵام گرفتێکی دیکە لەم سیناریۆیەدا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کارە بکەین دەبێت لە لایەن یەکیەتی ئەوروپاوە یاخود نەتەوەیەکگرتووەکانەوە یان هەر رێکخراوێکی دیکەی لەوجۆرە راسپێردرابێتیت واتە بە شێوەیەکی دیکە یەکیەتی ئەوروپا دەبێت فەرمان بە ناوبژیوانێك یاخود کەسێك بدات کە وەك دەڵاڵ بکەوێتە نێوانەوە، ئەمەش بۆ خۆی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە یەکیەتی ئەوروپا دەبێت دەستپێشخەری بکات لەم بارەوە، بەڵام هەروەك ئاشکرایە یەکیەتی ئەوروپا نایەوێت لە مەسەلەی کورددا دەستپێشخەری بنوێنێت" ئەندرێش گوتی:

" بەڵێ راست وایە، من خۆم پەیوەندیم بە کۆمیسیۆنی ئەوروپاوە گرتووە، لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆریاندا قسەم کردووە و ئەوان راشکاوانە دەڵێن هەموو شتەکان چەقیان بەستووە، ئەوان چاوەڕێی دەستپێشخەری یەکێك لە لایەنەکانن، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە سیاسیەکانی یەکیەتی ئەوروپا رەنگە ئامادە بن بە پاڵپشتی خەڵکانی دیکە بکەونە جوڵە، تەنانەت فشاریش بخەنە سەر تورکیا بەو مەرجەی کە خۆیان رۆڵی سەرەکیان لە بڕیارەکەدا نەبێت" ئەندرێ بەردەوام بوو لە قسەو بەدەم هەناسەیەکی قوڵەوە گوتی " ئاسانتر دەبوو ئەگەر هەردوو لایەنەکە خوازیاری ئەوە بوونایە خۆیان لەسەر مێزی دانوستان دانیشتنایە، بەڵام بێگومان ئەمە هەرگیز رونـــادات، بۆیە دەبێت بە بێ سێ و دوو لایەنێکی دیکەی ناوبژیوان لە نێوانیاندا هەبێت" من لە راستیدا بێ هیوا بوونی ئەندرێ باش تێدەگەشتم، چونکە ئەم مەسەلەیە کەمێك وەك مەسەلەی جیابوونەوەی ژن و مێرد وایە تێڕامانی زۆر و وشە گەلێکی سیحری دەخوازن.. فۆن لە سیمایدا دیار بوو کە لە بیرکردنەوەیەکی قوڵدایە، بۆیە بە سەرنجەوە گوتی: " ئەرێ

یەك دەقە راوەستن! رەنگە بتوانین ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی باس بکەین؟!"
من و ئەندرێ پێکەوە پرسیمان " مەبەستت چیە؟"

فۆن لە وەڵامـدا گوتی " با هەندێك قوڵتر بیر کەینەوە، جۆرێك لە میانگیری یاخود ناوبژیکردنی نێودەوڵەتی یاخود هەرچیەکی ناو دەنێیت هەیە، ئەم میانگیریە (ئاربیترەیج) لەگەڵ دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی لاهای بوونی هەیە و تایبەتە بە میانگیری یاخود ناوبژیوانی دوو لایەنی شەڕکەر و ناوەکەشی بریتیە لە (ناوبژیوانی یاخود میانگیری نێودەوڵەتی) " ئەندرێ لە خۆشیدا بە دەنگی بەرز گوتی " تۆ بێگومان راست دەبێژیت دادگای هەمیشەیی بۆ ناوبژیکردن (THE PERMANENT COURT OF ARBITRATION) ئەمە پێشنیارێکی زۆر باشە" فۆن زیاتر گوتی " پێموابێت ئەمە رەنگە شتێك بە شتێك بکات، بەڵام ئیتر ئەبێ ئێوە زیاتر بە دواداچوون لەم بارەوە بکەن"

رۆژانی داهاتوو من و ئەندرێ زۆر بە وردی لەم بارەوە بە دواداچوونمان کرد بۆشمان دەرکەوت کە بەڵێ پێدەچێت دادگای هەمیشەیی ناوبژیکردن لە رووی قەزایی و یاساییەوە بۆ ئەم کارە شیاو بێت، چارەسەرێکی گونجاو بێت، لە راستیدا ئەم دامــەزراوە چ وەك ناوبژیکردن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا و چ وەك هەنگاوی یاسایی و قەزایی دەتوانێت رۆڵی گرنگی هەبێت تەنانەت لەمەڕ ئەو روداوانەشی کە پەیوەندی بە رابووردووە هەیە، دادگای ناوبژیکردن لە کۆشکی ئاشتی شاری دەنهاخ دامەزراوە، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین چارەسەرەکە لەبەردەم دەرگاکەماندایە.

یەکێك لە بەرهەمەکانی کۆنفرانسی ئاشتی دەنهاخ لە ساڵی ١٨٩٩ دامەزراندنی دادگـای هەمیشەیی ناوبژیوانی بوو کە کۆنترین دادگاو دامەزراوەی یاسایی نێودەوڵەتی مەزنە، ئامانجی سەرەتایی لە دروستکردنی ئەم دادگایە ئەوە بوو کە جۆرێك یاخود دەستەو دامەزراوێك بخوڵقێنرێت بتوانێت ئەو ململانێ ئاڵۆزە نێودەوڵەتیانە چارەسەر بکات کە لە رێگای

دیبلۆماسیەوە دەگاتە بنبەست و چارەسەر ناکرێن، بەڵام ئەمە یەکەم سودی مەزنی ئەو ڕێکخراوە بوو، چونکە دەستەی ناوبژیوان لەم دادگایە دەتوانێت ناوبژیوانی لە نێوان دوو لایەندا بکات کە یەکێکیان دەوڵەت بێت ئەوی دیکە دەوڵەت نەبێت، بەمەرجێك دەوڵەتەکە ئەندامی ئەو دادگایە بێت و بە فەرمی ناسیبێتی، بێگومان ئەوەش بۆ ئێمە ئاسانە بزانین کام دەوڵەت ئەو پەیمانەی مۆرکردووە و ئەم دادگایە بە فەرمی دەناسێت؟ بێگومان بەشێوەیەکی گشتی هەفتاوچوار وڵات لە ناویاندا تورکیا ئەم پەیمانەی مۆرکردووە و دادگاکەی بە فەرمی ناسیوە، بەمجۆرە ئەم دادگایە بە شێوەیەکی فەرمی مافی هەیەو دەتوانێت ببێتە ناوبژیوان بۆ چارەسەری کێشەی نێوان کورد و تورکیا...

هەروەها مەرجی دووەمی ئێمەشی تیادا بەدیدەکرێت کە ئەویش مونتەدایەکی نێودەوڵەتی بێت و لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە ناسراوبێت ئەمەش بۆ ئێمە تەواو گونجاوە، دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانی لە رابوردوودا زنجیرەیەك لە شەڕو ئاژاوەی چارەسەر کردووە، لەوانەش کێشەی نێوان ئەلبانیا و بەریتانیا لەمەڕ شەڕی کەنارەکانی کۆرفۆ (CORFOE[9])، هەروەها کێشەی پترۆلی نێوان ئێران و ئینگلیز، هەروەها کێشەی نێوان ئەمەریکاو فەرەنسا لەمەڕ مافی رەوەندی فەرەنسا لە مەغریب، هەروەها کێشەی راوەماسی نێوان نەرویج و بەریتانیا...

---

9-کۆرفۆ دورگەیەکی نێو دەریایە سەر بە وڵاتی یۆنانە، بەڵام نزیکە لە کەنارەکانی ئەلبانیاشەوە، لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە نێوان ئەلبانیا و بەریتانیادا لەم کەنارانەدا کێشە پەیدا بوو، لەم نێوەدا ٤٤ سەرنشینی پاپۆڕێکی بەریتانی کوژران و ٢٢ ی دیکەش بریندار بوون، بەریتانیا داوای قەرەبووی زیانەکانی دەکرد، بەڵام ئەلبانیا لەسەردەمی سەرۆکایەتی (ئەنوەر خواجە) بەمە قایل نەبوو بۆیە بەریتانیا دەستی بەسەر ١٥٧٤ کیلۆ زێڕی ئەلبانیادا گرت کە لە یەکێك بە بانکەکانی بەریتانیا بە ناوی (بانك ئۆف ئینگلاند) دانرابوو، ساڵی ١٩٤٩ وەك یەکەم دۆسیە ئەم کێشەیە درا بە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و سەرەنجام ساڵی ١٩٩٢ چارەسەرکرا. – وەرگێڕ-

تەنها کەماسیەکی دادگای ناوبژیوان ئەوەیە کە ئەو دەزگایەکە کاری خۆی تەنها لەو دۆسیانەدا ئەنجامدەدات کە هەردوو لایەنی دژ بەیەك خۆیان بە خواستی خۆیان ئەو داوایە پێشکەش بەو بکەن و ئەو بکەنە میانگیر لە نێوان خۆیاندا، بە واتایەکی دیکە لەم بارەدا دەبێت تورکیا بە میانگیری ئەم دادگایە رەزامەندی خۆی نیشان بدات، ئەم دادگایە بە واتا حەرفیەکەی دادگا نیە، دادوەری هەمیشەیی لەم دادگایە نیە وێرای ئەوەش بە شێوەیەکی هەمیشەیی کار ناکات و چالاك نیە، بەڵکو هەموو جارێك لەگەڵ کێشەیەکی تایبەتدا کۆمیسیۆنێکی ناوبژیوان لەلایەن شارەزایانەوە و بە رەزامەندی هەردوو دەوڵەتی خاوەن کێشە پێکدەهێنرێت، هەر لایەنێك یاخود دەوڵەتێك دەتوانێت لانی زۆر چوار ناوبژیوان دەستنیشان بکات پاش پێکهێنانی کۆمیسیۆنەکە لە نێو لیستەکەدا هەر وڵاتێك دەتوانێت دوو ناوبژیوان لەو چوارەی کە ئەویدی دیاری کردووە، دەستنیشان بکات پاشان ئەو چوار ناوبژیوانەش لە نێوان خۆیاندا لەسەر پێنجەم رێکدەکەون...

بەڵام باشە ئێمە لە سەرەتاوە ئەوە دەزانین کە هیچ کۆمیسیۆن و مونتەدایەك یاخود تریبونالێکی نێودەوڵەتی نیە کە بەدەر لە خواستی تورکیاو بە بێ رەزامەندی ئەو بتوانێت دۆسیەی کوردەکان بخاتە سەر مێز. تەنها ئەگەرو ئاڵتەرناتیف ئەوەیە کە بتوانین هەوڵی دروستکردنی تریبونالێکی تازە لە رێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە بکەین تەنها ئەو ئەنجومەنەی کە دەتوانێت دەوڵەتانی ئەندامی خۆی ناچار بکات گوێڕایەڵی دادگایەکی لەو جۆرە بن ئەگەر هاتوو پێکهێنرا!، بەڵام ئەو بۆچوونەی کە ئێمە خۆمان پشتمان پێدەبەست هەر وەك خۆی دەمایەوە ئەویش ئەوە بوو کە ئەگەرێکی زۆرمان لەبەرچاودا بوو بۆ ئەوەی تورکیا لە ژێر فشارێکی سیاسی نێودەوڵەتیدا دادگای ناوبژیوان قبوڵ بکات و ئەمەریکاش دەنگ بۆ دروستبوونی تریبونالێکی لەوجۆرە بدات و لە گەڵیدا بێت هەروەها کاریش زیاتر لەسەر ئەوە بکەین کە فشارەکان زیاتر لەسەر تورکیا بن بەو پێیەی کە

لایەنێکە لە کێشەکەدا نەك فشار بخەینە سەر نەتەوەیەکگرتووەکان یاخود ئەمەریکا.

ماوەی نزیکەی یەك هەفتە پاش ئەم کۆبونەوەیە لەگەڵ فۆن، من و ئەندرێ تەواوی لایەنەکانی پەیوەند بەم دۆسیەیەمان تاوتوێکرد و گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە بەڵێ دادگای ناوبژیوان بۆ ئەم کارە بەنرخەو دەست دەدات، ئیتر ئێستا دەبێت پێشنیارو دیدی خۆمان گەڵاڵە بکەین و بیخەینە سەر کاغەز. بەرلەوەی ئەندرێ یەکەم رەشنووسی ئەم پرۆژەیە بنوسێتەوە داوای ناوێکی لێکردم بۆ ناولێنانی ئەم پرۆژەیە، ناوەکەم ئامادە کردبوو، کوردەکان بە وڵاتەکەی خۆیان دەڵێن باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا یاخود (ئەو وڵاتەی کە خۆری لێوە هەڵدێت) بۆیە دەستبەکاربون و ئامادە سازیەکانمان بۆ دادگای ناوبژیوانیکردن کردە پرۆژەیەك بە ناوی (پرۆژەی خۆرهەڵات).

## - ٥ -

ئەو ماوەیەی کە من و ئەندرێ سەرقاڵی تاوتوێکردن و خۆئامادە کردن بووین بۆ " پرۆژەی خۆرهەڵات" رەوشی ئۆجەلان لە ئۆستیا باشتر نەببوو، لە نێوان رۆژانی جەژنی کریسمس و دوا رۆژی ساڵی کۆن بارودۆخەکە هێمن بوو. خۆشبەختانە سیاسیەکانی ئیتالیاش بە بۆنەی جەژنەوە مۆڵەتیان خواستبوو. یاڤوز لێرەدا راستی کرد و لەسەر هەق بوو، ئۆجەلان هەتا سەرەتای ساڵێ نوێ یەکەمی ژانیوە هەر لە رۆما مابوو، بەڵام لەیەکەم هەفتەی ساڵێ نوێ وە هەموویان گەڕابوونەوە، دیاریش بوو کە ئیتالیەکان لە ساڵی نوێدا فشارەکانیان بۆ سەر ئۆجەلان چڕتر دەکەنەوە، ئیتر لێرە بەدواوە من تاڕادەیەك بە شێوەیەکی رۆژانەو بەردەوام لە لایەن یاڤوزەوە تەلەفۆنم بۆ دەکرا بۆ ئەوەی گەرماوگەرم لە هەموو گۆڕانکاریەکان ئاگادارم کاتەوە، هەروەها زێڕین و جۆنیش ناوبەناو هەر پەیوەندییان دەکرد. تەلەفۆنە دەستیەکەم بەرلەوەی ئەم دۆسییەیە بگرمە دەست زۆر کەم بەکارم دەهێنا،

ئێستا بەردەوام لەگەڵ خۆمدا دەیبەم بە تایبەت ئەگەر لە نوسینگەکە نەبم، تەنانەت شەوان کاتێك دەچمە ناو جێگاوە لەگەڵ خۆمدا دەیبەم ئەمەش خراپ نەبوو، چونکە شەوی ٤ ی ژانیوە کاتژمێر دوو لە لایەن یاڤوزەوە پەیوەندیم پێوە کرا، یاڤوز داوای ئەوەی لێکردم کە بە زووترین کات بتوانم سەردانی رۆما بکەم ئەگەر بکرێت هەر ئەمڕۆ سبەی، پێدەچێت بڕیاری بەجێهێشتنی ئیتالیا نزیك بووبێتەوە...

یاڤوزم تا ئێستا بەشی ئەوە ناسیوە کە بزانم کابرایەکی هێمن و لەسەرخۆیەو بیرکردنەوەی قوڵە، دڵنیا بووم لەوەی کە ئەو کەسێك نیە بەهۆی ترس و دڵەڕاوکەوە لە خۆیەوە تەلەفۆن بکات و هەستێکی وای هەبێت بۆیە پەیامەکەی ئەوم زۆر بە هەند وەرگرت و هەمان رۆژ لە نیوەڕۆدا تکتی رۆمام کڕی، حسێن و عەلی لە فڕۆکەخانە چاوەڕێیان دەکردم و لە هۆتێلێکی نزیك نوسینگەی کوردستان لە رۆما ژووریـان بۆ دابین کردبووم، لە رێگادا حسێن باسی ئەوەی کرد کە ئەم رۆژانەی پێشوو زۆر قورس و گران بوون، ئیتالیەکان هەڕەشەکانیان چڕتر کردۆتەوەو بارودۆخەکە تا بێت خراپتر دەبێت، سبەی بەیانیش دەبوو راستەو راست بۆلای ئۆجەلان بڕۆم..

هەروەها ئێبەرهارد شۆلز پارێزەرەکەی ئۆجەلان لە ئەڵمانیا لە نیوەڕۆی ئەمڕۆوە لە رۆمایە، ئێستا ئەو لای ئۆجەلانە و پاشان کە گەڕایەوە دێت بۆ ئەم هۆتێلە بۆ لای من. پێمخۆش بوو کە ئەویش هاتووە بەتایبەت لەبەر ئەو شتەی کە یاڤوز لە جەژن و رۆژی کێرسدا پێی راگەیاندم. هەروەك بەڵێنم بە یاڤوزدابوو ئەو کات کە لە رۆما گەڕامەوە بۆ هۆڵاندا پەیوەندیم بە شۆلزەوە کرد و ئەوەم بۆ روونکردەوە کە ئەو نوسینانەی رۆژنامە ئەڵمانیەکان بڵاویانکردۆتەوە بە بێ ئاگاداری من بووە، ئەو رونکردنەوەکانی منی پێخوش بوو، بەڵام من هەستێکی وام لا دروست نەبوو کە بتوانین پێکەوە بە باشی مامەڵە بکەین. شۆلز پارێزەرێك بوو لە شاری برێمەن(BREMEN) لە بواری

سزادا شارەزایی هەبوو، هەروەها زۆر دەمێك بوو لە کەیسی کوردەکاندا کاریدەکرد، بۆیە زۆرجار بەناوی (شۆلزی کورد) ەوە ناوی دەبرا، بۆیە رەنگە وا هەست بکات کە ئەو شارەزایی لەسەر دۆزی کوردان زۆر لەمن زیاترە، هەروەها منیش لەوە بەگومان بووم کە ئەو ئامادە بێت ئەوە پەسەند بکات کە دۆسیەی ئۆجەلان دۆسییەکی سادەی بواری سزادان نیە، بەڵکو زۆر لەوە ئاڵۆزترە و نوسینگەکەی منیش لە بواری ماف و یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە زۆر لەوە شارەزاترە کەئەو دەیزانێت، بەڵام بەهەرحاڵ بابزانین چۆن دەبێت من خۆم ئامادە کردووە بۆ ئەوەی زیاتر کراوەتربم لەگەڵیدا تا دۆخەکە زیاتر هاوڕێیانە بێت. رەوشەکە خۆی لە خۆیدا هێندە ئاڵۆزە پێویستم بە کەسێکی دیکە نیە ئاڵۆزتری کات و بە شتی لابەلاوە سەرقاڵم کات..

هێندە نەبوو کە جانتاکەم بردە ژورەوە و لە خـوارەوە لە هۆڵی هۆتێلەکە لەگەڵ یاقوز سەرقاڵی تەلەفۆنکردن بووم کاتێك شۆلز کە لە ئۆستیاوە گەڕابۆوە خۆی کرد بە هۆتێلەکەدا، پیاوێکی تەمەن ٥٠ ساڵان دەبوو تاڕادەیەك سەری روتابۆوە، چاویلکەیەکی ئەستور و پانتۆڵێکی کاوبۆی لەگەڵ بلوسێکی قاوەیی تۆخی لەبەردا بوو، کامێرایەکی گەورەی بەدەستەوە بوو، وەك ئەوەی سەیرانکەران لە ملی دەکەن، ئەمەوێت لێرەدا ئەوە بڵێم کە من زۆر حەز بەو پارێزەرانە ناکەم ئاوا جل و بەرگ دەپۆشن. پاش سڵاوکردن – کە سڵاوێکی زۆر ساردو سەرپێیی بوو- پێشنیازی ئەوەم کرد کە بجینە شوێنێژك دانیشین و شتێك بخۆین بۆ ئەوەی بەدەم خواردنەوە باشتر یەکتر بناسین و لەسەر کەیسەکەش قسەوباسی خۆمان بکەین..

بەبێ ماندوو بوون هەر لە سوچی هۆتێلەکەدا رێستورانتێکمان دۆزیەوە، لە قسەو باسەکانماندا ئاشکرا بوو کە هەردوولامان لە هەموو حاڵەتەکاندا لەگەڵ ئەوەدا بووین کە ئۆجەلان لە رۆما بمێنێتەوە، شۆلز ئەمرۆ جارێکی دیکە هەوڵی ئەوەی دابوو کە ئۆجەلان قایل بکات لە ئیتالیا نەجوڵێت، هەروەها سەبارەت بە پارێزەرە ئیتالیەکانیش شۆلز هەمان بۆچوونی منی

هەبوو کە ئەمانەش خۆی لە خۆیدا وەك سەرەتایەك دەستپێکێکی باش بوون لە نێوان من و ئەودا...

شۆلز هەروەها سەبارەت بە سروشت و چۆنیەتی دۆسیەکە لە ئەڵمانیا قسەو باسی کرد، چۆنیەتی مامەڵەی حکومەتی ئەڵمانیا لەگەڵ ئەم کێشەیەدا سەرنج راکێشە؛ لە لایەکەوە حکومەتی ئەڵمانیا دەستبەرداری خواستی رادەستکردنەوەی ئۆجەلان بە تورکیا بووە - وێرای ئەوەی ئەم داوایە بە پێی یاداشتێکی دەستگیرکردنی ئۆجەلان ئامادە کرابوو- کەچی لە لایەکی دیکەوە حکومەتی ئەڵمانیا نایەوێت دەستبەرداری یاداشتی دەستگیرکردنی ئۆجەلان بێت، بێگومان ئەمەش مامەڵەیەکی سەیرو بێزارکەرە، بەڵام دیارە بەم هەڵوێستە ئەڵمانیا دەیەوێت گرەنتی ئەوە بکات ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی نەخوازراو یاخود ناگەهان ئۆجەلان خۆی بکات بە ئەڵمانیادا ئەوە هێشتا ئەڵمانیا ئەو مافەی بۆ خۆی هێشتبێتەوە کە دەستگیری بکات، بەم رێگایەش دیارە ئەڵمانیا دەیەوێت وەك کارتێکی هەڕەشە ئەم هەنگاوەی بۆ خۆی دانابێت. دیارە ئەڵمانیاش وەك ئێمە باش دەزانێت کە گرفتەکانی ئیتالیا چین و چۆن هەوڵی ئەوە لە ئارادایە کە شوێنێکی مانەوەی نوێ بۆ ئۆجەلان دابین بکرێت، ئەمە وێرای ئەوەی کە بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ئەڵمانیا وا دەکات ئەو حکومەتە هەروا ئاسان بیر لەوە نەکاتەوە کە ئۆجەلان لەو وڵاتەدا ماوەی نیشتەجێ بوونی پێبدرێت..

شۆلز لەو باوەڕەدا بوو کە بە هەرحاڵێك بووە دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین یاداشتی دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان پەیدابکەین و بیخەینە سەر مێز بۆ ئەوەی بزانین ناوەرۆکەکەی چیە، من لەگەڵ ئەوەدا بووم، بەڵام لە هەمانکاتدا لۆژیکانە دەبوو ئەگەر ئەڵمانیا ئەم یاداشتی دەستگیرکردنەی ئۆجەلانی بکشانایەتەوە، چونکە من لەو باوەڕەدا بووم کە ئێمە دەتوانین ئەو یاداشتی دەستگیرکردنەی ئۆجەلان لە بەرژەوەندی خۆماندا بەکاربێنین. راستە ئەڵمانیا هەوڵدەدات بە هەرشێوەیەك بووە رێگە لەوە بگرێت کە

ئۆجەلان بێتە ناو ئەڵمانیاوە، بەڵام ئێمەش دەتوانین ئەم بەڵگەیە بەکار بێنین لە حاڵەتی ئەوەی ئەگەر ئیتالیا سور بێت لەسەر دەرکردنی ئۆجەلان ئەوە ئەوسا ئۆجەلان ناچار دەبێت بە پێی ئەو یاداشتنامەیە خۆی بدات بەدەست دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیاوە. ئەڵمانەکان هیوای دەرئەنجامێکی لەو جۆرە ناخوازن بۆیە لە قازانجی ئەڵمانەکانە ئۆجەلان لە ئیتالیا بمێنێتەوە، هەروەها جگە لەوە پێشنیازی ئەوەی بۆ شۆلز کرد کە پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا شیلی (SCHILY) ەوە کە هاوڕێی کۆنی خۆی بوو بکات بۆ ئەوەی داوای ئەوەی لێبکات کە داخۆ ئەڵمانیا لە بارودۆخێکی ئاوادا ئامادەیە مانەوەی ئۆجەلان لە ئیتالیا پشتیوانی بکات؟

باسی ئەوەشم بۆ شۆلز کرد کە لەسەر داخوازی ئۆجەلان ئێمە سەرقاڵی ئەوەین کە جۆرێك لە تریبوناڵ یاخود مونتەدایەکی نێودەوڵەتی ساز بکەین و لەم بارەشەوە هەوڵەکانی خۆمان چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانین دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بخەینە سەر هێڵ و بۆ ئەم مەبەستە کارمان کردووە. شۆلز بە رێزەوە گوێداری کردبوو، بەڵام ئاشکرا بوو کە ئەو بایەخی بۆ پرۆژەکەی ئێمە (پرۆژەی رۆژهەڵات) نەبوو..

من دیسانەوە هەمان وتەکەی لەگەڵ یاڤوز باسم کرد بۆ ئەویشم دوپاتکردووە کە من لەبەرنامەمدا نیە خۆم بە یاسای سزادانی ئەڵمانیەوە سەرقال بکەم، من لە لایەن ئۆجەلانەوە راسپێردراوم کە لایەنە نێودەوڵەتیەکانی ئەم کەیسە تاوتویێ بکەم و کاریان لەسەر بکەم و هەروەها وەك مونەسقێك لە نێوان هەموو پارێزەرەکاندا کار بکەم، هەرچەندە شۆلز زۆر شادمان نەبوو بەم زانیاریە "ناخۆشانە"، بەڵام پێدەچوو کە ئیتر بە رۆڵی من لەو کەیسەدا قایل بێت و هیچ لاریەکی نەمابێت، منیش پاش تەواوبوونی دانشتنەکەمان بە کەماڵی ئیسراحەتەوە لەگەڵ شۆلز بەرەو هۆتێلەکە گەڕامەوە...

- ٦ -

سەرلەبەیانی رۆژی داهاتوو یاڤوز هات بەشوێنمدا و لەگەڵ وی بەرەو ئۆستیا بەڕێکەوتین، لە رێگادا لە دوا گۆڕانکاریەکان ئاگاداری کردمەوە، ئێستا ئیتالیەکان ئیتر ئەوە دەزانن کە هەڕەشە کردن بەوەی پرۆسەیەکی دادگایی لە ئیتالیا بەرامبەر بە ئۆجەلان ئەنجام بدەن راستگۆیی خۆی لەدەستداوە بۆیە هەوڵدەدەن بەهۆی کارکردنە سەر هەستی بەرپرسیاریەتی لای ئۆجەلان ئەنجامێك بەدەست بێنن. یاڤوز لەم بارەوە گوتی کە سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا بە ئۆجەلانی راگەیاندووە ئەگەر ئەو لە ئیتالیادا بمێنێتەوە ئەوە حکومەتی ئێستا هەرەس دەهێنێ، گوایا پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان سەرقاڵی دانانی پیلانێکن بۆ روخاندنی حکومەت ئەگەر بێتو ئۆجەلان لە پشتوانی زیاتر بەهرەمەند بێت، ئۆجەلانیش بۆ ئەم بەهانەیە هەستیارە،چونکە ئەوان دەڵێن حکومەتی ئیتالیا هاوکاری ئەوی کردووە بۆ ئەوەی بگاتە ئەوروپا و پاشانیش شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین کـردووە، ئۆجەلانیش هەست بەوە دەکات کە نابێت بەهۆی خۆیەوە ئیتر ئەو حکومەتە زیاتر توشی گرفت بکات. بەپێی وتەی یاڤوز ئۆجەلان بڕیاری یەکجاری داوە کە ئیتالیا بەجێبهێڵێت، بەڵام تەنها شت کە ماوە ئەوەیە بۆ کوێ و کەی بڕوات؟ من لەلایەن خۆمەوە هەتا ئەم ساتە هەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە ئۆجەلان سەرکێشیەکی زۆر گەورە دەکات ئەگەر لە ئیتالیا بڕوات، بەڵام لەوە دەترسم کە ئەم خاڵە لەچاو خاڵەکانی دیکەدا لای ئەو بایەخێکی کەمتری هەبێت..

کە گەشتمە ژوری میوانەکەی، ئۆجەلان گوێداری لە گۆرانی میللی کوردی دەگرت، بەرێزێکی زۆرو هاوڕێیانەوە بەخێرهاتنی کردم، بەڵام هەر زوو هەستم بەوە کرد کە ئۆجەلان خەیاڵی زۆر دوورە، ئۆجەلان پرسیاری ئەوەی لێکردم کە داخۆ من ئارەزوی گۆرانی دەکەم یاخود هەرگیز گوێم لە گۆرانی کوردی گرتووە؟ منیش لە وەڵامدا گوتم بەڵێ گوێ لە گۆرانی دەگرم، بەڵام گۆرانی میللی کوردی نا، چونکە هیچی لێنازانم، وێرای ئەوەش

بەداخەوەم کە زمانەکەشی تێناگەم. ئۆجەلان لە وەڵامدا ئەوەی گوت کە گرنگ نیە زمانەکە تێبگەیت، بەڵام ئەگەر گوێ لە دەنگەکە بگریت ئەوە زۆر شت تێدەگەیت، ئۆجەلان باسی گۆرانیەکەی کرد کە گوزارشت لە ئازارەکانی ژنێك دەکات خۆشەویستەکەی لە تێکۆشاندا لە دەستداوە!

گۆرانیەکە باسی لە ئازارەکانی میللەتی کورد و جوانی کوردستان دەکرد، ئەو وڵاتەی کە خۆری لێوە هەڵدێت. بەدەم گوێگرتن لە گۆرانیەکەوە باسی مێژوی کوردانمان دەکرد، گەورەترین نەتەوەی بێ وڵات لەسەر زەمین.

کوردستان کە لە پێوانەدا بە هێندی فەرەنسا گەورەیە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە: تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا، زیاتر لە سی ملیۆن کەس لەکوردستاندا دەژیـن، بەڵام جگە لە ئێران کە کوردەکان لە چاو پارچەکانی دیکەدا ئازادیەکی کەلتوری بەرچاویان هەیە، لە پارچەکانی دیکەدا کوردەکان بۆیان نەبووە وەك نەتەوەیەك خۆیان پیشان بدەن، ئەو چەوسانەوەی بە ئاگرو ئاسن کوردەکانی عێراق دووچاری بوون شتێکی ئەوتۆی کەمتر نیە لە داپڵۆسینی کوردەکان لە تورکیا. هێشتا هەمووان ئەو وێنە دڵتەزینەی کوردەکانی عێراقمان لەبەرچاو ماوە کە لە بەرێزە درێژە بێ برانەوەکان لە شاخەکانەوە لە دەستی سەدام حسێن هەڵدەهاتن، کەچی بینیمان کۆمەڵی نێودەوڵەتی تەنها بۆ ماوەیەکی کورت بایەخی بەو گرفتەی کوردەکانی عێراق دا، ئەم کارەساتە مرۆییە بایەخێکی ماوە درێژی سیاسی پێنەدرا. یەکێك لە کارە توندوتیژە ترسناکەکانی دیکەی حکومەتی عێراق دژی کوردەکان بۆمبارانی کیمیاوی شارێکی باکور بوو لە ساڵی ١٩٨٨ بە ناوی هەڵەبجە کە تیایدا هەزارەها کورد هاتنە کوشتن زۆر بە کەمی لە رۆژنامەکاندا دەنگی دایەوە.

وادیارە کە وڵاتانی خۆرئاوا بە تایبەت ئەوروپا و ئەمەریکا نایانەوێت پرسی کورد زەق بکەنەوەو بیخەنە بەرچاوان ئەمەش لە ترسی ئەوەی ئەگەر بێتوو باس لە مافەکانی کورد بکەن سـەروەری و یەکپارچەیی هەندێك لەوڵاتانی پەیوەست بەو گرفتەوە بخەنە مەترسییەوە. پاراستنی چەسپاوی

و ئارامی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لەپێش هەموو شتێکەوەیە بۆ ئەوان. دەستگەیشتن بە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی پترۆڵا و ئاو نابێت بکەونە بەر مەترسی، لەبەر پێگەی ستراتیژییەوە کوردستان بۆ خۆرئاوا زۆر گرنگە.

ئەو سیاسەتەی کە ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت بریتیە لە(سیاسەتی هێشتنەوەی بارودۆخەکە بە چەسپاوی وەك خـۆی) لەسەر حسابی نەتەوەیەك پیادە دەکرێت کە ژمارەیان دوو هێندی دانیشتوانی هۆڵاندا دەبێت، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە ئەم لایەنەی دووەم بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێت، نەگبەتی کورد لەوەدایە کە وڵاتەکەیان دەکەوێتە جێگایەك، هەرچی سامانی گرنگی وەك نەوت و ئاو هەیە لەوێدایە.

کاسێتەکە تەواو بوو، ئۆجەلان هەڵیگێڕایەوە بۆ دیوی دووەمی، داوای کرد جارێکی دیکە چایمان بۆ بێنن، ئەوجا پرسیاری ئەوەی لە من کرد کە داخۆ دەزانم کورد چەندە دانیشتوانێکی کۆنن لە ناوچەکەدا، تەنانەت کۆنتریش لە خودی تورکەکان؟ منیش لەوەڵامدا گوتم بەڵێ ئەوە دەزانم، دەشزانم کە وشەی کوردستان لە سەدەی دوازدەوە بەکار هاتووە، هەندێك لە داستان و بەسەرهاتە کۆنەکانیش باس لە بنەڕەتی کوردەکان ‹ میدەکان› دەکات، لە هۆڵەندا هێشتا ئێمە پەندێکی کۆن بەکاردێنین کە دەڵێت (یاسای میدو فارسەکان)، بەڵام پەیوەندی ئەمە بە کوردەوە لە لایەن هیچ کەسەوە باس نەکراوە...

لە مێژوی کۆندا کوردەکان لەگەڵ گەلانی دوو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی گەورەی عوسمانیەکان و فارسەکاندا ژیاوە، ئەم گەلە لە ناوخۆیدا لە چەندین هۆزو تیرەو تایفە پێکهاتووە، هەر تیرەو تایفەیەکیش لە لایەن سەرۆك هۆزێك یان شێخێکەوە رابەری کراوە. کوردەکانیش ئەو دەمە هاوتای هەموو شوێن و موستعمەرەکانی دیکەی ئەو ئیمپراتۆریەتانە شێوەیەکی ئۆتۆنۆمی لە کلتورو ئاین و ژیانی خۆیدا هەبووە لەوکاتەدا پێویستی بەوە نەکردووە لە روی سیاسی و کلتوریەوە ناچار بکرێت خۆی بتوێنێتەوە،

چونکە ئەوانیش هەر موسڵمان بوون، بەڵام ئەم بارودۆخە هەروا نەماوە، بەڵکو بەداخەوە لە سەدەی رابووردوودا چینێك لە ناو پاشماوەی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەوە پەیدا بوون کە تەنها هاوبەشیان لە ئایندا بە رەگەزی سەرەکی شوناس نەدەزانی لێرەدا نەتەوەی تازە پەیدا بوون کە کلتوری سەربەخۆو شوناسی سەربەخۆیان هەبوو، بەڵام کوردەکان کە هەتا ئەو دەمە زۆر بە توندی بە هۆز و تیرە و تایفەکانی خۆیانەوە هۆگر بوون کەمتر کەوتنە بەر کاریگەری تێزە خۆرئاواییەکان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەییەوە، بۆیە لەکاتی سەرهەڵدانی ئەو نەتەوە نوێیانەوە کە شوناسی خۆیان جیا کردبۆوە ئەوان ئەو کارەیان نەکردو خۆیان وەك نەتەوەیەکی جیاواز دەرنەخست، هەتا ئەمڕۆ ئەو کوردانەی کە لەتورکیا دەژین زۆر بە ئاسانی بە تورکە شاخاویەکان ناو دەبرێن و گوایا وشەی کوردیش لە دەنگی کرتە کرتی پێڵاوی ئەو تورکە شاخاویانەوە وەرگیراوە کاتێك بەسەر بەفردا رۆشتوون!

تەنها یەك جار لە مێژوودا رویداوە کە کوردەکان فرسەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتبێت سەربەخۆیی خۆیان دەستکەوێت، لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩٢٠ دا و لە پەیمانی ئاشتی سیڤەردا ئەوە ئاشکرا کرا کە کوردەکان دەتوانن خۆیان بەڕێوەبەری خۆیان بن و رەنگە دەوڵەتیشیان بۆ دروست بکرێت، بەڵام ئەمە تەنها وەك بەڵێن لەسەر کاغەز مایەوە، چونکە لەو کاتەدا سەرۆکی ناسیۆنالیستی تورك کەمال ئەتاتورك پیلانی دیکەی هەبوو، ئەو پێدەچێت لەو ماوەیەدا کوردەکانی بەکار هێنابێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بەوەی کە ئەوانی قایل کردبوو شان بەشانی تورکەکان بجەنگن بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بخەنە سەر تورکیا، بەرامبەر بەوەش بەڵێنی بە کوردەکان دابوو کە لە پاشاندا دەوڵەتێك بۆ هەردوو نەتەوە لە چوارچێوەی تورکیای نوێدا دروست دەکات، بەڵام ئەم بەڵێنانە هەمووی پشتگوێ خران و پاش سێ ساڵ

و له ڕێكەوتننامەی ئاشتی لۆزان له ساڵی ١٩٢٣ دا مافی سەربەخۆ بوونی كوردان به یەكجاری وەلانرا و ئەتاتوركیش له جیاتی بەڵێنەكانی بەكورد، توركیای كرد به وڵاتی (توركه بەختەوەرەكان) رەوشی كوردان باشتر نەبوو له چارەنوسی كوردانی ژێر دەستەی عەرەبەكان له عێراق و سوریا و یاخود له له كوردەكانی ئێران..

بـەزۆر تواندنەوەی نەتەوەی كورد له ناو بۆتەی توركاندا بوو به سیاسەتی رۆژانه، بەكارهێنانی زمانی كوردی قەدەغەكرا، بەزۆر تواندنەوەی كورد به راپێچكردنیان بەزۆرەملێ بۆ ئەو ناوچانەی كه كـوردی نین، لەناوبردنی كوردان و سوتاندنی گوندەكانیان و تەختكردنی... بەم جۆره هەرله ساڵانی بیستەوه زۆر زووتر له سەرهەڵدانی پەكەكه و ئۆجەلان توركیا به شێوەیەكی سیستەماتیك دەستیكرد به قەلاچۆكردن و چەوساندنەوەی بەزەبرو زەنگی كوردان، كوردانێك كه نیوەی ئەو سی ملیۆن كەسەیان واته پازده ملیۆنیان له توركیا دەژین و ژمارەشیان بەم جۆره چارەكێكی دانشتوانی هەموو توركیا پێكدەهێنن. هەموو هەوڵەكانی كوردیش بۆ سەرهەڵدان و رووبەڕووبوونەوەی ئەو رەوشه به ئاگر و ئاسن سەركوت دەكران، لەبەر یەكنەبوون یاخود دابەشبوون و پەرت بوونی كوردانیشەوه هەموو جارێك بۆ توركیا چۆتەسەر كه تەنها به شێوەیەكی وەحشیانەو سەربازیانه ئەم سەرهەڵدانانەی كورد دامركێنێتەوە.

ساڵی ١٩٧٨ كاتێك پەكەكه دامەزرا بارودۆخی كوردەكان له توركیا باشتر نەببوو، هەتا ئەو كاتەش دەوڵەتی تورك به زەبری ئاگر و ئاسن رووبەڕووی هەر سەرهەڵدانێكی كوردان دەوەستا ئەگەر بێتو داوای مافه سیاسی و كلتوریەكانی خۆیان كردبێت، دەستگیركردنی به كۆمەڵ، كوشتن، بزركردن و بێسەروشوێنكردنی خەڵك، ئەشكەنجەدان هەموو ئەمانه كردەوەگەلێكن كه هەتا ئەم ساتەش تەواوی راپۆرتەكانی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال و هەموو رێكخراوه ناسراوەكانی دیكەی مافی مرۆڤ راشكاوانه ئاماژەیان بۆ كردووه...

پاش ئەوەی مانگی سێپتەمبەری ١٩٨٠ لە تورکیا کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدرا چەوساندنەوە و هــەڵاواردن لە دژی کوردەکان زیاتر کران. بەکارهێنانی زمانی زمانی کوردی لە بارودۆخە تایبەتەکانیشدا قەدەغەکرا، بە ئاشکرا باسکردنی گرفتی کوردان لەهەر شێوەیەك و بەرهەرجۆرێك بە شێوەیەکی ئاشکرا بوو بە کارێك کە ئاکامەکەی تەنها سزادان بوو. یاسای تازەی دژ بە تیرۆری نوێ هاتە ئاراوە کە تیایدا تۆمەتی جوداخوازی لە نێو چوارچێوەیدا بوو، هەروەها بەپێی هەمان ئەم یاسایە بەردەوام خەڵکی دەخرانە نێو زیندانەکان و بە تۆمەتی لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی نەك تەنها کوردەکان، بەڵکو زۆرێك لە روناکبیران و هونەرمەندان و سیاسیە غەیرە کوردەکانیش کە بە ئاشکرا داوای چارەسەری کێشەی کوردیان دەکرد خرانە ناو کونجی زیندانەکان و وەك تیرۆریستێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا...

کاتی ئیتر ئاشکرا بوو کە لەژێر ئەم بارودۆخە تازەیەشدا رەوشی کوردان باشتر نابێت ساڵی ١٩٨٤ پەکەکە بڕیاریدا شەڕی گەریلایی لە کوردستانی تورکیا بەرامبەر بە دەوڵەتی تورك راگەیەنێت. سەرباری ئەوەی ئەم جەنگە زۆر زەحمەت و توندوتیژ بوو، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا و لە ساڵانی هەشتاکاندا پەکەکە بەهێزتر دەبوو تا بوو بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری، گەورەترین بزوتنەوەی رێکخراو لە نێو کوردەکانی تورکیا، لە پەرچەکرداری ئەمەشدا دەوڵەتی تورك تەنها هێزی سەربازی خۆی لە کوردستانی تورکیا تۆکمەتر دەکرد، لەمڕۆدا بۆ پارێزگاریکردن و چەسپاندنی یاسا دەوڵەتی تورك نزیکەی ٣٠٠ هەزار سەربازی لە کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە.

بەرزبوونەوەی پشتگیری لە نێو گەلی کورددا بۆ پەکەکە لە کوردستانی تورکیادا بۆتە هۆی ئەوەی کە سوپای تورکیا نەك تەنها جوڵانەوەی سەربازی پەکەکە بکاتە ئامانج، بەڵکو تەواوی گەلی کوردی خستۆتە نێو چوارچێوەی تاوانبارکردن و هەرهەموویان وەك دوژمن چاولێدەکات بەهۆی ئەمەشەوە زۆرترین کردەوە سەربازیەکانی سوپای تورکیا ئاراستەی جەنگاوەرانی پەکەکە

نەکراون، بەڵکو بەرامبەر بە خەڵکانی سڤیلی کورد لە کوردستانی تورکیا ئەنجامدراون. یەکێك لە دیارترین ئەو کردەوانەش ئەو کاتە ئەنجامدرا کە جەنگاوەرانی پەکەکە سەرکردەیەکی ژاندرمەی شاری دیاربەکری پایتەختیان تیرۆرکرد ئەوسا سوپای تورکیا رق و کینەو نائومێدی خۆی بەسەر شاری ‹لیس› رژاندو کردیە کەلاوە. ئەمڕۆ زۆر بە سادەیی وێرانکردنی گوندەکان بۆتە کارێکی زۆر ئاسایی بۆ سوپای تورکیا لە روبەڕووبوونەوەیاندا دژی جەنگاوەرانی کورد، لەوەتای ئەم شەڕە ناوخۆیە هاتۆتە گۆڕێ سوپای تورك پتر لە چوارهەزار گوندی کوردەکانی سوتاندووەو لەگەڵ زەویدا تەختی کردوون و دانشتوانەکەشی یان کوژراون یان بەزۆر بەرەو شارەگەورەکان کۆچپێکراون.. بەم جۆرە ئاشکرا دەبێت ئامانجی دەوڵەتی تورکیا لەم هەنگاوانەدا تەنها ئەوە نیە کە بنەمای کەلتوری کورد لەناوببات، بەڵکو دەخوازێت بنەمای ئابوری و سترەکتوری کۆمەڵایەتی کوردستانی تورکیا لەناو بەرێت.

هەروەها بە تێپەڕبوونی کات ئامانجەکانی پەکەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەم بزوتنەوەیە لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کوردان دەکرد، بەڵام لە دە ساڵی رابووردوودا پەکەکە ئەوەی رونکردۆتەوە کە پارتەکە بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی تورکیادا قایل دەبێت بەو مەرجەی کە داخوازیەکانی گەلی کورد بێنەدی، بەڵام دەوڵەتی تورك هەرگیز ئامادە نەبووە لەم بارەوە هاوکاری بکات و چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر هەموو ساڵێك سەرلەنوێ بە شێوەیەکی ترادیسۆنالی هێرشی بەهارانەی خۆی کردۆتە سەرجەنگاوەرانی کورد بە هیوای سەرکوتکردنی یەکجاریان و یەکلاکردنەوەی دۆزەکە بە هێزی سەربازی. وێرای ئەوی لە لایەن پەکەکەوە هەر لە ساڵی ١٩٩٣ ەوە بە شێوەیەکی بەردەوام ئاگربەستی یەکلایەنە راگەیەنراوە، بەڵام ئەم هەڵوێستە بـەردەوام لەلایەن دەوڵەت و سوپای

تورکەوە فەرامۆش و پشتگوێ خراون و هەرگیز وەڵامیان نەدراوەتەوە...

سیاسەتی چەوساندنەوە و تواندنەوەی بەزۆر چەندین ئاکامی سامناکی لێکەوتەوە، ملیۆنەها کورد لە کوردستان هەڵهاتن یان قەلاچۆکران یاخود ناچارکران بۆ شارە گەورەکان کۆچ و رەو بکەن. لەو شارانەشدا دەبوو لەژێر بارودۆخێکی سەختی هەژاری و نەداری و بەبێ هیچ مافێکی شوناس و کەلتوری خۆیان بژین یان دەبوو بۆ دەرەوەی وڵات هەڵبێن.

بەم جۆرە گرفتی کورد فراوانتر کرا و بوو گرفتێك کە تەنها لە چوارچێوەی کوردستانی تورکیادا قەتیس نەما، بەڵکو ئەمڕۆ لە شارە گەورەکانی تورکیادا بۆ نمونە رۆژانە کوردەکان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دووچاری رووبەڕوو بوونەوە دەبن کە ناخوازن یاخود نایانەوێت شوناسی کورد پەسەند بکەن بەم جۆرە دۆزی کورد لە تورکیا نەك بچوك نەبۆوە، بەڵکو گەورەتر بوو لەوەش زیاتر کوردەکانی تاراوگە ئەمڕۆ بوونەتە فاکتۆرێکی سیاسی گرنگ لە کێشەکەدا ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەك تەنها مەسەلەی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بوونی ژمارەیەکی زۆر لە رەوەندی کوردی و تورك لە وڵاتە ئەوروپیەکاندا راستیەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم کێشەیە بکاتە کێشەك بۆ ناوخۆی ئەوروپا، بە ئامادە بوونی ئۆجەلانیش لە رۆما ئیتر دەوڵەتانی ئەوروپا ناتوانن چیدی زیاتر چاوی خۆیان لە ئاست کێشەی کوردا بنوقێنن...

ژوری میوانەکە کەمێك کپ و ئارام بۆوە، گۆرانیەکە تەواو بوو، ئۆجەلان بێدەنگ بە دەستی یاری بە زنجیرەکەی دەستی ‹ ئەوەی دڵەراوکە لادەبات" دەکرد، بەڵێ کەواتە چارەنوسی کوردان هەر بەدبەختی بووە و مێژوی چەوساندنەوەشیان لە مێژوی دەوڵەتی تورکیا کۆنترە، هەفتاوپێنج ساڵ، ئۆجەلان پاشان سەرنجی منی داو گوتی " دڵنیام تەنها بۆ ئەوە نەهاتوویت باسی مێژوی کورد ببیستیت" منیش لەوەڵامدا گوتم " بەڵێ " وێرای ئەوەی تۆزێك زەحمەت بوو کە پاش ئەو گفتوگۆیانە یەکسەر

بچینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستم بۆ جانتاکەم برد و ئەو لاپەڕەیەم دەرهێنا کە سەرنجەکانم تیادا نوسیبوون و دەستمکرد بە باسکردنیان. سەرەتا کەمێك دوودڵ بووم و لەسەر پرۆژەی خۆرهەڵات قسەم کرد، ئۆجەلان ناوەکەی لا جوان بوو هەروەها سەبارەت بە ناوەرۆکەکەشی وتەو باسمان کرد، من ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ئەمە تەنها سەرەتایەکەو دەبێت زیاتر کاری لەسەر بکەین، ئەگەر هەموویمان تەواوکرد هەوڵدەدەم بەهۆی وەرگێڕێکەوە بیگۆڕمە سەر زمانی تورکی و وێنەیەکی بۆ ئەو رەوانە بکەم تاکو بیخوێنێتەوە، ئۆجەلان داوای ئەوەی لێکردم سبەی پێکەوە لەگەڵ یاڤوز و شۆلز جارێکی دیکە سەردانی بکەمەوە، لەم نێوانەدا ئەویش بیر لە هەندێك شتی دیکە دەکاتەوەو بڕیار دەدات و ئێمە ئاگادار دەکاتەوە. لاپەڕەکەم خستەوە نێو جانتاکەم و هەستامە سەرپێ ئۆجەلان ئەمجارەش ئەملاو ئەولای ماچ کردم و ماڵئاوایی لێکردم، کە دەرگاکەم داخست گوێم لێ بوو ئۆجەلان دیسانەوە کاسێتەکەی خستەوە سەر هەمان گۆرانی..

## - ٧ -

پاشماوەی ئەو رۆژەم لەگەڵ یاڤوز و جۆن دا کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ گەشتبووە رۆما، بەسەر برد، جۆن هاوبیری ئێمە بوو لەوەی کە رۆشتنی ئۆجەلان لە رۆما کارێکی باش نابێت. جۆن راستەوخۆ پاش من چوو بۆ لای ئۆجەلان، هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هەر ئەمڕۆ ئەلێکس دەگاتە رۆما، هەروەك من› جۆن› یش ‹ئەلێکس› ی دەناسی، چونکە ئەوانیش پێکەوە لە چەندین مەسەلەی دیکەی تایبەت بە کورد هاوکاری یەکتر بوون، لەو دەمەیدا کە من چاوەڕوانی گەڕانەوەی ‹ جۆن› م دەکرد – کە بێگومان کاریگەری زۆری لەسەر رەوشەکە هەبوو- باسی› پرۆژەی خۆرهەڵات› م بۆ یاڤوز کرد، یاڤوز پرۆژەکەی زۆر پێباش بوو بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات ئەگەر

پرۆژەکە تەواو بوو خرایە سەر کاغەز ئەوە ئەو هەوڵ بدات وەك بڵاڤۆکێك بەناو پەکەکەدا بڵاو بکرێتەوە.

دەمەو نیوەڕۆ جۆن گەرایەوە بۆ هۆتێلەکە، پێدەچوو ئۆجەلان داوای ئەوەی لێکردبێت ئەگەری دۆزینەوەی شوێنێکی نیشتەجێ بوون لە یونان تاوتوێ بکات، بەڵام واپێدەچوو جۆن زۆر هیوای بەوە نەبێت، چونکە لەکاتی پەیوەندییەکانی خۆی بە حکومەتی یۆنانەوە گوێبیستی ئەوە بووە کە حکومەتی یۆنان دەتوانێت پشتیوانی مانەوەی ئۆجەلان لە ئیتالیا بکات، بەڵام خۆی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیە شوێنێکی نیشتەجێبوون بۆ ئۆجەلان لە یۆنان دابین بکات. نیوەڕۆی هەمان رۆژ جۆن گەڕایەوە بۆ یۆنان، بە بۆچوونی من مەبەست لە گەڕانەوەشی ئەوە بوو کە جارێکی دیکە بتوانێت سەبارەت بە پێشوازیکردنی ئۆجەلان لە یۆنان دیسانەوە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی یۆناندا بکات..

دەمەو ئێوارە هاوڕێ لەگەڵ یوسف و یاڤوز لەگەڵ ساراسەنی پارێزەرە ئیتالیەکەی ئۆجەلان دەمەتەقێم کرد بەڵام لای ئەو هیچی تازە لە گۆڕێدا نەبوو، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە حکومەتی ئیتالیا لە دۆزینەوەی شوێنی ئەڵتەرناتیف بۆ ئۆجەلان یەکلا بۆتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە نازانرێت ئەو وڵاتە کامەیە ئۆجەلانی بۆ رەوانە دەکرێت. ئیتالیەکان داوای قایل بوون و رەزامەندی ئۆجەلانیان دەکرد بۆ گواستنەوەی و بۆ ئەوەی بشتوانن وردەکاری ئەم گواستنەوەیە رێکبخەن، بەڵام ئەوان ناخوازن ناوی ئەو وڵاتە ئاشکرا بکەن کە ئۆجەلانی بۆ رەوانە دەکرێت، ئەمەش لەترسی ئەوەی نەوەك ئاوی ئەو وڵاتە بەر لەسەفەرەکەی ئۆجەلان ئاشکرابێت – بەتایبەت بۆ تورکەکان - و ئیتر ئەوان نەتوانن گەرەنتی سەلامەتی ئۆجەلان لەم سەفەرەدا بکەن، تەنانەت ناوی شوێنەکە بە ئۆجەلان خۆشی ناوترێت تەنها کەمێك بەر لە سەفەرەکەی نەبێت. من و یاڤوز هەردوکمان لەو باوەڕەدا بوین کە هەرگیز ئۆجەلان نابێت رەزامەندی بە ئیتالیەکان بۆ رێکخستنی

ئەو سەفەرە بدات بەر لەوەی بزانێت کە بۆچ وڵاتێکی دەبن ئەمە وێرای ئەوەی کە هیچ جۆرە شێوەیەك لە سەلامەتی و ئاسایش بۆ گیانی ئۆجەلان لەو وڵاتەدا لە ئارادا نابێت...

هەروەك لەگەڵ ئۆجەلان رێکەوتبووین رۆژی دوایی تر لە گەل یاڤوز و شۆلز بەرەو ئۆستیا رۆشتین، یوسف ئێمەی بۆ ئەوێ دەبرو چاوەڕوانیشی دەکرد تا ئێمە تەواو دەبین و بۆ رۆمامان بگەڕێنێتەوە، لە رێگا خۆزگەم دەخواست کامێرایەکم پێبوایە تا بتوانم وێنەی خۆمان لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا بکەمە فلمێك، هەر یەکەو تەلەفۆنێکی دەستی خۆی بەگوێجکەوە نابوو، بە هەریەکە لە زمانەکانی کوردی و تورکی و ئینگلیزی و ئیتالی و ئەڵمانی و هۆڵەندی قسان دەکران هەموو دابومان بەیەکدا، سەرباری ئەوەی کە هیچ کام لە ئێمە گەش بین نەبوو بەرامبەر بە ئەگەری رۆشتنی ئۆجەلان لە ئیتالیا، بەڵام تێکەڵاوی دەنگەکانمان لەوە سەیرتر بوو کە مرۆڤ چاوەڕوانی دەکرد. دوێنی ئێوارە یاڤوز ئێمەی داوەت کرد بۆ رێستورانتێکی عەرەبی، زۆر کەم باسی کەیسەکەمان کرد، کاتێکی زۆر خۆشمان بە پێکەنین و گاڵتەوە بەسەر برد کەشێکی پێکەنینانی و هەزەلی بوو...

هەروەها ئۆجەلانیش ئەمرۆ کەمتر وەڕس و بێزار بوو، سیمایەکی پڕ وزەو روخسارێکی کامەرانی پیشان دەدا، هەستم دەکرد گەشتبتێە بڕیاری ئەوەی کە ئیتاليا بەجێبهێڵێت هەرچەندە بە ئاشکراش ئەوە نەڵێت لە جیاتی ئەوە هەریەکە لە ئێمە یاڤوز و شۆلز و خۆشم ئەرکێکی تایبەتمان پێسپێردرا، یاڤوز دەبێت بچێت بۆ فەرەنسا بۆ ئەوەی هەندێك کارو بار لەوی ئەنجام بدات، شۆلز مەسەلەی یاسای سزادانی ئەڵمانیا لە ئەستۆ بگرێت، بەتایبەتیش هەوڵبدات کە یاداشتی دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان هەڵوەشێنێتەوە، منیش لەگەڵ زێڕین بەردەوام بین و لەسەر " پرۆژەی خۆرهەڵات" کار بکەین.

ئۆجەلان باسی ئەوەی نەکرد کە بڕیاری داوە ئیتالیا بەجێبهێڵێت، بەڵام ئەو ئەرکانەی بە ئێمەی سپارد ئاماژەی ئەوە دەدەن ئەمە جۆرێك لە وەسیەتنامەی ئەوروپی بوو. هەموو ئەم شتانە کارێکی درێژ ماوە بوون و ئەنجامدانیان کاتی دەویست، بەڵام من لەو باوەڕەدا بووم کە ئۆجەلان لە هەوڵی ئەوەدایە بەر لەوەی بڕوات هەموو شتەکان ڕێکبخات... دواتر پاش ئەوەی سەردانەکەمان بۆ لای ئۆجەلان تەواو بوو یاڤوز باسی ئەوەی کرد کە ئەویش لەو باوەڕەدایە ئۆجەلان بڕیاری کۆتایی خۆی داوە بۆ ئەوەی لە ئیتالیا نەمێنێت..

لە ڕۆخی دەریا و لەبەردەمی پێشەوەی ڕێستورانتێکدا دانیشتبووین، ڕۆژێکی هەتاوی و گەرم و روناك بوو، یاڤوز باسی ئەوەی کرد کە ئەو بانگ کرابوو بۆ ئیتالیا بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی نیشتەجێبوونی ئۆجەلان ڕێکبخات، ئەو ئەرکە تازەیەی کە بەو سپێردراوە بۆ ئەوەی بۆ کاتێکی نادیار بچێت بۆ فەرەنسا بەڕوونی ئاماژەی ئەوە دەبەخشێت کە ئیتر کاری ئەو لە ئیتالیا کۆتایی هاتووە، بە واتایەکی دیکە ئۆجەلان بەتامای ئەوە نەماوە چیدی لە ئیتالیا بمێنێتەوە، تەنها شۆلز لەو باوەڕەدا بوو کە ئۆجەلان پشت بە ڕێنوێنیەکانی ئێمە دەبەستێ و لە ئیتالیا دەمێنێتەوە، بەڵام من دڵنیا بووم لەوەی کە ئەو بۆچوونە ڕاست نیەو ئەمە دوا سەردانی ئێمە دەبێت بۆ ئیتالیا.

درەنگانێکی نیوەڕۆ لە فڕۆکەخانە ماڵئاواییم لە یاڤوز و یوسف کرد، یاڤوز ژمارە تەلەفۆنێکی دامێ کە بتوانم لە سبەی بـەدواوە لە پاریس بەهۆی ئەو ژمارەیەوە تەلەفۆنی بۆ بکەم.بڕیارماندا لە هەموو بارودۆخێکدا پەیوەندیمان بە یەکەوە بەردەوام بکەین، چونکە کەیسی ئۆجەلان بە ڕۆشتنی ئەو لە ئیتالیا کۆتایی نایەت.

هێشتا دوو کاژێری مابوو کە سواری فڕۆکەکە بم، لەبەر ئەوەشی بڕوام بەوە نەدەکرد جارێکی دیکە بێمەوە بۆ ئیتالیا هەرچی پارەی ئیتالیم پێمابوو

هەمووم دا بە بۆنبۆنسی ئیتالی[10] و واین و شکولاتە، پاش ئەوەی چەیك کرام خەریك بوو تەلەفۆنەکەم بکوژێنمەوە بۆ ئەوەی وردە وردە بچمە ژورەوە، بەڵام فکتۆر لە ناکاو تەلەفۆنی بۆ کردم، ئەویش لە فڕۆکەخانەی رۆما بوو بەڕێگاوە بۆ ئەسینا بۆ بە دواداچوونی کەیسێکی دیکە، لە ترانسێتەکە چاومان بە یەکتر کەوت و ئەوەم پێڕاگەیاند کە پێدەچێت بەم زوانە ئۆجەلان لە ئیتالیا نەمێنێت.. لەگەڵ فکتۆردا هێندە قسەو باسمان کرد کە خەریك بوو دوا بانگەوازی ئاگادارکردنەوەم بۆ سوار بوونی فرۆکەکەم لەدەست بچێت، بە پەلەپروزێ کەوتمە رێ و لەبەرخۆمە گوتم ‹هەر ئەمەم کەم بوو فڕۆکەکەشم لەدەست بچێت...› بە هەناسەبڕکێ پاش کەمێك خۆم گەیاندە ناو فڕۆکەکە، بەڵام هەر زوو بۆم ئاشکرا بوو کە راکردنەکەم لە خۆڕایی بوو، چونکە ئاگادار کراینەوە کە لەبەر تەم و مژ هەموو گەشتەکانی فڕین لە رۆما دوا دەکەون، فڕۆکەوانەکە ئاگاداری کردینەوە کە یەك ریز گەشتی دیکە لە پێش ئێمەوەیە بۆ فڕین بۆیە لە هەموو حاڵەتێکدا دواکەوتنی سەفەرەکەمان لە یەك کاژێر کەمتر نابێت، جوانە ; پاش تێپەڕبوونی کاژێرێکی دیکە ئێمە هێشتا هەر لەسەر زەوی بووین، تەماشام کرد خواردنی ئێوارە دابەش دەکرێت کە ئەمەش بە بۆچوونی من بۆخۆی ئاماژەیەکی باشی نەدەدا، هەرواش دەرچوو پاش کەمێکی تر لە رێگەی نامەدەنگیەکانی فڕۆکەخانەوە گوێبیستی ئەوە بووین کە رەوشی ئاوهەوا بەرەو خراپتر دەچێت و ئەگەری ئەوە هەیە تەواوی گەشتەکان بۆ کاتێکی نادیار هەڵبوەشێنەوە، کاژێرێکی دیکە چاوەڕێ بووین، پاشان گوێبیستی بڕیاری یەکجاری بووین: ئەمڕۆ ئیتر چیدیکە گەشت نیە و هەموو گەشتەکان راگیراون و هەموو نەفەرەکانیش دەبرێنە هۆتێل و ئەگەر رەوشی ئاوهەوا باشتر بوو ئەوە سبەی گەشتەکان دەست پێدەکەنەوە...

لەنێو هۆڵی فڕۆکەخانە بوو بە پاشاگەردانی، دەیان گەشتی ئاسمانی کانسل کرابوون، ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکی لە نێو فڕۆکەخانە بەشوێن

---

10- جۆرێکە لە نەستەلەی ئیتالی - وەرگێڕ-

دۆزینەوەی جانتاکانیاندا بوون، ئەوانی دیکەش لە دەرەوە بەشوێن ئەو پاسانەدا دەگەڕان کە خەڵکیان بۆ هۆتێل دەگواستەوە.. ئێستا ئیتر نیوە شەوە، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی ماندوو تورە دێنەبەرچاوان، زۆری پێدەچێت تا دیسانەوە سەرلەنوێ جانتاکان دەهێنرێنەوەو خەڵکێکی زۆریش بەشوێن جانتاکانیدا دەگەڕێت، تیایاندا بەرچاو دەکەوێت بەشوێن جانتاکەیدا وێڵە کە دەرمان و پێداویستی زۆر گرنگ و پێویستی تێدایە. هەندێکی دیکە زۆر بە خەمی ئەوە بوو کە دەبوو هەر ئێستا بەو فرۆکەیە گەشتەکەی بکردایە.. منیش لەسەر جانتاکەم دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساند، جگەرەکێشان لە نێو هۆڵەکەدا قەدەغە بوو، بەڵام کارمەندەکانی فڕۆکەخانە خۆیان بەوە ماندوو نەدەکرد کە لێپرسینەوە لەگەڵ جگەرە کێشەکاندا بکەن، رەنگە لەو باوەڕەدا بن کە لانیکەم ئەوەی جگەرەی لە دەمدا بێت بێدەنگ دەبێت و هاوارناکات... نزیکەی کاتژمێر یەك و نیوی شەو ئێمەیان بۆ هۆتێلکی نزیك فڕۆکەخانە گواستەوە، دنیا زۆر تەمومژاوی بوو، تا پاسەکە لەبەردەم دەرگای هۆتێلەکە دابەزانین نەمزانی کە هەر هەمان ئەو هۆتێلەیە پێشتر لە رۆژی جەژنی کێرسدا لێی دابەزیبووم، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کە وا زوو دیسان بۆ ئەم هۆتێلە دەگەڕێمەوە!

پاش بەسەربردنی شەوێکی کورت و ناجێگر (زۆرێك لە نەفەرەکانی بۆ هۆتێلەکە هێنرابوون بڕیاریان دابوو پاشماوەی ئەو شەوە بە گۆرانی و بەزمەوە لە نێو باڕی هۆتێلەکەدا نەك لە نێو جێگای خەودا، بەسەر بەرن.) سەرلەبەیانی رۆژی داهاتوو کاتژمێر شەش ونیو براینەوە بۆ فڕۆکەخانە، خۆشبەختانە رەوشی ئاووهەوا جێگیر ببوو، کاتژمێر هەشت و نیو بۆمان هەیە گەشتەکەمان بەرەو ئەمستەردام درێژە پێبدەین...

لە فڕۆکەخانەی سخیپۆڵ لە ئەمستەردام یەکسەر تەکسیم گرت و رۆشتمەوە بۆماڵەوە دوشێکم کرد و پاشان یەکسەر بۆ دەرەوە. هەر لەو ناوە لە قاوەخانەیەکی نزیك نانی بەیانیم خـوارد و پاشان بەرەو

نوسینگەکەمان بەڕێکەوتم، زۆر شادمانم کە ئەمڕۆ هیچ جورە ژوان یاخود ئامادەبوونی دادگام نیە، زۆر شەکەت بووم، بەدەست گەشت و فڕۆکەو هۆتیل و کەم خەوی تەواو ماندوو بووم، بەڵام لە لایەکی دیکەش هەروەك پێشبینی دەکەم ئەگەر ئەمە دوا گەشتی رۆما بێت ئەوە ستەمە وا بە ئاسانی لە بیرم چێتەوە...

- ٨ -

هەفتەیەك پاش گەڕانەوەم لە رۆما لەگەڵ ئەندرێ پێکەوە دەستمان کرد بە کارکردن لە وردەکاریەکانی ‹ پرۆژەی خۆرهەڵات، ئەندرێ پێشەکیەکی جوانی سەبارەت بە مافی کوردان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا ئامادە کردبوو، هەموو گەلێك مافی ئەوەی هەیە خۆی بڕیار لە چارەنوسی خۆیی و ئۆتۆنۆمی بدات، کە ئەمەش دیارە بەپێی یەکێك لە گرنگترین رێکەوتنە یاساییە نێونەتەوەیەکان ناسراو بە پەیماننامەی جنێف گرەنتی کراوە.

ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنوسی میلەتێك پێشێل کرا لە هەندێك حاڵەت و بارودۆخدا ئەو گەلە مافی ئەوەی هەیە کە "جەنگی دیاریکردنی شوناسی خۆی" راگەیەنێت، پاش ئەوەی پرۆژەکەمان بە تەواوی نوسی، وێنەیەکم بۆ ئۆجەلان وەرگێڕایە سەر زمانی تورکی، رەشنوسی ئەم پرۆژەیە زۆر دوورودرێژ بوو بەجۆرێك کە وەرگێڕانەکەی بۆ تورکی چەند رۆژێکی دەویست، ئەگەر هەموو شتێك بە ئاسایی تێپەڕێت ئەوە هەفتەی داهاتوو وێنەیەکی ئەم پرۆژەیە بە زمانی تورکی دەگاتە دەستی یاڤوز و ئۆجەلان.

هەر لەم نێوەشدا ئەندرێ ژوانێکی بۆ هەفتەی داهاتوو لەگەڵ کۆمیسیۆنی ئەوروپا لە برۆکسل سازکردبوو بۆ ئەوەی ئەم پێشنیارەی ئێمەیان لەگەڵدا تاوتوێ بکات. لەگەڵ چەند ئەندامێکی پارلەمانی ئەوروپاشدا وەك هەدی ئانکۆنا، HEDY DANCONA › و پاولا گرین › PAULA GREEN › وتووێژمان کردبوو، زێڕین بۆ یەکەم جار دێت بۆ ئەمستەردام و پێکەوە

راسپاردەکانی ئۆجەلان تاوتوێ دەکەین، ئەو دەبێت کاری لۆبی کوردەکان لە نێو پارلەمانی ئەوروپا و پارتە سیاسیەکان وەگەڕخات، پەیامەکەمان ئاشکرا بوو: دەمانەوێت هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین پشتیوانی سیاسی ئەوروپا بدەین، چونکە پشتیوانی ئەوروپا وەك هەنگاوی یەکەم بۆ ئێمە بەرەو ریگای راستەقینەی بەدیهێنانی ‹ پرۆژەی رۆژهەڵات›، زۆر گرنگە.

هەرچەندە ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی ئیش وکارەکانی خۆمان رادەپەڕاند، بەڵام من بە شێوەیەکی بەردەوام هەستی ئەوەم لا بوو کە رۆشتنی ئۆجەلان لە رۆما وەك هەورێکی چڵکنی رەش بەسەر سەرمانەوەیە، هەموو جارێك ئەگەر جۆن یان یاقوز یاخود زێڕین تەلەفۆنیان بکردایە - هەمووشیان بـەردەوام تەلەفۆنیان دەکرد هەندێك جار رۆژی چەند جارێکیش- یەکسەر هەستی ئەوەم لا دروست دەبوو کە ئیتر تەواو ئێستا هەواڵی رۆشتنی ئەوم پێڕادەگەیەنن...

سەرباری ئەوەی کە لە دوا دیدارمدا لەگەڵ ئۆجەلان ئەوە تێگەشتم کە ئێمە دەبێت بەردەوام بین لەسەر کارەکانمان لە ‹ پرۆژەی خۆرهەڵات› با ئەو لە ئیتالیاش نەمابێت، بەڵام من لە شتێکی دیکە دەترسم ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئۆجەلان لە ئەوروپا نەمێنیت ئەوە ئەوروپا زۆر پەرۆش نابێت بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ کێشەی کورد. لە لایەکەوە هیوایەکی زۆرم بەوە هەبوو کە ئێمە بەهۆی ‹ پرۆژەی خۆرهەڵات› توانیبێتمان پرۆژە رێگایەکی زۆر ریالیستی گونجاو بۆ بەرجەستەکردن و جێبەجێکردن بە پراکتیکی بدۆزینەوە و بەوردی و درشتی بیخەینە سەر کاغەزو پێشکەشی بکەین لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ جار زۆر زەحمەت بوو بۆم کە بیر لەوە نەکەمەوە: ئەترسم هەموو ئەم ماندوو بوونە بە هەدەر بڕوات و پاش رۆشتنی ئۆجەلان و بەدەرکەوتنی لە ئەوروپا ئیتر هەموو پلانەکانی ئێمە بکەوێتە نێو چاڵە بەفری سیاسەتەوە!

هەتا ئێستا هێشتا ئۆجەلان نەڕۆشتووە، بایەخی سیاسیش بۆ مەسەلەکە هەتا دەهات زیاتر دەبـوو، من رۆژانـە داوای چاوپێکەوتنی رۆژنامەو تەلەفزیۆنیم لێدەکرا. هەرچەندە من زۆر بە گرنگم دەزانی کە مەسەلەکە بایەخی سیاسی زیاتر وەربگرێت و لە میدیاکاندا باسی بکرێت، بەڵام کاتی زۆر زیاتری دەویست وەك لەوەی کە من چاوەڕێم دەکرد بۆیە بڕیارم دابوو کە رۆژانە لە دوو کاژێر زیاتر بۆ ئەوە تەرخان نەکەم، ئەمە سەرباری ئەوەی دۆسیەکەی دیکەم کە ئەویش هەر دۆسیەی کوردانە و تایبەتە بە ‹ مەد تی ڤی› کاتێکی زۆر دەخوازێت، مەد تی ڤی لەگەڵ ئەو کۆمپانیا ئینگلیزیەی کە گرێبەستی پەخشی لەگەڵدا مۆرکردووە کێشەی هەیە و رەنگە گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوەو پەخشەکەی راوەستێت..

هەفتەیەك پاش سەردانم بۆ لای ئۆجەلان دەبوو چەندین جاریش بە پەلە سەردانی برۆکسل بکەم بۆ ئەوەی خێرا بەتەنگ پرۆسەکانەوە بچم، ئێستاش کە ئۆجەلان لە ئەوروپایە تاقە تەلەفزیۆنی کوردی لە هەموو شتیك زیاتر بۆ کوردەکان پڕ بایەخە و زۆر ناخوش دەبێت بۆیان ئەگەر ئەم کەناڵە داخرێت و پەخشی راگیرێت.

یەك شەمەی رێکەوتی ١٦ ی ژانیوەی ١٩٩٩ پاش هەفتەو نیوێك لە دوا سەردانم بۆ لای ئۆجەلان لە ئۆستیا بۆ دواجار ئەو تەلەفۆنەم بۆ کرا کە زۆر دەمێك بوو پێشبینی و چاوەڕێم کردبوو. جۆن بەتەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە دوێنی ئێوارە ئۆجەلان رۆمای بەجێهێشتووە " رۆشتووە بەرەو وڵاتی هاوڕێکەی خۆمان ئەو هاوڕێیەی کە لە کەیسەکەی پێشوودا پێکەوە ناسیمان!" جۆن نەیدەویست ناوی وڵات و کەسان بەرێت زیاتریش گوتی " خەمت نەبێ ئەو بە سەلامەتی گەشتووە" لەوەڵامی پرسیارێکی مندا کە داخۆ ئۆجەلان بە ترانسێت لەوڵاتەدایە یان درێژتر لەوێ دەمێنێتەوە جۆن گوتی " ئامانج ئەوەیە کە بۆ هەمیشە لەوێ بمێنیتەوە" هەروەها زیاتر بۆ دڵنیایی گوتی " دەبێت ئەمە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام تۆ تێگەشتیت کە من مەبەستم

له کام وڵاته؟ " له وەڵامدا گوتم بەڵی تێگەشتم...

جۆن مەبەستی لەو هاوڕێیەمان کە لە کەیسی پێشوودا ناسیبوومان ئەلێکس بوو، بەم جۆرە ئیتر بۆمن رون و ئاشکرا بوو " ئۆجەلان لە روسیایە".

# بولەر BOHLER وەک خۆی

لە کۆتایی پشووی ئەو هەفتەیەی کە ئۆجەلان رۆمای بەجێهێشت لە رۆژنامەی د ڤۆلکس کرانت (DE VOLKS KRANT) بابەتێکی دورو درێژ لەسەر من بڵاو کرایەوە، ئەم بابەتە لە لایەن یان هودەمان (JAN HOEDEMAN) لە ژێر ناوی ‹ بولەر وەك خۆی› بڵاوکرایەوە...

پاش ئەوەی لە بەرنامەکەی ‹باوتن هۆف› یەکترمان ناسی، یان پەیوەندی پێوە کردم و داوای لێکردم سەبارەت بە دۆسیەکەی ئۆجەلان خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بابەتێکی تێرو تەسەل بنوسێت، نوسینەکە تەنها لەسەر دۆسیەکەی ئۆجەلان نابێت، بەڵکو لەسەرخودی خۆشم دەبێت: پاڵنەرەکانی ئەو کارەم، بیرکردنەوەم پاشخانی کەسایەتی خۆم، بۆچون نەڕینەکانم لەمەڕ پیشەی پارێزەری، من بێگومان ئەم داوایەم لە دڵەوە پیخۆش بوو- جا ئایا ئەمە لەخۆبایی بوون بێت یان نا، نازانم –، بەڵام کەمێکیش هەر دەترسام..

لە راستیدا سەرنجی ئەوەم دابوو کە لەم ماوەیەی پێشوودا رۆژنامەنوسان بایەخێکی زیاتریان پێدەدام، بە تایبەتیش بایەخدانیان بە ژیانی تایبەتی خۆم زیاتر بوو وەك لەوەی بایەخ بە مەسەلەی موەکیلەکەم بدەن. من سەرەتا نەمدەتوانی ئەم هەڵسەنگاندنە سەیرو سەمەرانە سەبارەت بە خودی کەسایەتی خۆم وەك "بابەتێکی هەواڵ" لە رۆژنامەکاندا باش تێبگەم، بەڵام پێدەچێت کارکردنی پارێزەرێکی ژن و موەکلێکی وەك ئۆجەلان بیرو

بۆچوونی جیاوازی لێبکەوێتەوە، ئەمەش کەم تا زۆر لە چوارچێوەیەکی وەك (خانمە شۆخەکەو جانەوەرەکە[11]، THE BEAUTY AND THE BEAST).

رۆژنامەیەکی ئەڵمانی (BILDZEITUNG) زیاتر ئەمەی رونکردۆتەوە لای خۆی. لە مانگی دیسێمبەردا نوسینێکی سەبارەت بە دۆسیەکەی ئۆجەلان لە ژێر تایتلی (DER TERRORCHEF UND DIE SCHONE ANWALTIN – سەرۆکی تیرۆریستان و دادوەرە شۆخەکە) بڵاو کردەوە.

من سەبارەت بەم رەوشە لە لایەکەوە نیگەران بووم بەوەی کەسێکی وەك ئۆجەلان وەك تیرۆریست وێنە بکرێت یان خودی توانای من و شێوازی روخسارم وەك کچە بلۆندو قژزەردێکی جوان نیشان بدرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە وەك کەسێکی هەلپەرست بیرم دەکردەوە، بۆ نا؟ ئەگەر پێویست بەوە بێت پارێزەرێکی قژ زەرد و بلۆند بتوانێت ئەم مەسەلەیە بوروژێنێت خراپ نیە...

وێـرای ئەمانە هەمووی دەمـزانـی کە رۆژنـامـەی (DE VOLKS KRANT) جیاوازە لە رۆژنامە ئەڵمانیەکە(BILDZEITUNG) خراپیش نیە ئەگەر شتێك سەبارەت بە خۆم باس بکەم لەو رۆژنامەیەدا زیاتر لەوە بێت کە داخۆ من چ جۆرە جل و چ جۆرە مارکەیەك دەپۆشم.. بۆیە پاش کەمێك بیرکردنەوەو پاش ئەوەی کە ‹ یان هودەمان› چەند نوسین و ریپۆرتاژێکی خۆی بۆ ناردم کە پێشتر نوسیبوونی و من زۆرم لا باش بوون، لە سەرەتای مانگی ژانیوەدا تەلەفۆنم بۆ کرد و بەڵێنم پێدا کە خۆم ئامادە دەکەم بۆ چاوپێکەوتنەکە و بڕیارماندا کە رۆژی دووشەممەی دادێ کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی لە ماڵی خۆم کارەکە ئەنجام بدەین، چونکە ‹ یان› لەوە دەترسا کە لە نوسینگەکەی خۆمدا نەتوانین بە ئارامی کارەکە ئەنجام

11- خانمە شۆخەکەو جانەوەرەکە، الحسناء و الوحش، چیرۆکێکی خەیاڵیە کە بە چەندەها شێوە کراوە بە فلیم و درامای تەلەفزیۆنی، تیایدا جانەوەرێك و شۆخێك توشی ئەڤینداری دەبن. وەرگێڕ

بدەین و تەلەفۆن جارسمان بکات، سەرەتا پێم باش نەبوو لە ماڵی خۆمدا ئەم کارە بکەم، چونکە نەمدەویست ئادرەسی تایبەتی خۆم تێکەڵ بە کار بکەم و ئاشکرای بکەم، بەڵام ‹ یان› ئارامی کردمەوە و بەڵێنی ئەوەی دا کە بەرپرسانە لەگەڵ ئەو ئادرەسە مامەڵە دەکات، بۆیە منیش قایل بووم.

‹یان› رێك لە کاتی خۆیدا گەیشت من هێشتا سەرقاڵی خۆ ئامادە کردن بووم، خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و قاوە دروستکردن بووم کە زەنگی دەرگا لێدرا. من خۆم لە خۆمدا ژنێك نیم کە دەمەو بەیان زۆر لە ماڵەوە بووبێتم و بە دەست و برد بم لە کاری ماڵدا، خۆ ئەگەر دووشەممەش بێت و یەکەم رۆژی هەفتە بێت ئەوە ئیتر هەر باسی مەکە، هەموو کارەکانم دووقات کاتیان دەوێت. ‹یان› زۆر ئەوەی لا گرنگ نەبوو چوست و چالاکانە بەسەر قادرمەکاندا بەرەو نهۆمی سێهەم سەرکەوت، پێدەچوو بە پێچەوانەی منەوە ئەو تەواو خۆی بۆ کارەکە ئامادە کردبێت!

تەنها لەبەر ئەوە نا کە سەرلە بەیانی دووشەممە بوو،بەڵکو من رانەهاتبووم کە شتی تایبەتی خۆم بۆ کەسێك کە تازە دەیناسم،باس بکەم بۆیە سەرەتای گفتوگۆکانمان تۆزێك نائارامیم پێوە دیار بوو. ‹یان› بێگومان بەهۆی ئەوەی لەگەڵ چەندین کەسانی دیکەدا چاوپێکەوتنی سازدابوو ئەوەی دەزانی بۆیە سەرەتا لە خۆیەوە دەستی پێکرد باسی دایك و باوکی و ئاستی خوێندنی خۆیی و خولیاکانی – هیوایەتەکانی- بۆ باسکردم، پاش نیو کاژێر ئیتر من بە تەواوی نائارامیەکەم رەوییەوەو بێگومانیش بە تەواوی بەئاگاهاتبووم! ئیتر ئەوسا چوینە ژوری میوان و لەبەردەم داڵانەکەیدا دانیشتین.

باسی ئەوەم کرد کە من لە شاری فرای بۆرگ (FREIBURG) گەورە بووم، کە بەشاری خوێندکارانی زانکۆ ناسراوە لە باشوری خۆرئاوای ئەڵمانیا لە سەرسنوری نێوان فەرەنسا و سویسرا. باوکم کە ئەمساڵ تەمەنی دەبێتە هەفتا ساڵ بەڕێوەبەری دارایی بوو سەرەتا لە چاپخانەیەك و پاشان لە

کۆمپانیایەکی نیشتەجێبوون. کابرایەکی هێمن و لەسەرخۆ خاوەن وزەو توانایەکی زۆر و بیرو باوەڕێکی قوڵ و فـراوان و گەشبین. پێموابێت حەزکردن لەو کارانەی کە ژمارەی تێدا بەکاردێت کە زۆر پارێزەر حەزی لێناکات و کاری نەخشە بۆ کێشراو و چوارچێوە بۆ دارێژراوم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە هەروەها خۆشبەختانەش تێروانینی پۆزەتیفانە بۆ ژیان.

دایکم کارمەندی حکومی بوو لە وەزارەتی فیدرالی خوێندن و رۆشنبیری، کە تەمەنی من بۆتە دووساڵ دایکم ناچار بووە کارەکەی خۆی رابگرێت و لە پاشاندا کە من چوومە قوتابخانە دەست بە کار بکاتەوە، هەرچەندە بۆ ئەو عەیامە قورس بووە، بەڵام دایکم ئەوەی بە گرنگ زانیوە کە هەمیشە کار بکات بۆ ئەوەی زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت - دایکم زۆرجار بەوە گوناهبار کراوە کە وەك پێویست " هەروەك چۆن لەو سەردەمەدا باو بووە ‹› لە ماڵەوە نەماوەتەوە بۆ ئەوەی بایەخ بە منداڵەکەی بدات، ئەمەو خۆشەویستم بۆ ئەدەب و شانۆ و هەروەها پێویستی تێکەڵاو بوون لەگەڵ خەڵکیدا، بەدڵنیاییەوە لە دایکمەوە بۆ ماوەتەوە.

من تاقانە منداڵ بووم کە ئەمەش دیسان بۆ ئەو سەردەمە ئاسایی نەبووە، لە قوتابخانە و پاشان لە خوێندنەکانی دیکەمدا زۆربەی جاران من تەنها کەس بووم کە نە خوشك و نە برام نەبووە، منداڵە گوناهەکەیان پێدەوتم، کە ئەمەش من وەك تانەو تەشەرێك بەرامبەرم لێکمدەدایەوە، بەڵام لە راستیدا من ئەو حاڵەتەم لا خۆش بوو، ژوری خۆم بەتەنها بۆ خۆم بوو، لەگەڵ خوشکێکدا نەبووم لەسەر یاریەکانمان بەشەڕ بێین، یان برایەکی بێزارکەرم لێپەیدا نەدەبوو کە هەمیشە پێویست بکات خۆمی لەگەڵدا بگونجێنم، ئەمە وێرای ئەوەی کە وەك تاقانەیەك نازێکی زۆرت هەڵگیراوە دایك و باوکم هەمیشە دەڵێن لەم بوارەدا زۆر خێرا خۆم بۆ ئاشکرا کردوون، چونکە وەك دەڵێن تەمەنم تەنها چەند رۆژێك بووە و لەو خەستەخانەیەی کە تیایدا لە دایکبووم وەك نەریتی جاران کە باو بووە دەبوو منداڵی تازە

له دایك بوو له نێو كەنیسەی خەستەخانەكەدا وەك ڕێورەسمێكی ئاینی لەلایەن قەشەیەكەوە پیرۆز بكرێت[12]. دایك و باوكم و نەنك و باپیرەم لە نێو خەستەخانەكەدا بوون كاتێك قەشەكە قایل نەبووە لە دایك بوونەكەم پیرۆز كات، چونكە ناوەكەم " بریتا" ناوێكی ئاینی نەبووە! هەروەها دایك و باوكم قایل نەبوون لە جیاتی ئەو ناوە ناوی دیكەی وەك بریگێتا یاخود بریگیتم لێبنێن، باوكم ڕووی دەمی لە قەشەكە كردووە لێیپرسیوە داوای چی دەكات بۆ ئەوەی منداڵەكەی بە ناوی بریتا ناو بنێت و پیرۆزی كات؟ دیارە پەنجا ماركی ئەو سەردەمە لە ساڵی ١٩٦٠كە باوكم بە قەشەكەی داوە بڕە پارەیەكی كەم نەبووە تا قەشەكە ڕازی نەبێت بەوەی كە ئامادە بێت ناوەكەم قبوڵا بكات و كارەكەی خۆی ئەنجام بدات، باوكم هەمیشە بە پێكەنینێكی قوڵەوە پێم دەڵێت تەمەنت هەفتەیەك نەبوو كە یەكسەر بڕە پارەیەكی زۆر لەسەرمان كەوتیت! ناهەقیشی نەبوو ڕاستی دەكرد..

كەواتە بەڕاستی منداڵێكی تاقانەی تەواو بووم بە واتای خۆی، لە نێون خێزانێكدا گەورە بووم كە هەمیشە پارێزراو بووم و هەرگیز خەمی هەژاری و نەداری و بێ پارەیی نەبووە، بچوك و لاواز بووم، لە وێنە كۆنەكانمدا دەتوانیت باش ئەوە بەدی بكەیت دەموچاوێكی بچوكم هەبووە لەگەڵ دەمێكی درێژدا، دەمێكی درێژ پڕ بە واتای خۆی بە ڕوخسارو بە ڕاستیش، وزەیەكی زۆرم هەبووە كە دەبوو ئەم وزە زۆرە لە خۆمدا دەركەم ئەویشم بە ئەسپ سواری و سەمای بالی دەربڕیوە. بێ سەبرو بێ ئارام بووم كاتی خۆشی و ئێستاش هەر وام، هەمیشە ویستووەمە شتی نوێ تاقیكەمەوە و شتی نوێ فێر بم، خێرا جارس بووم و بێزار بووم لە شتەكان، هەرچەندە بە حەزو تینێكی زۆرەوە چوومەتە قوتابخانە، بەڵام هەستی ئەوەم هەبووە كە خوێندنەكەم زۆر هێواش دەڕوات.خوێندن بۆ من زۆر ئاسان بوو، هەرگیز

12-لە ئاینی كریستیاندا منداڵ كاتێك لە دایك دەبێت پاش ماوەیەك لە لایەن قەشەیەكی تایبەتەوە هەندێك ئاوی بەسەردا دەكرێت و لە دایك بوونەكەی پیرۆز دەكرێت، ئەمەش ڕێورەسمێكی ئاینیە و زیاتر وەك نەریتێكی لێهاتووە.... وەرگێڕ

خۆم سەرقاڵ نەدەکرد بە خوێندن و قوتابخانەوە هەموو شتەکان خۆیان هەروا بەڕێوە دەچوون. دایك و باوکم و مامۆستاکانیش بەدەستمەوە گیریان خواردبوو، نەیاندەزانی چی بکەن بۆیە ئیتر بڕیاریاندا کە بمخەنە بەردەم پسپۆڕێکی دەروونناسی تا پشکنینی دەرونیم بۆ ئەنجام بدرێت، کە چوومە قوتابخانەی ئامادەیی ئەم خووەم هەروەك خۆی بوو.

هێشتا ئەو پشکنینەم لای پسپۆڕە دەروونناسەکە زۆر باش لە بیر ماوە، تەمەنم حەوت ساڵان بوو دەبوو کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی زۆر ئەنجام بدەم، وشەکاری، ژمارە و حسابکردن، وێنەکێشان، چیرۆك و حیکایەت گێڕانەوە، شتگەلێکی خۆش بوون، هەمووشیانم بە باشی ئەنجام دابوو، چونکە پاش ئاشکراکردنی دەرئەنجامەکە بە دایك و باوکمیان ڕاگەیاندبوو کە " کچەکەتان ژیری ئاست بەرزە[13] " لە سەردەمی ئێستادا کتێب و نوسراو لەم بارەوە یەکجار زۆرن، هەروەها پرۆگرامی تایبەت هەیە بۆ ئەو منداڵانەی کە ئەم دیاردەیەیان هەیە، ئەمە وێرای چەندەها ڕێکخراوی جیاواز بۆ دایك و باوکی ئەو منداڵانە بۆئەوەی بزانن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن، بەڵام لە ساڵانی شەستەکاندا شتێکی ئەوتۆ زۆر لەم بارەوە نەبوو کە بەرچاوی دایك و باوکان ڕونکاتەوە، قوتابخانەی تایبەت بەو منداڵانەش لە گۆڕێدا نەبوو یان بڵێین ئەم بابەتە فەرامۆش کرابوو، تەنها چارەیەك لەبەردەمی مندا ئەوە بوو کە پۆلێك یاخود ساڵێکی خوێندنم بۆ پێشخەن، ئەوێ دەمێ دایك و باوکم لە خۆمیان پرسی کە من لەو بارەوە چی دەڵێم و بۆچونم چیە، بەڵام من پێمخۆش نەبوو، چونکە من خۆم هەمیشە لە پۆلەکەمدا بچوکترین منداڵ بووم جا ئێستاش ئەگەر ساڵێکم پێشخەن ئەوە هاوڕێکانم هەمووی

---

13- Intellectual giftedness ئەمە دیاردەیەکی ژیریە نەك نەخۆشی، بەو کەسانە دەگوترێت کە ئاستی زیرەکی بەرزیان هەیە، زۆرجار ئەم دیاردەیە لە نێو منداڵدا وەك نەخۆشی سەیری کراوە، چونکە منداڵەکە لە سەرەتادا ئاسایی نایەتە بەرچاو، ئەلبێرت ئەنشتاین یەکێك بوو لەم کەسانە ئەو لە منداڵیدا تا درەنگانێك نەیدەتوانی قسان بکات و زۆر ئارەزوی قوتابخانەشی نەبوو... وەرگێر

گەورەتر دەبن بۆیە هەرگیز حەزم بەمە نەدەکرد هەروەها حەزم نەدەکرد کە هاوڕێکانم بەجێبێڵم، بۆیە بڕیارمدا لە شوێنی خۆمدا بمێنمەوە!

دایك و باوکم چەندین ساڵ دواتر ئەنجامی پشکنینە دەرونیەکەیان بۆ باسکردم، چونکە نەیاندەویست بەهۆی ئەو ئەنجامەوە من توشی لەخۆبایی بوون و سەرکێشی بم و بە چاوێکی نزمەوە سەیری منداڵانی دیکە بکەم، لە جیاتی ئەوە هەمیشە ئەوەیان بۆ ڕون دەکردمەوە کە زیرەك بوونی کەسێك واتای ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر هەست بە بەرپرسیارەتی بکات، ئەگەر لە کەسێکی دیکە باشتر بیت ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت هەمیشە لەپشت کەسانی دیکەوە بیت و ئاگات لێیان بێت ئەمە نەك تەنها لە قوتابخانە، بەڵکو دواتریش هەر وابوو. یەکێکی دیکە لەو دەرسانەی کە لە دایك و باوکمەوە فێر بووم ئەوە بوو کە سیاسەت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ژیانی ئەواندا چ ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، دایك و باوکم هەر لە گەنجیەوە چالاك و هەڵسوڕاوی سیاسی بوون و ساڵانێکی درێژە ئەندامن لە پارتی سوشیال دیموکراتی ئەڵمانیا - SPD- ئەوان هیچیان لە خێزانێکی دەوڵەمەندەوە نەهاتوون، بەڵام هەردوکیان لە ژیاندا سەرکەوتوو بوون و کاریان کردووە و پارەی باشیان دەستکەوت بووە، هەروەك چۆن کەسێك زیرەك بێت بەرپرسیاریەتی زیاترە بە هەمان شێوەش خۆشیان کە پارەیان زیاتر دەستکەوتووە بەرپرسیاریەتی زیاتریان هەڵگرتووە، بۆیە کە باری مادیان باش بووە خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئەو کەسانەی کەمتر دارا بوون – ئەمەش بە کاری خێرکردن نا-، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدا بوون بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ناتوانیت بکڕیت، بەڵکو دەبیت لە ڕێگای پەیوەندییە سیاسیەکانەوە بە کردەوە ئەنجامی بدەیت.

جیا لەمانەش بۆ ئەوان گرنگ بوو کە هەمیشە من ئەوەم لە یاد بێت کە پێگەشتن و پەروەردە بوونم لە ناو ئەو خێزان و پێگەیەدا هەروا لە خۆڕا دروست نەبووە بۆیە سەرباری ئەوەی کە دایك و باوکم دارا بوون و پارەیان

لەبەر دەستدا بووە، دەبوو من ئەوە بزانم کە خەڵکانی دیکە بۆ پەیداکردنی پارە زۆر ماندوو دەبن، بۆیە یەکەم پشووی خوێندن لە کارگەیەکدا کارم کرد کە باوکم بۆی دۆزیمەوە، ئەو کارەش بریتی بوو لە راوەستان و کارکردن لە سەر مەکینەیەك کە بانێکی هەبوو بەرهەمەکانی دەهێنایە بەردەمی کرێکاران، کارەکەم خۆش نەبوو، بەڵام دەرسی لێوە فێر بووم...

بەم جۆرە سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵی زۆر گرنگیان گێڕاوە لە پەروەردەی مندا، بۆیە بێگومان وەڵامێکی جوان دەبێت ئەگەر تۆ لەمن بپرسیت: کەواتە لەبەر ئەوە بووە بڕیارت داوە ماف و یاسا بخوێنیت و منیش لە وەڵامدا بە تۆ بڵێم "بەڵی بێگومان من ویستوومە ببم بە پارێزەر تا لەو رێگایەوە عەدالەت بە دەست بێنم" ئەمە وەڵامێکی جوانە بۆ ئەوەی لە رۆژنامەدا بڵاو بێتەوە، بەڵام بەداخەوە وا نیە ئەگەر وا بڵێم ئەوە راست ناکەم. لە راستیدا من لە پاش خوێندنی ناوەندی شتێکی ئەوتۆ لە مێشکمدا نەبوو کە بزانم دەمەوێت چی بکەم لە ئایندە، لە هەموو دەرسەکانمدا باش بوون نمرەکانی کۆتاییم لە هەموو وانەکاندا وەك یەك باش بوون باشی بابەتێکم نەدەدا بەسەر ئەوی دیکەدا، بەڵام بۆ راوێژکاری خوێندن لە قوتابخانە زۆر ئاشکرا بوو: بەم نمرە باشانەوە باشتر وایە بڕۆیتە کۆلێژی پزیشکی و ببیتە نوژدار. لەو کاتەدا لە ئەڵمانیا خوێندنی پزیشکی پێویستی بە نمرەی زۆر بەرزدەکرد، ئەو نمرانەی کە من هەمبوون پێویستی بەوە نەبوو کە ناوم بچێتە نێو لیستی چاوەڕوانی یاخود تیروپشکم بۆ بکرێت، بەڵکو من راستەوخۆ وەردەگیرام، لێرەوە راستەوخۆ شتێکم لا دروست بوو کە یەکلای کردمەوە: بڕیارمدا خوێندنی پزیشکی لە مێشکی خۆمدا دەرکەم...

ئیتر بولەری تەواو ئەمەیە: هەمیشە ئەگەر خەڵکانی دیکە پێیان باش بووبێت کە من ئەو شتە دەبێت بکەم، رێك بە پێچەوانەوە شتێکی دیکەم کردووە، هاوڕێکانم هەمیشە بە گاڵتەوە دەیانگوت " ئەگەر ویستت بریتا شتێك بکات ئەوە دەبێت رێك و رەوان شتێکی پێچەوانەی لێداواکەیت تا

ئەوەت بۆ بکات کە خۆت دەتەوێت!" ئەمە بێگومان بۆ گاڵتەیە و زل کراوە، بەڵام هەندێك راستیشی تێدایە، رقم لەوە دەبێتەوە بە لاوازی تەماشا بکرێیت و ئەگەر هەست بەوە بکەم پەراوێز دەخرێم زۆر سەرسەخت و کەلە رەق دەبم و مووی قژم بەرز دەبنەوە! هەڵبژاردنی خوێندنەکەم نمونەیەکی باشە بۆ ئەمە من خۆم هیچ شتێکم بەرامبەر بە خوێندنی پزیشکی نەبوو، بەڵام ئەو جۆرە هەڵبژاردنەم لا خۆش نەبوو..

ئایا ئەمە جۆرێکە لە دژە تەبا یاخود پارادۆکسی؟ بێگومان بە دڵنیاییەوە، بەقسەی خۆم دەکەم، ئەو رێبازە دەگرم کەخۆم بڕوام پێیەتی، بە ناخی خۆمدا شۆڕدەبمەوە، رەنگە لەبەر ئەمانە بێت کە مواریم خۆش دەوێت، مواریش بە هەمانشێوە بەرهەمی جۆرێکە لە دژە تەبا و پارادۆکسی، چونکە لە راستیدا مرواری بەرهەمی جۆرێکە لە نەخۆشی، جۆرێك لە هەوکردن لە نێو سەدەفەکاندا کەچی ئەو بەرهەمە جوانەی لێپەیدا دەبێت!

کێشەم بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نیە ئەگەر ملوانکەی مرواری وەك نەریتێك تایبەت بێت بە ژنانی بەتەمەن و کۆنزەرفەتیف، چونکە لەبەرامبەر ئەمەدا هەرگیز پێم باش نەبووە کە جۆرێك لە جل و بەرگ بکرێتە ئاماژە بۆ چەپی سیاسی، بۆ نمونە ئەگەر دەنگت بە چەپی سەوز دا ئەوە دەبێت جۆرێکی تایبەت بلوس لەبەرکەیت و پێڵاوێکی تایبەت لە پێ بکەیت، بە راستی ئەمانە هەموو شتی بێ واتان..

با یەکجاری خاڵە خراپەکانی دیکەی سروشتی خۆمت بۆ ریز کەم، باشتر وایە ئەوەش بڵێم کە من زۆر لەشت دەکۆڵمەوە و قیرسیچمەم هەروەك لە ئەڵمانیدا بە (NACHTRAGEND) ناوی دەبرێت. ئەگەر کەسێك مامەڵەی خراپم لەگەڵدا بکات هەمیشە لەبیرم دەمێنێ و لەمێشکمی دەرناکەم، ئەقڵم وەك ئەقڵی فیل وایـە، رێك وەك ئەو فیلەی کە لە

ڕێکلامەکەی رۆلۆ (ROLO)دا هەیە[14]، فیلێکی منداڵ لە باخچەی ئاژەڵان لەلایەن منداڵێکەوە گاڵتەی پێدەکرێت، منداڵەکە بسکیتێك نزیك دەمی فیلە بچوکەکە دەکاتەوە، بەڵام کە فیلەکە دەیەوێت بیخوات یەکسەر منداڵەکە بە گاڵتەو پێکەنینەوە دەیبات بۆ دەمی خۆی بەم جۆرە فیلە منداڵەکە زۆر تەریق دەبێتەوە و دەشکێت، چەندین ساڵ پاش ئەمە لە ئاهەنگێکدا کاتێك کە فیلەکەش و منداڵەکە ئیتر تەواو گەورە بوون، هەردوکیان یەکتر دەبیننەوە، بەڵام فیلەکە بۆی دەگەڕێتەوە و یەك زلەی باشی لێدەدات و تۆڵەی خۆی وەردەگرێتەوە.. منیش وەك ئەو فیلە وام، هەرگیز شتی لەو جۆرەم لە بیر ناچێتەوە!

بەم جۆرە خوێندنی پزیشکیم هەڵنەبژارد، بەڵام بۆچی ماف و یاسام هەڵبژارد لەبەر ئەوەی حساب و ژمارەی تیا نیە ؟ رەنگە ئەمە تارادەیەك رۆڵی هەبووبێت، نکوڵی لەوەدا ناکەم، بەڵام بە پلەی یەکەم کە خوێندنی ماف و یاسام هەڵبژارد بۆ ئەوە بوو کە پێویست نەکات بڕیار بدەم، چونکە لە ڕێگای ئەم خوێندنەوە دەتوانیت چەندین لایەن بگریت، دەتوانیت ببیتە دادوەر، پارێزەر، یاخود مافناسی کۆمپانیاکان، بەم جۆرە لەگەڵ خۆمدا گوتم ئەمە دەکەم و پاشان سەیردەکەم بزانم چۆن دەبێت، ئەمەش دیسان سروشتێکی (بولەر)ە کە هەمیشە دەڵێت(پاشان سەیر دەکەم بزانم چۆن دەبێت)، چونکە من زۆر باش نیم لەوەی بتوانم پلانێکی زۆر چڕ و ئاڵۆز بۆ ئاینده داڕێژم بۆیە هەمیشە دەڵێم ‹ با جارێ ئەمە بکەم پاشان سەیر دەکەم بزانم چۆن دەبێت›.

بەڵام بەراست ئەمە تەنها هۆکاری راستەقینە نەبوو بۆ هەڵبژاردنی ئەو خوێندنە، بەڵکو هۆکاری راستەقینەی دیکە هەبوون بۆ ئەوەی خوێندنی ماف و یاسا هەلبژێرم، لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکـردەوە کە بتوانم وەك دبلۆماسێك کار بکەم و خوێندی یاساش گونجاوترین شتە بۆ خۆ ئامادە

14- ئەمە یەکێکە لە رێکلامە جوان و بەناوبانگەکان، کە لە راستیدا رێکلامەکە بۆ بسکیتەکە دەکرێت، بەڵام ئەم چیرۆکەی لەگەڵدا پێشکەش کراوە. وەرگێڕ

کردن بۆ کاریکی لەو جۆرە، راستت پێ بڵێم ئەوە زیاترخەونێکی گەوجانەی تەمەنی لاویم بوو وەك ئەوەی ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی راستەقینە بێت بۆ ئایندە، لەو کاتەدا کتێبی زۆرم سەبارەت بە کەسایەتی و دبلۆماتە مێژووییەکانم دەخوێندەوە تالیراند (TALLEYRAND) و مەتەرنیش (METTERNICH)، دەمویست بێگومان جیهان بگۆڕم و کاریگەریم بەسەر مێژودا هەبێت. سەفەرێکی زۆر بکەم و وڵاتە دوورەکـان ببینم، ئەمانە بۆ من گرنگ بوون، بەڵام ئەو دەمە تەمەنم هەژدەساڵان بوو. وێرای ئەمانەش رەنگە رونتربێت ئەگەر باسی ئەوەش بکەم بۆچی زیاتر بڕیارمدا ماف و یاسا بخوێنم، تەنانەت لە کاتی خوێندیشدا هەر خولیای ئەوە لە مێشکمدا مابوو کاری دبلۆماسیەت بکەم، بەڵام سەرەنجام هەرگیز لێبڕاوانە هەوڵی ئەوەم نەدا بچمە هێڵی دبلۆماسیەوە، جارێ پێش هەموو شتێك حەزم بەوە نەدەکرد ببمە فەرمانبەر، چونکە ئەم کارەم زۆر لا سڤیل بوو، دووەم خاڵیش ئەوە بوو کە ئەو دەمە کـۆل(KOHL) بوو بە راوێژکاری ئەڵمانیا و من لەخۆم رانەدەبینی کە بەراستی بمەوێت کار بۆ ئەو بکەم..

من لە خوێندنی ناوەندییەوە چالاکڤانی رێکخراوی ڤاڵکن سەر بە لاوانی پارتی سوشیال دیموکرات (SPD) بووم، ئەمە سەرەتای ساڵانی هەفتاکان بوو کە سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم هاوپەیمانی چەپ- لیبراڵ بوو لە ئەڵمانیا. لەو دەمەدا لە دایك و باوکمەوە فێر بووم کە لەو رێگایەوە دەبێت سیاسەتی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی رادیکالانە بگۆڕێت و چاك بکرێت، ویللی برانت (WILLY BRANDT) نمونەی بەرز بوو، کەسایەتی ئەو، ئامانجە سیاسیەکانی، وە ك زۆرێك لە خەڵکی منیش زۆر پێمخۆش بوو کە خەڵاتی نۆبلی بۆ ئاشتی پێدرا. لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا من هێشتا بۆم نەبوو دەنگ بدەم، بەڵام لە کاتی دووەم بانگەشەی هەڵبژاردندا چاکەتێکم لەبەر کردبوو کە بەگەورەیی ناوی ویللی لەسەر نوسرابوو...

پـاش ویللی برانت سەرەتا جێگرەوەکەی ئـەو هێلموت شمیت

(HELMUT SCHMIDT) تاکە نمونەم بوو، لایەنگرو هاوسوزی بووم زۆر بە بڕواوە وەك (ترپەی دڵی چەپایەتیم) ناوم دەبرد، بەڵام وەك زۆرێك لە خەڵکانی دیکە هیواو چاوەڕوانیە گەورەکانی من لە حکومەتی چەپەکان لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا رەوینەوە و توشی نا ئومێدیان کردم، پارێزگاریکردن لە دەستور، حوکمی رادیکالانە، بڕیاری پارێزگاری ناتۆ[15]...هتد

بارودۆخەکە لە جیاتی ئەوەی بەرەو باشتر بڕوات خراپتر دەبوو، لە پاشاندا بێگومان گەشتمە ئەو بۆچونەی کە حکومەتی (SPD) ئەوکاتە دووچـاری بارودۆخێکی ئاڵۆز هاتبوو –بارودۆخی ئابوری لە ئەڵمانیا خراپتر ببوو هەروەها هێرشەکانی رێکخراوی بادر- ماینهۆف (-BAADER MEINHOF) و راف (RAF[16]) کاری حکومەتی چەپەکانی گرانتر کردبوو- بێگومان لە تەمەنی هەڤدەو هەژدەساڵیدا مرۆڤ کەمتر دانایە و زیاتر چاوەڕوانی روداوی کتوپڕو خێرا دەکات..

بەمجۆرە هەموو شتێك دەگۆڕا، پارتە چەپە مەدەنیەکان بەرەو خراپتر دەچوون و وەك راستەکانیان لێدەهات، دەبوو منیش بەرامبەر بە دایك و باوکم بوەستمەوە، بەڵام ئەم کارەش هیچی لێسەوز نەدەبوو، چونکە ئەوان تازە چەپ بوون، کەواتە دەبوو چی بکەم؟ هەڵگەڕانەوە بەرەو لای راست هەرگیز بۆ من ئەلتەرناتیف نەبوو بۆیە هەوڵم دەدا هەر وەك

15- ئەم بڕیارە کە بە ئینگلیزی بە بڕیاری جوت پاریزگاری (double decision) ناسراوە، لە رۆژی ١٢ی دیسێمبەری ١٩٧٩ لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ مۆرکرا بۆ ئەوەی ٥٧٢ رۆکێتی مەودا ناوەندی تاك کڵاوەی ئەتۆمی ئەمەریکی لە ئەوروپا جێگیر بکرێت، ئەمەش وەك پەرچەکردارێك بەرامبەر بەوەی کە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لەو کاتەدا رۆکێتی /SS 20 ی لە ئەوروپای خۆرهەڵات جیگیر کردبوو- وەرگێڕ-

16- بۆ تێگەشتن لە رێکخراوی راف و بادرماینهۆف بڕوانە فەرهەنگۆکی ئەم کتێبە لە دوا بەشدا – وەرگێڕ

چەپێك بەرامبەر بە دایك و باوكم بوەستمەوە: دژی ئیسرائیل بم و لەگەڵ فەلەستینیەكاندا بم، دژی ئەمەریكا بم و لەگەڵ یەكیەتی سۆڤیەتدا بم..

ماركس (MARX) و لینین (LENIN)م خوێندەوە، خەونم بە شۆڕشێكی ئاشتی خوازانەی جیهانیەوە دەبینی، زۆر سەرسام بووم بە رۆزا لوكسۆمبورگ (ROSA LUXEMBURG) لە هەوڵ و بەشداریەكانیدا لە سەرو هەمووشیانەوە بە شێوازی روناكبیرانەی ئەو لە تێكوشان و خەباتیدا. ئامانجە سیاسیەكانی رێكخراوی راف (RAF) بە دڵنیاییەوە سوزیان راكێشابووم، هەر كاتێكیش بمویستایە دایك و باوكم لەخاڵێكدا بگرم ئەوا دەمگوت (بادرماینهۆفم پێباشترە لە فرانس جوزیف ستراوس – FRANZ JOSEF STRAUSS -)، بەڵام كارە توندوتیژەكانی ‹راف› م بە هەموو شێوەیەك رەت دەكردەوە، ئەوە چارەسەر نەبوو بۆ رەوشەكە...

لە لایەكی دیكەشەوە شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەكانم لە دژی ئەندامانی رێكخراوی بادر- ماینهۆف زۆر بە ناپەسەند دەبینی. تێنەدەگەشتم چۆن دەبێت رێبازێكی ئەوها لە نێو بزوتنەوەیەكی چەپدا سەرهەڵبدات، هەمیشە رۆزا لوكسۆمبۆرگ جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كە (ئازادی هەمیشە بریتیە لە ئازادیەك بۆ بیركردنەوەی ئەوانی دیكەش)، كەچی - SPD – لەو باوەڕەدا بوو كە ئەم رێچكە فۆرمێكی بنەڕەتیە لە سیاسەتی ئەو، بەڵام بەداخەوە من گەیشتمە ئەو بڕوایەی كە ئەم مۆدێلانە كاتێك برەویان سەند كە پارتی - SPD – هێشتا لە ئۆپۆزیسیۆندا بوو، بەڵام كە خۆیان هاتنە نێو دەسەڵاتەوە راستەوخۆ هیچی نەما بۆیە هەموو ئەو نمونە بەرزانەی كە من بۆ چەپم دانا بوو لای خۆم تەنانەت بۆ ئایدۆلۆجیای سوشیال دیموكراتیش لە كاتی پرۆسەكانی دژبە ئۆتۆ شیللی (OTTO SCHILY) پارێزەرو راوێژكاری گودرون ئینسلین (GUDRUN ENSSLIN) بوو بە نمونەی بەرزم.

لە كۆتاییدا گەشتمە ئەو دەرئەنجامەی كە باشتر وایە بە تەواوەتی سیاسەت فەرامۆش بكەم بە چەپ و راستەوە، لەم بارەشەوە من تەنها

کەس نەبووم، پێم وابێت بێزاربوون لە سیاسەت بە بیرکردنەوەیەکی نمونەیی هەژمار دەکرێت بۆ سەرەتای ساڵانی هەشتاکان هەروەها چەندەها هاوڕێی دیکەشم هەبوون کە رێك وەك من بیریان دەکردەوە لەو ماوەیەدا، دواتر بە راستی بۆم دەرکەوت کە پێداویستی من بە خۆ تەرخانکردن بۆ شتێك کە من بە (هۆکارێکی گونجاو) ی بزانم چیدی نەماوە سەرباری ئەوەش پێویستم بەوە بوو کە رێگایەك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ئەو پێداویستیە بەدی بهێنم، بەڵام ئەمەم زۆر درەنگ بۆ رۆشن بۆوە..

ئێستاش پاش هەموو شتێك زەحمەتە کە بتوانم ئەو رەوشەی کە بەسەر من و هاورێکانمدا هاتبوو بگێڕمەوە، ئەو بارودۆخە بەتەواوی جۆریك لە روبەڕووبوونەوەی قەدەر بوو سەبارەت بە ئایندە کە تێهەڵکێشی کۆمەڵێك راستی بوون لە ژیاندا بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە، بە پێچەوانەی هاوتەمەنەکانی خۆمانەوە ئێمە بێزارو پڕ بووین لە بارودۆخەکە لە لایەکەوە هیچ شتێك و هیچ کەسێك بە جدی شتەکانی وەرنەدەگرت تەنانەت خۆشمان، لە لایەکی دیکەشەوە چەندین جار بەدرێژایی شەو بە جدی و راشکاوانە باسمان لە هەڕەشەکانی وەك جەنگی ئەتۆم و پیسبوونی ژینگە دەکرد. زۆر لەوە دڵنیا بووین کەسمان تەمەنی بیست و پێنج تەواو ناکات و گشتمان دەبینە قوربانی تەقینەوەی بنکەیەکی ئەتۆمی یان دەبینە قوربانی سەرۆکێکی گەمژەی ئەمەریکا کە لەپڕدا بە پێویستی دەزانێت پەنجە بە دوگمە سورە بەناوبانگەکەدا بنێت، بۆیە خوازیاری ئەوە بووین کە ئەگەر مرۆڤ دەبێت بمرێت ئەوە با مردنێکی بەڕێز بمرێت. بایەخمان بەخۆمان زیاتر دەدا، بە ترسێکی زۆرەوە باسی ئەو جۆرە جل و بەرگانەمان دەکرد کە بۆ کاتی رودانی کارەساتەکان گونجاون، وێرای هەموو ئەم دڵنیابوونەش لە کۆتایی و تیاچوون، کەچی بەردەوام بووم لەسەر خوێندن و تەنانەت پێشکەش کردنی دکتۆراکەشم...

هەر تاکێك لە ئێمە کە جاران چالاك بوو لە بواری سیاییدا خۆی لە سیاسەت دوورخستەوەو وازی هێنا، سیاسەت گەمەیەکی پیس بوو کە تەنها مرۆڤە پیسەکان دەیانکرد، ئێمە نەماندەویست چیدی لەو گەمەیە بەشدار بین، هیچی تر بەردەوام نەبووین وەستاین، لە سەرو ئەمانەشەوە کەسێك وەك تاك هیچ شتیك بەدەست ناهێنێت، هەموو هەوڵێکی سیاسی بێ سەرەنجام دەمایەوە. ئەو بۆشایەی کە لە ژیانماندا پەیدا ببوو بە شێوەیەکی کاتی بەوە پڕمان دەکـردەوە کە تێکەڵاوییەکی سەرنجڕاکێش بێت لە پشتگوێخستن و ژیان بەرێکردن، کتێبی (BRAVE NEW WORLD[17]) مان شان بە شانی نۆسترادامۆس(NOSTRADAMUS[18]) دەخوێندەوە، ئەمە وێرای کتێبەکانی (CASTANEDE[19]) و کتێبی (GLOBAL[20] 2000).

بە تێپەڕبوونی نیوەی دووەمی هەشتاکان سروشتی ئەم ژیانە وردە وردە دەستی بە گۆڕان کرد، خوێندم تەواو کردبوو، ساڵێکم بۆ خوێندن لە ئەمەریکاش بەسەربردبوو، نامەی دکتۆراکەشم خەریك بوو تەواو دەکرد، ئیتر پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد کە پاشان چی بکەم. پێشبینی ئەوەی کە ناگەینە تەمەنی بیستوپێنج راست دەرنەچوو بۆیە دەبوو ئیتر وردە وردە

17- Brave New World ئەم کتێبە رۆمانێکە لە ساڵی ١٩٣٢ لە لایەن نوسەری بەریتانی (Aldous Huxley) نوسراوە، باس لە چۆنیەتی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو راژیونالیزم – ژیربێژی یاخود لۆژیك- کە چۆن لە ئایندەدا زاڵ دەبن بەسەر ژیانی مرۆڤدا دەکات.. وەرگێڕ

18- نوسترادامۆس یەکێکە لەو کەسە بەناوبانگانەی کە پێشبینی هەندێك لە روداوەکانی ئایندەی کردووە لە نێوان ساڵانی 1550 – ١٥٦٦ دا ژیاوە بە بنەڕەت فەرەنسیە.. وەرگێڕ

19- Castanede نوسەرێکی ئەمەریکە چەند کتێبێکی سەبارەت بە سحر و جادووکردن نوسیوە. وەرگێڕ

20- ئەم کتێبکە کە پێشتر وەك راپۆرتێك لە ساڵی ١٩٧٧ پێشکەش سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر کراوە تیایدا باسی ژیان و مرۆڤایەتی دەکات لە ساڵی ٢٠٠٠دا.. وەرگێڕ

بیر لەوە بکەمەوە کە لە داهاتوودا چی بکەم. بۆ خوێندنەکەم ئەوکاتەی لە ئەڵمانیادا بووم دەبوو ستاژە بکەم، بۆیە لە نوسینگەیەکی پارێزەری کارم دەکرد، هەر لەوێش بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات:

کاری پارێزەری ! پێدەچێت ئەمە شتێکی گونجاوبێت بۆ من!، بەڵام بە داخەوە دەبێت ئەوە بڵێـم کە بایەخدان بە کەلوپەلەکانی نوسینگەو دەرخستنی بە شێوەیەکی شیك زۆرجـارن لە نـاوەرۆك و بابەتی کارەکە گرنگتر بوون، بەڵام بەراستی ئەم جۆرە بارودۆخەش بۆ ئەو کاتە گونجاو بوو.. کۆتایی ساڵانی هەشتا تەنها واتای ئەوەی نەدەبەخشی کە قۆناغی نادیاری و نا رۆشنی ئاینده تەواو بووە،بەڵکو لەهەمان کاتدا ئاماژەیەك بوو بۆ دەستپێکێکی نوێ: سەرەتای قۆناغێکی چالاك و گەرم کە منیش بە کامەرانیەوە لەگەڵیدا بەڕێکەوتم. تواناکانم زیادیان کرد، پارەم پەیدا کرد، ئەمانە هەمووی پێکەوە لە پڕدا پەیدا بوون، من لە نوسینگەیەکی مەزنی پارێزەریدا لە یەکێك لە بانکە میترۆپۆلەکانی فرانکفۆرت کارم دەکرد، رێنوێنی و ئامۆژگاریم پێشکەش بە خەڵکانی دەوڵەمەند دەکرد، مانگانەیەکی باشم وەردەگرت، نوسینگەیەکی جوان، سکرتێری تایبەتی خۆم هەبوو، هەندێك جار خۆم زۆر بە گرنگ دەزانی کە دەمەو بەیان بە قاتەوە بۆ کار دەچووم.. ئێواران پاش دە یاخود دوازدە کاژێر کار دەگەڕامەوە ماڵەوە بە نیوە مردوویی دادەنیشتم، بەحاڵ دەمتوانی تۆزێك سەیری تەلەفزیۆن بکەم هەندێك جار بێزاردەبووم و دەکەوتمە گومانەوە کە سبەی لەسەر ئەو کارە بەردەوام بم، لەخۆم دەپرسی: ئەرێ بۆ خاتری خوا من چی دەکەم؟ کەچی رۆژی دواتر دیسان دەچومەوە بۆکارو بەردەوام دەبووم...

پێش ئەوەی وەڕس بوون تەنگم پێهەڵچنێت و توشی گرفت و بێزاری بم رێکەوت بەهانام هات و یارمەتیدام، ئەو ساڵەی کە لە ئەمەریکا خوێندم، پارێزەرێکی هۆڵەندیم ناسی، پاش ئەوەی ساڵێك لە فرانکفۆرت کارم کرد داوای کردم و خواستمی پاش نیو ساڵی دیکە واتە لە ساڵی ١٩٩١ کارێکم لای

(LOEFF CLAEYS VERBEKE) کە نوسینگەیەکی گەورەی پارێزەری بوو لە ئەمستەردام دۆزیەوە، بەبێ ئەوەی زۆر بیری لێبکەمەوە یەکسەر بەرەو هۆڵەندا گواستمەوە، دیارە ئەمەش دیسانەوە نیشانیدا کە بولەر خۆیەتی و ئەوە سروشتەکەیەتی...

خۆشبەختانە زۆر بیرم لەم هەنگاوە نەکردەوە دەنا بە راستی هەرگیز لە ژیانمدا کاری وام نەدەکرد، کە هاتمە ئێرە یەك وشە هۆڵەندیم نەدەزانی، هیچی ئەوتۆشم لەسەر ئەم وڵاتە نەدەزانی، هۆڵاندا بۆ من تەنها لە پەنیرو گوڵی توڵپدا ناسراو بوو هیچی دیکە... هەروەها گواستنەوەکەم بۆ هۆڵاندا بۆ یەکەمجار تا ماوەیەکی درێژ ئەوەی لە کۆڵ کردمەوە بیر لە کارەکەم بکەمەوە کە داخۆ باشە یان نا رەنگە ئەمەش بە ئانقەست نەبووبێت، بەڵام دەکرێت ئامانج بووبێت...

لەبەر ئەوەی زانیاریم زۆر لەسەر هۆڵەندا نەبوو زۆر ساویلکانە لەو باوەڕەدا بووم کە: هۆڵەنداو ئەڵمانیا زۆر لە یەکەوە نزیکن، بە دڵنیایشەوە زۆر لەیەکتر جیاواز نین تەنها ئەوە نەبێت کە زمانەکە جیاوازە، بۆیە یەکسەر هەوڵمدا خۆم فێری هۆڵەندی بکەم، لەو شوێنەی کارم دەکرد (LOEFF) زۆربەی کارەکانمان کەیسی نێونەتەوەیی بوون بۆیە زۆربەی هەرە زۆری کارەکان بە ئینگلیزی بەڕێوە دەچوون، بەڵام من خۆم پێمخۆش بوو بە زووترین کات فێری زمانەکە ببم، هەوڵمدا یەکسەر بە هۆڵەندی قسان بکەم، سەرەتا هەڵەم زۆر دەکرد، بەڵام لەو باوەڕەدا بووم کە هیچ کەس ئەمەم لێناگرێت، من هەرگیز بۆ فێربوونی هۆڵەندی کۆرسم نەخوێند، تەنانەت لە سەرەتادا فەرهەنگیشم نەبوو، بەڵام من بەهۆی گوێگرتن و قسەکردنەوە خۆم رادەهێنا ئەو وشانەی کە نەمزانیبا واتەکەی چیە فۆنەتیکەکەیم دەنوسی و ئێوارە لە فکتۆری هاوسەرم دەپرسی تا بۆم شیکاتەوە، هێشتا من یەکەم وشەم لە یاد ماوە کە واتەکەیم نەدەزانی و نوسیبوومەوە ئەویش وشەی (بەخشین لە باج) بوو،،چونکە ئەم وشەیە زۆر لە کەیسەکاندا دووبارە دەبۆوە و فرەم بەسەرەوە

نەبوو، نەمدەزانی مەبەست لەوە چیە، بەڵام من زۆر بە باشی هەوڵەکانی خۆم چڕ کردەوە و پاش ساڵێك ئیتر دەتوانم بڵێم هۆڵەندییەکی پاك فێر بووم، حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم کە زۆر شانازیم بەوە دەکرد...بەمجۆرە زمانەکە گرفت نەبوو، هەروەها بڕگە یاساییەکانی هۆڵەنداش زۆر کێشە نەبوون، پرنسیپەکان هەر هەمان پرنسیپەکان بوون بە ئەڵمانی تەنها ئەوەم پێویست بوو کە ژمارەی بڕگە یاساییەکان لەبەر کەم رەنگە ئەمە سادەکردنەوەیەك بێت، بەڵام سەرەنجام توانیم لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەڵمانیا فێری بووم یەکیانخەم. لە راستیدا تاکە گرفتی راستەقینەی من لەوەی کە هەست بکەم هۆڵەندا وەك ماڵی خۆمە گرفتێك بوو بە تەنها لە لایەك و هەموو ئەوانی دیکەش لە لایەکی دیکە...

کە هاتمە هۆڵەندا نەمدەزانی بۆ نمونە کە زۆر هۆڵەندی حەزیان بە چارەی ئەڵمانی نەدەکرد، ئەمە بە تەواوی بۆ من شتێکی تازە بوو، بۆ یەکەمجار بوو گوێم لە وشەی (MOF[21]) بێت و نەشمدەزانی مەبەست لەو وشەیە چیە، هەروەها دەبوو ئەو هەموو نوکتانەی دژی ئەڵمانیا هەیە لە هۆڵاندا تێبگەشتمایە، بۆ نمونە ئەڵمانیەکان دەکێشن بە هێلکە شەیتانۆکەداو بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن بیکەرەوە (AUFMACHEN[22])، هەروەها نەمدەزانی بۆچی هەمیشە داوام لێدەکرا کە پاسکیلی نەنکی کەسێکی دیکە بدەمەوە[23]،

21- ئەمە وشەیەکە وەك جنێو بە ئەڵمانیەکان دەگوترێت لە هۆڵاندا، دیارە ئەمە لە بەرهەمی ئەو رق و کینەیە بوو کە جەنگی جیهانی دووەم لە نێوان ئەڵمانیا و هۆڵەندا دروستیکرد.. وەرگێڕ

22- aufmachen ئەمەش یەکێکە لەو وشانەی کە لە جەنگی جیهانیەوە ماوەتەوە، سەربازە ئەڵمانیەکان فێر بوون هەمیشە بەدەنگی بەرز داوای کردنەوەی شتێکی داخراو بکەن بۆ نمونە جانتاکەت بکەوە، دەرگاکە بکەرەوە، پەنجەرەکەت بکەرەوە...هتد وەرگێڕ

23- دیارە ئەمەش وەك گاڵتە پێکردنە بە ئەڵمانەکان، چونکە لە کاتی جەنگی دووەمی

زۆر شتی دیکەی لەم بابەتە، بۆ نەگبەتی من پاش دووساڵ مانەوەم لە هۆڵاندا جامی ئەوروپای تۆپی پێ لە نێوان ئەڵمانیا و هۆڵەندا کرا، مەبەستم ئەوەیە کە من هیچم بەرامبەر بە دووگوڵی نیە، بەڵام ئەمەش یارمەتی نەدام، چونکە دەبوو ئیتر ئەوە تێبگەم کە دووگۆڵی لە نێوان ئەڵمانیا و هۆڵەندا هەستی نەتەوەیی دەبزوێنێت!

ئەوجا سەرەتای ساڵی نەوەدەکان بوو لە گەرماو گەرمی شەڕی کەنداودا، رەنگە ئەمە بۆ زۆر کەس تۆزێك ئارام تر بووبێت لە دووگۆڵێ، بەڵام بۆ ئەڵمانەکان ئەمە نەگبەتی و قوربەسەرییەکی دیکە بوو لە نوکتەو گاڵتە پێکردن: ئەگەر ئەڵمانیا لە شەڕەکەدا بەشدار بووایە ئەوە بێگومان شەڕانگێز و ملهوڕ ناو دەبرا کە هیچ دەرسێك لە جەنگی دووەمی جهیانیەوە فێر نەبوون، ئەگەر بەشداریشمان نەکردایە ئەوە ترسنۆك بووین و ئامادە نەبووین هێشتا بەرگری لە جولەکەکان بکەین. سەبارەت بە من ئەو رەوشەی کە تێکەوتبووم وەك ئەڵمانیەك لە هۆڵاندا مایەی پێکەنین بوو. لە ئەڵمانیا چارەی ئەو کەسە کۆنزەرفەتیڤانەشم نەدەویست کە فێر بوون تەنها بیرەو خواردنەوەی رەسەنی ئەڵمانیان دەخواردەوە، من لە ئەڵمانیا زیاتر خۆم بە بێگانە دەبینی وەك لەوەی ئەڵمانی بم،

بەڵام لەبەر ئەوە هەستە دژ بە ئەڵمانیایەی کە بەردەوام لە هۆڵاندا توشم دەبوو زۆر جار پێویستم بەوە دەبوو کە بەرگری لە ئەڵمانیا بکەم، زۆر سەیر بوو من هەرگیز خۆم هێندە بە ئەڵمانی نەزانیوە وەك لە هۆڵەندا توشی بووم..

بەمجۆرە لە سەرەتادا کە هاتمە هۆڵاندا توشی گرفت و زەحمەت هاتم، بەڵام بە دڵنییایەوە ئەمە واتای ئەوە نیە کە تەواو بێزرابێتم و وەڕس بووبم،

---

جیهانیدا سەربازە ئەڵمانیەکان بۆ راکردن و خۆ دەربازکردن پاسکیلێکی زۆریان دزی و بە پاسکیل هەڵدەهاتنەوە بۆ ئەڵمانیا، بۆیە کاتێك هۆڵەندیەك بخوازێت تانە لە ئەڵمانیەك بدات ئەوە یەکسەر پێی دەڵێت (پاسکیلەکەی نەنکم بەرەوە)... وەرگێڕ

سەرباری ئەمەش هەندێك لە حاڵەتی هەستیار بوونم بەرامبەر بە هەستی دژ بە ئەڵمانیا لەوە وە سەرچاوەی گرتبوو کە من هەستم بە غەریبی دەکرد و بیری ئەڵمانیام دەکرد، من بیری ئەڵمانیام وەك وڵات نەدەکرد، بەڵکو بیری خێزانەکەم و زمانەکەم و هاوڕێکانم و خواردنەکانم دەکرد، زۆری خایاند تا من توانیم خۆم بە خواردنی (پاروی پەنیرو شیری خەست) وەك نانی نیوەرۆ، رابێنم، ئەگەر راستگۆبم هەتا ئێستاش ئەو شیرە خەستەم لا خۆش نیە، بەڵام ئیتر چی بکەین ئەوە شتێکی تەواو هۆڵەندییە...

ئەگەر سەبارەت بە هۆڵەندا و هۆڵەندیەکان کتێب بخوێنیتەوە و بتەوێت بزانیت (هۆڵەندای تەواو) چیە ئەوە بێگومان هەندێك وشە دێتە بەر چاوت کە زۆر دووبارە دەبنەوە لەوانەش (کۆمەڵگای سازاو)، (مۆدێلی پۆلدەر[24]) و کۆمەڵگای فرە ئەتینی یەکخراو، ئەم زاراوەی بۆ کەسێکی وەك من تازە بوون و تەواو هۆڵەندییانەن، ئەمە وێرای چەندین شتی دیکەی ورد کە هەمووی سەرنجت رادەکێشن ئەگەر ماوەیەکی کەم بێت گوستبێتەوە بۆ هۆڵەندا بۆ نمونە کەسێك داوەت کراوە بۆ خواردنەوەی قاوە کەچی ئەو لە جیاتی ئەوەی کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بێت کاتژمێر یازدە هاتووە! یان چۆن کەسێك بە خێسەوە سەیرت دەکات ئەگەر هاوتەمەنی خۆت بێت و تۆش لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێت (تۆ) بە (بەڕێزتان) بانگی بکەیت! یان سەیر دەکەیت سەرلەبەیانی رۆژانی دووشەممە هەرچی دوکان و بازاڕ هەیە داخراون!

من وا نەبێت لە هۆکاری (ئەمە[25]) تێنەگەم، بەڵام دیسان جێگەی

24- پۆلدەر وشەیەکی هۆڵەندیە بەو زەویانە دەگوترێت کە پێشتر ئاو بوون و وشك کراونەتەوە و کراون بە زەوی هەروەك ئاشکرایە هۆڵاندا روبەرێکی زۆری زەوی و وشکانی بۆ خۆی بەو شێوەیە دروست کردووە. وەرگێڕ

25- پێموابێت نوسەر وشەی (ئەمە)شی هەر لەرێزی شتە سەیرەکاندا بەکار هێناوە،چونکە هۆڵەندی وشەی (ئەمە) زۆر دەڵێ. وەرگێڕ

رامانە بە تایبەت ئەگەر تۆ یادی رۆژی لەدایك بوونت بێت لە جیاتی ئەوەی شیرینی وەرگریت دەبێ تۆ شرینی ببەخشیت، یان ئەو كارمەندانەی لەسەركار هاوڕێتن و نیوەڕوان دەچن هەوایەكی پاك هەڵمژن دەچن پیاسە دەكەن و دێنەوە، یان هۆڵەندیەكان هەموو شتەكان بچوك دەكەنەوە بۆ نمونە پارچۆكەیەك لە جیاتی پارچە، پارولكەیەك لە جیاتی پارو، كیژۆڵەیەك لە جیاتی كچ، بیرە چكەیەك لە جیاتی بیرەیەك، هاوڕێلكەیەك لە جیاتی هاوڕێ....

هەروەها هۆڵەندا بە چەندین شتی دیكەی تایبەت بە خۆی دەناسرێتەوە كە سروشت یاخود نەریت و رەوشتی هۆڵەندی تەواون بۆ نمونە ئەو رەشەبا توندەی كە سەرەتا زۆر بێزاری كردبووم، یان ئاهەنگی رۆژی پادشا و رۆژی شازادە[26]، بۆنەی یازدە شار[27]، دەنگوباسی رۆژانەی رەوشی هاتوچۆ[28] كە هەموو دەمەو بەیانێك دەخوێنرێتەوە یان شوێنە تایبەتەكانی گلدانەوەی ئۆتۆمبیل واتە كارپۆل (CARPOOLSTROOK[29])...

---

26- رۆژێكی تایبەتە بە پادشای هۆڵەندا كە لەو رۆژەدا تاجی پادشایەتی لەسەر ناوە، هەروەها رۆژێكی تایبەتیش بە شازادە هەیە.. وەرگێڕ

27- ئەم بۆنەیە وەك تقوسێكی ساڵانە وایە كە لە باكوری هۆڵاندا لە زستاندا ماوەی نێوان یازدە شار دەكرێتە پێشبڕكێی راكردن لەسەر سەهۆڵ بە پێڵاوی تایبەتی سەر سەهۆڵ. وەرگێڕ

28- هەموو بڵاڤۆكی دەنگوباسەكان رەوشی هاوتوچۆ لەسەر ئۆتۆبانەكان هاوتای رەوشی هەوا دەخوێنرێتەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی مرۆڤ بزانێت كام جادە گونجاوترە بۆ سەفەركردن یاخود بۆ چوونە سەر كار، لەم دەنگوباسەدا زۆر بە ووردی بارودۆخی هەموو جادەكان باس دەكرێت.. وەرگێڕ

29- ئەمە ئەو شوێنانەیە كە چەندین كەس ئۆتۆمبیلەكانی خۆیان تێدا گلدەدەنەوە و بە ئۆتۆمبیلی هاوڕیكانی خۆیان كە پێكەوە لەهەمان شوێن كاردەكەن دەچن بۆ ئیش ئەم

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ کلتوری ڕۆژمێریش بکەم، ئەمە هەر بە ڕاستی هۆڵەندییە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندەها وشەو دەربڕینی جیاواز لەم وڵاتـەدا ریز کراون کە بێگومان لە ژمـاردن و حسابکردن نایەن بۆ نمونە: با ڕۆژمێرەکەم دەربێنم، با رایکێشم، با بیکەمەوە، با ریزیان کەم، با یەکیانخەم، با ڕۆژمێرەکان لە پاڵ یەکدا دانێم، هەموو ئەم دەربڕینانەش مەبەستی تایبەت و گونجاوی خۆی هەیە، هەموو شتەکانیش دەبێت لەو ڕۆژمێرەدا کات و ڕۆژی بۆ تەرخان بکرێت و ژوانی تایبەتی بۆ دانرێت، ئەمە تەنها پەیوەندی بە کارەکەتەوە نیە، بەڵکو بۆ کاروباری دیکەش هەر وایە، بۆ نمونە بە یەکێك لە هاوڕێکانت بڵێ: پێتخۆشە ئەم ئێوارەیە پێکەوە بچین بۆ سینەما فلیمێك ببینین؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: بێگومان زۆر خۆشە، بەڵام با ڕۆژمێرەکەم بێنم بزانم، پاش ئەوەی ڕۆژمێرەکەی دێنێت پێت دەڵێت: هەفتەی داهاتوو کاتت هەیە؟ بەم جۆرە مەبەستم ئەوەیە کە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بیت هەر لەخۆتەوە کەسێك قایل کەیت ئەم ئێوارەیە بەبێ ئەوەی پێشتر ژوانت لەگەڵدا دانابێت لەگەڵتا بێت بۆ سینەما. کە تازە هاتبووم بۆ هۆڵاندا وامدەزانی کە پەنابردن بۆ ڕۆژمێرەکە ڕەتکردنەوەیەکی بەڕێزانەیە ئەگەر کەسێك حەز نەکات یاخود کاتی نەبێت بۆ ئەوەی پیکەوە بچینە دەرەوە، بەڵام ئێستا خۆم سێ ڕۆژمێرم هەیە دانەیەك بۆ ماڵەوە، دانەیەك بۆ کارەکەم، دانیەکیش لە ناو جانتاکەمدایە نەوەك بە ڕێکەوت کەسێك داوای ژوانێکم لێبکات بۆ ئەوەی پێکەوە بۆ سینەما بچین..

بەم جۆرە من قسوریم نەکرد بۆ ئەوەی خۆم لەگەڵ ژیانی هۆڵاندا رابێنم، زمانەکە فێر بووم، چەندە ڕۆژمێرکم کڕین و لە نوسینگەیەکی گرنگی پارێزەریشدا کارم دەکرد، یەکەم ساڵونیو یان دوو ساڵ زۆر شتێکی ئەوتۆ

---

کارە دیارە بە نۆرە ئەنجام دەدرێت و لە پێناو ئەوەدایە کە کەمترین قەرەباڵەغی بخرێتە سەر جادەکان و کەمترین بڕی دووەم ئۆکیسدی کاربۆن بڵاو بێتەوە ئەم وێرای ئەوەی کە هەرزانتریشە بۆ ئەو کەسانە خۆیان. وەرگێڕ

گرنگ نەبوو، خۆم سەرقاڵ کردبوو بە ناسینی هۆڵەندا و هۆڵەندیەکان بەم جۆرە کاتم زۆر نەبوو کە خۆم سەغڵەت بکەم یان بیر لە ماندوو بوون و وەڕسبوونی کار بکەمەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە هەمان ئەو هەستەم بۆ گەڕایەوە کە لە فرانکفۆرت تووشی بووم، بەڵام ئەمجارە بەهۆی خۆشەویستی یاخود گواستنەوە ناتوانم وەك جاری پێشوو هەر هیچ نەبیت بە شێوەیەکی کاتیش بێت بتوانم گرفتەکە چارەسەربکەم، ئەمجارە دەبێت خۆم چارەسەر بدۆزمەوە...

ئەو دەمە بۆ سێ ساڵان دەچوو کە من لە نوسینگەی (LOEF) دەستبەکار بووم، بە شێوەیەکی گشتیش کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچوون، من بە زۆری کارم بۆ (LEO SPIGT) دەکرد، ئەو دۆسیەی زۆر گرنگ و خۆشی بە دەستەوە دەگرت بۆ نمونە وەك ئەو دۆسیەیەی دژ بە خێزانی (VAN DER VALK) بەڕێوە دەچوو یان ئەوەی کە دژی (JOEP VAN DEN NIEUWEENHUIJZEN) بەڕێوە دەچوو..

لەگەڵ (LEO) زۆر بە باشی دەمتوانی کارەکانم راپەڕینم، لەگەڵ ئەودا زۆر شت فێر بووم هەروەها زۆریش لەگەڵیدا پێکەنیوم. لە راستیدا ئەم و پارێزەرەکەی دیکەش (EBEL MAGNIN) کە کارم بۆ دەکرد، هۆکاری ئەوە بوون کە من بۆ ماوەی سێ ساڵ بتوانم لەوێ کار بکەم، چونکە من هێشتا زۆرجار پرسیارم لەخۆم دەکرد کە داخۆ من کارێکی گرنگ و بەسود بۆخۆم دەکەم یان تەنها ئەوەیە کە پارەی باش وەردەگرم و دۆسیەی گرنگ بە دەستەوە دەگرم.

لە بەهاری 1994 دا من لە لایەن رێکخراوی (پارێزەر بۆ پارێزەران[30]) هەڵبژێردرام کە بۆ چەند هەفتەیەك بەرەو باشوری ئەفریکا بەڕێکەوم، لەو

30- ئەم رێکخراوە ساڵی ١٩٨٦ لە هۆڵەندا دروست بوو، ئامانجیش لە دروستبوونی ئەم رێکخراوە ئەوە بوو کە هاوکاری هەمەجۆرە پێشکەش بە پارێزەرانی وڵاتانی دیکە بکات- وەرگێڕ-

دەمەدا ئەو وڵاتە سەرقاڵی ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانە بوو، ئێمەش کارمان ئەوە بوو کە لە نزیك (جۆهانس بێرگ) ە وە وەك چاودێری پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەین. لە راستیدا ئەوەی لەوێ بۆمان پێشهات زۆر ناخۆش بوو، بەڵام بۆ من ئەم کارە وەك چاوکردنەوەیەك بوو، لانیکەم لێرە شتێك ئەنجام دەدەیت کە دەیبینیت، چونکە زۆر دەمێك بوو من بیرم لەوە دەکردەوە کارێك بکەم کە سود و ئەنجامی هەبێت، بۆ ساتێکیش بیرم لەوە کردەوە کە بۆ هەمیشە لەوێ کار بکەم، بەڵام خێرا بڕیارمدا ئەو کارە نەکەم یەکەم هۆکار ئەوە بوو کە خوازیار نەبووم ‹ ئەوروپیە سپیەکان› لەوێ رۆڵی ئەوە ببینن کە ‹رەش پێستە داماوەکان› رابەری بکەن و فێریان کەن چۆن کارەکان بکەن، دووەم هۆکاریش ئەوە بوو کە لەگەڵ خۆمدا دەمگوت: ئەمەش تەنها سەفەرێکە وەك گواستنەوەکەم بۆ هۆڵەندا وایە لە جیاتی ئەوەی گرفتەکانی خۆم چارەسەر بکەم بۆخۆم سەفەری دەرەوەی وڵات دەکەم، بە واتایەکی دیکە دەمگوت: دەبێ بگەڕێمەوە بۆ هۆڵەنداو لەوێ بڕیاری خۆم بدەم...

ئەمەشم بۆ نەکرا، چونکە هەستێکی زۆر روونم هەبوو کە من شتێکی بنەڕەتی لە کن (LOEF) لە دەست دەدەم، بەڵام خۆشم نەمدەزانی ئەو شتە چیە ئەمە سەرباری ئەوەی کە نەمدەزانی ئەگەر لەوێ واز لە کار بێنم پاشان دەبێت چ کارێکی دیکە بکەم، رەنگە ئەمەش خەتای خۆمی تێدا بێت کە نەمدەتوانی لە هیچ جێگایەکدا ئارام بم و بە کارێك قایل بم یان رەنگە حەزم لەوە کردبێت زیاتر شتەکان بە ئاسانتر بێنە بەردەست، بەڵام ئەوەی کە بۆمن ئاشکرا ببوو ئەوە بوو کە هێشتا خولیای پێشکەوتن و کاری باشترو بەسودتر لە سەرمدایەو دەبێت شتێکی دیکە یاخود چارەسەرەیێك بدۆزمەوە، سەرەتا هەوڵمدا ئەو چارەسەرە لە دەرەوەی کارەکەی ئێستامدا بدۆزمەوە بەتایبەت چارەسەرێك بێت بۆ کاتی دەستبەتاڵیم.

لە رێکخراوی ئاشتی سەوز (GREENPACE) و پارێزەر بۆ پارێزەران

و چەند ڕێکخراوێکی دیکە بۆ هاوکاری یاسایی بوومە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر، بەڵام لە ئاکامدا گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە هێشتا ناتوانم خۆم بەوە قایل بکەم و بڵێم (کەواتە دۆزیمەوە کارەکەی خۆم دادەنێم بۆ پارە پەیداکردن و لە کاتی دەستبەتاڵییدا کارێکی بەسود تر دەکەم).

بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو، چونکە لەو شوێنەی کە کارم دەکرد لای (LOEF) داوام لێکرا کە ببم بە ئەندام و هاوپشك لە بەڕێوە بردنی نوسینگەکە (واتە لەمەو بەدوا نەك وەك پارێزەرێك کار بکات بۆ ئەو کۆمپانیایە، بەڵکو خۆی ئەندامی هاوبەشی کۆمپانیا پارێزەریەکە بێت- وەرگێڕ) ئەمەش بێگومان هەلێکی زێڕین بوو کە هەر لە خۆڕا هەڵنەدەکەوت، هەلێکی زێڕین بوو بە تایبەت لە رووی داراییەوە بۆیە راستگۆ نابم ئەگەر بڵێم ڕەتکردنەوەی ئەمەو بڕیاری قبوڵ نەکردنی کارێکی ئاسان دەبێت بۆمن، لەوەش زیاتر پێموابوو کە بەرز بوونەوەی ئاساتی داراییم شتێکی یەکجار خۆش دەبێت، بوون بە شەریك لە نوسینگەیەکی ئەوها بەناوبانگ کەم نیە بۆیە هەموو دۆست و هاوڕێیانم ئەو کاتە دەیانگوت: ئەگەر ئەوە نەکەیت دیارە شێتیت، چەند ساڵێك لە گەڵیاندا بە ئەگەر بەدڵت نەبوو پاشان دەتوانیت بوەستیت، بەڵام سەرەنجام گفتوگۆیەك لەگەڵ باوکمدا شتەکەی یەکلا کردەوە. دایك و باوکم لەو باوەڕدابوون کە شتێکی زۆر باشە ئەگەر بتوانم لە کارەکەمدا هەمیشە پێشکەوم بۆیە داوایان لێکردم لەم بڕیارەدا پەلە نەکەم و باش بیری لێبکەمەوە، لەم بارەوە باوکم گوتی (کچم دەبێت بڕیاری کۆتایی لای خۆت بێت، بەڵام من تەنها دوو شت بە تۆ دەڵێـم یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت ئەوە بزانیت هەرچەندە پارەی زیاتریش وەربگریت لە کۆتایی مانگدا سەیری حسابە بانکیەکەت بکە دەبینیت هێشتا پێنج سەد یورۆ قەرزاری بانکیت، دووەمیش ئەوەیە کە من پرسیارێکت لێدەکەم ئایا تۆ تۆ ئێستاش لەم کاتەدا مانگانەیەکی زۆر باش وەردەگریت یان نا؟ گوتم بەڵێ گوتی باشە با وای دابنێین کە تۆ پاش پێنج سالی دیکە کاتێك سەیری خۆت

دەکەیت وێرای ئەوەی کە بوویت بە هاوبەش لە نوسینگەکە، بەڵام هەمان بڕی پارەت وەرگرتووە ئایا ئەو کارە دەکەیت؟ بەبێ ئەوەی بیری لێبکەمەوە سەرم باداو گوتم نا، ئەوجا باوکم گوتی کەواتە تۆ ئەم کارە تەنها لەبەر پارە دەکەیت و ئەمەش بناغەیەکی باش نیە) بەراستی باوکم کابرایەکی زیرەکە و تەواو قسەکەی راست بوو.

ماوەیەکی کورت پاش ئەوە (LEO) بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ داوەتی کردم من هێشتا تازە لەسەر کورسیەکە پاڵم دەدایەوە کە ئەو بە شێوازە تایبەتەکەی خۆی وەك فەرمانێکی یاسایی لێی پرسیم؛ (پێم وابێت دەمێکە خەریکی لێکدانەوەی ئەقڵی خۆتی، بۆ ئەو مەسەلەیە ئەمەوێت ئێستا بزانم دەبین بە هاوبەش یان نا؟ بەڵێ یان نەخێر؟) هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و پێمگوت (نەخێر - LEO - پێناچێت ئەو کارە بکەم) هەوڵمدا بۆی روون بکەمەوە کە بۆچی ئەو کارە ناکەم، کە من شتێکی دیکە دەخوازم بکەم، بەڵام نازانم جارێ چیە، کە رەنگە من بۆ ماوەیەك بچم بۆ باشوری ئەفریکا کار بکەم، کە من لە راستیدا شتێکم دەوێت بیکەم کە تەنها بۆ پارە نەبێت. لە کۆتایی گفتوگۆکەماندا –LEO - وەك باوکێك دەستی کێشا بە شانمدا و گوتی (زۆرم پێناخۆشە وەك شۆك وایە بۆمن ئەگەر تۆ بڕۆیت، بەڵام من هەمیشە شانازیت پێوە دەکەم). پێمخۆشە بڵێم کە هەتا ئێستاش کە بیر لەو گفتوگۆیەم لەگەڵ – LEO- دەکەمەوە دڵم بە خێرایی لێدەدات، بەڵام دڵنیام کە لەو بارەوە بڕیارێکی راستم دا و هەرگیز بۆ ساتێکیش لەگەڵ خۆمدا نەمدەگوت بریا وام نەکردبا... لەگەڵ - LEO- و - EBEL- لەسەر ئەوە پێکهاتم کە جارێ هەتا شەش مانگی دیکە لای ئەوان کاری خۆم دەکەم بۆ ئەوەی هەموو ئەو دۆسیانەی کە لە لامە چارەسەر بکەم یاخود بەکەسانی دیکەی بسپێرم و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ دا ئیتر واز لە کار دێنم.

لەو کاتەدا هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو، نەمدەزانی چی بکەم باشە، بەڵام لەگەڵ خۆمدا دەمگوت: جارێ بابزانم چۆن دەبێت هێشتا شەش مانگی

دیکەم لێرە ماوە بۆ بیرکردنەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستم بەوە بوو کە بۆ ماوەیەك لە هۆڵەندا نەمێنم ئەمەش بیرۆکەیەکی باش بوو بۆم، ماوەیەك دوور دەکەومەوە و بە هێواشی بیر لە هەموو شتێك دەکەمەوە...

هاوسەرەکەم فکتۆر کە لەوکاتەدا لە نوسینگەیەکی پارێزەری شاری رۆتەردام دەستبەکار بوو، دەیویست ماوەیەك بۆخۆی پشوو بدات کەواتە ئێستا کاتێکی زۆر لەبارە، چونکە ئەویش لە مانگی تۆگستۆسی ساڵی دادێ لە نوسینگەیەکی دیکە لە ئەمستەردام دەستبەکار دەبێت بەمجۆرە هەردوکمان نزیکەی حەوت مانگمان بۆ خۆمان دەبێت، خانوەکەمان فرۆشت، کەلوپەلەکانی ناوماڵمان لە شوێنێك هەڵگرت و پشیلەکانیشمان سپارد بە باوکی فکتۆر کە ئاگاداریان بکات، خۆشمان سەفەرمان کرد، یەکەمجار بۆ باشوری ئەفریکا پاشان بۆ یۆنان، پاشان بۆ فەرەنساو ئیرلەندا... من لەو ماوەیەدا یەکجار بە خێرایی گەڕامەوە هۆڵاندا بۆ ئەوەی کۆنتراکتی نوسینگە تازەکەم لە ئەمستەردام مۆر بکەم، بەرلەوەی سەفەرکەم بۆ باشوری ئەفریکا (فۆن) ی هاوڕێم لە ڕێگای کەسێکی دیکەوە بیستبووی کە من لە نوسینگەی (LOEF) نامێنم و داوای لێکردنم ئەگەر پێمخۆش بێت لەگەڵ ئەواندا کار بکەم، ئەو کاتە من(فۆن و تیس)م تەنها بە ناو دەناسی، بەڵام هەر لە یەکەم گفتوگۆم لە گەڵیاندا یەکەسەر گوتم: خۆیەتی من ئەمەم دەوێت نوسینگەیەکی بچوك لە گەڵ چەند پارێزەرێکی باش و شارەزا کە کارەکانی پەیوەستن بە سیاسەتەوە، نوسینگەیەك کە کاری پارێزەری تیایدا لەوە زیاتر بێت کە تەنها دۆسیەکە بگرێتە دەست و چارەسەریان کات، وێرای ئەوەش نوسینگەیەك بوو کە سیمای پرۆفیشناڵ بوونی پێوە دیار بوو بە جۆرێك کارە یاسایی و قەزاییەکان جۆنیەتی و جۆرایەتیەکی دیکەی دەبەخشی. لەم گفتوگۆیەدا خێرا پێکهاتین و لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە دوای گەڕانەوەم بۆ هۆڵەندا لە مانگی ئۆگستۆسی ساڵی داهاتووەوە دەست بەکار بم، بە دەستبەکاربوونی منیش لەو نوسینگەیە ناوی منیش بۆ

سەر ناوی نوسینگەکە زیاد کراو بوو بە نوسینگەی (VAN DEN BIESEN PRAKKEN BOHLER)...

نوسینگەیەك بە ناوی تایبەتی خۆمەوە جێگەی خۆشی و شانازییە، بێگومان ئەو ناوە هەتا ئێستاش وەك خۆیەتی، تۆزێکیش هەزەلی بوو کە نوسینگەکە لە مانگی ژانیوە ناوەکەی گۆڕا بۆ ئەو ناوە لە کاتێکدا من هەشت مانگی مابوو کە دەست بەکار بم واتە لە مانگی ئۆگستۆسدا. لە بەهاردا کاتێك هێشتا لە باشوری ئەفریکا بووین فکتۆر جارێکیان لێی پرسیم کە هەستم چۆنە ئێستا نوسینگەیەکم هەیە بە ناوی خۆمەوە لە ئەمستەردام، ئەمە بێگومان پرسیارێکی جدی نەبوو کە فکتۆر لەمنی کرد، بەڵکو زیاتر بۆ پێکەنین بوو بۆیە داوای لێکردم کە تەلەفۆن بکەم بۆ نوسینگەکە بۆ ئەوەی کە بە گوێی خۆم گوێم لێبێت، ژمارە تەلەفۆنی نوسینگەکەم لێدا و تەلەفۆنەکە هەڵگیرا و گوێم لێبوو کە فەرمانبەری پرسگەکە یەکسەر گوتی (رۆژباش ئێرە نوسینگەی - VAN DEN BIESEN PRAKKEN BOHLER – ە بۆ پارێزەری) من یەکسەر راچەنیم و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم لە خۆمەوە تەلەفۆنەکەم فڕە دا، فکتۆر هێندە پێدەکەنی، لە پێکەنینا هەموو رۆژەکە نەیدەتوانی خۆی بگرێت...

پاش ئەوەی حەوت مانگ پشومدا و هەناسەم هەڵمژی هەروەك چۆن نەخشەم بۆ کێشابوو لە مانگی ئۆگستۆسی ١٩٩٥ دا دەستم بە کارکردن لەم نوسینگەیەی ئێستادا کرد. سێ رۆژ بوو گەڕابوومەوە، ئەمستەردام زۆر گەرم بوو، سەرلەبەیانی لە لایەن هاوڕێیەکی خۆم و فکتۆر- ئەنیتا- کە ئەویش هەر لەهەمان نوسینگە کاری دەکرد بە ئۆتۆمبیل برام بۆ نوسینگەکەم، ئەنیتا لە نوسینگەیەکی دیکە کاری پارێزەری دەکرد و چەند مانگێك بەر لە ئێستا ئەویش گواستیەوە بۆ ئەم نوسینگەیە، پێکەوە دەڕۆشتین بۆ نوسینگەکە کاتێ لە ئەنیتام پرسی کە چۆن لەم نوسینگەیە پێشوازی لێکراوە یان داخۆ پێخۆشە کە لێرە دەست بەکار بووە یان نا؟ ئەویش پێیگوتم کە بێگومان

زۆر دڵشاد بووە لێرە دەستبەکار دەبێت و بۆ ساتێکیش پەشیمان نیە کە نوسینگەکەی دیکەی بەجێهێشتووە، هەروەها دڵنیاش بوو لەوەی کە منیش هاوتای ئەو زۆر شادمان دەبم کە لەو نوسینگەیە کار دەکەم.

هەوەسم زۆر بوو کە دیسان دەست بە کار دەکەمەوە، لە چەند مانگی یەکەمی دەستبەکاربوونەوەم بیرم لە رۆژانی ماندوو بوون و بێزاریم دەکـردەوە لە فرانکفۆرت و لە نوسینگەی (LOEF) بۆیە پێموابوو کە دەستبەکار بوونم لەم نوسینگەیە دوا چانسم دەبێت بۆ کاری پارێزەری، چونکە ئەگەر لێرەش بێزار بم و نەتوانم خۆم بگرم مانای ئەوەیە کە ئیتر من بۆ ئەو کارە گونجاو نیم ئەمەش ئەو راستیە بوو کە من وەك دەرەنجام پێیگەیشتم.

لەملاشەوە بە هیچ جۆرێك خەمی ئەوەم نەبوو کە من لە سەرەتاوە دەبێت دەستپێبکەمەوە، نوسینگەکەم بنیات بنێم، دۆسیە بۆخۆم پەیدا بکەم، چونکە دەمێك بوو لە دەرەوەی وڵات بووم و هەروەها هیچ کام لە دۆسیەکانم لە نوسینگەی ئەولا لەگەڵ خۆمدا نەهێنا، تەنانەت کەلوپەلی نوسینگەشم نەبوون، ژورەکەی خۆم چۆڵ و هۆڵ بوو تەنها تەلەفۆنێکی تێدا بوو کە لەسەر زەوی دانرابوو، بەڵام خێرا کەلوپەلەکانمان کڕین و لەو باوەڕەشدا بووم کە لەمەودوا خێرا دۆسیەکم بۆ دێت، کە لە راستیشدا وابوو، شتەکان بۆ خۆیان زۆر بە جوانی و باشتر لەوەی کە من پێشبینیم کردبوو کەوتنە سەر هێڵی خۆیان، تەنها چەند مانگێك نەبوو هێندە دۆسیەم بۆ هات کە ناچار بووم هەندێکیان بدەم بەسەر هاوڕێکانمدا.

لە کاتی مانەوەم لە دەرەوەی وڵات بیرم لەوە دەکردەوە کارێك بۆ ئەو نا ئارامیەی ناخم بکەم، کاری پارێزەری لانی کەم لە نوسینگەکەی ئێستای خۆمدا زۆر جاران چڕ و تاقەت پروکێنە، لە کارێکەوە بۆ کارێکی دیکە لە ژوانێکەوە بۆ ژوانێکی دیکە تەنها راکردنەو هەموو کارەکانیش دەبوا زوتر ئەنجام بدەیت، ئەم جۆرە لە کاری پارێزەری زۆر جار دەتبەستێتەوە بۆیە بەگرنگم دەزانی کە لە پاڵیدا کارێك بۆ زانست و فێربوون بکەم بەبێ ئەوەی

سەرقاڵی کاری بەسەرەوە هەبێت، هێواش بیرم لەمە دەکردەوە بۆیە کە گەڕامەوە بۆ ئەمستەردام بڕیاری ئەوەمدا کە دەست بکەم بە خوێندنی فەلسەفە. من لە رابــوردوودا هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆم بە فەلسەفەوە سەرقاڵ کردبوو هەروەها نوسینی کۆتایی خوێندنەکەشم لەسەر بابەتی فەلسەفەی یاسا بوو.

لەو بــاوەڕەدام کە خوێندنی فەلسەفە هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی پارێزەرێك بتوانێت لەگەڵ بابەتەکەی خۆیدا بژی، پارێزەرەکان پێویستیان بەوەیە کە ئارەزووی ئەوەیان هەبێت کارەکەی خۆیان بە گرنگ و پڕ بایەخ بزانن منیش لەمە بەدەر نیم. کاتێك لە نێوەندی کەیسێکی گەورە دا سەرقاڵ دەبیت خێرا باوەڕ بەوە دەکەیت کە هیچ شتێك لە ژیاندا بە هێندی ئەو مورافەعەیە گرنگ نیە کە تۆ ئەنجامی دەدەیت لەو دۆسیەیەدا، کاتێکیش ئێواران لە سەر کورسی کۆلیژەکە دادەنیشم زۆرم لا گرنگ نیە کە سەرلەبەیانی هەمان ئەو رۆژە دۆسییەکی زۆر گەورەی دادگای تاوانەکانم بردۆتەوە ئەمەش وەك کردارێکی بەئاگا هێنانەوە نائاسایی بوو، بە ئاگا هێنانەوەیەکی زۆر گرنگ و تەندروست، چونکە لە ناوەرۆکدا فەلسەفە دژە هاوسەنگیەکی زۆر جوان پیشکەش بە کاری پارێزەری دەکات، لە فەلسەفەدا تۆ مامەڵە لەگەڵ هەندێ بیرکردنەوە دەکەیت کە بە شێوەیەکی روتکراو (ئەبستراکت) وێنە کراون کە دەروازەیەکن بۆ پرسیارە بنەڕەتی و فۆندەمێنتاڵەکانی بیری مرۆڤایەتی، بۆ منیش گرنگە بیر لەو شتانە بکەمەوە کە راستیەکانی رۆژانە تێدەپەڕێنن... بەم جۆرە یەکخستنی کاری پارێزەری و فەلسەفە رێبازی منە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە هاوسەنگی رەهەندە جیاوازەکانی ئەو شتانە بکەم کە لای من گرنگی و بایەخیان هەیە، خۆشبەختانە ئێستا لە نوسینگەیەك دەستبەکارم کە ئەم شتانە هەمووی دەکرێ بکرێن.

ئەگەر سەبارەت بە دۆسیەکەی ئۆجەلان قسە بکەین ئەوە هاوڕێکانم لە نوسینگە پشتیوانێکی گرنگ بوون بۆ من، ئەمە تەنها ئەو پارێزەرانە ناگرێتەوە کە لەم کەیسەدا کاریان کردووە، بەڵکو تەواوی ئەو کەسانەش دەڵێم کە بە

شێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیوەندیان بەم کەیسەوە هەبووە، کەیسێکی لەم جۆرە فشارێکی زۆری خستۆتە سەر نوسینگەکەمان ئەمەش بەهۆی رایگشتی و ئەو ژمارە بێشومارەی تەلەفۆن کە لە کەناڵە جیاوازەکانی میدیاوە بۆ ئێمە دەکرێت کە بۆ نمونە بوونەتە هۆی ئەوەی کاری هاوکارەکانی پرسگەکەمان زۆر گرانتر بکەن ئەمە وێرای ئەو هەموو لێکدانەوە جیاوازانەی کە ئەم بارودۆخە دەیخاتەوە هەرچی کەسێك کە لەگەڵ ئێمەدا کاری کردبێت لەم بارەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان قسەی لەگەڵدا کراوە نەك تەنها لە لایەن موەکیلەکانی دیکەوە، بەڵکو لە لایەن هاوڕێ و ناسیار و خزمیشەوە تەنانەت لە لایەن دراوسێ تورکەکانیشیانەوە!

بێگومان من هیچ دوو دڵ نەبووم لە وەرگرتنی ئەم کەیسە، کاتێك من لە کۆتایی مانگی دیسەمبەردا بوو لە رێگای تەلەفۆنێکەوە ئەو داوایەم لێکرا بەبێ هیچ ئەملاوئەولایەك راستەوخۆ گوتم (بەڵێ)، هەروەها لە پاشانیشدا بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نەبووم لەم کارەم، راستە ئەمە دۆسیەیەکی زۆر قورسە، بەڵام لە هەمان کاتدا نرخی هەیە ناوەرۆکەکەشی بریتیە لەو پرسیارە یاساییە بنەڕەتیانەی کە دەکرێن، پرسیارگەلێك سەبارەت بە مافەکانی نەتەوەیەك لە ئۆتۆنۆمی و مافە سیاسی و کلتوریەکان و مافی بڕیاردانی چارەنوس، ئەمە تێکوشان و خەباتێکی یاساییە دژی چەوساندنەوەو جیاکردنەوەی رەگەزپەرستی ئەمەش کارێکە کە من وەك پارێزەرێك خۆم بۆ تەرخان کردووە...

پشتگیریکردنی هەموو هاوڕێکانی نوسینگەکە لەم کەیسە ئاماژەیەکی باشە بۆمن، چونکە لە کۆتایدا ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ژیان و دنیا باشتر بکەین، بێگومان ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەوەمان بۆ دەکرێت:

YOU CAN SAVE THE WORLD/ ONE CASE AT A TIME[31]

---

31- دیارە نوسەر خۆی بەم رستیە بە زمانی ئینگلیزی کۆتایی بە وتەکانی هێناوە، واتاکەشی ئەوەیە کە تۆ دەتوانیت دنیا بپارێزێت بەوەی لە کاتی خۆیداو بە نۆرە و هەنگاو بە هەنگاو دنیا رزگار بکەین.

# بەشی دووەم
# گەشتەکان
# دەرگا داخراوەکان

## - ١ -

ئەو رۆژەی ئۆجەلان گەیشتبووە روسیا یاڤوز هات بۆ لام بۆ ئەمستەردام بۆ ئەوەی بارودۆخی نوێ تاوتوێ بکەین، بەپێ قسەکانی یاڤوز روسیا دەبێت هاوکاری ئۆجەلان بکات بۆ ئەوەی بۆ باشوری ئەو وڵاتە بڕوات، رەنگە جورجیا یان ئەرمینیا بێت، بەهەر شێوەیەك بێت رەوانەی شوێنێك بکرێت کە نزێك بێت لە سنوری کوردەوە، من لە یاڤوزم پرسی داخۆ ئەو بڕوا بە شتی لەوجۆرە دەکات؟ بەڵام یاڤوز شانێکی هەڵتەکاند و وەڵامی نەدایەوە، بەم جۆرە ئێستا ئاشکرایە کە سەرەڕای چاوەڕوانیەکانی ئەلێکس و ئەو پیاوەی کە بەرپرسی پەکەکە بوو لە روسیا و من لە رۆما بینیم، ئۆجەلان بەبێ رێگەدانی فەرمی حکومەتی روسیا چۆتە ئەو وڵاتە، ئەمەش مەترسی جدی لەسەر ژیانی پەیدا دەکات...

چ دەبێت ئەگەر روسیا ئۆجەلان رادەستی تورکیا بکاتەوە؟ یان هەر هیچ نەبێت لە وڵاتەکەدا دەریکات بەبێ ئەوەی شوێنێکی نوێی بۆ ئەو دۆزرابێتەوە؟ یان ئەگەر روسیا ئۆجەلان نەگرێتە خۆ ئەی باشە دەبێت ئەو بۆ کوێ بچێت؟ دەگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا؟ لە ئەگەری گەڕانەوەی ئۆجەلان بۆ ئیتالیا ئیتالیەکان ناتوانن رەتی کەنەوە، چونکە ئەو لەو وڵاتە داوای مافی پەنابەری کردووە و ئەو داخوازیەش هەتا ئێستا هەر دەخوات و لە رووی یاساییەوە هەر بەردەوامە، بەڵام من دەزانم کە ئۆجەلان ناخوازێت

حکومەتی ئیتالیا زیاتر بێزار بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری دیکەمان نیە، گەڕانەوەش بۆ سوریا شتێکی راستی و واقعی نیە، چونکە ئەوە ئاشکرایە کە ئەو وڵاتە هەرگیز ئامادە نابێت ئۆجەلان بگرێتەوە خۆی. من دەزانم سوریا تەنها لە لایەن تورکیاوە لەژێر فشاردا نیە، بەڵکو لە لایەن ئەمەریکاشەوە لەژێر فشاردایە، ئێمە هەمیشە حسابی ئەو راستیەمان کردبوو کە بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیك بۆ ئەمەریکا زۆر گرنگە بۆیە بەبێ ئەملاو ئەولا ئەوان لە مەسەلەی ئۆجەلاندا پشتیوانی تورکیا دەکەن، بەڵام رۆلی تەواوەتی ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا لە پاشاندا باشتر ئاشکرا دەبێت.

یاڤوز لەو باوەڕەدایە کە باشوری ئەفریکا رەنگە بتوانێت ئۆجەلان بگرێتە خۆ، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی حکومەتی ئەو وڵاتە هێشتا ئەوەی ئاشکرا نەکردووە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تایبەتن بە پاراستن و مـاوە نـەدان بە رادەستکردنەوە کە تەواوی وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا پەیڕەوی دەکەن و لەبەرئەوەی داخوازی مافی پەنابەری کە ئۆجەلان لە ئیتالیا پێشکەشی کردووە و هێشتا هەر لە روی یاساییەوە کاری پێدەکرێت و دەخوات من لەو باوەڕەدام کە تەنها ئەوروپا شوێنێکی شیاوە بۆ ئۆجەلان کە ئاسایش و سەلامەتی ئەو بپارێزێت، بەڵام ئێستا ئەو تەواو لە دەرەوەی ئەوروپایە و زۆر زەحمەتە بتوانین جارێکی دیکە بهێنینەوە ئێرە، لەم بارەشەوە بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و هیچ وڵاتێك ئامادە نیە پێشوازی لێبکات. یاڤوز لەو باوەڕەدایە لەم ساتە وەختەدا ئێمە هیچمان لە دەستدا نیە ئەوە نەبێ چاوەڕێ بکەین و هیوا بخوازین، هەروەها کارەکەی خۆمان لە (پرۆژەی خۆرهەڵات) بەردەوام پێبدەین.

هەفتەو نیوێکی دیکە تێپەڕیوەو هێشتا ئۆجەلان هەر لە روسیایە، ئەگەر لە یاڤوز بە هەڵە تێنەگەشتبێتم ئەوا ئۆجەلان لە شوێنێکی نهێنی لە دەوروبەری مۆسکۆ خۆی حەشار داوە و ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکـی

ئەو نهێنیە دەزانن و دەبێت هەرواش بمێنێتەوە، منیش لە جۆن و یاڤوزەوە ڕێنمایی ئەوەم وەرگرت کە نابێت لای هیچ کەس ئەوە بدرکێنم کە ئۆجەلان لە کوێیە، شوێنی مانەوەی ئۆجەلان دەبێت بە نهێنی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بارودۆخەکە ئاشکرا دەبێت، جگە لە (تیس و فکتۆر) هیچ کەس لە زاری منەوە نەیدەزانی ئۆجەلان لە کوێیە، تەنانەت پارێزەرەکانی دیکەی نوسینگەکەشم ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ئۆجەلان لە روسیایە، خۆشبەختانە هەموو کەسێك لە نوسینگەکەمان رێزی ئەو حاڵەتەیان دەگرت کە ئەمە نهێنیەکی تایبەت و گرانە.

ڕۆژنامەکان زیاتر جاڕسکەربوون، لەو کاتەوەی ئۆجەلان لە ڕۆما نەماوە، بەردوام ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامە نوسان بە دوای ئەوەوە بوون کە داخۆ ئۆجەلان لە کوێ خۆی حەشار داوە، منیش هەمیشە هەمان وەڵامم دەدانــەوە: بەڵێ دەزانـم لە کوێیە، نەخر ناتوانم ئەوە ئاشکرا بکەم... زۆربەیان بەرامبەر بەم وەڵامە کرچ و کاڵە قایل نەدەبوون و هەوڵیان دەدا بەشێوەیەك لە شێوەکان قسەم لێدەرکێشن، ڕۆژنامە نوسێکی ئەڵمانی پرسیاری ئەوەی لێدەکردم کە داخۆ ئەو وڵاتەی ئۆجەلانی لێیە ساردە یان گەرمە؟ منیش لەوەڵامدا گوتم پێم وابێت ئەو وڵاتەش وەك هۆڵاندا لە زستاندا ساردە و لە هاویندا گەرمە، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە داخۆ ئێستا لەو وڵاتە زستانە یان هاوینە وەڵامم نەدایەوە، هەندێك لە ڕۆژنامە نوسان لەوە زیاتر داوای سازدانی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیان لە ئۆجەلان دەکرد و پێشیان باشتر بوو کە چاوپێکەوتنەکە ئێکسکلوزیف بۆ خۆیان بێت، بەڵام دیار بوو لەم کاتەدا ئەو داوایە هەر مەحاڵ بوو. هەروەها ئەوەم رونکردەوە کە لە کاتی ئێستادا بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکرێت کە شوێنکی نوێ بۆ نیشتەجێبوونی ئۆجەلان دیاری بکرێت و هەرکاتێك ئەوە ئامادە کرا ئەوە راستەوخۆ ئاشکرای دەکەین...

لێدوانەکان گەشبینانە بوون، بەڵام تۆ بڵێی هەرگیز ئەم شتانە بێنە دی؟

هەتا ئێستا ئەوە بەدی ناکرێت کە روسیا ئامادەبێت بە فەرمی قایل بێت بەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ئۆجەلان دابین بکرێت هەروەها تورکیاش بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیەوە هەوڵدەدات سوراخێکی بزانێت، ئەگەر تورکیا بەوە بزانێت کە ئۆجەلان لە روسیایە ئەوە دوو ئەگەر دێنە گۆڕێ یان ئەوەتا دەزگای هەواڵگری تورکیا دەستبەجێ ئۆجەلان دەکوژێت یان دەیبەنەوە بۆ تورکیا و فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنن، هەتا ئۆجەلانیش ماوەیەکی زیاتر بەبێ ئەوەی بە فەرمی مافی نیشتەجێبوونی لە روسیا هەبێت، هەڕەشەکان گەورەتر دەبن بەوەی کە تورکیا بتوانێت سۆراخی ئۆجەلان بکات بەر لەوەی ئۆجەلان شوێنێك یان شوناسێکی ئارامی یاسایی لەو وڵاتە چنگ بخات.

لەملاو ئەولاشەوە پروپاگەندەی سەیر و سەمەرە سەبارەت بە شوێنی مانەوەی ئۆجەلان دەهاتنە بەرگوێ، زۆرجاران باسی ئەوە دەکرا کە پێشبینی ئەوە لە ئارادایە ئۆجەلان گەڕابێتەوە بۆ سوریا، یان لە لیبیا بەدیکراوە کە قۆڵی لە قۆڵی قەزافیدا بووە وەك رۆژنامەیەك نوسیبووی، لەوەش زیاتر: نا هەرگیز ئۆجەلان ئیتالیای بەجێنەهێشتووە ئەمە تەنها شانۆگەریەك بوو بۆ ئەوەی تورکەکان بە هەڵە بەرن. نەخێر بە دڵنیاییەوە ئۆجەلان لە یۆنانە، ئەمەشیان هەندێکی دیکەن کە بە جدی وەرنەدەگیران وەك ئەوەی: ئۆجەلان لە ناوچە کوردیەکانی تورکیا خۆی شاردۆتەوە، ئیتر پرۆپاگەندەی دیکە وەك ئەوەی ئۆجەلان لە روسیای سپیە یان لە چیچان، یان باشوری ئەفریکا، تەنانەت باشوری ئەمەریکاش دەگوترا، لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە هیچ کەس ناوی روسیای نەدەبرد یاخود زۆر بە کەمی باسی روسیا دەکرا...

سەرباری هەوڵەکانیان بۆ پەیداکردنی شوێنێکی هەمیشەیی بۆ مانەوەی ئۆجەلان موەکیلە کوردەکانم گرفتێکی دیکەشیان هەبوو، کەناڵی سەتەلایتی کوردەکان(مەد تی ڤی) هێشتا روبەڕووی هەڕەشەی داخستن دەبێتەوە ئەویش

بەوەی کە مافی پەخشکردنەکەی لێوەرگیرێتەوە، پرۆگرامی تەلەفزیۆنی کوردی لە بەلجیکاوە بەرنامەکانی بەرهەم دێنێت و بەهۆی مانگێکی دەستکردی بەریتانییەوە پەخش دەکرێت، بۆ ئەمەش مەد تی ڤی پێویستی بە مۆڵەت هەیە لە دەوڵەتی بەریتانیا، ئەو لایەنەی کە چاودێری ئەو مۆڵەتە دەکات و لێ ی بەرپرسە واتە (ICT) ماوەیەك لەمەوبەر ئەوەی راگەیاند کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو مۆڵەتە لە مەد تی ڤی وەرگیرێتەوە، چونکە ئەو کەناڵە مەرجەکانی سەربەخۆبوون و بێلایەنی شکاندووە، بە واتایەکی دیکە ئەو کەناڵە لە پەخشەکانیدا زۆر بایەخی بە ئۆجەلان و پەکەکە داوە.

هەرچەندە مەد تی ڤی لە رابووردووشدا روبەڕووی گرفت و کێشەی لەم جۆرە بۆتەوە، بەڵام ئەم جارە پێدەچێت شتەکە لەوە زیاتر بێت کە هەیە، مەد تی ڤی گومانی هەیە لەوەی کە تورکیا فشاری سیاسی بۆ ئەم مەسەلەیە بەکاربێنێت بەرامبەر بە بەریتانیا بۆ ئەوەی مۆڵەتنامەی پەخشەکە بەتاڵ کاتەوە، من نازانم ئەمە هەتا چەند راستە، بەڵام ئەگەر گومانەکەی مەد تی ڤی وابێت ئەوە هەروا ئاسان نابێت، چونکە مانەوەی مۆڵەتی پەخشکردنەکە لە هەموو شتەکانی دیکە لەپێشترە بۆیە مەد تی ڤی ناتوانێت رسکی ئەوە بکات ئەو مۆڵەتە لە دەست خۆی بدات بەتایبەت لە کاتێکی وەك ئێستادا، لەبەر ئەوە پاش گفتوگۆیەکی کتوپڕلەگەڵ ئەوان و پارێزەرەکەی بەریتانیای مەد تی ڤی لە برۆکسل، بڕیاردرا هەتا دەکرێت خۆیان پابەند بکەن بە مەرجەکانی (ICT) ە وە.

## - ٢ -

رۆژێك پاش کۆبونەوەکەی بروکسل، سەرلەبەیانی لە نوسینگەکەی خۆم لە ئەمستەردام جۆن تەلەفۆنێکی بۆ کردم، تەلەفۆن کردنی ئەو بۆ من شتێکی ئەوتۆ گرنگ و تایبەت نیە، لەوکاتەوەی ئۆجەلان رۆمای بەجێهێشتبوو جۆن بەردەوام و بە رێکوپێکی هەندێك جار رۆژانەش تەلەفۆنی بۆ دەکردم،

زۆربەی جارانیش هەر ئەوە دووپات دەبۆوە کە هیچی تازە لە گۆڕێدا نیە و ئۆجەلان لە هەمان شوێنەکەی خۆیەتی، بەڵام ئەمجارە هەر لە دەنگی جۆنەوە بۆم دەرکەوت کە شتێك رویداوە و هەرواش دەرچوو. جۆن داوای لێکردم ئەگەر بکرێت تەلەفۆنی بۆ بکەمەوە، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە جۆن نەیدەویست بە تەلەفۆنی نوسینگەکەم قسەم لەگەڵدا بکات، هەر بۆیە پێموابوو کە شتێك لە گۆڕێدا هەیە. لە نوسینگەکەی خۆمەوە بە پێ بەرەو تەلەفۆنێکی گشتی رۆشتم کە زۆریش لە نوسینگەکەوە نزیك نەبێت، ئەمەش هەر لەم نێوەدا فێر بووم کە ئەگەر تەلەفۆنی نوسینگەکەمان لەژێر چاودێریدا بێت و گوێڕادێر بکرێت ئەوە دەبێت هەمیشە ئەوە بە هەند وەربگرین کە ئەگەری ئەوەش هەیە هەموو تەلەفۆنە گشتیەکانی ئەو نزیکانەش لە ژێر چاودێریدا بن، خۆشبەختانە دوو هەفتە لەمەوبەر هەر بە ئامۆژگاری جۆن یەك دەستە سیم کارتی تەلەفۆنم کڕی بوون. جۆن ژمارە تەلەفۆنی هۆتێلێکی ئەسینای دابومێ تا بتوانم پەیوەندی پێوە بگرم، نەشمدەزانی کە جۆن بە چ ناوێك لەو هۆتێلە خۆی ناساندووە بۆیە من یەکێك لەو ناوە یۆنانیانەم دا بە پرسگەی هۆتێلەکە کە جۆن بەکاریان دێنێت، لەمەدا بەختم هەبوو کە ناوەکە راست بوو بۆیە یەکسەر لەگەڵ جۆندا گرێ درام:

- چی رویداوە جۆن؟

- گرفتێکی گەورەمان هەیە، ئەو دەبێت لەو شوێنە بڕوات کە لێیەتی.

- بۆ؟ دەبێت لەو وڵاتە بڕوات ؟ دەری دەکەن؟ کەی دەبێت بڕوات؟ هەرئێستا؟

- بەڵێ ئەو لە مەترسیەکی گەورەدایە، ئێمە بەس ئەمشەومان لەبەر دەستدایە، ئەو دەبێت ئەمڕۆ لەوێ نەمێنێت..

- نەفرەت... ئەی کەواتە چی؟

- دەتوانیت ئەمشەو بێیت بە شوێنیدا؟ ئەمە داوای جۆن بوو لە من

هەروەها زیاتر گوتی ‹ئەگەر بۆت دەکرێت فڕۆکەیەك بە کرێ بگرە و ئەمشەو وەرە بە شوێنیدا، من خۆم ئێستا دەچم بۆ ئەوێ بۆلای ئاوا لە کاتژمێر یەك و دوو دەگەمە ئەوێ دەبێ تۆش ئەم ئێوارەیە بگەیتە ئەوێ و راستەوخۆ پێکەوە لەگەڵ ئەودا بگەڕێیتەوە تێگەشتیت؟›

- بەڵێ تێگەشتم.

- ئێ جا دەتوانیت ئەوە بکەیت؟ مەبەستم ئەوەیە بەو پێیەی کە تۆ پارێزەری ئەویت بۆت دەکرێت ئەوە بکەیت؟

کەمێك بیرم لێکردەوە، هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو دەربارەی چۆنیەتی پەیداکردنی فڕۆکە بە کرێ، بەڵام ئەوە گرنگ نیە، چارەسەر دەکرێت، بەڵام سەبارەت بەوەی کە داخۆ من بۆم هەیە هاوکاری ئۆجەلان بکەم بۆ ئەوەی لە روسیاوە بە فڕۆکە دەرباز بێت؟ هیچ هۆکارێك نابینم کە رێگر بێت لەبەردەم ئەوەدا، هەروەك ئاشکرایە ژیانی ئەو لەمەترسیدایە ئەمەش هۆکارێکی تەواوە کە ئەو بەرەو هۆڵاندا بێنین، لێرە یاداشتی دەستگیرکردن لە دژی ئەو دەرنەچووە، وێرای ئەوەش لە ئیتالیا داوای مافی پەنابەری کردووە بۆیە من پێموابێت – وەك پاریزەری ئەو – بۆم هەیە رێنوێنی هەوڵەکانی بکەم تا بتوانێت خۆی بگەیەنێتە شوێنێکی ئاسایش و ئارام...

- بەڵێ ئەوەم بۆ دەکرێت، بەڵام هاتنەکەی دەبێت فەرمی بێت و خۆی بە پۆلیس بناسێنێت ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو راستەوخۆ دەستگیر دەکرێت.

- زۆر باشە من ئەمە بە خۆشی دەگەیەنم، ئێستا دەبێت من کۆتایی بە قسەکانم بێنم، چونکە دەبێت بڕۆم بۆ فڕۆکەخانە، نیوەڕۆ پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە.

گەڕامەوە بۆ نوسینگە، ئێستا دەمژمێر نزیکی یازدە دەبێت، واتە تەنها سێ کاژێر ماوە بۆ ئەوەی جۆن دیسانەوە تەلەفۆنم بۆ بکات، سەیرێکی رۆژمێرەکەم کرد ‹ هەینی بیستوهەشتی ژانیوە› ئەمڕۆ سێ ژوانم هەیە کە

خۆشبەختانە دوو دانەیان زۆر هەستیارو بەپەلە نین و دەتوانم پاشیانخەم بۆ هەفتەی دادێ، بۆیە داوام لە سکرتێرەکەم کرد ئەو کارەم بۆ سازبکات و ئەگەر ویستیان بزانن بۆچی ژوانەکەیان پاشخراوە ئەوە بێگومان وەلامەکە ئەوەیە کە من بە شێوەیەکی کتوپڕ دەبێت سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بکەم. سەیرێکی ناوچاوانی کردم هەستیکرد بەوەی کە بێزارم و ناتوانم وەڵامی پرسیاری زیاتر بدەمەوە، ژوانی سێهەم کاتژمێر١٤ دەبوو بەڕێوە ببرێت و ناکرێت پاشبخرێت، بریتی بوو لە دانشتنێکی لێپێچینەوە لە (FIOD[32]) کە تایبەت بوو بە دۆسیەیەکی ساختەکاری لە باج، خۆشبەختانە فکتۆریش لەم کەیسە لەگەڵمدا کار دەکات بۆیە دەتوانێت لە جیاتی من ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد دەمژمێر یازدو نیو بوو.

جا ئێستا بۆ خاتری خودا چۆن بتوانم فرۆکەیەك پەیدا بکەم؟ بۆ دڵنیا بوون سەرەتا لە هاوڕێکانم پرسی رەنگە یەکێکیان بە رێکەوت بزانێت کە چۆن دەتوانین فرۆکە بەکرێ بگرین، نا سودی نەبوو، کاتیش زۆر خێرا دەڕۆشت، هەوڵمدا بە ئارامی بمێنمەوە و لەسەرخۆ بیرکەمەوە: فرۆکە ; کێ بناسم شتێك لەبارەی فرۆکەوە بزانێت؟ دەستبەجێ کەسێك کەوتە خەیاڵم، کچێکی هاوڕێم کە ئەویش کاتی خۆی لە (LOEF) پێکەوە کارمان دەکرد ئەو ئێستا لە بانکی فۆرتس (FORTIS) لە بەشی بەکرێکدانی فرۆکە کار دەکات، راستەوخۆ تەلەفۆنم بۆ کرد و لە راستیشدا هەر وا بوو دوو کۆمپانیای بەکرێدانی فرۆکەی دەناسی کە لە فرۆکەخانەی ئەمستەردام بوون، بەڵام چۆن ئەمە رێکبخەم ئەگەر من بە ناوی خۆم و کۆمپانیاکەمانەوە ئەو کارە بکەم ئەوە بێگومان ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەم فرۆکەیە بۆ ئۆجەلانە، من زۆرجار لە رۆژنامەکاندا ناوم دەبرێت بۆیە دوور نیە کە ئەوان بزانن من کێم،

32- * دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی سەر بە بەڕێوبەرایەتی باجە، لێکولینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ساختەکاری ئەنجام دەدەن لە باجدا..-وەرگێڕ-

وێرای ئەوەش ئێمە دیسانەوە گرفتێکی دیکەمان هەیە ئەویش هەروەك باسمکرد رەنگە تەلەفۆنەکەمان لە ژێر چاودێریدا بێت هەروەها دەبێت من بە کۆمپانیای فڕۆکەکە بڵێم کە ئەم فڕۆکەیەمان بۆ کوێ دەوێت و سەفەری کوێ ی پێدەکەین، بڕیارمدا فکتۆر ئاگادارکەمەوە، چونکە ئەو خۆی هەستی بە شتێك کردووە کە بارودۆخی ئۆجەلان ئاسایی نیە دەنا هەرگیر ئەوە لەمن ناوەشێتەوە چەند کاژێرێك بەر لە دانیشتنی لێپێچینەوەکە کارەکەم بەو بسپێرم.

فکتۆر زۆر بە ئاسانی و بەبێ گرفت دەتوانێت لەگەڵ رۆڵی تازەی خۆیدا وەك (شێفی ترانسپۆرت) خۆی رابێنێت، هەروەها من دیسان کامەرانم کە لە نوسینگەیەکدا کار دەکەم تەواوی هاوڕێکانم لەکاتی پێویستدا دەستبەجێ خۆیان هەڵدەدەنە ناو کارو هاوکاری دەکەن، لەگەڵ فکتۆردا پێکهاتم کە ئەو هەر ئەمڕۆ بەبێ ئەوەی زانیاری لەسەر وردەکاریەکان بدرکێنێت فرۆکەیەك بۆ شەش کەس بە ئاراستەی مۆسکۆ - ئەمستەردام - مۆسکۆ دابین بکات، هەروەها بزانێت نرخەکەی چەندە و دەبێت کاتژمێر چەند بەڕێکەوین بۆ ئەوەی دەورو بەری دەمژمێر هەشت لە مۆسکۆ بین، ئەگەر ئەمانە هەمووی تەواو بوو ئەوە ئیتر سەیر دەکەین بزانین چی دەکەین، فکتۆر لە ژورەکەم بەدەرکەوت کە من دیسان بە راکردن چومەوە بۆلای و پێمگوت کە نەکەن بە تەلەفۆنی نوسینگەکە یاخود بە تەلەفۆنە دەستییەکانی خۆیان ئەو کارە ئەنجام بدەن.

مەیسەرکردنی فڕۆکەیەکی کرێ لەوە ئاسانتر بوو کە من تێگەشتبووم، پاش نیو کاژێر لە گفتوگۆکانمان، فکتۆر هاتەوە بۆ لام و دڵنیای کردم کە پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکەیەك بە ئاراستەی ئەمستەردام - مۆسکۆ-ئەمستەردام بۆ ئێمە ئامادە دەکرێت و ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بە هیچ شێوەیەك گرفت نەهاتۆتە رێگای کارەکە و جگە لە ناوی خۆم هیچ زانیاریەکیان داوا نەکردووە، هەروەها داوای ئەوەی لێکرابوو کە لە ماوەی یەك کاژێری دیکەدا دەبێت

تەلەفۆن بکاتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بە کۆمپانیاکە بدات و فرۆکەکە بۆ ئەوان حجز بکرێت ئەگەر ئێمە ئەوانمان دڵنیاکردەوە لە کارەکە ئەوە ئیتر ئەوان فڕۆکەوانێك دابین دەکەن و پاشان مۆڵەتی فڕین لەگەڵ فڕۆکەخانەو تاوەری زیرەڤانی ساز دەکەن، بەم جۆرە فڕۆکەکە دەوروبەری کاتژمێر پازدە دەتوانێت بەرەو مۆسکۆ بفڕێت...

داوام لە فکتۆر کرد کە پاش نیو کاژێری دیکە پەیوەندی بکاتەوە بە کۆمپانیای فڕۆکەکە بۆ ئەوەی بەڵێنەکە بچەسپێنێت، بەڵام کات و ساتی فڕین با جاریێ هەر بە کراوەیی بمێنێت، هەروەها داوام لە فکتۆر کرد کە لەگەڵ کۆمپانیاکە قسە بکات و بزانێت ئەگەر یەك یان دوو نەفەری زیادە لەو سەرەوە لەگەڵمان سوار بن و بۆ ئەمستەردام بین هیچ گرفتێك دروست دەکات؟ ویستم بەمە ئەوان تاقی بکەمەوە کە داخۆ پەرچەکرداریان چی دەبێت و داوای شوناس و یاخود زانیاری تەواوی ئەو کەسانە دەکەن کە لەوسەرەوە لەگەڵماندا دێن.

لەو دەمەیدا من چاوەڕێی تەلەفۆنی جۆن بـووم، فکتۆر هاتەوە ژورەوەو حجز کردنی فڕۆکەکەی پێگەیاندم هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە کۆمپانیاکە لارییان لەوە نەبووە کەسانی دیکە لەگەڵماندا بگەڕێنەوە هەروەها هیچ وردەکاریەکیشیان سەبارەت بەو کەسانە داوا نەکردووە! هەر لەم نێوەدا بوو فکتۆر جارێکی دیکە تەلەفۆنی کردەوە و لە لایەن کۆمپانیای بەکرێدانی فڕۆکەکەوە ئاگادار کرایەوە کە مۆڵەتی فڕینیش دابین کراوە... لەبەر ئەوەی فکتۆر دەبوو بچێت بۆ دانیشتنی لێپێچینەوە لەگەڵ ‹ FIOD › بە کۆمپانیای فرۆکەبەکرێدانەکەی راگەیاند کە یەکێك لە هاوکارەکانی خۆی بۆ کاروبارەکانی دیکە تەلەفۆنیان بۆ دەکات.

کاتژمێر دوونیوی پاش نیوەڕۆ جۆن زەنگی بۆ تەلەفۆنە دەستیەکەم لێدا، یەکسەر ئەوەم پێڕاگەیاند کە شتەکانم هەموو رێکخستوون و لێمپرسی کە سەفەرەکە لەگەڵ کۆمپنایای بەکرێدانی فڕۆکەکە تەواوکەم یان نا؟، بەڵام

جۆن لە وەڵامدا گوتی کە ئەو هێشتا تەواو نازانێت لەوێ چی لە گۆڕێدایە بۆیە جارێ ناتوانێت دڵنیا بێت لەوەی کە گەشتەکە دەبێت بکرێت یان ئەوان دەبێت بڕۆن بۆ ئەو شوێنە یان نا، بۆیە من پێمگوت کە گەشتەکە رادەگرم هەتا ئەو کاتەی ئەو تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە، جۆن پەیمانیدا کە بە زوترین کات تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە.. نەشمدەتوانی لەگەڵ فکتۆر تەلەفۆن بکەم، چونکە ئەو لە ناو ئۆتۆمبیلەکەیدا بەڕێوە بوو بۆ کاری خۆی...

راستەوخۆ پاش تەلەفۆنەکەم لەگەڵ جۆن دیسان رۆشتمەوە دەرەوەی نوسینگە بۆ ئەوەی لە یەکێك لە تەلەفۆنە گشتیەکانی سەرجادەوە لەگەڵ کۆمپانیای بەکرێدانی فرۆکەکەدا تەلەفۆن بکەم. هەروەك لەگەڵ فکتۆر رێکەوتبووم من بەناوی یەکێك لە هاوکارەکانی ئەو (فکتۆر کۆپ)ە وە تەلەفۆنم بۆ کردن، پێدەچوو ئەوان بە تەوسەوە چاوەڕێی تەلەفۆنەکە بووبن، پێمراگەیاند کە هەروەك ئێمە پێشبینیمان دەکرد کاتژمێر پازدە بەڕێکەوین سەرناگرێت بۆیە دەبێت کاتی فڕینەکە بۆ ماوەیەکی دیکەی پاش نیوەڕۆ درێژ بکەینەوە تا نزیکەی کاتژمێر هەڤدە یان هەڤدەو نیو، کۆمپانیای بەکرێدانی فرۆکەکە بەو پەڕی دڵنیاییەوە پێیان راگەیاندم کە ئەوە هەرگیز کێشە نیە ئەگەر بێتۆ ئێمە هەتا کاتژمێر هەڤدەونیو سەفەری خۆمان بکەین و هەموو شتێك بەدڵی خۆتان دەبێت، لە هەموو حاڵەتێکدا فڕۆکەکە ئامادە کراوە و فرۆکەوانەکەش چاوەڕێی ئێوە دەکات، منیش لەگەڵیاندا رێکەوتم کە راستەوخۆ پاش ئەوەی بۆمان روندەبێتەوە کاتژمێر چەندە سەفەر دەکەین ئەوا من دەستبەجێ تەلەفۆنتان بۆ دەکەمەوە.

پێدەچوو شتێکی نادیارپەیدا بووبێت سەبارەت بەو نەفەرەی کە لە مۆسکۆ لەگەڵماندا دەگەڕێتەوە، دەستم توند خستە سەردڵـم " ئۆ خودایە، ئێستا نۆرەی ئەوەیە، ئێستا دەیانەوێت بزانن ئەو کەسە کێیە لە مۆسکۆ لەگەڵماندا سەردەکەوێت" !

- بەڵێ ڕەنگە... " هەروەها بە ئارامی و هێواشی پرسیم: گرفت هەیە لەم بارەوە؟

- بەڕێزتان دڵنیان کە نەفەرێك لەگەڵتاندا سواردەبێت بۆ ئەمستەردام؟ ئایا یەك نەفەرە یان دوان؟

- نەخێر ئێستا جاری دڵنیا نیم، بەڵام ئایا ئەمە گرفتێکە بۆ ئێوە؟ ئایا فڕۆکەکە جێگای نەفەرێك یان دوانی زیادەی تێدا دەبێتەوە؟

- بەڵێ بە دڵنیایەوە، بەڵام دەبێت ئێمە لە پێشدا بزانین چەند کەس بەو فڕۆکەیە دەفڕن، پێموابێت جەنابتان لەمەدا ناهەقیمان ناگرن؟

- ئایا ئەمە بەراستی گرفتێکی گەورەیە؟ " لێرەدا من هەستمکرد کە خەریکە گرفت و کێشە سەرهەڵبدەن.

دەنگی کابرای سەر هێڵی تەلەفۆنەکە گڕترو بەرزتربوو کاتی هەستی بەوە کرد کەسەکەی بەرامبەری تێناگات و ساویلکەیە!! بۆیە زیاتر گوتی:

- خانمی بەڕێز ئێمە دەبێت بزانین چەند کەس ئەو گەشتە دەکەن تا بزانین خواردن بۆ چەند کەس لە نێو فڕۆکەکە ئامادە بکرێت و داخۆ کەسانی " فیگیتار" لە نێوتاندا هەیە یان نا؟

زۆر بەزەحمەت بۆم کرا دەنگی خۆم وەك خۆی بهێڵمەوە و گوتم:

- بەڵێ راست ئەفەرمویت بەڕاستی ساویلکەیی بوو لە من، من هەر خەیاڵم بۆ ئەوە نەچوو، من هەوڵ دەدەم لە کاتی خۆیدا ئاگادارتان کەمەوە ئەگەر کەسێك لەوسەرەوە لەگەڵماندا گەڕایەوە.

کە گەڕامەوە بۆ نوسینگەکە لە پێکەنیندا خۆم بۆ نەدەگیرا، ئەمە چۆن چیرۆکێکی سەیرو سەمەرەیە لەبەر خۆمەوە بە پێکەنینەوە هەر دەمگوتەوە (خانمی بەڕێز ئێمە دەبێت بزانین چەند کەس ئەو گەشتە دەکەن تا بزانین خواردن بۆ چەند کەس ئامادە بکەین!).

پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە زۆر پێکەنین و کامەرانیی لەگەل خۆیدا نەهێنا، هەموو سەرە کاژێرێك جۆن تەلەفۆنی دەکردو ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە

تەلەفۆنی ئەو کەسەی بۆ وەرناگیرێت کە وەك کەسی نێوانیان " لەوێ" پەیوەندی پێوە دەکات، جۆن سەبارەت بەم ڕەوشە زۆر نیگەران و نارەحەت بوو بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی کە خۆشی پەیوەندی لەگەڵ ئۆجەلاندا بڕاوە و ناتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات بۆیە جۆن نەیدەتوانی دڵنیا بێت لەوەی کە ئێمە دەبێت بڕۆین بە شوێن ئۆجەلاندا و لەگەڵ خۆماندا بیهێنین. ئیتر پاش هەر تەلەفۆنێکی جۆن من دەبوو گەشتەکە بۆ کاژێریکی دیکە دوا بخەم تا سەرەنجام لە کاتژمێر هەڤدەو نیو جۆن دیسان تەلەفۆنی بۆ کردم داوای لێکردم کە گەشتەکە بە تەواوی هەڵوەشێنمەوە...

بە جۆن ڕاگەیەنرابوو کە - لە ڕێگای کەسی پەیوەندارەوە- ئێستا بۆ ماوەیەکی کاتی ئۆجەلان لە مەترسیدا نیە بەم جۆرە پێویست بەوە ناکات کە ئێمە لانی کەم لە ئێستادا بچین بە شوێنیدا، هەروەها ئاگاداری جۆن کرابووەوە کە پاش هەفتەیەك دەتوانێت بچێت بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی بارودۆخەکە تاوتوێ بکات، بۆیە پێویست ناکات هەتا ئەو کاتەهیج کەس خۆی سەغلەت بکات و کار بۆ ئەوە بکات ئۆجەلان لە روسیا بەرێتە دەرەوە، من و جۆن لەو باوەڕەدا بووین کە ئۆجەلان هێشتا لە روسیایە و تا هەفتەیەکی دیکە دەتوانێت لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام نەماندەزانی کە لە کاتی وتووێژەکانی ئێمەدا ئۆجەلان بە ڕێگاوە بووە بۆ یۆنان.

## - ٣ -

کە فکتۆر لە دانیشتنی لێپێچینەوەکە گەڕایەوە تازە من گەشتی فڕۆکەکەم هەڵوەشاندبووە، هەموو شتەکانم بە کورتی بۆ روون کردەوە، بەرامبەر بە ئەگەری ئەوەی کە جارێ بە شێوەیەکی کاتی ئۆجەلان لە گرفتدا نیەو توشی کێشە نابێت فیکتور بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەچێت بۆ ئەسینا، خۆشم کامەران بووم بەوەی کە پشووی کۆتایی ئەم هەفتەیە، پاش بەسەر بردنی هەینییەکی زۆر جەنجاڵ دەست بەتاڵ دەبم و بۆ دوو ڕۆژی ئاینده سەرقاڵ نابم.

ڕۆژی شەممە تەنها یەك تەلەفۆنم بۆ کرا کە ئەویش لە لایەن جۆن بوو، کە لە ڕیگای ڤیەناوە لە مۆسکۆوە بۆ ئەسینا دەگەڕایەوە، ئەو هەتا ئێستا هیچ شتێکی سەبارەت بە ڕەوشی ئۆجەلان بە روونی نەدەزانی، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە ڕەنگ بێت روسەکان ئامادە بن بۆ ماوەیەکی کاتی کەم ڕێگا بە مانەوەی ئۆجەلان بدەن، منیش لەوەڵامدا گوتم ئەمانە هەموو بۆ ئێمە جوان دەردەکەون ئەگەر بێتو ڕاست بن، بەڵام دەبێ چاوەڕێی ئەوە بین کە بزانین داخۆ ئەمجارە دیسان چۆن ئێمە دەکەوینەوە هەلەکەسەما...

بەڵێ لە ڕاستیدا جوان دیارن ئەگەر بێتو ڕاست بن، گومانەکەی من لە خۆڕا نەبوو، یەك ڕۆژ پاش ئەوە واتە لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە کاتژمێر حەوت و نیو جۆن جارێکی دیکە تەلەفۆنی بۆ کردم، بەڵام زۆر دواتر ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوە کە شەوی شەممەی ئەو ڕۆژە بەڕێوەبەری دەزگای موخابەراتی یۆنان (BABIS STAVRAKAKIS) پەیوەندی پێوە کردووە و پرسیاری ئەوەی کردووە کە داخۆ ئەو دەزانێت ئۆجەلان ئێستا لە کوێیە؟ ئایا لە شوێنێکی ئارامدایە؟ جۆن ئەم تەلەفۆنەی لا نامۆ بووە بۆیە یەکسەر تەلەفۆنی کردووە بۆ کۆنتاك پێرسۆنەکەی ئۆجەلان و هەواڵی ڕەوشەکەی لێپرسیوە کە داخۆ هیچ گرفتێك لە ئارادا هەیە یان نا، جۆن گوێبیستی ئەوە بووە کە پێویست ناکات خۆی سەغلەت کات، چونکە ئۆجەلان سەلامەتە، بەڵام پاش دوو کاژێر هەمان کەسی بەڕێوەبەری دەزگـای هەواڵگری تەلەفۆنی بۆ جۆن کردووە و داوای لێکردووە کە ئایا ئەو سەبارەت بە شوێنی مانەوەی ئۆجەلان لە یۆنان هیچ دەزانێت یان نا؟ نەخێر وەڵامی جۆن ئەوە بووە کە ئەو هیچ نازانێت. › STAVRAKAKIS ‹ لە پاشاندا بە جۆنی ڕاگەیاندووە کە ئۆجەلان لە ئێوارەی ڕۆژی هەینییەوە لە یۆنانە بەبێ ئەوەی مۆڵەتی لە حکومەتی یۆنان وەرگرتبێت یاخود بەبێ ئەوەی کە حکومەتی یۆنان ئاگاداری ئەم کارە بێت و لە ماوەی دوازدە کاژێردا دەبێت ئۆجەلان ئەو وڵاتە بەجێبێڵێت...، بەڵام من هەموو ئەم شتانەم چەند ڕۆژ دواتر زانی،

سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە کە جۆن تەلەفۆنی بۆ کردم ترسی ئەوەی هەبوو کە گرفتێکی گەورە چاوەڕێمان دەکات!!

- دەبێ ئێمە دیسان بچین بە شوێنیدا، ئەو لەوێ پێشوازی ناکرێت و دەبێت لە نێوان دوازدە کاژێری دیکە دەرکەوێت و ئەوێ بەجێبێڵێت!

- نا شتی وا مەڵێ، دیسان دەبێت بڕوات؟

- بەڵێ بەداخەوە، هیچی دیکە ناکرێت، دەتوانیت هاوکاریمان بکەیت؟

- چی لەدەستم بێ قسوری ناکەم فەرموو بڵێ:

- ئەوەی رۆژی هەینی کردمان دیسان دووبـارەی دەکەینەوە، من پێویستم بە یارمەتی تۆ هەیە.

من هێشتا نەمدەزانی جۆن مەبەستی تەواوی چیە بۆیە دیسان پرسیم:

- مەبەستت ئەوەیە کە من دیسان دەبێت فڕۆکە بەکرێ بگرم، بەڵام بۆ کوێ؟

- نا... تێنەگەشتیت، ئەو لەو شوێنە نەماوە کە پێشووتر لێی بوو، لە شوێنێکی دیکەیە، ئەو دەبێت لەو شوێنە نەمێنێت، خۆم گواستنەوە و ترانسپۆرتم رێکخستووە، ئێمە ئەمشەو دەچینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە رۆژی هەینی دەبوو بچین، بەڵام من دەمەوێت پارێزەرێکی بۆ رێنوێنی کردن لەگەڵ بێت..

- بەڵێ، من ئێستا تێدەگەم، چی لەمن داوا دەکەیت کە بیکەم؟

- تۆ دەزانی ئێستا من بۆ کوێ دەچم وانیە؟

- بەڵێ پێموابێت دەزانم.

دوێنێ وا تێگەشتم کە جۆن لە مۆسکۆ گەڕاوەتەوەو لە رێگای ڤیەناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا.

- زۆر باشە کەواتە دەبێت تۆش بێیت بۆ ئەو شوێنە، هەر ئێستا، دەبێت هەتا کاتژمێر چواردە بگەیتە لامان بۆت دەکرێت؟

سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد، دەمژمێر هەشتی سەرلەبەیانی بوو:

- ڕەنگە زەحمەت بێت، دەبێت جارێ سەیر کەم بزانم دەکرێت یان نا.

- هەوڵبدە شتێك بکەیت، ئەگەر نا هەوڵبدە بە ڕێگەی دوورتریش بووە هەر بگەیت، با ئەو بەبێ ئامادەبوونی پارێزەر نەچێت بۆ ئەو شوینە تازەیەی کە نیازمان هەیە، من ئێستا بە ڕێگاوەم بۆ فڕۆکەخانە، پاش نیو کاژێر تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە بزانم بۆت دەکرێت یان نا.

پاش ئـەوەی جۆن تەلەفۆنەکەی داخست هەوڵمدا تێبگەم بزانم چی ڕوودەدات، چونکە وادەردەکەوێت کە ئۆجەلان لە ڕوسیا نەمابێت، پێدەچوو هەر لەڕۆژی هەینیەوە کە ئێمە سەرقاڵی ئەوە بووین بچین بە شوێنیدا ئەو لەوێ نەماوە، بەڵام بۆچی ؟ وەڵامی ئەمە نازانم، ئەی کەواتە ئەو لە کوێیە؟ لە یۆنانە؟ ناتوانم تەواو بڕوا بەوە بکەم، یۆنانێك هەرگیز بەهیچ شێوەیەك ئەوی ناوێت چۆن وەری دەگرێت؟، بەڵام ئەگەر جۆن داوا لەمن بکات بگەمە یۆنان مانای ئەوەیە کە ئۆجەلان لە یۆنانە... ئەی باشە ئەگەر لە یۆنانە ئەم هەموو ترس و لەرزەی بۆچیە؟ خۆ یۆنانیش ئەندامی یەکیەتی ئەوروپایە، یۆنان ناخوازێت ئەو بگرێتە خۆی ئەمە تێدەگەم، بەڵام بۆچی ڕەوانەی ئیتالیای ناکەنەوە؟ خۆ ئەو لە ئیتالیا داوای مافی پەنابەری کردووە و هێشتا ئەو داوایە بەردەوامە، ئەمەش بێگومان زیاترین ئەگەرە کە لەبەردەستدا بێت. لەوەش گرنگتر ئەگەر ئۆجەلان ئاشکرای بکات کە ئەو لە یۆنانە ئەوسا حکومەتی یۆنان دەتوانێت تەنها دوو شت بکات یان ئەوەتا خۆی مەسەلەی مافی پەنابەریەکەی ئۆجەلان لە ئێتالیەکان وەرگرێت و خۆی کاری تێدا بکات یان ئەوەتا ئۆجەلان بۆ ئیتالیا ڕەوانە بکاتەوە ئەمەش تەنها ڕێگەیە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕێکەوتننامەی شنگنیان مۆرکردووە. ئەگەر کەسێك لە یەکێك لەو وڵاتانەی پەیمانی شنگن دەیگرێتەوە داوای مافی پەنابەری بکات و پاشان بڕوات بۆ وڵاتێکی دیکەی شنگن، ئەوە لەوکاتەدا وڵاتی دووەمی شنگن بۆی هەیە ئەو کەسە ڕەوانەی یەکەم وڵاتی شنگنی لێوە هاتوو بکاتەوە، ئەگەر باسی ئەوەش بکرێت کە ئۆجەلان لە

نێوان یۆنان و ئیتالیادا لە روسیا ماوەتەوە واتە لە دەرەوەی وڵاتانی شنگن بووە ئەمەش کاریگەری نابێت، لانی کەم لەم بارەی ئێستادا، چونکە ئەمانە هەمووی لە نێوان چەند هەفتەیەکدا رویانداوە، ئەی کەواتە گرفتەکە لە کوێدایە؟ رەنگە شتێکی دیکە لە گۆڕێدا هەبێت کە من نازانم چیە...

لەم کەین و بەینەدا سەیری خشتەی گەشتەکانی کۆمپانیای (KLM) م کرد، بۆم دەرکەوت کە تەنها لە پاش نیوەڕۆ گەشتێك هەیە بۆ ئەسینا، گەشتی یەکەم کاتژمێر حەوتی دەمەو بەیان رۆشتووە و تازە من ئەمەیانم لەدەست چووە، هەروەها لەڕێگەی فرانکفۆرت و رۆماشەوە لە کاتی خۆیدا پێڕاناگەم، بۆیە ئەگەر پاشتر جۆن تەلەفۆنی کرد دەبێت ئەوەی پێبڵێـم کە من ناتوانم دەوروبەری نیوەڕۆ بگەمە ئەسینا، بەڵام چارەسەرێکی دیکەم بە بیردا هات، من بە جۆنم گوت کە فکتۆربە رێکەوت (لەو شوێنەیە کە دەبێت من بۆی بێم).کە جۆن تەلەفونی کرد شادمان نەبوو بەوەی کە من ناتوانم لەکاتی خۆیدا بگەم بۆیە پێمڕاگەیاند کە من داوا لە فکتۆر دەکەم ئەو تەلەفۆنت بۆ بکات، ئەویش ئەو بیرۆکەیەی بە شتێکی زۆر باش زانی.

ئەگەر من باش حاڵی بوبم ئەوە جۆن لە کاتژمێر چواردەوە لە ئەسینا دەبێت، بێگومان ئەمە بە کاتی ئەوێ مانای وایە یەك کاژێر زووتر لە کاتی هۆڵەندا، چارەکێك بەر لە کاتژمێر سیازدە تەلەفۆن بۆ فکتۆردەکەم، هیوادارم بۆ رۆژێکی وەك دەمەو بەیانی یەك شەممە زۆر زوو تەلەفۆنی بۆ نەکەم و بێداری کەم. بۆ گەیشتن بە ژوانەکەی جۆنیش ئەو کاتەم بە گونجاو زانی، کێ دەزانی ئەمڕۆ چ شتێك چاوەڕێی فکتۆردەکات؟ بۆیە گوتم باشتر وایە ماوەی بدەم درێژترین کات بخەوێت، بەڵام کە پاشان تەلەفۆنم بۆکرد و وەڵامی دامەوە بۆم دەرکەوت کە زوو بە ئاگام هێناوە، چونکە ئەوە دوێنێ زۆر سەرقاڵ بووە و ئەم بەیانیە کاتژمێر حەوت و نیو چۆتە جێگاوە بۆ نوستن!.

بۆم باسکرد کە جۆن پێویستی بە هاوکاری ئێمەیە و بارودۆخەکە هەستیارە و خێرایی دەخوازێت و ناتوانم بە تەلەفۆن بۆی روونکەمەوە

کە چی ڕوودەدات، بۆیە دەبێت ئەو هەر ئێستا پەیوەندی بە جۆن بکات، ژمارەی تەلەفۆنە دەستیەکەی جۆنم پێدا، لەسەر ئەوە پێکهاتین کە فکتۆر ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی لەگەڵ جۆن گفتوگۆ دەکات دەبێت تەلەفۆن بۆ من بکاتەوە. بیرۆکەیەکی ئەوتۆم نەبوو واملێبکات بڕوا بەوە بکەم کە بەڕاستی ئۆجەلان لە یۆنانە، هەروەها لە خۆمم دەپرسی؛ ئەی باشە جۆن چۆن چۆنی دەتوانێت ئەو بێنێت بۆ هۆڵاندا؟، بەڵام گومانم نەبوو لەوەی کە فکتۆر دەزانێت دەبێت چی بکات و لە کاتی پێویستدا چۆن مامەڵە دەکات..

نزیکەی پاش سێ چارەك جۆن تەلەفۆنی بۆ کردم و ئاشکرای کرد کە فکتۆر قسەی لەگەڵ کردووە، هیچی لەوە زیاتر نەگوت هێندە نەبێت کە گوتی ئەو ئێستا بە ڕێگاوەیە بۆ ئەوەی فکتۆر لەگەڵ خۆی بەرێت و پاشان تەلەفۆن بۆ من دەکاتەوە، دەمویست ڕونکردنەوەی زیاترم بداتێ، بەڵام دەمزانی کە جۆن ناتوانێت بە تەلەفۆن ڕازو نیازەکانی خۆیم بۆ ئاشکرا بکات. من دڵەڕاوکەی ئەوەم بوو کە نەمدەزانی بە تەواوی چی ڕودەدات، لە خەیاڵی خۆمدا کەوتمە بیرکردنەوە لە قسەکانی جۆن، بزانم ئەو بە تەواوی چی گوت و باسی چ شتێکی کرد، ئایا ئۆجەلان ئەمڕۆ دەگاتە هۆڵاندا؟ ئایا ئەو لە ڕاستیدا لە یۆنانە یان جۆن بە هەڵە تێگەشتووە؟ پاش کاژێرێك چاوەڕوانی فکتۆر تەلەفۆنی بۆ کردم:

- ناتوانم زۆر قسە بکەم " فکتۆر بە پەلە قسەکانی دەکرد" من ئێستا لە ناو فڕۆکەدام پاش چەند خولەکێکی دیکە بەڕێدەکەوین.

- چۆن؟ بۆچی لە فڕۆکەدان ؟ بەتەمای چیت؟

- گوێگرە من ئێستا لە پاڵ ئەودام لە ناو فڕۆکەکەدا تێگەشتیت؟

- لەپاڵ ئەودا؟ " کەواتە ئۆجەلان بە ڕاست لە یۆنانە" تێدەگەم، بەڵام بۆ کوێ دەچن؟

- ناتوانم بە تەلەفۆن ئەوە بڵێم، بێگومان خۆت دەزانیت.

بێگومان راستدەكات نابێت ئەوە بپرسم، بەڵام داخۆ دەبێت راستەوخۆ بێنە هۆڵاندا؟ بۆیە پرسیم:

- دەچیتە دەرەوەی شنگن؟

- بەڵێ دەرەوەی شنگن.

- پاشانیش بێگومان ناوەستن لە سەفەر؟

- راستە، جۆن دەڵێت تۆ خۆت دەزانێت ئێمە لە کۆتاییدا بۆ کوێ دێین، رەنگە ئێمە لە نیوەشەدا بگەین.

- جۆن لەگەڵ تۆدایە؟

- بەڵێ، ئەویش لەگەڵمان دێت

لانیكەم ئەمە تۆزێك ئارامی دەبەخشێت، جۆن دەزانێت چی دەكات وچۆن مامەڵە لەگەڵ رەوشەكەدا دەكات. زیاتر پرسیم:

- كاتژمێر چەند دەگەنە ئەو وڵاتەی كە ئێوە سەفەری بۆ دەكەن؟

- بە تەواوی نازانم، بەڵام پێموابێت كاتژمێر پێنج و نیو، ئێمە دەبێت دوو كاژێر بە ئاسمانەوە بین، بەڵام من دەبێت ئیتر تەلەفۆنەكە دابخەم، راستەوخۆ كە فڕۆكەكە نیشتەوە خۆم تەلەفۆنت بۆ دەكەم.

- ئاگاتان لە خۆتان بێت.

كاتی دوا رستەم بە خێرایی گوت فكتۆر تەلەفۆنەكەی داخستبوو...

## -٤-

پاش گفتوگۆكەم لە گەڵ فكتۆر هەوڵمدا هەموو ئەو شتانەی كە باس كران بخەمە سەر یەك هێڵ بۆ ئەوەی تێبگەم، لەوە زیاتر نیە لە هەموو حاڵەتێكدا ئۆجەلان بە رێگاوەیە بۆ هۆڵاندا، فكتۆر گوتی كە ئەوان لە نیوە شەودا دەگەنە ئێرە، ئەمەش مانای ئەوەیە یان دێنە ئەمستەردام یان دێنە رۆتەردام، فڕۆكەخانەی ماستریخت لەو كاتەدا داخراوە، رەنگە لە پاشاندا ئەگەر فكتۆر تەلەفۆنم بۆ بكات ئاماژەیەكم پێدەدات كە ئەوان بەرەو

ئەمستەردام دێن یان بەرەو رۆتـەردام، کارێکی زۆر ساویلکانە دەبێت ئەگەر من لە فڕۆکەخانەیەکی دیکە بە هەڵە چاوەڕێیان بم..، بەڵام دیسان پرسیارێکی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لە پێشدا بۆ چ وڵاتێك دەچن لە دەرەوەی شنگن؟ ئەمە روونە، بەڵام دەبێت بۆ کوێ بچن؟ فکتۆر گوتی ئەوان کاتژمێر پێنج و نیو دەگەنە ئەوێ، نزیکەی دوو کاژێر دەبێت بە ئاسمانەوە بن، بەڵام شتێك لێرەدا راست نیە، ئێستا کاتژمێر دوونیوە، دوو کاژێریش بە ئاسمانەوە بن ئەوە دەکاتە کاتژمێر چوارونیو نەك پێنج و نیو، تۆبڵێیت فکتۆر لە نێوان کاتی یۆنان و هۆڵاندا توشی هەڵە نەبووبێت؟ بەڵام خۆ کاتی فڕینەکە و ئەو کاتەی دەبێت بە ئاسمانەوە بێت تەواوە؟ ئەمەش مانای ئەوەیە کە فکتۆر پاش دوو کاژێری دیکە دەبێت تەلەفون بکاتەوە لە نێوان کاتژمێر چوارونیو و پێنج، دوو کاژێر لە ئەسیناوە بە ئاسمانەوە بن بۆشوێنێك لە دەرەوەی شنگن واتای زۆر دەبەخشێت، بە دڵنیاییەوە ناچن بۆ روسیا،چونکە ئۆجەلان تازە لەوێ هاتووە، رەنگە بۆ پراگ بچن یان بۆ بوداپست؟ بەڵام ئەگەر ئۆجەلان لەوێوە راستەوخۆ بەرەو ئەمستەردام بێت و نیو کاژێریش بۆ بەنزین تێکردنەوە، هەموو ئەمانە واتای ئەوەیە کە ئەوان دەبێت زۆر زووتر لە نیوە شەو بگەنە ئێرە، هەرچەند سەرئەهێنم و سەر ئەبەم لەم شتە تێناگەم!

تەنها شتێك کە ئێستا پێم بکرێت ئەوەیە چاوەڕێی فکتۆر بکەم هەتا تەلەفۆنم بۆ دەکات، رەنگە ئەوسا رەوشەکە تۆزێك روونتر بێتەوە، لە گەرماوگەرمی ئەم سەرقاڵیەدا تەلەفۆنم بۆ، تیس، کرد چونکە هەست ناکەم بتوانم بە تەنها فریا کەوم، خۆشبەختانە ئەو لە ماڵەوە بوو هەروەها ئەمڕۆ دەستی بەتاڵەو کارێکی ئەوتۆی نیە بۆیە لەسەر ئەوە رێکەوتین کە خۆی بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بکات نەوا کارێکی ناوەختە بێتە پێشەوە، بەتەلەفۆن نەمدەتوانی زۆری بۆ باسکەم، بەڵام ئەو لە سەرکێشیەکەی رۆژی هەینی سەبارەت بە مۆسکۆ ئاگادار بوو، بۆیە لە قسەکانم رەنگە

حاڵی بووبێت کە ئەگەری ئەوە هەیە ئۆجەلان بە ڕێگاوە بێت بۆ هۆڵاندا و فیکتۆریش لەگەڵ ئەودایە، لەگەڵ تیس پێکهاتین کە من پاش تەلەفۆنەکەی فکتۆر پەیوەندی پێوە بکەمەوە...

بەڵام بوو بە چوارو نیو پاشان پێنج، فکتۆر تەلەفۆنی نەکرد، ڕەنگە بە هەڵە تێگەشتبم، ڕەنگە فکتۆر مەبەستی لە پێنج و نیو بە کاتی هۆڵاندا بووبێت، بەڵام لە پێنج و نیویشدا تەلەفۆنی نەکرد، پاش ئەوەی کاژێرێکی دیکە چاوەڕێم کرد و تەلەفۆن نەبوو ئیتر تەواو کەوتمە دڵەڕاوکەوە، خۆم تەلەفۆنم بۆ فکتۆر کرد، بەڵام تەلەفۆنەکەی کوژاوەتەوە، نەمدەوێرا نامەشی لە تەلەفۆنەکەدا بۆ بەجێبێڵم، چونکە ئەگەر تەلەفۆنەکەی کوژابێتەوە ئەوە دیارە هۆکاری خۆی هەیە و ئەگەر منیش پەیڤێکی بۆ بەجێبێڵم ڕەنگە تەنها گرفت بۆ ئەو دروست بکات. چارەکی مابوو بۆ حەوت هێشتا فکتۆر تەلەفونی نەکردووە، دەبوو هەتا ئێستا فکتۆر شتێکی بگوتایە و تەلەفۆنێکی بکردایە، ئەو باش دەزانێت کە من چاوەڕوانی تەلەفۆنی ئەوم، بەڵام ئاشکرایە ئەگەر ئەو بتوانیبا دیارە تەلەفۆنی بۆ دەکرم، من دڵنیام لەوە، کەواتە هیچی دیکە نیە جگە لەوەی کە شتێك ڕویداوە، بەڵام دەبێت چی ڕویدابێت؟ ناشزانم چی بکەم، لە ژوری دانیشتنەکەم هەر دەهاتم و دەچووم، شەش هەنگاو بۆلای پەنجەرەکە پاشان دەگەڕامەوە شەش هەنگاو بۆلای دیوارەکە، پاش هەر دەجار لە هاتن و ڕۆشتن لە ناو ژورەکەدا تەلەفۆنم بۆ فکتۆر و جۆن دەکرد، بەڵام سودی نەبوو، تەلەفۆنەکانیان کوژابوونەوە!

کاتژمێر حەوت و چارەك تەلەفۆنم بۆ ‹تیس› کردەوە، ئەویش وەك من بە هەمان شێوە زۆر نیگەران بوو، هەروەها هاوشێوەی من بیرۆکەیەکی ئەوتۆی نەبوو کە چی بکەین باشە، بۆیە دەبوو چاوەڕێ بکەین، بەڵکو فکتۆر تەلەفۆن بکات، لەسەر ئەوە پێکهاتین کاتژمێر هەشت ئەگەر هێشتا فیکتۆریش تەلەفۆنی نەکردبوو من پەیوەندی بەو بکەمەوە و پاشان پێکەوە کۆبینەوە بۆ ئەوەی (کۆمیسیۆنی قەیران) پێکبێنین، چونکە دەبوو

ئەگەری ئەوە دانێین کە تورکەکان توانیبێتیان بزانن ئۆجەلان بەرەو کوێ دەڕوات و دەسەڵاتدارنی ئەو شوێنەیان ئاگادارکردبێتەوە. رەنگە راستەوخۆ پاش گەیشتنی بۆ ئەو شوێنە یەکسەر دەستگیریان کردبێتن و لە زینداندا توندیان کردبن، لەم ئەگەرەدا بێگومان فکتۆر چاوەڕێی ئەوە دەکات کە من راستەوخۆ هەنگاوی خۆم دەنێم لەبەر ئەوەی وەك پێکهاتبووین ئەو تەلەفۆنی بۆ من نەکردەوە !

کاتژمێر هەشت زەنگی تەلەفۆن لێدرا، بەڵام فکتۆر نەبوو، بەڵکو عەلی بوو لە "KIC" سەنتەری کوردی ئەمستەردام، داوای لێکردم ئەگەر بتوانم بە زووترین کات بۆ گفتوگۆیەکی بە پەلە بچم بۆ نوسینگەکەیان، بەڵێنم پێدان کە بچم و پاش نیو کاژێر گەیشتمە ئەوێ، ‹تیس› م لەگەڵ خۆمدا برد و پاش بیست خولەك گەیشتینە لایان، جگە لە عەلی دوو کەسی دیکەی بە ناوەکانی حەسەن و شەهلا لەوێ بوون، کـــە من نەمدەنایسن، عەلی رایگەیاند کە حەسەن و شەهلا لە (بروکسل)ەوە هاتوون، هەروەها گوتی ئەوان بۆ رێکخستنی کارەکان هاتوون بۆ ئێرە لە ئەگەری ئەوەی ئۆجەلان بگاتە هۆڵاندا، ئەوان دەیانزانی کە ئێمە پارێزەرەکانی ئۆجەلانین و هاتوون بزانن چی لە گۆڕێدایە و ئۆجەلان کەی دەگاتە هۆڵاندا.

ئەوەم بۆ رونکردنەوە کە ئۆجەلان پارێزەریکی هۆڵەندی بۆ رێنوێنی کردن لەگەڵدایە، ئەو پاریزەرە کار بۆ ئەوە دەکات کە لە حاڵەتی گەشتنی ئۆجەلان بۆ هۆڵاندا پێش بەوە بگیرێت کە راستەخۆ رەوانە بکرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێوەی هاتووە. فکتۆر راستەخۆ پاش گەیشتنی ئۆجەلان بۆ هۆڵاندا لە کن پۆلیسی ئەو وڵاتە ئاشکرای دەکـات کە ئەو داوای مافی پەنابەری دەکات. رەنگە ئۆجەلان دەستگیر بکەن، بەڵام ئەو خۆی ئەگەرێکی لەو جۆرە بەدوور نازانێت، ئەگەرهۆڵاندا نەخوازێت ئۆجەلان بگرێتە خۆی ئەوا بێگومان لە داهاتوودا پرۆسەیەکی یاسایی بەڕێوە دەبرێت بۆ ئەوەی رەوانەی ئیتالیای بکەنەوە، ئەگەر ئیتالیەکان نەخوازن خۆیان

ئۆجەلان وەرگرنەوە ئەوا کارەکە درێژ دەخایەنێت و لە شەش مانگ هەتا ساڵێکی پێدەچێت، لەنێوان ئەو کاتەدا هۆڵاندا ناچار دەبێت ئۆجەلان قبوڵ بکات، جا ئەگەر لە زینداندا بێت یان نا، ڕەنگە هۆڵەندا مەسەلەی مافی پەنابەریەکەی ئۆجەلان لە ئیتالیەکان وەربگرێت، بەڵام من ئەگەرێکی لەو جۆرە بە دوور دەزانم، ئەو دەمەی تورکیا دەزانێت کە ئۆجەلان لە هۆڵەندایە هاوتای ئەوەی کە بەرامبەر ئیتالیا کردی، داواش لە هۆڵاندا دەکات ئۆجەلان رادەستی کاتەوە، بەڵام هەرگیز کارێکی لەو جۆرە ڕوونادات کە هۆڵەندا ئۆجەلان رادەستی تورکیا بکاتەوە، خراپترین شت کە ڕووبـدات ئەوەیە دیسانەوە ئۆجەلان بگەڕێنرێتەوە بێگومان بۆ ئیتالیا، هەروەها پێدەچێت لە ماوەی مانەوەیدا لە هۆڵاندا لە زینداندا توند بکرێت.

پاش ئەم رونکردنەوانە نۆرەی منە پرسیارەکانم بکەم: ئایا ئەوان دڵنیان کە ئۆجەلان ئەمڕۆ دەگاتە هۆڵاندا؟ ئایا بەڵگەیەکیان هەیە کە هەموو شتەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچن و گرفت لە ئارادا نیە؟ ئەی بۆچی ئێمە هیچ لە جۆن و فکتۆرەوە نابیستین؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەم بە ناتەواوی و کورتی وەرگرت، بەڵام دڵنیاکرامەوە کە هەموو شتێك بەپێی نەخشەکان بەڕێوە دەچن و ئۆجەلان بە رێگاوەیە بۆ هۆڵاندا. ئەو لە رێگای وڵاتێکی دیکەوە دێت و پێدەچێت ئێستا گەشتبێتە ئەوێ، بەڵام ئەو وڵاتە کامەیە ئەوە ناخوازن بۆمی ئاشکرا بکەن، حەسەن ئەوەی ئاشکرا کرد کە لەنێو فڕۆکەکەوە زۆر زەحمەتە یاخود نابێت تەلەفۆن بەکار بێت، بۆیە ئێمە سەبارەت بە رۆشتنەکەی ئەوان لە ئەسیناوە هیچ نابیستین، بەهەرحاڵ فڕۆکەکە ئێستا لەسەر زەویە و لەماوەیەکی کورتدا بەرەو هۆڵەندا دەکەوێتە گەڕ. حەسەن چاوەڕێی ئەوە دەکات کە لەهەر ساتێکدا بێت ئاگادار بکرێتەوە لەوەی کە فڕۆکەکە هەستاوەو بە ڕێگاوەیە بۆ هۆڵاندا و ناوی ئەو فڕۆکەخانەیەش وەربگرێت کە فڕۆکەکەی لێدەنیشێتەوە.

تۆزێك هێمن بوومەوە، پێدەچێت هەموو شتێك بەباشی بەڕێوە بچێت،

هەروەها وردەکاری ئەم چیرۆکەش لە پاشاندا لە فکتۆرەوە دەبیستم، بەڵام هێشتا خاڵێك هەیە کە دەبێت رونبکرێتەوە، تیس پرسیاری لە حەسەن و شەهلا کرد کە داخۆ بیریان لەوە کردۆتەوە راگەیاندنەکان لەمەڕ هاتنەکەی ئۆجەلان ئاگادار بکرێنەوە؟

تیس ئـەوەی رونـکـردەوە کە باشتر وایـە دەزگاکانی راگەیاندن لە فرۆکەخانە ئامادەییان هەبێت و ئاگادار بکرێنەوە، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە هۆڵەندا شادمان نابێت بە گەیشتنی ئۆجەلان بۆیە هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی رێگەبگرن لە وەی بێتە نێو هۆڵانداوە، بۆیە ئەگەر ئێمە راگەیاندن و میدیاکان ئاگادار کەینەوە ئەوسا حکومەتی هۆڵاندا ناچار دەبێت بە ئاگاوە مامەڵە لەگەڵ فشارەکانی خۆیدا بکات بۆ دەرکردنی ئەمەش بێگومان لە قازانجی ئێمەیە، پاش ماوەیەك گفتوگۆکردن بڕیار درا پاش ئەوەی دڵنیا دەبین لەوەی کە ئۆجەلان دەگاتە هۆڵاندا دەزگاکانی راگەیاندن ئاگادار کەینەوە...

نزیك کاتژمێر نۆی شەو ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەی کە حەسەن چاوەڕوانی بوو کرا، پێدەچوو هەموو شتەکان بە رێکوپێکی بەڕێوە چووبێتن، ئۆجەلان بەڕێگاوەیە بۆ هۆڵاندا و چاوەڕێ دەکرێت کاتژمێر دوازدەونیوی شەو بگاتە فرۆکەخانەی (ZESTIENHOEVEN)، من و تیس بڕیارماندا بەرەو رۆتەردام بکەوینە رێگا، من رێگای فڕۆکەخانەکەم نەدەزانی خراپیش نەبوو کە بارودۆخەکە لە شوێنی خۆیدا ببینین، لەگەڵ تیس بەرەو نوسینگەکەی خۆمان کەوتینە رێ و لەوێوە (ستیاین) ئێمەی بەرەو فڕۆکەخانەی (ZESTIENHOEVEN) برد. بۆئەوەی خۆم لە هەر هەڵەیەك دوور بگرین کە بێتە پێش، بڕیارماندا لە درەنگترین کاتدا و ئەو دەمەی دڵنیا دەبین کە بەراستی ئۆجەلان بەڕێگاوەیە بۆ هۆڵەندا پەیوەندی بە میدیاکانەوە بکەین..

لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا تەلەفۆنم بۆ عەلی کرد و دیسان پرسیمەوە کە داخۆ هەموو کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچن یان نا تا بتوانین پەیوەندی بە میدیاکانەوە بکەین، پاش ئەوەی عەلی لەگەڵ حەسەن و شەهلا گفتوگۆی کرد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە فڕۆکەکەی ئۆجەلان بەرەو هۆڵاندا بەڕێگاوەیە، هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی و بە تیس و ستاینم گوت "ئەوە ساتەکەیە کە چاوەڕێ بووین، فڕۆکەکە بە ئاسمانەوەیە بەرەو هۆڵاندا" تەلەفۆنم بۆ - ANP[33] - کرد هەروەها دوو رۆژنامەنوسی دیکە کە زۆر باشم دەناسین لە رۆژنامەی (DE VOLKSKRANT) و (NRC) م ئاگادار کردەوە کە بەپێی زانیاریەکانی ئێمە ئۆجەلان لە کاتژمێر دوازدەو نیوی ئەمشەو لە فڕۆکەخانەی (ZESTIENHOVEN) ی هۆڵاندا دەنیشێتەوە...

## - ٥ -

کاتێ بەر لە نیوە شەو ئێمە گەیشتینە فڕۆکەخانەی (ZESTIENHOVEN) فڕۆکەخانەکەو هۆڵی چاوەڕوانی چۆڵ بوون، پاش ئەوەی تۆزێك هاتوچۆ و ئەمسەرو ئەوسەرمان کرد بڕیامدا پرسیار لە پۆلیسی فڕۆکەخانەکە بکەم کە داخۆ فڕۆکەیەکی تایبەت بە رێگاوەیە بۆ هۆڵاندا؟ بەڵێ ئەمە وەڵامی یەکێك لە کارمەندەکان بوو کە بەرگی فەرمی لەبەردا بوو " فڕۆکەیەکی تایبەت کاتژمێر دوازدەونیوی شەو لێرە دەنیشێتەوە" من بڕوا ناکەم لە هەمان ئەو کاتەدا فڕۆکەیەکی دیکەی تایبەت لە هەمان فڕۆکەخانە لە رۆتەردام بنیشێتەوە، کەواتە دەبێت ئەو فڕۆکەیە ئەوەی ئۆجەلان بێت، پاش بیستنی ئەو هەواڵە تیس و ستاینم لەوە ئاگادارکردەوە کە بەڵێ فڕۆکەکەی ئۆجەلان پاش یەك کاژێر لێرە دەبێت، پاشان بەرەو دەرەوە رۆشتین بۆ ئەوەی شوێن و هێڵی نیشتنەوەی فڕۆکەکان ببینین. شەوێکی ساردو سایەقەی ساماڵ بوو کەواتە دواتر دەتوانین لە دوورەوە

33- ANP* ئاژانسی دەنگوباسی هۆڵاندا Algemeen Nederlands Persbureau – وەرگێڕ

چاومان بە فڕۆکەکە بکەوێت کە دەگاتە ئێرە، نیو کاژێری نەبرد هۆڵی فڕۆکەخانەکە سیخناخ بوو لە خەڵك و جمەی دەهات، لە هەموو لایەك ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران بەدی دەکران، هەروەها کوردێکی زۆریش بە لافیتەو سلۆگانەوە بۆ " بەخێرهاتنی" سەرۆکەکەیان ئامادە بوون، پێدەچوو ڕاگەیاندنەکەی ئاژانسی دەنگوباسی هۆڵاندا وەك بۆمبێك دەنگی دابێتەوە.

من و تیس لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە هەرچۆنێك بووە شتێك بە ڕۆژنامە نوسان ڕاگەیەنین، بەڵام لەوەش زیاتر کە ئۆجەلان پاش نیوکاژێری دیکە دەگاتە ئێرە نەماندەتوانی لێدوان بدەین، تەنانەت یاڤوز لە فەرەنساوە گەشتبووە ئێرە، بە کورتی ئەوەی لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابوردوودا ڕویاندابوو بۆ ئەوم باسکرد بەهەمان شێوەش بۆ عەلی و شەهلا و حەسەنیش.

کوردەکان شاگەشکە ببوون، گۆرانیان دەگوت و دیلانێیان دەکرد، هەموو کەس لەوێ بە گەشتنی ئۆجەلان شادمان بوو، پێدەچوو زۆربەی کوردەکان ئەوەیان زانیبێت کە من کێم، ژمارەیەکی زۆر لەوان کە من نەمدەناسین دەهاتن تەوقەیان لەگەڵدا دەکردم و سوپاسگوزاری خۆیان دەردەبڕی...

زۆرێك لە ڕۆژنامە نوسان هێشتا پرسیاریان دەکرد و دەیانویست بزانن کە گۆڕانکاری تازەیە هەیە یان نا، منیش تەنها ئەوەندەی لەگەڵ یەکێکیاندا تەنها دوو خولەك قسەم بکردایە ڕاستەوخۆ دە ڕۆژنامەنوسی دیکە دەهاتن و گوێ قولاغ دەبوون لە ترسی ئەوەی نەوەك شتێکی تازە هەبێت و لە دەستیان بچێت، بەڵام هەتا ئەو کاتە هیچی ئەوتۆ تازە نەبوو شایەنی ڕاگەیاندن بێت.. من و تیس بە نۆرە دەچوینە دەرەوە بۆ چاودێری کردن و تەماشاکردنی ئاسمان بزانین فڕۆکە بەدەر دەکەوێت یان نا، ناوە ناوەش چەندین جار دە چومە سەرەوە بۆلای پۆلیسەکانی فڕۆکەخانە، بەڵام هیچ زانیارییەکم چنگ نەدەکەوت ئیتر نەمدەزانی کە ئایا ئەوان بەراستی ئاگاداری هیچ نین یاخود ناخوازن زانیاری بدرکێنـن.

پۆلیس لە ئامادەبوونی ژمـارەی زۆری کـوردەکـان لـەو شوێنە ئاگادارکرایەوە، دوو پاس پۆلیس گەشتنە ئەوێ هەروەك بۆ منیان رونکردەوە لە پێناوی ئەوەدا بوو کە لە ئەگەری ئەوەی تورکەکانیش بێن بۆ ئەو شوێنە و گرفت دروست بکەن ئەوان رەوشەکە بپارێزن، بەڵام خۆشبەختانە ئامادە بوونی ئەو پۆلیسانە کاری نەکردە سەر کوردەکان و هیچ خۆیان تێك نەداو بەردەوام بوون لەسەر ئاهەنگ و دیلانێی خۆیان..

نیو کاژێر بەسەر کاتی راگەیەنراو بۆ گەشتنی فڕۆکەکەی ئۆجەلان تێپەڕی، بەڵام هێشتا هیچ دیارنیە، پۆلیسەکانی فڕۆکەخانە لە سەردان و پرسیارە بەردەوامەکانم بێزار بوون، چونکە هەرکاتێك من دەچووم بۆ پرسیار کردن یەکسەر ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنوسان بەدوامدا دەهاتن و هەوڵیان دەدا بێنە ژوری فەرمانبەرەکانەوە بۆ زانینی شتێك، بەلام هەموو جارێك منیان رەوانە دەکرد بۆ نهۆمی دووەم کە سەنتەری هاتوچۆو گەشتە ئاسمانیەکان بوو، لەوێش هیچ شتێکی ئەوتۆ بەدیار نەدەکەوت، سەرەتا کە جاریك رۆشتمە سەرەوە و پرسیارمکرد وەڵامێکم وەرگرت " بەڵێ.. فڕۆکەیەك چاوەڕواندەکرێت بێت بۆ ئێرە، بەڵام هێشتا نەگەشتۆتە ئاسمانی هۆڵاندا!" کەچی ئەمجارە وەڵامێکی دیکە وەردەگرم " بەڵێ ئێمە لەسەر شاشەکانی خۆمان فڕۆکەکەمان بەدیکرد، بەڵام ئەو فڕۆکەیە گەڕێنرایەوە" " نەخێر نازانم بۆ کوێ " وەڵامەکان و گفتوگۆکان هەرجارەی بە شێوەیەك دەبوون " چارەکێکی دیکە وەرنەوە رەنگە زانیاری زیاترمان دەستکەوێت" " نەخێر نازانم چی روودەدات، من دڵنیا نیم کە داخۆ ئەو فڕۆکەیە بەڕێگاوەیە بۆ هۆڵاندا یان نا"....

نزیکەی کاتژمێر یەکی شەو لە یەکێك لە رۆژنامەنوسەکانەوە بیستم کەمێك بەر لە ئێستا دوو ئۆتۆمبێلی مارسیدیسی گەورە کە پێدەچێت سەربە وەزارەتی دەرەوە بن گەشتوونەتە ئێرە، لەگەڵ کۆمەڵێك لە رۆژنامەنوسان بەرەو دەرەوەی فڕۆکەخانەکە رۆشتم بینیم کە وایە و دوو ئۆتۆمبێلی

مارسیدس کە چوار کەسی بە قات و جلوبەرگی پۆشتەوپەرداخەوە تێدا بوو، لە لایەن کەسێکی فڕۆکەخانەکەوە کە پێدەچوو بەڕێوەبەر بێت، چونکە کۆمەڵێك نیشانەی زێڕین بە چاکەتە فەرمییەکەیەوە بوو، بەرەو ژورەوە پێشوازی دەکرێن و بەرەو نهۆمی سەرەوە بران، من پرسیاری سیفەتی فەرمی ئەوانەم کرد و داوام کرد کە قسەیان لەگەڵدا بکەم، بەڵام دەرگای ئۆفیسی بەڕیوەبردنی فڕۆکەخانەکە لەپێشم داخرا.

من بــەردەوام زەنگم لە دەرگاکە دەدا، پاش دە خولەك کەسێك دەرگاکەی کردەوە کە هەمان ئەو کەسە بوو پێشوازی لە فەرمانبەرەکانی وەزارەتــی دەرەوە کرد و بۆ ســەرەوەی بردن و دەرکــەوت کە هەر ئەو کەسە خۆی بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکەیە، پاش بێنەو بەردەو ئەمسەرو ئەوسەرێکی زۆر ئەوەی راگەیاند کە ئەو دڵنیا بووە لەوەی فڕۆکەکە بەرەو هۆڵاندا نەکەوتۆتە ڕیگا و هەرگیزیش نەگەشتۆتە ئاسمانی هۆڵاندا و ئێستا لە شوێنێك نیشتۆتەوە کە ئەو ناخوازێت ناوی ئەو شوێنە بەرێت...

نەمدەزانی بڕوا بە چی بکەم، تەنها کەسێك بتوانێت راستیەکانم بۆ ئاشکرا بکات ئەوە دەبێت کەسێك بێت کە لەناو فڕۆکەکەدا بێت، بەڵام هەتا ئێستا پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەواندا ئاستەمە، چارەك لایدابوو کە دیسان هەوڵمدا تەلەفۆن بۆ فکتۆر بکەم، بەڵام دیسان تەلەفۆنەکەی ئەو کوژاوەتەوە و پەیوەندی وەرناگرێت..

کــوردەکــان بـــەردەوام بــوون لــە ئاهەنگ و دیلانێی خــۆیــان و رۆژنامەنوسانیش تا دەهات زیاتر بێ سەبر دەبوون، ناهەقیشیان نەبوو، منیش هەروا لەخۆمەوە کاتژمێر دووی شەوی رۆژی یەکشەممە نەهاتومەتە فڕۆکەخانە و چاوەڕوان بم. لەگەڵ ستاین و تیس لە مشتومڕی ئەوەدا بووم کە چی بکەین، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە تۆزێکی دیکەش لێرە بمێنینەوەو چاوڕێ بین، لەم کاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، راست و رێك پاش دوازدە کاژێر لە دوا پەیڤینم لەگەڵ فکتۆر، ئێستا دیسان ئەو

لەسەرخەتە لەگەڵمدا، پەیوەندیە تەلەفۆنیەکە بێگومان هەروا بێ بایەخ وەرنەگیرا بۆیە دەیەها رۆژنامەنوس لەدەورم کۆبوونەوە، ئیتر هەرچۆنێك بێت ئێستا دەنگوباسەکان دەزانین و شتێك بە دیار دەکەوێت، ستاین و تیس بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە رۆژنامەنوسەکانم لێدوورخەنەوە، بەڵام سودی نەبوو.

دەستبەجێ بەیەکەوە کۆمەڵێك پرسیارم ئاراستەی فکتۆر کرد: چی روودەدات، ئێستا لەکوێت، بۆ چی ئێستا تەلەفۆن دەکەیت...هتد

- من گەڕاومەتەوە بۆ ئەسینا، ببورە کە ئێستا تەلەفۆنم بۆ کردیت، نەمتوانی زووتر تەلەفۆنت بۆ بکەم، خۆ لەخەوم خەبەر نەکردیتەوە؟

بە دەنگیدا دەردەکەوت کە فکتۆر زۆر ماندوو نائارام بێت

- چی ؟ خەبەرت کردبێتمەوە لەخەو؟ بۆ تۆ ئەزانێت لێرە بارودۆخ چیە و چی روودەدات؟ من لە کاتژمێر یازدەو نیوەی شەوەوە لە فڕۆکەخانەی ‹ ZESTIENHOVEN › چاوەڕوانی ئێوە دەکەم، بەڵام ئێوە دەنگتان نیە، هەرچی رۆژنامەو میدیا هەیە لە هۆڵەندا لێرە کۆبۆتەوە لەبەرئەوەی ئۆجەلان دەگاتە رۆتەردام!

- چی چی؟ تۆ لە فڕۆکەخانەی "ZESTIENHOVENیت؟"، بەڵام بۆ خاتری خوا لەبەرچی؟ ئێمە هەرگیز بەرەو هۆڵەندا نەکەوتوینەتە رێگا.

- ئێستا ئەوە تێدەگەم، بەڵام من ئاگاداری ئەوە نەبووم، ئێمە تەنها ئەوەمان زانی کە ئێوە لە کاتژمێر دوازدەو نیوەی شەوێ دەگەنە ئێرە، بەڵام بۆ نەگەشتن چی رویداوە؟ بۆچی گەڕاویتەتەوە بۆ ئەسینا؟

- شتێك رویدا کە نازانم چیە، رێگامان نەدرا بەرەو هۆڵەندا بکەوینە رێگا، من بە تەواوی نازانم چیە، بەڵام پێدەچێت حکومەتی هۆڵاندا ئاگاداری هاتنی ئێمە بوبێت بۆ هۆڵاندا.

- ئەی موەکیلەکەم؟ ئەو چۆنە؟

- ئەو باشە پارێزراوە، لانی کەم لە ئێستا ژیانی لەمەترسیدا نیە، بەڵام من نازانم لەمەودوا چی لێبەسەردا دێت.

- ئەی خۆت بەتەمای چیت ؟ هەر لەوێ دەمێنیتەوە؟

- نەخێر، پێویست بە مانەوەی من ناکات، من لە پاشاندا یەکەم گەشتی ئاسمانی بەرەو ئەمستەردام سواری فڕۆکە دەبم و کاتژمێر هەشت و نیو دەگەمەوە هۆڵەندا.

- پێویست دەکات ئێمە شتێك بکەین؟ جۆن هیچی لەم بارەوە نەگوتووە.

- نا، تا ئێستا هیچی نەگوتووە، بەڵام ئەو تەنها ئەوەندەی گوت کە لە پاشاندا تەلەفۆنت بۆ دەکات و چوارچێوەکانی ئەم بابەتە زیاتر باس دەکات، من ئێستا دەبێت تەلەفۆنەکە دابخەم، پاش چەند کاژێرێك دەتبینمەوە..

دوای تەواو بوونی تەلەفۆنەکەم لەگەڵ فکتۆر ڕۆژنامەنوسەکانی چواردەوریان گرتم، ئەوان گوێیان لە وشەی " ئەسینا" بوو، دەیانویست بزانن کە داخۆ ئۆجەلان لەوێ یە؟ منیش بۆم ڕونکردنەوە کە پاش تەنها کەمێکی ترلێدوانێك بۆ هەموو ڕۆژنامەنوسان دەدەم، بەڵام لەپێشا دەبێت دوو خولەك لەگەڵ هاوڕێکانم بیروڕا بگۆڕمەوە. لەگەڵ تیس و ستاین پێکەوە ڕۆشتین بۆ بەشێکی ئەو سەری هۆڵەکە لە دواوە، تەلەفۆنەکەی فکتۆرم بۆ باسکردن کە ئۆجەلان هاوڕێ لەگەڵ فکتۆر و جۆن گەڕێنراونەتەوە بۆ ئەسینا و ئێستا هیچ شتێك سەبارەت بەوە نازانرێت کە چارەنوسی ئۆجەلان بەرەو چی دەچێت، هەروەها فکتۆر ئەم بەیانیە دەگاتەوە ئەمستەردام و جۆن لە کن ئۆجەلان دەمێنێتەوە، هەروەها باسی ئەوەم بۆ کردن کە خۆشم نازانم ئەوان بۆ کوێ چون و بۆچی نەهاتوون بۆ هۆڵاندا، جا ئایا هۆڵاندا بەو پلانەی زانیوە کە ئەوان بەرەو هۆڵاندا دێن و ڕێگری لێکردوون یاخود فڕۆکەکە هەرگیز بەرەو هۆڵاندا نەهاتبێت و لە شوێنکدا لەسەر زەوی نیشتبێتەوەو بەرەو ئەسینا گەڕابێتەوە، لەم بارەوە هیچ دیار نیە...

بڕیارماندا کە من و تیس لێدوانێك بۆ میدیاكان بدەین، بەڵام لەبەر ئەوەی من نازانم کە داخۆ ئۆجەلان بە فەرمی لە یۆنانەو دەتوانێت لەوێ بمێنێتەوە یان نا، بڕیارمدا کە لەو بارەوە هیچ بۆ راگەیاندنەکان ئاشکرا نەکەم کە ئۆجەلان لە ئەسینایە، تیس لەو بارەوە لەگەڵ مندا هاوڕا بوو، لەم بارەوە لەسەر ئەوە پێکهاتین کە تەنها باسی ئەوە بکەین ئێستا فڕۆکەکەی ئۆجەلان لە شوێنکدا نیشتۆتەوە و ئۆجەلان سەلامەتە و ئیمە بۆمان نیە سەبارەت بە شوێنی مانەوەی ئەو لێدوان بدەین، ئەگەر سەبارەت بە ئەسینا پرسیارمان لێکرا ئەوە باشتر وایە باسی فکتۆر بکەین کە ئەو لە ئەسیناوە گەشتی ئاسمانی بۆ لای ئۆجەلان کردووە بۆ ئەوەی لە گەشتەکەیدا هاوەڵی بێت کە ئەمەش سەری نەگرت ئێستا فکتۆر گەڕاوەتەوە ئەسینا.

ستاین لە هۆڵەکەدا مابۆوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئێمەی دەکرد، من و تیس بەرەو لای رۆژنامەنوسەکان رۆشتین. هەرچەندە دەزگاکانی راگەیاندن نیوەی شەوەکەیان لێرە بەسەر بردبوو، بەڵام بەشی هەرە زۆریان هەر مابوونەوە و لە چاوەڕوانیدا بوون، لەمەڕ پەرچە کردارم لە کاتی تەلەفۆنەکەدا لەگەڵ فکتۆر دیار بوو ئەوان هەستیان بەوە کرد کە منیش هاوتای ئەوان سەرم سوڕماوە لە هۆکارەکانی نەگەشتنی ئۆجەلان بۆ رۆتەردام و بەڕاستی نازانم کە چی روودەدات، تەنها پەیامنێرەکەی " NOS" بە ئاشکرا لەبەر کەم خەوی خۆی سەغلەت کردبوو، من هەرگیز پێشتر چاوم بەو نەکەوتووە و نەمناسیوە، بەڵام دواتر لە دەم هەندێ لە رۆژنامەنوسەکانەوە بیستم کە ناوی ‹ PAULINE BROEKEMA› و زۆرجاران میزاجی تێك دەچێت..

پێدەچوو ئەمە راست بێت، چونکە ئەو هەرلە ئێوارەوە میزاجی زۆر تێك چوو بوو، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبوو من لە سەرەتاوە بمزانیبا کە ئۆجەلان نایەت بۆ هۆڵاندا و ئەمە تەنها شانۆگەرییەکی پارێزەرەکانە بۆ راکێشانی سەرنجی رای گشتی، پێدەچوو ئەم خانمە وابزانێت من ئەوم لە ناو جێگای نوستنەوە بەزۆر بۆ ئێرە هێنابێت بۆیە بەرامبەر بە

خودی من زۆر تورە بوو، من سێ یان چوار جار زۆر بە روون و ئاشکرایی و دووپاتکردنەوە وەڵامی ئەوەم دایەوە کە من بەهۆی تەلەفۆنێکی لابەلایی و بە هەڵسەنگاندنی خۆم نەهاتووم بۆ ئێرە یان وام دانابێت کە ئۆجەلان دێت بۆ هۆڵاندا، بەڵام سودی نەبوو بۆیە پێمگوت: " ماندوویت یان خەوت دێ ئەوە دڵنیابە منیش ماندوم و خەوم دێت" ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە چواردەورماندا بە بایەخەوە گوێ قولاغ ببون هەموویان دەستیان دایە پێکەنین، پێدەچوو هەمووان ئەو گفتوگۆیەی کە لەو شەوەدا سەبارەت بە دۆسیەکەی ئۆجەلان ئەنجاممدا و لە چەندین کەناڵەوە پیشاندرا، لا خۆش بووبێت، چونکە پاش تێپەڕبوونی مانگێکیش لەوە یەکێك لە رۆژنامەکان لە بابەتێکی خۆیدا ئەم دەمەتەقێیەی وەك (نەخشی سەربەرد) باس کردبوو.

هەروەها پرسیاری ئـەوەم لێدەکرا کە بۆچی ئۆجەلان هۆڵەندای هەڵبژاردووە و دەیەوێت بۆ ئەم وڵاتە بێت، منیش لەوەڵامدا باسی هۆکارەکانی ئەوەم دەکرد کە لە لایەك هۆڵەندا بۆ ئۆجەلان باشترین پەناگە و شوێنی ئارامە، چونکە لێرە مەترسی ئەوە لە گۆڕێدا نابێت کە رادەستی تورکیا بکرێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هۆڵەندا خۆی وەك وڵاتێکی نمونەیی ئەوروپا نیشان دەدات لە مەسەلەی یاسا نیونەتەوەییەکان بۆیە کێشەی کوردەکان باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی کە ئەم راستیە لەسەر زەمینی واقع بچەسپێنێت، زۆرترین دامەزراوەو دادگا و تریبوناڵە نیونەتەوەییەکان لە هۆڵاندان، هەروەها هەمیشە ئامانجێك لە ئارادا بووە بەوەی کە کێشەی کوردەکان لە چوارچێوەیەکی نێونەتەوەیدا چارەسەر بکرێت، چ وڵاتێك لە هۆڵەندا زیاتر بۆ ئەم کارە گونجاوترە؟ هەروەها باسی ئەوەم کرد کە یەکێك لە و دامەزراوە نێو دەوڵەتیانەی کە ئەم مەسەلانە دەخاتە ئەستۆی خۆی دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانیە کە بە نەرینی ئێمە گونجاوترین دامەزراوە بتوانێت خۆی تەرخان بکات بۆ مەسەلەی کورد و چارەسەرکردنی ململانێ ی نێوان کورد و تورك.

زیاتر لە یەك کاژێری ڕێك لەگەڵ میدیاکاندا سەرقاڵ بووم، هەموو جارێك کە هەستم دەکرد یەکە یەکە وەڵامی پرسیاری هەموو ڕۆژنامەنوسەکانم داوەتەوە دیسان کەسێکی دیکە پەیدا دەبوو کە کۆمەڵێك پرسیاری دیکەی هەبوو، منیش بێگومان خۆم خواستی ئەوەم نەبوو کە هەروا بە ئاسانی بڕۆم، هەستم بە گوناح دەکرد ئەو هەموو ڕۆژنامەنوسانەم هەروا کۆکردبێتەوە و رونکردنەوەی تەواویان نەدەمێ. لە کۆتایدا پاش هەموو ئەمانە لەگەڵ تیس و ستاین بەرەو ئەمستەردام گەڕاینەوە، لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا کەسمان قسەی زۆری نەدەکرد،هەمووومان بیرمان لە سەرنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی پلانەکانی ئەم شەوە دەکردەوە. نەمدەتوانی قسەکانی فکتۆر هەروا بە ئاسانی لێکدەمەوە، کاتژمێر شەش و نیو ستاین منی لەبەردەم دەرگای ماڵی خۆماندا دابەزاند هیچی ئەوتۆی نەمابوو بۆ گەشتنەوەی فکتۆر تەنها سێ کاژێر نەبێت، یەك تەرمۆزەی گەورە قاوەم حازر کرد بۆ ئەوەی خەوم لێنەکەوێت و بە ئاگا بمێنم و چاوەڕێی گەڕانەوەی فکتۆر بکەم.

**- ٦ -**

خۆشبەختانە گەشتەکەی فکتۆر لە ئەسیناوە هیچ دواکەوتنێکی نەبوو، ئەو لە هەشت و نیوی ڕێك گەیشتەوە، ئەویش تەواوی شەوەکە نەخەوتبوو، هێندە نەبێت کە لە نێو فڕۆکەکەدا سەرخەوێکی شکاندبوو. دوای ئەوەی فکتۆر دوشێکی کرد و منیش قاوەیەکی تازەم ئامادەکرد دەستی کرد بە گێڕانەوەی هەموو ئەو شتانەی کە ئەو شەوە رویاندابوو...

سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە پاش تەلەفۆنەکەی من، هەروەك ڕێکەوتبووین لەسەری، فکتۆر پەیوەندی کردبوو بە جۆنەوە، ئەویش هیچی بەو نەگوتبوو تەنها هێندە نەبێت کە " ناونیشانەکەتم بەرێ بە تۆتۆمبیل دێم بە شوێنتا" پاش نزیکەی نیو کاژێر جۆن گەشتبووە " کاوکاکی" ئەو گەڕەکەی ئەسینا کە هاوڕێکەی فکتۆری لێدەژیا، جگە لە جۆن دوو

کەسی دیکەی دەزگای هەواڵگری یۆنان لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا بوون، جگە لە کچێکی گەنج کە کاری وەرگێڕی بۆ ئۆجەلان دەکات. لە ڕێگا جۆن بە فکتۆر دەڵێت کە ئۆجەلان لە راستیدا لە ئەسینا بووە و پاش کەمێکی دیکە ئەوانیش هەموویان بە فرۆکە دەڕۆن.

جۆن تازە لە ژوانێکی خۆی لەگەڵ " BABIS STAVRAKAKIS " بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری یۆنان گەڕابۆوە، جۆن رۆژێك لەوەو پێش بەڵێنێکی لە "STAVRAKAKIS" وەرگرتبوو کە ئەوان بۆ مەسەلەی رۆشتنی ئۆجەلان ئامادەکاریان رێکخستووە و ئامادەن لەو بارەوە لەگەل ئۆجەلان گفتوگۆ بکەن و پلانەکە تاوتوێ بکەن، بەڵام ئەم بەڵێنە نەهاتە دی، بەڵکو لە جیاتی ئەوە بە ‹ جۆن› یان راگەیاندبوو کە لە کاتژمێر دوونیوی پاش نیوەڕۆ فڕۆکەیەکی تایبەت لە فڕۆکەخانەی سەربازی ئەسینا ئامادە کراوە و دەبێت دەستبەجێ ئۆجەلان لە یۆناندا نەمێنێت. ئۆجەلان راستەوخۆ لە لایەن دەزگای هەواڵگری یۆنانەوە بەرەو فڕۆکەخانەکە براوەو لەوێ لەگەڵ جۆن و کەسانی دیکەدا یەکدەگرنەوە، فڕۆکە تایبەتە یۆنانیەکە بە پێی رێکەوتنی تازەی نێوان جۆن و بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری یۆنان هەموو نەفەرەکان راستەوخۆ بەرەو شاری ‹ MINSK› لە روسیای سپی دەبات، پاشان لەو شارەوە فڕۆکەیەکی دیکەی تایبەت کە جۆن پێشتر ئامادەی کردووە لە ‹RIGA › ی پایتەختی لاتفیاوە بەرەو رۆتەردام دەکەوێتەرێ..

بەپێی قسەکانی فکتۆر. جۆن زۆر تـوڕەو نیگەران بـووە، چونکە بەڕێوەبەری دەزگای هەوالگری یۆنان دەیزانی کە فڕۆکەکەی ‹RIGA› هەتا کاتژمێر دە ناگاتە ‹ MINSK›، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەر ئێستا لە ئەسینا بەدەرکەون، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە ئەوان نزیك کاتژمێر پێنج و نیو دەگەنە شاری مینسك و پاشان دەبێت هەتا کاتژمێر دە چاوەڕوانی فڕۆکەکەی دیکە بکەن، هەرچەندە جۆن زۆر پێداگیری لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەم ماوە درێژەی چاوەڕوانیی ژیانی ئۆجەلان دەخاتە

مەترسیەوە، بەڵام ئەو ئامادە نەبووە بۆ یەك کاژێریش چیە ئۆجەلان لە ئەسینا رابگرێت!

بەمجۆرە پاش ئەوەی کە فکتۆریان لە شوێنەکەی خۆی سەرخستووە هەموو گروپەکە پێکەوە رۆشتوون بۆ فڕۆکەخانە، فکتۆر لەگەڵ جۆن و وەرگێڕەکەی ئۆجەلان بەرەو ‹منسك› و پاشان بەرەو رۆتەردام دەفڕن.

بەپێی نەخشەکەی جۆن ئەوان لە نیوەشەودا دەوروبەری کاتژمێر یەکی شەو دەگەنە رۆتەردام لە هۆڵاندا، لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی راستەوخۆ لە ئەسیناوە نەفڕین بۆ هۆڵەندا جۆن بە فکتۆری راگەیاندووە کە یۆنانیەکان بەهیچ جۆرێك نایەنەوێت ئەوە ئاشکرا بێت کە ئۆجەلان لە یۆناندا بووە!

فکتۆر زیاتر گوتی: من خۆشم نەمدەزانی چی بکەم، کارەکان زۆر بە پەلەپڕوزێ دەکران، پێنج کەس ئاخنرابووینە ئۆتۆمبێلێکی بچوکەوە، دوو یۆنانیەکە لە پێشەوە و ئێمەش هەرسێکمان لە دواوە، دوو پیاوەکەی دەزگای هەواڵگری بە درێژایی رێگاکە تەلەفۆنیان دەکرد، پێمواییت فەرمانیان وەردەگرت کە لەکام رێگاوە بێن خێراتر دەگەنە جێ و بە خێرایی چەندە دەبیت ئۆتۆمبیلەکە بهاژوون، ئۆتۆمبیلەکە لە نێو شاردا بە خێراییەکی یەکجار زۆر و لەسەر سەد دەڕۆشت کەچی ئەوان فەرمانیان پێدەکرا کە خێراتر بهاژوون! تەنانەت گوێشیان بە گلۆپە سورەکانی ترافیك لایتەکان نەدەداو هەر خێراتریان دەکرد، پاش بیست خولەك گەیشتینە بەردەم دەرگای فڕۆکەخانە، لەوێ دوو تۆتۆمبیلی گەورەی دەزگای هەواڵگری بەژمارەیەکی زۆری پیاوانی هەواڵگریەوە لە چاوەڕوانیدا بوون، لە نێو یەکێك لە ئۆتۆمبیلەکاندا ئۆجەلانم بینی، ئەو کاسکێتێکی لەسەردا بوو لە دواوە دانیشتبوو، کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ یەکسەر دەرگا گەورەکەی فڕۆکەخانەیان کردووە، ئێمە چوینە ژورەوەو دوو ئۆتۆمبیلەکەی دیکەش بە دواماندا هاتن، کە من لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا دابەزیمە خوارەوە بینیم

فڕۆکەکە ئامادە کراوە و مەکینەکەی ئیش دەکات، هەموو شتەکان دەبوو خێرا ئەنجام بدرێت ‹خێرا، خێرا، خێرا› فەرمان دەکرا، جانتاکەم لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا دەرهێنا و بەسەر پلیکانەی فڕۆکەکەدا سەرکەوتم و چومە سەرەوە، جۆن و وەرگێڕەکەی ئۆجەلان پاش من سەرکەوتن، پاشان بینیم کە ئۆجەلان هەر چوارلای بە پیاوانی دەزگای هەواڵگری تەنراوە و راستەوخۆ ئەویش هێنرایە نێو فڕۆکەکەو لە پشت ئێمەوە دانیشێنرا.

- کەواتە ئێوە چوارکەس بوون لە ناو فڕۆکەکەدا، ئۆجەلان و وەرگێرەکەو جۆن و تۆ؟

- نا، کەسێکی دیکەشمان لەگەڵدا بوو ئەویش کارمەندێکی دەزگای هەواڵگری یۆنان بوو، کابرایەکی رێکوپێك بوو بە ناوی ‹SAVVAS › یان ناوێکی لەو جۆرە و بێگومان دوو فڕۆکەوانیش.

- کە لە نێو فڕۆکەکەشدا بوویت تەلەفۆنت بۆ من کرد؟

- راستە، کە گەیشتینە نێوی، فڕۆکەکە دەستبەجێ کەوتە جوڵەو بەسەر جادەکانی فڕۆکەخانەکەدا دەڕۆشت و بۆ فڕین خۆی ئامادە دەکرد. من تەنها چەند خولەکێکم بە دەستەوە بوو تەلەفۆن بکەم، هەمووومان بە هەمان شێوە حەزمان دەکرد تەلەفۆن بکەین، بۆیە من گوتم با تەلەفۆنێك بۆ تۆ بکەم هیچ نەبێت لانی کەم ئەوەت پێبڵێم کە ئێمە دەکەوینە رێگا، بەڵام بێگومان نەدەکرا زیاتر قسەت بۆ بکەم..

- ئێ پاشان ؟ دەمەوێت بزانم دواتر چی رویدا؟

- فڕۆکەکە بەرەو ‹ مینسك› کەوتە ئاسمان، من لە پشتەوە لە تەنیشت ‹ SAVVAS› پیاوەکەی دەزگای هەواڵگری یۆنان دانیشتبووم، لە بەرامبەرمدا وەرگێڕەکەی ئۆجەلان و لە پاڵ ئەویشدا ئۆجەلان خۆی، جۆن لە پێشەوە بوو راستەوخۆ لە پشت هەردوو فڕۆکەوانەکە...

‹SAVVAS › کە جگە لە یۆنانی تورکییەکی باش قسەی کردووە، سەبارەت بە ئامانج و پلانی گەشتەکە رونکردنەوەی بە ئۆجەلان بەخشیوە، هەروەها

باسی ئەوەی بۆ کردوە کە فکتۆر یەکێکە لە پارێزەرە هۆڵەندیەکانی ئەو. لە وەڵامی پرسیارەکانی ئۆجەلاندا فکتۆر ئەوەی رونکردۆتەوە چی رووده‌دات پاش ئەوەی دەگەنە رۆتەردام، کە رەنگە ئۆجەلان دەستگیر بکرێت و رەنگە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك رەوانەی ئیتالیا بکرێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەرگیز رەوانەی تورکیا ناکرێتەوە، ئۆجەلانیش لە رێگای وەرگێڕەکەیەوە ئەوەی راگەیاندووە کە ئەو پێی خۆشە بچێت بۆ هۆڵانداو متمانەی تەواوی بە سیستەمی یاسایی هۆلاندا هەیە.

نزیکەی نیو کاژێرپاش ئەوەی فڕۆکەکە بە ئاسمانەوە دەبێت جۆن لە یەکێك لە فڕۆکەوانە یۆنانیەکەوە ئەوە دەبیستێت کە هەرئێستا ئەوان لە رێگای تاوەری جاودێری فڕینی ئەسیناوە پەیامێکی کراوەیان بەدەست گەشتووە، پەیامەکەش لە سکرتێرەکەیەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی یۆنان ‹ SIMITIS› ئاراستەکراوە، ئەو وەزیرە کە لە کۆنگرەی داڤوسەوە بەرەو ئەسینا دەگەڕێتەوە پەیامەکەی بەم دەقە و بە کراوەیی بۆ ئاراستە کراوە ‹ گرفتەکە چۆتە دەرەوەی یۆنان و ئێستا بەڕێگاوەیە بۆ مینسك و پاشان بەرەو هۆڵەندا دەکەوێتەڕی› جۆن راستەخۆ ئەوە تێگەشتووە کە بۆچی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری هێندە پەلەی بووە لە دەرکردنی ئۆجەلان، چونکە ئەو فەرمانی لەوەوە بۆ هاتبوو کە " بەرلەوەی لە کۆنگرەی داڤۆسەوە بگاتەوە یۆنان دەبێت سەرکردە کوردەکە لە ئەسینا نەمابێت›››، بەڵام جۆن ئەوەشی بۆ دەرکەوتبوو کە ئەم پەیامە کراوە هاتووە کەواتە هەموو فڕۆکەکانی ئەو دەوروبەرە دەتوانن بیبیستن بەمەش ئەم هەواڵە دەگاتە دەستی دەزگا جاسوسیەکانی دیکە بۆ نمونە ‹ سی ئای ئەی› بەمەش هەموو نەخشەی داڕێژراو بۆ گەشتنە هۆڵاندا دەکەوێتە مەترسیەوە! لەوەش زیاتر ئەوان دەبێت لە مینسك پتر لە چوار کاژێر چاوەڕوێ ی گەیشتنی فڕۆکەکەی ‹RIGA› بن، سەرباری ئەوەی کە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری یۆنان رۆژێ پێشتر بە جۆنی راگەیاندبوو دەزگا جاسوسیەکانی ئەمەریکا پێشبینی

ئەوەیان کردووە کە ئۆجەلان لە یۆنانە، بۆیە بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەم راستیانە ئەو پەیامە ئاشکراو کراوەیە گرفتێکی گەورە دروست دەکات، گرفتێك کە هیچ کەس تازە ناتوانێت چارەسەری بکات...

پاش دوو کاژێر فڕین بە ئاسمانەوە فڕۆکەکە گەیشتە مینسك لە فڕۆکەخانەیەکی بچوك لە شوێنێکی دەرەوەی شار نیشتۆتەوە. فڕۆکەکە تازە لەفڕۆکەخانەکە دەنیشێتەوە کە راستەوخۆ پاسێکی بچوکی پڕ لە پۆلیسی روس دێنە کن فڕۆکەکە، بێگومان لە مینسك زانراوە کە فڕۆکەیەك دەگاتە فڕۆکەخانەکە، بەڵام نەیانزانیوە کە نەفەری ناو فڕۆکەکە کێن، لانی کەم ئەمە هیوای ئێمە بوو. سێ پۆلیس کە چاکەتی فەروی ئەستوریان لەبەردا بوو لە نێو پاسەکە هاتنە خوارەوە، هەریەکەیان ئەستێرەیەکی سپی لەسەر شان بوو بە ئینگلیزیەکی شەق و شڕ داوای مۆڵەتنامەی نیشتنەوەیان لەو فڕۆکەخانەیە کرد، جۆن و ساڤاس ‹ پیاوەکەی هەواڵگری یۆنان› دەرگاکەیان کردووە و ئەوەی لەدەستیان هات کردیان بۆ ئەوەی پۆلیسەکانی روسیای سپی زیاتر نەتوانن سەربێننە ژورەوە و بزانن کێ لەناو فڕۆکەکەدایە.

ساڤاس ئەوەی رونکردووە کە ئەوان چاوەڕوانی گەشتنی فڕۆکەیەکن لە ‹ RIGA › ی پایتەختی لاتڤیاوە و ئەم فڕۆکەیە تەنها سوتەمەنی پڕدەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان، داخۆ تاوەری چاودیری فڕین لە مینسك دەزانێت کە چ کاتێك فڕۆکەیەکی لەو جۆرە دەگاتە ئێرە؟ نەخێر پۆلیسە روسەکان ئاگاداری ئەوە نین کە فڕۆکەیەك لە ‹RIGA› وە دەگاتە ئێرە، تەنها فڕۆکە لای ئەوان تۆمار کرابێت و ئەم شەو بگاتە ئێرە تەنها ئەم فڕۆکە یۆنانییەیە کە چاوەڕێ دەکرێت، پۆلیسەکە پرسیاری ئەوەی کرد کە چەند نەفەر لە نێو ئەو فڕۆکەیەدایەو پاسپۆرتەکانیان سەیر بکات، کاتێك کە جۆن لە نێو فڕۆکەکە کەوتە کۆکردنەوەی پاسپۆرتەکە دەرکەوت کە وەرگێڕەکە پاسپۆرتی نیە تەنها بەڵگەنامەی نیشتەجێ بوونی ئەڵمانی هەبوو کە روسەکان هیچیان لەبارەوە نەدەزانی، بەلام خۆشبەختانە جۆن لەدەمی

دەرنەچوو باسی ئەوە بکات، پۆلیسەکە پاسپۆرتەکان و شوناسەکەی دایە دەست پۆلیسەکانی دیکەو پێی گوتن کە دوو فڕۆکەوان و پێنج نەفەرن کە یەکێکیان ئافرەتە و پاسپۆرتی پێ نیە، جۆن لە وەڵامدا گوتی ‹ ئاخەر ئەو کچە خوشکەزای خۆمەو منداڵە هێشتا نەبووە بە هەژدە ساڵ بۆیە پاسپۆرتی نیە و بەو کارتی شوناسە سەفەردەکات› پێدەچوو روسەکان ئاگاداری ئەوە نەبووبن کە کێ لەناو فڕۆکەکەدایە بۆیە زۆر بایەخیان بەوە نەداو بەو چیرۆکە قایل بوون.

پاشان فکتۆر زیاتر باسی رەوشەکەی کرد و گوتی ‹پاش ئەوەی گەیشتینە مینسك بارودۆخەکە زۆر نالەبار بوو، هەمووومان تۆقیبووین لە ترسی ئەوەی کە روسەکان پێبزانن و بۆیان ئاشکرا بێت کێ لە ناو فڕۆکەکەدایە و پاشان چیرۆکی ئەوەی کە هیچ فڕۆکەیەك لە ‹RIGA› وە بەرەو ئێرە بە ڕێوە نیە. بێگومان نەشماندەزانی چی رودەدات، هەروەها نەشماندەتوانی تەلەفۆن بکەین، چونکە کە فڕۆکەکەمان نیشتەوە هەمومان تەلەفۆنەکانمان داگیرساند، بەڵام کاری نەدەکرد، چونکە لەم شوێنە تۆڕی گرێدان نەبوو!

- کەواتە لەبەر ئەوە بوو تەلەفۆنت بۆ من نەدەکرد؟ من خەیاڵم بۆ هەموو شتێك دەچوو، دەمگوت رەنگە دەستگیر کرابن یان خوا دەزانێ چیتان بەسەر هاتووە، بەڵام کە تەلەفۆنەکان لەبەر نەبوونی تۆڕی گرێدان کار نەکەن، ئەوەیان هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات. فکتۆر سەری لەقاند و لە وەڵامدا گوتی:

- هیچ کەس لە ئێمە خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو کە لە مینسك تۆڕی تەلەفۆن نیەو تەلەفۆنەکان لەوێ کار ناکەن، ئەمەش بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، چونکە دەبوو ئێمە بزانین کە چی روودەدات و بۆچی فڕۆکەکە لە ‹ریگا› وە نەفڕیوە بەرەو ئێرە، بۆیە پاش نیوکاژێرێك بڕیارماندا کە جۆن لەگەڵ یەکێك لە فڕۆکەوانەکان بڕۆن بۆ تاوەری چاودێری هاتوچۆی فڕۆکە بۆ ئەوەی لەوێوە تەلەفۆن بکەن، ئێمەش لەنێو فڕۆکەکەدا ماینەوە..

- ئەی ئێوە چیتان دەکرد؟

- ئێمە نەماندەتوانی هیچ بکەین تەنها ئەوەندە نەبێت چاوەڕوان بین بەراستی دەتوانم پێت بڵێم کە بارودۆخەکە مایەی نیگەرانییەکی زۆر بوو، جگە لەوەش ئەو دەڤەرە یەکجار سارده پێموابێت پلەی گەرما لەژێر بیستی سەدیدا بوو، فڕۆکەکەش دەبوو مۆتۆڕەکەی بکوژێنێتەوە واتە لەنێو فڕۆکەکەش گەرمکردنەوە کوژابۆوە بۆیە لەگەڵ کوژانەوەی مۆتۆڕەکەدا ناو فڕۆکەکەش ساردوسڕ بۆوە، روسەکان بـەردەوام پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە بۆچی ئێمە ناچین بۆ ‹هۆڵی هاتووان› ی فڕۆکەخانەکە، چونکە ئەوێ گەرمەو دەتوانین قاوەش بخۆینەوە، بەڵام ئەوە کارێکی پڕ مەترسی دەبوو، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو کەسێك ئۆجەلان بناسێتەوە، روسەکان تێنەدەگەشتن بۆچی ئێمە سورین لەسەر مانەوە، بەڵام دیار بوو پیاوەکەی هەواڵگری یۆنان ‹ ساڤاس› چیرۆکێکی دروست کرد بۆیان کە بۆچی ئێمە نامانەوێت لە فڕۆکەکە دابەزین، من ئاگام لێنەبوو چ جۆرە چیرۆکێك بوو، بەڵام روسەکان بڕوایان کرد کە بۆچی دەبێت ئێمە لە فڕۆکەدا بمێنینەوە...

- ئەی پۆلیسەکان خۆیان چییان دەکرد؟

- ئەوانیش دووکەسیان لەگەڵ جۆن و فڕۆکەوانەکە رۆشتن بۆ تاوەری چاودێری هاتوچۆی فڕۆکە و تەنها دانەیەکیان مایەوە، ئەویش لەبەردەم فڕۆکەکەدا ئێشکگر بوو، هەر ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد بەلام ئەویش پاش تۆزێك هات بۆ لامان و داوای ئەوەی کرد کە ماوەی بدەین بێتە نێو فڕۆکەکە دانیشێت، چونکە دەرەوە زۆر سارد بوو!

- بێگومان ئەمەش بۆ ئێوە بیرۆکەیەکی باش نەبوو؟

- نەخێر بەراستی خراپ بوو، بێگومان زۆر زەحمەتیش بوو بۆ ئێمە کە داواکەی رەت کەینەوە، لەو دەمەی کە فڕۆکەوانەکە هەوڵی کردنەوی دەرگاکەی دەدا ‹ساڤاس› پیاوەکەی هەواڵگری یۆنان دەسەپاچە نەوەستا ئەو یەکسەر ئۆجەلانی خستە شوێنەی من و گڵۆپە کزەکەی سەرەوەی کە

بۆ کاتی خوێندنەوە بەکار دێت یەکسەر کوژانەوە، بەم شێوەیە ئەو بەهیچ شیوەیەك نەیدەتوانی روخساری ئۆجەلان ببینێت، بەراستی ئەم کارەی ساڤاس کردی هێندە خێراو بە دەستوبرد بوو باوەڕ ناکەیت. پۆلیسەکە لە پێشەوە راستەوخۆ لە پشت فڕۆکەوانەکەوە دانیشێنرا، فڕۆکەوانەکە هەندێك ویسکی پێبوو، بەمجۆرە ئێمە لەگەڵ روسەکەدا لە سەرماندا ویسکیمان دەخواردەوە، چونکە ئیتر ئێستا نێو فڕۆکەکە یەکجار سارد ببوو.

- ئەی ئۆجەلان ؟

- ئۆجەلان لە پشتی پشتەوە بوو، لە تاریکیەکە، چاوی داخستبوو، ساڤاس بە روسەکەی راگەیاند کە ئەو خەوتووە، ئیتر پۆلیسەکە خۆشبەختانە هێندە سەرنج و بایەخی بۆ ئەو نەبوو، من بیرم بۆ شتێك چوو ئەویش ئەوە بوو کە دەبێت رەوشی ناو فڕۆکەکە هەروا بمێنێتەوە دەبێت من باسێك بکەمەوە بۆ ئەو پۆلیسە سەرگەرم کەم، ئەو تۆزێك ئینگلیزی دەزانی، مینسك یانەیەکی دووگۆڵی هەیە بە ناوی ‹DYNAMO MINSK› لە خەیاڵی خۆمدا گوتم،بەڵکو ئەم پیاوە حەزی لە یاری تۆپ تۆپێن بیت با بۆی بکەمەوە، واش دەرچوو، ئیتربۆم باسکرد کە من خەڵکی ئەمستەردامم، ئەویش یانەی ‹AJAX›ی دەناسی، تەنانەت ناوی هەندێك لە یاریزانەکانیشی لەبەر بوو، بەم جۆرە توانیم باش سەرقاڵی کەم.

بیخەرە بەرچاوی خۆت چەندە دیمەنێکی سەیرە: فڕۆکەیەك ئۆجەلانی تێدایە، سەرما هێندە تیژە ناو فڕۆکەکەش بۆتە سەهۆڵ بەندانێك بۆخۆی، شوێنەکەش جێگایەکە وەك تونی بابا، فکتۆر لەگەڵ پۆلیسێکی روسدا ویسکی دەخواتەوەو باسی یانەی فۆتبۆڵێنی ئەیاکس دەکات، بەراستی سەیرو سەمەرەیە، ئەگەر بارودۆخەکە بەو جۆرە نا ئارام و هەستیار نەبوایە دەبوو مرۆڤ لە پێکەنینا بتریقێتەوە، بەڵام کە جۆن گەڕایەوە بارودۆخەکە هێندەی تر دژوار بوو، چونکە بۆمان ئاشکرا بوو کە شتەکان وەك خۆیان بە ئاسایی لە ‹ RIGA› بەڕێوە ناچن، ئەوان هێشتا سەرقاڵی ئەوەن مۆڵەتی

فڕین بەرەو هۆڵەندا وەربگرن، ئەگەر هەموو شتەکان بە ئاسایی بەڕێوە بچن ئەوە فڕۆکەکە لە نێوان کاتژمێردە یاخود دەونیو دەگاتە مینسك، بەڵام ئەمە بە دڵنیایەوە وا نەبوو بۆیە تەنها ڕێگا لەبەردەم ئەواندا ئەوە بوو کە دیسان چاوەڕوان بن!

لەم نێوەدا ئەو پۆلیسەی کە لە نێو فڕۆکەکەدا دانیشتووە، نۆرەی ئێشکگرتنی تەواو دەبێت و پۆلیسێکی دیکە دێتە شوێنی کە پێویستی بەوە نەبوو بێتە نێو فڕۆکەکەوە ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا مانای ئەوە بووە کە مەترسیەکان لە ئەگەری ئاشکرا بوونی ئۆجەلان کەمتر بۆتەوە، جۆن چەند جارێکی دیکە سەردانی تاوەری چاودێـری فڕۆکەخانەکە دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت داخۆ لە پایتەختی لاتڤیا ‹ریگا› وە فڕۆکەکە دێت بۆ مینسك یان نا، بەڵام دیسانەوە هەمان وەڵام وەردەگرێتەوە تا بۆ دواجار لە نزیکەی نیوە شەودا وەڵامی یەکلا کەرەوەی بەدەست دەگات: کارەکە بە هیچ شێوەیەك سەرناگرێت، مۆڵەتی نیشتنەوە لە رۆتەردام وەرناگیرێت!...

بەمجۆرە نەخشەی هاتنی ئۆجەلان بۆ هۆڵەندا دووجار لەماوەی دوو رۆژدا سەری نەگرت، بەڵام ئەمە هەموو شتەکان نەبوون، فڕۆکەوانەکە لە مینسك لە لایەن بەرپرسەکەیەوە لە یۆنان فەرمانی ئەوەی پێدرابوو کە دەستبەجێ دەبێت بگەڕێتەوە بۆ یۆنان، بەڵام جگە لە پیاوەکەی دەزگای هەواڵگری یۆنان ‹ ساڤاس› باشتروایە کەسی دیکە لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتەوە و هەموویان لەوێ بەجێبهێڵێت! جۆن دەستبەجێ هەست بە مەترسی رەوشەکە دەکات و پەیوەندی بە ‹ STAVRAKAKIS› بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری یۆنانەوە دەکـات، گفتوگۆو پێکهاتن لەسەر ئەم بابەتە زۆر ئاسان نەبوو بۆیە نزیکەی یەك کاژێری خایاند هەتا ئەو قایل بکات بەوەی فڕۆکەکە بە تەواوی سەرنشینەکانیەوە بەرەو ئەسینا بگەڕێتەوە...

کاتژمێر دوازدەونیو بەکاتی هۆڵەندا پاش شەش کاژێر چاوەڕوانی لە مینسك فڕۆکەکەی ئۆجەلان دیسانەوە بەرەو یۆنان کەوتەوە فڕین،

کاتێ فکتۆر نزیك کاتژمێر دوو نیوی شەو تەلەفۆنی بۆ من کردەوە تازە فڕۆکەکە لە ئەسینا نیشتبۆوە. نەفەرەکان لە لایەن دەزگای هەواڵگریەوە چاوەڕێدەکران و پاش گەشتنیان بەرەو نوسینگەی فڕۆکەخانەکە بران، دوای ئەوەی جۆن دەزانێت کە ئیتر فکتۆر هیچ ئەرکی لەسەر شان نەماوە ئەو بەرەو فڕۆکەخانە دەبات[34] و بە یەکەم فڕۆکەو یەکەم گەشتی ئەمستەردام دەگەڕێتەوە، چی بەسەر ئۆجەلاندا دێت و چارەنوسی بەرەو کوێ دەڕوات ئەو کاتە هێشتا دیار نەبوو، لە ڕێگادا بۆ فڕۆکەخانە جۆن بە فکتۆری ڕاگەیاندبوو کە پێدەچێت ڕێگا بە ئۆجەلان درابێت بۆ چەند ڕۆژێك لە یۆنان بمێنێتەوە و لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا ئەو چارەسەرێك دەدۆزێتەوە، ئەگەر پێویست بکات ئەوە جۆن بە تەلەفۆن پەیوەندی بە منەوە دەکاتەوە.

بێگومان من لە ڕۆژانی دواییدا هەوڵمدا بە تەلەفۆن پەیوەندی بە جۆن بکەم، بەڵام ئەو تەلەفۆنەکەی کوژابۆوە و پەیوەندی لەگەڵیدا گرێ نەدەدرا بۆیە جارێ وەڵامی ئەو پرسیارە ی کە ئۆجەلان لە کوێیە و چارەنوسی بەرەو کوێ دەچێت دیار نیە...

34- دیارە ئەو فڕۆکەخانەیەی کە فڕۆکەکەی ئۆجەلانی لێنیشتۆتەوە هەمان فڕۆکەخانە سەربازیەکەی یەکەمە کە فڕۆکەکەی لێوە هەستاوە، نەك فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەسینا – وەرگێڕ-

# کەوتنە داو

## - ١ -

پاش بەسەربردنی شەوەکەی فڕۆکەخانەی ‹ZESTIENHOVEN› شوێنی مانەوەی ئۆجەلان و ئەو چارەنوسەی چاوەڕێی دەکات تەنها ئەو پرسیارانە نەبوون کەمنیان سەرقاڵ کردبوو، چونکە دەمویست بزانم چ شتێك یاخود هۆکارێك بوونە هۆی سەرنەگرتنی کارەکە، کێ حکومەتی هۆڵاندای سەبارەت بە پلانی هاتنی ئۆجەلان بۆ ئێرە ئاگادارکردۆتەوە؟ بۆچی فڕۆکەکەی ‹RIGA› بۆی نەبوو بێت بۆ هۆڵەندا؟ من لە فکتۆرم بیست کە فڕۆکەکە نەیتوانی هەستێت،چونکە لە رۆتـەردام مۆڵەتی نیشتنەوەی پێنەدرا، بۆیە دەبوو بزانم هۆکارەکانی ئەو رەتکردنەوەیە چی بوون..

(هۆکاری تەکنیکی ئاسمانی) ئەمە ئەو وەڵامە بوو کە شەوی یەکشەممە فڕۆکەخانەی رۆتەردام بە ئێمەی راگەیاند، بەڵام هەر زوو ئاشکرا بوو کە ئەمە درۆیە، وتە بێژی فڕۆکەخانە ‹BREEDVELD› رۆژێك پاش ئەو شەوە ئاشکرای کرد کە دەوروبەری کاتژمێر نۆی شەوی یەکشەممە تەواوی ئاسمانی هۆڵاندا بەرامبەر بە ‹فڕینی ئاسمانی گشتی – GENERAL AVIATION› داخراوە. مەبەستیش لە GENERAL AVIATION فڕۆکە تایبەتەکان دەگرێتەوە، بەمجۆرە لە کاتژمێر نۆی ئێوارەوە رێگا بە هیچ فڕۆکەیەکی تایبەت نەدراوە لە هۆڵاندا بنیشێتەوە، بە واتایەکی دیکە ئەو دەمەی من و تیس و ستاین لە شەوی یەکشەممەی رابووردوو گەیشتینە فڕۆکەخانەکەی رۆتەردام مەودای ئاسمانی هۆڵاندا دەمێك بووە لەبەرامبەر

فڕۆکەی تایبەتدا داخراوە کە دەبوو ئەوەیان بە ئێمە بگوتایە!

لە سەرو ئەمانەشەوە: داخستنی مەودای ئاسمانی هەروا لە خۆڕا بڕیار نادرێت، تەنها وەزارەتی هاتوچۆ مافی ئەو بڕیارەی هەیە، وەزارەتی ناوبراویش دەبێت هۆکاری تەواوی خۆی هەبیت بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەوجۆرە دەربکات، بەڵام وەزیری هاتوچۆ ‹NETELENBOS› ئامادە نیە هەواڵی داخستنی مەودای ئاسمانی لەو شەودا پشتڕاست کاتەوە یان بەدرۆی بخاتەوە، لەگەڵ ‹TOM KLEIJN› رۆژنامەنوسی ‹نۆڤا› کە دەیوست راپۆرتێکی دۆکیومێنتاری لەمەڕ روداوەکانی ئەو شەوەی فڕۆکەخانەی رۆتەردام ئامادە بکات، دەستمان بە گەڕان و ڤەکۆلین کرد، من بۆ ئەم کارە لەگەڵ چەند رۆژنامەنوسێکی ‹دەنهاخ› کە پەیوەندی باشیان بە سیاسەتمەداران و وەزیرەکانەوە هەیە پەیوەندیم گرت، رەنگە ئەوان بتوانن شتێك لەوانە هەڵکرێنن، یەکێك لەوان پاش چەند رۆژێك تەلەفۆنی بۆ کردمەوە و پێیگوتم کە ئەو لەگەڵ کەسێکی وەزارەتەکەدا کە ناخوازێت ناوی خۆی ئاشکرا بکات قسەی کردووە و لە بنی هەمانەکەی داوە:

شەوی یەکشەممە نزیك کاتژمێر شەشی ئێوارە وەزارەتی هاتوچۆی هـۆڵانـدا لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی کـۆچ و رەگـەزنـامـەوە ‹IND› ئاگادارکراوەتەوە کە ئەمشەو ئۆجەلان لە هەوڵی ئەوەدایە بە فڕۆکەیەکی تایبەت بێتە نێو هۆڵەنداوە، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو چۆن ئەم زانیاریەی دەستکەوتووە و کێ ئاگاداری کردۆتەوە بۆ ئەو کەسەش کە قسەی بۆ رۆژنامە نوسەکە کردووە ئاشکرا نیە، بەڵام ئەو لەوباوەڕەدا بووە کە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا لە پشت ئەم زانیاریەوە بێت، کەواتە ترسکەی جۆن لە شوێنی خۆیدا بووە کاتێك پەیامی " گرفتەکەچۆتە دەرەوەی یۆنان و ئێستا بەڕێگاوەیە بۆ مینسك و پاشان بەرەو هۆڵەندا دەکەوێتەڕی" کە لەلایەن سکرتێرەکەیەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی یۆنان ‹ SIMITIS› بە کراوەیی ئاراستەکرابوو، لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئەمەریکاوە گوێڕادێری کراوەو پاشان هۆڵەندای لێئاگادار کراوەتەوە!

راستەخۆش وەزیری هاتوچۆی هۆڵەندا ‹NETELENBOS› لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و ڕەگەزنامەوە لەم هەواڵە ئاگاداردەکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگای خۆیەوە راستەوخۆ هەردوو وەزارەتی داد و دەرەوەی هۆڵاندا ئاگادار دەکاتەوە، پاش ئەوەی نەیتوانیوە وەزیری دەرەوە بدۆزێتەوە- ئەو کەسەی کە قسەی بۆ ڕۆژنامەنوسەکە کردووە هەروا بەدڵ پاکی نەیگوتووە کە چەندین کاژێر خەریکی دۆزینەوەی وەزیری دەرەوە بوون، بەڵام تەنها دەرگاوانی وەزارەتیان بەردەستکەوتووە- داوای یارمەتی لە ‹KOK[35]› دەکات کە ئەویش سەربەهەمان پارتەکەی خۆیەتی، بۆیە راستەوخۆ کۆبونەوەیەکی بە پەلە لە نێوان ‹ , NETELENBOS , KOK[36] KORTHALS ‹ ساز دەکرێت و لە کۆبونەوەکەدا هەرسێکیان کۆك دەبن لەسەر ئەوەی کە بەهەر نرخێك بووە دەبێت هاتنی ئۆجەلان بۆ هۆڵەندا پێشپێبگرن!

لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و ڕەگەزنامە نەیزانیوە بگاتە ئەوەی کە فڕۆکەکەی ئۆجەلان لەکامە فڕۆکەخانەی هۆڵاندا دەنیشێتەوە، وەزیرو سەرۆك وەزیران بڕیاریانداوە تەنها بۆ کاروباری ئاسایش نەبێت مەودای ئاسمانی هەموو هۆڵەندا بۆ فڕین لەبەردەم هەموو فڕۆکەیەکی تایبەتدا دابخرێت، دوای ئەم بڕیارە وەزیری هاتوچۆ فەرمانی بە هەموو فڕۆکەخانەکانی هۆڵاندا دەرکردووە کە دەستبەجێ مەودای ئاسمانی

هۆڵاندا بەرامبەر› فڕینی ئاسمانی گشتی – GENERAL AVIATION› دابخەن، کاتێکی پاشتری هەمان ئێوارە توانراوە جێگری وەزیری دەرەوە بدۆزرێتەوەو لە بڕیارەکەی ئاگادارکەنەوە..

---

35- دیارە لێرەدا مەبەست لە ‹Wim Kok ‹ ە ئەندامی پارتی کرێکاران بوو، ئەو لەو کاتەدا سەرۆك وەزیرانی هۆڵاندا بوو، – وەرگێڕ

36- مەبەستی وەزیری ‹ داد› ە - وەرگێڕ

من لەو باوەڕەدام کە لە ڕاستیدا نیازی ئەوە لە گۆڕێدا هەبووە کە هەرگیز بڕیاری داخستنی مەودای ئاسمانی هۆلاندا ئاشکرا نەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەوان بە خەیاڵیاندا نەهاتووە ئامادە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی میدیاکانی هۆڵەندا بوو ئەو شەوەدا کە چاوەڕێی گەشتنی ئۆجەلانیان دەکرد، ئەو شەوە پاش تێپەڕبوونی کات فڕۆکەخانەی ‹ZESTIENHOVEN› وەزارەتـی هاتوچۆ ئاگادار دەکاتەوە کە ئاراستەی فڕۆکەکەی ئۆجەلان بەرەو ڕۆتەردامە و سەدان کورد و هەرچی ڕۆژنامەو میدیاکانی هۆڵاندایە لەوێ خڕ بوونەتەوە و پارێزەرەکانی ئۆجەلانیش هاتوون، وەزارەتی دەرەوە ڕاستەوخۆ کەسێك بۆ فڕۆکەخانەکە ڕەوانە دەکات بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاروبارەکان بکات و فەرمانیان پێبدات کە چۆن وەڵامی پرسیارە بێزارکەرەکان سەبارەت بە نەهاتنی فڕۆکەکە بدەنەوە.

بەمجۆرە پاش ئەوەی من چیرۆکەکەم بیست، ئیتر بەتەواوی یەکلا بوومەوەو سەرسوڕماو نەبووم لەوەی کە بۆچی ئێمە شەوی یەکشەممە هەرگیز وەڵامی ڕوون و دیارمان وەرنەدەگرت سەبارەت بەوەی کە ئایا فڕۆکەکە بە ڕێگاوەیە بۆ هۆڵەندا یاخود کاتژمێر چەند دەگاتە جێ، پێدەچوو بەڕێوەبەرانی فڕۆکەخانەکە مۆڵەتی ئەوەیان نەبووبێت بە ئێمە ڕاگەیەنن کە بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان، چونکە ئیترهیچ فڕۆکەیەك ناگاتە ڕۆتەردام ! هەریەکە لە ‹KOK , NETELENBOS , KORTHALS› زۆر باش دەرکیان بەوە کردووە کە بڕیاری داخستنی مەودای ئاسمانی هۆڵەندایان لەسەر زەمینەیەکی یاسایی و قەزایی فشەڵ دەرکـردووە بۆیە دەبوو بیشارنەوە، داخستنی مەودای ئاسمانی هۆڵەندا هەنگاوێکی زۆر تایبەت و لە ناکاوە تەنها کاتێك ڕێگای پێدەدرێت کە هەڕەشەیەکی کتوپڕو ناوادە لە سەر ئاسایشی گشتی هەبێت بۆ نمونە ئەگەر هێرشێکی تیرۆریستی چاوەڕێ بکرێت، هاتنی ئۆجەلان بۆ هۆڵاندا و پێدانی چوارچێوەیەکی یاسایی بەم بڕیارە لانی کەم کە بتوانین بیڵێین ئەوەیە کە بڕیارەکە جێگەی گومانە و دیارە ئەو کەسە سیاسیانەشی بەم کارەوە تێوەگلاون باش ئەوە دەزانن.

بەمجۆرە بە بۆچوونی ئەوان رەنگە وا باشتر بووبێت هیچ کەسێك بە هیچ شتێك دڵنیا نەکەن و وەڵامی تەواو نەدەنەوە، کێ ئەزانێ ئەو پارێزەرانە دوایی لەم بارەوە چی دەکەن، رەنگە یەکێکیان لەناو جێگادا هەستێت و داوایەکی بە پەلە پێشکەش بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە[37]، رەنگە بڕیاری داخستنی مەودای ئاسمانی هۆڵاندا نایاسایی بێت، بەڵام لە دیدی ئەواندا ئەگەر کەسێك نەتوانێت ئەمە ئاشکرا بکات ئەوە زۆر گرنگ نابێت.... سڵاو لە سیاسەت چەندە ئیشێکی جوانە!!!

یاسایی بێت یان نا، ئەم هەنگاوە لە هەموو حاڵەتێکدا ئامانجێکی خۆی لە پشتەوە بوو: حکومەتی هۆڵەندا کاری بۆ ئەوەکرد ئۆجەلان نەتوانێت بێتە نێو هۆڵەنداوە، منیش نەمتوانی لەوە زیاتر بکەم کە لە پاشاندا نامەیەکی تێهەڵچوونەوە دژی رێگا گرتن لە ئۆجەلان بۆ هاتنی بۆ هۆڵەندا بنوسم، لە رۆژی ٣ ی مانگی فێبروەی ١٩٩٩ دا یەکێك لە پارێزەرەکانی هاوڕێم بە ناوی مارك واینگاردن ‹MARQ WIJNGAARDEN› کە پسپۆڕە لە بواری مافی بێگانەو پەنابەراندا نامەیەکی تێهەڵچوونەوەی لەم بارەوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و رەگەزنامە کرد، ئەم نامەیە پێدەچێت لەم کاتەدا زۆر یاریدەی ئۆجەلان نەدات، بەڵام رەنگە ئێمە لەم رێگایەوە بتوانین لە داهاتوودا هاتنە ژورەوەی ئەو بۆ هۆڵەندا بسەپێنین.

لەم نێوەشدا تورکیا زۆر پۆزەتیفانە لەمەڕ ‹ پەرچەکرداری سەرکەوتوانەی هۆڵەندا› وەڵامی دایەوە، چونکە تەنها لە هۆڵەندا سەفەری شکست خواردووی ئۆجەلان بۆ هۆڵەندا نەبوو بە هەواڵی لاپەڕە یەکەمی رۆژنامەکان، بۆ تورکیا بێگومان ئەم هەواڵە زۆر جیهانی و گرنگ بوو،

---

37- دیارە لێرەدا نوسەر مەبەستی لە بۆچوونی ئەوانەیە کە بڕیارەکەیان دەرکردووە، چونکە ئەگەر وەك ئەوان بۆی دەچن لەو شەوەدا پارێزەرێکی ئۆجەلان لە ناو جێگاش خەبەری بێتەوە و داوایەکی بە پەلە پێشکەش بکات کە رەنگە چەند مانگێك بخایەنێت ئەوا ئەوان دڵنیان کە کارەکەی خۆیان سەریگرتووە و لەم بارەوە بێخەم دەبن- وەرگێڕ

ڕۆژنامەی ڕاستی توندڕەو ‹ سەباح› لەم بارەوە ڕۆژی دواتر بە مانشێت نوسیبووی ‹ براڤۆ هۆڵەندا› ، ڕۆژنامەکانی دیکەی تورکیا، هۆڵەندا وەك هاوپەیمانێکی جێگا باوەڕی تورکیا هەڵدەسەنگێنن! منیش بە ڕاستی لە خۆم دەپرسم داخۆ دەبێت هۆڵەندا شانازی بەو هاوپەیمانیەوە بکات؟

هەتا چەند ڕۆژێکی پاش ئەوەش من هەر نەمدەتوانی پەیوەندی بە جۆنەوە بکەم، نەشمدەزانی ئۆجەلان لەکوێیە، پاشان یاڤوز هات بۆ ئەمستەردام، من چووم بۆ وێستگەی شەمەنەفەر بە شوێنیدا، پاشان پێکەوە ڕۆشتین بۆ سەنتەری زانیاری کورد لە ئەمستەردام بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکان تاوتوێ بکەین، یاڤوز لەو باوەڕەدا بوو کە ئۆجەلان هێشتا لە یۆنانە، بەڵام ئەو هێشتا لە سەدا سەد لەوە دڵنیا نەبوو، چەندین ڕۆژە ئەو لە ‹هەڤاڵان› ی یۆنانەوە هیچ نەبیستووە، هیچیشی لە جۆن نەبیستووە، هاوشێوەی من یاڤوزیش زۆر خەمی چارەنوس و ئایندەی ئۆجەلانی بوو، بارودۆخەکەش لەو کاتەوەی کە ئۆجەلان ئیتالیای بەجێهێشتووە خراپتر دەبێت باشتر نابێت، ئیتر ئێستا زۆر ئاشکرا بووە: ئەگەر ئێمە بە زووترین کات شوێنێکی مانەوەی ئارام بۆ ئۆجەلان نەدۆزینەوە ئەوە دەبێت چاوەڕێی زۆر خراپ بکەین!

لەگەڵ یافوز پێکهاتم لەسەر ئەوەی کە من هەوڵێکی دیکە بدەم بۆ ئەوەی ئۆجەلان بێت بۆ هۆڵەندا، هەرچەندە هیوام زۆر بەوە نەبوو کە حکومەتی هۆڵەندا هەڵوێستی خۆی لەبەرژەوەندی ئۆجەلان بگۆڕێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا من هەوڵدەدەم هەموو ڕێگایەك تاقیبکەمەوە - وەزیری دادی هۆڵەندا دەیەوێت بە زووترین کات دۆسیەکەی ئۆجەلان لەبیربەرێتەوە، بۆیە هەوڵی ئەوەنادات پێشوازی لە پارێزەرەکەی ئۆجەلان بکات-، بەڵام سەرەنجام توانیم بۆ هەفتەی داهاتوو ژوانێك لەگەڵ ‹ JORIS DEMMINK› بەڕێوەبەری گشتی دۆسیە نێونەتەوەییەکان و کۆچبەران لە وەزارەتی داد، ساز بکەم.

تەنها خاڵێکی باش کە هەوڵە شکست خواردووەکەی ئۆجەلان بۆ هۆڵاندا دروستیکرد ئەوە بوو کە ڕۆژنامەکان زیاتر بایەخیان بە دۆزەکە

دەدا، رۆژنامەکان باسیان لە پرۆژەی خۆرهەڵات و ئەگەرەکانی وەگەڕختنی دادگای هەمیشەیی بۆ ناوبژیوانی دەکرد. بەڕێوەبەری گشتی دادگاکە ‹HANS JONKMAN› چەندین جار چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکرا کە تیایدا پرسیار لەسەر ئەو پرسەش بەشی باڵاو هەرە زۆری گفتوگۆکان بوون کە بە شادمانیەوە ‹JONKMAN› رایگەیاند کە وەگەڕختنی ئەو دادگایە لەروی پرەنسیپەوە دەکرێت و تەنها پێویستی بەوە هەیە کە تورکیاش بەوە قایل بکرێت..

سەرباری ئەوەی کە ئاسایش و سەلامەتی کەسایەتی ئۆجەلان لەم ساتەدا یەکەمین غەمی ئێمە بوو، بەڵام رەنگە لەم رێگایەشەوە ‹پرۆژەی خۆرهەڵات› ئایندەیەك مسۆگەر بکات، ئێستا ئەگەرەکانی چارەسەری کێشەی کورد و تورك بە ئاوایەکی ئاشتی پشت دەبەستێت بە ئایندەو چارەنوسی ئۆجەلان، ئەگەر هەوڵێکی راستەقینە بدرێت بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بخرێتە نێو رۆژەڤی کارەوە، دۆزینەوەی شوێنێکی ئارام بۆ مانەوە و نیشتەجێبوونی ئۆجەلان ئاسانتر دەبێت، هەروەها ئاستەنگەکانیش لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکە کەمتر دەبنەوە. یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردنیش لە پرۆژەی خۆرهەڵاتەوە بەشێوەیەکی نافەرمی دەستپێدەکات بەوەی ژمارەیەك لە دامەزراوەی تایبەت بەم کارە بخرێنەگەڕ، بۆیە وێرای سەردانی ‹JONKMAN› ی بەڕێوەبەری گشتی دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانی پێدەچێت کۆمیسیۆنی ئەوروپا لە برۆکسل و پارلەمانی ئەوروپا گونجاوتر بن بۆ دەستپێکردن. خۆشبەختانە سازدان و بەڕێوەچوونی ژوانەکان لەگەڵ ئەمانەدا زۆر ئاسانترە بەبەراورد لەگەل وەزیری داد..

رۆژانی دیکەی ئەو هەفتەیە هیچ هەواڵێکی تازەم لەسەر ئۆجەلان چنگ نەکەوت، رۆژانە و چەندین جار تەلەفۆنم بۆ مۆبیلەکەی جۆن دەکرد، بەڵام بێهودە بوون و ئەو دەست نەدەکەوت، هەروەها یافوز بە هەمان شێوە هیچی تازەی سەبارەت بە شوێن و مانەوەی ئۆجەلان چنگ نەدەکەوت. لە کۆتایی هەفتەدا و لە نیوەڕۆی رۆژی هەینی من و یاڤوز و کۆمەڵێکی

دیکەی کوردان لە سەنتەری زانیاری کوردی ئەمستەردام دانیشتبووین، رەوشەکە نائارام بوو هەمووان خەمی سەلامەتی ئۆجەلانیان دەخوارد، هەستابووم ماڵئاوایی بکەم کاتێ تەلەفۆنەکەی دەستم زەنگی لێدا، ‹لوسی› خێزانی جۆن لەسەر خەت بوو، من چەند جارێك لە رابووردوودا چاوم بەو کەوتبوو بۆ دواجار لە سەرەتای مانگی ژانیوە لە یەکێك لە سەردانەکانمدا بۆ رۆما ئەوم بینی. لوسی ئەوەی پێڕاگەیاندم کە ئەو لەسەر داوای مێردەکەی تەلەفۆن بۆ من دەکات و کارەکەش زۆر گرنگە، جۆن داوای کردبوو کە بە زووترین کات ئەگەر بکرێت ئەمرۆ بتوانم " بچم بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە ئەو بۆ دواجار چاوی بە فکتۆر تیادا کەوتبوو" من لەم پەیامە ئەوە حاڵی بووم کە جۆن دەیەوێت لە ئەسینا چاوی بە من بکەوێت، تۆ بڵێی ئۆجەلان هێشتا لە یۆنان مابێتەوە؟ لوسی نەیدەتوانی زیاتر هیج بۆمن شیکاتەوەو پێم بلێ کە چی روودەدات، بەڵام دڵنیا بووم جۆن هەروا لەخۆراو بەبێ هۆ داوای بینینی من لە ئەسینا ناکات، پاش کەمێك لە بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ یافوز پێکهاتین لەسەر ئەوەی کە من داواکەی جۆن جێبەجێ بکەم، داواشم لە لوسی کرد پاش کاژێرێکی دیکە پەیوەندیم پێوە بکاتەوە و خۆشم لەملاوە هەوڵ دەدەم گەشتێك بۆ ئەسینا بۆ ئەم ئێوارەیە دابین بکەم و پاشان لوسی وردەکاری شوێن و کات و چۆنیەتی چاوپێکەوتنم لەگەڵ جۆن بۆ روون دەکاتەوە. لە رێگای گەڕانەوەمدا لە سەنتەری زانیاری کوردان بەرەو نوسینگەکەی خۆم تەلەفۆنم بۆ سکرتێرەکەم ‹ئەنیتا› کرد بۆئەوەی بزانێت کە داخۆ کاتژمێر حەوت و نیوی ئەمشەو دەتوانێت گەشتێکی ئاسمانی ئەسینام بۆ مەیسەر بکات..

پێدەچوو دەستکەوتنی تکتی گەشتەکە ئاسان بێت، تەلەفۆنم بۆ فکتۆر کرد، دەمویست بەتەنها نەچم بۆ ئەسینا، داوام لێکرد ئەگەر ئەویش کاتی هەبێت و بتوانێت لەگەڵما هاوڕێ بیت، فکتۆر ئەم نیوەڕۆیە لە شاری هارلم دانیشتنی دادگای هەیە و تا کاتژمێر پێنج رەنگە ئەو تەواو ببێت، کەواتە گەشتەکەی کاتژمێر حەوت و نیو گونجاوە بۆ ئەویش بەو مەرجەی ئێمە

ڕۆژی شەممە بگەڕێینەوە، چونکە فکتۆر دەبێت ڕۆژی یەکشەممە بۆ ئامادە بوون لە ‹ لیژنەی لێکۆلینەوەو دەرخستنی راستیەکان - ROGATOIRE COMMISSION › بچێت بۆ کەنەدا، بۆیە لەو بـاوەڕەدام کە ئێمە لە ڕۆژێك زیاتر نابێت لە ئەسینا بمێنینەوە، بەمجۆرە داوام لە ئەنیتاکرد دوو تکتم بۆ داواکات..

پاش کاژێرێك کە لوسی تەلەفۆنی بۆ کردمەوە پێـمڕاگـەیاند کە پێکەوە لەگەڵ فکتۆرئەم ئێوارەیە دەگەینە ئەسینا، لوسی زیاتر ئەوەشی پێگوتم کە جۆن داوای کردووە پاش گەشتنیان لە تەلەفۆنێکی گشتیەوە پەیوەندی لەگەڵ بکەم بۆ ئەوەی زیاتر ئاگادارم کاتەوە کە چی بکەم و چی نەکەم. بەمجۆرە پاش ئەوەی هەفتەکە زۆر بە هێمنی و بێدەنگ بەسەرچوو لەپڕدا بارودۆخەکە شلۆق و ئاڵۆز بۆوە، نیوەڕۆی ئەمڕۆ سێ ژوانم هەیە، کاتژمێر سێ یەکێك لە موەکیلەکانم لە دۆسیەیەکی گەورەی ‹ فێڵ کردن لە یاسا › دێت بۆ لام، کاتژمێر چوارونیو چاوپێکەوتنم هەیە لەگەڵ تەلەفزیۆنی دانیمارکدا، بە پەلە پرۆزێ فریای ئەم ژوانەش کەوتم، بەڵام ژوانەکەم لەگەڵ ڕۆژنامەنوسێکی ‹ VPRO[38] › تازە لەوە ناچێت سەربگرێت، ئەنیتای سکرتێرم بەردەوام هەوڵی دەدا تەلەفۆنی بۆ بکات بۆ ئەوەی ژوانەکە دوا بخات، بەڵام ئەو تەلەفۆنەکەی کوژراوەتەوە خۆشبەختانەش ڕۆژنامە نوسەکە لە ئەمستەردام دەژی بۆیە هێندە کارەساتێکی گەورە نابێت ئەگەر هەروا لە پێناوی هیچدا بێت بۆ نوسینگەکەم، داوام لە ئەنیتا کرد ئەگەر ئەو گەیشتە ئێرە پێشوازی بکات و ئەوەی بۆ ڕوونکاتەوە کە من لە ناکاو دەبێت سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بکەم.

ڕاستەخۆ پاش تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ تەلەفزیۆنی دانیمارك، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و تۆزێك جلوبەرگ ئامادە بکەم، لەگەڵ فکتۆر ڕێکەوتم کە ئەوکاتژمێر شەش بێت بەشوێنمدا بۆ ماڵەوە و پێکەوە

38- VPRO کوتکراوەی ناوی رادیۆی پرۆتستانتی لیبراڵە.

بڕۆین، بەڵام لە ڕێگادا فکتۆر تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ئەو دەتوانێت لە کاتی گونجاودا لە فڕۆکەخانەی سخیپۆڵی ئەمستەردام بێت، بەڵام تازە فریا ناکەوێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بە شوێنمدا و کاتی ئەوەشی نامێنێت جانتاکانی کۆبکاتەوە بۆیە داوای لەمن کرد ئەو کارەی بۆ بکەم، خەمی زۆرم بوو کە هیچ شتێکی فکتۆر لەبیر نەکەم، بەڵام گەشتمە نێو دەرگای دەرەوە ئەوجا بیرم کەوتەوە کە پاسپۆرتەکەی فکتۆرم نەهێناوە!

ڕەوشی هاتووچۆ خۆشبەختانە گونجاو بوو، قەرەباڵەغی ئۆتۆمبیل لەسەر جادەکان زۆر نەبوو بۆیە لە کاتی خۆیدا و لە کاتژمێر شەش و نیو گەشتمە فڕۆکەخانە، تکتەکانم دەرهێناو لە چاوەڕوانی فکتۆردا وەستام، ئەویش بە پەلەپروزێ بەر لە کاتژمێر حەوت گەیشتە ئەوێ، تەنها جانتای دەستیمان پێبوو بۆیە توانیمان ڕاستەوخۆ بەرەو ریزی ژورەوە بڕۆین. گەشتەکانی ئەسینا زۆربەی کات دوادەکەون کەچی ئەمجارە لە بەختی ئێمە وا نەبوو، فڕۆکەکە ڕێك لە کاتی خۆیدا هەڵدەستا، بە هەناسەبڕکێ کەمێك بەرلەکاتی خۆی و لە دوا ساتەکاندا گەیشتینە نێو فڕۆکەکە..

- ٢ -

کاتژمێر دوازدە بە کاتی یۆنان گەیشتینە ئەسینا، لەنێو هۆڵی فڕۆکەخانەکە سیمکارتێکی تەلەفۆنی یۆنانیمان کڕی و تەلەفۆنم بۆ ژمارەکەی جۆن کرد، کە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت بە دەنگیدا دیار بوو کە ڕەنگە لە نێو جێگادا نوستبێت، پێدەچوو من خەبەرم کردبێتەوە، داوای لێکردم بۆ هوتێلێکی نێو چەقی شاری ئەسینا بڕۆم کە ئەو ژورێکی بە ناوی فکتۆرەوە لەو هۆتێلە بۆ ئێمە گرتووە، خۆشی لەو هۆتێلە چاوەڕوانی ئێمە دەکات، تەکسیەکمان گرت و پاش نیوکاژێر گەیشتینە هۆتێلەکە، کە گەیشتینە ناو هۆڵی هۆتێلەکەوە جۆن بەرەو پیرمان هات، ڕەنگی زەرد و نیوەمردوو دیار بوو، پێدەچوو هەفتەی پێشوو زۆر کەم نوستبێت، شادمان بووم کە چاوم بەو کەوتەوە، شادمانیەکەم تەنها لەبەر ئەوە نەبوو کە

هەواڵێکی ئۆجەلانم دەداتێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە دۆسیەکانی دیکەدا کە پێکەوە کارمان تێداکردبوون و لە دۆسیەکەی ئۆجەلانیش کەسیك بوو کە هەمیشە هەستێکی ئارام بەخشینی بەمن دەدا و منیش لە کارەکاندا متمانەی تەواوم پێی بوو.

کە جۆن بەخێرهاتنی لێدەکردم بە هێواشی چرپاندی بە گوێمدا ‹ئەوان زانیویانە کە ئێوە دەگەنە ئێرە!› منیش بە سەرسوڕماویەوە دەمڕوانیە ئەو، چونکە نەمدەزانی مەبەستی جۆن چیەو ئەوانە کێن کە زانیویانە ئێمە لێرەین،جۆن بۆی روونکردمەوە کە تۆزێك لەمەوبەر یەکێك لە هاوڕێکانی خۆی لە دەزگای هەواڵگری یۆنان پێی راگەیاندووە کە دەزگای هەواڵگری هۆڵەندا زانیاری سەبارەت بە گەشتنی ئێمەی داوە بە دەزگاکەی ئەوان، جۆن زیاتر گوتی "بە ئاشکرا دیارە ئەوان چاودێری ئێمە دەکەن" بەدەم ئەم قسانەوە بە چەناگەی ئاماژەی بۆ دوو پیاو کرد کە لەوسەری هۆڵەکەدا دانیشتبوون کە خویان وا پیشان دەدا سەرگەرمی وتووێژێکی زۆر قوڵ و گرنگ بن، پاشان جۆن گوتی ‹ باشتر وایە بچین بۆ ژورەکەی ئێوە هەر هیچ نەبێت لەوێ دەتوانین بە هێمنی قسەکانمان بکەین›.

جۆن ئێمەی برد بۆ ژورێك لە نهۆمی دەیەم، کە ژورێکی زۆر خۆش بوو دەیڕوانی بەسەر هەموو شارەکەدا، راستەوخۆ کە جۆن دەرگاکەی پێوەدا یەکسەر لێمپرسی:

- ئۆجەلان چۆنە؟

- باشە، لانی کەم ئیستا بە شێوەیەکی کاتی خراپ نیە، دەبێت ئێمە بە زووترین کات شوێنێکی دیکە بۆ ئەو بدۆزینەوە.

- کەواتە هێشتا لە یۆنانە؟

ئەمە پرسیاری فکتۆر بوو کە سەرەتا جۆن دوودڵ بوو لە وەڵامدانەوەی، بەڵام دواتر سەری لەقاندو گوتی بەڵێ، پێموابێت ئەو نەیدەتوانی کە بە من بڵێت ئۆجەلان لە کوێیە، بۆیە منیش زیاتر پرسیارم نەکرد هەر ئەوەندە نەبێت کە لێمپرسی داخۆ دەتوانم سەردانی ئۆجەلان بکەم؟ جۆن دیسانەوە

بە دوودڵی وەستایەوەو و گوتی ‹نا، نابێت، ڕێگا نادەن› بەڵام دواتر و پاش کەمێك گوتی ‹ ئەو لەم ناوە نیە، دوورە لێرەوە، بەڵام خەمت نەبێت من دوێنێ لای ئەو بووم چاوم پێی کەوت و زۆر باشە›.

ئەگەر ئۆجەلان زۆر لێرەوە دوور بێت و نەتوانین سەردنی بکەین و هیشتاش لە یۆنان بێت ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو لە یەکێك لە دورگەکانی یۆنانە بۆ نمونە وەك ‹ KORFOE› ڕەنگە ئەمە زۆر باش بێت،چونکە ئەو دورگەیە زۆر لە بارو گونجاوە، هەروەها لە نزیك سنوری ئیتالیاوەیە ڕەنگە ئۆجەلان بیر لەوە بکاتەوە لەوێوە بڕواتەوە بۆ ئیتالیا، بەڵام پێدەچێت ئەو ئێستا حەوسەلەی ئەوەی نەمابێت زۆریان لێبکات. ئەگەر جۆن داوای لێکرابێت کە باسی ئەوە نەکات ئۆجەلان لە کوێ یە کەواتە لەهەموو حاڵەتێکدا من دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە کە ئۆجەلان هێشتا خۆی لە یۆنان شاردۆتەوە لانی کەمیش مانەوەکەی نایاسابیە هەروەکو لە دواتردا دەرکەوت...

جۆن باسی ئەوەی بۆ کردم کە ئەو متمانەی بە حکومەتی یۆنان نیە و لە خەمی ئەوەدایە کە ئۆجەلان ڕادەستی تورکیا بکاتەوە، هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە حکومەتی یۆنان داوای ئەوەی کردووە کە نابێت ئۆجەلان و هاوەڵەکانی بەهیچ شێوەیەك تەلەفۆن بەکار بێنن، لەگەڵ هیچ کەسێکدا تەنانەت لەگەڵ پارێزەرەکانیشی، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوون کە بۆچی بە درێژایی هەفتەی پێشوو جۆن تەلەفۆنی بۆ من نەدەکرد و منیش نەمدەتوانی پەیوەندی پێوە بکەم، من لەوە تێدەگەم کە ئەمە کارێکی ئاساییە لەبەر مەترسی گوێرادێران لە پەیوەندیەکان، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ترسی ئەوەم هەیە کە حکومەتی یۆنان بەم هەنگاوەی بیری لەوە کردبێتەوە کە ئۆجەلان لە ڕاوێژکارەکارەکانی داببڕێت ئەمەش بێگومان ئاماژەیەکی باش نیە، حکومەتی یۆنان چەند پێشنیارێکی خستبووە بەردەم ئۆجەلان لەمەڕ دۆزینەوەی شوێنێکی نوێ بۆ نیشتەجێ بوون، بەڵام دیار بوون ئەمانە هەموو بەڵێن و قسە بوون، حکومەتی یۆنان ئەوەی خستبووە

بەردەم ئۆجەلان کە ئەوان پێیان باشە ئەو بەرەو وڵاتێکی ئەفەریقی رەوانە بکەن بۆ نموونە یەمەن و سودان و لیبیایان باس کرد بوو، یان ئەوان هەوڵ دەدەن شوێنکی گونجاو بۆ دەرباز بوون لە سربیا بۆ ئۆجەلان بدۆزنەوە.

حکومەتی یۆنان لەم بارەوە داوای وەڵامی بە پەلەی کردبوو، دەبوو جۆنیش سبەی وەڵامەکە بداتەوە بەو کەسەی کە لە دەزگای هەواڵگری یۆنان بەرپرسە لە کارەکە، بەڵام جۆن دەخوازێت سەرەتا بۆچون و راوێژی من سەبارەت بەو ئەگەرانەی یۆنان خستونیەتە بەردەم، بزانێت.

من هێشتا لەو باوەڕەدام کە تەنها وڵاتە ئەوروپیەکان دەتوانن ئۆجەلان لە هەڕەشەی رادەستکردنەوە بۆ تورکیا بپارێزن، ئایا یۆنان ناتوانێت ئۆجەلان بگەڕێنێتەوە بۆ ئیتالیا؟ ئیتالیا بە بڕوای ئێمە دەبێت ئەو وەرگرێتەوە، چونکە ئۆجەلان لە ئیتالیا داوای مافی پەنابەری کردووە، ئەو داوایەش هەتا ئەمڕۆ هەر بەڕێوە دەچێت، با ئۆجەلانیش لەو وڵاتە نەمابێت، پاش دوو هەفتەو نیو واتە لە رۆژی ٢٤ ی فێبروەری دانیشتنێکی دادگا لەمەڕ ئەو داوایەی ئۆجەلان بەڕێوە دەچێت، ئۆجەلانیش مافی ئەوەی هەیە کە لەو دانیشتنەدا ئامادە بێت. جۆن دەڵێت کە ئەو ئەم بابەتەی لەگەڵ یۆنانیەکاندا تاوتوێ کردووە و داوای کردووە کە ئۆجەلان رەوانە بکەنەوە بۆ ئیتالیا، بەڵام ئیتالیا ئامادە نیە وەریگرێتەوە و یۆنانیش ئامادە نیە بە نهێنی هاوکاری ئۆجەلان بکات بۆ ئەوەی خۆی بڕواتەوە بۆ ئیتالیا، چونکە لەوە دەترسن کە ئیتالیەکان بەمە بزانن و بەوەش پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولایان تێکبچێت.

جۆن لە من و فکتۆری پرسی کە داخۆ بۆچونی ئیمە چیە لەمەڕ باشوری ئەفریکا وەك ئەلتەرناتیفێك، دیار بوو کە ئەمەش یەکێك بوو لەو ئەگەرانەی حکومەتی یۆنان خستبویە روو، باشوری ئەفریکا رەنگە تاکە دەوڵەتی ئەفریکا بێت کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بتوانین بە گونجاوی بزانین، بەڵام زۆربەی وڵاتەکانی دیکەی ئەفریکا بەردەوام ناجێگیرو نا ئارامن، ئەو دەوڵەتانەی ئەفریکا کە لەلایەن یۆنانەوە دەستنیشان کراون ئەوە هەرگیز

ناکرێت بە هەند وەرگیرێن، بارودۆخی سیاسی لە یەمەن و سودان و لیبیا و وێنەی ناشرینی ئەو دەوڵەتانە لەبەر چاوی دنیای خۆرئاواوە هەرگیز نابنە هۆکاری یارمەتی بۆ ئەوەی ئۆجەلان بتوانێت مەسەلەی کورد بخاتە نێو رۆژەڤی سیاسی ئەوروپاوە، جۆن سەری لەقاند و گوتی ئۆجەلانیش لەبەر هەمان ئەو هۆیانە ئەو سێ دەوڵەتەی رەتکردۆتەوە.

بێگومان ئەگەر باس لە وڵاتێکی وەك باشوری ئەفریکا بکەین ئەوە رەوشەکە بە جۆرێکی دیکە دەبێت، پشتیوانی سیاسەتمەدارێکی نێونەتەوەیی ناسراوی وەك نلسۆن ماندێلا بەبێ هیچ گومانێك سەرنجی ئەوروپا بۆ کێشەی سیاسی کورد رادەکێشێت، بەڵام دیسان وێرای هەموو ئەمانە سەبارەت بە باشوری ئەفریکا ئێمە سەرنجی خۆمان هەیە، بە بۆچوونی ئێمە مانەوەی ئۆجەلان لەو وڵاتە تەنها کاتێك پەسەندە کە ماندێلا بە ئاشکراو بە روونی بەڵێنی ئەوە بدات کە ئۆجەلان لەو وڵاتە مافی نیشتەجێبوون وەردەگرێت و لە ئاسایش و ئارامیش بەهرەمەند دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە باشوری ئەفریکا وڵاتێکی ئارامەو سیستەمێکی یاسایی و قەزایی تۆکمەشی هەیە. ئێستا تەنها سربیا ماوە کە باسی کەین، بەپێی قسەکانی جۆن، ئۆجەلان مانەوەیەکی کاتی لە سربیا وەك چارەسەرێك بەخراپ نازانێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نین، چونکە گرەنتی قەزائی لە سربیاش زۆر نیە، بۆیە من لە جۆنم پرسی کە داخۆ یۆنان ناتوانێت رێگا بدات بۆ ماوەیەکی زیاتر ئۆجەلان لەوێ بمێنێتەوە،،چونکە ئەگەر ئەوان بتوانن ماوەی دوو هەفتەیەك لەسەرمان راوەستن ئەوە بێگومان دەتوانین بیر لە چارەسەرێکی درێژخایەن بکەینەوە، من ترسم لەوە هەیە کە پەلەکردن لەم بڕیارە تایبەتە خێرایەدا سەبارەت بە دیاری کردنی شوێنی مانەوەی ئۆجەلان، ببێتە هۆی ئەوەی ئۆجەلان لە دەرئەنجامدا بکەوێتە دەستی تورکەکان، جون لەم بارەوە لەگەڵ مندا هاوبیر بوو، هەروەها سەبارەت بەوەی کە حکومەتی یۆنان ئەو پێشنیازە پەسەند بکات وماوە بدات ئۆجەلان بۆ ماوەیەکی کاتی لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە هیوایەکی ئەوتۆی نەبوو.

ئێستا ئیتر کات درەنگتر دەبێت، من گەشتوومەتە ئەو بیرۆکەیەی کە ئیتر ئێمە ناتوانین یەك میلیمەتریش بچینە پێشەوە، بەراستی مرۆڤ توشی نائومێدی دەبێت، جۆن چەندین جار ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئۆجەلان نەدەبوو لە ئیتالیا بجولێت، دەبوو منیش هەموو جارێك هەقی بدەمێ کە وایە، بەڵام هەردوکمان لە سەر ئەوەش کۆك بوین کە باسکردنی ئەو بابەتە تەنها کات بەفیڕۆدانە،،چونکە ئۆجەلان تازە لە ئیتالیا نەماو ئێمە ناتوانین هیچ لەو راستیە بگۆڕین، ئەنها شتێك ئێستا لەبەردەمی ئێمەدایە ئەوەیە کە ئێمە تەواوی توانای خۆمان بۆ ئەوە بخەینەگەڕ کە شوێنێکی مانەوەی ئارام بدۆزینەوە، بەڵام ئەو راستیەش ناشارمەوە کە من هەرگیز نەمدەزانی هێندە زەحمەتە کە نەتوانیت لە هیچ جێگایەکدا شوێنێك بۆ تاقە یەك نەفەر بدۆزیتەوە!

ئەزانم کە پاراستنی پەنابەران لە هۆڵەنداو وڵاتانی دیکەی یەکیەتی ئەوروپا زۆرجـاران بە گوێرەی پێویست نیە، مارك کە لە نوسینگەکەی ئێمە پارێزەری تایبەتە بە مافی پەنابەران زۆرجاران لە کارەکانیدا توشی ئەو کێشەیە بووە، بەڵام کەسێك داوای مافی پەنابەری سیاسی کردبێت و هەرگیز چانسی ئەوەی پێنەدرێت کە بەئارامی مافی خۆی لە پرۆسەیەکی یاسایدا بخاتەڕوو، ئەوە بێگومان بەتەمای ئەوە نەبووم، ئەوەی لەم خاڵەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە کەیسەکەی ئۆجەلان بەروونی نیشانیدا کە چۆن یاساکانی مافی مرۆڤ

(کە ئیمە هەندێك جار رەنگە بە ئاسانی وا بزانین ئیتر ئەو مافانە چەسپیون و سروشتی بوون لە کۆمەڵگادا) پشتگوێ دەخرێن ئەگەر بێتو بەرژەوەندیە سیاسیەکان بخاتە ژێر هەڕەشەوە...

سەرلەبەیانی رۆژی ئایندە پێکەوە لەگەڵ جۆن و فکتۆر لە هۆڵی هۆتێلەکە دانیشتبووین، دوو پیاوەکەی دوێنێش لەولامانەوە نزیك دەرگاکە دانیشتبوون خۆیان بە قاوە خواردنەوەو رۆژنامە خوێندنەوە خەریك کردبوو، رێك وەك فلیمە جاسوسیەکان بەرچاو دەکەوتن تەنها ئەوە نەبێت

ئەوان لە جیاتی چاکەتە ڕەشەکەی ناو فلیمەکان قاتی ڕەساسی تۆخیان لەبەردابوو، جۆن تەلەفۆنی بۆ بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری یۆنان ‹BABIS STAVRAKAKIS› کرد و بە یۆنانی دەستیان بە قسان کرد بۆیە من هیچ حاڵی نەبووم، بەڵام بەهۆی تۆنی دەنگی جۆن و ئاماژەکانی دەموچاوی ئەوە تێگەشتم کە توڕەیە، پێدەچوو حکومەتی یۆنان بەردەوام بێت لەسەر هەڵوێستی توندی خۆی.

جۆن لەو باوەڕەدا بوو کە ‹ STAVRAKAKIS › درۆی لەگەڵدا دەکات و ڕاستیەکانی لێدەشارێتەوە، ئەو بە جۆنی ڕاگەیاندبوو کە ژوانێکی لەگەڵ بەرپرسێکی حکومەتی سربیادا هەبووە، بەڵام ئەوان وەك ئەوەی بەڵێنیان دابوو وا نەبوون گوایا سربیا سەرەتا ڕێگری نەبووە لە وەرگرتنی ئۆجەلان، بەڵام ئەوان ئێستا لەمەڕ وەرگرتنی ئۆجەلان لە بەڵێنەکەی خۆیان دوو دڵ بوون ئەمەش لەترسی هێرشەکانی ناتۆ بۆسەر کۆسۆڤۆ. جۆن لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو پیاوە هەرگیز ژوانی لەگەڵ نوێنەرێکی حکومەتی سربیادا نەبووە،چونکە ئەو دەمەی جۆن لەگەڵ ئەودا قسەی کردووە کاتەکە هی ئەوە نەبووە ئەو بڕوای پێبکات، ئەوکاتەی ئەو قسەی لەگەڵ کردوە بەڕێوەبەری هەواڵگری لە ناو جێگای نوستندا بووە، بۆیە ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو درۆ دەکات تەنها لە پێناوی ئەوەی ئەمان ڕایی بکات.

هەرچەندە من ئۆپشنی سربیا بە بیرۆکەیەکی باش نازانم، بەڵام ئەم چیرۆکە نیگەرانی دەکردم، هاوشێوەی جۆن منیش و فکتۆریش تا دەهات بڕوامان بەوە لەق دەبوو کە حکومەتی یۆنان هاوکاری ڕاستەقینەی ئۆجەلان بکات، بەدەم نانخواردنی نیوەڕۆوە ئەگەرەکانی دیکەمان تاوتوێ کرد، داوام لە جۆن کرد بە ئۆجەلان ڕاگەیەنێت کە من هەفتەی داهاتوو لەگەڵ کەسێکی وەزارەتی دادی هۆڵەندا ژوانم هەیە و دوا هەوڵی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی بتوانم مۆڵەتی هاتنە هۆڵەندا بۆ ئەو وەربگرم، هەروەها داوام لێکرد کە ئەوەشی پێڕاگەیەنێت ئێمە بەردەوامین لە بردنە پێشەوەی پرۆژەی خۆرهەڵات و چەند ژوانێکم لە برۆکسل بۆ ئەو مەسەلەیە ڕێکخستووە و

لەگەڵ دادگای هەمیشەیی بۆ ناوبژیکردنیشدا بە هەمان شێوە بەردەوامین، هەروەها جۆنیش هەوڵ دەدات کە زیاتر لەوە بکۆڵێتەوە و بزانێت ئەگەری گەڕانەوەی ئۆجەلان بۆ ئیتالیا لە گوڕێدا ماوە یان نا..

لە کاتی ئەم گفتوگۆیانەماندا جۆن یەکسەر پرسیارێکی بە دەمدا هات و گوتی " پێتانچۆنە ئەگەر ئۆجەلان ببرێتە نێو باڵوێزخانەیەکی یۆنان لە وڵاتێکی دەرەوەی ئەوروپا؟ ئایا ئەمە چارەسەرێکی گونجاو نیە؟ ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە بەم شێوەیە ئۆجەلان لە خاکی یۆناندا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی لە ناو یۆناندا بێت !

من و فکتۆر پێکەوە هەردوکمان لە یەك کاتدا بە توندی گوتمان ئەمە پیلانێکی زۆر خراپە، جۆن تێنەدەگەشت بۆچی ئێمە هێندە نەگەتیف بۆ ئەو کارە دەڕوانین " ئۆجەلان لە دورگەیەکی یۆنانیدا بێت یان لە باڵویزخانەیەکی یۆنانیدا بۆ نمونە لە سربیا چی جیاوازیەکی هەیە؟ خراپیەکەی لە چیدایە؟

هەوڵماندا بۆ جۆن رونکەینەوە کە جیاوازیەکی گەورە لە گۆڕێدا دەبێت، فکتۆرلەو بارەوە گوتی ‹ ئەمە هەڵەیەکی باوە جۆنیش بە هەمان شێوە هەڵە لە مەسەلەکە گەشتووە، باڵوێزخانەی دەوڵەتێك بۆ نمونە یۆنان بە شێك نیە لە خاکی یۆنان وەك ئەوەی زۆرکەس وادەزانێت، بەواتایەکی دیکە ئەگەر ئۆجەلان لە باڵوێزخانەی یۆنانیدا بێت لە سربیا ئەوە ئەوسا ئۆجەلان لە یۆناندا نیە،بەڵکو لە سربیا دەبێت، لەوێ یاسای یۆنانی بەڕێوە ناچێت، بەڵێ هەموو باڵوێزخانەیەك لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتیەکانی پارێزبەندی ‹ حصانە – IMMUNITY › دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسایی و قەزائی وڵاتی خانەخوێ، بەڵام ئەمە تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە پۆلیس و سوپای ئەو وڵاتە بەبێ مۆڵەتی باڵوێزەکە ناتوانن بچنە سەرخاکی باڵوێزخانەکە، هەمان ئەم شتە بۆ پۆلیس یاخود سوپای لایەنی سێهەمیش دەخوات. ئەگەر ئۆجەلان لە نێو باڵوێزخانەیەکدا بێت ئەوە ئەو کاتە ئەو لەژێر دەسەڵاتی باڵوێزەکەدا دەبێت، ئەو باڵوێزە تەنها مافی ئەوەی نیە کە رێگا بدات بە کام کەس بێتە ژورەوە،بەڵکو مافی ئەوەشی هەیە کەسێك

لە کن خۆی لە باڵوێزخانەکەدا گل بداتەوە، پەنابەرێك دەتوانێت داوای مافی پەنابەری لە وڵاتێك لە ڕێگای باڵوێزخانەکەیەوە بکات، بەڵام ناتوانێت زۆر لەو وڵاتە بکات کە لەنێو باڵوێزخانەکەیدا شوێنێکی ئارامی بۆ دابین بکات، باڵوێزەکە دەتوانێت ئەمە بکات، بەڵام ئەو بەپێی یاسا ناچار نیە ئەو کارە بکات، بەڵێ ئەو پابەندە بە هەندێك یاسای مافە نێونەتەوەییەکانەوە و بۆی نیە هەروا لە خۆڕا ماوەی هاتنەژورەوە لە کەسێك بگرێت کە هەڕەشە جدی لەسەر ژیانی هەیە، بەڵام پاراستن ومافی یاسایی و قەزایی لە دۆسییەکی وەك ئەوەی ئۆجەلان کە لە یۆناندا لە ڕادەستکردنەوەی بە تورکیا دەیپارێزێت لە نێو باڵویزخانەکەدا بوونی نیە، ئەگەر ئۆجەلان بۆ تەنها جاریکیش بکەوێتە دەرەوەی خاکی ئەو باڵوێزخانەیە بۆ نمونە بڕوات شتێك بکڕێت لە بازاڕ ئەوا ئیتر ئەو ڕاستەوراست دەکەوێتە بەر دەم یاساکانی وڵاتی خانەخوێ، بەمجۆرە تەنانەت ئەگەر باڵوێزەکەش پەیمانی پاراستنی ئەوی لەئەستۆ گرتبێت ئەوە ئەم پاراستنە لەناو دەرگای باڵوێزخانەکە زیاتر بڕ ناکات!

جۆن بەبێ دەنگی گوێ ی بۆ قسەکانی ئێمە شل کردبوو، ئەو تەنانەت لە ڕێگای گەڕانەوەشمان لە چێشتخانەکەوە بۆ هۆتێلەکە زۆر قسەی نەکرد، تەنها هێندە نەبێت داوای ئەوەی لێکردم کە هەندێك خاڵی گفتوگۆکانی دوێنێ شەوو ئەمڕۆشی بۆ بخەمە سەر کاغەز، بە تایبەت سودەکانی هاتن بۆ هۆڵەندا یان هەر دەوڵەتێکی ئەوروپی دیکە و گرفتەکانی تایبەت بە مانەوە لە باڵوێزخانەیەکدا.

هەموو شتەکانم بۆ نوسیەوە، هەر لە پرسگەی هۆتێلەکە کۆپیم کرد و وێنەیەکیشم بۆ دۆسیەکەی لای خۆم هەڵگرت، دوای ئەوە ئیتر کاتمان زۆر نەما بۆ قسەکردن،چونکە من فکتۆر دەبوو ئیتر بڕۆین بۆ فڕۆکەخانە، جۆن جارێ لە ئەسینا دەمێنێتەوە ئەو بەڵێنی ئەوەی دامێ کە لەهەموو پەرەسەندنەکان ئاگادارم کاتەوە، ئەگەر تەنانەت خۆشی نەیتوانی تەلەفۆنم بۆ بکات ئەوە لوسی ئەو کارە دەکات.

من بەڕوونی هەستی ئەوەم لا دروست بوو کە شتێکی خراپ هەیە، بەڵام نەمدەزانی چیە، تەنها پاش دەستگیرکردنی زانیم کە ئۆجەلان پێنج ڕۆژ بەرلەوەی من بێم بۆ ئەسینا ئەو ڕەوانەی باڵوێزخانەی یۆنان لەنایرۆبی کرابوو، کەواتە ئاگادارکردنەوەکەی ئێمە لەمەڕ خەتەرناکی مانەوەی ئەو لە نێو باڵوێزخانەیەکی یۆناندا پێنج ڕۆژ درەنگ کەوتبوو!!!

## - ٣ -

لە ڕۆژی سێ شەممەی پاش گەڕانەوەمان لە ئەسینا - فکتۆر ڕۆشتبوو بۆ کەنەدا بەو هیوایەی هەتا ئەو دەگەڕێتەوە هیچ شتێکی نەخوازراو لە دۆسیەکەی ئۆجەلاندا ڕوو نەدات – سەرلەبەیانیەکەی لە شاری دەنهاخ ژوانـم لە وەزارەتــی داد هەبوو، لە لایەن یۆریس دەمەنیك‹ JORIS DEMMINK ›، بەڕێوەبەری گشتی دۆسیە نێو نەتەوەییەکان و کۆچبەری و هاوکارێکی بەناوی ئەلتین ‹ELTING ›،پێشوازی کرام، من سەرەتا بە نیازی ئەوە بووم کە ژوانێك لەگەڵ بریکاری وەزیر یۆب کۆهن‹ JOB COHEN › ساز بکەم، بەڵام ئەمە سەری نەگرت.

گفتوگۆکان لەگەڵ " دەمەنیك و ئەلتین" سەرەتایەکی دڵخۆشکەرانەی نەبوو، ئەمەش تەنها لەبەر ئەو قاوە ناخۆش و بێتامە نەبوو کە لەوەزارەت پێشکەش دەکرا،بەڵکو هەڵسوکەوتی دەمەنیك بوو کە پێدەچوو زۆر خۆی لا تایبەت و گرنگ بێت و هەموو هەوڵێکی خۆی هەر لە سەرەتاوە خستەگەر بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بە من بگەیەنێت، ئەو بە ئاوازێکی دەسەڵاتدارانە قسەی دەکرد و دەیویست بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی زۆر خۆی ڕازی و زاڵ نیشان بدات، من بە حوکمی پیشەکەم وەك پاریزەرێك زۆر جاران لەو تەرزە پیاوانەم توش بوون بۆیە گەیشتومەتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەوان بۆیە ئەوە دەکەن،چونکە بەرامبەر بە کەسانی شارەزاو گەنج و بەتایبەت ئافرەت زۆر لە خۆیان دڵنیا نین کە چۆن مامەڵە بکەن، بۆیە لەدڵی خۆمدا گوتم:

" دانبەخۆتا بگرە و توڕە مەبە - لانی کەم ئێستا نا- خۆت تێك مەدە و

هەر بە پرۆفیشناڵی رەفتار بکە" بەرژەوەندی موەکیلەکەم واتە ئۆجەلان لە کۆتایدا زۆر قورسترە لە توڕەبوون و ناقایل بوونی من...

هەناسەیەکی قوڵم بۆ هەڵکێشاو داوای رونکردنەوەی ئەو هۆکارانەم کرد کە رێگا بە ئۆجەلان نادەن بێت بۆ هۆڵەندا، ‹ دەمەنیك› وەك ئەوەی لوتی پڕ بێت لە خوێن سورهەڵگەڕا و وەڵامێکی دایەوە ‹ داخستنی مەودای ئاسمانی لەو شەوەدا پەیوەندی بە هاتنی ئۆجەلانەوە نەبوو،،بەڵکو ئەوە بڕیارێکی وەزارەتی هاتوچۆ بوو، وەزارەتی داد بەهیچ جۆرێك دەستی خۆی لەم کارەوە وەرنـەداوە ‹ لەمەش بەهێزتر دیسان گوتی› وەزارەتی داد هیچ داخوازیەکی ئۆجەلانی بەدەست نەگەشتووە تیادا داخوازی ئەوە بکات کە ئەو دەیەوێت بێت بۆ هۆڵەندا، کەواتە ئەگەر داوایەك لە بنەڕەتا پێشکەش نەکرابێت ئەوە ناکرێت رەت بکرێتەوە، بەراستی سەیرە خەریکە سەرم لەم پیاوە دەئاوسێت هێندە چاوقایم و بێشەرم بێت وا بە ئاسانی ئەو قسانە بکات!!

زۆر هێمن و هاوڕێیانە وەڵامم دانەوە و پێمگوتن کە بەپێی زانیاریەکانی من ئەم قسانەی ئێوە تەواو پێچەوانەی راستیە، یەکەم من ئاگاداری مشتومڕەکەی شەوی یەکشەممەی نێوان NETELENBOS و KOK م کە تیایدا وەزیری دادیش پەیوەست بوو بەو بڕیارەوە، دووەمیش ئێمە زانیاری تەواومان لەبەردەستایە کە داخستنی مەودای ئاسمانی هۆڵەندا لەو شەوەدا لەبەر ئەوە بووە کە چاوەڕێی ئەوە دەکرا ئۆجەلان بگاتە هۆڵەندا، سێهەمیش گریمان داواکەی ئۆجەلان بۆ هاتنە نێو هۆڵەندا لەسەر کاغەزێك وەك داخوازی پێشکەش کراوە ئەوە نیە ئێوە ئەم داخوازیە بە بڕیاری داخستنی مەوادای ئاسمانی هۆڵەندا رەت دەکەنەوە، بڕیارێك کە نایاساییە و مافناسەکانی وەزارەتی دادیش ئەو راستیە باش دەزانن، ئەگەر تەنها شت لەبەردەم هاتنی موەکیلەکەم بۆ هۆڵەندا نەبوونی داخوازیەکی لەو جۆرە یە ئەوە زۆر بە خۆشحاڵیەوە من هەر نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئەو داوایە پێشکەش دەکـەم، شتێکی دیکەش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئۆجەلان دەتوانێت

بەبێ پێشکەس کردنی داخوازی بە وەزارەتی داد خۆی بێت بۆ هۆڵەندا بۆیە باشتر وایە هۆڵەندا بە شێوەیەکی هەمیشەیی مـەودای ئاسمانی خۆی دابخات، هەروەها سنورەکانیشی لەبەردەم هاتوچۆی ئۆتۆمبیل و شەمەنەفەر دابخات،چونکە بێگومان ئۆجەلان هەوڵی ئەوە دەدات کە بە ڕێگایەکی دیکە بێت بۆ هۆڵەندا نەك تەنها بە فڕۆکەی تایبەت!

پاش کەمێك بێدەنگ بوون ئەلتین پێی گوتم کە دەبێت من چاوم لەوەش بێت کە هۆڵەندا ناتوانێت پێشوازی لە ئۆجەلان بکات،چونکە ئەوە مەترسیەکی زۆر گەورە دروست دەکات بۆسەر ئاسایشی گشتی، ئێمە دەترسین پەرچەکرداری زۆر توڕەئامێزی کۆمەڵگای تورکی ئێرە بەجۆرێك بێت کە لەدەست دەربچێت. ئەلتین زیاتر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چۆن ئەڵمانیاش لەبەر هەمان ترس داخـوازی رادەستکردنەوەی ئۆجەلانی بە فەرمی کشانەوە. منیش وەڵامی ئەوەم دایەوە کە تێگەشتنم بۆ ئەو خەمە هەیە، بەڵام رەوشی موەکیلەکەم لەدوای بڕیارەکەی ئەڵمانیاوە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە،،چونکە ئەو کاتە ئەو ژیانی لە مەترسیدا نەبوو، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە لە مەترسیدایە، مافی پەنابەری لە هۆڵەندا بۆ کەسانێك داوا دەکرێت کە بەراستی ژیانیان لە مەترسیدا بێت، بۆیە لەسەر ئەم بناغەیە دەبێت ڕێگایەك هەبێت بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە ئۆجەلان مافی نیشتەجێ بوون لە هۆڵەندا وەربگرێت.

هەرچەندە من سەرنجی ئەوەمدا کە ئەوان بڕوا بەوە دەکەن ژیانی ئۆجەلان لە مەترسیدایە، بەڵام چانسی ڕێگەدان بە ئۆجەلان بۆ هاتنە نێو هۆڵەندا هەروەك خۆی چانسێکی بچوك مایەوە و دیسانەوە ئەرگومێنتی هەڕەشەی ئاسایشی گشتی دەخرایەوە سەر مێز، منیش هەوڵم دەدا ئەوە رون بکەمەوە کە بە بۆچونی من بەو جۆرەیە کە ئاسایشی گشتی بەهەمان شێوە دەکەوێتە مەرترسیەوە ئەگەر شتێك بەسەر ئۆجەلاندا بێت یاخود بکەوێتە دەست تورکەکان، بەڵام ئەم ئەرگومێنتە هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو. من لەو باوەڕەدا بووم کە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی گشتی تەنها

بیانو یاخود بەڵگەهێنانەوەیەکی رواڵەتکارانە بوو دەنا هۆکارە سیاسیەکان لە پشت ئەوە بوون کە هۆڵەندا هەرگیز هیوای نەدەخواست ئۆجەلان لێرە بمێنێتەوە، بەرامبەر بەم خاڵەش من زۆرم لە دەست نایەت،چونکە بەکوردی و بە کورتی ئەوروپا ئۆجەلانی ناوێت...

هەرچەندە دەمزانی هیچیشی لێ سەوز نابێت، بەڵام لە کۆتایی گفتوگۆکانمدا ئەوەم راگەیاند کە من پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ بە نامەی فەرمی و بە نوسین داوادەکەم کە لەسەر بنەمای هۆکاری مرۆیی رێگای هاتن بە ئۆجەلان بۆ هۆڵەندا بدرێت...

پاش تەواو بوونی ژوانەکەم لە وەزارەت و سەرلەنیوەڕۆش ژوانێکی دیکەم لەگەڵ هانز یۆنکمان ‹ HANS JONKMAN› لە دادگـای هەمیشەیی بۆ ناوبژیوانی هەیە، ئەوە یەکەم جارم بوو سەردانی کۆشکی ئاشتی بکەم کە زۆر کاریگەری کردە سەرم ئەو کۆشکە تەنها لە دەرەوە باڵەخانەیەکی جوان نیە، یۆنکمان کابرایەکی بەتەمەنی بەڕێزبوو سەبارەت بە مێژوی باڵەخانەکەو مێژوی دادگاکە قسەی بۆ کردم، هـەروەك لە چاوپێکەوتنە جیاوازەکانی خۆیدا باسی کردبوون جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە داداگاکە دەتوانێت و بۆی هەیە لەرووی یاساییەوە لە ململانێ ی نێوان کوردوتورکدا بەکاری ناوبژیوانی هەستێت.

یۆنکمان زۆر بەباشی ئـەوەی دەزانـی کە گەورەترین بەربەست لەبەردەم پرۆسەی ناوبژیکردنەکە بریتیە لە وەرگرتنی رەزامەندی تورکیا بۆ ئەم کارە، هەرچەندە ئیشی دادگاکە نیە کە خۆی کار بۆ وەرگرتنی ئەم رەزامەندیە بکات – ئەو دادگایە ئەو کاتە دەتوانێت کارەکانی خۆی ئەنجام بدات کە هەردوو لایەنی کێشەکە خۆیان کۆك بن لەسەر ئەوەی کە ئەم دادگایە لە رێگای پرۆسەکانی خۆیەوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە-، بەڵام یۆنکمان ئەوەشی بە دوور نەزانی کە ئەندامێکی دادگاکە بە سیفەتی کەسایەتی خۆی لەگەڵ تورکیا گفتوگۆ سەبارەت بە دەستپێکردنی پرۆسەی ناوبژیکردنەکە ئەنجام بدات.

هەروەك لەبەردەم ‹ دەمنيك و ئەلتن› رامگەياند سەرلەبەيانی رۆژی چوارشەممە فاكسێكی بەپەلەم ئاراستەی وەزير كۆرتهالس KORHALS كرد، تيايدا ئاماژەم بەوە كردبوو كە ژيانی ئۆجەلان لە مەترسيدايە و بۆ پاراستنی ژيانی خۆی داوای ئەوە دەكات كە ڕێگای هاتنی بۆ هۆڵەندا پێبدرێت، هەروەها ئاماژە بەوەی كە رەوشی سەلامەتی ئۆجەلان زۆر لە بارێكی ئاڵۆزدايە داوام لە وەزارەت كرد بە زووترين كات و ئەگەر بكرێت هەر ئەم هەفتەيە وەڵامی ئەم داوايەم بداتەوە و بڕياری لەسەر بدات، هەروەها سەرنجم بۆ ئەوە راكێشا كە من هێشتا سەبارەت بە نامەی تێهەڵچوونەوەكەم لـەدژی ڕێگەگرتن لە هاتنە ژورەوەی ئۆجەلان بۆ هۆڵەندا لە رۆژی ١ی فێبريوەريدا، هيچ بڕياريكی وەزارەتم وەرنەگرتۆتەوە، بەڵام هەفتەكە تێپەڕی و ئێوارەی رۆژی هەينيش هيچ وەڵامێكم بەدەست نەگەشت، تەنانەت بەڵگەنامەی فەرمی وەرگرتنی داواكەشم لە لايەن وەزارەتـەوە بەدەست نەگەشت[39] كەچی لەجياتی هەموو ئەمانە سەرم سوڕما كاتێك بينيم ئێوارەی رۆژی شەممە وەزيـر› كۆرتهالس› لەسەر تەلەفزيۆن و لەوەڵامی پەيامنێری كەناڵی ‹ RTL4› دا بە راشكاوانە گوتی ئەو بۆيە داخوازيەكەی ئۆجەلانی سەبارەت بە هاتن بۆ هۆڵەندا رەتكردۆتەوە،چونكە ئەو كەسە ‹ واتە ئۆجەلان- وەرگێڕ- وەك كەسێكی نەخوازراو[40] تۆمار كراوە.

39- ديارە هەموو كەسێك بە پێی ياسا ئەگەر پارێزەر بێت يان هاوڵاتيی ئاسايی بێت كاتێك داخوازييەك پێشكەش بە لايەنێك دەكات دەتوانێت داوای ئەوە بكات كە ئەو لايەنە بە نوسراوی فەرمی لايەنی يەكەم لە گەيشتنی داخوازيەكەی ئاگادار بكاتەوە، لە رۆتينی ياساكاندا لە هۆڵەنداو تەواوی دەوڵەتانی ئەوروپا بەڵگەنامەی وەرگرتن ياخود گەشتنی داواكە لە پرۆسە بيروكراسيەكاندازۆر گرنگە. وەرگێڕ

40- كەسی نەخوازراو پێناسەيەكی ياساييە بۆ هەر كەسێك بەپێی ياساكانی ئەو وڵاتە ناخوازرێت بێتە وڵاتەكەوە ياخود تيايدا بژی، ئەگەر لەوڵاتەكەشدا بێت ئەوە دەردەكرێت – وەرگێڕ.

بەمجۆرە بەپێی وتەکانی وەزیـر، ئۆجەلان وەك کەسێکی بێگانە، لە سیستەمی تۆمارکردنی شنگن SIS[41]دا بە نەخوازراو لەقەڵەم دراوە، لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەنوسەکەدا کە بۆچی ئۆجەلان کەسێکی نەخوازراوە؟ کۆرتهالس دەڵێت ‹ لەبەر ئەوەی سەرپێچی یاسایی کردووە› .

بە سەرسوڕماویەوە بەرامبەر بە تەلەفیزۆیۆنەکە بەدیار قسەکانی کۆرتهالسەوە دانیشتبووم، لەبەرئەوە نا کە رێگە لەبەردەم هاتنی ئۆجەلان بۆ هۆڵەندا داخراوە،،چونکە ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام ئەوەی کە بەراستی تورەی کردم لە پلەی یەکەمدا ئەوە بوو کە داخۆ دەبێت من لە تەلەفیزۆنەوە ببیستم کە وەزیر داخوازیەکەی منی رەتکردۆتەوە، لە کاتێکدا هێشتا خۆم هیچ وەڵامێکی لەو جۆرەم پێڕانەگەیەنراوە؟

دووەمیش ئەوەیە کە بیانوەکان بە هیچ شێوەیەك راست نین. ئەوەی کە بە سیستەمی تۆمارکردنی شنگن SIS ناو دەبرێت بریتیە لە سیستەمێکی کۆمپیتەر کە هەموو وڵاتانی شنگنی پێوە بەندە، هەموو زانیاریە تایبەتەکان سەبارەت بە کەسێك لە لایەن دەزگاکانی بۆ نمونە وەك ‹ پۆلیس، بەشی کاروباری بێگانە، زێرەڤانەکانی سنور... هتد دەئاخنرێتە نێو ئەم سیستەمەوە، ئەمە لە راستیدا تەنها کۆمپیتەرێکی داتا بانکە و زانیاری تێداهەڵگیراوە، کاتێك کەسێکی بێگانە داوای مافی پەنابەری دەکات، دەبێ پەنجەیەك بە دووگمەی ئەم کۆمپیتەرەدا بنرێت،چونکە پۆلیس و دامەزراوەکانی دیکە زانیاریەکان دەخەنە نێو ئەم سیستەمەی SIS بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات کە ئەو زانیاریانە راست بن یان کۆنترۆڵ بکرێن، لە سەرو ئەمەشەوە: تایتلی ‹ کەسێکی بێگانەی نەخوازراو › یاخود ئەو مۆرەی لەسەری نوسراوە› ئەم کەسە نەخوازراوە ‹کاتێك بە پەنابەرێك دەدرێت کە ئەو هەموو پرۆسەو قۆناغەکانی داخوازی پەنابەرێتی بەبێ ئەنجام تەواو کردبێت، بۆیە

41- * Schengen Informatie Systeem بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە بەشی فەرهەنگۆکی کۆتایی ئەم کتێبە - وەرگێڕ -

له حاڵەتی ئۆجەلاندا ئەم شتانە هیچی نەکراون، بەم جۆرە بیانوەکان پوچ و بێ بنەمان، لەوەش زیاتر داخوازیەکەی ئۆجەلان بۆ مافی پەنابەری – کە لە ئیتالیا لە کاتی هاتنی ئۆجەلان بۆ ئەوروپا پێشکەش کراوە- هێشتا هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدراوە، بۆیە لەم ساتەدا بە هیچ شێوەیەك ناکرێت ئەو بە ‹ کەسی نەخوازراو › لەقەڵەم بدرێت.

ئەگەر پەنابەرێك لە کاتی بەڕێوەچوونی مامەڵەی پەنابەرێتیدا ئەو وڵاتەی کە یەکەم جار داوای مافی پەنابەری تێدا کردووە بەجێبێڵێت و بچێت بۆ وڵاتێکی دیکەی ‹ شنگن › ئەوە وڵاتی دووەم دەتوانێت ئەو کەسە ڕەوانە بکاتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە یەکەمجار داوای مافی پەنابەری تێدا کردووە. وڵاتی دووەم بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت و بۆی نیە ئەو کەسە وەك ‹ بێگانەیەکی نەخوازراو› تاریف بکات.

لێدوانەکانی کۆرتهالس و راستیی ئەوەی کە پارێزەری پەنابەرێك لە رەتکردنەوەی داخوازیەکەی ئاگادار نەکرێتەوە نەك تەنها کارێکی دزێون،بەڵکو خراپتریشن لەوە، وەزیری داد بە راشکاوانەو لەبەرچاوی میدیاکانەوە دەڵێت کە ئۆجەلان کەسێکی نەخوازراوە لە هۆڵەندا لەبەر ئەوەی تاوانبارە بە ئەنجامدانی کاری نایاسایی یان وەك ئەوەی وەزیر خۆی دەڵێت ‹ لەبەر ئەوەی سەرپێچی یاسایی کردووە › هەتا ئەو ساتەی کە وەزیری داد ئەو لێدوانانەی دەدا، لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە حوکمێکی سزادان یاخود پرۆسەیەکی تاوانباری لەدژی ئۆجەلان لەگۆڕێدا نیە، لەوە بگەڕێ کە رەنگە ئەو لە هۆڵەندا یان لە وڵاتێکی دیکە حوکم بە سەریدا بدرێت، راستە ئەو لە تورکیا تاوانبارکراوە بە ئەنجامدانی کردەوەی نا یاسایی، بەڵام ئەو حوکم نەدراوە، هەموو کەسێکیش لەبەردەم یاسادا بێتاوانە هەتا ئەو کاتەی بەڵگەی تاوانەکانی دەخرێتەڕوو، دەبوو وەزیری داد بزانێت کە ئەگەری بێتاوانی کەسێك یەکێکە لە باوەڕو بنەما بنچینەیەکان لە یاسای سزادان و حوکمدان بەسەر کەسێکی تۆمەتبارکراو کاری دادوەرەکانە نەك وەزیر، ئەگەر وەزیری داد بەئاشکراو لەبەردەم تەلەفزیۆندا باس لەوە بکات

کە ئۆجەلان تاوان و سەرپێچی لە یاسای ئەنجامداوە، لە کاتێکدا ئۆجەلان لەبەردەم یاسادا دەبێت وەك بێتاوان یاخود زۆر زۆریش وەك گومانلێکراو سەیری بکرێت ئەوە بێگومان ئەو کارەی وەزیر بە شێوەیەکی نائاسایی ولە رادەبەدەر کارێکی بەدە.

وەك پەرچەکردارێك بۆ لێکدانەوەکانی کۆرتهالس لە دەنگوباسەکانی ئێوارەی رۆژی شەممە، سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە کۆمەڵێك خاڵم کردە وەڵامێك و لە دووتوێ ی فاکسێکدا رەوانەی، کۆرتهالس ‹ م کرد، وێرای ئەوەی سەرنجەکانی خۆمم سەبارەت بە لێدوانە هەڵەکانی خستەڕوو، داوام لێکرد بە زووترین کات بە نوسراوی فەرمی رەتکردنەوەی داواکەی ئۆجەلانم بۆ هۆڵەندا بۆ رەوانە بکات و وەك مامەڵە فەرمیەکان هۆکارەکانی ئەو رەتکردنەوەیەشم بۆ دیاری بکات. دیسانەوە لە وەڵامی ئەم دووەم فاکسەشدا هیچ وەڵامیکم بەدەست نەگەشت.

لەوەڵامەکانی خۆیدا بۆ پەرلەمانی هۆڵەندا لە سەرەتای مانگی مارت، کۆرتهالس باس لەوە دەکات کە ئۆجەلان نە لە ٣١ ی ژانیوە و نەلە ١ی فێبریوەری و نەلە ٢ی فێبروەری داواکاری رێگەپێدانی بۆ هاتن بۆ هۆڵاندای پێشکەش نەکردووە ئەو هەروا بە ئاسانی و ئانقەست رۆژەکە دەگۆڕێت گوایا من لە ٣ی فێبروەری ئەو داوایەم پێشکەش کردووە، هەروەها باسی ئەوە ناکات کە هەوڵەکەی ئۆجەلان بۆ هاتنە هۆڵەندا بە فڕۆکەی تایبەت هەرهەمان داخوازیەو دەبێت بەوجۆرە حساب بکرێت یاخو ئەو دەیەوێت بڵێت هەموو پەنابەرێك بەر لەوەی بێتە هۆڵەندا و داوای مافی پەنابەری بکات ئەبێت سەرەتا لە وڵاتەکەی خۆیەوە بە نامە داوایەك پێشکەش بکات بزانێت داخۆ دەهێڵن بێت بۆ هۆڵەندا یان نا.

مـارك داوایـەکـی فەرمی پیشکەش بە دادگـای بـاڵا دەکـات بۆ تێهەڵچوونەوەی ئەو (رەتکردنەوە وەهمیە) ی سەبارەت بە داوای رێگەدان بە هاتنی ئۆجەلان بۆ هۆڵەندا هەیە، چونکە ئەگەر حکومەتێك یاخود دامەزراوێك لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆ نمونە چەند مانگێك هیچ

بڕیارێکی سەبارەت بە داوایەك نەدا، ئەوا ئەو داوایە وەك داوایەکی ڕەتکراو سەیر دەکرێت، بەهەمان شێوە مارك داوایەکی فەرمی دیکە پێشکەش بە دادگای باڵا دەکات لەمەڕ ئەو ڕەتکردنەوە وەهمیەی سەبارەت بە نامەی تێهەڵچونەوەی بڕیارەکەی ٣ ی فێبریوەری هەبوو،،چونکە هاوتای نامەکان کە بۆ› کۆرتهاڵس› م ناردوون، داخوازی تێهەڵچونەوەکەش هەر بێوەڵام مابۆوە. کاروباری ئەم تێهەڵچونەوانە لە دادگای باڵا هێشتا تا ئێستاش هەر تەواو نەبوون.

‹جۆن› م لەم شتانە هەموو ئاگادار کردەوە، ئەو ئێستا تەلەفۆنی کراوەیەو دەتوانم پەیوەندی پێوە بکەم، دەربارەی گفتوگۆکانم لەگەڵ وەزارەتی داد و پاشان دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانیم بۆ کرد، هەروەها باسی ئەوەم بۆ کرد کە بە نامەی فەرمی داوام لـەوەزارەت کردووە بۆ ڕێگەدان بە ئۆجەلان تا بتوانێت بێت بۆ هۆڵەندا، بەڵام بەر لە وەڵامەکەی کۆرتهالس لەسەر تەلەفزیۆن بە ‹ جۆن› م گوتبوو کە نابێت هیوایەکی زۆرمان بە وەڵامێکی پۆزەتیفانەی ئەوان هەبێت، بارودۆخی ئۆجەلانیش بە پێی وتەی جۆن هەروەك خۆی بەگرژی مابۆوە، تەنها ئەگەر بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی ئارام بۆ ئۆجەلان لەم ساتەدا و کە تۆزێك هیوای سەرگرتنی تێدا بێت باشوری ئەفریکایە، جۆن ئەوەشی گوت کە کار بۆ ئەمە دەکرێت و بەم زوانەش بڕیاری یەکلاکەرەوەی لێدەدرێت، ئەو هێشتا بەمنی نەدەگوت کە ئۆجەلان لە کینیایە.

لەبەرئەوەی دوای سەردانەکەم بۆ وەزارەت و ئەو نامانەی بۆ وەزیرم ناردن ئیتر لەم کاتەدا هیچی ئەوتۆ زیاترم لە دەست نەدەهات – ژوانەکانم لەگەڵ › ED KRONENBURG › لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا و › HEDY DÁNCONA › لە پەرلەمانی ئەوروپا هەفتەی ئایندەن – کاتی زیاترم وەرگرت بۆ ئەوەی هەندێ شتی دیکە بکەم. هەفتەکانی ڕابوردوو من کاتی فکتۆرو ستاینم زۆر گرت بۆ خۆم، ئەوان بەردەوام دەبوو بەهانامەوە بێن بۆ هاوکاری، خۆشبەختانە ئێمە لە دۆسیە گەورەکاندا زۆرجاران بە کۆمەڵ کار

دەکەین، فکتۆر و ستاین زۆربەی دۆسیەکانی من شارەزا ببون، موەکیلەکانی تریشم تێگەشتنیان بۆ ئەوە هەبوو کە من لە ماوەی پێشوودا کاتم زۆر نەبووە بۆیان و زۆربەی کارەکانم بە هاوڕێکانم سپاردبوو.

جگە لە دۆسیەی › CLICHFONDSZAAK ‹ کە تایبەت بوو بە سەرپێچیەکی یاسایی بۆرسە و لە دیسێمبەری ١٩٩٧ ە وە کاری تێدا دەکەم و هێشتا کاری زۆریشی دەوێت، لەم کاتەدا دوو دۆسیەی گەورەی دیکەم لەبەردەستدا بوو، دانەیەکیان لێکۆڵینەوە بوو لە دژی ژمارەیەك لە بەڵێندەدەر سەبارەت نرخێکی نایاسایی، ئەوی دیکەش دۆسیەیەکی گەورەی کوشتن بوو کە من و فکتۆر پێکەوە کارمان لەسەر دەکرد، هەروەها ژمارەیەك دۆسیەی بچوکیش هەبوون لەوانەش دۆسیەی بە دوادا چونی تەلەفزیۆنی کوردی.

لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە سەرەتای مانگی فێبروەری لەگەڵ فکتۆر خانویەکی تازەمان کڕیبوو، -وەرگرتنی خانووەکە سەرلەبەیانی ئەو دوشەممەیە ئەنجام دەدرا کە فکتۆر تازە لە مینسك گەڕابۆوە- بنیاتنانەوەی خانووەکەش زۆر زیاترلەو کاتەی دەویست کە من دەمتوانی بۆی تەرخان بکەم.

پاش ئەوەی ئەو رۆژانەی کە لە هەفتەکە مابۆوە توانیم تەرخانیان بکەم بۆ پێداچوونەوە و کۆنترۆڵ کردنەوەی دۆسیەکانی دیکەم، لە دوشەممەی رۆژی ١٥ی فێبروەری ١٩٩٩ دا بـەرەو برۆکسل بۆ ژوانەکەم لەگەڵ › KRONENBURG‹ بەڕێکەوتم، ئەو بەرپرسی پالەمان بوو بۆ دەوڵەتە تازە ئەندامەکانی کۆمیسیۆنی ئەوروپا کە لەلایەن › HANS VAN DEN BROEK ‹ ەوە سەرپەرشتی دەکرا. لەبەر ئەوەی تورکیا هەوڵ دەدات کە لە داهاتوودا ببێت بە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپادا بۆیە ئەویش دەکەوێتە ژێر لێپرساویەتی کۆمەڵە کارەکانی ئەو.

گفتوگۆکامنان لە رادە بەدەر بەسود و گرنگ بوون، کرۆننبۆرخ و هاوکارێکی دیکەی بەناوی هامبروکەرس ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد سێ دۆسیە

لە کن کۆمیسیۆنەکەیان هەیە کە رۆلی زۆر گرنگ دەگێڕن لە ئایندەی هەڵبژاردنی تورکیا وەك کاندیدێك بۆ یەکیەتی ئەوروپا ئەوانەش بریتین لە: مەسەلەی قوبرس، بارودۆخی گشتی مافی مرۆڤ و رەوشی سیاسی کەمایەتیەکان، مەسەلەی کورد کە دەکەوێتە چوارچێوەی خاڵی سێهەم کە ناومان برد، هەروەها بەپێی بۆچونی کۆمیسیۆنەکە بایەخێکی زۆری پێدەدرێت. کرۆنبۆرخ جگە لەوەش گوێ ی خۆی بۆ پێشنیارەکانی ئێمە لەمەڕ پشت بەستن بە دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانی بۆ چارەسەری ململانێی نێوان کورد و تورك، شل کردبوو، بە بۆچوونی کۆمیسیۆنەکە گرێ کوێرەی کێشەی کورد ئەو کاتە دەکرێتەوە کە یەکێك لە هەردوو لایەنە پەیوەندارەکە دەستپێشکەری خۆی بۆ چارەسەرێك راگەیەنێت، ئەگەر یەکێکیش لەو دوو لایەنە پێشنیازێکی پەسەندی پێشکەش کرد ئەوە بێگومان کۆمیسیۆنەکە پشتیوانی لەو پێشنیازە دەکات.

شادمان بە ئەنجامەکانی یەکەم دانیشتنم لەگەڵ کۆمیسیۆنەکەدا نیوەڕۆی هەمان رۆژ گەڕامەوە بۆ ئەمستەردام، کرۆنبۆرخ وێرای ئەوەی کە هەرچی زانیاری پێویست هەیە لە راپۆرتەکانی کۆمیسیۆنی خۆیان سەبارەت بە چونیەتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت لەگەڵ تورکیادا، پێی بەخشیم،بەڵکو بەڵێنی ئەوەشی پێدام کە پەیوەندیم لەگەڵ یەکێك لە هاوکارەکانی هۆڵبرۆك ‹HOLBROOKE› بۆ سازبکات، بە بۆچونی کرۆنبۆرخ باشترین کەسی گونجاو کە بتوانێت وەك میانگیرێك دیالۆگ لەگەڵ تورکەکاندا بە ئەنجام بگەیەنێت ‹هۆڵبرۆك› ە.

کاردانەوەی کرۆنبۆرخ سەبارەت بە بیرۆکەی ‹پرۆژەی خۆرهەڵات ‹هیوایەکی زۆر گەورەی پێبەخشیم، ئەگەر مانەوەی ئۆجەلان و نیشتەجێبوونی لە باشوری ئەفریکا سەریگرت و هۆڵبرۆك بەوە قایل بێت وەك میانگیرێك بێتە ناو کێشەکەوە ئەوا ئێمە ئەوسا دەتوانین دۆسیەکەی ئۆجەلان و کێشەی کوردیش بەرەو چارەسەرێکی گونجاو بەرین، بەڵام هەموو ئەم شاگەشکەبوونەی نیوڕۆی رۆژی دووشەممە زۆرخێرا رەوینەوە...

## - ٤ -

هێشتا دوازدە کاژێر بەسەر سەردانەکەمدا بۆ برۆکسل تێپەڕی نەکردبوو، لە شەوی ١٦/١٥ ی مانگی فێبەروەری، بە زەنگی تەلەفۆنی ڕۆژنامەنوسێك لە خەو ڕابووم، ڕۆژنامەنوسەکە لێی پرسیم:

- ئایا دەتوانن ئەوە پشتڕاست کەنەوە کە ئۆجەلان لە باڵوێزخانەی نەیروبی لەلایەن تورکیاوە دەستگیرکراوەو بەرەو تورکیا براوە؟

وەڵامم دایەوە گوتم هیچ شتێك لەو بارەوە نازانم و تەلەفۆنەکەم داخستەوە، سەرەتا وا لێکمدایەوە کە دیسان یەکێك لە ڕۆژنامەنوسان چیرۆکیکی خەیاڵی نوێی دروست کردووە، لە چەند مانگی ڕابووردوودا بەتایبەت پاش ئەوەی ئۆجەلان ئیتالیای بەجێهێشت ڕۆژنامەنوسان چەندین جار سەبارەت بە شوێنی مانەوەی ئۆجەلان گریمانی هەمەجۆریان دروست دەکرد و تەلەفۆنیان بۆ من دەکرد، بەڵام بەم تەلەفۆنە نەك ئارامم لێبڕا، بەڵکو کەوتمە دڵەڕاوکەشەوە، بڕیارمدا هەستم تەلەفۆن بۆ جۆن یان بۆ زێڕین بکەم، بەدەم داگیرسانی تەلەفیزۆنەکەوە بۆ ئەوەی تیکستە هەواڵەکان تەماشا بکەم تەلەفۆنم بۆجۆن کرد، هەرچەندە کات درەنگ و نیوەشەو بوو، بەڵام ئەو یەکسەر تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و دەستبەجێ لێمپرسی:

- ڕاستە ئەوەی کە دەیبیستم؟ تورکیا ئۆجەلانی دەستگیر کردووە؟

جۆن وەڵامی دایەوە و دڵنیا نەبوو بەتەواوەتی چی ڕویداوە، بەڵام ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە بەڵێ ئۆجەلان لە باڵوێزخانەی یۆنان بووە لەنەیرۆبی و لە باڵوێزخانەکەدا بەزۆر دەرهێنراوە و بـراوە، بەڵام کێ دەریهێناوە و بۆ کوێ براوە جارێ ئەو زانیاری نەبوو، بەڵام جۆن خۆی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر ئۆجەلان هەتا ئێستا زیندوو مابێت ئەوە بێگومان بەرێگاوەیە بۆ تورکیا.

نەمدەزانی چی بڵێم، سەیری تێکستە هەواڵەکانیشم کرد هەمان شت

نوسرابوو کە ئۆجەلان لەلایەن تورکیاوە دەستگیر کراوەو بەرەو تورکیا دەبرێتەوە، بەڵام لە تورکیاوە جارێ هیچ شتێك لەو بارەوە باس نەکراوە، هەروەها باسی ئەوەش کرا کە هەر ئەمشەو لە لایەن سەدان کوردەوە لە تەواوی ئەوروپادا باڵوێزخانەکانی یۆنان داگیر کراون لەوانەش " دەنهاخ "، جۆن ئێستا لە یۆنانە و بەڵێنی پێدام کە تەواوی هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆئەوی لەو بارەوە رونکردنەوە لە حکومەتی یۆنان وەربگرێت و پاشان پەیوەندیم پێوە بکاتەوە.

تەلەفۆنەکەم تازە داخستبۆوە کە زێڕین تەلەفۆنی بۆ کردم، زێڕین ئەوەی بیستبوو کە ئۆجەلان لە نێو باڵوێزخانەی نەیرۆبی وەدەرنراوە و، بەڵام نازانێت ئەمە چۆن کراوەو ئۆجەلان ئێستا لە کوێ یە، هیچ کەس ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ هاوەڵەکانی ئۆجەلان ببەستێت کە لە نیرۆبی لە گەڵیدا بوون و هێشتا لەناو باڵوێزخانەکەدا ماون، زێڕین دەیپرسی: تۆ بڵێ ی خۆی بە خواستی خۆی نەڕۆشتبێت بۆ شوێنێکی دیکە؟، بەڵام من راستی ئەوەم پێگوت کە کەمێك بەر لە ئێستا لەگەڵ جۆن لە یۆنان قسەم کردووە و ئەو دڵنیایە لەوەی کە بەبێ چەند و چوون ئۆجەلان لە لایەن تورکیاوە دەستگیرکراوە. زێڕین نەیدەویست بڕوا بەوە بکات و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەگەر ئەمە راست بێت کارەساتە کارەساتە، هەستم بە فرمێسك و گریانەکەشی دەکرد لە تەلەفۆنەکەدا، بەڵام بەداخەوە هیچم بۆ نەدەکرا بتوانم دڵنەوایی بدەمەوە. پاش تەلەفۆنەکەی جۆن و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە هیوام بەوە نەبوو کە ئۆجەلان خۆی بە خواستی خۆی باڵوێزخانەکەی بەجێهێشتبێت!

کەمێك پاش ئەوە جۆن تەلەفۆنی بۆ کردمەوە باسی ئەوەی کرد کە ئەو لە هەواڵەکانی یۆناندا گوێی لە لێدوانی وەزیری دەرەوەی یۆنان بووە کە لە لێدوانێکی خۆیدا باس لەوە دەکات گوایە ئۆجەلان بەرەو هۆڵەندا رۆشتووەو پارێزەرە هۆڵەندیەکانی ئەم کارەیان بۆ ئەنجامداوە، جۆن بێگومان ئەوەی دەزانی کە ئەمە دوا درۆی دیکەی ئەوانەو بەم لێدوانەش

یۆنانیەکان دەیانەوێت خۆیان لە گرفتەکان بەدوور بگرن، ئەمەش ئەگەر واتایەکی هەبێت بۆ جۆن ئەوەیە کە بەڵێ ئیتر ئاشکرایە ئۆجەلان کەوتۆتە دەستی تورکەکان و یۆنانیەکانیش هاوکاری و کارئاسانیان بۆ کردووە، جۆن هەوڵدەدات پەیوەندی بکات بە باڵوێزخانەی یۆنانەوە لە نەیرۆبی و پاشان تەلەفۆن بۆ من بکاتەوە.

لە میانەی قسەکانمدا لەگەڵ جۆن وردە وردە وێنەکەم زیاتر بۆ رونتر دەبۆوە هەر لە گەشتنی ئۆجەلانەوە بۆ یۆنان، پاش ئەوەی بێگومان هەوڵی هاتن بۆ هۆڵەندا سەرینەگرت و فکتۆر گەڕایەوە بۆ ئەمستەردام، جۆن سەبارەت بە شوێنی مانەوەی ئۆجەلان لەگەڵ دەزگای هەواڵگری یۆناندا گفتوگۆی کردبوو، ئەوان یەکەمجار ئامادە نەبوون هیچ هاوکارییەك لەم بارەوە بکەن و داوای ئەوەیان کردبوو کە ئۆجەلان دەستبەجێ دەبێت یۆنان بەجێبهێڵێت ئەگینا ئەوان ناچار دەبن یان رادەستی تورکیای بکەنەوە یان رەوانەی لیبیای بکەن. بەڵام پاش ئەوەی جۆن لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ئەلەکۆس پاپادۆپاولۆس ‹ ALEKOS PAPADOPOULOS › قسەی کردبوو، جەختی لەسەر ئەوە کردبۆوە کە ئۆجەلان ناخوازێت لە یۆنان بمێنێتەوە، بەڵام چەند رۆژێکی پێویست دەبێت بۆ ئەوەی کاری خۆی جێبەجێ بکات و بۆ شوێنێکی دیکە بڕوات، بۆیە پاپادۆپاولۆس ماوەی بە ئۆجەلان دابوو کە بۆ سێ رۆژێك لە یەکێك لە دورگەکانی یۆناندا بمێنێتەوە و لەو ماوەیەشدا حکومەتی یۆنان هاوکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك. وەزیر داوای ئەوەی کردبوو کە دەبێت تەلەفۆنە دەستیەکانیان بکوژێننەوە، ئۆجەلان و هاوەڵەکانی بۆیان نیە لە کاتی مانەوەیان لە یۆنان پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکەن.

لەبەر ئەوەی دۆرگەی کۆرفو ‹ KORFOE › لە کەنارەکانی ئیتالیاوە نزیکە جۆن ئەوێ ی بەباش زانیوە بۆ مانەوەی ئۆجەلان، هاوڕێ لەگەڵ جۆن و دوو کەسی دیکەدا ئۆجەلان لەلایەن دەزگای هەواڵگری یۆنانەوە هەمان بەیانی بۆ دۆرگەی کۆرفۆ گوێزراوەتەوە و لەوێش

براوەتە نێو سەربازگەیەکی تەواو دابڕاو. بەپێی وتەکانی جۆن هەموو ئەم کارانە ڕاستەوخۆ بە سەرپەرشتی میشێلس تزۆڤاراس › MICHALIS TZOVARAS ‹ یەکێك لە ئەفسەرە گەورەکانی بەشی دژەجاسوسی لە دەزگای هەواڵگری یۆنان بەڕێوە چووە. لە نێوەڕۆی هەمان ئەو ڕۆژەی دەگەنە ئەوێ گفتۆگۆکان دیسانەوە سەبارەت بە شوێنی ئایندە بۆ مانەوەی ئۆجەلان دەستپێدەکاتەوە، ئەو ئەگەرانەی کە لە دوا سەردانمدا بۆ ئەسینا جۆن باسی کردن هەموو لەو ڕۆژەدا گفتوگۆیان لەسەر کرابوو، بەڵام ئەو کاتە هەفتەیەك بە سەریاندا تێپەڕی بوون و کات بەسەر چووبوو.

ئەو کاتەی جۆن لەگەڵ میشێلس تزۆڤاراس سەرقاڵی ئەوە بوون کە بەشێوەیەك لە شیوەکان ئۆجەلان بگەڕێننەوە بۆ ئیتالیا – تزۆڤاراس قاچاخچیەکی دۆزیبۆوە کە ئۆجەلان بە بەلەمێکی خێرا بگەیەنێتە سەر کەنارەکانی ئیتالیا و تەنانەت لەوێ خانویەکیشی بە کرێ گرتبوو – دەزگای هەواڵگری یۆنان پلانێکی نوێ دادەڕێژێت، ئەوان بە جۆن دەڵێن کە گوایا لەگەڵ پارێزەرەکەی نسلۆن ماندێلا بەناوی جۆرج بیزۆس ‹GEORGE BIZOS› پەیوەندیان گرتووە و باشوری ئەفریکا ئامادەیە ئۆجەلان لە خۆ بگرێت، بەڵام ماندێلا لە ڕێگای ‹بیزۆس › ەوە یۆنانیەکانی لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە ئەو لانیکەم پێویستی بە دە ڕۆژ هەیە بۆ ئەوەی ئامادەکاریەکانی وەرگرتنی ئۆجەلان دابین بکات، بۆیە هەتا ئەو دە ڕۆژە دەزگای هەواڵگری یۆنان لە باڵویزخانەی وڵاتەکەیان لە کینیا داڵدەی ئۆجەلان دەدەن، هەروەها دەزگـای هەواڵگری یۆنان بە ئۆجەلانی ڕاگەیاندووە کە هەتا ئەو کاتەی دەگاتە باشوری ئەفریکا لەژێر پاراستن و پارێزگاری دەوڵەتی یۆناندا دەبێت تەنها بەو مەرجەی کە جگە لە هاوەڵەکانی ئۆجەلان هیچ کەس تەنانەت پارێزەرە هۆڵەندیەکانیشی نابێت ئەوە بزانن کە ئەو لە نەیرۆبی دەبێت...

بەهۆی مامەڵەی یۆنانیەکانەوە لە پاش هاتنی بۆ ئەسینا، ئۆجەلان متمانەی بە بەڵێنەکانی دەزگای هەواڵگری یۆنان نەمابوو، جۆن بۆ دڵنیا

بوون پەیوەندی بە پەنگالۆس، PANGALOS ‹ وەزیری دەرەوەی یۆنانەوە دەکات بە وتەی جۆن پەنگالۆس تەنها جەختی لەسەر بەڵێنەکانی دەزگای هەواڵگری نەکردۆتەوە،بەڵکو لەوەش زیاتر گوتویەتی کە یۆنان بڕیاری داوە سیاسەتی خۆی لەمەڕ ئۆجەلان بگۆڕێت، ئامادەیە هەر هاوکارییەك کە ئەو سەرکردە کوردە پێویستی بێت، پێشکەشی بکات. لەسەر بناغەی بەڵێنەکانی پەنگالۆس ئۆجەلان بڕیاریداوە بە پێشنیازەکەی یۆنان قایل بێت و لە بارودۆخێکی زۆر شاراوە و نهێنی بەو جۆرەی یۆنانیەکان دەخوازن، بەرەو کینیا بڕوات، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە جۆن لە دوا چاوپیکەوتنمان لە یۆنان هیچی لەو بارەوە بەمن نەگوت، ئەویش مەرجی دەمداخستنی لە لایەن حکومەتی یۆنانەوە بەسەردا سەپابوو...

دەزگای هەواڵگری یۆنان فڕۆکەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکات بەو هیوایەی لە رۆژی ۱ ی فێبروەری ۱۹۹۹ کاتژمێر دەونیوی شەو لە دۆرگەی کۆرفو بەرەو نەیرۆبی بفڕێت و پاشان بەپێی وتەی دەزگای هەواڵگری، باڵویزی یۆنان لەو وڵاتە لە فڕۆکەخانە پێشوازی ئۆجەلان دەکات و راستەوخۆ دەیگوێزێتەوە بۆ نێو باڵوێزخانەکە، کەمێك بەر لە ئەنجامدانی گەشتەکە تزۆڤاراس داوای پاسپۆرتی ئۆجەلان و هاوەڵەکانی دەکات گوایا دەبێت فیزەی وڵاتی کینیای لێبدەن، بەڵام ئەم کارە مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە بووە و پاش گەیشتنیان بۆ کینیا ئاشکرا دەبێت...

باڵوێزی یۆنان لە کینیا دواتر لە شایەتدانی خۆیدا لە دادگا ئەوەی ئاشکرا کرد کە یۆنان فۆتۆکۆپی هەموو پاسپۆرتەکانی فاکس کردووە بۆ پۆلیسی کینیا بە ئامانجی ئەوەی کە لەگەڵ گەشتنی ئۆجەلان و هاوڕیکانی بۆ کینیا راستەخۆ پۆلیسی ئەو وڵاتە دەستگیریان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش یۆنانیەکان جۆری فرۆکەکە و کاتی گەشتنی بە پۆلیسی کینیا دەگەیەنن، بەمجۆرە بەپێی وتەکانی باڵوێزی یۆنان هەر لەسەرەتاوە نیەتی ئەوە لە گۆڕیدا نەبووە کە ئۆجەلان بتوانێت بگاتە نێو بالوێزخانەکە، بەڵام لێرەدا رێکەوت یارمەتی ئۆجەلانی داوە، ئەو کاتەی ئەو سەرلەبەیانی

رۆژی دووشەممە بەرەو دۆرگەی کۆرفو بۆ ناو فڕۆکەخانە سەربازیەکە براوە، روداوێك روودەدات و ئۆتۆمبیلەکەی ئۆجەلان خۆی دەکێشێت بە یەکێك لە باڵەکانی فرۆکەکە، ئەم فڕۆکەیە کە لەجۆری (فالّکۆن) دەبێت بەهۆی روداوەکە زیانی وێدەکەوێت، بەڵام ئۆجەلان سەلامەت دەبێت، بۆیە هەروەك بە کینیا راگەیەنرابوو فڕۆکەکە ناتوانێت لە کاتی خۆیدا و بەپێی پیلانەکە بفڕێت، بەڵکو پاش شەش کاژێری دیکە فرۆکەیەکی دیکە لە جۆرێکی دیکە ئامادە دەکرێت و سەرەنجام ئۆجەلان لەجیاتی ئەوەی سەرلەبەیانی کاتژمێر شەش و نیو بگاتە نەیرۆبی لە نیوەڕۆدا دەگاتە ئەوێ، پێدەچێت پۆلیسی کینیا لە گۆڕانکاریەکە ئاگادار نەکرابێتەوە، وێرای ئەوەش پۆلیسی نەیرۆبی چاوەڕێی فڕۆکەیەك لە جۆری فالکۆن دەکەن، بەڵام فڕۆکەی دووەم لە جۆری › CHALLENGER ‹ دەبێت، بەپێی وتەی باڵوێزەکە کینیەکان لەم کەین و بەینەدا سەریان لێتێکدەچێت و دڵنیا نابن بۆیە رێگا بە ئۆجەلان دەدەن و دەستگیری ناکەن. باڵوێزەکەی یۆنان لە درێژەی راپۆرتی شایەتیدا دەڵێت کە ئەو هەرگیز لەو نەخشانەی حکومەتەکەی ئاگادار نەکراوەتەوە بۆیە ئەو هەست بەوە دەکات کە لە لایەن خودی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیەوە لە خشتەبراوە.

بەهەررحاڵ چۆنی و بەچ شێوەیەك دەبێت ئۆجەلان توانیویەتی لە فڕۆکەخانەی نەیرۆبی باڵویزی یۆنان لە گەشتنی ئاگادارکاتەوە و باڵوێزیش گواستنەوەی ئۆجەلان لە فڕۆکەخانەوە بۆ ناو باڵوێزخانەکە مەیسەر دەکات، جۆن کە هەتا ئەو کاتە لەگەڵ ئۆجەلاندا دەبێت بۆ رۆژی دواتر لە زویرش › ZUICH‹ ەوە بۆ ئەسینا دەگەڕێتەوە کە منیش دوو رۆژ پاش ئەوە لە ئەسینا بۆ دواجار چاوم پێکەوت..

ئەو دووهەفتەیەی ئۆجەلان لەنێو باڵوێزخانەی یۆناندا بووە لە نەیرۆبی چی بووە و چی کراوە، هێشتا نازانم جۆن لەو ماوەیەدا پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئۆجەلاندا کردووە، بەڵام خۆی ئیتر نەچۆتەوە بۆ نەیرۆبی.

## - ٥ -

سەرلەبەیانی ئەو رۆژەی کە ئیتر ئۆجەلان پاش بردنە دەرەوەی لە باڵوێزخانەی یۆنان بێ سەروشوێن مابوو زووتر ڕۆشتم بۆ نوسینگە، جۆن تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کە بەر لە کەمێك لەگەڵ کەریم یەکێك لە هاوەڵەکانی ئۆجەلان لە کینیا قسەی کردووە، جگە لە کەریم سێ کەسی دیکە لە هاوەڵەکانی ئۆجەلان کە هەرهەموویان ئافرەت بوون هێشتا لە نێو باڵوێزخانەکەدا بوون، هەرچواریان لە نێو باڵوێزخانەکەدا دەستبەسەر بوون و بۆیان نەبووە بجولێن! کەریم زۆر نائارام بووە، چونکە ئەو لە زاری یەکێك لە کارمەندانی دەزگای هەوالگری یۆنان لە نێو باڵوێزخانەکەدا بیستویەتی کە هەرچواریان رادەستی تورکیا دەکرێنەوە، کەریم زیاتر باسی ئەوەی کردووە کە ئۆجەلان بەخواستی خۆی باڵوێزخانەکەی بەجێنەهێشتووە، بەڵکو لەلایەن پۆلیسی کینیاوە بەزۆر و بەدەر لە خواستی خۆی پەلکێشی دەرەوە کراوە، بەداخەوە کەریم نەیتوانیوە زیاتر وردەکاری بخاتە ڕوو،چونکە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکە پچڕاوە و دوای ئەوەش جۆن بۆ چەند جارێك نەیتوانیوە پەیوەندی لەگەڵدا بگرێتەوە.

قسەکانی جۆن لەگەڵ کەریم پێشبینیەکانی ئەوە زیاتر پتەو دەکەن کە بەڕاستی ئۆجەلان رادەستی تورکیا کراوە، بەڵام حکومەتی تورکیا هەتا ئێستا بە فەرمی ئەو هەواڵە پشت راست ناکاتەوە، هەروەها لە بلاڤۆکی دەنگوباسەکانی یۆنانیشدا هەتا ئیستا وەك جۆن گوتی تەنها لێدوانەکەی پەنگالۆس دووبارە دەکەنەوە گویا ئۆجەلان بە هاوکاری پارێزەرە هۆڵەندیەکانی رۆشتووە بۆ ئەو وڵاتە. من هەتا ئێستا لە سەدا سەد دڵنیا نەبووم کە تورکەکان ئۆجەلانیان دەستگیر کردووە، کاتژمێر ببوو بە هەشتی سەرلە بەیانی بۆیە هەوڵمدا بە تەلەفۆن لەگەڵ کەسێکی وەزارەتی دەرەوە قسە بکەم، بەڵام ئەمە زەحمەت بوو، چونکە وادیار بوو وەزارەت ئێستا بە شێوەیەکی کاتی هەرهەمووی بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی یۆنان و دۆزینەوەی

چارەسەر بۆ ئەو گرفتە سەرقاڵە. لە دەنگوباسەکانەوە تێگەشتم کە کۆمەڵێك لە کوردەکان جگە لە باڵوێزخانەکە خێزانی باڵوێزو کوڕێکی بچوکی و دایەنی کوڕەکەیان بە بارمتە گرتووە، نامەیەکی دەنگیم لە تەلەفۆنەکدا بۆ سکرتێرەکەی ڤان ئارتسن ‹ VAN AARTSEN › بەجێهێشت، بەڵام بڕوام نەبوو تەلەفۆنم بۆ دەکەنەوە، بۆیە تەلەفۆنم بۆ ئەلتین لە وەزارەتی داد کرد، چونکە ئەگەر ئۆجەلان بەڕێگاوە بێت بۆ هۆڵەندا ئەوە ئەوان شتێك دەزانن، بە بۆچونی ئەلتین لێدوانەکەی پەنگالۆس بێ ماناو هیچە،چونکە ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە ئۆجەلان بەرێگاوە نیە بۆ هۆڵەندا، وەزارەتی داد لە پاش دەرکەوتنی ئۆجەلان لە نەیرۆبی ئاگای لە وردەکاریەکانی شوێنی ئێستای ئۆجەلان نییە، بەڵکو ئەگەرێکی ئەوە لە گۆڕێدایە کە ئەو بەرەو تورکیا برابێت. ئەلتین بەڵێنی دامێ کە ئەگەر زانیاری دەستکەوت ئەوە راستەوخۆ ئاگادارم دەکاتەوە، جارێکی دیکە تەلەفۆنم بۆ جۆن و زێڕین کرد، بەڵام کەسیان زانیاریان نەبوو کەمێك پاش ئەوە ئەلتین تەلەفۆنی بۆ کردم ئەوەی رایگەیاند کە هێشتا بە فەرمی ئەمە رانەگەیەنراوە، بەڵام هەر ئێستا هۆڵەندا لە حکومەتی تورکیاوە ئاگادار کراوەتەوە کە ئۆجەلان دوێنێ شەو لە نەیرۆبی لەلایەن تورکیاوە دەستگیر کراوە و ئێستا لە رێگادایە بەرەو تورکیا...

هەرچەندە دەبوو من لە تەلەفۆنی رۆژنامەنوسەکەی دوێنێ شەوەوە حسابی ئەوەم بکردایە کە ئۆجەلان لە لایەن تورکەکانەوە دەستگیر کراوە، بەڵام بە پشتڕاست بوونەوەی هەواڵەکە و دڵنیا بوونم تەواو تاسام، لە پشت مێزەکەوە دەسکی تەلەفۆنەکە بە دەستمەوە یەو سست بووم، نەمدەزانی ئیتر لەمەودوا ئەم دۆسیەیە بەرەو کوێ دەڕوات، چۆن دەتوانین پشتیوانی یاسایی پێشکەش بە ئۆجەلان بکەین کاتێك ئەو لە زیندانی تورکیادا بێت؟ ئایا هیوایەکی ئەوتۆمان هەیە کە ئەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی دەکرێت؟ ئەمە وێرای ئەوەی خەمێکی زۆرم هەبوو بۆ تەندروستی و ژیانی

موەکیلەکەم، بەداخەوە تورکیا ناوبانگێکی باشی نیە سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ زیندانیە کوردەکاندا بە تایبەت لەگەڵ ئەندامانی پەکەکەدا خراپی مامەڵەکردن و ئەشکەنجەدان کاری رۆژانەن لە تورکیا. گەلێك جاران گوێمان لەوەش دەبێت کە سەرەنجام کەسێکی زیندانی " خۆی دەکوژێت" یاخود توشی "روداوی مردن " هاتوون، پێدەچێت قادرمەی زیندانەکانی تورکیا زۆر کوورڕ وقـینج دروست کرابن بۆیە ئەگەر مرۆڤ جوان بەسەریا نەڕوان ملی دەشکێت و دەمرێت.

رەنگە کێشەی ئۆجەلان بایەخێکی زۆری لە دەرەوە پێبدرێت و ئەمەش ببێتە هۆکاری ئەوەی کە شتە هەرە خراپەکان بەرامبەری نەکرێت... دەسکی تەلەفۆنەکەم داناو رۆشتم بۆ ژورەکەی فکتۆر و هەرهێندەم گوت:

" دەستگیریان کردوە" ئیتر فکتۆر راستەخۆ تێگەشت مەبەستم چیە، فکتۆر ئەندامانی دیکەی نوسینگەکەی لەو هەواڵە ئاگادار کردەوە، منیش تەلەفۆنم بۆ جۆن و زیڕێن کرد، هەوڵمدا تەلەفۆن بۆ یاڤوز بکەم، بەڵام ئەو تەلەفۆنەکەی کوژاوەتەوە. پاش دەمەو بەیان ئیتر تورکیا دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلانی پشتڕاست کردەوە، سەرۆك وەزیرانی تورکیا ‹ئەجەڤیت› لێدوانێکی رۆژنامەوانی لەم بارەوە دا و دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلانی بە کردەوەیەکی سەرکەوتوانەو بوێرانەی دەزگای هەواڵگری تورکیا ناوبرد کە بەهاوکاری ژمارەیەك دەزگای هەواڵگری دیکە پرۆسەکەی ئەنجامداوە.

زۆر بە شانازییەوە تەلەفزێونی تورکیا لە پاشاندا بۆ چەندین کاژێری لەسەر یەك کەوتە بڵاوکردنەوەی چەند کرتەیەکی فیدیۆیی دیلەکەیان، وێنە ڤیدیۆییەکان لەناو فڕۆکەکەدا لەرێگای نەیرۆبی بۆ تورکیا تۆمار کرابوون، وێنەکان ئۆجەلانی نیشان دەدا، چاو بەستراو، کەلەبچەکراو بە کۆمەڵێك کەسی ماسك لەسەر دەوری درا بوو کە وەك ئاماژەی سەرکەوتنی کارەکەیان دەستیان بە دەستی یەکتردا دەماڵی... ئەم وێنانە پاش چەند ساتێك بە هەموو دنیادا بڵاوبۆوە!!!

# ئەو پرسیارانەی چاوەڕێی وەڵامن

دەستگیرکردنی ئۆجەلان یەکێك بوو لەو شتانەی کە ئێمە وەك تیمی پاریزەرانی ئۆجەلان تەواو لەهەوڵی پێش پێگرتنی بووین، بەڵام ئێستا وەك بەدی دەکەین، وێرای هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری بۆ ئۆجەلان لە ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا، ئەوە رویدا.

ئێستا نەك تەنها هەموو بارودۆخەکە دەگۆڕیت – پرۆژەی خۆرهەڵات و هەموو ئەو شتانەی کە پێوەی بەندن، لە ئێستادا دەبێت بوەستێنرێن و هەموو کاروبارە یاساییەکانمان دەبێت بۆ بەرگریکردن بێت لە ئۆجەلان- ،بەڵکو لە روداوێکی لەو جۆرەدا منیش وەك پارێزەرێك لەگەڵ خۆمدا دەکەومە مشتومڕەوە و بیر لەوە دەکەمەوە کە داخۆ دەبـوو شتێکی دیکەمان بکردایە بۆ ئەوەی ئەوە رروونـەدات یان چی؟ لەماوەی دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان من ئەو پرسیارەم چەندین جار لەخۆم کردووە، تۆبڵێی ئەگەر زیاتربچومایە بۆ رۆما بۆ لای ئۆجەلان و هەموو بەڵگەولایەنە یاساییەکانی رۆشتنی ئەوم لە رۆما بخستایەتە بەردەم ئەو بۆچوونی خۆی نەگۆڕیایە؟ تۆبڵێی ئەگەر کەسێکی دیکە پارێزەری ئۆجەلان بوایە بیتوانیبا ئەو قایل بکات لە رۆما بمێنێتەوە و نەجوڵێت یان بیتوانیبا لە وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا مافی نیشتەجێبوونی بۆ وەرگرێت؟

بێگومان دۆڕانی کەیسێك شتێکی خۆش نیە لە کاری پارێزەریدا، بەڵام بەداخەوە ئەمە راستیەکە دەبێت بتوانیت و فێربیت مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، ئەم راستیە بۆ هەموو پارێزەرەکان لە هەموو جۆرە ئێشەکانی پارێزەریدا هەروایە بەتایبەت بۆ پاریزەرێك لەسەر ‹یاسای سزادان›  کار

بکات، چونکە هەموو پاریزەرێك ئەوە دەزانێت کە دۆڕانی کەیس لەم کارەدا شتێکی نامۆ نیە، هەروەك دەگوترێت

IT S ALL IN THE GAME: YOU WIN SOME, YOU LOSE)
(SOME

گەمەکە هەمووی بەوجۆرەیە: هەندێك کەیس دەبەیتەوەو هەندێك کەیسی دیکەش دەدۆڕێنیت، بەڵام ئـەوەی پەیوەندارە بە پارێزەرێك کە لەسەر یاسای سزادان کاردەکات بەجۆرێکی دیکەیە: تۆ هەندێك لە دۆسیەکان دەبەیتەوەو بۆ هەندێکیش هیوایەك دەدۆڕێنیت، بەڵام بۆمن کاتی زۆری خایاند تا بتوانم ئەو راستیە قبوڵ بکەم، بەڵکو هەتا ئێستاش ئەو شتەم هەر بۆ ئاسان نیە.

پازدە ساڵ لەمەوبەر بوو، هێشتا یەکەم دۆسیەی خۆم کە گرتمە دەست و یەکەم دۆڕانی خۆمم زۆر باش لە بیر ماوە، ئەو کاتە هێشتا پارێزەری ستاژە42 بووم لە نوسینگەیەکی پارێزەری لە شاری ‹MÜNCHEN› موەکیلەکەمان بە کوشتنی نا ئەنقەست تۆمەتبار کرابوو، ئەم دۆسیەیە بە راستی دۆسیەیەك بوو زیاتر لە کتێبی خوێندندا بەرچاو دەکەوێت وەك لە راستیدا روو بدات.

موەکیلەکەم پیاوێك بوو پیشەی مامۆستا، کەسێکی بەڕێزو هاوسەنگ ناسرابوو، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو، هەرگیز بە هیچ تاوان و پێشینەیەك نەبراوەتە دادگـا، ئـەو لەسەرجادە کاتێك دەبینێت دزێـك خەریکی ئۆتۆمبیلەکەیەتی یەکسەر تەقەی لێدەکات و دەیکوژێ... موەکیلەکەم خۆی راوکەر بووە، راوکەری ئاژەڵە کێوی، مۆڵەتنامەی فەرمی هەڵگرتنی

42- * هەر پاریزەرێك کە تازە دەستبەکار دەکات دەبێت بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەك پارێزەری ستاژە لەژێر دەستی پارێزەرێکی دیکە کار بکات بۆ ئەوەی لە پاشاندا بە سەربەخۆ بتوانێت کارەکانی بکات، هەروەك چۆن ئەندازیارو پزیشك و مامۆستا هتد... بەهەمان شێوەن – وەرگێڕ

چەکی هەبووە، ئەو هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە تەنها بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئەو تەقەی کردووە نەك کوشتنی ئەو هەرگیز خواستی تەقەکردنی لەو نەبووە، ئەم وتانەی موەکیلەکەم هاوجوت بوون لەگەڵ راستیەکانی نێو راپۆرتەکانی پۆلیس، دزەکە راستەوخۆ فیشەکی بەرنەکەوتووە، بەڵکو فیشەکەکە سەرەتا بەر ستونێکی کارەبا دەکەوێت و پاشان دەگەڕێتەوە بەر سەری دزەکە دەکەوێت و دەیکوژێت.

کەیسەکە بۆ من زۆر دیار و ئاشکرا بوو، ئامانجی کوشتنی بە ئانقەست لە گۆڕیدا نیە و موەکیلەکەم بێتاوانە، بەڵام دادگا نەڕینێکی دیکەی هەیە بۆ کەیسەکەو مامۆستاکەی بە تاوانی کوشتن بە دوو ساڵ زیندانی حوکمدا، من بەم حوکمە تەواو سەرسام و ئەبڵەق بووم، ئەوە یانی چی؟ چۆن شتی وا دەبێت؟ من لەو باوەڕەدا بووم کە بە تێهەڵچوونەوەی حوکمەکە لە کۆتایدا کەیسەکە هەردەبەینەوە، کە گەڕامەوە بۆ نوسینگە هێندەی تر ئەبلەق و حەپاساو بووم کاتێ زانیم موەکیلەکەم ئامادە نیە داوای تێهەڵچوونەوە بکات، حوکمەکە مەرجدار بوو43 موەکیلەکەم گوتبووی ئاساییە دەتوانێت لەگەڵیدا هەڵکات و قبوڵی بکات. ئەو بەڵێ بەس من نا..

رۆشتم بۆ لای سەرپەرشتیارەکەم بۆ ئەوەی بزانم چۆن موەکیلەکەم قایل بکەم تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکەی دادگا قبوڵ بکات، سەرپەرشتیارەکەم پارێزەرێك بوو شارەزایی دەساڵی هەبوو، تەنها هێندەی پێگوتم:

- ئەو مەسەلەیە کۆتایی هات، تەواو، فەرموو ئەمە فایلێکی تازە و ئیشی لەسەربکە، سێ هەفتەی دیکە دانیشتنی دادگای هەیە. دیارە لە سیمامدا هەستی بە سەرنج و سەرسوڕماوی من کردبوو بۆیە زیاتر گوتی"

---

43- حوکمی مەرجدار (Conditional Sentence) ئەوەیە کەلەلایەن دادگاوە بڕیاری دەدرێت، بەڵام لەژێر ئەو مەرجانەی کە دادوەر دیاری دەکات ئەو حوکمە جیبەجێ ناکرێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەو کەسە دیسانەوە تاوانێکی لەو جۆرە دووبارەبکاتەوە. وەرگێر

تێدەگەم، سەرەتا کە دەست بەکار دەکەیت ئەو هەستەت هەیە کە دەبێت هەموو دۆسیەکان بەریتەوە، بەڵام خۆت وردە وردە رادێیت، ئەوەش بزانە دوو ساڵ حوکمی مەرجدار زۆر خراپ نیە، بەس نیە پێنج ساڵ نەبوو" بە دوودڵییەوە فایلەکەم لێوەرگرت، بەڵام هەر زەحمەت بوو خۆم قایل بکەم و ئاسایی ببمەوە بۆیە پرسیم:

- ئەی نابێت بـەردەوام بین لەسەرشەڕەکەی خۆمان؟ ئەو حوکمە دادپەروەرانە نیە، موەکیلەکەمان بێگوناح بوو..

سەرپەرشتیارەکەم تۆزێك پێکەنی و گوتی:

- رەنگە بێتاوان بێت، رەنگە بێتاوانیش نەبێت، ئەو جگە لە خۆی تەنها خودا دەزانێت چی ڕویداوە، ئێ خۆ بەداخەوە خوداش قسە ناکات، ئیتر چی بکەین!

من لەم کەیسەوە کۆمەڵێك دەرسم وەرگرت، یەکێك لە گرنگترین ئەو دەرسانەش بەدڵنییایەوە ئەوە بوو کە نابێ پاش دۆڕانی کەیسێك نیگەران بیت و هەر لێکیدەیتەوە، بەڵکو دەبێت بەردوام بیت لەسەر کارو دۆسیەی تازە چارەسەر کەیت، جگە لەوەش دەبێت ئەوە تێبگەیت کە حوکمی قەزائی دادوەر رەنگە جیاواز بێت لەتێگەشتنی تۆ بۆ کەیسەکە، هەرچەندە تۆ سور بیت لەسەر ئەوەی کە لەسەر هەقیت رەنگە دادوەر جۆرێکی دیکە مەسەلەکە بخوێنێتەوە، وەك پارێزەر تۆ تەنها ئەوەندەت لە سەرە هەتا بتوانیت کەیسەکەی خۆت بە بەڵگەو ئەرگومێنتی بەهێز دەوڵەمەند بکەیت و هیوای ئەوە بخوازیت کە بتوانیت دادگا قەناعەت پێبکەیت، بەڵام ئەگەر دەتەوێت کەسێك بیت کە بڕیارو حوکمی کۆتایی بەسەر کەیسەکەدا خۆت بیدەیت ئەوە نابێت ببیت بە پارێزەر، بەڵکو دەبێت ببیت بە دادوەر..

خاڵێکی دیکەی گرنگ لایەنێکی توند و یەکلاکەرەوەیە لە پارێزەرێکدا لەسەر یاسای سزادان کار دەکات کە من لەم کەیسەدا باشتر بۆم ئاشکرا بوو، ئەو کاتە من هێشتا خۆم ساغ نەکردبۆوە کە دەمەوێت وەك پارێزەرێك لە

یاسای سزداندا پسپۆڕی وەرگرم؛ لەخۆمم پرسی دەبێت سروشتی کاریاخود سەلیقەی پارێزەرێك لەم بوارەدا چۆن بێت، هەموو تاوانبارێك مافی بەرگری لەخۆ کردنی هەیە ئەمەش بێگومان یەکێکە لە بناغە سەرەتاییەکانی مافی گشتی، بەڵام بەرگری لەخۆکردن چی ناوەرۆکێکی هەیە؟ ئەرکی راوێژکارێك یاخود پارێزەرێك لەم چوارچێوەیەدا چیە؟

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەرنجی پـارێـزەرەکـان لە زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان و فلیمەکاندا بدەین ئەوە هەندێك زیاتر رونکردنەوەمان دەبێت. موەکیلە بێتاوانەکەی ‹LA PERRY MASON› 44 ئازاد دەبێت، ئەو چەندین جار خەریکە بگاتە ئەوەی تاوانباری راستی ئاشکرا بکات، ئەگەر ئەم پیاوە بریکارە جاریك لە جارەکان هەڵەبکات و دوایی بۆی دەرکەوێت موەکیلەکەی خۆی تاوانبارە ئەوە هەمیشە توانای حوکمدان هۆکاری ئەمە بووە، وێنەیەکی نەگونجاو یاخود هەڵەی هەبووە.بۆنمونە لەگەڵ تۆمەتباردا دەکەوێتە داوی خۆشەویستیەوە، هەروەك لە فلیمی ‹JAGGED EDGE ›دا دەبینین کە پارێزەرەکە ‹GLENN CLOSE › بەرگری لە موەکیلێکی خۆی دەکات کە بە کوشتنی ژنەکەی تۆمەتبارە، پارێزەرەکە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ موەکیلەکەی و بەرگری لێدەکات و ئازادی دەکات، بەڵام پاشان بۆی دەردەکەوێت کە بەهۆی خۆشەویستیەکەوە بڕوای بە بێتاوانی تۆمەتبار کردووە.

نمونەیەکی دیکەی ‹پارێزەری گومڕا› ئەوەیە کە لە فلیمی ‹MUSIC BOX› دا بەرچاومان دەکەوێت کاتێك ‹JESSICA LANGE› وەك پارێزەرێك خۆی تەرخان دەکـات بۆ بەرگریکردن لەو باوکەی کە بە ئەنجامدانی کردەوەی تاوان لە کاتی جەنگدا تۆمەتبار کراوە. لەم فلیمەشدا

44- * زنجیرە درامایەکی ئەمەریکیە لە ساڵی ١٩٥٧ هەتا سالی ١٩٦٦ بەردەوام بووە، ئەکتەری ئەمەریکی رایمۆند بور تیایدا رۆلی پێری ماسۆن دەبینێت کە لەم کتێبەدا وەك پارێزەرێك لە زنجیرەکەدا باسی دەکرێت- وەرگێڕ-

راستیەکان پاش تەواو بوونی دادگاکە ئاشکرا دەبن و دەردەکەوێت کە باوکی پارێزەرەکە ئەو تاوانانەی ئەنجامداوە. لەهەردوو فلیمەکەدا پارێزەرەکان هەڵەکانی خۆیان بەشێوەیەك لە شێوەکان راستدەکەنەوە، ‹GLENN CLOSE› بۆ بەرگریکردن لەخۆی ناچاردەبێت خۆشەویستەکەی بکوژێت پاش ئەوەی راستیەکان رووبـەڕووی خۆشەویستەکەی دەکاتەوە، بەڵام ‹JESSICA LANGE› راستیەکانی لەسەر باوکی ئاشکرا دەکات و بەڵگەکان دەداتە رۆژنامەکان.

بەمجۆرە ئەگەر مـرۆڤ بیەوێت بـڕوا بە فلیم یاخود زنجیرە تەلەفزیۆنیاکان بکات ئەوا بەجۆرێك لە سەلیقەو سروشتی پارێزەر تێدەگات کە تەنها بێگوناحی و بێتاوانی یەکێك لە موەکیلەکانی خۆی بسەلمێنێت کە بە تۆمەتێك تێوەگلاوە و هیچ شتێکیش لەوە خراپتر نیە کە پارێزەر بێگوناحی و بێتاوانی کەسێکی تاوانبار بسەلمێنێت.

وێنە پێچەوانەکەی ئەم کارە ناوازانەی هۆلیود، وێنەیەکی دیکەیە کە رۆژنامەکان بۆ پارێزەری بواری سزادان وێنای دەکەن، لە هەواڵی رۆژنامەکان و وێنە ریپۆرتاژی تەلەفزیۆنەکاندا چاومان بەو پاریزەرانە دەکەوێت کە بە خۆیان و دۆسیەکانی بن هەنگلیان دەردەکـەون و لە فۆرمێکی هەڵەدا یاخود لە بڕگەیەکی یاسایدا داواکاری گشتیان گرتووە وکردویانە بەخاڵێك و لەبەرژەوەندی موەکیلەکانیان بەکاریانهێناوە و بەهۆیەوە موەکیلەکانی خۆیان ئازاد کردووە کە ‹بە لاقەکردنی بە کۆمەڵی کچێك یان بە کۆمەڵکوژییەك› تۆمەتبار بوون. پارێزەر لەم وێنەیە مۆرکی کەسێکی بەدڕەوشتی زۆربلێی بەسەردا دەدرێت کە بڕگە بچوکە یاساییەکان لای ئەو زۆرگرنگترن لە راستی و دادپەروەری، ئەمجۆرە لە پارێزەر - کە لێرەدا تەنها ئامانج کە هەیەتی ئەوەیە بە رێگایەکی زیرەکانەو فرتوفێڵ ئامیزانە موەکیلە تاوانبارەکەی لە نێو چرنوکی وەزارەتی داد دەبێنێت- لە چاوی رای گشتی و میدیاکاندا هاوتای موەکیلەکەی خەتەرناکە، چونکە بەهۆی ئەو پارێزەرەوە

کەسە پیاوکوژەکە دیسان ئازاد دەبێت و تاوانێکی دیکە ئەنجام دەدات..

بەمجۆرە ‹PERRY MASON› پارێزەرێك نیە بە فەرمی خۆی تەرخان کردبێت و لەخزمەت تاوانباراندا بێت، ئەمە لەگەڵ واقعیشدا یەکدەگرێتەوە، ئەو کەسەی کە دەخوازێت ببێتە پاریزەریکی بوارای سزادان و بیەوێت تەنها بەرگری لەوانە بکات کە بێگوناحن و تۆمەتبارکراون ئەوە بێگومان موەکیلێکی زۆری دەستناکەوێت. زۆربەی ئەو کەسانەی بە تۆمەتێك و تاوانێکەوە تێوەگلاون زۆر خێرا دەچنە ژێر باری تاوانەکەیان، بەڵام ئەو تۆمەتبارانەی کە ناچنە ژێر باری تاوانەکەیانەوە ئەوە تەنها حاڵەتی کەم و دەگمەنن، بۆیە لێرەدا یەکێك لە تایبەتمەندیە هەرە جوانەکانی پارێزەر ئەوەیە بتوانێت کەسێکی بێتاوان ئازاد بکات، بەڵام کاری پارێزەرێك لە بواری سزاداندا ئەوە نیە تەنها بەرگری لە کەسێك بکات کە بەشێوەیەکی نا دادپەروەرانە تۆمەتبار کراوە.

لەوەش ئاڵۆزتر کارەکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی رەهەندێکی دیکە کە ئەویش بێگومان لۆمەکردنی پارێزەری بواری سزادانە بەوەی کە یارمەتی تاوانباران دەدات بۆ ئەوەی لەدەست سزای عادیلانەی خۆیان دەربازبن. ئەم سەرکۆنەکردنەش لەسەرشرۆڤەکردنێکی نا دروست بۆ رۆلی پارێزەر بنیات نراوە، چونکە لە راستیدا پارێزەری بواری سزادان هەمیشە لایەنگیرە نەك بابەتی 45 لەوەش زیاتر و گرنگتر ئەوە رۆڵی ئەوەو دەبێت واشبێت، بەپێچەوانەی دادوەرو داواکـاری گشتیەوە بە دواداچونی راستیەکان و دۆزینەوەیان لە چوارچیوەی کاری پارێزەردا نیە.

پارێزەر دەبێت پشتگیرو پشتیوانی موەکیلەکەی بێت، موەکیلەکەی تاوانبارە یان بێتاوانە ئەوە شتێکی دیکەیە، دەبێت بەرژەوەندی موەکیلەکەی لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەم کارەش تەنها شتێك کە ئەو لەبەرچاوی دەگرێت یاساکان و رێساکانی رەفتارە - قواعد السلوك – وەرگێڕ- ئەمەش مانای

45- * واتە هەمیشە ‹ متحیزە نەك ئۆجێکتیف ‹ – وەرگێڕ-

ئەوەیە کە ئەو نەك تەنها بۆی هەیە هەموو ئەو ڕێگا قەزائی و یاسایانەی کە لەبەر دەستان بەکاریان بێنێت، بەڵکو ئەرکی ئەوە و بەرپرسە لە کردنیان، بە واتایەکی دیکە ئەگەرهاتوو دادوەری گشتی بەڕاستی هەڵەیەکی یاسایی کردبوو ئەوە ئەگەر پارێزەر ئیش لەسەرئەم کارە هەڵەیەی ئەو نەکات ئەوە هەڵە لەکارەکانی خۆیدا دەکات، ئەگەر تۆمەتبار لەسەر بناغەی هەڵەیەکی یاسایی دادوەری گشتی ئازاد بوو ئەوە لێرەدا تەنها لایەنێك بەرپرسیارەتی ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەویش دادوەری گشتیە...

بۆ زۆر کەس پێدەچێت دەرئەنجامێکی زۆر سەخت بێت و بەرگەی ئەوە نەگرن کەسێك کە تاوانیکی ئەنجام دابێت و بە یارمەتی پارێزەرەکەی ئازاد کرابێت، چی تێدایەئێستا کە بەبێ بوونی مۆڵەتی دادوەر46 هەڵکوتیتە سەرماڵێك ؟

یاخود کاتی ئەنجامدانی پرۆسە یاساییەکان زیاتری تێپەڕاندبێت47؟ گرنگ ئەوە نیە کە لە کۆتایدا تۆمەتبارەکە بخرێتە پشت پەنجەرەو لە زینداندا توند بکرێت؟ بەگژا چوونەوەی تاوان سەرپێچی لەم ساڵانەی دوایدا زۆرترین و پێشینەو بایەخێکی وەرگرتووە بەجۆرێك وادێتەبەرچاو کە ئیتر گرنگ نەبێت چ جۆرە نرخێك لە پاشاندا بەرامبەر ئەم جۆرە مامەڵەیە

46- * ئەم زاراوەیە جیاوازە وەك لەوەی لە وڵاتانی دیکەدا هەیە، لە هۆڵەندا پۆلیس بەبێ بوونی مۆڵەتی دادوەری گشتی ناتوانێت بچێتە نێو هیچماڵێکەوە، جیاوازیەکەش ئەوەیە کە لە هەندێ شوێن و وڵات پۆلیس بۆی نیە کەس بەبێ ئەم مۆڵەتە دەستگیر بکات، بەڵام بەبێ بوونی ئەو مۆڵەتەش دەتوانێت هەڵکوتێتە سەر ماڵان و پشکنین یاخود کاری لێپێچینەوە ئەنجام بدات- وەرگێڕ-

47- ئەمەش بابەتێکی دیکەی یاساییە کە دەبێت هەموو پرۆسەکان لە هەموو بارودۆخەکاندا لە کاتی گونجاوی خۆیدا ئەنجام درابێت بەبێ دوا خستن ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژوەندی تۆمەتباراندایە، بە داخەوە ئەم زاراوانە بەو جۆرەی لە ئەوروپا واتای هەیە، نەك تەنها لە زمانی کوردیدا،بەڵکو لە زۆربەی زمانەکانی دیکەی خۆرهەڵاتدا، هێندەی من ئاگاداربم بوونیان نیە. – وەرگێڕ-

دەبێت بدرێت، لە کاتێکدا پارێزەریش زیاتر لە هەر کاتێك وەك ئەوە سەیر دەکرێت کە تەنها رێگرێکی ناپێویست بێت لەبەردەم ئامانجە سەرەکیەکەدا کە ئەویش بریتیە لە: حوکمدانی تۆمەتبار.

ئەم جۆرە دیدگایە دەبێتە هۆی لەبیرکردنی سەرەکیترین کار لە یاسای سزاداندا کە ئەویش بریتیە لە: بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە حوکمدان دەبێت بەڵگەکان لە دژی تۆمەتبارێك نەك تەنها سەلماندنی تاوان بێت، بەڵکو دەبێت بەڵگەکان بە شێوەیەکی یاسایش بنیاترابن. ئەگەر ئەمە بەوجۆرە نەبێت ئەوە دەبێت ئێمە کاری پارێزەری دەستبەردار بین و بگەڕێینەوە بۆ پراکتیکی (دادگاکانی ئیسپانیا48) کە تۆمەتبار بە ئاسنی سورەوکراو داخ دەکرا بۆ ئەوەی بەو رێگایە بتوانن ناچاری بکەن بیخەنە زمان و تاوانێك بخاتە ئەستۆی خۆی و ئەوانیش بەو هۆیەوە بتوانن حوکمی خۆیانی بەسەردا بدەن. لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا حوکمدان بەسەر کەسانێکدا تۆمەتبار کرابن تەنها ئەرك و کار نیە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمەش دەبێت تێبگەین مەرج نیە هەموو سەرپێچیکارێك زیندانی بکرێت و هەموو تۆمەتبارێك حوکم بدرێت!

دەوڵەتی یاسا بەوجۆرە بنیاترناوە کە هێزی دەوڵەت تێیدا بەرامبەر بە هاوڵاتیەکانی خۆی دیاری کراوە، هەموو هاوڵاتیەك – تەنانەت ئەو هاوڵاتیەش کە لە ئاکامی ئەنجامدانی تاوانێك تۆمەتبارکراوە- لە چەند ماف و ئازادیەك بەهرەمەندە کە دەوڵەت تەنها لە بارودۆخێکی زۆر تایبەت و لە چەند چوارچێوەیەکی تایبەتدا نەبێت ناتوانێت دەستکاریان بکات. پرۆسەی یاساکانی سزادان ئامرازێکە کە بەهۆیەوە دەبێت دوو کاری دەوڵەت تیایدا

---

48- [1] دادگاکانی ئیسپانیا Spanish Inquisition مەبەست لێ ی دادگاکانی لێکۆلینەوەی ئیسپانیایە کە بە زمانی عەرەبی بە محاکم التفتیش ناو دەبرێن کە ساڵی ١٤٧٨ لە لایەن کاتۆلیکەکانی ئیسپانیا وە لە دژی ئاین و ئاینزاکانی دیکە دامەزرا، مێژویەکی زۆر رەشیان بۆخۆیان تۆمار کرد، ساڵی ١٨٣٤ ئەم دادگایانە هەڵوەشێنرانەوە- وەرگێڕ-

زۆر بەگرنگ وەربگیرێت: یەکەم بریتیە لە بە دواداچوون و سزادانی تاوانباران دووەمیش پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکانە لەلایەن دەوڵەتەوە، بەم جۆرە دەوڵەت دەبێت خۆی بە چەند چوارچێوەیەکەوە - تەنانەت لە کاتی بە دواداچوون و سزادانی تاوانبارانیشدا- ببەستێتەوە، چونکە ئەگەر دەوڵەت خۆی یاساکانی خۆی پێشێل بکات ئیدی بۆچی دەبێت هاوڵاتیان خۆیان بەو یاسایانەوە ببەستنەوەو ملکەچی بن؟ ئایا ئەو دادوەرەی رێگا دەدات پۆلیسێك یاخود وەزارەتی داد کارێکی نایاسایی ئەنجام بدات مافی ئەوە لە دەست نادات کە حوکمی تۆمەتبارێك بدات؟ چوارچێوەکانی یاسا شتێکی شێوەیی ‹ شکلی› (FORMALISM) نین،بەڵکو شتگەلێکی بنەڕەتی (FOUNDATIONS) و سەرەکی کۆمەڵگاکەمانن، ئەگەر ئێمە رێگا بدەین حکومەت بۆ نمونە یاساکانی سزادان پێشێل بکات ئەوە تەنها کاریگەری نابێت بۆ سەر وردەکاریەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەکان، بەڵکو کاریگەری دەکاتە سەر هەمووان.

پارێزەر لێرەدا ئەو کەسە پسپۆڕەیە کە وەك چاودێرێك ئاگای لەوە دەبێت کە دەوڵەت لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیدا بەرامبەر بە تۆمەتباران لە نێو سنورە یاسایەکاندا بمێنێتەوە ئەمە وێرای ئەوەی کە نایەڵن دەسەڵاتەکانی دەوڵەت کە هەمیشە لە هەوڵی دیاری کردن و سنوردارکردنی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیانی خۆیدایە، زیادە رەوی تێدا بکرێت، هەروا لە خۆڕا نیە کە زۆرجـاران پارێزەران وەك " قازی گەردن بەرزی یاسا " ناوبراوە، ئەم کارە کە رێك وەك ‹ کاری سەگی ئێشکگر› وایە وا لە پارێزەر دەکات کە ماوە نەدات هیچ پێشێلکردنی یاسایەك لە لایەن حکومەتەوە بێ لێپیچینەوەو سزا تێپەڕێت.

سیستەمی یاسا تەنها ئەو کاتە دادپەروەرانە نابێت ئەگەر کەسێك دانی بە تاوانەکەی خۆیدا نابێت و سزای خۆی وەرگرێت،بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە ئەو حوکمدانە بەجۆرێك دراوە کە بنەما سەرکیەکانی یاسا تیایدا پێشێل

نەکراوە، لە پرۆسەیەکی دادگایی راستگۆیانەو ئاشکرادا دەبێت جۆرە یاسایەکی گشتی هەبێت کە خەسڵەتێك بەناوی دادپەروەری وەردەگرێت..

لە دادگایی کردنەکانی تورکیادا بۆ ئۆجەلان لە پاشاندا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بنەما سەرەکیانەی یاسا چەندە گرنگن و چ کاریگەریەکیان دەبێت ئەگەر دەوڵەتێك سەرەتاییترین بنەماکانی دادگاییکردن پێشێل بکات و نەتوانێت رێز لە مافی بەرگری لەخۆ کردن بگرێت...

# بەشی سێیەم
# ئیمرالی

# ویستگەیەکی کورت لە ئەستەنبول

## -١-

دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە لایەن دەزگای هەواڵگری تورکیاوە نوچەیەکی نێودەوڵەتی بوو، لە ماوەی چەند کاژێرێکیدا نوسینگەکەم وەك شێتخانەی لێهات، دەیەها پەیوەندی تەلەفۆنی لە لایەن میدیاکانەوە لە سەرتاسەری دنیاوە بە نوسینگەکەمانەوە کرا، لە سی ئێن ئێنەوە بیگرە تا دەگاتە بی بی سی لە ئوسترالیاوە، هەمووشیان داوای چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی یان رادیۆییان دەکرد، هەر کەسەو داوای لێدوانێکی لەسەر روداوەکە دەکرد، کەتینکا ئەو کچە فەرمانبەرەی کە وەڵامی تەلەفۆنەکان دەداتـەوە زۆر بە ئاستەم فریای وەڵامدانەوەی لێشاوی تەلەفۆنەکان دەکەوت، ئەنیتای سکرتێریشم بۆ چەندین کاژێر تەنها ژمارەی تەلەفۆنەکانی تۆمار دەکرد، ئەو کارتە زەردە بە لەزگانەی کە ژمارەی تەلەفۆن و ناوی میدیاکەی لەسەر تۆمار کردبوو تا دەهات زیاتر نوسینگەو سەرمێزی کارەکەمی داگیر دەکرد، چونکە نەدەکرا وەڵامی هەر هەموویان بدەمەوە، وێرای ئەمەش لەم کاتەدا میدیاکان بۆ ئێمە یەکەم پلەی بایەخ و پێشەنگی کارەکانم نین.

لەگەڵ فکتۆر و تیس و ستاین ‹کۆمیسیۆنی قەیران› مان دروستکرد، بەهۆی دەستگیرکردنی ئۆجەلانەوە بارودۆخەکە بەتەواوی گۆڕابوو،

پێویستی بەوە دەکرد کە ئێمە زۆر خێرا پەرچەکردارمان هەبووایە، سەبارەت بە روداوەکانی کینیا زانیاری زۆر کەم و سەرەتاییمان هەبوو، نەماندەزانی ئۆجەلان بەرەوکوێ براوە، هەروەها سەبارەت بە رەوشی خودی خۆشی هیچمان نەدەزانی، لەوەتای دەستگیریش کراوە هیچ کەس نەیتوانیوە راستەوخۆ پەیوەندی پێوە بکات بۆیە ئێمەش لەم کاتەدا ناتوانین پرسیاری ئەوەی لێبکەین کە ئەو چی لە ئێمە چاوەڕێ دەکات، ئەم رەوشە بۆ پارێزەرێك زۆر گرانە: بەبێ ئەوەی بتوانیت لەگەڵ موەکیلەکەت قسە بکەیت یان پەیوەندی بگریت، بەبێ ئەوەی بزانیت کە ئەو پێی باشە یان نا، بەبێ ئەوەی بەتەواوی بزانیت روداوەکان و راستیەکان چۆنن، بتوانیت بڕیارێك بدەیت لە بەرژەوەندی موەکیلەکەتدا بێت! تەنها شت بتوانین بیکەین ئەوەیە بە گوێرەی بۆچوونی خۆمان هەڵوێست وەربگرین بەو هیوایەی کە هەنگاوەکانمان دروست بن..

تیس و فکتۆر مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئێمە بچین بۆ تورکیا و چاومان بە ئۆجەلان بکەوێت و قسەی لەگەڵدا بکەین، لەگەڵ زێڕین قسەم کرد و ئەویش ئەم پلانەی پێباش بوو، ئەو هەروەها باسی لەوە کرد کە کۆمەڵێك پارێزەری کورد – کە هەموویان سەربە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤن لە دیاربەکر- خۆیان بۆ ئەوە ئامادەو ساز دەکەن بەرگری لە ئۆجەلان بکەن، ئەو پارێزەرە کوردانە لەگەڵ زێڕین ئاماژەیان بۆ ئەوە دابوو کە ئەوان چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە لایەن حکومەتی تورکیاوە ئاستەنگی زۆریان بۆ دروست بکرێت بۆیە هەموو پشتیوانیەکی ئێمە بە پێویست و گرنگ دەزانـن، ئێمەش بڕیارماندا لەگەڵ تیس و فکتۆر هەر ئەمڕۆ بەرەو ئەستەنبول بەڕێکەوین و فکتۆریش خۆی کڕینی تکتەکانی فڕۆکەو دابینکردنی هۆتێل لە ئەستۆ دەگرێت.

فکتۆر هەوڵیش دەدات وەرگێڕێکی تورك بدۆزێتەوە بۆ ئەوی لەگەڵماندا بێت، وەرگێڕێکی باش و جێگە متمانە لەم مەسەلەیەدا زۆر گرنگە، پێمانخۆش

بوو کەسێك بدۆزینەوە کە خۆمان بیناسین، کەسێك بێت کە لەمەوبەر کاری لەگەڵ خۆماندا کردبێت، فکتۆر کەسێکی دەناسی بەناوی (GERARD BOSSCHA ERDBRINK) کە پێشترچەند جارێك کاری لەگەڵدا کردووە و بەدڵی بووە، زێڕین ژمارە تەلەفۆنی یەکێك لە پارێزەرەکانی دیاربەکری بەناوی فەرەیدون چەلك (FERIDUN CELIK) داینێ بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشتنمان بۆ ئەوێ تەلەفۆنی بۆ بکەین، چەلك ئەمڕۆ دەکەوێتە ڕێگا بەرەو ئەستەنبول و ئێوارە لە هۆتێلەکە چاومان پـێیـدەکەوێت...

زیاتر بۆ ئەم سەفەرە دەبوو ژمارەیەك لە دامەزراوە پەیوەندارەکان ئاگادارکەینەوە لەوانەش باڵوێزی هۆڵەندا لە ئەنکەرە، کونسولی هۆڵەندا لە ئەستەنبول، هەروەها وەزیرەکانی داد و دەرەوە لە دەنهاخ، ئێمە هیچ بیرۆکەیەکی ئەوتۆمان نەبوو کە داخۆ تورکیا چۆن لەگەڵ ئەم سەردانەی ئێمە مامەڵە دەکـات، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کارێکی باش دەبێت ئەگەر حکومەتی هۆڵەندا لەم هەنگاوەی خۆمان ئاگادار بکەینەوە، چونکە بەداخەوە زۆرجارن رویداوە کە تورکیا رۆژنامەنوسانی بیانی و پارێزەرانی دەستگیر کردووە.

چی دیکە دەتوانین بکەین؟ وێرای ئەوەی وردەکاریەکانی دەستگیر کردنی ئۆجەلان هەتا ئێستا ئاشکرا نین، بەڵام شتێك هەیە کە بۆ ئێمە چەسپیوە ئەویش ئەوەیە ئۆجەلان بە خواستی خـۆی باڵوێزخانەی یۆنانی بەجێنەهێشتووە، لەسەر بناغەی ئەو زانیاریانەی کە دەست ئێمە کەوتوون لەو باوەڕەداین کە دەزگای هەواڵگری تورکیا ئۆجەلانی لە نێو باڵوێزخانەکەوە دەرهێنابێت جا ئایا بە زۆرئەم کارەی کردبێت یان کینیەکان هاوکاریان کردبێت، ئەم کارەی تورکیا ڕێك بە هەرشێوەیەك ئەنجامدرابێت دژ بە یاسا نێودەوڵەتیەکانە بەو جۆرە بە کارێکی نایاسایی لەقەڵەم دەدرێت، هەندێك یاسا هەن کە دەبێت تورکیاش پابەند بێت پێیەوە، ڕاستە تورکیا هێشتا ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا نیە، بەڵام ئەندامە لە چەندین ڕێکخراو

یاخود دامەزرەوەی ئەوروپی، بەتایبەت ئەنجومەنی ئەوروپا.

ئەنجومەنی ئەوروپا کە لە ساڵی ١٩٤٩ ەوە دامەزراوە و نزیکەی ٤٠ وڵات ئەندامە تێیدا[49] کار بۆ یەکخستن بەهێزکردنی یەکگرتوویی وڵاتانی ئەوروپا و گەشە پێدان و پێشڤەچوونی کۆمەڵاتی – ئابوری وڵاتانی ئەندام دەکات، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە ‹ کە بەدورو درێژی لە پەیڕەوە ناخۆییەکەیدا هاتووە ‹ چەندین پەیماننامەی مۆر کردووە.

یەکێك لەگرنگترین و بەناوبانگترین ئەو پەیماننامانە بریتیە لە پەیمانی رۆما ی ساڵی ١٩٥٠ لەمەڕ ‹ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان› کە بە کورتی بە ‹EVRM› ناسراوە، هەر وڵاتێك کە ئەندامی ئەم ئەنجومەنەیە دەبێت ئەو پەیمانە مۆربکات، ئەم پەیمانە جۆرێکە لە جاڕنامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هەموو وڵاتانی ئەندام ناچار دەکات کە پابەند بوونی خۆیان بە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی مافەکانی مرۆڤ ببەستنەوە، پەسەند کردن و جێبەجێکردنیشی گرەنتی بکەن، لەوانەش مافی ژیان، مافی پرایڤەسی – مافی خەسڵەتە تایبەتەکانی مرۆڤ – وەرگێڕ- مافی ئازادی تاکە کەس، مافی دادگایی کردنێکی عادیلانە... ئەم مافانە بۆ هەموو کەسێك دەبێت دەستەبەر بکرێت ئەگەر هاوڵاتی یەکێك لەو دەوڵەتانە بێت کە پەیمانەکەی مۆر کردوە.

بۆ ئـەوەی پەیماننامەکەی ‹EVRM› و جێبەجێکردنی بتوانرێت چاودێری بکرێت لە لایەن خودی ئەنجومەنی ئەوروپاوە کۆمیسیۆنێکی قەزایی تایبەت بۆ ئەم مەسەلەیە بە ناوی کۆمیسیۆنی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە شاری ستراسبۆرگ (STRAASBURG) پێکهێنراوە، هۆکاری

49- * ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ یەکەم جار لە زانکۆی ستراسبۆرگی فەرەنسا یەکەم جفینی خۆی گرێدا پاشان گواستیەوە بۆ شوێنی ئێستای لەهەمان شاردا بە ناوی (کۆشکی ئەوروپا) ئێستا ٤٧ دەوڵەتی ئەندامی هەیە، ئەم ئەنجومەنە بە پێچەوانەی تێگەشتنی زۆر کەسەوە بەشێك نیە لە یەکیەتی ئەوروپا، هەروەها جیاوازە لەگەڵ ئەنجومەنی یەکیەتی ئەوروپا- وەرگێڕ-

ئەمەش ئەوەیە کە پەیماننامەکە تەنها باسی ئەو مافانە ناکات کە هەر کەسێك هەیەتی، بەڵکو ئاماژە بۆ داخوازی و سکاڵای ئەو حاڵەتانەش دەکات کە پەیوەستن بە تاکە کەسانەوە. بە واتایەکی دیکە هەر کەسێك لەو باوەڕەدا بێت کە حکومەت لە بوارێك لە بوارانەی کە بڕگەکانی ئەو پەیماننامەیە ‹EVRM› باسی دەکات مافەکانی ئەوی پێشێل کردووە، دەتوانێت لە کن ئەو کۆمیسیۆنە سکاڵای خۆی تۆمار بکات، بەو مەرجەی ئەو دەوڵەتەی کە سکاڵا لەدژی تۆمار دەکرێت ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بێت و باڵادەستی ئەو ئەنجومەنەش لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەو سکاڵایانەی لە دژی تۆمار دەکرێن و ئەنجامەکانیشی، بە فەرمی بناسێت..

ئەم دوو خاڵەی کۆمیسیۆنەکە واتە باڵادەستی ئەنجومەنەکە و مافی تۆمارکردنی سکاڵا بۆ ئەندامەکان ئارەزوومەندانە بوو – واتە ملزم نەبووە.. وەرگێڕ- ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەوڵەتێك دەتوانێت ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپا بێت - لە هەمانکاتدا دەتوانێت پەیمانی ‹ EVRM› مۆربکات- بەبێ ئەوەی ئەو دوو بڕگەیەی تایبەتن بە باڵادەستی ئەنجومەنەکەو مافی تۆمارکردنی سکاڵا، بە فەرمی بناسێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دەوڵەتە ئەندامە دەبێت ئەو مافانەی لەو پەیماننامەیەدا هاتووە بە فەرمی بناسێت و پەیڕەویان بکات، بەڵام لە لایەن کۆمیسیۆنەکەوە ناخرێتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری..

تورکیا لە ساڵی ١٩٥٠ ەوە ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپایە و چوار ساڵیش پاش بە ئەندام بوونی خۆی پەیمانی ‹EVRM› ی مۆرکرد، بەڵام سەبارەت بە مافی تۆمارکردنی سکاڵای تایبەت،تورکیا زۆر درەنگتر و لە ساڵی ١٩٨٧ دا مۆری کرد و پاشان باڵادەستی ئەنجومەنەکەشی تەنها لە ساڵی ١٩٩٠ دا بە فەرمی ناسی، بەمجۆرە وێڕای ئەوەی تورکیا نزیکەی نیو سەدە دەبێت پەیمانەکەی مۆرکردووە و دەبوو مافەکانی نێو ئەو پەیمانە بپارێزێت و گرەنتیان بکات، بەڵام دەوڵەتی تورکیا تەنها نۆ ساڵ لەمەوبەر قایل بووە

سکاڵای تایبەتی لە کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ سەبارەت بە پێشیلکردنی مافەکانی نێو پەیماننامەی EVRM لە دژی تۆمار بکرێت، لەو کاتەشەوە تورکیا بەردەوام و بەشێوەیەکی زۆر لەلایەن کۆمیسیۆنی ئەو ئەنجومەنەوە تاوانبارکراوە بە نمونەش بەهۆی پێشێل کردنی بڕگەی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان.

ئەگەر بەرامبەر بە وڵاتێك سکاڵا تۆمار بکرێت ئەوە ئەنجومەنەکە ئەو دەوڵەتە بۆ لێکولینەوە دەخاتە بـەردەم کۆمیسیۆنەکە، ئەگەر کۆمیسیۆنەکەش گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە سکاڵاکەرەکە لەسەر هەقە و دەوڵەت بە پێچەوانەی بڕگەیەك یاخود زیاتر لە بڕگەیەك لە بڕگەکانی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ کاری کردووە، ئەوە ئەوسا بە شێوەیەکی یاسایی سکاڵاکە بە هەند وەردەگیرێت و وەك پێشیلکردنی پەیمانی رۆما تەماشا دەکرێت، بەڵام لێرەدا کێشەیەکی گرنگ هەیە: ئەنجومەنی ئەوروپا لەگەڵ کۆمیسیۆندا دامەزراوەیەکی تایبەتی پێکهێناوە بۆ چاودێری و کۆنترۆڵ کردنی دەوڵەتانی ئەندام لە پەیمانی ‹EVRM›، بەڵام کۆمیسیۆنەکە توانای ئەوەی نیە کە ئەو دەوڵەتانەی بە ئەنجامدانی پێشیلکاری مافەکانی مرۆڤ حوکم دەدرێن ناچار بکات یاساکانی خۆیان سەرلەنوێ داڕێژنەوە، کۆمیسیۆنەکە تەنها پێشیلکاریەکان لە بڕگەکانی پەیمانی ناوبراو دەگرێت و دەشتوانێت وەك سزایەك دەوڵەتی پێشێلکار ناچار بکات قەرەبووی لایەنی سکاڵاکەر بکاتەوە، بەڵام لەسەر ئەو دەوڵەتە خۆیەتی کە بڕیاری دادگا بکاتە هۆکارێك بۆ ریفۆرمکردنەوەی یاساکانی خۆی، لە رووی تیۆریەوە تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنەکە پەیوەستن بە بڕیارەکانی کۆمیسیۆنەوە، بەڵام هیچی بە زۆرە ملێ نییە..

ئەگەر بۆ نمونە کەسێك لە هۆڵەندا بە تاوانی ئەنجامدانی کارێکی تاوانبارانە حوکم درابێت و ئەنجومەنی ستراسبۆرگ گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە کاتی پرۆسەی دادگایی کردنیدا لە هۆڵەندا مافی

ئەو کەسە لە بەڕێوەچوونی دادگایەکی عادیلانەدا پێشێلکراوە ئەمە نابێتە هۆکاری ئازادکردنی ئەو کەسە یاخود هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکەی، بەڵکو ئەوە ئەرکی حکومەتی هۆڵاندایە کە بە لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکەی کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگدا بارودۆخی ئەو کەسە لەبەرچاو بگیرێت و بە حوکمەکەیدا بچێتەوە، ئەم بڕیارە بۆ داهاتووش بە هەمان شیوە کاریگەری دەبێت بۆ هەموو جۆرە حوکمێکی هاوشێوە لە هەمان بارودۆخدا.

ئەگەر کۆمیسیۆنەکە لەو باوەڕەدا بێت کە هەندێك لە مامەڵەکانی حکومەت دژی بڕگەو بەندەکانی پەیمانی ‹ EVRM› دەوەستێتەوە ئەوا دەبێت دەوڵەتانی ئەندام لە ئەنجومەنەکە ئەوە رەتکەنەوە، بەڵام دیسانەوە لێرەشدا هاوکاری دەوڵەتانی ئەندام ئەوە دیاری دەکات.

ئەنجومەنی ئەوروپا تەنها لە یەك حاڵەتدا دەتوانێت فشار بخاتە سەر دەوڵەتانی ئەندام بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنەکەی و بە دواداچوونی بۆ بکات ئەو رێگایەش رێگایەکی قەزایی نیە،بەڵکو بە رێگایەکی سیاسی دەکرێت، کۆمیتەی وەزیرەکان – کە یەکێکە لە ئۆرگانەکانی ئەنجومەن و پێکهاتووە لە نوێنەری هەموو دەوڵەتانی ئەندام – ئەرکی ئەوەیە سەرپەرشتی چونیەتی و رێوشوێنەکانی چەسپاندنی بڕیارەکانی ئەنجومەن بکات، ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندام بڕیارەکان یاخود راسپاردەکانی ئەنجومەن پشتگوێ بخات و کاری پێنەکات ئەوسا کۆمیتەی ناوبراو دەتوانێت فشاری سیاسی بخاتە سەر ئەو دەوڵەتە، لە حاڵەتە هەرە توندەکانیشدا کۆمیتەکە دەتوانێت ئەندامێتی دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکان هەڵپەستێرێت یاخود تەنانەت مافی ئەندامێتیشی لێبسەنێتەوە!

بەمجۆرە وێرای ئەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەسەر ئەندامانداندا ناسەپێنرێن، بەڵام بە راستی ئۆرگانێکی زۆر گرنگە و ئەو بەتەنها خۆی تاکە رێکخراوی قەزائی ئەندامانە لە ئەنجومەنی ئەوروپادا.

بە بۆچوونی ئێمە دەستگیرکردنی ئۆجەلان دژ بە بڕگەی پێنجەمە لە پەیمانی ‹EVRM› و دەبێت ئازاد بکرێت –، چونکە رفاندن دژ بە مەرجەکانی دەستگیرکردنێکی یاساییانەیە- بۆیە ئێمە لەم بارەوە دەتوانین سکاڵا پێشکەش بە ئەنجومەنی ئەوروپا بکەین، بەڵام لێرەدا گرفتێکمان هەیە: لە روی پرەنسیپەوە دەبێت ئەو کاتە سکاڵا لە دژی وڵاتێك تۆمار بکرێت کە پرۆسەکە سەرەتا لە وڵاتی یەکەم ئەنجام درابێت " بەکارهێنانی هەموو قۆناغە یاساییە نیشتیمانیەکان " هەروەك ‹ EVRM› ناوی دەبات مەرجێکە بۆ ئەوەی سکاڵا لە ئەنجومەن بتوانرێت وەرگیرێت، ئەگەر ئەم مەرجە نەیەتە دی ئەوا سکاڵا – هەرچەندە یاسایش بێت – لەلایەن ئەنجومەنەکەوە بە هەند وەرناگیرێت. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆجەلان یاسایی نەبوونی دەستگیرکردنەکەی سەرەتا دەبێت هەتا دواخاڵ و بەرزترین دامەزراوەی یاسایی و قەزائی تورکیا بەرێت، بەرلەوەی کە سکاڵا لە کن ئەنجومەن تۆمار بکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێمە تا ئەو کارانە تەواو دەبن دەبێت لانی کەم یەك ساڵ چاوەڕێ بکەین، وێرای ئەوەش ئێمە متمانەی زۆرمان بە شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسە یاساییەکانی تورکیا نیە. کەیسەکەی ئۆجەلان بێگومان وەك ئەگەرێکی زۆر چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت هاوشێوەی دۆسیەی ئەندامانی دیکەی پەکەکە لە دادگایەکی ئاسایی بەڕێوە بچن، بەڵکو ئەم کەیسە روبـەڕووی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا " DGM " دەکرێتەوە، " DGM " یش پێکهاتووە لە سێ دادوەر کە یەکێکیان دادوەری سەربازییە. کۆمیسیۆنی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ لەر رابووردوودا چەندین جار ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە " DGM " - ئەمەش بێگومان لەبەر ئەوەی کە دادوەرێکی سەربازی لە نێودایە - ناکرێت وەك دادگایەکی سەربەخۆو بێلایەن تەماشای بکرێت. دادوەرێك ئەگەر لە هەمانکاتدا پلەیەکی سەربازی هەبێت ئەوە بێگومان دەبێت وابەستە بێت بە پلەکانی سەروخۆیەوە و فەرمانیان لێوەرگرێت،

گرفتی سەربەخۆ نەبوونیش زیاتر لە یاسای سزاداندا دژ بە ئەندامانی پەکەکە ڕەنگی داوەتـەوە، چونکە خەباتی چەکداری پەکەکە ڕاستەوخۆ لە دژی سوپای تورکیا ئەنجامدەدرێت، بە واتایەکی دیکە بەرهەڵستی چەکدارانەی پەکەکە وادەکات کە یاسای سزدان بەسەر ئەندامانیدا بچەسپێت..

ئێمە ترسی ئەوەشمان هەیە کە سکاڵاکردن لە کن کۆمیسیۆنی ئەوروپا زۆر درەنگ بکەوێت هەتا پرۆسە یاساییەکان بۆ سکاڵاکردنەکان لە تورکیا یەکلا دەکرێنەوە، بە دڵنیاییەوە ئۆجەلان لە تورکیا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەدرێت، ئەگەر حوکمی لەسێدارەدانەکەش بڕیاری جێبەجێکردنی بدرێت ئەوە ئیتر پەنا بردن بۆ کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ هیچ سودێکی نابێت، بۆیە پێکەوە لەگەڵ تیس و ستاین کەوتینە تاوتوێکردنی ئەوەی کە داخۆ لە ئێستاوە دەتوانین سکاڵا تۆمار بکەین!

سەرەنجام گەیشتینە دەرئەنجامێك کە بەڵێ پرۆسەی سکاڵاکردن لە کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ ڕەنگە چانسی ئەوەمان بداتێ کە بەبێ چاوەڕێکردنی پرۆسە یاساییەکانی تورکیا ئێمە بتوانین سکاڵای خۆمان پێشکەش بکەین، بە پێی ڕێسا باوەکانی کۆمیسیۆنەکە دەکرێت – وەك پێشبینی دەرئەنجامی سکاڵاکە - چەند هەنگاوێکی کاتی لەو بارەوە هەڵگیرێن. ئەو هەنگاوانە هاوتای ‹ کردەوەی یەدەگ و داوای یاسایی پەلە[50]› یە، کە مەبەست تێیدا پاراستنی تۆمەتبارەکەیە لە هەر زیانێك کە لە ئاییندەدا قەرەبوو نەکرێتەوە[51]

---

50- * دیارە کـردەوەی یەدەگ و داوای یاسایی پەلە دوو جۆری تایبەت لە کاروباری قەزائین زیاتر لە کاتی ئەو پرۆسانەدا پەیڕەو دەکرێت کە پێشهاتی خێرای بۆ دێتە پێش و وا دەخوازێت کە بە پەلە کاری تێدا بکرێت، چونکە چاوەڕوانی تیایدا دەبێتە هۆی ناکامڵ بوونی پرۆسە یاساییەکان و زەرەو بەخشین بە تۆمەتبارەکە، جا ئایا تۆمەتبارەکە مرۆڤێك بێت یاخود کەسێکی مەعنەوی بێت، لەم جۆرە هەنگاوانە لە دادگاکانی ئەوروپا یەکجار زۆر و جیاوازن و باسکرن و شیکردنەوەیان دەمانخاتە نێو بوارە قەزائیەکان – وەرگێڕ-.

51- بۆ نمونە لەبوونی ئەگەری کوشتن ‹اغتیال › ی سیاسی یان لەسێدارەداندا – وەرگێڕ-

لە کۆندا ئەم هەنگاوە تەنها لەو کاتەدا بەڕێوە دەبرا کە هەڕەشەی دەرکردن لە وڵات لەسەر ئەو کەسە هەبوایە.

بۆ نمونە ئەگەر هۆڵەندا بڕیاربدات پەنابەرێکی سیاسی داواڕەتکراو لەهۆڵەندا دەربکات و ڕەوانەی وڵاتی لێوە هاتووی بکاتەوە ئەوە ئەو کەسە دەتوانێت لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا لە دژی ئەو بڕیارە سکاڵا تۆماربکات، بەڵام گرفتەکە لەوادایە کە هەتا کۆمیسیۆنەکە وەڵامی ئەو کەسە دەداتەوەو کارێکی بۆ دەکات ئەوە هۆڵاندا دەمێکە ئەو کەسەی لە وڵاتەکە شاربەدەر کردووە، لەم حاڵەتانەدا دەکرێت داوا لە کۆمیسیۆن بکرێت کە هەنگاوی کاتی و بەپەلە ئەنجام بدات و لە هەمان کاتیشدا هۆڵەندا نەتوانێت لەو کاتەی داواکەی ئەو کەسە لە کۆمیسیۆن مامەڵە دەکرێت ئەو کەسە ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە، بێگومان ئەم حاڵەتە تەنها لەو کاتەدا دەبێت کە لەنێو دووتوێ ی سکاڵاکەدا ئەوە بچەسپێت کە دەرکردن و ڕەوانەکردنەوەی ئەو کەسە بۆ وڵاتەکەی خۆی دەبێتە هۆی پێشێل کردنی بنەماکانی ‹ EVRM› و سکاڵاکەر بەهۆی ئەمەوە زیانێکی وێ دەکەوێت کە قەرەبوو ناکرێتەوە، ئەمەش بۆ نمونە ئەگەر ئەو کەسە لە ئاکامی ناردنەوەیدا بۆ وڵاتی لێوەهاتوو بە بێ چەند و چوون دوچاری ئەشکەنجەدان بێتەوە.

لە دۆسیەکەی ئۆجەلاندا ئێمە دەتوانین ئەو مەهانە و ئەرگومێنتانە بسەلمێنین کە دەستگیرکردنە نایاسایەکەی ئۆجەلان دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ‹ EVRM›، ئێستا کە ئۆجەلان بەهۆی ئەو مامەڵە نایاساییەوە لە تورکیادایە تەنها ڕوبەڕووی هەڕەشەی لە سێدارەدان نابێتەوە، بەڵکو – بە لەبەرچاوگرتنی ڕەفتاری پراکتیانەی تورکیا لەگەڵ ئەندامانی پەکەکەدا- زیاتریش چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە ئەو مامەڵەیەکی نا مرۆیانەی لەگەڵدا بکرێت، نەك تەنها بەرەفتاری نەشیاو جاڕسی کەن، بەڵکو دوچاری ئەشکەنجەش بێتەوە. بێگومان لە سێدارەدانی ئۆجەلان یاخود ئەو ئەشکەنجانەی ڕەنگە ڕووبەڕووی ببنەوە بەبێ هیچ ئەملاو ئەولایەك وەك

‹ ئەو زیانانەی کە قەرەبوو ناکرێنەوە› دێتە ئەژماردن، بۆیە بۆ پێشگرتن بەهەر روداوێکی لەو جۆرە، کۆمیسیۆنەکە چەند هەنگاوێکی کاتی بەسەر حکومەتی تورکیادا دەسەپێنێت کە دەبێت گرەنتی ئەوە بکات ئۆجەلان لە دادگایەکی عادیلانەدا دادگایی بکرێت و ئەو مافانەی کە لە پەیمانی ‹ EVRM› دا دەستنیشان کراون، پێشێل نەکرێن.

ئێمە خۆمان دەمانزانی کە شتێك لە کۆمیسیۆنەکە داوا دەکەین پێشتر روینەداوە ئەویش بریتیە لە: سەپاندنی چەند هەنگاوێکی کاتی لە پێناو پاراستنی مافەکانی کەسێکدا لە دادگایەکی عادیلانەدا بەر لەوەی دادگاکە دەستی پێکردبێت!. هەنگاوە کاتیەکانیش خۆی لە خۆیدا چەند کردەوەیەکن لە بارودۆخی ناکاودا دێنە گۆڕێ، کە ستراسبۆرگ هەمیشەو هەتا ئێستاش خۆی لێ بەدوورگرتووە، تەنانەت لەو بارودۆخانەشدا کە ئەو مەرجانەی تێدا بـووە، سکاڵاکاران هەرهەموویان سەرەتا هەموو قۆناغە یاساییە نیشتیمانیەکانیان تەواو کردووە، بەم جۆرە ئێمە لە کۆمیسیۆنمان دەویست کە نەك تەنها هەنگاوی تایبەت و لە ناکاو هەڵبگرێت، بەڵکو دەمانویست ئەم هەنگاوە کاتیانە بسەپێنرێت بەر لەوەی پرۆسە یاساییەکان لە تورکیادا هێشتا دەستیان پێکردبێت، دۆسیەکەی ئۆجەلان دۆسێیەك نیە هەروا ئاسان و سادە بۆیە وەك پارێزەر دەبێت هێندە بوێر بیت کە هەمیشە شتی نوێ تاقـی بکەیتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی تیس و ستاین سەرقاڵی ئەو کارانە بوون کە پەیوەست بوون بە سکاڵای ئێمە لە ستراسبۆرگ، من بیرم لەوە دەکردەوە کە داخۆ چ رێکخراو یاخود دامەزراوەیەکی دیکە هەیە بتوانین لەم کارەدا وەگەڕیان بخەین، بێگومان بۆ ئەمەش دیارە ئەمنستی ئەنتەرناسیۆناڵ و هیومان رایتس وەچ و مانگی سور گونجاو دەبن، رەنگە زیاترلەوەش بتوانین سود لە ‹OVSE[52]› و کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ،

52- * رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپایە (The Organization for Security and

وەربگرین. ئەگەر لە پاشاندا ئۆجەلان بخرێتە بەردەمی دادگا ئەوا بێگومان ئەم رێکخراوانە دیارترین رێکخراوێکی نێونەتەوەیی دەبن کە دەتوانن لەوێندەرێ ئامادە بن. وێرای ئەمەش پشتیوانی رێکخراوە گەورەکانی مافی مرۆڤ و‹ OVSE› گرنگن بۆ ئەوەی بتوانرێت زۆرترین فشار بخرێتە سەر تورکیا، هەروەها پەیوەندیم بە رێکخراوی ‹ ICJ[53] › رێکخراوی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی قەزائی لە جنێف، کرد، ئەم رێکخراوە هەنوکە خۆی سەرقاڵە بە کەیسەکەی ئۆجەلانەوە و سبەی یان دوو سبەی لەم بارەوە لێدوانی رۆژنامەوانی خۆی بڵاودەکاتەوە کە تیایدا رفاندنی سەرکردەی کورد ئۆجەلان بە کارێکی نایاسایی ناوزەد دەکات و داوا لە تورکیاش دەکات کە دەستبەجێ ئازادی بکات.

هەرلەم نێوەشدا رۆژنامەکان بێپسانەوە تەلەفۆنیان دەکرد، ستاین ئەرکی نوسینی نامەو فاکسەکانی بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەستۆی خۆی گرت، منیش ئەوپەڕی توانای خۆم وەگەڕخست بۆ ئەوەی وەڵامی رۆژنامەو میدیاکان بدەمەوە، بەڵام پێدەچوو نەتوانم هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە بەوانم دابوو ببەمە سەر، چونکە زۆرێك لەو رۆژنامەو کەناڵانە دەبوو پەیوەندیان پێوە بکرێتەوە، لەبەرئەوەی میدیاکان خۆشیان بۆ بابەتەکە زۆر پەرۆش و پڕ بایەخ بوون هەندێك لەوان کە نەیدەتوانی بە تەلەفۆن من دەستگیر بکات خۆیان بە درێژایی رۆژ دەهاتن بۆ نوسینگەکەمان، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و لە پاش نیوەڕۆدا، ناو نوسینگەکەمان لە نهۆمی خوارەوەیدا سیخناخ بوو لە رۆژنامەنوسان و کەسانی وێنەگر و کامێرامان.

هەستی ئەوەم لا دروست بوو کە دەبوو لە یەککاتدا پێکەوە سەد کار ئەنجام بدەم، سکاڵای ستراسبۆرگ، فاکس و نامە بۆ رێکخراوەکانی

(Co-operation in Europe – وەرگێڕ-

53- ** International Commission of Jurists – وەرگێڕ-

مافی مرۆڤ، لێدوانی رۆژنامەوانی، زانیاری سەبارەت بە گەشتەکەمان بۆ باڵویزخانە بنێرم، تەلەفۆن بۆ زێڕین و جۆن بکەمەوە... پاش دوو کاژێری دیکە دەبێت بگەینە فڕۆکەخانە، فیکتۆر وەرگێڕەکەی پەیداکردبوو، خۆشبەختانە جیرارد دەیتوانی لەو کاتەدا دەستبەتاڵ بێت و لەگەڵماندا هاوڕێ بێت لە گەشتەکەدا، پاشان ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە رۆژنامەنووس و میدیاکاران چاوەڕێی لێ دوان بوون، هەموویانم ئارام کردەوەو پێمڕاگەیاند کە پاش کەمێکی تر لێدوانێکی رۆژنامەوانی دەدەم... پاش سێ چارەکی دیکە دابەزیمە خوارەوە بۆ ئەو شوێنەی کە رۆژنامەنوسان تێیدا کۆم ببوون و پێمڕاگەیاندن کە بەپێی ئەو زانیاریانەی ئێمە هەمانە ئۆجەلان لە لایەن حکومەتی تورکیاوە رفێنراوە، ئێمە ئەمڕۆ لە کن کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ سکاڵا تۆمار دەکەین، هەروەها باسی ئەوەشم کرد کە ئەم ئێوارەیە لەگەڵ دوو پارێزەری دیکەی نوسینگەکەمان بەرەو ئەستەنبول دەکەوینەڕێ، هەوڵ دەدەین چاومان بە ئۆجەلان بکەوێت، ژوانمان لەگەڵ کۆمەڵێك پارێزەری کورد هەیە. ژمارەیەك لە رۆژنامەنوسان پرسیاری ئەوەیان کرد کە داخۆ دەتوانین هاوڕێتان بین لە گەشتەکە، بیرۆکەیەکی زۆر جوان بوو لام تەنانەت بۆ ئاسایشی خۆشمان باشترە، بەڵام رۆژنامەنوسانم لەوە ئاگادار کردەوە کە ئێمە دڵنیا نین لەوەی کە رێگەمان دەدرێت بچینە ناو تورکیاوە یان نا، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێمە هەر لە فڕۆکەخانەوە پێشمان پێبگیرێت، بەڵام وێرای ئەمانەش هەر یەکە لە (NOVA , RTL4 ,ANP,NRC) بڕیاریاندا کەسێکی خۆیان لەگەڵ ئێمەدا بنێرن..

لە کۆتایی نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا سکاڵاکەمان تەواو کرد و پاشان لە رێگای فاکسەوە رەوانەی دەکەین بۆ ستراسبۆرگ، ستاین سەرقاڵی نوسینی دوا نامەیە بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، من و فکتۆر و تیس، رۆشتینەوە بۆ ماڵەوە بۆ خۆ کۆکردنەوە بۆ سەفەرەکە، بەر لە گەشتەکەشمان لە گەڵ ستاین پێکهاتین کە تەلەفۆنەکەی نەکوژێنێتەوە و هەموو ئێوارەکە

هێڵی کراوە بێت لەگەڵماندا بۆ ئەوەی دەستبەجێ پاش نیشتنەوەمان لە ئەستەنبوڵ تەلەفۆنی بۆ بکەین، ئەگەر ئەو هەتا دوو کاژێر پاش نیشتنەوەی فڕۆکەکە هیچی لە ئێمەوە نەبیست و نەشگەشتبووینە هۆتێلەکە ئەوە ئەو دەستبەجێ هەر دوو باڵوێزخانەی هۆڵەنداو ئەڵمانیا ئاگادارکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیستێکم لە تەواوی ژمارە تەلەفۆنە گرنگەکان بۆ ستاین ئامادە کردبوو، هەروەها ژمارە تەلەفۆنی زێڕین و جۆن و تەنانەت دایك و باوکیشم پێدا، چونکە ئەوانیش دەنگوباسی دەستگیرکردنی ئۆجەلانیان بیستبوو زۆر خەمی منیان بوو لەو سەفەرەدا منیش بەڵێنم پێدابوون کە راستەوخۆ پاش گەشتبم بۆ ئەستەنبول، ستاین لە هەموو شتێك ئاگاداریان دەکاتەوە، کاتژمێر شەش و نیو لە کاتێکدا کە تیمێکی تەلەفزیۆنی نۆڤا بە دوامانەوە بوون، بەرەو فڕۆکەخانە کەوتینەڕێ.

## - ٢ -

من سەرقاڵی وەرگرتنی تکتەکان بووم و تیس و فکتۆریش رۆشتن بۆ دۆزینەوەی جیرارد کە دەبوو لە نزیك خاڵی چەیککردنەوە چاوەڕێمان بکات، سێ رۆژنامەنوسەکەی لە ANP,NRC ,RTL4هـەمـان فڕۆکەدا لەگەڵ ئێمەدا بوون، ئەوان لە هۆڵی بەجێهێشتن چاوەڕێی ئێمە بوون، پێکەوە بەرەو دەروازەی دەرچوون رۆشتین، بۆ دواجار تەلەفۆنم بۆ ستاین کرد بۆ ئەوەی ئاگاداری کەمەوە کە هیچ دواکەوتنێك لە گەشتەکەدا نیە و لە کاتی خۆیدا دەفڕین، پاش ئەوەی لە تەلەفۆنەکەم تەواو بووم فکتۆر پێی راگەیاندم کە هەر ئێستا دوو پۆلیسی فڕۆکەخانە بەلای دەروازەکەدا تێپەڕیوون، پێدەچێت بۆ ئەوەی بزانن کە داخۆ ئێمە هاتووین یان نا، چونکە فکتۆر گوێی لەوە بووە کە یەکێکیان پاش ئەوەی چاوی بە ئێمە کەوتووە بە هاوڕێکەی گوتووە " ئەواتان ئەوە ئەوانن لەوێ دانیشتوون".

ئەو رۆژنامەوانەی نۆڤا کە لەگەڵماندا هەتا فڕۆکەخانە هاتن خۆیان

ناچن بۆ تورکیا، چونکە تیمێکی دیکەی خۆیان لە ئەستەنبوڵە و کەمێك بەر لە هەستانی فرۆکەکە لەسەر ئەوە پێکهاتین کە ئەوان بە گەیشتنمان بۆ ئەستەنیوڵ لەگەڵماندا دەبن، ئەگەر ئێمە لەگەڵ نەفەرەکانی دیکەدا لە فڕۆکەکە نەهاتینە دەرەوە ئەوە دەبێت ئـەوان تێبگەن کە شتێك رویداوە، ژمارە تەلەفۆنەکەی ‹ ستاین ›م دا بە رۆژنامەنوسەکەی نۆڤا لە ئەستەنبوڵ و داوای ئەوەشم لێکرد لە حاڵەتی ئەوەی ئێمە لەگەڵ خەڵکەکە لە فڕۆکەخانەی ئەستەنیوڵ دەرنەکەوتین ئەوە راستەوخۆ ئەو پەیوەندی بە ‹ستاین› ەوە بکات. ئەو لەو باوەڕەدا نەبوو کە تورکیا رێگا لە هاتنە ژورەوەی ئێمە بگرێت، بەڵام من پێموایە کە حکومەتی تورکیا ئاگاداری ئەم سەردانەی ئێمە و کاتی ئەوەشی بەدەستەوەیە کە بڕیاری خۆی بدات و بەرامبەر بە هاتنی ئێمە حسابی خۆی بکات.

لە کاتی فڕینی فڕۆکەکەدا هەوڵمدا تۆزێك بخەوم، بەڵام وێرای ئەوەی کە من زۆریش ماندوو بووم ئەوەم بۆ نەکرا، کاتژمێر یازدەو نیو بە کاتی ناوخۆی تورکیا ئێمە لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ نیشتینەوە. کە فڕۆکەکە وەستاو ئێمەش هەستاینە سەرپێ بۆ ئەوەی بچینە دەرەوە، دەرگاکە کرایەوە و فەرمانبەرێکی تورکی کۆمپانیای گەشتی ئاسمانی فڕۆکەکە ‹ KLM› کە لیستێکی بە ناوی نەفەرەکان پێبوو هاتە ژورەوە، من بە تەواوی لە پێشەوە بووم کاغەزەکەم دەبینی ژمارەیەك ناو لە نێو لیستەکەدا بە رەنگی زەرد هێلیان بەسەردا هاتبوو، بە ئینگلیزیەکی کرچ وکاڵ:

- تکایە ئەم نەفەرانە - PRAKKEN , KOPPE , BÖHLER - با بێنە پێشەوە...

تیس کە لە دوای منەوە وەستا بوو چرپاندی بە گوێمدا "کارەکە سەرناگرێت پێناچێت رێگەمان بدەن بچینە ژورەوە!"

هەرسێکمان بەرەو لای دەرگاکە رۆشتین، لەوێ گروپێکی تورك کە نزیکەی دە کەس دەبوون چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، پێدەچوو کەسانی سەر

به دەزگای هەواڵگری بن، ئێمەیان ئاگادارکردەوە کە دەبێت لەگەڵیاندا بڕۆین، بەڵام باش بوو یەکسەر جیراردم بە بیرهاتەوە کە لەگەڵماندا هاتبوو، ئەو کەمێك لە ریزەکەدا لە دواوە بوو کە بانگم کرد بۆ پێشەوە، ئەو رونی کردەوە بۆیان کە وەرگێڕی ئێمەیەو دەیەوێت لەگەڵماندا بێت، تورکەکان بەوە ناڕازی نەبوون بۆیە دەوری هەرچوار مانیان گرت و دایانینە پێش خۆیان.

پێدەچوو تورکەکان پەلەیان بێت، چونکە بەردەوام داوایان لێدەکرین بە پەلە پێهەڵگرین و بەڕێوە بچین، بەناو ڕاڕەوەکاندا دەڕۆشتین من لەو دیو شوشەکانەوە چاوم بە دەیەها تیمی تەلەفزیۆنی و کامێرا دەکەوت کە رۆشتنەکەی ئێمەیان وێنە دەگرت..

ئێمەیان بردە بەردەم بەرپرسی پۆلیسی فڕۆکەخانە، ئەویش ئەوەی پێڕاگەیاندین کە ئێمە دەستگیر کراوین و بۆمان نیە بچینە نێو تورکیاوە، دەمانویست بزانین کە بۆچی رێگەمان نیە، بەڵام ئەو تەنها هێندەی گوت کە وەزارەتی ناوخۆ ئەو بڕیارەی داوە، ئێمە ئەمشەو لە فرۆکەخانە دەستبەسەر دەبین، سبەی بەیانی لەگەڵ یەکەم فڕۆکەدا رەوانەی ئەمستەردام دەکرێینەوە، زۆرم پێخۆش بوو کە جیراردمان لەگەڵدا بوو، چونکە بەڕێوەبەری پۆلیسی فرۆکەخانە بە حاڵ ئینگلزی دەزانی، داوای ئەوەم کرد کە داخۆ دەتوانین تەلەفۆنە دەستیەکانمان بەکار بێنین؟ ئەمەش پاش ماوەیەك لە بێنەو بەردە ئەوجا ریگەی درا، دەبوو پاسپۆرتەکانمان تەسلیم بکەین و پاشان ئێمەیان بەرەو زیندانی فڕۆکەخانە بەڕێکرد، ئەمە رێك وەك " IRONIE 54DES SCHICKSALS " وایە، هەتا دوێنێ بوو موەکیلەکەمان لە لایەن هۆڵەندا بە نەخوازراو لەقەڵەم دەدراو دەردەکرا، ئێستاش پارێزەرەکانی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە نەخوازراون و دەردەکرێن!

54- * نوسەر لێرەدا ناوی فیلمەکەی بە ئەڵمانی نوسیوە، بەڵام لە راستیدا ئەم فیلمە فیلمێکی کۆمیدی روسیە بە ئینگلزی پێی دەگوترێت (The Irony fate) – وەرگێڕ-

## - ٣ -

شوێنی زیندانەکە لەنزیك نوسینگەی پۆلیسی فڕۆکەخانەکەوە بوو، هۆڵێکی بچکۆلە ئەو ژورانـەی لەیەك جیادەکردەوە، لە پشتیشەوە لە شوشەکانەوە ترانزێتەکە دیار بوو کە ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنوسانی تێدا کۆ ببوەوە. ژوری زیندانەکان سێ ژوری نزیك یەك بوون کە هەرسێکیان لەسەر هۆڵە بچوکەکە بوون، لە یەکێك لە ژورەکاندا ئەلبانیەك زیندان کرابوو کە ئەویش وەك لە پاشاندا بۆمان دەرکەوت هۆڵەندی بوو، هاوشێوەی ئێمە دەبوو سبەی بەیانی ئەویش بە هەمان فڕۆکەکەی ئێمە بگەڕێتەوە بۆ ئەمستەردام، دوو ژورە زیندانیەکەی دیکە بەتاڵ بوون.

خۆشبەختانە ئێمە لانی کەم پێویستی بەوە نەدەکرد بچینە نێو زیندانەکەوە، بۆمان هەبوو هۆڵی بەردەم ژورەکانی زیندانەکە بەکار بێنین و بۆ شەو لەوێ بمێنینەوە - زۆر ناخۆش بوو، شوێنەکە تەنها سێ پەنجەرەی بچوك بوو بە کەتیبە بەردەمەکانیان گرتبوون، تەلەفزیۆنێکی بچکۆلەی بە پرتەپرتیش، لەگەڵ دوو ریز کورسی پلاستیك کە لە نێوانیاندا مێزێکی بچوکی نزم هەبوو-، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا باشتر بوو لە حەپس کردن، وێرای ئەوەش دەمتوانی هەمووومان پێکەوە بمێنینەوە.

دەرگای هۆڵی زیندانەکە نیوە کراوە بوو، لەبەر دەمیدا دوو پۆلیسی ئێشگرهەبوون کە بەڕێزو حورمەتەوە مامەڵەی ئێمەیان دەکرد، چایی و ئاویان بۆ دەهێناین، رێگاشیان دەداین لە نێو ئامێرە ئۆتۆماتیکەکەی نێو هۆڵە گەورەکەدا بسکیت بکڕین، ئێستا کاتژمێر بووە بە دوازدەو نیوی شەو، هێشتا شەش کاژێری ماوە بۆ ئەوەی یەکەم فڕۆکە بەرەو ئەمستەردام بفڕێت..

فکتۆر لەگەڵ ستاین تەلەفۆنی کردبوو، ئەوەی پێڕاگەیاندبوو کە رێگەی چوونە ناوەوەی تورکیامان نیە و هەتا سبەی بەیانی دەبێت لەم شوێنە بمێنینەوە، ستاین دەستبەجێ هەوڵی ئەوەی دابوو کە کۆنسولی هۆڵەندا ئاگادارکاتەوەو پاشان تەلەفۆن بۆ ئێمە بکاتەوە، ئەو رۆژنامەوانە هۆڵەندیانەی کە لەگەڵماندا گەشتیان کرد بێگومان راستەوخۆ هەستیان

بەوە کرد کە ئێمە لە فڕۆکەکەدا جیاکراینەوە و براین و ئیتر نەهاتوینەتە دەرەوە، ژمارەی تەلەفۆنی ئەوان و تەلەفۆنی رۆژنامەوانەکەی نۆڤا کە لە دەرەوە چاوەڕوانی ئێمە دەکات هەمووم دا بە فکتۆر و ئەویش لە لای خۆیەوە پەیوەندیان پێوە دەکات و هەموو شتێکیان بۆ روندەکاتەوە و پێشیان دەڵێت کە ئێمە کۆنسلی هۆڵەنداشمان ئاگادارکردۆتەوە.

من و تیس پێکەوە لەگەڵ جیرارد تەلەفۆنمان بۆ ژمارە دەستیەکەی فەرەیدون چەلیك کرد، پارێزەرێکی کورد وەڵامی داینەوە، بەڵام نەماندەزانی کە داخۆ ئەوە چەلیك خۆیەتی یان نا، چونکە ئامادە نەبوو ناوی خۆی بدات، پێدەچوو ئەو لەگەڵ گروپێکی دیکەی دە نەفەری لە پاریزەرە کوردەکان لە نێو یەکێك لە باڵەخانەکانی (IHD[55] قەتیس مابێت کە لە لایەن سەربازانی تورکەوە چـواردەوری گیرابوو، هیچ کەس بۆی نەبوو بچێتە دەرەوەی باڵەخانەکەوە، هەر کەسێکیش بچوایەتە دەرەوە دەستبەجێ دەستگیر دەکرا، بارودۆخەکە زۆر نا جێگرو نائارام بوو، ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو کە لە هەر ساتێکدا سوپای تورکیا بەزۆر خۆی بکات بە نێو باڵەخانەکەداو هەرچیەك لە نێویدایە دەستگیری بکات، شەوێك بەر لە ئێستا کۆمەڵێکی دیکە پارێزەر دەستگیر کراون، نێوانیاندا ئەو پارێزەرانەی کە ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو بۆ بەرگریکردن لە ئۆجەلان، جیرارد ئەوەی بۆ رونکردمەوە کە ئەم هەڵمەتی تورکیا لانیکەم راستەوخۆ پەیوەندی بە کەیسەکەی ئۆجەلانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە هەڵبژاردنی شارەوانیەوە هەیە کە بەمزووانە ئەنجامدەدرێت و پۆلیسی تورکیا هەوڵدەدات پارێزەرەکان بێبەش بکات لە خۆ کاندید کردن.

کە تیس و خیرارد سەرقاڵی ئەوە بوون زانیاری زیاتر لە پارێزەرەکەی دیاربەکر وەربگرن، تەلەفۆنم بۆ (WILLEM VAN MANEN) بەرپرسی رێکخراو ‹ پارێزەر بۆ پارێزەران› کرد، ولیەم پارێزەرێکی خەڵکی ئەمستەردام بوو هاوڕیەکی دێرینی خۆمە، پێکەوە پێنج ساڵ لەمەوبەر بۆ مەسەلەیەکی

---

55- * نوسەر لێرەدا ئاماژەی بەوە نەداوە کە (IHD) چیەو کورتکراوەی چ شتێکە، بەڵام لە گۆڕ زانیاریەکانی من مەبەستی لە کۆمەڵەی مافی مرۆڤە کە بە تورکی پێیدەگوترێت (Insan Haklari Dernağı)- وەرگێڕ -

چاودێریکردن و بە دواداچوون لە باشوری ئەفریکا بووین، ئەم ڕێکخراوە لە تەواوی دنیادا پارێزگاری لەو پارێزەرانە دەکات کە دەکەونە تەنگەژەوە بۆ نمونە دەکەونە بەر هەڕەشە یاخود ژێرچاودێری بەهۆی کارەکەیانەوە، من خۆم ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرم لە ڕێکخراوەکەداو لە ساڵانی رابووردووشدا چەندین جار پشتیوانیمان لە پارێزەرانی تورکیا کردووە. تیس خۆشی چەندین جار بە ناوی ڕێکخراوەکەوە بۆ چاودێری پرۆسەکانی دادگایی کردن سەردانی تورکیای کـردووە و بەم بۆنانەشەوە سەردانی دیاربەکری کردووە، ولیەم خۆشبەختانە هێشتا نەخەوتبوو، بەڵێنی ئەوەشی پێدام کە بە ناوی ڕێکخراوەکەوە دەستبەجێ هەنگاوی پێویست بنێت و لەگەڵ ستاین پەیوەندی بکات بۆ ئەوەی پێکەوە بزانن چی دەبێت بکرێت. ماوەیەکی کورت پاش ئەمە ستاین تەلەفۆنی کرد و ئاگاداری کردینەوە کە پاش چەندین بێنەو بەردە لە ڕێگای کەسێکی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵانداوە تەلەفۆنی تایبەتی کۆنسلی هۆڵاندای لە ئەستەنبول دەست کەوتووە و چارەکێك بەر لە ئێستا لەگەڵیدا قسەی کردووە و ژمارە تەلەفۆنی فکتۆری داوەتێ، کونسلیش دەستبەجێ بەڵێنی ئەوەی داوە کە دەستبەجێ بڕوات بۆ فرۆکەخانەوە سەردانمان بکات.

ستاین – کە لەگەڵ ولیەمیش پەیوەندی کردبوو- هێشتا لە نوسینگەمان لە ئەمستەردام ماوەتەوە و بە نوسینی فاکس و تەلەفونکردنەوە سەرقاڵـەو تـەواوی ریکخراوەکانی مافی مـرۆڤ کە دوێنێ خۆمان پەیوەندیمان پێوەکردبوون لە دەستگیرکردنەکەی ئێمە ئاگادار کردۆتەوە، ستاین هەروەها کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ و ‹ OVCE› ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام ئەمانە هەمووی کاتیان دەوێت هەروەك وەك ستاین گوتی بۆیە یەك تەرمۆزی گەورە قاوەی ئامادە کردووە و هەتا تەواویان دەکات هەر لە نوسینگەکە دەبێت! چەندین رۆژنامە نوسیش بە تەلەفۆن پەیوەندیان بە ئێمەوە دەکرد کە هەر هەموویان ژمارەکانیان لە ستاین وەرگرتبوو.

پاش نیو کاژێر فکتۆر لە لایەن کونسلەوە تەلەفۆنی بۆ کرا، کونسل ئاگاداری کردەوە کە ئەو ئێستا لە فڕۆکەخانەیەو ڕێگای نادەن سەردانی

ئێمە بکات گوایا لەبەر ئەوەی کە ئەو مۆڵەتنامەی ئەوەی نیە بتوانێت بێتە نێو ناوچەی ترانزێتەوە، کونسل لە هەوڵی ئەوەدایە بەڕێوەبەری ئاسایشی فڕۆکەخانەی دەستکەوێت و لەگەڵ ئەودا قسەبکات، بەڵکو بتوانێت لەو رێگایەوە سەردانی ئێمە بکات، ئێمەش باسی ئەوەمان کرد کە بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخمان باشە و رەفتاری باشمان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام هێشتا دەمانەوێت ئەوە بزانین کە بۆچی تورکیا ماوە نادات ئێمە بچینە نێو وڵاتەکەوە، هێندەی ئێمە تێگەشتووین ئەمە بە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆ بووە، کونسلیش بڕیاریدا لەم بارەوە پرسیاربکات و رونکردنەوەی پێویست داوا بکات، بەڵام بێگومان ئەم کارە ئەمشەو ناکرێت بەدڵنیایشەوە سبەی بەر لەکاتی ناردنەوە زۆرە ملێکەی ئێمەش ناتوانرێت بەو دەمەوبەیانە کەسێکی وەزارەتی ناوخۆ بەردەست کەوێت و لەم بارەوە قسە بکرێت...

کاتەکانی دواتر و بۆ چەند کاژێرێك بەردەوام خەریکی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنی رۆژنامەنوسەکان بووین، ئەو پەیامنێرە هۆڵەندیەی کە لەگەڵماندا بوو لە گەشتەکەماندا بۆ ئەستەنبوڵ و ئەوەی نۆڤا داوای ئەوەمان لێدەکەن چاوپێکەوتنی تەلەفۆنییان لەگەڵدا ئەنجام بدەین، هەروەها هەواڵی رێگەگرتن لە چونە ژورەوەمان لە فڕۆکە خانە بە نێو تەواوی میدیاکانی هۆڵەندا و جیهاندا بڵاو بۆوە، لە لێدوانەکانماندا ئەوەمان راگەیاند کە تورکیا هیچ هۆکارێکی یاسایی نیە بۆ دەستگیر کردنی ئێمە، هەروەها ئاماژەمان بەوە دا ئەگەر تورکیا رێگا لەوەش بگرێت کە ئێمە وەك پارێزەری بێگانە مافی ئەوەمان نیە بەرگری لە موەکیلەکەمان بکەین ئەوە دیسان ئەوە ناگەیەنێت کە رێگای چوونە ژورەوەی تورکیامان لێبگرن، ئێمە لەو باوەڕەداین کە تاکە هۆکاری رێگا گرتن لە چونە ژورەوەی ئێمە بۆ تورکیا تەنها ئەوەیە کە ئێمە پارێزەری ئۆجەلانین. من بەشبەحاڵی خۆم ئەم هەڵسوکەوت و مامەڵەیەی تورکیا بە زیرەکانە نازانم، چونکە وێنەی دەستگیرکردنەکەمان و شێوازی دەرکردن و گەڕانەوەمان بۆهۆڵەندا بە نیوەی دنیادا بڵاو بۆوە، بەڵام ئەگەر تورکیا بە شێوەیەکی ئاسایی رێگای چونە ژورەوەی ئێمەی بدایە بۆ ناو وڵات و پاشان لەبەردەم پرسگەیەکدا رێگای لە سەردانی ئێمە بگرتایە بۆ

لای ئۆجەلان لە بەر ئەوەی کارێکی نەخوازراوە ئەوە بێگومان کاریگەری و قورسایی زۆر کەمتر دروست دەکرد وەك لە دەستگیر کردنمان..

ناوە ناوەش لە لایەن کونسلی هۆڵەنداوە تەلەفۆنمان بۆ دەکرا و ڕێگای نەدەدرا بێتە ژورەوە بۆ لامان و سەردانمان بکات، هەروەها خۆشم لەگەڵ کونسلی ئەڵمانیا گفتوگۆم کرد و لەسەر ئەوە پێکهاتین کە ئەو خۆی ئامادەسازو حازر بکات بۆ هەر پێشهاتێکی نوێ، بە پێویستم نەدەزانی بێت بۆ فڕۆکەخانە، چونکە ئەویش هەروەك هاوتا هۆڵەندیەکەی ڕێگای هاتنە ژورەوەی پێنادرێت، پاشان لە وێنە هەواڵیەکانی تەلەفیزۆندا بەرچاومان کەوت کە مامەڵەی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەگەڵ کونسلی هۆڵاندا چەندە زبرو نەگونجاو بوو، ئەو تەنانەت بە شێوازیەکی زۆر وەحشیانە لە لایەن پۆلیسەوە بە پاڵ کرایە دەرەوە!

دەوروبەری کاتژمێر سێی نیوەشەو لە نێو ژوری چاوەڕوانی زیندانەکەی ئێمەی لێبووین بارودۆخ بەرەو هێور بوونەوە دەڕۆشت، چەند جارێکی دیکە دیسان زەنگی تەلەفۆن لێیدایەوە، ڕۆژنامەنوسیك دەیویست بزانێت کە داخۆ گۆڕانکاری نوێ هاتۆتە گۆڕێ یان نا؟ ستاین سەبارەت بە کارو بارەکانی نوسینگەکەمان ڕونکردنەوەی دەدامێ، هەروەها هەواڵی ئەوەشی پێداین کە داگیرکردنی باڵوێزخانەی یۆنان لە دەنهاخ کۆتایی هاتووە. ئیتر لە چاوەڕوانی زیاتر هیچی ئەوتۆمان لەبەردەستا نەمابوو تەنها ئەوە نەبێت کە سبەی بێـن بە شوێنماندا و بمانبەن..

دنیا سارد بوو، بە نۆرە دەچوین قاوەمان لە ئامێرە ئۆتۆماتیکەکە دەهێنا، لەسەر ئەو کورسیە ڕەقانە هەرگیز خەومان پێدانەدەکەوت تەنها هێندە نەبێت ونەوزێك بدەین، کاتژمێر چوار ستاین جاریکی دیکە تەلەفۆنی کردەوە و گوتی کە ئەو ئیتر دەچێتەوە بۆ ماڵەوە لەبەر ئەوەی قاوەکەی تەواو بووە و سیستەمی کۆمیتەری نوسینگەکەشمان دەکوژێتەوە بۆ ئەوەی باك ئەپ ‹ BACK UP› بکات. ستاین هەموو ئەو فاکس و نامانەی کە باسی کردن ڕەوانە کردوون تەنها دوان نەبێت کە سبەی سەرلەبەیانی ڕەوانەیان دەکات، لەسەر ئەوەش پێکهاتین کە ئێمە سبەی ڕاستەوخۆ پاش گەشتنمان بۆ ئەمستەردام بەرەو نوسینگەکەمان

دێین..

دوو کاژێری کۆتایی زۆر بە هێواشی گوزەر دەبوو، کەمێك دەستم بە ڕۆشتن و ئەمسەرو ئەوسەرکرد، بەهۆی کورسیە نارەحەتەکانەوە لەشم داهێزرابوو، دەمەو کاتژمێر پێنج ڕێگاماندرا یەکە یەکە بەرەو بەشیکی دیکەی ئەولای هۆڵی زیندانەکە بڕۆین کە شوێنی دوشکردن و ئاودەستخانەی لێبوو، لە ئاوێنەکەوە سەیری دەموچاوم کرد زۆر لاواز و زەرد دەهاتمە بەرچاو، ژێر چاوەکانمان ڕەش ببوون. هەرچۆنێك بێت بەمجۆرە گەیاندمانە کاتژمێر شەش و کۆمەڵێك کەسانی دەزگای هەواڵگری هاتن بە شوێنمانداو ئێمەیان برد، کۆمەڵیك کەس بوون کە دەنەفەرێك دەبوون، پاسپۆرتەکانمان وەرگرتەوەو بە خێرایـی بەناو هۆڵەکەدا براین، دیسانەوە بێگومان لەبەردەمی کۆمەڵێکی زۆر لە کامیراو ڕۆژنامەنوسانەوە کە چاوەڕوان بوون.

بە ڕێگاوە بەرەو فڕۆکەکە پەیوەندیمان بە ئاژانسی دەنگوباسی هۆڵەنداوە ‹ ANP › و کۆمەڵێك ڕۆژنامەوانی دیکەوە کرد کە دەیانویست بزانن چ کاتێك ئێمە دەکەوینەڕێ.

لەناو فڕۆکەکەو لە کاتی گەشتەکەدا جیرارد ڕۆژنامە تورکیەکانی سەرلەبەیانی بۆمان دەخوێندەوە، کە جگە لە بابەت و باسی ئۆجەلان هیچی دیکەی ئەوتۆیان باس نەکردبوو! باسی ئەوەیان کردبوو کە حکومەتی تورکیا ماوەی نەداوە پارێزە بیانیەکانی ئۆجەلان بێنە نێو وڵاتەوە... گەشتەکەمان گەشتێکی هێمن و ئارام بوو، توانیم تۆزێك بخەوم، کە گەشتینە فڕۆکەخانەی ئەمستەردام لە بەردەم دەرگای هاتنە دەرەوەدا میدیاکان چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، هەرچی ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنی گرنگ و ناودار هەبوو کەسێکی خۆی ناردبوو!

کە من و تیس سەرقاڵی وەڵامـدانـەوەی ڕۆژنامەنوسان بووین، فکتۆر تەلەفۆنی بۆ ستاین – کە دیسانەوە گەڕابۆوە بۆ نوسینگە - کرد بۆ ئەوەی گەشتنی بە سەلامەتی ئێمەی پێڕاگەیەنێت و ئاگاداری کاتەوە کە ئێمە پاش نزیکەی یەك کاژێر لە ئەمستەردام دەبین.

وێرای ئەوەی ئێمە ماوەمان نەدرا بچینە نێو تورکیاوە و نەمانتوانی ئۆجەلان ببینین یاخود قسەی لەگەڵدا بکەین، بەڵام هەمووومان لەسەر ئەوە کۆك بووین

که سەفەرەکەمان بۆ ئەستەنبول هەروا بە فیڕۆ نەچوو، سەرنجی رایگشتی بۆ ئۆجەلان بەهۆی دەستگیرکردنی ئێمەوە زۆر زیاتر گەشەی کرد و توانیمان ئەوە بۆ حکومەتی تورکیا ئاشکرا بکەین کە تەنانەت پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلانیش ئێمە دەستبەرداری نابین و کار لەبەرژەوەندی ئەودا دەکەین، بەڵام هەتا ئێستا نازانین داخۆ ئۆجەلان لە کوێ یەو چی لێبەسەردا هاتووە یان لەمەو دوا کەیسەکە بەچ ئاقارێکدا دەڕوات...

# له ژێر ئاگرباراندا

## -١-

لە ماوەی پاش گەڕانەوەمان لە ئەستەنبوڵ هەوڵماندا بە زووترین کات زانیاری رونتر سەبارەت بە روداوەکانی تایبەت بە رفاندنی ئۆجەلان لە باڵویزخانەی کینیادا پەیدا بکەین، بارودۆخ و رەوشی دەستگیرکردنەکە گرنگی زۆری هەبوو بۆ ئێمە لەمەڕ سکاڵاکەی ستراسبۆرگەوە، ئەمە یەکێك دەبێت لەو ئەرجومێنت و مەهانەیەی کە ئێمە بەهۆیەوە دەتوانین داوا لە کۆمیسیۆنەکە بکەین دەستبەجێ دەخالەت لە کارەکەدا بکات – تەنانەت بۆ پرۆسەی دادگاییکردنیش لە تورکیا –، چونکە ئەو دادگاییکردنە لەسەر بناغەی پێشێلکردنێکی زۆر گەورەی یەکێك لە بەندەکانی ‹ EVRM › بەڕێوە دەچێت، ئەگەر بێتوو تورکیا ئۆجەلانی نەڕفاندایە ئەوە بێگومان نەیدەتوانی بیخەنە بەردەم دادگا، بۆ کارکردن و سەلماندنی ئەو راستیەی کە دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان نایاساییە - رفاندن بە هەموو شێوەیەك دژ بە بنەماکانی یاسای نێونەتەوەییە بەگشتی و دژ بە بنەماکانی EVRM بە تایبەتی – دەبێت ئێمە تەواوی هەوڵی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی وردەکاریەکانی دەستگیرکردن و چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارە بەدەستبخەین.

ئەو زانیاریانەی کە جۆن بە هۆی پەیوەندییە تایبەتیەکانی خۆیەوە لە یۆنان دەستی کەوتوون پارادۆکس و دژ بە یەك بوون، پێدەچوو لایەنە تێوەگلاوەکانی نێو حکومەتی یۆنان لە هەوڵی ئەوەدا بن هەر یەکەو

هەوڵ بدات ئەوی دی تاوانبار بکات، بۆیە باشترین کار ئەوە بوو کە ئێمە بتوانین راستەوخۆ لەگەڵ ئەو چوار کەسە کوردە قسە بکەین کە لە نەیرۆبی هاوەڵی ئۆجەلان بوون، بەڵام ئەمەش ئاسان نەبوو، من بەردەوام لە پاش ئەو روداوەوە پەیوەندیم بە جۆنەوە دەکرد، بەڵام بارودۆخەکە لەیەکەم تەلەفۆنیەوە لەگەڵ کەریم هێشتا هەر نادیارو نائارام بوو، ئەوان هەرچواریان هەتا ئێستا دەست بەسەرن و بۆیان نەبوو کە پەیوەندی بە هیچ کەسێك لە دەرەوە بکەن، وێرای ئەوەش هێشتا ئەو هەڕەشەیە بەردەوامە کە ئەوان لەگەل بەدەرکەوتنیان لە باڵوێزخانەکە لە لایەن کینیاوە دەستگیر دەکرێن و رادەستی تورکیا دەکرێنەوە.. لە رێگای جۆن و زێڕینەوە من داخوازییەکی زۆر بە پەلەم لێداوا کرابوو بۆ ئەوەی کار بۆ ئەوە بکەم هەر چوار یاوەرەکەی ئۆجەلان ئازاد بکرێن و بە سەلامەتی بەرەو ئەوروپا بگەڕێنەوە، لەم بارەوە نامەم بۆ باڵوێزخانەی یۆنان و کینیا لە هۆڵاندا نوسی و داوای ئەوەم لێکردبوون کە ئەوان گرەنتی ئازادکردن و گەڕانەوەی سەلامەتی ئەو چوارکەسە بۆ ئەوروپا لە ئەستۆی خۆیان بگرن، هەروەها داوامان لە هاوکاری و پشتیوانی حکومەتی هۆڵەنداو چەند حکومەتێکی دیکەی ئەوروپی و ریکخراوە گرنگەکان کرد، هەروەها بەردەوام پەیوەندیم بە کۆمەڵێك رۆژنامەنوسەوە دەکرد کە راستەخۆ بە شێوەیەکی مەیدانی بتوانن ریپۆرتاژ سەبارەت بە رەوشی روداوەکان لە باڵوێزخانەی یۆنان لە کینیا ئامادە بکەن. پێنج رۆژ پاش ئەمە کەریم کە هەڵگری رەگەزنامەی سویدی بوو رێگای درا بگەڕێتەوە بۆ سوید، بەڵام سێ ئافرەتەکەی دیکە هێشتا لەوێ دەستبەسەر بوون. پاش کارو ماندوو بوونێکی بێپسانەوە لە کۆتایی مانگی فێبروەی نزیکەی دە رۆژ پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان، توانرا ئەو سێ کەسەی دیکەش لە باڵوێزخانەکە بگوێزرێنەوەو بە سەلامەتی بگەیەنرێنە یۆنان، حکومەتی یۆنان کە ئەم ‹ پرۆسەی فریاکەوتن› ەی " لەبەر هۆکاری مرۆیی " ئەنجامدا لە لایەن یەکیەتی ئەوروپاوە بە تایبەت لە لایەن بەلجیکا و فەرەنساوە پشتیوانی کرا.

یۆنان لەم ساتەدا زۆر پێویستی بە هاوکاری وڵاتانی هاوڕێی بوو لە یەکیەتی ئەوروپا بۆ سەرخستن و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی فریاکەوتنەکەی،چونکە حکومەتی سـەرۆك وەزیـران سمیتس بەهۆی پەیوەست بوونی وڵاتەکەیەوە بە روداوەکـانـی کیناو دەستگیرکرانی ئۆجەلانەوە توشی تەنگەژەو قەیرانێکی زۆر قوڵ هاتبوو! حکومەت بە فەرمی لێکۆلینەوەی یاسایی دەستپێکردبوو، دادوەری وەزارەتی داد کەسانی سیاسەتمەدارو فەرمانبەرانی دەزگای هەواڵگری تێوەگلاوی نێو ئەم مەسەلەیەی تەنگەتاو کردبوو، لەوەش زیاتر مەسەلەی ئۆجەلان باندۆری سیاسی زۆری لەسەر وڵاتیان خستەوە، ئەم مەسەلەیە تەنها سەری بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری نەخوارد، بەڵکو جگە لە ستاڤراکاکیس و پانگالۆس، وەزیری ناوخۆ و ئاسایشی گشتی دەبوو دەست لەکار بکێشنەوە، ئەمە وێرای ئەوەی کە سومعەو ناوبانگی حکومەت لەبەردەم هاوڵاتیانی خۆیدا بە شێوەیەکی زۆر خراپ نەك تەنها لەکەدار بوو، بەڵکو ئاکامێکی زۆر خراپی لەسەر حکومەت لێکەوتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە خەڵکی یۆنان بە دڵێکی گەرمەوە پشتوانی لە مەسەلەی کورد دەکەن دژ بە تورکیا مەسەلەیەك کە باووباپیرانی خۆیان تەنها یەك سەدە لەمەوبەر هەمان تێکۆشان و خەباتیان لە دژی تورکیا بۆ هەمان مەبەست بەرپا دەکرد، ئەمە وێرای ئەوەی پشتیوانی لە خودی ئۆجەلان و پەکەکە لە یۆناندا زۆر گەورەیە بۆیە حکومەتی یۆنان لە لایەن چەپەکان و راستەکانیشەوە سەرزەنیشتی کراو بەرپرسیاری ئەوەی خرایە ئەستۆ کە ئەو ئۆجەلانی بە دیاری پێشکەش بە دوژمنی خوێنەخۆری وڵاتەکەیان کردووە!

پاش ئازاد بوونی یاوەرەکانی ئۆجەلان ئیتر ئێمە هەلی ئەوەمان بۆ رەخسا کە روداوەکان و چیرۆك و بەسەرهاتی کینیا لە دەستی یەکەمەوە راستەوخۆ بزانین، پاش ئەوەی پیلانی دەستگیر کردنی راستەوخۆی ئۆجەلان لەگەڵ گەیشتنی بە فڕۆکەخانەی نەیرۆبی سەری نەگرت و ئۆجەلان بە

سەلامەتی دەگاتە کن باڵوێزخانەی یۆنان لە نەیرۆبی، جۆرج کۆستاولاس ‹ GEORGE KOSTOULAS› بالوێزی یۆنان لەو وڵاتە بە شێوەیەکی رۆژانە لە لایەن حکومەتی خۆیەوە فەرمان و رێنوێنی بۆ دەچێت بە تایبەت لە لایەن پەنگالۆس، وەزیری ئەو دەمەی دەرەوەی یۆنان، ئامانجی ئەم رێنوینی کردنانەش دیارە ئەوە بوون کە بتوانن بە شێوەیەك لە شێوەکان ئۆجەلان هەڵخەڵەتێنن و بەفێڵ قایلی بکەن بچێتە دەرەوەی باڵوێزخانەکە، ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتی یۆنان بەڵێنی تەواوی ئەوەی بە ئۆجەلان دابوو کە هەتا ئەو کاتەی رەوانەی باشوری ئەفریکای دەکەن لەژێر پاراستن و پارێزبەندی تەواوی حکومەتی یۆناندا دەبن.

رۆژێك پاش گەیشتنیان بۆ نەیرۆبی پەنگالۆس پێشنیازی ئەوە دەکات کە " بۆ ئەوەی ئۆجەلان بحەسێتەوەو ماندوو بوونی دەربچێت ئەوە دەتوانێت چەند رۆژێك بڕوات بۆ کێڵگەی کەسێکی یۆنانی لە نەیرۆبی"، بەڵام کاتێك ئۆجەلان ئەم پێشنیازە رەتدەکاتەوە هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەدەن ‹ بۆ کات بەسەر بردن› بەشداری بکات لە گەشتێکی شکاردا، بەڵام ئۆجەلان ئەم داوایەش رەت دەکاتەوە، هەروەها ئۆجەلان ئامادە نەبووە بە ئۆتۆمبیل گەشتێك بۆ سۆمال بکات، یۆنان هەوڵی داوە - پێدەچێت وەك ئامادە کاریەك بۆ کردەوەی رفاندنەکەی ئۆجەلان لە پازدەی فێبروەری – بە هەر شێوەیەك بێت هاوەڵەکانی ئۆجەلان ناچاربکەن باڵوێزخانەکە بەجێبێڵن، چەند رۆژێك پێش کردەوەی رفاندنەکە چوار کەسی دەزگای هەواڵگری یۆنان دێن بۆ کینیاو هەوڵ دەدەن هاوەڵەکانی ئۆجەلان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بەڵام پاش ئەوەی هاوەڵەکانی ئۆجەلان بە پشتگیری باڵوێزەکە ئەوە رەتدەکەنەوە کەبەبێ سەرکردەکەیان لە باڵوێزخانەکە دەرکەون ئەوکات ئیتر کارمەندەکانی دەزگای هەواڵگری یۆنان ناچار بانگ دەکرێنەوە بۆ یۆنان و دەڕۆنەوە..

بەمجۆرە بۆیان دەردەکەوێت زۆر لەوە قورسترە وەك ئەوەی ئەوان چاوەڕێیان دەکرد بتوانن ئۆجەلان لە باڵوێزخانەکە بێننە دەرەوە، ئەمەش

ئەوە ناگەیەنێت کە باڵوێزی یۆنان لە پیلانەکەدا هاوباش نەبووە و بێئاگا بووە، رەنگە لە سەرەتای پیلانەکەدا باڵوێز بێ ئاگابووبێت لەوەی کە حکومەتەکەی لە هەوڵی ئەوەدایە ئۆجەلان بباتە دەرەوەی باڵوێزخانەکە تاکو بتوانن فرسەتێك بە تورکەکان بدەن و بە ئاسانی بیخەنە نێو داوەکە، جگە لەوەش حکومەتی یۆنان نەیخواستووە دەستی خۆی لەم پیلانەدا ئاشکرا بکات و بە روونی بیخاتە بەرچاوان بۆ ئەوەی ئەم بێ ئاگا بوونەی خۆشی وا دەربخات دەبوو ئۆجەلان بە خواستی خۆی باڵوێزخانەکە بەجێبێڵێت، بۆ نمونە لە کاتی گەشتێکی شکاردا تورکەکان بتوانن دەستگیری بکەن ئەوە ئەوسا بە فەرمی یۆنان بەرپرسیار نەدەبوو لەو روداوە...

پاش ئـەوەی رووندەبێتەوە کە ئۆجەلان هۆشیارە بەرامبەر بە هەوڵەکانی ئـەوان بۆ هێنانە دەرەوەی لە باڵوێزخانەکەو پشتی بە پارێزبەندی باڵوێزو باڵوێزخانەکە قایمە، دەبوو بیر لە شتێکی دیکە بکەنەوە بۆیە ناچار بوون لەم بارەوە داوای هاوکاری کینیەکان بکەن، سێ رۆژ بەر لە دەستگیرکردنەکە، واتە لە رۆژی ١٢ی فێبەروەری کۆستاولاس لە لایەن بویانا گۆدانا ‹ BOYANA GODANA› وەزیری دەرەوەی کینیاوە تەلەفۆنی بۆ دەکرێت و داوای چاوپێکەوتنی پەلەی لێدەکرێت ئەگەر بشکرێت هەر ئەو رۆژە بێت، پێدەچێت کۆستاولاس هەستی بە شتێك کردبێت بۆیە لەوەڵامی داواکەدا گوتبووی کە ئەو نەخۆشەو ناتوانێت هەتا رۆژی دووشەممەی داهاتوو هیچ کارێك ئەنجام بدات... رەنگە کۆستاولاس بەمە هیوای ئەوەی خواستبێت کە سێ رۆژ کات بەس بێت بۆ ئەوەی کارێك بۆ سەلامەتی ئۆجەلان بکات، رەنگە ویستبێتیشی کات بەدەست بێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ حکومەتەکەی خۆیدا گفتوگۆیەك لەو بارەوە ئەنجام بدات..

پاش ئەوەی باڵوێز لە ١٥ ی فێبروەری چاوی بە گۆدانا دەکەوێت ئیتر ئۆجەلان و هاوەڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە دەبێت باڵوێزخانەکە بەجێبێڵن، ئەگەر ئەوە نەکەن هەروەك باڵوێزەکە بەوان دەڵێت ئەوە رەوشەکە بۆ خۆیی

و بۆ کارمەندانی باڵوێزخانەکە زۆر خەتەرناك دەبێت، بەڵام کۆستاولاس دڵنەوایی ئۆجەلانی داوەتەوە بەوەی کە کینیەکان بەڵێنی ئەوەیان داوە ئۆجەلان و هاوەڵەکانی بۆ وڵاتێکی ئارام بە دڵی خۆی دەگوێزنەوە... من لەوباوەڕەدا نیم کە باڵوێزەکە هەتا ئەو کاتە بێئاگا بووبێت لەوەی کە چی ڕوودەدات! بۆچی و چۆن وا دەستبەجێ وڵاتێك ئامادە بووە ئۆجەلان بگرێتەخۆ؟ بەرژەوەندی کینیا لێرەدا لە چیدایە کە ئۆجەلان بەرەو شوێنێکی سەلامەت بگوێزنەوە؟ ئەگەر کینیەکان بەڕاست دەخوازن یارمەتی ئۆجەلان بدەن بۆچی باڵوێزخانەکە لە مەترسیدایە؟.

کەمێك پاش گفتوگۆکەی کۆستاولاس لەگەڵ ئۆجەلان، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری کینیا دێت بۆ باڵوێزخانەکە، ئەو ڕاستەخۆ ئەوەی گوتووە کە دەبێت هەر ئێستا ئۆجەلان لە کینیا نەمێنێت، باڵوێزی یۆنان لەو کاتەدا لە لایەن یەکێك لە پۆلیسە کینیەکانەوە هۆشداری پێدەدرێت کە ئەگەر بێتو ئۆجەلان لەگەڵیاندا نەیەت ئەوە ناچاردەبن بە هێز بێنە نێو باڵوێزخانەکەو ئۆجەلان دەستگیربکەن یاخود بیکوژن. بە پێی وتەی بەرپرسی دەزگای هەواڵگری کینیا تاکە شت لەم ساتەدا کە فریای ئۆجەلان بکەوێت ئەوەیە کە ئەو لە باڵوێزخانەکە بێتەدەرو لەگەڵیاندا بڕوات، ئەو بە هاوکاری کارمەندانی دەزگاکەی دەبرێت بۆ فڕۆکەخانەو لەوێ فڕۆکەیەك چاوەڕوانی دەکات، تەنها شت کە ئۆجەلان پێویستە بیکات ئەوەیە کە بزانین دەیەوێت بۆ چ وڵاتێکی بەرین، ئۆجەلانیش لە وەڵامدا گوتویەتی دەیەوێت بڕوات بۆ هۆڵەندا، کینیەکان بۆ ئەمە تەلەفۆنێکی کورتیان کردووە و پاشان بە ئۆجەلانیان گوتووە ‹ زۆر باشە هەموو شتێك ئامادەیە›!

بەڵام بیگومان ئۆجەلان بڕوای بە بارودۆخەکە نەبووە بۆیە داوای کردووە کە دەیەوێت تەلەفۆن لەگەڵ ژمایەك لە ڕاوێژکارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات بکات بەر لەوەی بڕیار بدات، بێگومان ئەمەش ڕێگای نەدراوە. لەم کاتەدا پەنگالۆس کە پێدەچێت ئاگاداری وردودرشتی ڕەوشەکەی نێو باڵوێزخانەکە

بووبێت تەلەفۆنی بۆ ئۆجەلان کردووە و داوای لە ئۆجەلان کردووە کە ئەو داوایەی کینیەکان پەسەند بکات و لەگەڵیاندا بچێت بۆ فڕۆکەخانە" بێگومان باشتردەبێت بۆ خۆت ئەگەر بگەیتە ئەوروپا، بۆیە دەبێت ئەو کارە بکەیت" ئەمە وتەی پەنگالۆس بووە لەگەڵ ئۆجەلان کە ئاگاداری ئەگەری هاتنەژورەوەی بەزۆری پۆلیسی کینا بۆ ناو باڵوێزخانەکە لە هەر ئانوساتێکدا بووە، بۆیە تەنها چارەسەر ئەوە بووە کە ئۆجەلان بەگوێیان بکات و لەگەڵ کینیەکاندا بڕوات بۆ فڕۆکەخانە.

بەمجۆرە کۆستاولاس داوای لە ئۆجەلان کردووە کە بەگوێیان بکات و لەگەڵیاندا بەرەو فڕۆکەخانە بڕوات، بەپێی وتەی باڵوێز ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە ئۆجەلان بەرەو هۆڵەندا دەبەن، بەڵام کاتێك ئۆجەلان و هاوەڵەکانی لەگەڵ باڵوێزەکەدا بە ئۆتۆمبیلی باڵوێزەکە خۆی لە ناوباڵوێزخانەکە دێنە دەرەوە سەیردەکەن چوار ئۆتۆمبیل لە جۆری جێب لە دەرەوە وەستاون، پۆلیسە کینیەکان ئۆتۆمبیلی باڵوێزەکە رادەگرن و زۆر لە ئۆجەلان دەکەن کە دابەزێت و لەگەڵیاندا بڕوات، بەڵام کاتێك کۆستاولاس و هاوەڵەکانی ئۆجەلان داوای ئەوە دەکەن لەگەڵ ئۆجەلاندا بن لە لایەن پۆلیسەکانەوە رێگریان لێدەکرێت و پێیان دەڵێن ‹ لە فڕۆکەخانە یەکتر دەبیننەوە›، لەم نێوەدا ئۆجەلان دەخرێتە نێو یەکێك لە جێبەکان و دەرگاکە دادەخەن و ئۆتۆمبیلەکە بە خێرایی لێدەداو بەرەو فڕۆکەخانە دەڕوات.

ئەوانی دیکە هەوڵدەدەن دوای ئۆتۆمبیلەکەی ئۆجەلان بکەون، بەڵام ئەو زۆر خێراتر دەبێت و تا بێت زیاتر لەوان دوور دەکەوێتەوە، کاتێك دەگەنە فڕۆکەخانە دەبینن دەرگای جێبەکەی ئۆجەلانی تێدا بوو هێشتا کراوەن و ئۆتۆمبیلەکەش هیچ کەسی تێدا نەماوە، ئۆجەلان ئەو ساتە لە نێو فڕۆکەیەکی تورکیدا بوو، بەڕێوە بەرەو تورکیا!

- ٢ -

حکومەتی کینیا تاکە حکومەتی تێوەگلاو، بەڵکو بە دڵنیایشەوە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ئەم کارە نەبوو، جگە لە یۆنان و تورکیا حکومەتی ئەمەریکا رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لەم پیلانەدا هەبوو، سەرەتا یاخود با بڵێین چەند رۆژێك پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان ئەم وڵاتە هەموو پەیوەندی و دەستێکی خۆی لەم پیلانەدا نکوڵی لێدەکرد، بەڵام سەرەنجام لە لایەن چەندین دامەزراوەی فەرمی ئەوە چەسپی کە تورکیا لە رێگای هاوکاری و پشتیوانی ئەمەریکاوە ئۆجەلانی بەردەست کەوتووە.

سەرقاڵبوونی ئەمەریکا بەم کارەوە نیوساڵ بەر لە دەرئەنجامی کۆتایی دەستگیرکردنەکە دەستپێدەکات، کاتێك ئۆجەلان هێشتا لە سوریا بوو، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٨ تورکیا فشارەکانی خۆی بۆسەر دیمەشق زیاتر دەکرد تا کار گەیشتە هەڕەشەی سەربازی ئەگەر بێتو سوریا ئۆجەلان لە وڵاتەکەی دەرنەکات، بێگومان تورکیا لە پازدە ساڵی رابووردوودا نیگەران بوو لەوەی کە سوریا داڵدەی ئۆجەلانی دەدا، بۆیە ئیتر راشکاوانە داوای کۆتایی ئەمەی دەکرد و خوازیاری ئەوە بوو کە دوژمنی ژمارە یەکەمی دەوڵەتی تورکیا دەستگیر بکرێت و رادەستی تورکیا بکرێتەوە.

دەوڵەتی تورك کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ دا لە هەرکات زیاتر هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستگیرکردنی ئۆجەلان چڕتر کردەوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. حکومەتی سەرۆك وەزیران ئەجەوید لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بوو، راستە توندڕەوەکانیش لە تورکیا لەهەموو کات بەهێزتر بوون، گومان لەوەدا نەبوو کە لەو هەڵبژاردنەدا ئەجەوید دەدۆڕێت، بۆیە ئەجەوید پێویستی بەوە بوو لە ناوخۆی وڵاتدا سەرکەوتنێك بۆخۆی بەدەست بێنێت، شتێك بەدەست بێنێت کە مسۆگەری سەرکەوتنی بکات بۆ نمونە دەستگیرکردنی ئۆجەلان، ئەمەریکاش بەڵێنی ئەوەی دابوو بە تورکیا کە بۆ ئەم کارە هاوکاری دەوڵەتی تورکیا دەکات، چونکە ئەمەریکاش زۆری

لا مەبەست بوو کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بە چەسپاوی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بنکەی ئاسمانی ‹ ئەنچەرلیك› بەردەوام بەکاربێنێت، بۆیە ئەمەریکا خوازیاری ئەوە نەبوو کە ئەو پەیوەندیانە بە هاتنە سەر کاری راستە توند رەوەکانی تورکیا بخاتە بەردەم هەڕەشەوە.

بۆ ئەوەی دەستبەکاریش بن بۆ دەستگیرکردنی ئۆجەلان دەبوو سەرەتا کار بۆ ئەوە بکەن ئۆجەلان لەو پەناگا ئارامەی کە ساڵانێکی دووروو درێژە لێی بەهرەمەندە، دابڕن بۆیە ئەمەریکا نەك تەنها رێگای بە تورکیا دا هەڕەشەی جەنگ بەرامبەر بە سوریا بکات، بەڵکو خۆشی ژێر بەژێر کەوتە سەر خەت و چەندین داخوازی هەڕەشە ئامێزی لە سوریا دەکرد بۆ ئەوەی لە ئاکامدا بتوانێت سوریا ناچار بکات دەستبەرداری ئۆجەلان بێت، بۆیە سوریاو تورکیا لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ دا رێکەوتنێکیان مۆرکرد[56] و تێیدا سوریا ناچارکرا هەموو هاوکاری و پشتیوانیەکی خۆی بۆ ئۆجەلان و پەکەکە رابگرێت، سەرەنجام دەبوو ئۆجەلان سوریا بەرەو روسیا بەجێبێڵێت و پاشان لەوێشەوە بەرەو ئیتالیا بڕوات، ئیتالیاش تا سەر نەیتوانی بەرگەی فشارەکانی ئەمەریکا بگرێت...

لە کاتێکدا دەزگــای هەواڵگری ئەمەریکا هەنگاو بەهەنگاو چاودێری رۆشتنە دەرەوەی ئۆجەلانیان لە ئیتالیا دەکرد، لە رێگای کەناڵە دیبلۆماسیەکانی خۆشیانەوە سەرقاڵی ئەوە بوون کە هاوپەیمانەکانی خۆیان لە ئەوروپا و روسیاو ئەفەریکا لەوە ئاگادارکەنەوە کە ئەمەریکا بەهیچ جۆرێك قایل نابێت کەسیان داڵدەی ئۆجەلان بدەن. لە راستیشدا دەبێت ئەوە راستییە بگوترێت کە ئەمەریکا پێویستی بەوە نەبوو فشارێکی زۆر بخاتە سەر ئەو دەوڵەتانە، چونکە هیچ کام لەو دەوڵەتانە پەرۆشی ئەوە

56- چەند رۆژێك بەر لەو رێکەوتننامەیە سەرۆکی میسر حوسنی موبارەك (کە پێدەچێت لەسەر داوای ئەمەریکا بووبێت)، سەردانێکی بە پەلەی بۆ سوریا کردو خەتەرناکی رەوشەکەو جدی بوونی هەڕەشەکانی تورکیای بە سەرانی ئەو وڵاتە راگەیاند- وەرگێڕ-

نەبوون کە پێشوازی لە ئۆجەلان بکەن، بەڵام بێگومان مامەڵەی ئەمەریکا رۆلی زۆر گرنگی هەبوو لەوەی کە هیچ کام لەوانە ئامادە نەبوون ئۆجەلان بگرنە خۆیان و پەناگەیەکی ئارامی بدەنێ.

بۆچی سەرەنجام ئۆجەلان گەیشتە کینیا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە بە روونی وەڵامی نادرێتەوە ئەگەر نەزانین کێ بوو ئەو کەسەی ئۆجەلانی رادەستی تورکەکان کرد؟ ئەمەریکیەکان هەتا ئەمڕۆ باس لەوە دەکەن کە ئەوان هەتا ئۆجەلان نەگەیشتبووە نەیرۆبی ئاگاداری ئەوە نەبوون و نەیاندەزانی ئەو لە کوێیە، گوایا دەزگای هەواڵگری ئەوان ئەو کاتە زانیویەتی کە ئەو لە کینیایە کاتی ئۆجەلان لە نێو باڵویزخانەکەوە بە تەلەفۆنی دەستی قسەی کردووە، بەڵام ئەمەریکا دان بەوەدا دەنێت کە ئەوان راستەوخۆ پاش زانینی ئەو راستیە دەزگای هەواڵگری تورکیان لەوە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام دەست تێکەڵاوکردنیان بۆ رفاندن و دەستگیرکردنی ئۆجەلان رەتدەکەنەوە!... من لەو بـاوەڕەدام کە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان تورکیاو ئەمەریکا لەم بارەدا زۆر لە تەلەفۆنێکی تایبەت بە ئاشکراکردنی شوێنی تازەی ئۆجەلان زیاتربووە، ئەگەرێکی زۆر لە ئارادایە کە نەك یۆنانیەکان، بەڵکو حکومەتی ئەمەریکا لە پشت بیرۆکەی ئەوە بێت کە ئۆجەلان هەرچۆنێك بووە رەوانەی نەیرۆبی بکرێت...

کردەوەیەکی وەك کـردەوەی دەستگیرکردن و رفاندنی کەسێکی وەك ئۆجەلان دەبێت بە وریایی پیلانی بۆ دانرابێت و جێبەجێ کرابێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەسەر زەوی پێویستەو دەبێت شوێنێك بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن دەزگا هەواڵگریەکانەوە ئامادە کرابێت... ئەگەر ئەمەریکا ویستبێتی زیاتر لە دەستگرتن هاوکاری تورکیا بکات بەبێ ئەوەی سەرکێشی ئەوە بکات ئەندامانی دەزگای هەواڵگری خۆی بە ئاشکراو لەبەرچاوان تێوەگلێنێت و ببێتە مایەی سەرنجراکیشان ئەوە کینیا لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەفەریکا بۆ ئەمەریکیەکان باشترەو گونجاوترین هەڵبژاردنە

!، چونکە هەر لە دوای هێرشەکەی ساڵێك لەمەوبەر بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمەریکا نزیکەی سەد کارمەندی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا لەو وڵاتە جێگر کراون، سەرباری ئەمەش حکومەتی کینیا لەم بارەوە لەبەر هێرشەکەی پارساڵ بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمەریکا – بێگومان بەرامبەر بە پێشکەشکردنی تۆزێك پارەش- بێ ئەملاو ئەولا ئامادە دەبێت هاوکاری ئەمەریکا بکات.

هەندێك کەسیش باس لەوە دەکـەن کە لە نێو ئەو تیمە تورکەی ئۆجەلانیان دەستگیرکرد لە نەیرۆبی ئەندام و کەسانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا هەبووە، من ئەمە نازانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەتی ناکەمەوە، ئەو کرتە ڤیدیۆیانەی ئۆجەلان لە نیو فڕۆکەکەدا کە بەڕێگاوەیە بۆ تورکیاو زۆر نیشاندراو و دوبـارە کرانەوە، تەنانەت لە لایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕیشەوە هەمان شت دەسەلمێنن، راستە هەموو کەسانی تیمەکە ماسك بەسەرن و کەس دەموچاویان نابینێت، بەڵام بە ئاسانی هەست بەوە دەکرێت کە لانی کەم یەکێك لە ئەندامانی تیمەکە چاوی شینە، راستە لە نێو کەسانی تورکیشدا چاوشین هەن، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەو کەسە چاوشینە هەرگیز قسەی نەکرد و نەك بەشداری لە سڵاوکردن و قسەکان ناکات،بەڵکو هیچ پرسیارێکیشی لە ئۆجەلان نەکرد، رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە تورکی نازانێت؟ لەکاتی خۆشی دەربڕینەکەشدا ئەو بە ئاشکرا دیارە کە شێوازی ئەمەریکی تەواو بەکاردێنێت کاتێك بە شێوازی (HIGH FIVE[57]) دەستی بەرزدەکاتەوە بۆ هاوکارەکانی، بەڵام زۆر بە ئاسانی دیارە کە ئەوانی دی زۆر باش نازانن وەك ئەو دەستیان بە دەستی یەکتردا بماڵن..

ئایا لە راستیدا وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەتا ئەو رادەیە هاوکاربوون لەگەڵ تورکیا؟ رەنگە وابێت، بەڵام ئەمە هەموو لە چوارچێوەی

---

57- high five ئەمە شێوازێکی دەربڕینی خۆشیە لە نێوان ئەمەریکیەکاندا کاتێك بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی سەرکەوتوانە دوو کەس یان زیاتر دەستیان بەرزدەکەنەوە و لەپی دەست و پەنجەکانیان بە دەستی یەکتردا دەماڵن دەڵێن good job -وەرگێڕ-

پێشبینیکردن و هەڵسەنگاندندا دەمێنێتەوە، تەنها تورکیا خۆی نەبێت هیچ وڵاتێکی دیکەی پەیوەندار بە رفاندنی ئۆجەلانەوە - یۆنان، ئەمەریکا، کینیا - ئامادە نیە ئەو راستیە ئاشکرا بکات و دان بەو هاوکاریەدا بنێت. هاوشێوەی ئەمەریکا یۆنانیەکانیش نکولی لەوە دەکەن کە هیچ شتێکیان سەبارەت بە پیلان یاخود کردەوەکەی رفاندنی ئۆجەلانیان زانیبێت، بەپێی لێدوانەکانی هەردوو وڵات هەموو ئۆپراسیۆنەکە بە تەواوی لە لایەن دەزگاری هەواڵگری تورکیاوە بە هاوکاری حکومەتی کینیا ئەنجام دراوە...

سەروك وەزیرانی یۆنان سمیتس لەم بارەوە لەبەردەم کەناڵەکانی میدیا رایگەیاند کە حکومەتەکەی هیچ جۆرە هاوکاری و کۆمەکێکی پێشکەش بە تورکیا نەکردووە بە پێچەوانەوە حکومەتی یۆنان هەتا دوا سات کاری بۆ ئەوە کردووە فریای ئۆجەلان بکەوێت و وێرای راوێژو داوای بەردەوامی یۆنان لە ئۆجەلان - ئەمە بەپێی قسەکانی سمیتس- کە باڵوێزخانەی یۆنان بەجێنەهێڵێت و هەر لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام پێدەچێت ئۆجەلان خۆی بڕیاریداوە باڵوێزخانەکە بەجێبهێڵێت.

ئەمەش دیارە بە پێچەوانەی لێدوانی هەرچوار هاوەڵەکەی ئۆجەلانە، نەك تەنها پەنگالۆس لە گرنگترین ساتی چارەنوسیدا پەیوەندی بە ئۆجەلانەوە دەکات و داوای قایل بوون و قبوڵ کردنی داواکەی کینیای لێدەکات،،بەڵکو پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلانیش هەرچوار هاوەڵەکەی ئەو لە ناو باڵوێزخانەکەدا دەستبەسەر دەکرێن و بەزۆر داوای ئەوەیان لێدەکەن کە دەبێت بڵێن ئۆجەلان بە خواستی خۆی باڵوێزخانەکەی بەجێهێشتووەو چۆتە دەرەوە!

تەنانەت کینیاش زۆر توندی ئەوە رەتدەکاتەوە کە لە دوورو نزیك هیچ پەیوەندیەکی بە رفاندنی ئۆجەلانەوە هەبێت، گۆدانا وەزیری دەرەوەی کینیا لە لێدوانی رۆژنامەوانی خۆیدا چەند رۆژێك پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان، رادەگەیەنێت کە کینیا لە رۆژانی سەرەتادا بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری

ئەوە نەبووە ئۆجەلان لە وڵاتەکەدایە، تەنها ڕۆژی ١٥ی فێبروەری – ڕۆژی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی ڕفاندنەکە- ئاگاداری ئەوە بووە! ئەوان خۆیان گومانی ئەوەیان کردووە کە ئەو سەرکردە کوردە خۆی لە نێو باڵوێزخانەی یۆناندا حەشار داوە، گۆدانا حکومەتی یۆنان بەوە گوناهبار دەکات کە بە شێوەیەکی نا یاسایی ئۆجەلانیان بە قاچاخ هێناوەتە وڵاتەکەیەوە! پاش دەستگیرکردنەش حکومەتی کینیا داوای لە یۆنان کرد کە باڵوێزەکەی خۆی لەو وڵاتە بکێشێتەوە.

بەپێی وتەکانی گۆدانا، حکومەتی کینیا پاش ئەوەی زانیویەتی ئۆجەلان لە کینیایە، بە باڵوێزی یۆنانیان ڕاگەیاندووە کە ئۆجەلان دەبێت دەستبەجێ خاکی کینیا بەجێبێڵێت، ئەم شتە چۆن دەکرێت ئەوە ئیتر بەرپرسیاریەتی حکومەتی یۆنان بووە و کینیا لەم بـوارەدا بە هیچ شێوەیەك ئەرکی نەخستۆتە سەر شانی خۆی و هیچ ڕۆڵێکی لەوەدا نەبووە کە ئۆجەلان لە کینیا بەدەرکەوێت، هەروەها دیسان بە پێی وتەکانی گۆدانا حکومەتی کینیا سەبارەت مەسەلەی ئۆجەلان هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ تورکیادا نەبووە، لەوەش خۆشترو بەهێزتر: حکومەتی کینیا بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ڕادەستکردنەوەی ئۆجەلاندا نەدەبوو، چونکە ئۆجەلان لە تورکیا حوکمی لەسێدارەدانی هەیە!

پێشبینی تێوەگلان و هاوکاری کینیا لە ڕفاندنەکەی ئۆجەلاندا پاش سێ مانگ لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنەکە دیسان زیاتر بەهێزتر بوو، سەرەتای مانگی مەی ئەندامێکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئاشکرای کرد کە چەند کاربەدەستێکی حکومەتی وڵاتەکەی پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیان وەك پاداشتێکی هاوکاری کردنیان لە ڕفاندنی ئۆجەلان، لە تورکیاوە وەرگرتووە، بەڵام حکومەتی کینیا وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیە لە تورکیا پشتڕاست ناکاتەوە، لەم بارەوە لیژنەیەکی پارلەمان دروستکرا بۆ لێکۆلینەوە لە ڕاستیەکان، بەڵام هیچ ئەنجامێك لەم بارەوە بە دیار نەکەوت.

وێـرای پەیوەندی و تێوەگلانی یۆنان و کینیاو ئەمەریکا، لەلایەن زۆر کەسەوە باس لە رۆڵ و تێوەگلانی مۆسادی ئیسرائیلی دەکرێت، ئەم پاگەندانەش لە لایەن سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیاوە نەجاتی بلیجان ‹ NECATI BILICAN›  جەختی لەسەر کرایەوە! بلیجان باس لەوە دەکات هەر لە سەرەتای کارەکەوە مۆساد زۆر بەوەردی بەشداری لە ئۆپراسیۆنەکەدا بووە و بەشوێن ئۆجەلاندا گەڕاوە، مۆساد بەردەوام زانیاری تایبەت بە شوێنی مانەوەی ئۆجەلان پاش رۆشتنی لە رۆما بە تورکەکان داوە " لە دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا دەبێت سوپاسێکی زۆری مۆساد بکرێت کە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گرنگی هەبوو" ئەمە لێداوانی بلیجانە !

دەزگا هەواڵگریەکانی دیکەی خۆرئاواش پێشبینی ئەوە دەکەن کە مۆساد رۆلی کاریگەری دیبێت لە هاوکاری کردنی دەزگای هەواڵگری تورکیا ئەمەش بەهۆی شارەزایی و کارەمەیی ئیسرائیلەکانەوە لەم بارەوە، هەروەك چۆن لە ساڵانی شەستەکاندا توانیان تاوانباری جەنگ ئەدۆلف ئیخمان (ADOLF EICHMAN) لە ئەرجەنتینەوە بڕفێنن. بەمجۆرە پێدەچێت مۆساد لە رفاندن و جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنی رفاندنەکە هاوکاریان پێشکەش بە تورکیا کردبێت، ئەمەش تەنها قسە نیە، چونکە مۆساد هاوشێوەی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا پەیوەندی باشی لەگەڵ کینیا هەیە، ئەمە وێرای ئەوەی کە لە رابووردوودا مۆساد چەندین دەورەو دەرس و راهێنانی بۆ دەزگای هەواڵگری تورکیا ریکخستووە، بەڵام ئیسرائیل هەموو جۆرە پەیوەندیەك لەم بارەوە بە تەواوی رەتدەکاتەوە.

رەنگە رۆژێك لە رۆژان ئاشکرا بێت کە چ وڵاتێك و بە جۆریك لە جۆرەکان لە روداوەکانی ١٥ی فێبروەری ١٩٩٩ لە کینیا تێوەگلاوە، هەتا ئەوکاتەش دەبێت ئێمە مامەڵە لەگەڵ بۆچوونەکان یاخود پێشبینی و زانیاری نیوە دروست بکەین، کەس ناخوازێت هیچ بدرکێنێت، کەس هیچی نەزانیوە و کەس ئاگای لە هیچ نەبووە و هیچ کەس لەم بارەوە هیچی نەکردووە... ئەو راستیەی کە ئۆجەلان لە فڕۆکەخانەی نەیرۆبی کەوتۆتە دەست تورکیا

ئەمە راستیەکی چەسپاوە و تەنانەت سەرچاوە فەرمیەکانی تورکیاش ئەو راستیە ناشارنەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن ئەو تیمە تایبەتەی دەزگای هەواڵگری تورکیا، ئەوەی ئۆپراسیۆنەکەی ئەنجامداوە چەند رۆژێك بەر لە کارەکە دەگەنە وڵاتی ئۆگەندای دراوسێ و لەوێ چاودیری رەوشەکە دەکەن، بەڵام ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هیچ کەس لەم کارەدا هاوکاری ئەوان نەبوون، هیچ کەس ئۆجەلانی نەهێناوە بۆ فرۆکەخانەکە و هیچ کەس ئەوی نەداوەتە دەست دەزگای هەواڵگری تورکیا.

ئەگەر بمانەوێت بڕوا بەم هەقایەتەی تورکیا بکەین ئەوە دیارە ئۆجەلان خۆی بە پێی خۆی رۆشتووە بۆ فڕۆکەخانەکەو لەوێ خۆی بە تورکەکان ناساندووە و خۆی داوە بەدەست دەسەڵاتدارانی تورکەوە.

**- ٣ -**

لە کاتێکدا تورکیا جەژنی دەگێڕاو سیاسەتمەدارانی وڵاتانی دیکەش سەرقاڵی نکوڵیکردن بوون لە هەموو رۆڵێکی خۆیان لە ئۆپراسیۆنەکەی نەیرۆبی، کوردەکان سەرگەرمی کۆمەڵێك گرفتی دیکە بوون، پەکەکە نەدەبوو تەنها مامەڵە لەگەڵ راستی دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا بکات و خۆی لەسەر رابێنێت، بەڵکو دەبوو ئەرکە تازەکەی سەرشانیان واتە بەرگریکردن لە ئۆجەلانی سەرکردەیان لە رووی سیاسی و قەزائیەوە رێکبخەن. بەگەڕخستنی ئەرکێکی لەو جۆرە لە بارودۆخێکی ئاسایی و ئارامدا کارێکی ئاسان نیە چ جای ئەوەی لەم بارودۆخەدا کە هێندەی تر کارەکانیان قورستر دەکات، بۆ نمونە چۆنیەتی پەیوەندیکردنیان بە ئۆجەلانەوە و گرفتی بەرگریکردن لەو لە تورکیادا. ئەو پارێزەرانەی کە خۆیان بۆ بەرگریکردن لە ئۆجەلان تەرخان کردبوو هەرهەموویان دەستگیرکران و هەتا ئێستاش ئاشکرا نیە کە داخۆ ئۆجەلان رێگای دەدرێت خۆی پاریزەرێك دەستنیشان بکات بۆ بەرگریکردن لێی؟ وێرای ئەمەش لەناو خودی پەکەکەشدا رەوشەکە بەبێ لێپێچینەوەو

تۆمەت و لۆمە بەخشینەوە بەرامبەر بەو کەسانەی کە بە بەرپرس ناسران بەرامبەر بەو فیاسکۆیە، تێنەپەڕی، بەڵکو چەند کەسێکی راوێژکارو نوێنەری پەکەکە لە چەندین شوێندا بەرپرسیارێتیان خرایە ئەستۆ، چەندین کەسیش خۆیان کشاندەوەو وازیانهێنا... پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان لە هەندێك لەوانە بۆ نمونە یاڤوز زۆر کەمم بیست، ئەلێکس لە پاش رۆشتنی ئۆجەلان لە روسیا ئیتر لەبەرچاو نەما، لە پاشاندا لە رێگای جۆنەوە ئەوەم زانی کە ئەلێکس ماوەیەکی درێژ لە روسیا دەستگیرکراوەو لە زینداندا بووە، جۆن خۆی لەگەڵ ‹ هەڤاڵە کوردەکان› هیچ گرفتی نەبوو، بەڵام پاش روداوەکە زیاتر خۆی کشاندبووە بۆ پشتی پەردەی شانۆکە، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان ئەوە ئاشکرا بێت جۆن دەستی لەو کارەدا هەبووە ئەوە بێگومان ئەمە سکانداڵ و ریسوا بوونێك دەبێت بۆ ئەو، زێڕین تا ماوەیەکی دریژ کۆنتاك پێرسۆنم بوو لە برۆکسل، بەڵام لە پاشاندا کارێکی نوێ ی وەرگرت..

دەستگیرکردنی ئۆجەلان نەك تەنها بۆ پەکەکە کۆستێکی گەورە بوو، بەڵکو کوردانی سەرتا سەری جیهانی راچڵەکاند، کوردەکانی نەك تەنها ناکام، بەڵکو سەرشـێـتیـش کرد، سەرشێت بوون لەو خیانەتەی لەلایەن حکومەتی یۆنان و کینیاوە لە سەرکردەکەیان کرا، توڕەوسەرشێت بوون لە ئەروروپا کە ناخوازێت هیچ شتێکی ئەوتۆ لە خزمەت دۆزی کوردا بکات..

شەوی ١٦/١٥ ی مانگی فێبروەری کەمێك پاش ئەوەی دەستگیرکردن و رفاندنی ئۆجەلان ئاشکرا بوو، سەدان کورد نەك لە ئەوروپا،بەڵکو لە سەرتا سەری دنیادا راپەڕین چەندین کردەوەی پرۆتێستەکردن و خۆپیشاندانیان ساز کرد کە هەندێکیان ئاشتیانە نەبوون، وێرای دەنهاخ کوردەکان لە زیاتر لە ٣٠ پایتەخت و شاری دنیادا، لە لەندەنەوە تا مارسیلیا، لە ڤانکۆڤەرەوە تا سیدنی باڵوێزخانەو کونسولیەت و نوێنەرایەتیەکانیان داگیر کرد، ئەم شوێنانە زیاتر سەربە یۆنان و کینیا بوون، بەڵام هەندێکیشیان ئیسرائلی بوون، هەندێك لەم کردەوەی داگیرکردنانە وەك ئەوەی دەنهاخی هۆڵەندا

بەبێ خوێنڕشتن ئەنجام دران، بەڵام بەداخەوە هەمووی وا نەبوو، لە بەرلین سێ کورد لەوانەی کە هێرشیان دەکرد بۆ داگیرکردنی کۆنسولیەتی ئیسرائیل لە لایەن پۆلیسی ئیسرائیلەوە درانە بەر گوللەو کوژران، لە چەندین شاری دیکەش قوربانی کەوتەوەو چەندین کورد و پۆلیس بریندار دەبوون و بە سەدان کوردیش دەستگیر کران.

پەرچەکرداره سیاسیەکان بە تایبەت لە ئەڵمانیا، ئەو وڵاتەی گەورەترین ژمارەی کوردی لە ئەوروپا تیدا دەژی، زۆر توند بوون. راوێژکاری ئەڵمانیا شرۆدەر " SCHRÖDER " لە پەیڤینێکی خۆیدا رایگەیاند کە پۆلیس و وەزارەتی داد بە مەچەکێکی ئاسنین بە هەموو توندڕەوێکدا دەسرەوێنن، ئەگەر کوردەکان دەیانەوێت جەنگ بەرپا بکەن ئەوە دەبێت ئەو کارە لە وڵاتی خۆیاندا بکەن نەك لەو وڵاتە ئەوروپیانەی کە میوانداریيان دەکات، پارتی ئۆپۆزیسیۆنی ئەڵمانی ‹ CDU › راستەوخۆ داوای ئەوە دەکات کە پرۆسەی دەرکردن و ناردنەوەی ئەو کوردانەی کە ئاژاوە دەنێنەوە دەبێت دەستبەجێ دەستپێبکات، کوردە توندڕەوەکان بەبێ دادگا دەبێت رەوانەی تورکیا بکرێنەوە، ئۆتۆ شیلی "OTTO SCHILY " وەزیـری ناوخۆی ئەڵمانیاش گرتنەبەری رێگاچارەی زۆر توندی بەرامبەر بە کوردە راپەڕیوەکان راگەیاند، هەروەها وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بە توندی پەرچەکرداریان بەرامبەر بە تەقینەوەی کوردان نواند لە هۆڵەنداو هەندێك وڵاتانی دیکەی ئەوروپا پرۆتێستەکان بوونە هۆی وروژاندنی بابەتی قەدەغەکردنی پەکەکە، بەڵام هەروەك لە ئەڵمانیا چاومان پێکەوت ئەم هەنگاوە وەك چارەسەرێك بۆ گرفتەکە هیچی ئەوتۆی سەوز نەکرد..

بێگومان داگیرکردنی باڵوێزخانە یاخود کونسلگەری وڵاتێك شێوازێکی گونجاو نیە بۆ دەربڕینی پرۆتێست، بەڵام بێگومان پەرچەکرداره سیاسیەکان بوونی کەماسیەکیان لە سیاسەتدا سەلماند، راستی ئەوەیان دەرخست کە مەسەلەی کورد زۆر دەمێکە بۆتە گرفت و مەسەلەی ئەوروپا و ئەگەر بە

شێوەیەکی ناداد پەروەرانە کورد وەك فاکتۆرێکی سیاسی لە ئەوروپا سەیری نەکرێت کە دەبێت لە هەنگاوەکاندا حسابی بۆ بکرێت، ئەوە ناگەیەنێت کە کوردەکان بە زۆرو بەکارهێنانی هێز دەبێت بەرامبەرەکانیان ناچار بەوە بکەن، بەڵام راست و رەوان ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێستا ئیتر ئەوروپا نرخی ئەو حساب بۆ نەکردن و پەراوێز کردنەی کورد وەردەگرێتەوە!

کاردانەوەی حەپەساوانەی سیاسیەکانی ئەوروپا ئەوەشی رونکردەوە کە ئەوان چەندە بە خەمساردی و بێ بایەخی دۆزی کوردیان لە رابووردوودا سەیر کردووە، سیاسیەکان هاواریان دەکرد" بەم کارە توندوتیژانە کوردەکان هەموو دۆستەکانی خۆیان لەدەستدا" یان دەیانگوت " ئەگەر بە ئارامی رەفتاریان بکردایە ئەوە بۆ مەسەلەکەی خۆیان باشتر بوو" من دەپرسم ئەو سیاسەتمەدارانە باسی کام لە دۆستەکانی کورد دەکەن؟ سیاسەتی ئەوروپا لە چەند مانگی رابووردوودا چی بۆ کوردەکان کرد؟ بۆ خەڵکی کورد لەو کاتەی ئۆجەلان لە ئەوروپادا بوو زۆر زەحمەت بوو بەرامبەر بە هەڵسوکەوت و مامەڵەی سیاسیەکانی ئەوروپا جگە لەوەی تێبگەن کە ئەوروپییەکان بەهیچ شێوەیەك ئامادە نین خاوەنداری لە مەسەلەکەیان بکەن هیچ دەرهاویشتەو واتایەکی دیکەی ئەم مامەڵەیە تێبگەن لە کاتێکدا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو کە ئەوروپا مەسەلەکەیان لەبەرچاو دەگرێت و پشتیوانی دەکات، سیاسیەکانی ئەوروپا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی ئەوتۆیان نیشان نەدا کە ئەوە بسەلمێنێت کوردەکان دۆستیان هەیە، شتێك کە تۆ لە بنەڕەتدا نەتبووبێت ئیتر لەدەستدانی چی؟ چەند مانگێك پاش ئەوەی ئۆجەلان گەیشتە ئیتالیا زیاتر لە ٧٠ کورد لە دژی سیاسەتی پەراوێز خستنیان لە ئەوروپا گڕیان لە جەستەی خۆیان بەردا، ئەمە ئاماژەیەکی زۆر گرنگ بوو کە هیچ کەسێك بە هەند وەرینەگرت...

ئاوازی لێدوانە رەق و توندەکانی سیاسیە ئەوروپییەکان لە نێو میدیاکاندا رەنگی دەدایەوە، میدیاکان ئامادە دەکران بۆ ئەوەی کوردەکان وەك بارێکی

گران و نەخوازراوی ئەوروپا وێنە بکەن، شرۆڤە و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە درشت و لۆژیکیەکان سەبارەت بە ڕەوشەکە پاش دەستگیر کردنی ئۆجەلان دەنگیان نەما، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەو هەفتەنامەکان بە جۆرێکی وا ئاماژەیان بۆ ڕوداوەکان دەکرد کە مرۆڤ ڕەنگ بوو وا هەست بکات کوردەکان نیوەی ئەوروپایان وێران و کاول کردووە!

ڕۆژنامە هۆڵەندییەکان سەبارەت بە " تورە بوون و سەرشێت بوونی کوردەکان" هەر دەیانڕستەوە، داگیرکردنی نوسینگەی نوێنەرایەتی ‹یۆنان› نیشیان لە شاری دەنهاخ بە " ئاژاوە و ئاشوبی نێو سەقامەکانی دەنهاخ" وەسپ دەکرد، ئەگەر بڕوات بە ڕۆژنامەکان بکردایە ئەوە دیارە بڕوات بەوە دەکرد کە ئەوروپا پڕ بووە لە " چەتەو ڕێگری کورد" کە بەسەر هەر شارێکدا بدەن " وێرانی و کەلاوە " لە پاش خۆیان جێدەهێڵن! لەوەش زیاتر هەندێکی دیکە شرۆڤەی وایان دەکرد وەك ئەوەی کودەتای سەربازی ڕویدابێت! تەنها لە هۆڵەندا ڕۆژنامەکان بەمجۆرە شتەکانیان زل نەکردبوو، بەڵکو هەفتەنامەی" نیوزویك" ی ئەمەریکی سەبارەت بە " دۆزەخی کوردەکان " ڕۆماڵی پێشکەش دەکرد، لە ئەڵمانیاش ڕۆژنامەی دێرشپیگل زیاتر خەستی دەکاتەوە و مانشێت بە ناوی " کوردان جەنگ ڕادەگەیەنن " ەوە دەنوسێت.

دەنگە سازەکان زۆر کەم یاخود هەر نەدەبیستران، تەنها چەند جارێك نەبێت ئاماژە بە پاشخانی مێژوویی ئەم ڕوداوانـە و دیوە ڕاستیەکانی نەکرا، هاوشێوەی سیاسەت لە نێو میدیاکانیشدا دیسانەوە چانسێك یاخود فرسەتەکان وەکو پێویست نەدەدران...

**- ٤ -**

هەفتەکانی سەرەتای پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان بۆ نوسینگەکەی ئێمەش ماوەیەکی ئاسان نەبوو، یەکەم گرانی بۆ کارەکانی ئێمەش بێگومان ئەوە بوو کە ئێمە وەك پارێزەرەکانی ئۆجەلان چەندین ڕێگر دەهاتە بەردەم

کارەکامنان، نەماندەتوانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئۆجەلانەوە بگرین و لە ماوەی داهاتوشدا ئەم ڕەوشە هەر وا دەبێت، تەنانەت لە سەرەتادا ئەوەشمان نەدەزانی کە داخۆ ئۆجەلان لە چ شوێنێك دەستبەسەرە؟ چەند ڕۆژێك پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان ئەوجا تورکیا شوێنی زیندان کردنی ئۆجەلانی ئاشکرا کرد، ئۆجەلان براوەتەوە دورگەیەك لە نێو دەریای مەڕمەڕ بە ناوی ئیمرالی " IMRALI " کە دەکەوێتە پەنجا کیلۆمەتر لە باشوری ئەستەنبوڵ. ئیمرالی کە ئەلکەتراز " ALCATRAZ58 " ی تورکیاشی پێدەگوترێت، بۆ ئێمە نەناسراو نیە، لەم زیندانەدا کە هەر لە ساڵانی سیەکانەوە وەك زیندان بەکار دێت، چەندان سیاسەتمەدارو روناکبیر توند کراون، پاش کودەتای ساڵی ١٩٦١ سەرۆك وەزیرانی ئەوسا " مەندێرس" و دوان لە وەزیرەکانی هەتا کاتی کوشتنیان لەم زیندانەدا دەستبەسەر بوون، هەروەها دەرهێنەری کورد یەڵماز گونەی " YILMAZ GÜNEY" بەهۆی فلیمی ڕێگا "YOL " لە ساڵی ١٩٨٢ دا خەڵاتی کان " CANNES " کە دارخورمایەکی زێڕینە وەرگرت، هەر لەم زیندانەدا توند کرابوو، زیندانی ئیمرالی جێگای نزیکەی دووسەد زیندانی دەبێتەوە، بەڵام حکومەتی تورکیا تەواوی زیندانەکانی دیکەی گواستەوە، بەمجۆرە ئۆجەلان بەتەنها خۆی لەو دورگەیە دەستبەسەرە..

سەرەتای گەڕانەوەمان لە ئەستەنبوڵ ئێمە هەفتانە نامەمان بۆ باڵوێزخانەی تورکیا لە هۆڵەندا دەنوسی و داوامان دەکرد کە ڕێگای ئەوەمان پـێبـدرێت چاومان بە موەکیلەکەمان بکەوێت، داوامان دەکرد ڕێگامان هەبێت سەردانی ئۆجەلان بکەین، ئەگەر ئەوەش ڕێگا نادرێت ئەوە دەبێت لە ڕێگای نامەوە بتوانین پەیوەندی پێوە بکەین، نامەکامنان بۆ باڵوێزخانە

---

58- Alcatraz* دوورگەیەکە لە سانفرانسیسکۆی ئەمەریکا، ئەم دورگەیە لە لایەن ئەمەریکاوە هەتا ساڵی ١٩٣٣ وەك زیندانێکی زۆر قورس بەکار هاتووە، بەڵام ئێستا لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی پارێزگاری سروشت و ژینگەوە بەڕێوە دەبرێت - وەرگێڕ-

یەك لە دوای یەك بێ وەڵام دەمانەوە، لەبەر ئەوەی ئۆجەلان هەتا ئەم کاتەش لە تورکیا پارێزەری نیە، نەماندەتوانی بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەبێت نەماندەزانی کە داخۆ ئەو ئاگاداری ئەوەیە کە ئێمە سکاڵامان لە کن کۆمیسیۆنیستراسبۆرگ تۆمار کردووە یان نا، بەراستی بارودۆخێکی نالەبارو بێزارکەر بوو..

دووەمیش ئەوە بوو کە دەستگیر کردنی ئۆجەلان بۆ هەندێك لە هاوپیشەکانی ئێمەش باشترین هۆکار بوو بۆ ئەوەی کارەکانی ئێمە بدەنە بەر رەخنە، ئەمە شتێکی خراپ نیە - ئەگەر بێتوو رەخنەکان تەنها لەکەم زانینی راستیەکان و حوکمدانی کوێرانە نەبێت – بۆ نمونە نۆڤا لە هەڵسەنگاندنێکی خۆیدا روداوەکانی چەند مانگی پێشووی لەسەر شاشە شرۆڤە دەکرد، لەم رۆماڵەدا نۆڤا لە مامۆستایەکی زانکۆ بە ناوی د وارد ‹DE WAARD› و پارێزەرێکی ئوترێخت بە ناوی بۆڤنس ‹ MR.BOVENS› دەپرسێت کە بە بۆچوونی ئەوان باشتر بوو بۆ ئێمە چیمان بکردایە، لە وەڵامدا بۆڤنس دەڵێت کە باشتر بوو ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین ئۆجەلان لە ئیتالیا بمایەتەوە و نەڕۆشتایە! ئەمە چۆن قسەیەکە؟ دیارە دەبوو من ئۆجەلان لە ئیتالیا کەلەپچە بکەم و دەستوقاچی ببەستمەوە بۆ ئەوەی نەڕوات! ئەوی دیکەش بەڕێز د وارد بەتەواوی بیرۆکەی دادگای ناوبژیوانی رەتدەکاتە،چونکە بە وتەی ئەوە ‹ ئێمە ئەوەمان لە بیرچووە کە دەبێت تورکیا خۆی بەم کارە قایل بێت› نازانم ئەو چۆن ئەوەی زانیوە کە ئێمە ئەوەمان لە بیر چووە یان نەمانزانیوە؟ ئەمە شتێکی ئەنتیکەیە..

مامۆستایەکی دیکەی زانکۆ کە ناوەکەیم لە یاد نەماوە لە کاتی دیمانەیەکی رادیۆییدا دەڵێت (ئێمە زۆر نەزان بووین کە بیرمان لەوە نەکردەوە پاش ئەوەی ئۆجەلان لە رۆما نەما بەرەو› جنێڤ› مان ببردایە، چونکە کارێکی زۆر گرنگ دەبوو لەبەر ئەوەی نوسینگەو بنکەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی تێدایە!! بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام

ئۆجەلان هێشتا لە رۆما بوو کە سویسرا بە نامەی فەرمی هۆشداری ئەوەی بۆ نارد کە بۆی نیە بێتە ئەو وڵاتە!

هەروەها بیرۆکەی سکاڵا کردنمان لە کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ، بە تایبەت داخوازیەکەی ئێمە لەو کۆمیسیۆنە بۆ گرتنە بەری هەنگاوی کاتی و بەپەلە، لە نێوەندە یاسایی و قەزائیەکاندا نەیاری زیاتر بوو لە یارەکانی، پارێزەرە ئەڵمانیەکەی ئۆجەلان شۆلتز تەنها لەوە تورە نەبووە کە دەبوو من بەرلەوەی سکاڵا تۆمار بکەم داوای راوێژی ئەوم بکردایە، بەڵکو ئەو لەو باوەرەدایە ئەم سکاڵایە هیچ نرخێکی نابێت و ئێمە زۆر زوو ئەو سکاڵایەمان تۆمار کردووە هێشتا کاتی نەبوو، هەموو ئەو پسپۆرانەی لەم بارەدا لە میدیاکاندا لێدوانیان دەدا کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئێمە کارەکەمان بە ئاقارێکی هەڵەدا بـردووە، تەنها ئاواتی ئێمە ئەوەیە کە کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ شتێکمان بۆ بکات...

بەڵام ئەمە تەنها شت نەبوون کە ئێمەیان بە گیر هێنابوو، پێدەچوو بۆ حکومەتی تورکیا ئەوەندە بەس نەبێت کە رێگای لە ئێمەگرت سەردانی ئۆجەلان بکەین، بەڵکو لە رۆژی ١٦ی فێبروەری ١٩٩٩دا واتە ئەو رۆژەی کە ئێمە لە ئەستەنبوڵ گەڕاینەوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا لێدوانێکی رۆژنامەوانی لەسەر ئێمە بەناوی (پارێزەرەکانی بولەر) بڵاو کردەوە، لەو بڵاڤۆکەدا من سیخوڕو کرێگرتەی پەکەکەم و تیرۆریستم، چونکە کاتی خۆی لە ئەڵمانیا ئەندامی ریکخراو راف " RAF" بووم، زیاتر لەو بارەوە دەڵێت: من ئەو کارە تەنها لەبەر بیروبۆچوونەکانی خۆم ناکەم، بەڵکو تەنها لەبەر پارە دەیکەم، پەکەکە بڕە پارەیەکی یەکجار زۆری بە من داوە بۆ ئەوەی بەشداری لەو کردەوە سەربازیانەیاندا بکەم، لەگوێرِ قسەی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەندام بوونم لە رێکخراوی راف و کردنی نوسینگەکەم بە مۆڵگەیەکی سەربازی پەکەکە هۆکاری ئەوە بوون کە من رێگام نەدراوە بچمە تورکیاوە، بەڵام ئەمە هەموو شتێك نیە، بەڵکو حکومەتی تورکیا زیاتر ئەوەی ئاشکرا

کرد کە ئەوان لە ڕێگای نوێنەرایەتی خۆیان لە دەرەوەی وڵات و لە تەواوی ئەوروپا داوا لە هاوڵاتیانی تورك دەکەن لە دژی من دەستبەکار بن.

ئەم پروپاگەندانەی تورکیا دژی پارێزەرەکان شتێکی تازە نیە بۆ ئێمە، تورکیا هەمیشە مۆرکی تیرۆریستی داوەتە پاڵ ئەندامانی باڵای پەکەکە، تورکیا هەمیشە ئەندامانی پەکەکە و بەرپرسە سەربازیەکانیان بە تیرۆریست تاوانبار دەکات، بۆیە ئەمە شتێك نیە بۆ ئێمە مایەی نیگەرانی بێت، هەروەها هەقایەتی ئەوەی کە من کاتی خۆی ئەندامی راف بووم دیسان بەشێکە لە پروپاگەندەی تورکیا، چونکە من لەو باوەڕەدام حکومەتی تورکیا لە ئێمە باشتر دەزانێت کە ئەمە درۆیە، بەڵام شتێك کە ئێمە نیگەران دەکات و دەبێت بە هەند وەربیگرین بانگەوازی دەستبەکاربوونی تورکە لە دژی من، ئەم دەستبەکار بوونە لە دژی من هەر لە خۆپیشاندانەوە هەتا هەڕەشەو تەنانەت هێرشکردنە فیزیکی سەریشم دەگرێتەوە، رۆژنامە نوسێکی کورد کە لە هۆڵەندا دەژی نیگەرانیەکانی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە، بە بۆچوونی ئەو ئەم بانگەوازە نامەیەکی ئاشکراو دیارە بۆ گروپە راستڕەوە تورکەکان لە نمونەی گورگە بۆرەکان. ئەم رێکخراوە بە دڵنیاییەوە تەنها بۆ ترساندن هێرش ناکەنە سەر پارێزەرێکی هۆڵەندی...

هەرچەندە من زۆر ناترسم لەوەی کە بەراستی شتێك رووبدات، بەڵام باشتر وابوو کە هەندیك کاروباری تایبەت بە سەلامەتی خۆم ئەنجام بدەم، بەتایبەت بەهۆی داگیرکردنی باڵویزخانەکانی یۆنانەوە ئاستی سۆز و هەڵچوون بەرزبۆتەوە، لەگەڵ وەزیرانی داد و ناوخۆدا لەم بارەوە گفتوگۆم کرد و ئەوان پێیان باش بوو کە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە ژێر پارێزگاری پۆلیسدا بم و نوسینگەکەم و ماڵەکەشم بە هەمان شیوە بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، من زۆر هەستم بەوە نەدەکرد، بەڵام بێگومان بەپێی قسەی شارەزاکانیش ئەو کارە نابێت کەس هەستی پێبکات، لەوەش زیاتر لە ڕێگای وەزارەتی دادەوە ئاگادارکرامەوە کە لە لایەن دەزگای زانیاری و

ئاسایشتی گشتی هۆڵەنداوە هەندێك ئاماژە ئەوە بەدی کراوە کە تورکە راستڕەوە توندەکان بەتەمای شتێك هەن لە هۆڵەندا ئەنجامی بدەن، بەپێ وتەی خۆیان ئەوان واتە دەزگای زانیاری هۆڵەندا ئەگەر شتێك رووبدات دەیزانن... منیش بەهیوای ئەوەم بەر لە رودانی بزانن نەك پاش رودانی!

ژمارە تەلەفۆنی تایبەتی کۆماندانێکی پۆلیسم وەرگرت کە ئەو بەرپرسە لە رەوشەکەو دەتوانم هەر کاتێك شتیك لە گۆڕێدا هەبێت یەکسەر تەلەفۆنی بۆ بکەم، وێرای ئەوەش لە لایەن پۆلیسەوە هەندێك رێنماییم وەرگرت لەوانەش (لە کاتی شەواندا لە دەرەوە لەسەر جادە نەبم، لە تەلەفۆن و نامەی گومانلێکراو یەکسەر پۆلیس ئاگادار کەمەوە، لەگەڵ کەسانی نەناسراو ژوان دانەنێنم و بەهیچ لایـەکدا نەڕۆم و چەندین ئامۆژگاری دیکەی لەو جۆرە، کە زۆر لە نەسیحەتەکانی دایکم دەچوون کە بەمنداڵی دەیکردم) !

ئەم بانگەوازانەی تورکیا تەنها کاریگەری بۆ سەر خۆم نەبوو، بەڵکو بەتەواوی هەموو نوسینگەکەمانی گرتەوە، من زۆرم پێناخۆشە بەهۆی ئەوەی من دۆسیەی ئۆجەلانم بەدەستەوە گرتووە، خەڵکانی دیکە ئەوانەی هیچ پەیوەندیان بەم شتەوە نیە جاڕس و بێزار بکرێن، لەم بارەوە لەگەڵ تەواوی ئەندامانی نوسینگەکەمدا تەنانەت لەگەڵ کارمەندەکانیشدا گفتوگۆمان کرد و هەموویانم دڵنەوایی دایەوە کە پێناچێت هیچ هەڕەشەیەکی جدی لەو بارەوە هەبێت و هیچ رووبدات...پارێزەرەکان هەمیشە دەتوانیت بگۆڕیت، ئەم نا ئەو، بەڵام ئەوان لە کوشتنی من چی بە دەست دێنن؟ بە هەرحاڵ هەموو رێنوێنیەکانی پۆلیسمان بە هاوڕێکانمان گەیاند، کارمەندی سەر تەلەفۆنی نوسینگەکەمان راسپارد کە لە هەر تەلەفۆنێکی هەڕەشەئامێز یاخود هەر سەردانێکی گومانلێکراو راستەوخۆ ئاگادارمان کاتەوە..

هەروەها لە ئاستی سیاسیدا هەندێك بایەخ بەم بانگەوازە درا، لە سەر داوای هۆڵەندا بەرپرسی یەکیەتی ئەوروپا نامەیەکی پرۆتێست کردنی رەوانەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کرد، هەروەها ڤان ئارتسن ‹

VAN AARTSEN، لە وەڵامی پرسیارەکانی پارلەماندا داوای ئەوەی کرد کە باڵوێزی تورکیا بانگ بکرێت، پێشتریش وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا باڵوێزی تورکیا لەسەر رەفتاری ناشرینیان بەرامبەر بە کونسڵی هۆڵەندا کاتێك ئێمە گەشتبووینە فرۆکەخانەی ئەستەنبوڵ بانگهێشت کرابوو، ڤان ئارتسن لە وتەکانی خۆیدا لە پارلەمان و لەبەردەم میدیاکاندا ئەوەی راگەیاند کە " بانگەوازێکی لەو جۆرە بە هیچ شێوەیەك قبوڵ ناکرێت و هەر باڵوێزخانەیەکش بانگەوازێکی لەو جۆرە پەسەند بکات ئەوە بە گوێرەی رێکەوتننامەی جنێف تایبەت بە کاری دیبلۆماسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت" دیارە لە روی سیاسیەوە ئەم پەیامە زۆر ئاشکراو روونە، بێگومان نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە پەیوەندیەکانی هۆڵەنداو تورکیا هەڵپەستێنرێت لەبەر ئەوەی تورکیا هەڕەشەی لە پارێزەرێکی هۆڵەندی کردووە..

دوای بانگەوازەکەی تورکیاش هیچ لە گۆڕێدا نەبوو، جگە لەوەی ماوەیەك رۆژانە کۆمەڵێك نامەی ناڕەزاییم بەدەست دەگەشتن کە من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ناوەرۆکەکانیاندا نەبووم – کە داوای ئەوەیان دەکرد من وەك پارێزەرێك بەرگری لە ئۆجەلان نەکەم –، بەڵام زۆربەی نامەکان هەڕەشە ئامێز یان ناپەسەند نەنوسرابوون، تەنها چەند جاریك نەبێت کە بە تەلەفۆن یان بە نامە هەڕەشەم لێدەکرا – ئەگەر واز لەم کەیسە نەهێنم ئەوە شتێك روودەدات-، بەڵام نە من دەستم لە دۆسیەکە هەڵگرت و نە هیچیش رویدا.. بەمجۆرە هەموو شتەکان بە ئاسایی تێدەپەڕین، لە هەفتەی پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان بە ئۆتۆمبیلی پۆلیس هاتوچۆم دەکرد، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە تا ماوەیەکی درێژ لەسەر کار دەمامەوە، چوار پۆلیسی زۆر ریکوپێك و بەڕێز رۆژانە منیان دەگواستەوە بۆ سەرکارو بۆ ماڵەوە کە راشکاوانە ئەوانیش لە دژی ئەو هەموو هەراو هوریایە بوون کە بەرامبەر من دەکرا و لەو بـاوەڕەدا بوون کە هەموو مرۆڤێك

مافی بەرگریکردنی لەخۆ هەیە... پاش ئەوەی کە ئیتر ئاشکرا بوو هیچ هەڕەشەیەك لەسەر من نەماوە، دەکرا پارێزگاری پۆلیس و چاودێری سەر ماڵ و نوسینگەکەم هەڵگیرێت، خۆشبەختانەش چەند هەفتەی داهاتوو هێندە کارم زۆرەو سەرم قاڵە دەتوانم باشتر سەلامەت بم، چونکە زۆر کەم ماوەی هاتوچۆو ئەملاو ئەولام هەیە...

**-٥ -**

حکومەتی تورکیا و رۆژنامەو میدیاکانی ئەو وڵاتە تاکە کەس و لایەن نەبوون کە ئێمەیان دابووە بەر تانەو تەشەر. سەبارەت بە رۆژنامەکانی تورکیا کە هیچ شتێکی باشیان بەمن نەدەگوت هیچ گرنگ نەبوون لام، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە هەندێك رۆژنامەی هۆڵەندی و ئەڵمانی بڵاوکرانەوە ژیانی تاڵکردم بەتایبەت لەبەر ئەوەی هەندێك لەو رۆژنامانە دیسانەوە چیرۆکی ئەندامێتی منیان لە رێکخراوی ‹راف› دا هێنایەوە بەر مەیدان و ویستیان بیکەن بە خاڵێکی لاواز بۆ زەفەرپێبردنم.

ئەو چیرۆکانەی لە رۆژنامە تورکیەکاندا لەسەر من هەڵدەبەستران بۆ " رۆنامەی هۆڵەندای بەئاگا" هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی دوو ئەوەندە ترش و خوێی پێوەکەن و بڵاوی کەنەوە، هەفتەی پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان مانشێتێکی گەورە لە ژێر ناوی " پارێزەرانی پەکەکە بە نیازی چین؟" بڵاوکرایەوە، بەپێی دوو رۆژنامەنووسی رۆژنامەی تەلەگراف – کە هیچ خۆیان ماندوو نەکرد بەوەی بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێمەشدا بکەن- وەڵامەکە ئامادە بوو " پارێزەرە راوێژکارەکانی ئۆجەلان لایەنگری تیرۆریستانن"، هەروەها لە ئەڵمانیاش هەمان شت لە رۆژنامەکاندا هەبوو، لە یەکێك لە رۆژنامە بەربڵاوەکانی ئەڵمانیادا ‹ DIE WELT›وەك ئەندامی راف دەستنیشان نەکراوم،بەڵکو وەك لایەنگرێك ئاماژەم بۆ دەکەن، رۆژنامەی ‹SÜDDEUTSCHE› یش باس لەوە دەکات

کە من لە کاتی خوێندنی زانکۆمدا ئەندامی گروپێکی قوتابیان بووم کە هاوکاری ‹ راف› بووە، لە هـەردوو حاڵەتەکەدا ئەو رۆژنامەنوسانە بە پێویستیان نەزانیوە - یاخود هەر نەیانویستووە - بەر لەوەی ئەو بابەتە بڵاوکەنەوە پیشانی خۆمی بدەن!

بێگومان ئەو شتانەی نوسراون زۆر ناخۆش بوون، هەروەها ئەوەش دەزانم کە باشتر وایە ئەو چیرۆکانەی لە هەندێك لەو رۆژنامانەدا بڵاو دەبنەوە پشتگوێ بخەم و هیچ بایەخێکی پێنەدەم، بەڵام تەلەگراف یەکێکە لەو سپێدە رۆژنامانەی کە زۆرترین خوێنەری هەیە لە هۆڵەندا و ئەو تاوان و گوناهانەی کە ئەو رۆژنامە -- نوسانە دەیدەنە پاڵ ئێمە وامانلێدەکات لە خۆمان بپرسین کە داخۆ دەبێت کاریگەری ئەمە لەسەر نوسینگەکەی ئێمە چی بێت، هەروەها ئەم هەقایەتەی رێکخراوی راف دیسانەوە کراوە بە بنێشتەخۆشەی ژێـردان و ناو بەناو هەر دەگوترێتەوە، هەندێك لە کلانتەکانمان زۆر بەرپرسانە بەرامبەر بەوە وەڵامیان دەدایەوە و هەڵوێستیان هەبوو، بەڵام کۆمپانیایەك کە دۆسیەیەکی ‹کار› ی لە کن ئێمە هەبوو نیگەرانی ئەوەی پیشاندا کە ئەو خۆشحاڵ نیە ئەگەر پارێزەرەکانی مۆرکی تیرۆریستیان پێوە لکابێت...

هەتا چەندە ئەم جۆرە نوسینانە زیانی بە نوسینگەی ئێمە گەیاند؟ زەحمەتە بزانین، یەکێك لە کلانتەکانی فکتۆر لە دۆسیەیەکی ساتختەکاریدا بە فکتۆری گوتبوو: ئەمە چۆن وا دەبێت، وایلێهاتووە لە هۆڵەندا هەموو کەسێك بە تاوانبارو تیرۆریست ناو ببرێت.. بەهەر حاڵ سەرئەنجام ئێمە تاقە یەك کەسیشمان لە کلانتەکانمان لە دەست نەدا هەرچەندە بەهۆی ئەو نوسینانەوە هەندێك لە کارەکانمان زیانی وێکەوت، بەڵام خۆ ناشزانین کە داخۆ چەند کەسی دیکە پەشیمان بۆتەوە لەوەی ببێتە کلانتی ئێمە لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووە پارێزەرێك لە " نوسینگەی تیرۆریستان " بکات بە بریکاری خۆی لە دۆسیەکەیدا!

لەم مەسەلەیەدا دوو خاڵ لای من جێگای سەرنج و راوەستانن، یەکەمیان ئەوەیە کە جگە لە میدیا تورکیەکان بە تایبەت رۆژنامە نوسانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا کارکردنی پاریزەرێکی چەپیان وەك پەرۆیەکی سوری نیشانەی مەترسی وێنا کردووە، نە لە بەریتانیا و یۆنان و ئیتالیا و نە لە ئەمەریکاش کە لە ماوەی دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلاندا زۆرم لە رۆژنامەکاندا لەسەر نوسرا، هەرگیز وشەی (کۆنە راف) بەرامبەرم بەکار نەهات.. خاڵی دووەمیش کە بە راستی مایەی شەرمەزاریە ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لە رۆژنامە نوسان بایەخیان بە خودی کەیسەکە دەدا، دیارە زۆر ئاسانە بۆ ئەوانە زۆر ساویلکانە خەڕەکی ئەوە بڕێسنەوە کە گومان لە رابوردووی پارێزەرێك هەیە کە کۆنە تیرۆریست بێت، بەڵام ئەوە نەزانن کە دادگای هەمیشەیی بۆ ناوبژی کردن جیاوازە لە دادگای باڵای نێودەوڵەتی، ئەمە تەنها وەك نمونەیەك....

ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت هەتا ئێستا من واقم وڕماوە لە نەزانی و لە نەویستنی زانینی بابەتێك یاخود خۆلێلادان لە زانینی بابەتێك، من زۆر باش دەزانم کە نابێت چاوەڕێی ئەوە لە رۆژنامەنووسێك بکەم زۆر بە قوڵی و فراوانی شارەزایی لە بابەتە قەزائی و یاساییەکاندا هەبێت، بەڵام خۆ دەبێت ئەوان وەك سەرەتایەك هەر هیچ نەبێت تۆزێك خۆیان بە زانینی هەندێك راستی بنەڕەتیەوە ماندوو بکەن، من لە چاوپێکەوتنەکانمدا بێئەنجام هەوڵمداوە تا بکرێت زاراوە قەزائی و یاساییەکان روونکەمەوە، کەیسەکەی ئۆجەلان کەیسیکی یاسایی و قەزائی ئاڵۆزە بۆیە زانینی ئەم لایەنانە بۆ شرۆڤەکاریەکی باش زۆر گرنگن، بۆ من ئەمە کەماسیە لە دەربڕین و توانای دەڕبڕیندا کاتێك دەبینم لە رۆژی ئایندەدا بۆ جارێکی دیکە لە رۆژنامەکاندا زاراوەکانی وەك "دەرکردن " و " رادەستکردن " تێکەڵ و پێکەڵ کراون!

راستە میدیاکان دەیانەوێت (هەواڵ) بە دەست بخەن، هەواڵێکی تازەتر لەوەی دوێنێ لە رۆژنامەکانیاندا بڵاوکەنەوە، بەڵام جێگای داخە ئەمە

مانای ئەوە بێت کە وروژاندن و هۆنینەوەی بابەتێك لە کوالێتی و جۆرایەتی گرنگتر بێت، دەقاودەق لە رۆژنامە تورکەکانەوە ئەوەیان گواستۆتەوە کە ئۆجەلان بەرپرسیارە لە کوژرانی زیاتر لە سی هەزار کەس، ئایا زۆر زەحمەت دەبوو بۆ ئەوان کە بە دواداچوونێك بکەن و بزانن چەندە لەو قوربانیانە - بێگومان پتر لە ⅔ ی ئەو قوربانیانە- کورد بوون و بەدەستی سەربازانی سوپای تورك کوژراون؟ دیارە بۆ ئەوان واباشترە روکاری بابەتەکان وەرگرن نەك بە قوڵی بچنە ناوی، ئەمە گرفتی سەرەکیە، باشترە بۆیان چیرۆکێکی بەلەزەت لەسەر تەنورەی کورتی پارێزەرێکی ئافرەت بنوسن نەك شرۆڤەی ئەوە پێشکەش بکەن کە بۆچی وەزیر (کۆرتهاڵس) ئۆجەلان بە بێگانەیەکی نەخوازراو ناو دەبات، تەنانەت رۆژنامەیەکی ناوداری وەك (NRC) سەفەرەکەی ئێمە بۆ ئەستەنبوڵ وەك پیاسەیەکی یەك رۆژەی خۆش و پاڵدانەوە لە فڕۆکەیەکدا لەسەر کورسی پلە یەك بە " COQ AU VIN59 " ە وە ناو دەبات ! پێموابێت ئەمە لە جێی خۆیدا نیە، چونکە ئێمە لێرەدا باس لە موەکیلێك دەکەین کە رەنگە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا لە سێدارە بدرێت! کەچی بۆ ئەو رۆژنامەیە هەموو مەسەلەکە جگە لە خۆنواندنی پارێزەرەکان لەبەردەم میدیاکاندا هیچی دیکە نیە...

بێگومان رۆژنامە نوسیشمان بینی کە بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە لۆمەو تانەی نەکردبووە بابەتی خۆی، بۆ نمونە ئەو میدیا کارەی کەناڵی بی بی سیم زۆر باش لە یاد ماوە لە بەرنامەی دەنگوباسی ئێوارە" NEWSNIGHT " دا چۆن زیرەکانە پرسیارەکانی ئاراستە دەکرد و دەیزانی چۆن و چی باس بکات، لە هۆڵەنداش رۆژنامەنوسمان هەبوو کارەکەی خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی و باش ئەنجام دەدا، بۆ نمونە" رۆب تریب" کە چەند جاریك لە بەرنامەکانی

---

59- * coq au vin جۆرە خواردنێکی فەرەنسی تایبەتە لە مریشکی برژاو لەگەڵ شەراب و قارچك، پێدەچێت ئەم جۆرە خواردنە لە کلاسی یەکەمی گرانبەها لە نێو فڕۆکەکاندا پێشکەش بکرێت – وەرگێر -

نۆڤا و باوتنهۆڤ لەگەڵیدا بووم، هەروەها " یان هودەمان" و " میشێل کرایت" لە رۆژنامەی DE VOLKSKRANT....

لێدوانە نەگەتیفەکانی میدیا بەرامبەر بە من زیاتر بوونە هۆکاری سەرنج و تێبینیەکان، لەلایەن هەندێك " راوێژکاری میدیایی " ە وە پەیوەندیمان پێوە کرا و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ کارکردن لە لامان، چونکە دەبێت ئێمە شێوازی خۆمان لەگەڵ میدیاکاندا بە تەواوی بگۆڕین، ئەمە بەپێی قسەی یەکێکیان، یەکێکی دیکەشیان لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین وێنەی خۆمان لەبەردەم میدیاکاندا راست کەینەوە! هەندێکی دیکەشیان لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێت ئێمە بەتەواوی خۆمان لە قەرەی میدیاکان نەدەین و تاماوەیەك خۆمان بە دوور بگرین، یان باشتر وایە وتەبێژێك بە ناوی خۆمانەوە دامەزرێنین و ئەو کەسە لە گەڵ میدیاکاندا پەیوەندی بکات و لێدوان بدات، پارێزەرەکان نابێت خۆیان راستەوخۆ ئاخاوتن بۆ میدیاکان بدەن، چونکە ئەمە هەمیشە گرفت دروست دەکات.. گفتوگۆکان لەگەڵ راوێژکارە میدیاییەکان تەواو جارسکەرو ناخۆش بوون، وایان دەردەخست کە من هەموو شتێکم بە هەڵە ئەنجامداوە، لە خۆشمم دەپرسی داخۆ دەبێت ئەو هەڵە گەورانەی من لەگەڵ میدیاکاندا کردوومن چی بێت؟ یەکێك لە راوێژکارەکان زۆر لەوە دڵنیا بوو کە من پاش دەمەقاڵێکەم لەبەرنامەکەی (PAULINE BROEKEMA60) و گەشتە سەرنەگرتووەکەم بۆ ئەستەنبول لانی کەم دەبێت دوودانە ساڵی رەبەق کار بۆ راستکردنەوی ئەوە بکەم ئەوسا میدیاکان ئامادە دەبن ئەو " تاقیکردنەوە ناخۆشە"یان لەگەڵ من لەبیر چێتەوە!.

خەریك بوو وردە وردە راستیەکەم لێتێکبچێت، من خۆم لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئێمە بەو جۆرە خراپ لەمیدیاکاندا هەڵسوکەوتمان کردبێت، لە لایەکەوە ئەوە گومانی تێدا نیە کە راویژکارانی میدیایی لەو بوارەدا زۆر

60- * پێشکەشکاری یەکێکە لە بەرنامەگرنگەکانی تەلەفزیۆنی هۆڵەندا NOS

له من شارەزاترن، لە لایەکی دیکەشەوە متمانەم بە زۆرێك لەو راوێژکارانە نەبوو، چونکە خۆ ئەوان لەبەر خاتری چاوی کاڵمان نەهاتوون، ئەوان دەیانەوێت تەنها " خزمەتگوزاریەکانیان " بفرۆشن! بۆیە ئەوان بۆ ئەو مەبەستە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە کە رەوشەکە بەو جۆرە نیشان بدەن یان رەنگە گرفتەکە زۆر گەورەتریش نیشان بدەن..

لە نوسینگەکەی خۆشماندا بۆچوونمان هاوتا نەبوو، بابەتەکەی رۆژنامەی تەلەگراف و ریپۆرتاژەکەی رۆژنامەی NRC ئەوانیشی نیگەران کردبوو، رەنگە باشتر بێت لە شارەزایەکی بێلایەن بپرسین بزانین هەڵسەنگاندنی ئەوان چۆنە، سەرەنجام لە کۆتاییدا لەگەڵ " یان هودەمان" پەیوەندیەکی تەلەفۆنیم کرد، ئەو رۆژنامەنوسێکی زۆر باشە، وێڕای ئەوەش من متمانەی تەواوم بە هەڵسەنگاندنی ئەو هەیە، " یان" راستەوخۆ دڵنەوایی دامەوە و لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو راوێژکارە میدیاییانە تەنها چیرۆك دەخولقێنن بۆ ئـەوەی خزمەتگوزاریەکانی خۆیان ساغ کەنەوە، دەنا ئێمە لە کن سیاسەتمەداران و رۆژنامەنوسانی سیاسی هەستێکی زۆر باشمان دروست کردووە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات خۆمان سەغڵەت کەین ئەگەر بگوترێت ئێمە لە کن میدیاکان وێنەیەکی خراپمان بەخشیوە " ئێوە زۆر باش کارەکانی خۆتان دەکەن و بەردەوام بن" ئەمە راوێژەکانی ئەو بوو بۆ ئێمە... من مەسەلەکەم جاریکی دیکە لەگەڵ فکتۆر و ستاین باس کردەوە بەداخەوە تیس پشووی هەبوو، هەموومان گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە " یان هودەمان " راست دەکات و هەڵسەنگاندنەکەی تەواوە.

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی کە پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان توشی من بوو ئەو راستیە بوو کە من بووم بە " هۆڵەندیەکی بەناوبانگ "، بێگومان ئەمە هەستێکی نامۆیە بۆ من کە قەدەرو چارەنوسی یەکێك لە موەکیلەکانم بۆ من ببێتە ناوبانگ، بە هەرحاڵ ئیتر ئەمە رەوشەکە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و دەسەڵات نیە، ئەبێت لەگەڵ ئەوەدا خۆم رابێنم کە

خەڵکی نامۆ و نەناسراو لە قاوەخانەیەك یاخود لەسەر جادە بمناسنەوەو قسەم لەگەڵدا بکەن، بەتایبەت لەو کاتانەی زۆر ماندوو دیارم وەك ئەوەی بە دریژایی هەفتەکە نەخەوتبم، بەڵام بێگومان ئەوە مایەی خۆشحاڵیمە کە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی لەم بارەدا توشم بووە هەمووی هەستێکی جوان و موجامەلەیەکی بەرێزانە بووە سەبارەت بەوەی کە " کارەکانم باش کردووە و بەردەوام بم " حەزئەکەم ئەوەش بڵێم کە ئەم جۆرە هەستانە - بەتایبەت بەرامبەر بەو هەستە نائارامەی ئێمە لەمەڕ مامەڵەمان لەگەڵ میدیاکاندا- زۆر مایەی خۆشحاڵی بوون بۆ من.

دەرەنجامێکی دیکەی بەناوبانگ بوونی لە ناکاوم، کە زۆر گرنگ نەبوو بۆم ئەوە بوو کە لە پڕا چەندین داوەتنامەو کاری جۆراوجۆر خرایە بەردەمم کە هیچ پەیوەندی بە کەیسەکەی ئۆجەلانەوە نەبوو، بۆ نمونە پێشکەشکردن و خوێندنەوەی کتیبێك بۆ گۆڤارێکی دیاری کراو یان بوونە ئەندام لە کۆمیسیۆنی راوێژکاری لە ئۆرکێستێکدا، بەشداریکردن لە مێزگردێکدا لە سەر ئایدیالیزم، بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تاڵکشۆ (ئەم جۆرە بەرنامەیە ئەوەیە کە بەردەوام میوانداری کەسانی بەناوبانگ دەکات – وەرگێڕ) و چەند بەرنامەیەکی دیکەی تەلەفزیۆنیدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری فەلسەفەدا و چەندان شتی دیکەی جۆراوجۆر.

بە دڵنیاییەوە سەبارەت بە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکان هەستیار بووم، تەنها یەك جار لە بەرنامەی پلانتاژە "PLANTAGE " بەشداریم لە بابەتێکدا کرد کە پەیوەندی بە کەیسەکەوە نەبوو، بێگومان پێموانەبوو کە من وەك پارێزەرێك ببم بە جۆرێك لە ئەنتەرتاینەر61 لەسەر تەلەفزیۆن..

لە میدیاکاندا سەبارەت بە ناودەرکردن و بە ناوبانگ بوونم هەندێك

61- * ئەنتەرتاینەر بەو جۆرە کەسانەی سەر تەلەفیزۆن دەگوترێت کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا لەسەر هەموو بابەتێك بەرنامە سازدەکات– وەرگێڕ-

جار شتی سەیرو سەمەرەو جارِس دەنوسران، بۆ نمونە رۆژنامەنوسێك بە ناوی " JAAP KIERS" رێگای بە خۆی داوە ستونێك لەسەر من بە بەكارهێنانی هەردوو پیتی یەكەمی ناوی خۆم و پاشناوم (ب ب) بنوسێت ئەو دەڵێت " ئەم پشیلەیە" لە ئەكتەرە فەرەنسیەكان دەچێت، بەڵام (ئەڵمانیەكی سێكسیە)، من زۆر كەم شتی وا بێ نرخم بەرچاوكەوتووە، رۆژنامەی NRC یش دەیەوێت پۆرترێتێكی من بڵاوكاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی چەندین كەسی نزیكی منیان كردووە، بەبێ ئەوەی كە پێشتر خۆم لەو كارە ئاگادار كەنەوە تەلەفۆنیان بۆ دایك و باوكم، كۆمەڵێك هاورِێی كۆنم، تەنانەت چەند خوێنكارێكی هاورِێی سەردەمی زانكۆم كردووە! رۆژنامەنوسەكە خۆشی تورِە دەكرد كە پێمگوت بۆچی سەرەتا لەگەڵ خۆمدا قسەتان نەكردووە بەر لەوەی تایبەتمەندیەكانی ژیانم لە رۆژنامەدا بڵاوكەنەوە و دەیپرسی (بۆ هیچ شتیكی شاراوەت هەیە؟) ئەرێ من شێت بووم یان ئەو ئەقڵی لە دەستداوە؟

بەم جۆرە پەیوەندیم بە میدیاكانەوە بە هەستیاری و دوودڵی مایەوە، لەلایەكەوە هێشتا پێموابوو كە زۆر گرنگە لە پێناو كەیسەكەدا هەركاتێك پێویست بێت میدیاكان وەگەرِخەم، هەروەها شادمانیش دەبووم ئەگەر بابەتێكی باش بڵاوبكرایەتەوە یاخود پرۆگرامێكی پرۆفیشناڵانەی باش نیشانبدرایە، لە لایەكی دیكەشەوە بە رەفتاری ناگونجاوی هەندێك لە رۆژنامەنوسان و میدیاكاران قاڵس دەبووم - جارێكیان بەراستی لەگەڵ میدیاكارێكی كەناڵی RTL4 دا بوو بە شەرِم لە سەر ئەوەی قایل نەبوو بەوەی كە پێمگوت كاتم نیە چاوپێكەوتن لەگەڵیدا سازكەم - ولە بە بابەتە خراپەكانیش وەرِس دەبووم....

# پرۆسەی سەدە

## -١-

هەرچەندە ماوەی چەند هەفتەیەك پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان، کەفوکوڵەکان دامرکانەوەو بارودۆخەکە هەندێك ئارام بۆوە، بەڵام بۆ ئێمە هێشتا کاتەکە پڕ لە سەرقاڵی و کار بوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە بوو کە ئێمە نەماندەزانی ئۆجەلان رەوشی چۆنەو چۆن لە لایەن تورکەکانەوە رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت. پاش دەستگیرکردنی پارێزەرە کوردەکانی دیاربەکر، سەرلەنوێ تیمێکی نوێ لە پارێزەرانی کورد پێکهێنراوە- ئەمجارە پارێزەرەکان خەلکی ئەستەنبوڵن- کە دەیانەوێت ئەرکی بەرگریکردن لە ئۆجەلان بخەنە ئەستۆی خۆیان، ئەوان چەندین رۆژە سەرقاڵی ئەوەن کە حکومەتی تورکیا مۆڵەتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئۆجەلاندا بدات، بەڵام هەتا ئێستا لەوەدا سەرنەکەوتوون، ئێستا ئەوە بۆ یەك هەفتە دەبێت ئۆجەلان لە زینداندایەو هەتا ئێستا هیچ کەس بۆی نەبووە سەردانی بکات..

دەسەڵاتدارانی تورك هەرجارەی بیانویەك دێننەوە بۆ ئەوەی رێگا لە پارێزەرەکان بگرن بتوانن بڕۆن بۆ ئمرالی و ئۆجەلان بەدی بکەن، سەرەتا داوای ئەوەیان دەکرد کە ئەوان دەبێت بەڵگەنامەی بریکاریەتی" توکیل" ی تەواو لە ئۆجەلانیان هەبێت ئەوجا دەتوانن سەردانی بکەن، بەڵام نازانم چۆن مرۆڤ دەتوانێت بەڵگەنامەی بریکاریەتی لە کەسێك وەرگرێت کە لە زیندان توند کرابێت و کەس بۆی نەبێت چاوی پێی کەوێت و ئەویش

بۆی نەبێت لە گەڵ کەسدا پەیوەندی بکات؟ تەنانەت دوای ئەوەش کە پارێزەرەکان توانیان بەڵگەی بریکاریەتی لەگەڵ ئەندامانی خێزانی ئۆجەلان واژوو بکەن دیسان رێگا لە پارێزەرەکان بەسترا بتوانن سەردانی ئۆجەلان بکەن " رەوشی هەوا تەواو نیە، کەس ناتوانێت بڕوات بۆ دورگەکە" ئەمە بیانوی تورکەکان بوو کە بەهۆیەوە پارێزەرەکانی ئۆجەلان لە کەنارەکانی " مودانیا" ەوە کە بەلەمەکان لێوەی دەچن بۆ دورگەی ئیمرالی، رێگایان لێگیراو بۆ ئەستەنبول گەڕێنرانەوە، لە کاتێکدا هەر هەمان رۆژ ئەفسەرێکی وەزارەتی داد و دادوەرێکی لێکۆلینەوە چووبوون بۆ ئیمرالی، دیارە ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە پێدەچێت لە تورکیا رەوشی هەوا بۆ حکومەت باشتر لەباربێت وەك لە پارێزەرەکان!

لەبەر ئەوەی ئێستا ئۆجەلان بە تـەواوی لە دنیای دەرەوەی خۆی دابڕاوە، ئێمە ناچارین بۆ هەموو زانیاری و هەواڵێك سەبارەت بە رەوشی تەندروستی ئەو پشت بەو زانیاریانە ببەستین کە حکومەتی تورکیا خۆی بڵاوی دەکاتەوە، ئەوەشی لەم بـارەوە گوێمان لێدەبێت دڵخۆشکەرو ئارام بەخش نیە. دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا ئۆجەلانی بردە ئیمرالی و ئاشکرای کرد کە تەندروستی ئۆجەلان بەتەواوی باش و جێگیرە، ئێستا هەواڵ و دەنگۆی دیکەی جیاوازمان گوێ لێدەبێت بۆ نمونە:" تەندروستی ئۆجەلان رۆژانە بەرەو خراپی دەڕوات " یان "رەنگە ئەو نەخۆشییەکی قورسی هەبێت"، "ئۆجەلان نەخۆشی دڵی هەیە"، " رەنگە پێویست بێت کەسێکی کاردیۆلۆج[62] رەوانـەی ئمرالی بکرێت"، " دەبێت نەشتەرگەری بۆ ئۆجەلان ئەنجام بدرێت"... هتد، تەنانەت جارێکیان لە لایەن چەند رۆژنامەنوسێکەوە بە تەلەفۆن ئاگادارکرامەوە کە ئۆجەلان بە جەڵدەی دڵەوە گیانی لەدەستداوە، بەڵام خۆشبەختانە تورکیا ئەم دەنگۆیانەی رەتکردەوە.

ئەو لێدوانانەی حکومەتی تورکیا لەمەڕ رەوشی تەندروستی ئۆجەلانەوە

62- * دکتۆری تایبەت بە نەخۆشیەکانی دڵ – وەرگێڕ -

بڵاویان دەکردەوە تەواو بێ سەرەوبەرە بوون، ئۆجەلان کەسێکی خووگرتووە ‹ معتاد› بووە بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە و ئێستا بەدەست نەخۆشی دیاردەکانی دابڕان لەو مادانە دەناڵێنێت، ئەمە زۆرترین ئەو خەڕەکەیە کە دەیڕێسنەوە، بنەڕەتی ئەم چیرۆکەش ئەوەیە کە گوایە هۆکاری سەرەکی نەخۆشیەکەی ئۆجەلان بریتیە لە جگەرەکێشانێکی یەکجار زۆر، لە پلەی یەکەمدا من پێموایە ئەم دەنگۆیانە زۆر بێ نرخ و بەهان، دووەمیش بەهۆی سەردانەکانمەوە بۆ لای ئۆجەلان لە رۆما دەزانم کە ئەمانە هیچی راست نین، چونکە: ئۆجەلان جگەرەکێش نیە و بڕواشی پێ نیە...

زێڕین و حەسەن لە کۆمیتەی کوردستان لە برۆکسل کە هێشتا ئەرکی پەیوەندیکردنی ئێمەیان لەسەرشان بوو زۆر خەمی ئەو هەواڵانەیان بوو کە لە رۆژنامەکانەوە بڵاو دەکرانەوە، زێڕین لەو باوەڕەدا بوو کە ئۆجەلان کەوتۆتە ژێر ئەشکنجەیەکی زۆری حکومەتی تورکیاوە بۆ ئەوەی بەزۆر لێدوانی پێبدەن، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین کەسێك بدۆزینەوە بتوانێت بچێتە لای ئۆجەلان، ئەمە گوتنی ئاسانە، بەڵام بە کردەوە زۆر زەحمەتە، چونکە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هاوتای ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ و هیومان رایت وەچ، دەخوازن کە یەکسەر نێرژەیەك بۆ ئیمرالی رەوانە بکەن، بەڵام مۆڵەتی سەردانی ئۆجەلانیان پێنادرێت. بەهەمان شێوە خاچی سوریش، تەنانەت ئەگەر ئێمە داوا لە رێکخراوە فەرمیەکانی وەك راویژکارانی ئەوروپا و OVSE بکەین و قایلیش بن بەوەی کە نوێنەری خۆیان رەوانە بکەن بۆ ئیمرالی ئەوە دیسان هەمان جۆرە ئەوان ناتوانن زۆریش بکەن بۆ چوونە نێو تورکیاوە جا چ جای ئەوەی داوای سەردانی ئۆجەلان بکەن، بەبێ هاوکاری کردنی حکومەتی تورکیا ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نیە...

نزیکەی هەفتەیەك پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان ئێوارەیەك لە نوسینگەکەمان سەرقاڵی ریکخستنەوەی دۆسیەکەی ئۆجەلان بووم، هەفتەکانی پێشوو هێندە سەرقاڵ بووم بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی

دۆسیەکە تۆزێك کۆکەمەوە، بەڵام ئیتر خەریك بوو لەبەر پەرش و بڵاوی ژورەکەم سەرم بئاوسێت: لە هەموو شوێنێکدا لاپەڕەو دۆسیەکان لەسەر زەوی سەفتەکرابوون، ئەو نامانەی ناردبوومان، ئەو نوسینانەی بۆ سکاڵای ستراسبۆرگ ئامادەمان کردبوون، پرۆژەی خۆرهەڵات، ئەو بابەتانەی لە رۆژنامەکاندا لەم بارەوە نوسراون... هتد، هەمووی بەسەر یەکتردا تێکەڵ و پێکەڵ ببوون، ئەگەر شتێکت پێویست بوایە ئەوە بێگومان لە ژێر دوا سەفتەی ژێری ژێـرەوەدا دەتدۆزییەوە، نوسینگەکەمان زۆر هێمن بوو جگە لە فکتۆرو ستاین کە یارمەتیان دەدام لە کۆکردنەوەکەدا هەموو کارمەندەکانی دیکە رۆشتبوونەوە بۆ ماڵەوە، پیتزامان داوا کردوو قۆڵمان لێهەڵمالی بوو، خۆمان کردبووە وەستاو پەرشوبڵاویەکەمان کۆدەکردەوە.

لە کاتی کۆکردنەوەی دۆسیەکەدا دیسانەوە پێکەوە باسی گرفتی ئەوەمان کردەوە کە هەتا کەسێك نەبێت کە بتوانێت سەردانی ئۆجەلان بکات، ئێمە هیچمان بۆ ناکرێت. پاش سێ کاژێر لە ئیشکردن توانیمان تەواوی بەڵگەو نوسراوەکانی دۆسیەکەی ئۆجەلان رێکخەین. من سەرقاڵی دروستکردنی فایلێکی تایبەت بووم بەو نامەو فاکسانەی بۆ رێخراوەکانی مافی مرۆڤمان ناردووە یان بۆمان هاتوون، لەوکاتەدا نوسراوێکی تایبەت بەو رێکەوتننامانەم هاتە بەرچاو کە ئەنجومەنی ئەوروپا پابەندە پێوەی لە نێویشیاندا (کۆنگرەی ئەوروپا بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە CPT) و رێکەوتننامەی ئەوروپا دژ بە ئەشکەنجە، یەکسەر بیرۆکەیەکم بە خەیاڵدا هات و لە ستاینم پرسی (پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان تۆ فاکسێکت نەنارد بۆ CPT ؟ ستاین لە وەڵامدا گوتی (پێموابێت ناردومە) بەدەم وەڵامدانەوەکەی منەوە یەکێك لە دۆسیەکانی هەڵدایەوەو گوتی: ئەوەتا، دۆزیمەوە، فاکسێکە لە رۆژی ١٩ ی مانگی فێبروەری ناردومانە و تیایدا CPT مان لە دەستگیرکردنی ئۆجەلان ئاگادار کردۆتەوە و هۆشداریمان داونەتێ کە رەنگە لە زینداندا روبەڕووی ئەشکەنجە بێتەوە.

فکتۆریش پاش ئەوەی فاکسەکەی خوێندەوە پرسیاری ئەوەی کرد کە داخۆ بەتەمای چیم لەمە؟ منیش گوتم: تورکیا هاوشێوەی ئەندامانی دیکەی ئەو ئەنجومەنە ڕێکەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەی مۆر کردووە بۆیە لەسەر بنەڕەتی ئەمە CPT بۆی هەیە زیندانەکانی ئەوروپا بەسەر کاتەوە، فکتۆرو ستاین لەگەڵ بۆچونەکەمدا بوون و زانییان مەبەستم لە چیە..

بۆ پێشگرتن لە هەر پێشێلکاریەکی مافی مرۆڤ و بەتایبەتیش بۆ پێشگرتن لە هەرجۆرە ئەشکەنجەیەك CPT بـەردەوام و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك سەردانی هەموو وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنەکەدا دەکات و لەمەڕ چۆنیەتی مامەڵەکردن لە زیندانەکان و لە بنکەکانی پۆلیسدا لەگەڵ زیندانیەکاندا، ڕاپۆرتی تایبەت ئامادە دەکات، ماوەیەك لەمەوبەر هۆڵەندا لە لایەن ئەم دەستەیەوە سەردانی کراو زیندانەکانی پشکنران، سەبارەت بە زیندانی شاری VUGHT کە بە زیندانی ژێر چاودێری توند ناسراوە[63] ڕاپۆرتێکی ڕەخنەئامێزی توندی بڵاو کردەوە.، لە ڕاپۆرتەکەدا CPT ئاماژە بەوە دەکات کە مامەڵەی گرتووخانەکە لەگەڵ زیندانیەکاندا مامەڵەیەکی زۆر نامرۆڤانەیەو گرتووەکان زەلیل و داماو کـراون. CPT دەتوانێت سەردانی هەر وڵاتێکی ئەندام بکات بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات مۆڵەتنامەی سەردانەکە لەو وڵاتە داوا بکات، هەر وڵاتێك کە ڕێکەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدانی مۆرکردبێت ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ملکەچی دەسەڵاتەکانی CPT دەبێت..

بەمجۆرە دەبێت ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین کە بتوانین CPT بجوڵێنین بۆ ئەوەی سەردانێك بۆ تورکیا بکات، سەرباری ئەوەی دەستەی ناوبراو

---

63- * ئەم زیندانە کە بە کورتی لە هۆڵەندا بە Extra Beveiligde Inrichting › EBI › ناو دەبرێت، ساڵی ١٩٩٣ دروستکراوە تایبەتە بەو کەسانەی کە تاوانباری ترسناکن، ئەم زیندانە لەبەر ئەوە دروستکرا کە چەند جاریك لە هۆڵەندا کەسانی ترسناك و تاوانبار توانیان لە زیندانە ئاساییەکانەوە هەڵبێن و دیسانەوە ببنەوە بە مایەی هەڕەشە بۆسەر کۆمەڵ- وەرگێڕ -

بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێك دەتوانێت سەردانی هەر وڵاتێکی ئەندام لەم پەیماننامەیەدا بکات، دەشتوانێت بە ئادهۆك AD HOC بڕیاری ئەوە بدات کە لێکۆڵینەوە لەسەر وڵاتیکی دیاریکراو بکات بەبێ ئەوی پێشوەختە ئەو وڵاتە ئاگادارکاتەوە، دیسانەوە لەم حاڵەتەشدا ئەو وڵاتە دەبێت ڕێگا لە هاتنە ژورەوەی نێرژەی ئەوان نەگرێت و کارئاسانی تەواویان بۆ بکات و ماوەیان بدات بە سەربەستی خۆیان هەموو زیندانێك بپشکنن و لەگەڵ هەر زیندانیەکیشدا بخوازن ئەوە دەستبەجێ بتوانن لەگەڵیدا بدوێن، تەنها گرفت لێرەدا بۆ ئێمە ئەوەیە کە CPT لەسەر بنەڕەتی گرفتی تاکە کەسێك یاخود سکاڵا لەمەڕ ڕەوشی تاکە کەسێك ناتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە ناتوانین داوا لەوان بکەین سەردانی ئۆجەلان بکەن، بۆیە دەبێت ئێمە داواکەمان لە چوارچێوەیەکی گشتیدا فۆرمەلە بکەین.

ڕۆژی دواتر من ڕاستەوخۆ فاکسێکم بۆ CPT نارد و داوای ئەوەم کرد کە لە ڕێگای ئاد هۆکێکەوە سەردانێك بۆ تورکیا ڕێکبخەن و لە چوارچێوەی سەردانەکەشیاندا بایەخ بە ڕەوشی زیندانەکەی ئیمرالی بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك ئەرگومێنتم کردە خاڵ کە ئاماژە بوون بۆ ئەوەی کە ڕەوشی زیندانیەکانی ئیمرالی زیاتر جێگای گومانەو ئەگەری پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئەشکەنجەدان زیاتر لە ئارادان، ئەمەش بێگومان لەبەر هەڵکەوتنی شوێنی زیندانەکەو تەگەرەخستنەبەر پارێزەرەکان و کەسانی دیکە بۆ سەردانی ئەو زیندانە.

نیوکاژێر پاش ئەوەی کە من فاکسەکەم نارد لەلایەن ترەڤۆر ستێڤنس TREVOR STEVENS سکرتێری ئەو دەستەیەوە تەلەفۆنم بۆ کرا، ئەو کەسێکی ڕۆح سوك و بەجۆش و خرۆش بوو، پێموابێت کە ئەو لەوسەری دەهاتەوەو لە مەبەستەکەی ئێمە گەشتبوو کە دەمانەوێت بەو بیانووەوە سەردانێکی ئۆجەلان بکرێت، ستیڤنس هاوتای ئێمە ئەو ڕاستیەی دەزانی

کە لەم کاتەدا ئۆجەلان بە تەنها خۆی تاکە کەسی زیندانیە لە دورگەی ئیمرالی. لەبەر ئەوەی CPT نەیدەویست خۆی لە کارەکانی ئەنجومەنی ستراسبۆرگ هەڵقورتێنێت و لەو بـارەوە هەوڵبدات هەڵوێستی ئەوان بزانێت، بۆیە ستیڤنس داوای کۆپیەکی لە سکاڵاکەی ئێمە کرد، ئێمە لە کن ئەنجومەنی ستراسبۆرگ سکاڵامان لەسەر بارودۆخی گشتی زیندانی ئیمرالی تۆمار نەکردووە بۆیە من لەم بارەوە پێشبینی ئەوە ناکەم گرفتێکی ئەوتۆمان بێتە بەردەم، ستیڤنس بەڵێنی هیچی بە ئێمە نەدا، بەڵام جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە هەرچی لە دەستیان بێت درێغی ناکەن و لەو بارەشەوە هەر شتیك ئەنجام بدرێت ئەوا ئێمەی لێئاگادار دەکەنەوە.

لە کۆتایی رۆژەکەدا من و فکتۆر پێکەوە دەچین بۆ برۆکسل و لەگەڵ زێڕین و حسێن جڤین دەکەین، هەروەها پارێزەرە ئەڵمانیەکەی ئۆجەلانیش ئێبەرهارد شۆڵزیش ئامادە دەبێت، خۆشحاڵم کە ئەم جارە دەتوانین شتێکی پۆزەتیف راگەیەنین، چونکە من باش دەزانم کە لە برۆکسل ئەوان چەندە پەرۆشی بارودۆخی ئۆجەلانن، بۆ زێڕین و حەسەنم باس کرد کە CPT خەریکی چییەو هەروەها باسی ئەوەم کرد کە ئەم رێکخراوە دەتوانێت سەردانی ئۆجەلان بکات، ئەگەر ئەوان بڕۆن بۆ تورکیا ئەوە لە کۆتاییدا راپۆرتیکیش بەرزدەکەنەوە، سەبارەت بە راپۆرتەکەش ئێمە راستەوخۆ ناتوانین بزانین ناوەرۆکەکەی چیە - ئەو رێکخراوە دەبێت ناوەرۆکی راپۆرتەکانی خۆی بە نهێنی بهێڵێتەوە هەتا ئەو کاتەی حکومەت وەڵامی دەداتەوە -، بەڵام ئەگەر شتێکی خراپ و ناسروشتی لەپەیوەند بە ئۆجەلانەوە لەگۆڕێدا بێت ئەوە بێگومان ئێمە ئاگادار دەکرێینەوە، لەسەرو ئەمانەشەوە مەبەست لە سەردانەکەی CPT بۆ لای ئۆجەلان زیاتر پشتیوانی مۆراڵیە بۆ ئۆجەلان، بەو هیوایەم کە ئەو لەوە تێبگات کە ئێمە سەرقاڵین بە دۆسیەکەی ئەوەوە، با ئەو مەودای ئەوەشی نەمابێت کە پەیوەندی بە ئێمەوە بکات، هەروەها باسی ئەوەم کرد کە بەهۆی تەلەفۆنەکەم لەگەڵ ستیڤن هیوایەکی زۆرم بە

سەردانەکەی CPT بۆ لای ئۆجەلان هەیە.

بەداخەوە شۆلز وەك من گەش بین نەبوو، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە CPT دەستەکانی خۆی بە کێشەی ئۆجەلانەوە ناسوتێنێت و لەماوەیەکی کورتیشدا سەردانی ئۆجەلان ناکەن، لەهەموو حاڵەتیکیشدا بە بۆچوونی ئەو ئەگەر ئەو ڕێکخراوە بیەوێت سەردانی تورکیا بکات ئەوا هەتا بڕیار دەدات چەند مانگێکی دەوێت...

من تێناگەم بۆچی ئەو هێندە نەگەتیفانە دەڕوانێتە ئەو هەنگاوەی ئێمە، من هەستێکی وام لا دروست بوو کە ئەو هەر بیرۆکەیەك خۆی خاوەنی نەبێت بە باشی نازانێت و ڕەتی دەکاتەوە، سەبارەت بە سکاڵاکەی ستراسبۆرگ و ئەو هەنگاوە خێراو بە پەلانەی داوامان کردبوون ئەو تا ئێستا هیچ شتێکی ئەوتۆ باشی لە بارەیانەوە نەگوتووە.

پاشان دەرکەوت کە شۆلز لانی کەم سەبارەت بە CPT بۆچوونەکەی هەڵە بوو، یەك هەفتە پاش تەلەفۆنەکەم لەگەڵ ستیڤن و لە ڕۆژی ٢٨ ی فێبریوەدا ئاگادار کراینەوە کە نێرژەیەکی ئەو دەستەیە ڕۆژێك بەر لەوە بەرەو تورکیا ڕۆشتوون و لە نێو ڕۆژەڤەکەشیاندا سەردانی زیندانی ئیمرالی هەیە...

ڕێك لەگەڵ گەشتنی نێرژەکەی CPT بۆ تورکیا بۆ یەکەم جار ڕێگا بە دوو پارێزەری ئۆجەلان درا سەردانی بکەن، من لێرەدا ناڵێم کە سەردانەکەی ئەو نێرژەیە نەبووایە کە تورکیا چەند ڕۆژێك پێشتر بێگومان لێ ی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەو شتە ڕووی نەدەدا، بەڵکو دەڵێم ئیتر تورکیا بە تەنها خۆی هەموو شتێکی لە چنگی خۆیدا گیر نەکردووە، بەڵکو کەیسەکەی ئۆجەلان دیسانەوە جوڵەی تێکەوتەوەو دەتوانین ئیتر کاری تێدا بکەین.

## - ٢ -

ئەو پێشکەوتنەی ئێمە چاوەڕێمان دەکرد هێشتا دیاری کراوە، تورکەکان هێشتا ئامادە نین لەم بارەوە نەرمیەکی ئەوتۆ بنوێنن، بەڵکو تەنها بە رواڵـەت هەندێ ئاسانکاریان پێشکەش دەکرد ئەمەش لە مامەڵەیاندا لەگەڵ پارێزەرەکانی ئۆجەلان بە روونی هەستی پێدەکرا، یەکەم سەردانی پارێزەرەکانی ئۆجەلان تەنها بیستوپێنج خولەکی خایاند، لە کاتی قسەکردنیان لەگەڵ ئۆجەلانیشدا دوو ئێشکگری دەموچاو هەڵپێچراو لەگەڵیاندا ئامادە بوون و حاکمێکیش لە گەڵیاندا هەموو قسەوباسەکانی نێوانیانی تۆمار کردووە، بەمجۆرە پەیوەندییەکی متمانەپێکراو لە نێوان پارێزەرەکان و ئۆجەلاندا بە ئامادەبوونی لایەنی سێهەم دروست نابێت، ئەمە وێرای ئەوەی کە پارێزەرەکان پێشوەختە فەرمانیان پێکرابوو کە هەموو قسەکانیان دەبێت لە چوارچێوەی تەندروستی ئۆجەلاندا بێت و سەبارەت بە کەیسەکەی نابێت قسە بکرێت هەروەها رێگا نەدرابوو بە هیچ شێوەیەك پارێزەرەکان هیچ شتێك تۆمار بکەن، هەروەها فەرمانیان پێکرابوو کە بەهیچ شێوەیەك نامە یاخود کاغەز گۆڕینەوە رێگای نادرێت..

ئۆجەلان بە پارێزەرەکانی راگەیاندبوو کە ئەو بە باشی مامەڵەی دەکرێت، بەڵام بێگومان لە ئامادەبوونی ئەو ئێشگرانەدا ئەو ناتوانێت شتێکی دیکە بڵێت، ئەو سەبارەت بە رەوشی تەندروستی خۆی باسی سەرئێشەو نزم بوونەوەی توانای بینین و گێژ بوون و سەرسوڕخواردن، کەم بوونەوەی توانای تەرکیزی خۆی کردبوو، ئەم خاڵانە هەموو ئاماژەن بەوەی کە ئۆجەلان لە گەڵ خواردنەکانیدا هەتا ئێستا دەرمان و حەبی تایبەتی پێدەدرێت، بەڵام هەتا ئەو کاتەی سەرچاوەیەکی بێلایەن لەم بارەوە لێکوڵینەوە نەکات و راستیەکان دەرنەخات ئێمە ناتوانین ئەوە بسەلمێنین. لەوە بترازێت ئیتر ئۆجەلان گرفتی نیە، تەنها بارودۆخەکە نەبێت، ئەو نەخۆشی دڵی نیە و توشی جەڵتەی دڵ نەهاتووە وەك ئەوەی رۆژنامە تورکیەکان باسیان دەکرد.

پاش ئەوەی پارێزەرەکان چەند جارێك دژ بە ئامادە بوونی حاكم وئێشکگری دەموچاو هەڵبەستراو پرۆتێستەیان کرد ناچار کران پاش نیو کاژێر کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ ئۆجەلاندا بێنن، دوو هەفتەی دیکەی پێدەچێت تا بۆ جارێکی دیکە رێگا بە ئۆجەلان بدرێت پارێزەرەکانی خۆی ببینێتەوە.

لەم نێوەشدا سیاسەتی ئەوروپا خەریکی کارە روکەشەکانی خۆی بوو، ئێستا ئیتر ئۆجەلان لەپشت شیشی زیندانەوە دەستبەسەرەو چیدی نابێتە مایەی هەڕەشە بۆ ئەوروپا، ئێستا ئەوروپا بە کەماڵی ئیسراحەتەوە دەتوانێت سەبارەت بە مەسەلەی ئۆجەلان خۆی بنوێنێت و سنگ دەرپەڕێنێت: " تورکیا دەبێت دادگایەکی عادیلانە بۆ ئۆجەلان گرەنتی بکات" " تورکیا دەبێت دەستبەرداری سزای لە سێدارەدان بێت" ئەمە ئەو هاتوهاوارانە بوون کە بڵاو دەکرانەوە، ئەڵمانیا و هۆڵەندا و هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەستیان هەبوو لەوەی ئۆجەلان بکەوێتە داوی تورکیاوە و تەنها مانگێك لەمەوبەر بەهیچ شێوەیەك باسی ئەوەیان نەدەکرد کە ئۆجەلان دەبێت گرەنتی مامەڵەیەکی عادیلانە وەرگرێت لە مەسەلەی داواکردنی مافی پەنابەریدا، لەپڕێکدا و لە ناکاو خوازیاری ئەوەن کە بەزمانی ئاگادارکردنەوە هۆشداری بە حکومەتی تورکیا بدەن، لە سیاسەتیشدا ئاسانە کە پەنجە بۆ هەڵەی کەسانی دیکە درێژ کەیت نەك خۆت سەری خۆت بە گرفتەکەوە بئاوسێنیت، من ئەم جۆرە نمایشە لە سیاسەتدا بە شەرمەزاری دەزانم و باوەڕیش ناکەم سیاسیەکان بەو هەموو ریاکاری و دووڕوویەی خۆیان بزانن.

بانگەواز بۆ دادگایەکی عادیلانە تەنها دووڕوویـی نیە، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی روداوەکـان – هەرلە رفاندنی ئۆجەلانەوە هەتا شێوازی زیندانی کردن و مامەڵەیان لەگەڵ پارێزەرەکانیدا- هەست دەکەین کە ئەم دەنگانە هێشتا زۆر درەنگ بیستران.دادگایەکی عادیلانە وێستگەیەکە دەمێکە تێپەڕێنراوە. کە تەماشا دەکەین حکومەتی تورکیا زۆر بێ بایەخانە

هۆشداریەکانی ئەوروپا رەت ناکاتەوەو دەڵێت " بەدڵنییایەوە ئۆجەلان رووبـەڕووی دادگایەکی عادیلانە دەبێتەوە" ئەمەش بێگومان تەنها بۆ بەڕێکردنی ئەوروپیەکانەو وەڵامێکی کریستاڵیە بۆ هێورکردنەوەیان، بێگومان ئەوروپیەکانیش لەم بارەوە بەم وەڵامە ئارام دەبن.

هەرکەسێك لەمە زیاتر لە تورکیا چاوەڕی دەکات بێگومان دەبێت سەری خۆی بە دیواردا بماڵێت، ئەنجومەنی ئەوروپاو OVSE بۆ نمونە کە هەوڵیاندەدا نوێنەری خۆیان بۆ دادگاکە رەوانە بکەن لە لایەن تورکیاوە پێیان دەگوترا" بڕۆن بەلای کاری خۆتانەوە" بێگومان ئەمە وەڵامێکی چاوەڕوانکراوە لە تورکیا، چونکە ئەوان هەمیشە دەڵێن کە دادگاییکردنی ئۆجەلان کارێکی ناوخۆی تورکیایە هەر بۆیە بەم بیانووەشەوە رێگا بە چاودێران و تەماشاکەرانیش نادرێت کە لە کاتی پرۆسەی دادگاییەکەدا ئامادە بن.

لە کاتێکدا تورکیا سەرقاڵی خۆئامادە کردن بوو بۆ مەراسیمی بەڕێوە بردنی (پرۆسەی دادگایی سەدە)[64]

بێگومان بە پێی یاساو خواستەکانی خۆی، ئێمە هەموو هیوایەکمان بە کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ بوو، ئێمە چەندین جار سکاڵانامەمان پێشکەش کرد، تیایدا ئاماژەمان بەوە دەکرد کە پاش دەستگیرکردنە نایاساییەکی ئۆجەلان هێشتا بەپێی چوارچێوەکانی EVRM مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن، تورکیا هەموو دێڕو بەندەکانی دادگایەکی عادیلانەی خستۆتە ژێر پێڵاوەکانیەوە بۆ نمونە لە مافی بەرگریکردن لە تۆمەتبار و ماوەدان بە پارێزەران بۆ سەردانکردنی و دابینکردنی رەوشێکی گونجاو بۆ هاتوچۆی پارێزەرەکان و چونە بەردەمی دادوەر بە شێوەیەکی کاتی.

ستراسبۆرگ وەڵامی خێرای دەدایەوە، لە رۆژی ٢٣ی مانگی فێبریوەی

64- بێگومان مەبەستی تورکیا لەم ناوە ئەوەیە کە دادگایی کردنی ئۆجەلان بۆ ئەوان گرنگترین دادگایی یە لە سەدەی بیستەمدا – وەرگێڕ-

١٩٩٩دا واتە یەك هەفتە پاش پێشکەشکردنی سکاڵای بنەڕەتی کۆمیسیۆنەکە بۆ یەکەمجار سەبارەت بەم دۆزە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا " ئۆجەلان بەرامبەر بە تورکیا" ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی گشتی و کراوە نەبوو، بەڵکو دانیشتنی تایبەتی ئەو ژورە بوو کە دۆسیەکەی ئۆجەلانی خرابووە بەردەم، بە شێوەیەکی گشتی ئەم کۆمیسیۆنە بە هێندەی ژمارەی دەوڵەتانی ئەندام دادوەر لە خۆ دەگرێت، هەموو دەوڵەتێکی ئەندام دادوەرێکی بۆ ئەم کۆمیسیۆنە تەرخان کردووە، دۆسیەکەی ئێمە لە لایەن ژووری یەکەمی کۆمیسیۆنەکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، دە دادوەر کە لە نێوانیاندا دانەیەکی تورکیش هەبوو دۆسیەکەیان تاوتوێ دەکرد.

پەیڕەوی کۆمیسیۆنەکە وایە کە ئەو دادوەرەی نوێنەری ئەو وڵاتەی کە سکاڵای لە دژ تۆمارکراوە دەکات دەبێت هەمیشە لەو ژوورە ئامادە بێت کە سکاڵاکە تاوتوێ دەکات. دوای مشتومڕو گفتوگۆکان ژورەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە ‹ هەنگاوی کاتی و بەپەلە هەڵگیرێت›، دەبێت سەرەتا زانیاری تەواو لە حکومەتی تورکیاوە بەدەست بگات بۆ ئەوەی بتوانن ڕەوشەکە هەڵسەنگێنن، بۆیە کۆمیسیۆنەکە داوای لە تورکیا کرد کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەموو ئەو زانیاریانەی داوای دەکەن، ڕەوانە بکات، بەتایبەت زانیاریەکانی تایبەت بە سەردانی پارێزەرەکانی ئۆجەلان، دوای ئەوەش ئیتر بڕیار لەسەر داواکەی ئێمە دەدرێت. هەرچەندە ئێمە زۆر ناکام بووین لەوەی کە هێشتا هیچ بڕیارێك نەدراوە، بەڵام داواکردن لە تورکیا بۆ وەڵامـدانـەوەی پرسیارەکانی کۆمیسیۆن هیوایەکی پێمان بەخشی، چونکە ئەگەر وا نەبووایە خۆ کۆمیسیۆنەکە دەیتوانی ڕاستەوخۆ داواکەی ئێمە ڕەتکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە داواکەی ئێمە بۆ گرتنەبەری ‹ هەنگاوی کاتی و بەپەلە› بە تەواوی ڕەتنەکراوەتەوەو داوایەکی ناماقوڵ نیە.

بێگومان حکومەتی تورکیا بە شێوەیەکی دیکە بیر لەوە دەکاتەوە،

چونکە وەڵامەکانی بۆ کۆمیسیۆنەکە زۆر کورت و پڕکەماسی بوون و بەکەڵکی بەرگری لەخۆکردن زۆر کەم دەهات، پێدەچوو کە حکومەتی تورکیا لەو باوەڕەدا بێت کە ئێمە لەم سکاڵایەدا هیچی ئەوتۆمان پێناکرێت، وێڕای ئەوەش زۆر خۆیان بەوەوە ماندوو نەدەکرد کە بەشوێن سکاڵاکەی ئێمەوە بن و بایەخی پێبدەن. پاش ئەوەی ڕێگا بە ئێمە درا وەڵامی بەرگری لەخۆکردنەکانی تورکیا بدەینەوە، لە ڕۆژی ٤ی مارتدا کۆمیسیۆنەکە دیسانەوە کۆبونەوەی خۆی سازدا، سکرتێری ژوری یەکەمی کۆمیسیۆنەکە MICHAEL O´BOYLE بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم و ئاشکرای کرد کە کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنەکە کاتژمێر ١٤ دەستپێدەکات و ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی بڕیارێك رادەگەیەنرێت ئەو تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە. ڕەنگە دانیشتنەکە زۆر ئاسان نەبووبێت، چونکە من بە درێژایی پاش نیوەڕۆ بێهودە چاوەڕێی تەلەفۆنی ئەوم دەکرد، تا کۆتایی لە کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارە زەنگی تەلەفۆن لێیداو دەنگێك هاتە گوێم و گوتی " پیرۆزبایت لێدەکەم " ئەوە میشێل ئۆ بویل بوو کە زیاتر گوتی "بڕیار درا هەنگاوی کاتی و بە پەلە بگیرێتە بەر و پاش کەمێکی دیکەش بڕیارەکەت بۆ فاکس دەکەم" نەمدەتوانی بڕوا بە بەخۆم بکەم، بەڵام لە کۆتاییداو پاش دە خولەك کە فاکسەکەم پێگەشت هەموو شتێك ئاشکرا بوو، کۆمیسیۆن داواکەی ئێمەی لە هەموو خاڵەکانیدا پەسەند کردبوو، تورکیا دەبێت مافی ئۆجەلان لە بەرگری لەخۆکردنیدا مسۆگەر بکات، دەبێت ڕێگا بە ئۆجەلان بدات چاوی بە پارێزەرەکانی بکەوێت و بە دڵنیایەوە قسەیان لەگەڵدا بکات، هەروەها دەبێت ڕێگا بە ئۆجەلان بدرێت لەگەڵ پارێزەرە بێگانەکانیدا کە لە کن کۆمیسیۆنی ئەوروپا بریکاری ئەو دەکەن، پەیوەندی هەبێت، هەروەها کۆمیسیۆنەکە داوای لە تورکیا کردووە کە هەنگاوی جدی و پراکتیکی هەڵگرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە، هەروەها لە جێبەجێکردنی هەنگاوەکاندا دەبێت هەمیشە کۆمیسیۆنی ئەوروپا ئاگادار بکاتەوە، وێڕای

ئەوەی کۆمیتەی وەزیرەکانی ئەوروپا لەم بڕیارانەی کۆمیسیۆنەکە ئاگادار دەکرێتەوە.

بۆ مافناسەکان و کەسانی قەزائی ئـەم بـڕیـارەی کۆمیسیۆنەکە لێکدانەوەو مشتومڕی زۆری دەهێنا، هێشتا هەرگیز ئەوە روی نەداوە کە ئەو کۆمیسیۆنە بڕیارێکی لەو جۆرە بەسەر هیچ دەوڵەتێکدا بسەپێنێت، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە میدیاکان زۆر کەم بایەخیان بەمە دا، بێگومان پاش دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان ئیتر وردە وردە بایەخدان بە کەیسەکەی ئۆجەلان بەرەو کزی دەڕۆشت، چونکە هیچ جۆرە هەواڵیکی سەرنجراکێش بۆ میدیاکان نەبوون، هەروەها بۆ دیوە یاساییەکەش بایەخێکی ئەوتۆ نەبوو، لە سەرو ئەمانەشەوە هەموو دنیا لە بەهاری ساڵی ١٩٩٩ دا سەرقاڵی روداوێکی زۆر دراماتیکی دیکە بوون: قەیرانی کۆسۆڤۆ...

بەر لەوەی ناتۆ هێرشە ئاسمانیەکانی خۆی دەست پێبکات میدیاکان رۆژانە ریپۆرتاژیان سەبارەت بە نەهامەتیەکانی کۆسۆڤۆ ئەلبانیەکان بڵاو دەکردەوە، تەنها ژمارەیەکی زۆرکەم لە خەڵکی بەراوردی ئەو رەوشەیان لەگەڵ رەوشی کوردەکان لە تورکیا یاخود لە عێراق دەکردەوە، هەرچەندە بارودۆخەکە لە کۆسۆڤۆ پڕمەینەتی و کەسەر بێت، بەڵام تەماشا دەکەین بایەخدان بە چارەنوسی ئەلبانیەکان گرنگتر و لێبڕاوانەترە، باشە بۆچی ئەمە بۆ کۆسۆڤۆ دەکرێت و بۆ کورد ناکرێت؟ خۆ تورکیا زۆر لە سربیا دوورتر نیە، یان لەبەر ئەوەیە کە تورکیا ئەندامێکی کاندید کراوە بۆ یەکیەتی ئەوروپا، بەڵام سربیا هێشتا زۆری ماوە بەو هەنگاوە بگات؟ لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا رێك لە دەماودەمی دەستپێکی شەڕدا لە کۆسۆڤۆ کلنتۆن باسی لەوە کرد کە سەرۆکی حکومەتەکانی دنیای خۆرئاوا رێگا نادەن لە ناو چەق و ناوەڕاستی ئەوروپادا سەرەتایی ترین بنەماکانی مافی مرۆڤ پێشێل بکرێت، من هیوام وایە هەمان ئەو مافانەی ئەوان باسی دەکەن بۆ کوردیش وا بێت...

بەداخەوە وێرای بڕیارەکەی کۆمیسیۆنی ئەوروپا بارودۆخی پارێزەرەکانی ئۆجەلان گۆڕانی زۆری بەسەردا نەهات، هەموو جارێك زەحمەتێکی زۆریان دەبینی هەتا چاویان بە سەرکردە کوردەکە بکەوێت، هەتا ئێستاش ناتوانن بە تەنها گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا پاش یەکەمین دیداریان لەگەڵ ئۆجەلان پارێزەرەکان لەلایەن پیاوانی پۆلیس و کەسانی سەر بە گورگە بۆرەکان هێرشیان کرایە سەر، ئەم هەڕەشانە تەنها بەرامبەر بە پارێزەرەکان نەبوون، بەڵکو ئەگەر پارێزەرەکان بەردەوام بوونایە لە بەرگریکردنیان لە ئۆجەلان ئەوە ئەندامانی خێزانەکانیشیان دووچاری گرفت دەبوونەوە، بەڕاستی من لە غیرەت و جوامێری ئەو پارێزەرە کوردانە سەرسوڕماو بووم کە وێرای ئەو هەموو هەڕەشەیە و سەرباری ئەوەی کە ئەو کارە مەترسی بۆ گیانی خۆیان هەیە کەچی ئامادەن بەرگری لە ئۆجەلان بکەن.

سەبارەت بە خۆشمان بڕیارەکەی کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ کاریگەرییەکی پۆزەتیفانەی نەبوو، ئێمە هێشتا ناتوانین چاومان بە ئۆجەلان بکەوێت و ناشتوانین پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵدا ببەستین، لەسەر بنەڕەتی بڕیارەکانی کۆمیسیۆن ئێمە هێشتا هەر بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە مۆڵەتێك لە حکومەتی تورکیا وەربگرین بۆ سەردانی ئۆجەلان، بەڵام دیسان بێهوودە بوو. هەروەها داواکەشمان لە وەزیری دەرەوەی هۆڵاندا کرد کەلەم کێشەیەدا هاوکاریمان بکات سودی نەبوو، جەنابی وەزیر لەگەڵ ئێمەدا هاوڕا بوو کە هەقی ئەوەمان دەبێت هەبێت تا بتوانین سەردانی ئۆجەلان بکەین، بەڵام ئەو بۆ هاوکاری ئێمە رەوانەی کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ دەکات!

کۆمیسیۆنەکەش خۆی هێندە بەدەسەڵات نیە کە فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی وەڵامێکی بڕیارەکەی ٤ی مارتی کۆمیسیۆنەکە بدەنەوە، لە کۆتایی مانگی مارتدا داوای لە تورکیا کرد کە داخۆ چی هەنگاوێکی لەمەڕ

جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەوانەوە هەڵگرتووە، بەڵام کاتێك حکومەتی تورکیا وەڵامی ئەم داوایـە نەداتەوە ئەوە ئیتر کۆمیسیۆنەکە ناتوانێت هیچ بکات ئەوە نەبێت کە ئەمە بکاتە راپۆرت و رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوروپای بکات، ئیتر ئەوسا مەسەلەکە دەبێتە سیاسەت و دەبێت ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوروپا فشار بخاتە سەر تورکیا تا بڕیارەکەی کۆمیسیۆنەکە جێبەجێ بکات، بەڵام بێگومان ئەمە روونادات!

**- ٣ -**

لە تورکیا ئامادەسازیەکان بۆ پرۆسەی دادگاییکردنی ئۆجەلان زۆر بەگەرمی تەواو دەکرێن، هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن کە تورکیا خوازیاری ئەوە بێت بە زووترین کات پرۆسەکە دەستپێبکات، بۆ ئەوەی خۆیان لەوەش بپارێزن کە ئۆجەلان لە ئەنقەرە لەبەردەم دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەتدا بخەنە بەردەم دادگا، دانیشتنەکانی دادگا هەر لە ئیمرالی بەڕێوە دەبرێن، رێك لە تەنیشت زیندانەکەوە شوێنێکی تایبەت بۆ ئەم دادگایە دروست دەکرێت، بۆ پارێزەرەکانی ئۆجەلان ئەمە گرفتێکی زیاتریان بۆ دەخولقێنێت، چونکە بە پێچەوانەی دادوەرەکان و ئەفسەرەکانی دادگا ئەوان ناتوانن شەو لە دورگەی ئیمرالی بمێننەوە، بەڵکو دەبێت بۆ هەموو دانیشتنێکی دادگاکە ئەوان بە بەلەم بێن بۆ دورگەکە ئەمەش رێگایەکە چەند کاژێرێکی دەوێت...

پاش ئەوەی بەرواری دانیشتنەکە دووجار گۆڕا لەبەر ئەوەی کە هۆڵی دادگاییکردنەکە هێشتا تەواو نەبووە، بۆ دواجار بڕیار درا رۆژی ٣١ی مانگی مەی ١٩٩٩ پرۆسەکە دەست پێبکات، داواکاری گشتی بەر لە دادگاکە ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەو داوای حوکمی لەسێدارەدان بۆ ئۆجەلان دەکات، منیش تەنها بۆ یەك سات دوودڵ نیم لەوەی کە هەرسێ دادوەرەکە هەمان بڕیار دەدەن. هەرچەندە دانیشتنەکانی دادگا بە ‹ دانیشتنی ئاشکرا› ناو دەبران،

بەڵام چوونە ژورەوە بە خەڵکانی گشتی زۆر دیاری کرابوون، رۆژنامەنوسانی بێگانەو ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئەوروپا کە خوازیاری ئەوە بوون لە پرۆسەی دادگایی کردنەکەدا ئامادە بن، دەبوو پێشوەختە بە فەرمی داوا پێشکەش بە حکومەتی تورکیا بکەن، بەڵام سەرەنجام ئەوەی پێی دەگوترێت چاودێرو ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئەوروپاش رێگە نەدران.

پرۆسەی دادگاییکردنەکە لە راستیدا جگە لە " شۆ " یەك هیچی دیکە نەبوو، وێرای ئاڵوزی و چڕوپڕی دۆسیەکە و قورسی سکاڵاکان، دادگاییکردنەکە چەند رۆژێك زیاتری نەخایاند. پارێزەرەکانی ئۆجەلان تەواوی توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی بەرگری لە ئۆجەلان بکەن، بەڵام ئەوان فرسەتێکی زۆر کەمیان بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی دۆسیەکە تاوتوێ بکەن، دۆسییەك کە پتر لە پازدە هەزار لاپەڕە دەبوو!، بەڵام پارێزەرەکان تەنها دوو هەفتە بەر لە دادگاییکردنەکە ماوەیان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن چاو بە دۆسیەکەدا بگێڕن، تەنانەت کۆپیەکی دۆسیەکەشیان پێنەدرا تا پارێزەرەکان ناچار بوون خۆیان ئامێرێکی فۆتۆکۆپی کردن لەگەڵ خۆیاندا بەرن بۆ دورگەی ئیمرالی بۆ ئەوەی هەر لەوێ بتوانن دۆسیەکە کۆپی بکەن، داواکەشیان بۆ دواخستنی دادگا لەبەر ئەوەی کاتیان کەم بووە بۆ سەیرکردنی دۆسیەکە و خودی دۆسیەکەش زۆر ئاڵۆزو چڕوپڕە، رەتکرایەوە، بەهەمان شێوەش رەفتار لەگەڵ ئەو شاهیدانەدا کرا کە دەیانویست گوێبیستی بەرگریکردن بن و شاهیدی بدەن، بەڵام لەسەر داوای سکاڵاکەرێك بڕیاردرا کە پاشماوەی قوربانیە تورکەکان، ئەوانەی لە جەنگدا لەگەڵ پەکەکەدا تیاچوون، بتوانن شاهیدی بدەن.

ئەمانە تەنها ئاستەنگ نەبوون کە خرابوونە بەردەم مافی بەرگری لەخۆکردن، بەڵکو لەوەش زیاتر پارێزەرەکان بۆیان نەبوو نە دۆسیەکەو نە هیچ سەرنج و نوسراوێك بە ئۆجەلان بگەیەنن. ئۆجەلان خۆشی هەتا چەند هەفتەیەك بەر لە دادگاییکردنەکە نە کاغەز و نە پێنوسی لەبەردەستا نەبوو،

ئەمە سەرباری ئەوەی کە پارێزەرەکان تەنها بۆ یەکجاریش چیە ماوەیان پێنەدرا بە تەنها لەگەڵ ئۆجەلاندا قسان بکەن، بەر لەهەموو سەردانێکیش پارێزەرەکان هەموو جارێك بە وردی پشکنین و پەنجە مۆریان بۆ دەکرا، هەتا ئێستاش ئەوان ئامانجی هەموو هەڕەشەیەکی فیزیکین کە بکرێتە سەریان، پارێزەری هۆڵەندی میشا ڤلادیمرۆڤ MISCHA WLADIMIROFF کە لەلایەن رێکخراوی پارێزەر بۆ پارێزەران رەوانەی تورکیا کرابوو بۆ ئەوەی بتوانێت رێنوێنی پێویست بە پارێزەرەکان بدات لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا، لە راپۆرتەکەی خۆیدا گەشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە: بە هیچ جۆرێك ماوەیەك بە پارێزەرەکان نەدراوە تا بتوانن بەپێی پێویست کاری بەرگریکردن ئەنجام بدەن.

دەمەو بەیانی یەکەم رۆژی دانیشتنی دادگاکە لەگەڵ فکتۆر و تیس سەیری کەناڵی تی ئار تی تورکمان دەکرد، تەنها کەناڵی فەرمی دەوڵەتی تورکیا کە راستەوخۆ ریپۆرتاژی پێشکەش دەکرد، هەر لە بینینی یەکەم وێنەی دادگاییەکەدا زۆر شتمان بۆ روون بۆوە، دەمانبینی کە چۆن دورگەکە خراوەتە ژێر چاودێریەکی توندەوە و هەموو ئەو کەسانەی بۆ ئەوێ دەچوون دەخرانە ژێر پشکنینێکی زۆر توند و وردەوە. زیندانەکە تەنها چەند مەترێك لە ژوری دادگاکەوە دوور بوو، کەچی ئۆجەلان بە ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش لە دەرگایەکی تایبەتەوە لە پشتەوە بەرەو دادگاکە برا، لە نێو دادگاکەدا ئەو برایە سوچێکەوە کە بە شوشەی ئەستوری دژ بە گولە بەردەمی گیرابوو. ئەمە یەکەم جار بوو دوای پیشاندانی فلیمە فیدیۆییەکانی ناو فڕۆکەکە سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان کە بڵاوکرانەوە، ئۆجەلان بەدیبکەم، زۆر لاواز ببوو بە دڵنیاییەوە دە هەتا پازدە کیلۆ کێشی لەشی دابەزی بوو، بیرم لەوە دەکردەوە لە دوا دیدارمدا لەگەڵی لە رۆما بە گاڵتەوە باسی کێشی خۆی دەکرد و گوتی "لێرە تەنانەت ناتوانم تۆزێك وەرزش بکەم " پاشان گوتی " زۆر قەڵەو بووم "، بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئەو زیندانی تورکیا بە شێوازێکی باش بۆ خۆ لاوازکردن نازانێت...

زۆربـەی ئەو ڕۆژەم بە چاوپێکەوتنەوە بەسەر برد، دەستپێکردنی دادگاییەکە جارێکی دیکە بە شێوەیەکی کاتی ئۆجەلانی خستەوە ناو میدیاکان، ئێوارەش دیسان دەبمە میوانی پرۆگرامی نۆڤا، من لە دەستپێکی ئەو ڕۆژەوە باری تەندروستیم تەواو نەبوو، دەمەو نیوەڕۆکەی بەتەواوی نەخۆش کەوتم، پلەی گەرمام بەرز ببوو، دڵم تیکەڵ دەهات و سەرم دەئێشا، نەمدەزانی چۆن لەو بەرنامەیە بەشداری بکەم، تەنانەت ئاستی بیرکردنەوەشم تێك چوو بوو، نەمدەتوانی زۆر شت بە بیری خۆم بێنمەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە تەلەفیزۆندا پێوەم دیار نەبوو، هەرچەندە بە درێژایی ماوەکە لەوە دەترسام کە هێڵنج بدەم، پاش تەواوبوونی بەرنامەکە فکتۆر کە لەگەڵما هاتبوو بۆ ستۆدیۆکە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا فریام کەوێت، بەرەو ماڵەوە بردمیەوە، ڕاستەخۆ چوومە نێو جێگا، هێندە ناساغ بووم کە پێموابوو هەتا دوو ڕۆژ دەبێت لە جێگا بمێنمەوە.

لە ڕێگای تەلەفیزۆنەوە بەردەوام سەیری پرۆسەی دادگاییکردنەکەم دەکرد و ڕۆژانەش پەیوەندیم بە پارێزەرەکانەوە لە ئەستەنبول دەکرد.

هەرچەندە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان بـەردەوام ڕیپۆرتاژیان لەسەر دوا گۆڕانکاریەکانی پرۆسەی دادگاییکردنەکە ئامادە دەکرد، بەڵام زۆر بە کەمی ئاماژەیان بۆ ئەو ئاستەنگانە دەکرد کە دووچاری پارێزەرەکانی ئۆجەلان بوونەتەوە. من زۆر بێزار بووم لەو نوسین و ڕیپۆرتاژە بێ ناوەڕۆك و خەمساردانەی کە بەبێ ڕەخنە ڕوداوەکانیان دەگواستەوە، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی پەیامنێرێکی کەناڵی SBS6 خەمساردانە باسی ئەوە بکات کە بڕوای وایە ئۆجەلان ڕووبەڕووی دادگایەکی عادیلانە کراوەتەوە! ئەرێ بۆ خاتری خوا ئەو بەڕێزە چاوەڕی چی دەکات؟ چاوەڕێی ئەوە دەکات ئۆجەلان لە هۆڵی دادگاکەدا پارچە پارچە بکرێت؟

لە کۆتایی هەفتەکەدا کە ئیتر خەریك بوو پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەرەو کۆتایی بچێت، ڕۆژنامەنوسێکی ڕۆژنامەی NRC تەلەفۆنی بۆ کردم

پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ئۆجەلان لە کاتی دادگاییکردنەکەدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە من پارێزەری ئەو نیم، هەروەها من خۆم لە ئەستەنبوڵەوە ئاگادار کرامەوە کە دادوەرەکان سەبارەت بە من پرسیاریان لە ئۆجەلان کردووە، ئەو دیارە لە نێو وەڵامەکاندا گوتویەتی کە من لە دۆسیەکەی ئەودا لە تورکیا پارێزەری نیم، کە ئەمەش بێگومان هەڵە نیە، بەڵام رۆژنامەکانی تورکیا تەنها هێندەیان گواستبۆوە کە " من پارێزەری ئۆجەلان نیم "، بەڵام رۆژنامەنوسەکە بەو وەڵامەی من قایل نەبوو بۆیە داوای ئەوەی کرد کە داخۆ من بەبەڵگە دەتوانم ئەوە بسەلمێنم کە پارێزەری ئۆجەلانم؟ منیش لە وەڵامدا ئەوەم گوت کە بە ئیمزای خودی ئۆجەلان من بریکاریی تەواوی ئەوم وەرگرتووە، بەڵام ئەو تەنها کاتێك بڕوا دەکات کە ئەو بەڵگەنامەیە بە چاوی خۆی ببینێت و بە لەخۆرازیبوونەوە دەیگوت " رۆژنامەنوس دەبێت هەمیشە گومانی هەبێت!!"، باشە ئەمە راستە، بەڵام دیارە ئەگەر مەسەلەکە رۆژنامەکانی تورکیا بێت ئەوە ئەم رێسایە پێویست ناکات و ئیتر بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە بەڵگەنامەی بریکاریەکەم بۆ فاکس کرد...

دوای پێنج دانیشتنی دادگا ئیتر پرۆسەکە بە پراکتیکی تەواو ببوو، چەند رۆژێك پاش ئەوە داواکاری وەزارەتی داد دەقی تۆمەتەکانی خۆی پێشکەش کرد و لە هەموو خاڵەکاندا ئۆجەلانی تاوانبارکرد و داوای لە دادگا کرد کە حوکمی لەسێدارەدان بەسەر ئۆجەلاندا بسەپێنێت، پارێزەرەکانیش هەتا رۆژی ٢٣ی ژونی ١٩٩٩ کاتیان لەبەر دەستیایە بۆ ئەوەی داخوازی خۆیان بۆ تێهەڵچوونەوە پێشکەش بکەن، لە کۆتایی پرۆسەی دادگایی کردنەکەشدا رێگا بە ئۆجەلان درا لێدوانی خۆی بدات و ئیتر پاش ئەوە چاوەڕێی دەرچوونی حوکمی کۆتایی دەکرێت کە ئەویش تەنها پاش یەك هەفتە دەردەچێت.

رۆژی ٢٩ی مانگی ژونی ١٩٩٩ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی وڵات بڕیاری خۆی دەردەکات هەرچەندە من بە بڕیارەکە زۆر سەرسوڕماو نابم،

بەڵام ئەو رۆژە زووتر رۆشتم بۆ نوسینگەکەم، کاتژمێر نۆو نیوی بەیانی لە ئەستەمبوڵەوە تەلەفۆنم بۆ کراو ئاگادار کرامەوە کە ئەنجومەنی ناوبراو حوکمی لەسێدارەدانی بۆ ئۆجەلان دەرکردووە، خۆشبەختانە بەپێی یاسای تورکیا ئەمە مانای ئەوە نیە دەستبەجێ دەبێت ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێت، پارێزەرەکانی ئۆجەلان جارێکی دیکە لە رێگای دادگای باڵاوە تێهەڵچوونەوەی دیکە داوا دەکەن، چاوەڕێی ئەوەش دەکرێت کە دادگای باڵای ئەنقەرە لە زستاندا ئەو حوکمە یەکلا بکاتەوە، ئەگەر ئەو دادگایەش حوکمی لەسێدارەدانەکەی چەسپاند ئەوە دەبێت پەرلەمانی ئەو وڵاتە جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانەکە قبوڵ بکات، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٨٣ ەوە لە تورکیا هیچ حوکمێکی لەسێدارەدان جێبەجێ نەکراوە، بەڵام لە دۆسیەکەی ئۆجەلاندا گرەنتی ئەوە نابێت کە پارلەمانی ئەو وڵاتە دەنگ لەسەر جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانەکە نادات بەتایبەت ئەگەر سەرنج بدەین لە پاش ئەم هەڵبژاردنەی دواییەوە لە ناوەڕاستی ئاپرلدا راستە توندڕەوەکانی مەهەپە دەستی باڵایان لە پەرلەماندا هەیە.

سەبارەت بە مامەڵەکانیشمان لەگەڵ ستراسبۆرگ ئێمە هەر بەردەوام بووین، پاش ئەوەی کە ئێمە لە مانگی مارتدا دوا نامەی خۆمان پێشکەش کرد لە تورکیا ئامادەسازی بۆ دادگا بەرێوە دەبرا، ئەو ماوەیەی کە بۆ تورکیا دانرابوو وەڵامی راپۆرتی بەرگریکردن بداتەوە لە ٣٠ ی مانگی ژون بەسەر دەچوو، بەڵام تورکیا کەمێك بەر لە بەسەرچوونی ماوەکە داوای دواخستن و ماوەی زیاتری کرد، دیارە لەو کاتەدا تورکیا سەرقاڵی هەندێ کاری لە پێشترو گرنگتر بووە وەك لەوەی ستراسبۆرگ، رەنگە تورکیا لە هەوڵی ئەوەدا بووبێت کە پاش دەرچوونی حوکمەکە بەسەر ئۆجەلاندا لە لایەن دادگای باڵای ئاسایشی وڵاتەوە ئەوجا وەڵامەکانی خۆی رەوانە بکات، تورکیا ماوەیەکی زیاتری هەتا ١ی سێپتەمبەر پێدرا، هەرچەندە ئێمە هیواداری ئەوە بووین ئەو ماوەیە کە کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ بۆ تورکیای

تازە دەکاتەوە زۆر دوانەکەوێت، بەڵام ئەم دواخستنە بۆ من قازانجێکی هەبوو: دوو هەفتە فرسەت دێنم و مۆڵەتی پشوو وەردەگرم، لەو باوەڕەدا بووم پاش ئەو هەموو چەرمەسەریەی ساڵی پار ئیتر ئێستا تۆزێك پشووم پێویستە.

جارێکی دیکە کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگمان ئاگادار کردەوە کە ئێمە - لەکاتیکدا ئەگەر دادگای باڵای ئەنقەرە حوکمی لە سێدارەدانی ئۆجەلانی پەسەند کرد- دیسانەوە هەنگاوی کاتی و خێرا داوادەکەینەوە ئەم جارەیان لە پێناو ئەوەدا کە پێش بەوە بگرین تورکیا بتوانێت حوکمی لەسێدارەدانەکەی ئۆجەلان جێبەجێ بکات، کۆمیسیۆنەکەش ئێمەی ئاگادار کردەوە کە لەهەموو بڕیارێك لەو بارەوە ئێمە ئاگادار دەکەنەوە، کاتێ ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە دادگای باڵای تورکیا بڕیاری کۆتایی خۆی ئاشکرا بکات، لە مانگی ئۆکتۆبەردا بڕیاری داواکەی ئۆجەلان بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە ئیتالیا درا، دادگای ئیتالیا ئەوەی پەسەند کردووە کە ئۆجەلان مافی ئەوەی هەیە وەك پەنابەر قبوڵ بکرێت، دەبێت چ جۆرە ئایندەیەك چاوەڕێی ئۆجەلانی بکردایە ئەگەر ئەوروپا هەموو دەرگاکانی لەرویدا دانەخستایە؟

لە کۆتایدا و لە رێکەوتی ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ دا دادگـای باڵا بڕیاری خۆی ئاشکرا کرد و بۆ هیچ کەسێك مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە دادگای تێهەڵچوونەوەی باڵا لە ئەنقەرە بڕیاری لە سێدارەدانی ئۆجەلانی پەسەند کردووە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا چانسی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان بچوکتر بۆتەوە، تورکیا ماوەیەکی کورتە بۆتە ئەندامی کاندید کراو بۆ یەکیەتی ئەوروپا بۆیە کۆمیسیۆنی ئەوروپا ئەوەی بە تورکیا راگەیاندووە کە لەناوبردنی ئۆجەلان بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپا دەکاتە کارێکی مەحاڵ، هەروەها ئەنجومەنی ئەوروپاش

هۆشداری دایە تورکیا کە ئەوان راستەوخۆ ئەندامێتی تورکیا بەتەواوی کۆتایی پێدەهێنن ئەگەر حوکمی لەسێدارەدانەکەی ئۆجەلان جێبەجێ بکەن.

بەرزبوونەوەی ئەم دەنگە سیاسیانە بەتەواوی ئاماژەیەکی باشن، ئێمەش پێشبینی ئەوە ناکەین کە تورکیا بڕیاری لە سێدارەدانی ئۆجەلان جێبەجێ بکات، بەڵام ئێمە لە هەموو حاڵەتیکدا کەمترین موجازەفەو سەرکێشی لەم بارەوە دەکەین بۆیە چاوەڕی ی تەواو کردنی بڕیارەکەی کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ دەبین کە ئەمیش لـەلای خۆیەوە ئەگەری جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانەکە بچوکتر دەکاتەوە، بۆیە دیسانەوە لە رۆژی ٢٥ ی نۆڤەمبەردا بۆ جارێکی دیکە داوای هەنگاوی کاتی و بەپەلەمان کردەوە، بڕیاری ستراسبۆرگ لەم بارەوە پاش پێنج رۆژ گەشتەوە دەستی ئێمە و لە قازانجی ئێمەدا بوو، کۆمیسیۆنەکە داوای لە تورکیا کردووە کە دەبێت بە هەموو شێوەیەك جێبەجێکردنی حوکمەکە رابگرن هەتا ئەو کاتەی ئەوان سکاڵاکەی ئۆجەلان تاوتوێ دەکەن، ئەمجارەیان حکومەتی تورکیا داواکەی کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگی بەلاوە نەنا، بەڵکو لە سەرەتای مانگی ژانیوەی ساڵی ٢٠٠٠ دا پارلەمانی تورکیا لە ئەنقەرە بڕیاریدا بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی ئەو داخوازیەی ستراسبۆرگ بداتەوە. هەرچەندە هەڕەشەی لەسێدارەدانی ئۆجەلان هەمیشەییەو نەڕەویوەتەوە و ئیتر دۆسیەکە لەسەر مێز دانـراوە، بەڵام مەسەلەی ئۆجەلان کۆتایی نەهاتووە، هەتا ئێستا حکومەتی تورکیا تەنها بەوە قایل بووە کە حوکمی لەسێدارەدانی ئۆجەلان بە شێوەیەکی کاتی رابگرێت، بڕیاری تەواوەتی لەسەر چارەنوسی ئۆجەلان نەدراوە، کاروباری کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگیش بە دڵنیایەوە جارێ کاتی زیاتری دەوێت، هەندێك جار ساڵانێکی پێدەچێت هەتا یەکلا دەکرێتەوە، بەڵام ئەوە دیسان هیوایەکە، هیوایەکە بۆ ئەوەی

ئۆجەلان کەیسەکەی خۆی لەگەڵ ستراسبۆرگ بباتەوە و تورکیا بڕیارەکەی کۆمیسیۆنی ستراسبۆرگ پەسەند بکات...

لە کۆتایشدا هیوایەکە بۆ ئەوەی کە تورکیا هاوکاربێت لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیانە بۆ چارەسەری ململانێی نێوان کورد و تورك، ئەوسا ئیتر ئۆجەلان پێویستی بە مافی پەنابەری لە ئیتالیا نابێت...

**تەواو**

**هۆڵەندا- ٢٢ی ژونی- ٢٠١٠**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ
# دکتۆر مەحمود عوسمان

ئەم چاوپێکەوتنە رۆژی 11ی ئاپرڵی 2014 لە شاری هەولێر سازکراوە...

*** سەرەتا دکتۆر مەحمود بەڕێزتان چۆن چۆنی ئاشنا بوون بە پرسی باکوری کوردستان و چ کاتێک زانێت کە ئۆجەلان لە رۆمایەو جەنابت بە دەنگیەوە چویت و سەردانیت کرد؟**

- من بەڕێز ئۆجەلان لە ساڵی 1978 ەوە دەناسم، ئەو کاتە ئەوان لە سوریا و لوبنان بوون، حزبەکەیان دروستکردبوو، من پێشتریش پێش راگەیاندنی حزبەکەیان دەمناسی. ئێمەش لە سوریا و لوبنان بووین، لەو کاتەوە پەیوەندیمان هەیە، زۆر جار یەکترمان دیوە، ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕمان دەکرد، قسەمان دەکـرد... تورکیا لە کۆتاییەکانی ساڵی 1998 فشارێکی زۆری خستە سەر سوریا بۆ ئەوەی ئۆجەلان لەو وڵاتە دەربچێت، ئەگەر لە سوریا دەرنەچێت، تورکیا پەلاماری سوریا دەدات،شەڕ دەبێت، ئەویش نەیدەویست کە سوریا زیاتر ئیحراج بکات، بۆیە لە سوریا دەرچوو. ئێمە لەو باوەڕەدابووین کە لە سوریا دەرچوو بچێتە شاخ، من خۆم ئەو بۆچوونەم هەبوو، چونکە هەموو سەرکردەکانی دیکەی کورد لەگەڵ پێشمەرگەکانیاندا لە شاخدا بوون. ئەگەر لە کوردستانی باکوریش جێگای دەستنەکەوێت، دەتوانێت لە شوێنێکی تر جێگایەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. رەنگە ئەمە باشتر بوایە، بەڵام بێگومان ئەوان ترسیان هەبوو کە توشی کێشە بن چونکە ئەو کارە بۆ ئۆجەلان هەروا ئاسان نەبوو. بەهەرحاڵ ئۆجەلان لە سوریا رۆشتەدەرێ ئەم وڵات و ئەو وڵاتی کرد و سەرەنجام لە رۆما گیرسایەوە.

ئۆجەلان نوێنەرایەتی کێشەیەکی گەورەی کوردی دەکرد، نیوەی کورد لە تورکیایە، باکوری کوردستان گەورەترە لە هەموو بەشەکانی دیکەی

کوردستان، وێڕای ئەوەش خەڵک هەبوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لایەنگری ئەوی دەکرد، لە باشوری کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان، تائێستاش حزبەکەی ئەو لقی هەیە لە بەشەکانی کوردستان، لە بەرئەوە کە ئۆجەلان لە ڕۆما گیرسایەوە، تەئیدێکی زۆری بۆ پەیدا بوو. ئۆجەلان لەگەڵ کێشەکەدا چووە ئەوروپا، بێگومان کە کێشەش چووە ئەوروپا خۆی بە شێوەیەکی سروشتی گەورە دەبێت، لەو کاتەدا ئەو کێشەیە بوو بە قسەی هەموو کەسێک. ماوەیەک بەو شێوەیە بوو، بەڵام لە پاشاندا دیاربوو کە تورکیا لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل و هەندێک لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان هەوڵێکی زۆری دابوو کە ئەو کێشەیە بەوجۆرە لە ئەوروپا مایەی قبوڵکردن نیە، بۆیە پیلانێکیان داڕشت کە لەوێ لایبەرن یاخود هەڵیکەنن. سەرەتا بیریان لەوە دەکردەوە کە بیبەنە وڵاتێکی تر، وڵاتێک لەو وڵاتانەی کە میدیا و راگەیاندنەکان ئەوەندە تیایدا گرنگ نەبێت، وەک وڵاتانی ئەفریکا یان ئاسیا. فشاری زۆر لە ئۆجەلان کرا. دوو پارێزەری هەبوو، یەکێکیان لە حزبی سەوز و ئەویتریان لە حزبی کۆمۆنیستی ئیتالی بوون، بەڵام ئەو کاتە هەردووکیان لەگەڵ حکومەت بوون، حکومەتی ئەو کاتە. ئیتالیا و خودی سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمە ماسیمۆ دەلەیما سەرەتا زۆر لەگەڵیدا بوون و هاوکارییان دەکرد، بەڵام دواتر لە ژێر فشارێکی زۆردا کە ئەمەریکا و ئەوروپا لە پشتیەوە بوون، هەڵوێستی خۆیان گۆڕی و لە ڕێگای پارێزەرەکانیەوە کەوتنە زۆر بۆ هێنان و ترساندنی، ئەتگرن و واتلێدەکەن و مافیا دەتکوژێت و لەم قسانە، لەبەر ئەوە ئۆجەلان لە رەوشێکی زۆر ناخۆشدا بوو.

*** ئایا ئەم هەڕەشانە بە فەرمی لە ڕێگای نامەوە بوون یان هەر بە ئاماژەو ناڕاستەوخۆ و شەفەهی بوون؟**

- هەڕەشەکان زیاتر شەفەهی بوون و بە دەم پێی ڕاگەیەنراوە.

*** له ڕێگای کێ و چ لایەنێکەوە هەڕەشەکانیان دەنارد؟**

- من وردەکاری ئەوەم لا نیە، بەڵام هەڕەشەیان لە خۆیی و لە حزبەکەشی کردبوو، ترساندبوویان، ئەگەر بێتو لە ڕۆما بمێنێتەوە، ڕەنگە بیگرن یان ڕەنگە بتکوژن، ڕەنگە پیلان لە دژتان داڕێژن. ماسیمۆ دەڵێما هەڵوێستی باش بوو لەگەڵ ئۆجەلان، ئۆجەلانیش هەروەک چۆن لە سوریا نەیویست لەسەر حسابی خۆی سوریا ئیحراج بکات، هەمان شێوەش ڕەفتاری لەگەڵ ماسیمۆ دەلێما کرد، حەزی نەکرد بەرامبەر بە نەیارەکانی ئەو زیاتر ئیحراج بێت، بەهەرحاڵ بیرۆکەیەکی لەوجۆرە لە کنی ئەو پەیدابوو کە دەرچێت لە ڕۆما و بڕوات بۆ شوێنێکی تر.

کە ئۆجەلان لە ڕۆما گیرسایەوەو هەواڵەکەی بڵاوبۆوە، بێگومان من خۆم پەیوەندی باشم هەبوو لەگەڵیاندا، نەک تەنها من بەڵکو چەند کەسێک بووین چوین بۆ ڕۆما. ئەم ڕۆشتنەی ئێمە لە ڕێگای کۆنگرەی نەتەوەیی کوردەوە بوو لە بەلژیکا، لە دوا ڕۆژەکانی مانەوەی ئۆجەلان بوو لە ڕۆما کۆنگرەکە وەفدێکی دروست کرد کە سەردانی ئۆجەلان بکات، کۆنگرە بە کۆی دەنگ لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ئۆجەلان لە ڕۆما بمێنێتەوەو نەڕوات. وەفدەکە من بووم، نوری تاڵەبانی بوو، زوبێر ئایدار بوو لە جەماعەتی خۆیان، عەزیز ماملێ بوو کە کوردی ئێران بوو، ئێمە ئەمانە وەک وەفدی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چوین بۆ ڕۆما بۆ لای ئۆجەلان. چوین بۆ لای، قسەمان لەگەڵ کرد، بۆچوونی کۆنگرەمان پێڕاگەیاند، یاداشتی کۆنگرەمان پێدا. برادەرانی تر دوو ڕۆژ مانەوە، من بە ئیعتیباری ئەوەی کە زیاتر نزیک بووم لێوەی، بە شەخسی دەمناسی، بۆیە من ڕۆژێک زیاتر مامەوە. هەموو ئەوەمان پێگوت کە ئێمەو کۆنگرەش ڕەئیمان وایە کە تۆ نابێت لە ئیتالیا دەربچیت، هەرچەندە فشاریش بخەنە سەرت و هەڕەشەت لێبکەن بابیکەن. ئاساییە لە زیندانێکی ئیتالیادا بیت زۆر باشتر دەبێت، چونکە مەسەلەکەت لە ئەوروپا دەمێنێتەوە، لەوە باشترە کە بتبەنە وڵاتێکی دوور،

چونکە ئەو کاتە بیرۆکەیەکی وا هەبوو کە بیبەنە لیبیا یان نازانم کوێ، زیاتر باسی وڵاتانی ئەفریکا دەکرا. من پێمگوت برادەرانی دیکەش پێیان گوت کە ناردنت بۆ ئەوێ واتای ئەوەیە کە یان لەرێگا یان لەوێ لەو وڵاتە دەترفێنن، چونکە ئاشکرایە ئەمە پیلانێکی هاوبەشی تورکیا و ئەمەریکایە.

*** دکتۆر مەحمود ئێوە بە راشکاوی و بە ئاشکرا پێتانگوت کە دەترفێنن؟ حەرفییەن ئەوەتان پێگوت؟**

- بەڵی من بە حەرفی ئەوەم پێگوت، من وەکو چۆن یەک کۆ یەک دەکاتە دوو، ئاوا پێمگوت کە یان لەناو فڕۆکەکەدا دەترفێنن، یان کە گەیشتیتە ئەوێ دەترفێنن، پێمگوت کە ئەمە مانای ئەوەیە تۆ بۆ تورکیا دەڕۆیتەوە، لەبەر ئەوە یاداشتێک بنوسە بۆ حکومەتی ئیتالیا، ئاگاداریان بکەرەوە کە تۆ هەڕەشە لەسەر ژیانت هەیەو لێرە ناڕۆیت، بنوسە لێرە خۆتان چیم لێدەکەن لێمبکەن، حکومەتی ئیتالیا چی بڕیاردەدات با بیدات، بەڵام من لە ئیتالیا دەرناچم. ئەو کاتە لەسەر رەئی ئێمە یاداشتێکی نوسی و دای بەوان.

سەرەتا قەناعەتی لا پەیدابووبوو کە لە ئیتالیا نەجوڵێت، بەڵام دوو دڵیش بوو، چونکە جەماعەتەکەشی ئەوانەی کە لە گەڵیدا بوون، هەوڵیان دەدا کە بڕوات، واتە لەژێر فشاردا بوو، یەک دەیگوت بڕۆ، یەک دەیگوت مەڕۆ، ئەترسان شتێکی لێبکەن، بە کورتی شەو قسەمان لەگەڵ دەکرد، قەناعەتی دەکرد و هەمووی دەنوسی بەیانی کە دەچوینەوە بۆچوونی گۆڕابوو. من سێ رۆژ لەوێ مامەوە، برادەرانی دیکە دوو رۆژ مانەوە، ئەوە ئیتر گوایە قەناعەتی کردووە کە نەڕوات. من گەڕامەوە بۆ لەندەن، تەلەفۆنم بۆ دەکرد، دوو جار تەلەفۆنم بۆ کرد و لەهەواڵیم پرسی.

*** ئەو کاتە راستەوخۆ لەگەڵ خۆی قسەت دەکرد؟**

- بەڵێ.. بەڵێ... بێگومان، راستەوخۆ لەگەڵ خۆی، بەڵام لە پڕێکدا و لەدوای دوو رۆژ دەنگی نەما، لە جەماعەتەکەیم دەپرسی لە کوێیە؟ چونکە

من پەیوەندیم زۆرە لەگەڵ پەکەکەدا، ئێستاو کۆنیش. لە کوێ یە، چی بەسەر هاتووە، بۆ کوێ چووە؟ لە وەڵامدا دەیانگوت وەڵا نازانین بەڵام لە شوێنێکی ئەمینە، هەر ئەوەندەیان بە من دەگوت. تومەس لەو ماوەیە لە ئیتالیا هەوڵیداوە بچێتە یۆنان، لە یۆنان نەیتوانیوە، پاشان چۆتە بیلوروسیا، لەوێوە چۆتە روسیا، چۆتە ئەم وڵات و ئەو وڵات، دواجارچۆتە لای ژەنراڵێکی یۆنانی برادەری خۆی. بەکورتی فشاری ئەمەریکا هێندە گەورەو بێ سنور بوو، کە دیارە ئەو فشارە لەسەر داوای تورکیا بووە، ئیسرائیلش لەو ناوەدا بووە، بەڵام نازانم دەوری ئەوان چی بووە. سەرەنجام ناچاریان کردووە بڕوات بۆ کینیا، لەوێ لە ماڵی باڵیۆزی یۆنان دەبێت، لە پاشان هەوڵ دەدەن لەوێ بارودۆخەکە بە جۆرێکی دیکە لێبکەن، بزانە بە چ بەڵێنێک بردویانەتە کینیا. نازانم چەند رۆژ لە کینیا بووە بەڵام رۆژێکیان لەوێ دەیبەنە فڕۆکە خانە گوایا لەوێ بهێننەوە بۆ ئەوروپا. ئەمە هەمووی پیلان بوو لەوێوە رفاندیان بۆ تورکیا، کەبرایە تورکیا ئەوجا ئێمە سەرلەنوێ زانیمان کە چی بووە، چونکە لە ئێمەیان شاردەوە، کارەکەیان وەکو نهێنی هێشتەوە، ئەوەندەمان زانی گوتیان وەڵا ئۆجەلانیان لە کینیاوە رفاندووە بۆ تورکیا.

کە رفاندیان بۆ کینیا رۆژی ١٥ی مانگی شوبات بوو، رۆژی ٣١ی مایس دادگایی دەکرا. پێش دادگایی کردنی بە دوو سێ هەفتە، پارێزەرە کوردەکانی هاتنە لەندەن، لەوانەش (خالید و سەلیم)، هاتن لەوێ سیمینارێکیان سەبارەت بە دادگایی کردنی ئۆجەلان لە پەرلەمانی بەریتانیا سازکرد. هاتنە لای من و گوتیان سەرۆک سڵاوی هەیە، دیاربوو پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبوو، دەڵێت رەئی ئەو چیە لەسەر دادگایی کردنم؟ گوتم جا کاکە سەرۆک هیچ بەقسەی ئێمەی کرد لە رۆما تا لە مەحکەمەکە بەقسەی ئێمە بکات؟ ئێمە رۆشتینە رۆما و سێ رۆژ لەوێ بووین و گوتمان مەڕۆ دەترفێنن، بەقسەی نەکردین، ئێستا قسە بکەین یان نەیکەین چی گرنگی هەیە؟ گوتیان نەوەڵا، ئەو ئەوەی لاگرنگە چونکە لە کۆنەوە تۆ دەناسێت و رای

تۆی لاگرنگە و تۆ هەرگیز پەیوەندیت لەگەڵ تورکیا نەبووە و هەمیشە من لایەنگری کوردی تورکیا بووم، گوتم باشە من سێ خاڵم هەیە، ئەو پیاوە کە دادگایی دەکرێت، سێ شت هەیە ئەگەر جێبەجێ ی بکات جارێکی دیکە مەسەلەکەی دەچێتەوە ئاسمان و بەرزدەبێتەوەو کوردیش لەگەڵیدا بەرز دەبێتەوەو لە دادگاییەکەدا سەردەکەوێت، چونکە تورکەکان دادگاییەکەیان ناونابوو دادگای سەدە، ١٢ باڵیۆز، ئەو هەموو رۆژنامەنوس و کەناڵە، ئەو هەموو عالەمە، خەڵکیش هەمووی بە تەلەفیزیۆن تەماشای دەکات، یەعنی کەس دادگای وای بۆهەڵناکەوێت، وتم سێ شتم هەیە؛ یەکەم بڵێت من ئیعتراف بەم دادگاییە ناکەم، چونکە ئەم دادگاییە حکومەتێک داینەوە کە ئیعتراف بە میلەتەکەی من ناکات، لەبەر ئەوە منیش ئیعتراف بەو دادگاییەی ئەو ناکەم، داوا دەکەم لە دادگایەکی دەرەکیدا لە شوێنێکی تر دادگاییەکی عادیلانە بکرێم و من تەرەف بم و تورکیاش تەرەف بێت، نەک تەنها من وەک تەرەفێکی تاوانبار تەماشا بکرێم. دووەم؛ بڵێ من تورکی نازانم، وەرگێڕم بۆ بێنن، با بەکوردی قسە بکات و تەرجەمەی بکەن، بەمە تورکیا ئیحراج دەبێت چونکە ئەو ددان بە بوونی کوردا نانێت. سێیەم؛ هەرچی رویداوە مەڵێ  من ئاگام لێ نیەو نازانم، بڵێ من لە هەمووی مەسئوڵم، ئێمە کردومانە لەبەر ئەمە لەبەر ئەوە، حەرب هەیە، جەنگی ناوخۆ هەیە لەو شتانە.

گوتم ئەگەر ئەو سێ شتە بکات لە یەکەم جەلسەدا کە هەموو دنیا تەماشای دەکات، تورکیا ئیحراج دەبێت، لە جیاتی تورکیا ئۆجەلان دادگایی بکات، ئۆجەلان تورکیا دادگایی دەکات، دەبێتە مەحکەمەی تورکیا و ئەو سەردەکەوێت و میلەتەکەشی سەردەکەوێت. وەڵاهی هەرسێکی پێچەوانە کردەوە! وەک بولبول بە تورکی قسەی کرد، زۆر شت هەبوو گوتی من ئاگادار نیم و شەهیدەکان و نازانم چی، ئیتر ئێوەش دادگاییەکەتان دیوە، هەروەها هیچ نەشیگوت کە من ئیعتراف بەم دادگایە ناکەم، جارێکی

دیکەش بەقسەی نەکردین، ئیتر باقیاتەکەش خۆتان دەیزانن...

*** کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی وتەکانی جەنابتان، ئێوە لە دوو خاڵدا ڕەخنە لە ئۆجەلان دەگرن، یەکەم ئەوەیە کە دەبوو لە ڕۆما نەچێتە دەرەوە، چونکە نوسەری ئەم کتێبە خانم بریتا بولەر زۆر بە روونی باسی ئەوە دەکات کە ئەویش داوای لێکردووە بەهیچ جۆرێک نەڕوات، ڕەخنەی دووەمیش ئەوەیە کە ئێوە شێوازی بەڕێز ئۆجەلانتان لە بەڕێوە بردنی دادگاییەکە بەدڵ نەبووە؟**

- بەڵێ، من ئەوەشم بۆ نارد کە تورکیا لەسێدارەدانی تێدا نیە، چونکە تورکیا ئەندامی پاڵێوراوە بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، دەبێت پابەندی خۆی بە یاساکانی ئەوروپاوە بپارێزێت، لەبەر ئەوە لەسێدارەدان جێبەجێ ناکات، باشە کە من ئیعدامم نەکەن و دادگا دانێن و ئەوجۆرە شتە، خۆ وەکو بەغدا نیە سەدام بتگرێت و ملت هەڵکەنێت، ئیتر خەمی چیتە؟ ئەوەشمان گوت و ئەو خەبەرەشمان بۆ نارد، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست بوو ڕەفتاری نەکرد، دەنا بارودۆخەکە ئەو زەمانە زۆر دەگۆڕا.

*** کەواتە لەو دوو خاڵەدا تۆ ڕەخنە لە ئۆجەلان دەگریت و سەرزەنیشتی دەکەیت کە ئەو هەڵە بووەو نەدەبوو ئەو شتانە بکات؟**

- بە بۆچوونی من دەبوو بەهیچ شێوەیەک لە ئیتالیا نەڕوات، دەبوو لە دادگا مراعاتی ئەو خاڵانە بکات، ئەوە ڕەئی منە شەخسییەن، چونکە زۆر کاریگەری هەیە، تۆ بۆ بە تورکی قسە ئەکەیت، بلێ تورکی نازانم چی تێدایە، پاشان من بۆ ئیعتراف بە دادگایەک بکەم کە دەوڵەتێک دایناوە، ئیعتراف بە میلەتی من ناکات، لەبەر ئەوە بەداخەوە لە دادگاکەدا بەو شێوە نەبوو کە دەبوو ببێت، بەڕای من ڕەخنەی لێدەگیرێت، من لێ ی دەگرم.

*** بەڵام باس لەوە دەکرێت، تەنانەت لە نوسینەکانی خودی ئۆجەلانیش کە لە زیندان نوسیونی و خۆی ڕەوانەی دەرەوەیان دەکات و لە چەندین بەرگی کتێبدا چاپکراون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەروەها پەکەکەش تەرکیز**

**لەسەر ئەوە دەكات کەئەم پیلانە هێندە گەورە بووە، ئەوەندە تۆکمەو نێونەتەوەیی بووە، بە هیچ شێوەیەک نەتوانراوە ڕێگری لێبکرێت، ئەم قسەیە تەبریرو پاساو هێنانەوەیە یان ڕاستییە؟**

- ئەمە پاساوە، تەبریرە و تەبریرێکی مەعقولیش نیە. تۆ خۆت یاساکانی ئەوروپا دەزانیت و لەوێ ژیاویت، ئایا ئەتوانن هەروا لەو سەر جادەیە تۆ ڕەمی بکەن؟ یەعنی حساب هەیە، دەستگیرت دەکات با بیکات. بەڕای من ئەوە تەبریرە.

*** پەکەکە لـەدوای ئەو رووداوە کۆمەڵێک کەسی تاوانبار کرد و لێپێچینەوەی لەگەڵدا کردن، جگە لە تاوانبارکردنی لایەنە نێودەوڵەتیەکان، لە ناوخۆی پەکەکەشدا هەندێک کەس تۆمەتبار کران، یەکێک لەوانە کانی یەڵماز بوو، ئەو کەسانەی لە گەڵیدا بوون زۆربەیان لە پارتەکە دەرکران یاخود دوور خرانەوە، بۆ نمونە جواد شەمۆ، ماهیر وڵات، عاکیف حەسەن. کانی یەڵماز دەگوترێت پەکەکە لە تۆڵەی خیانەت یاخود کەمتەرخەمی بەرامبەر بە دۆزی ئۆجەلان کوشتویەتی. جەنابت لەو باوەڕەدایت کانی یەڵماز خیانەتی کردبێت یاخود پەکەکە ئەوی تیرۆر کردبێت؟**

- من مەعلوماتی ئەو شتانەم نیە، وردەکاری ناو پەکەکە نازانم، کێ بووە، چۆن بووە، ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە، من ئەوەم بیستووە، بەڵام لەگەڵ ئەو کوشتن و شتانەدا نیم. لەگەڵ ئەوەدا نیم کەسێک لە لایەن حزبێکەوە بکوژرێت، ئەمە تاوانە، ئەگەر ڕاست دەکەیت و خیانەتی کردووە، دادگا هەیە. من نازانم کێ چی کردووە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە عەبدوڵا ئۆجەلان بیویستایە شتێک بکات، کەس نەیدەتوانی ڕێگەی لێبگرێت. ئەو نەوەکو مام جەلال بوو نەوەکو کاک مەسعود بوو، ئەوانەی ئێمە دەتوانیت دوو قسەی لەگەڵ بکەیت، ئەو وا نەبوو. کە ئێمە ڕۆشتینە لای، ئەو لێرە دانیشتبوو، مەکتەب سیاسیەکە دەبوو لای دەرگاکە بەپێوە بێت، پێی نەگوتایە دانیشە، دانەدەنیشت. ئەو هێندە دەسەڵاتی بەسەر جەماعەتەکەیدا هەبوو،

ئێستاش لە زیندانەوە هەیەتی، ئەگەر خۆی رەئی شتێکی نەبووبێت کەس نەیدەتوانی ئەو رەئەی پێبگۆڕێت. ئەمە رای شەخسی خۆمە بڕوا ناکەم. بەڵام نازانم ئەو کەسانە پەیوەندییان هەبووە یان نا، ناتوانم وردەکاری ناو پەکەکە نازانم.

*** باسی کەسایەتی ئۆجەلانت کرد، ئەو چەند رۆژەی جەنابت لە رۆما بوویت، هەستت بەوە دەکرد بەڕێز ئۆجەلان چاوەڕێی ئەوەیە کە بکوژرێت یان بڕفێنرێت؟ چاوەڕێ ی ئەوە بوو کە رووداوێکی گەورە رووبدات؟ ئایا ئامادەی رووبەڕووبوونەوە بوو یان خۆی دابووە دەستی چارەنوس و قەدەر؟**

- ئۆجەلان ترسی زۆر بوو، یان ترساندبوویان، جا ئایا کێ بووە، چی گوتووە؟ نازانم. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە بە مانەوەی لە رۆما توشی کارەساتێک دەبێت. ترسێکی تەواوی هەبوو لەو بارەوە، خۆیی و جەماعەتەکەشی ئەوەی لەگەڵیدا بوون. ئەوە هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە رۆشت و رۆمای بەجێهێشت، بەڵام حسابی ئەوەی نەدەکرد کە لەوێ بڕوات ترسەکە گەورەتر دەبێت. لەوێ ترس هەبوو کە دەستگیری کەن یان شتێکی بەسەردا بێنن، بەڵام کە رۆشتە دەرێ موحەقەق بوو کە توشی ئەمە دەبێت. ترسی هەبوو باسیشی دەکرد، نەیدەشاردەوە، بەڵام وەک خۆت دەڵێیت ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەمە پیلانێکی نێودەوڵەتی زۆر گەورەیە و دنیای تیایە و مەترسیدارەو ناتوانن مقاوەمەی بکەن.

*** بۆچی تورکیا پیلانی کوشتنی ئۆجەلانی دانەنا، بەڵکو پیلانی دانا کە بیڕفێنێت و بیباتەوە بۆ تورکیا؟**

- لە تورکیا بڕوایان بە کوشتن و شت زۆر نیە. ئەوان دەیانەوێت وەک ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا پەسەند بکرێن. تورکیا جیاوازە لە عێراق و ئێران. پاش ئەوە لایان گرنگ بوو کە بیبەنەوە لای خۆیان و دادگایی بکەن، ئەمە لەوە گرنگترە کە زەلامێک بچێت بیکوژێت.

*** بەڵام تورکیا لە مێژووی خۆیدا چەندین کەسایەتی کوشتووەو ناوی بکەری نادیاری لێناوەو خۆ دەیتوانی بەوجۆرەش ئۆجەلان بکوژێت؟**

- بە بۆچوونی من ئاسان نەبوو بۆ تورکیا ئۆجەلان بکوژێت، کە رفاندیشیان، ئەمەریکا ئەو کارەی بۆ کرد، ئەمەریکا نەبوایە نەدەبوو، بەڵام لەملاشەوە ئەمەریکا گرەنتی و زەمانەتی ئەوەی لە تورکیا وەرگرتبوو کە ئیعدامی نەکات و نەیکوژێت. ئەگەر ئەمەریکا نەبووایە ئیتالیا و یۆنان هەرگیز بەقسەی تورکیایان نەدەکردو کابرا دەرکەن، ئەمەریکا کردی.

*** لە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلانەوە هەتا ئێستا، پەکەکە بەهێزتر بووە لاوازتر نەبووە، بۆتە ژمارەیەکی قورس لە ناوچەکە، کێ ئەم پارتە ئاراستە دەکات؟ سەرەڕای ئەوەی سەرکردەکەی لە زینداندایە کەچی رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبێت؟**

- سەرباری هەموو ئەو رەخنەو گازەندانەی کە باسمان کردن و ئاراستەی ئۆجەلان دەکرێن، بەڵام ئۆجەلان سەرکردەیەکی دیاری کوردە، ناسراوەو لەناو میلەتەوە هەڵقوڵاوە. سەرۆک هۆزێک یان شێخ نەبووە، کەچی توانیویەتی ئەو پارتە دروست بکات و شۆڕش هەڵگیرسێنێت لە تورکیا و پارتەکەشی لقی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیە و بەهێزن. ئۆجەلان گرنگ بووە، ئێستاش هەر گرنگە، بەدەلیلی ئەوەی کە هەرچەندە لە زینداندایە، هەموویان بەقسەی دەکەن. ئۆجەلان مرۆڤێکە دەتوانێت رووداو دروست بکات و شتەکان بگۆڕێت، لە هەمان کاتدا وادەردەکەوێت کە لەناو حزبەکەی خۆیاندا رێکخستنیان زۆر بەهێزە و کەسایەتی ئۆجەلانیش وەک هێماو رەمزێک ئەمانەی بەگەڕ خستووە و ئێستاش لە زیندانەوە توجیهیان دەکات و رۆڵی دیاری هەیە و بزوتنەوەیەکی زۆر گەورەیان دروستکردووە. بە بۆچوونی من دەیانتوانی لەدەرەوەش کاریگەری زۆر زیاتریان هەبێت ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە، ئەمەریکا رۆڵێکی زۆر خراپ و نەگەتیفی گێڕاوە لە دژی کوردی تورکیا و پەکەکە، چونکە هەمیشە لەگەڵ تورکیا بووە لە

دژی ئەوان. من خۆم بەشەخسی چەندین جار نوسراوی پەکەکەم گەیاندووە بە ئەمەریکیەکان، ئەوان زۆر هەوڵیان داوە، بەڵام ئەمەریکیەکان تەنانەت قسەشیان لەگەڵ نەکردوون. ئەمەریکا دەورێکی زۆر خراپی هەبووە، بکوژە، بگرە، حەربە، شتە، نەیهێشتووە لە دەرەوە ئەم فەقیرانە هیچ رۆڵێکیان هەبێت لە ئەوروپا، خستونیەتە سەر لیستی رەشی تیرۆر، دەنا ئەگەر وا نەبوایە بەڕای من دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەیان دەبوولە ئەمەریکا و ئەوروپا. روسیاش جار جارە لەبەرژەوەندی خۆی هاوکاری کردوون، بەڵام هەر کاتێک لەگەڵ تورکیا رێکەوتبێت وازی لەوان هێناوە. بەڵام بەڕای من ئێستا بزوتنەوەیەکی زۆر گرنگن و دەتوانن زۆر رووداو دروست بکەن.

ئێستا دوو ساڵە بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕۆن، دەبێت تورکیا حسابیان بۆ بکات و حزبە گەورەکانی خۆشمان دەبێت حسابیان بۆ بکەن. رۆڵێ ئۆجەلان لە زیندانەوە زۆر گرنگە بۆیە بەڕای من دەبێت ئازاد بکرێت. تورکیا ئەگەر راست دەکات، یەکەم هەنگاو دەبێت ئازادی بکات، چونکە لۆژیک نیە تۆ لەگەڵ کەسێکدا دانوستان بکەیت و ئەویش هەر لەزینداندا بێت، ئەوە پازدە ساڵە بە ناهەق لە زیندانەوە، بەڵام ئیتر ئەوە سیاسەتی تورکیایە زۆر نەگۆڕاوە.

*** ئۆجەلان بەرلە زیندان و ئۆجەلان دوای زیندان چۆن دەبینن ئایا جیاوازن؟ ئایا گۆڕانکاری لەڕووی بۆچوون و هزرەوە بەسەریدا هاتووە؟ بۆ نمونە ماندێلا بەر لەزیندانیکردنی و پاش بەسەربردنی دەیان ساڵ لە زیندان گۆڕانی ریشەیی بەسەر بیرکردنەوەیدا هات، گرامشی بەهەمان شێوە، بەر لە زیندان و ناو زیندان زۆری جیاواز بوو، ئێستا دەگوترێت کە ئۆجەلان زیاتر بیرمەندێکە وەک لەوەی سیاسەتمەدارێک بێت، ئێوە ئەمە چۆن دەنرخێنن؟**

- ئێستا ئۆجەلان پازدە ساڵە لە زیندانە، کاتێک مرۆڤ لەسەر مەسەلەیەک دەستگیر دەکرێت، لە زیندان هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت

کە زیاتر لە هزرو بیری خۆیدا قوڵ بێتەوە، مەودای فکری فراوانتر دەبێت، خوێندنەوەی جیاواز و قوڵتر دەبێت. ئۆجەلان لە دەرەوە سەرقاڵی حزبەکەو شەڕو لێدان و بگرەو بێنەو شتی وا بوو، بەڵام ئێستا لە زیندان ئەوەی نیە، بەڵکو ئەو زیاتر بیر دەکاتەوە. پێشکەوتنی دنیاش کاریگەری زیاتر دەبێت بۆ سەر مرۆڤ، لەبەر ئەوە دەبێت گۆڕابێت، وابزانم ئێستاش کە لە زیندانە، کاریگەری زۆر زیاترە لەسەر جەماعەتەکەی، وەک ئەوەی کە لە دەرەوە بوو. ئەو کە لە دەرەوە بوو زیاتر فکری لای چەک و شەڕو کاروباری رۆژانە بوو، بەڵام بێگومان لە زیندان دادەنیشێت، بیر دەکاتەوە، بتەوێت و نەتەوێت مەودای بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێت، لەبەرئەوە من لەو باوەڕەدام ئەو سودی لە زیندانەکەی خۆی وەرگرتووە، ئەگەر ئەمجارە ئازادی بکەن، کە دەبێت ئازادی کەن، رەنگە بتوانێت رۆڵی باشتر بگێڕێت.

*** دووا وتەت چیە بۆ ئەم کتێبە، شتێکت لە یاد ماوە ئێمە بیرمان چووبێت یان جەنابت بخوازیت باسی کەیت؟**

- دووا وتەم چیە؟ ئەوەیە کە ئەم سەرکردە کوردانە رێک بن و یەک بن، ئەوەی بەسەر ئۆجەلاندا هات، زۆر ناخۆش بوو، دەبێت ئێمە هەموومان دەرسی لێوە فێربین، ئەمە رووداوێکی هەروا ئاسان نیە بەسەر مێژووی ئێمەدا تێپەڕێت. من پێمخۆشە لە کوردستان رۆڵی تاکە کەس زۆرکەم بێتەوە، لە جیاتی ئەوە پارتەکە بەهێز بکرێت، میلەتەکە بەهێزتر بێت، کەسەکان رۆڵیان کەمبێتەوە. میلەت پلەی یەکەم بێت، پاشان حزب پلەی دووەم بێت، کەسایەتیەکان لە پلەی سێیەمدا بن. ئێستا تەماشا دەکەین بە پێچەوانەوە بێت. شەخسەکان یەکەمن، حزب دووەمەو میلەت سێیەمە، شەخس گرنگترە، تەماشا کە ئەوەتا جەنابی مام جەلال نەخۆش کەوت، بزانە یەکێتی چی بەسەر هاتووە. لە کوردستان ئاوایە، هەر خەریکی حزبایەتین، لە کەرکوک ناتوانن پێکەوە یەک لیست دروست بکەن، نەورۆز ناتوانن پێکەوە بکەن، من ئومێدەوارم وامان لێبێت مەسەلەی میلەت بکەینە پرسی یەکەم،

حزب ڕۆڵی خۆی هەبێت، کەسەکان سەرۆکی پارتەکان ڕۆلیان دیاریکراو بێت، ڕۆڵی حزبەکە لە ڕۆڵی کەسەکە زیاتر بێت، دامەزراوە هەبێت، یەک کەس بڕیاردەر نەبێت بە تەنها. ئێستا کە پرسی کورد گەورە بووە، هەموو دنیا باسی مەسەلەی کورد دەکەن، کورد ناسراوە و وەکو جاران نەماوە، بەڵام نەبوونی هاوکاری لەنێوان پارچەکاندا لە نێو سەرکردەکاندا، نەبوونی ڕۆحی کاری بەکۆمەڵ وایکردووە کە نەتوانین وەکو پێویستە ئەو پرسەی خۆمان بەرینە پێشەوە.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ
# سەبری ئۆک

ئەم چاوپێکەوتنە لە قەندیل رۆژی ٢ی مانگی مەی ٢٠١٤ ئەنجامدراوە

*** پاش پازدە ساڵ لە دەستگیرکردنی بەڕیز ئۆجەلان، هەندێک لەو بەرپرسانەی پەکەکە، کە لەو ماوەیەدا هاوکاری بەڕێز ئۆجەلان بوون، ئێستا دیار نین، ئەوانە لە کوێن؟ ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەوانە خیانەتیان لە ئۆجەلان و پەکەکە کرد؟**

- ئەو کەسانە هەندێک بەرپرسی پەکەکە بوون، کاتێک ئەم پیلانگێڕییە نێونەتەوەییە پێکهات، ئەوان لە هەوڵی ئەوەدابوون کە بزوتنەوەکە لە هێڵی راستەقینەی خۆی لابدەن. ئەوانە لە هێڵی سەرۆکایەتی لایاندابوو. خائن بوون یان خیانەتیان کرد، ئێمە ناتوانین ئەوقسەیە بکەین، بەڵام ئەوەی دەتوانین بیلێین ئەوەیە کە ئەوانە لەهەوڵی ئەوەدا بوون بزوتنەوەکە لە هێڵی راستەقینەی خۆی دەربخەن، پەکەکە لە جەوهەری خۆی داماڵن و لەناوی بەرن و تەسفیەی بکەن. ئەوان لەمەدا شکستیان هێنا و سەرنەکەوتن ئێستا هەریەک لەوانە ژیانی خۆی دەگوزەرێنێت. ئەوانە پێدەچێت هەر لەسەرەتاوە هەر بۆ ئەو کارە تەڤلی پەکەکە بووبن، هەتا ئێستاش هەندێک لەوانە بەردەوامن لە دژایەتی پەکەکەو پروپاگەندە دەکەن، لە سەروبەندی پیلانەکەدا هەوڵیاندا سەرۆکایەتی ئێمە لە خشتە بەرن و بزوتنەوەکە بخەنە بن دەستی خۆیان، بەڵام کاتێک نەیانتوانی ئەم کارە بکەن هەموویان رۆشتن و هەڵهاتن.

*** باشە ئەوانە لە بەرژەوەندی کامە لایەن هەوڵی تەسفیەکردنی پەکەکەیان دەدا؟ ئایا ئەمانە ئەو کارەیان بۆ تورکیا دەکرد، یان بۆ ئەمەریکا یاخود بۆ لایەنی دیکە؟**

- دیارە گومانی تورکیا زیاتر بەهێزە، ڕەنگە ئەمەریکاش لە سەر خەت بووبێت لە گەڵیاندا، دەستگیرکردنی سەرۆکایەتی ئێمە ڕاستەوخۆ بە پیلانی ئەمەریکا بوو، ئەوە خۆی ئاشکراو روونە، بەڵام کاتێک ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتە ناوچەکە، پیلانگێڕی درێژەی کێشا و بەردەوامی هەبوو. زۆربەی کەس ئەمەریکای وەک فریادڕەس تەماشا دەکرد و لەو باوەڕەدا بوون بەهاتنی ئەمەریکا ئیتر هەموو گرفتەکانی ناوچەکە چارەسەر دەبن و ئاشتی و ئاوەدانی بەرقەرار دەبێت و هەموو کەس رزگار دەکات، ئیتر هیوایەکی زۆر گەورەیان بە ئەمەریکا هەبوو. ئەمەریکا هەتا چەند دەستی لەم کارانەدا هەبوو ئێمە نازانین. بزوتنەوەی ئێمە بە تایبەت دوژمنایەتی ئەمەریکا ناکات، ئێمە بزوتنەوەیەکی دیموکراسی و سۆشیالیستین، سەربەخۆ هەنگاو دەنێین، پشتیوانمان گەلی خۆمانە، ئێمە باوەڕمان بەوە نیە کە بەبێ ئەمەریکا هیچ شتێک مەیسەر نابێت، جیاوازییەکانمان لەم خاڵەشدا بە ئاشکرا دیارە.

*** کەواتە ئێوە لەو باوەڕەدان کە تەنگەژەی سالی ٢٠٠٤ لەناو پەکەکەو هەڵهاتن و جیابوونەوەی عوسمان ئۆجەلان درێژکراوەی هەمان پیلانە؟ ئەوەی بەرامبەر بە ئۆجەلان بۆیان نەکرا ویستیان لە قەندیل تەواوی کەن؟**

- راستە. ئەوانە بەناوی سەرۆکایەتیەوە کاریان دەکرد، دەیانگوت ئەوەی ئێمە دەیڵێین دەبێت وا بێت، ڕێگای راست ئەوەیە کە ئێمە پەیڕەوی دەکەین. لەم ڕێگایەوە ویستیان سەرۆکایەتی ئێمە بێ کاریگەر و بێ رۆڵ دەرخەن. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بێژێت کە ئەمەش تەواوکاری بوو بۆ پیلانی نێونەتەوەیی، بەڵام ئەمەریکا تاچەندە دەستی لەم کارەدا هەبوو، ئێمە نازانین. ئەوەی کە دەیزانین ئەوەیە ئەوانە بە نیاز بوون بزوتنەوەکەی ئێمە لەناو بەرن، ئیتر پیلانگێڕی لەوە گەورەتر چیە؟

*** باشە پەکەکە بەڵگەی تەواوەتی و مەلموس و نوسراوی سەبارەت بەو پیلانگێڕانە لە دەستدایە یان ئەمە تەنها هەڵسەنگاندن و تەخمین کردنە؟**

- بۆچوونی ئەوان هەیە، لێکدانەوەو شرۆڤەکاریەکانیان و گوتەو باس و لێدوانیان هەیە. بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە لەسەر سەرۆکایەتی و لەسەر پەکەکە. ئەوان دەڵێن لەو کاتەوەی لە هەفتاکانەوە پەکەکە دروست بووە هەتا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەکی نەکردووە، هیچ پێشڤەچوونێک نەبووە، دەبێت تەنها تێکۆشانی سیاسی بکەین و بەبێ بەرامبەر چەک فڕێبدەین. ئەی باشە کەواتە پیلان لەمە زیاتر چیە؟ بەشێک لە پیلان شەڕی ئایدۆلۆژییە کە ئامانجی تەسفیەکردنی بزوتنەوەی ئێمەیە.

*** نوسەری ئەم کتێبە خانم بریتا بولەر دەڵێت، ئێمە زۆر بە روونی بە سەرۆک ئۆجەلانمان گوت نابێت لە رۆما بڕوات، بەڕێز مەحمود عوسمانیش دەڵێت، ئێمە بە حەرفی بە ئۆجەلانمان راگەیاند کە نابێت بڕوات، ئەگەر لە رۆما بجوڵێت ئەوە رەنگە هەر لەناو فڕۆکەکەدا بیرفێنن یان بیکوژن. بۆیە من دەپرسم بۆچی سەرۆک لە رۆما دەرچوو؟**

- ئێمەو زۆرێک لە دۆستانی ئێمەش پێشنیازی ئەوەمان بۆ سەرۆکایەتی کرد کە لە رۆما نەجوڵێت. بێگومان ئەمە پیلانێکی نێونەتەوەیی بوو، ئەو ماڵەی سەرۆکی ئێمەی تێدا مایەوە لە رۆما بەتەواوی وەکو سەربازگای لێکرابوو، چـواردەوری گیرابوو، لە ناو چاپەمەنی و راگەیاندنەکانیشدا بە روونی ئەوە دیار بوو کە پیلانێکی نێونەتەوەیی لە دژی ئێمە هەیە. لەوەش زیاتر فشارێکی زۆر گەورە لەسەر حکومەتی رۆما هەبوو، سەرۆک نەیدەویست خۆی بکاتە بارگرانی بەسەر دۆست و هەڤاڵانیەوە. هەروەها من نازانم ماهیروڵات بەڵێنی لە کێ وەرگرتبوو، چۆن کاری کردبوو، بەسەرۆکایەتی ئێمەی راگەیاندبوو کە گرەنتی هەیەو تۆ دەبەینە روسیا و دەتوانین لەوێ تۆ بپارێزین و لەوێ خەباتی خۆت بەردەوام بکەیت، بۆیە سەرۆک بەقسەی کرد. ئەمڕۆ هەموومان دەزانین، سەرۆکیش دەزانێت ئەگەر دەرنەکەوتایە رەوش و مێژووی بزوتنەوەی ئێمە بە جۆرێکی دیکە دەبوو. ئێمە ئەو دەمەو ئێستاش گوتومانە و دەیڵێین بڕیاری دەرکەوتنی سەرۆک لە

ڕۆما هەڵە بوو. ماهیر وڵات تاچەندە بە ئاگا یان بێ ئاگا ئەو کارەی کردووە، یاخود ئایا ئاگاداری پیلانەکە بووە یان نا، دەستی تێدا هەبووە یان ئەویش هەڵخەڵەتێنراوەو کڵاوکراوەتە سەری نازانم، یان بە نەزانی خۆی ئەو کارەی کرد، نازانم.

*** ماهیر وڵات ئێستا لە کوێیە؟**

- بۆ من زۆر گرنگ نیە ئێستا ئەو لەکوێیە، بەڵام وابزانم لە روسیایە.

*** راستە ئەو دوای پیلانگێڕی لە روسیا چوارپێنج ساڵ لە زیندان بووە؟ بۆچی دەستگیر کراوە؟**

- پێدەچێت ماهیر وڵات لە دەرەوەی سیاسەت پەیوەندی دیکەی هەبووبێت، یاخود لەدەرەوەی رێکخستن وەک کارێکی ناپاکانە بۆ خۆی هەندێک پەیوەندی بازرگانی و ئەملاوئەولای گرێدابێت.

*** کانی یەڵمازیش بەوجۆرە بوو؟**

- من زۆر لەبارەی کانی یەڵماز نازانم، ئەو کاتە من لە زیندان بووم، بەڵام خۆ هەموو شتێک بە چاوی ئەقڵ تەماشا بکەیت دیارە. تۆ هەوڵ بدەیت لە ناو پارتەکەی خۆتدا بزوتنەوەیەک دروست بکەیت و هەوڵ بدەیت لە ژێرەوە بزوتنەوەکەی ئێمە بن کۆڵ بکەیت و فشەڵی بکەیت ئەمە کارێکی مەترسیدارە. سەبارەت بە کانی یەڵماز هەندێک قسەو شیکردنەوە هەیە. باسی ئەوە دەکرێت کە پەیوەندی ئەملاو ئەولای هەبووە. لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانیا دەستی تێکەڵ کردووە. قسە زۆرە لەسەری بەڵام تا چەندە دەستی لەم کارەدا هەبووە ئەوە نازانم، بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت بەشێک لە بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو.

*** کەواتە لەبەر ئەو هۆکارە رۆژی 11-2-2006لە سلێمانی کانی یەڵماز لەلایەن پەکەکەوە کوژرا؟ ئایا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە پەکەکە کوشتی؟**

- پەکەکە کێیە؟ تەنها من و تۆ و ئەم و ئەو پەکەکە نیە. ئەم پارتە رەگی قوڵی هەیە لەناو خەڵکی خۆیدا، پەکەکە هەڵقوڵاوی ناو گەلە، پارتی گەلی کوردە. کەسانێک هەن خۆیان بە خاوەنی پەکەکە دەزانن ئێمەش نایان ناسین، بەڵام سەربەخۆ کار دەکەن. ئەوانە هەندێک پێودانگی خۆیان هەیە، خەتی سوریان هەیە، بۆنمونە کەسێک دژی سەرۆکایەتی بێت، خیانەتی لێبکات، کەسێک دژی بەهاکانی پارتی بێت و پیلانگێڕی بۆ خەڵکی دیکە بکات، هەندێک وڵات پارێزو دڵسۆزی ئێمە هەیە، کە خۆی وەک پەکەکە دەبینێت و دەجوڵێت و کاردەکات. واتە بە پلان و زانا بوون من بڕوا ناکەم پەکەکە کەسێکی وەک کانی یەڵماز بکوژێت، بەڵام کەسێک کە خۆی بە ئاپۆچی دەزانێت و بەرگری لە رێبازی رێبەر ئاپۆ دەکات، رەنگە ئەمانە ئەو کارەیان ئەنجام دابێت.

*** ئەی باشە خۆ ئەگەر کەسێک خیانەت لە نەتەوەی خۆی بکات و بەڵگەی ئەوە هەبێت کە خیانەتی لە سەرۆک و پارتی کردووە، ئەوە مافی یاسایی پەکەکەیە ئەو کەسە دەستگیر بکات و دادگایی بکات و بە ئاشکرا ئیعدامی بکات.**

- ئەوانە دەرفەتی دادگایی کردنیشیان بە ئێمە نەدا، هەموویان رۆشتن و هەڵهاتن (بەپێکەنینێکی قوڵ و واتادارەوە زیاتر گوتی) سەرکردایەتی ئێمە ئەوانەی هەموو بانگ کرد، گوتی وەرن بابزانین چی بووە، گرفتمان هەیە با چارەسەری بکەین، باگفتوگۆی دیموکراسی بکەین و لە کۆنگرەدا ئەم پرسە یەکلا بکەینەوە. هاتن بەڵام پاشان هەموویان رۆشتن و هەڵهاتن.

*** دادگایی ئۆجەلان پرسیاری لەسەرە، رەنگە بۆ هەندێک کەس دادگاییەکە ئاسایی و سەرکەوتوو بووبێت، بەڵام هەندێکی دیکە لەو باوەڕەدان کە ئۆجەلان لە دادگادا نەرم بووەو وەک پێویست نەبووە.**

- لێدوانی باش و خراپ چیە؟ چۆن لەیەکتر جودا دەکرێنەوە. ئێمە رەفتاری سەرۆک و دادگاییەکەمان پێباش بوو، بۆ؟ چونکە پیلانێکی زۆر قوڵ

و نێونەتەوەیی لەسەر سەرۆکی ئێمە هەبوو. لە کەسایەتی سەرۆک ئاپۆدا بە نیازی ئەوە بوون نیشانی بدەن کە یاخیبوونێکی دیکەی کورد، یاخود یاخیبوونی بیست و نۆیەمی کوردیان شکاندووە. تەنانەت ڕۆژی دەرچوونی حوکمی ئیعدامی ئۆجەلانیان کردە هەمان ئەو ڕۆژەی کە شێخ سەعیدیان تێدا لە سێدارە داوە، ئەمە ڕێکەوت نیە، ئەمە پەیام بوو بۆ سەرۆک و بۆ ئێمەش. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون سەرۆکی ئێمە وەک سەرۆکێکی کلاسیک حەرەکەت بکات و خودی خۆی بکاتە ئامانج و پرسەکان لە شەخسی خۆیدا قەتیس بکات، بەڵام سەرۆکایەتی وەک سەرۆکێک ڕەفتاری کرد. خۆی بە بەرپرسیار زانی، بەرامبەر بە مێژوو، بەرامبەر بە گەل بەرامبەر بە نەتەوە، تەنانەت بەرامبەر بە گەلی تورکیش خۆی بە بەرپرسیار زانی، بە ستراتیژێکی تۆکمە و ماوە درێژ ڕەفتاری کرد. لە بەر ئەم هۆیانە ئێمە ڕاستی سەرۆکایەتی لە دادگا زۆر باش هەڵدەسەنگێنین، ئەنجامی ئەو دادگایەش ئەمڕۆ دیارە. ئەگەر سەرۆکایەتی ئێمە بەو جۆرە ڕەفتاری نەکردایە، ئەو مۆدێلەی نیشان نەدایە، ئەو ستراتیژەی نەگرتایەتە بەر، ئەمڕۆ نە پەکەکە دیار دەماو نە تێکۆشانی گەلی کوردیش دەگەیشتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ. وەک ڕەفتاریکی کلاسیک سەرکردایەتی دەیتوانی دەنگی خۆی بڵند بکات. لەبەرامبەر دادگا سەرۆکایەتی ئێمە (پەرچەبەرگری- ردع) ی خۆی کردە ستراتیژ. من خۆم چەندین ساڵ لە زیندان بووم، هەڤاڵانی ئێمە لەدادگا ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە و دەنگی دلێریان دەکردە پەرچەبەرگری بەرامبەر بە دادگا، بەم ڕێگایە دادگایان دەهەژاند و پارتییان دەپاراست، بەڵام بێگومان ئەمە بۆ سەرۆکایەتی جیاوازە، چونکە سەرۆکایەتی بەرپرسیاریەتی جیاوازی لە ئەستۆدایە. سەرۆک خۆی زۆر بە وردی باسی ئەم ستراتیژەی کردووە بچن، نوسراوەکانی خۆی بەرگرینامەکانی خۆی بخوێننەوە، باشتر وەڵامەکانتان چنگ دەکەوێت. ئەو زۆر بەڕوونی ئەم پرسانە دەهێنێتە گۆ...

*** دەڵێن ئەمەریکا لەگەڵ سەرۆک هەڤدیتنی سازکردووە، کاتیک سەرۆک برایە ئیمراڵی، ئەمەریکا داوای لێکردووە نەرمی بنوێنێت و لەبەرامبەر ئەوەشدا گرەنتی ئەوەی داوە کە سەرۆک حوکمی ئیعدام نەدرێت!**

- ئێمە ئەوە بەتەواوی رەتدەکەینەوە، ئەمە هیچ بناغەو راستیەکی تێدانیە و نادروستە. ئەمەریکا بەشێک بوو لە پیلان، ئەوان سەرۆکایەتی ئێمەیان دایە دەست تورکیا. خۆیان ئەمەیان سەلماندووەو نکوڵی لێناکەن و پشتڕاستیان کردۆتەوە. ئەم قسەیە سەروبەری هەڵەیە، نە ئەمەریکا چۆتە ئیمرالی بۆ کن سەرۆک و نە سەرۆکیش لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا هەڤدیتنی هەبووە، بەڵام داخۆ ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا قسەی کردووە، یان نا ئەوە نازانین، رەنگە بە تورکیای گوتبێت لە سێدارەی بدەن یان مەیدەن، بێگومان ئێمە خۆمان هەڵسەنگاندمان هەیە، بەڵام نازانین تورکیا و ئەمەریکا لەم بارەوە چییان کردووە. سەبارەت بە وشەی نەرمی نواندن و توند رەفتارکردن ئێمە نەڕینی خۆمان هەیە. کەسێک رادەپەڕێت و یاخی دەبێت، هەروەک چۆن ئەمە لە مێژووی کوردا بە تایبەت لە باکور، چەندین جار رویداوە، بەڵام تەمەنی ئەم یاخیبوونانە کورت بووە و کەمی خایاندووە، دوومانگ، سێ مانگ یان ساڵێک، پاشان تێکشکێنراوەو هەندێک کەس ئاوەرەبوون و هەڵهاتوون و هەندێکی دیکەش لەسێدارەدراون. ئێمە رێزی تایبەتمان هەیە بۆ ئەو قارەمانی و گیانفیداکردنەی کە ئەوانە ئەنجامیان داوە، ئەمە جیایە، بەڵام زانا بوون و فکری ستراتیژی تێدا کەم بووە، لە رووی رێبەرایەتیەوە رۆڵێکی زۆری تێدا نەبووە. سەرکردایەتی ئێمە جۆرێکی جیاوازە، هەموو رێگاکان بەکاردەهێنێت، ئەگەر پێویست بکات نەرمی دەنوێنێت و ئەگەر پێویست بکات زۆر توند و سەرسەختانە رەفتاری کردووە.

*** لە ئێستا پەیوەندی لە نێوان ئەمەریکا و پەکەکەدا هەیە؟**

- هێندەی من ئاگادار بم لە نێوان ئێمەو ئەمەریکا هیچ پەیوەندیەک

دروست نەبووە، ئەمەریکا ناخوازێت پەیوەندی دروست بێت. پیلانی نێودەوڵەتی و فشاری هەرە مەزن لەسەر گەلی ئێمە ئەمەریکا دەیکات. ڕاست بێژم ئێمە ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە ئەمەریکا هیچ کارێکی خراپمان نەکردووە. تێکۆشانی ئێمە سیاسی و ئایدۆلۆژیە، ئەمەریکا بەردەوام پیلانی لە دژی ئێمە کردووەو لەسەر حسابی ئێمە هاوکاری تورکی کردووە. ئێمە ڕاستی و جەوهەری ئەمەریکا دەزانین لە جیهاندا، ئەمەریکا هەیە و هێزێکە کاریگەری بەسەر زۆر شتەوە هەیە و ڕۆڵی ئەمەریکا زۆر مەزنە، ئەگەر ئەمەریکا بخوازێت ئێمەش دەخوازین هەڤدیتن چێ بکەین، ئێمە دەمانەوێت ئەمەریکا هێزی خۆی تواناو قورسایی خۆی بە ئاراستەی دیموکراتیزەکردنی تورکیا و چارەسەرکردنی پرسی کورد بەکاربێنێت. پەیوەندی لە نێوان ئێمەو ئەمەریکا دروست نەبووەو نیە.

*** پەکەکە لەدوای دەستگیرکردنی ئۆجەلانەوە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە لە ڕووی ئایدۆلۆژی و دنیابینی سیاسی، ئایا ئەم گۆڕانکاریانە واتای ئەوەیە کە لە نێو پەکەکە بەخۆداچوونەوەو گۆڕانکاری هەیە؟**

- سەرۆکی ئێمە ژیانی ڕۆژانەی سادە ناگوزەرێنێت، ستراتیژی ماوە درێژی خۆی هەیە، ڕوئیاو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، سەرۆک پێشتر ئەمانەی هەموو لەبەرچاوی خۆی دانابوو، خۆشی بۆ خراپترین سیناریۆ ئامادە کردووە. سەرۆک لەمبارەوە دەڵێت (بە هاتنم بۆ ئیمراڵی وەک ئەوەی من سەرلەنوێ لەدایک بووبێتمەوە ئاوابوو، من سەرلەنوێ دنیام شرۆڤەکردووە). بۆ ئێمەش ئەمە هەر وابوو، ئێمە پەکەکەمان لە هەموو ئاستەکاندا نوێ کردەوە، لە ڕووی ئایدۆلۆژیاو زهنی و سیاسی و سەربازی و ڕێکخستن، پارادایمێکی نوێمان خوڵقاند، پەکەکە سەری نەوی نەکرد و تەسلیم نەبوو، ئەمە ڕاستییە. پەکەکە دەستگیرکردنی ئۆجەلانی کردە هێزو توانا و سەرلەنوێ بەرخودانی کرد، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەمڕۆدا پەکەکە هێزێکی ناوچەیی و هەرێمی گرنگ و بەهێزەو ئامادەیی

هەیەو هەرکەسێک ئەو راستیە دەبینێت.

*** لە ئەوروپا رەوشی پەکەکە چۆنە؟ ئایا پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان بەهێزتر بووە یان لاوازبووە؟**

- ئەوروپا وەک خۆت دەزانیت و تیایدا ژیاویت وەکو دەستاڕ وایە، وەک ئاش وایە، ئەوەی لەگەڵیدا ناکۆک بێت و لە خۆلگەی خۆیدا نەسوڕێتەوە، دەیهاڕێت. هەتا ئێستا لە هەموو جیهاندا جگە لە پەکەکە، هیچ هێزێکی دیموکرات و چەپ و سۆشیالیست نەیتوانیوە بیست ساڵ، سی ساڵ بەردەوام بێت، یان بەملا یان بەو لا کەوتووە، واتە یان لە ناوچووە، یان هێزی کەم بۆتەوە، بەڵام پەکەکە هەموو ئاستەنگ و گرفتەکانی ئەمەریکا و ئەوروپای تێپەڕاندووە و نەک بەسەریدا سەرکەوتووە، بەڵکو بەهێزتر بووە، ئەوە لانیکەم ٣٥ ساڵە پەکەکە لە ئەوروپا هەیە و هێزێکی خورت و مەزنە، پێش پیلانگێڕی ئەو هێزەی ئێمە جۆرێکی دیکە بوو، بەڵام ئێستا لەوکات زیاتر بەهێزترین.

*** ئەی کۆمکوژی پاریس پەکەکەی لاواز نەکرد؟**

- نەخێر بەپێچەوانەوە هێزو تینی بە ئێمە بەخشی. بزوتنەوەیەک ئەگەر خاوەنی تێکۆشان بێت، خاوەنی رێکخستن و تێکۆشان و بڕیاری سەربەخۆ بێت، لەو جۆرە حاڵەتانەدا لە کریارێکی لەو جۆرەدا، بەهێزتر دەبێت ولاوازی ناکات. من دڵنیام و باش دەزانم زانا بوونی ژنانی کوردستان و ژنانی پەکەکە لە ئاستێکی باڵادایە...

*** پەکەکە پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەدڤۆکاتی سەرۆک لە هۆڵەندا خانم بریتا بولەر و ستیڤان ئەندرۆپۆلس کە لەم کتێبەدا بە ناوی جۆن ناوی هاتووە؟**

- من ئەوانە نازانم باشتر وایە لە دەرەوە لەوانەی ئەوروپا پرسیار بکەیت.

# فەرهەنگۆک

ئەم کتێبە کۆمەڵێکی زۆر لە ناوی کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەوروپا و تەنانەت پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەخۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی نوسەری ئەم کتێبە بابەتەکەی بۆ خوێنەری هۆڵەندی نوسیوە بە پێویستی نەزانیوە بە پەراوێز یاخود لە کۆتایی کتێبەکەدا ئاماژە بۆ ئەو ناوانە بکاتەوەو زانیاری زیاتریان لەسەر بدات.

بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ خوێنەری هێژای کورد بکەم و زیاتر لە ئەرکی وەرگێڕانەکەش بخەمە ئەستۆی خۆم بە پێویستم زانی ئەم بەشە بۆ سەر کتێبەکە زیاد بکەم، هەروەك چۆن لە کاتی پێویستدا بە پەراوێز شیکردنەوەم داوە هەرواش لەسەر ناوەکان ئەم فەرهەنگۆکە پێشکەش بە خوێنەری هێژا دەکەم، هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەم کارەشم لەبەر ئەو هەستەمە کە زۆر جار زانینی زانیاری تەواو لەسەر ئەو ناوەی کە لە کتێبەکەدا هاتووە ئەرکی خوێنەر ئاسانتر دەکات و کاری وەرگێڕانەکەش جوانتر و پاراوتر دەکات.

هەندێك لەو ناوانەی لەم کتێبەدا هاتوون ڕاستەخۆ نوسەری کتێبەکە خۆی بە کورتی هەندێك زانیاری لەسەر دەدات، بۆیە هەندێك جار بە پێویستم نەزانیوە هەموو ناوەکان لەم فەرهەنگۆکە دیسانەوە تاریف کەمەوە، بەڵام هەر ناوێکی گرنگ لەم کتێبەدا هاتبێت و چەندین جار دوبارە بێتەوە ئەوە بێگومان بە پێویستم زانیوە منیش زانیاری پوخت و کورت لەسەر ئەوە ناوە بخەمەڕوو، جا ئایا کەسایەتی سیاسی یاخود پارت و ڕێکخراو بێت، بەو هیوایەی ئەم فەرهەنگۆکە بتوانێت خوێنەری هێژا بە تەواوی بەبەشەکانی ئەم کتێبە ئاشنا بکات...

سەرنجی کۆتاییم لەم بەشەدا ئەوەیە کە هەندێك لە ناوەکان بەدرێژی زیاتر لەسەری دەڕۆم بە تایبەت سەبارەت بە رێکخراوی (راف – RAF) هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەو رێکخراوە لەم کەیسەی ئۆجەلان و تەنانەت لە مێژوی هاوچەرخی ئەوروپادا زۆر بەگرنگی باسی دەکرێت بۆیە بە پێویستم زانی زیاتر تیشك بخەمە سەر ئەو رێکخراوە و خوێنەر باشتر بە پاشخان و هۆکاری ناوبردنی ئەو رێکخراوە لەم کتێبەدا ئاشنا بکەم.

## RAF فراكسیۆنی سوپای سور:

R.A.F - ROTE ARMEE FRAKTION له مێژوی هاوچەرخی ئەوروپادا بە یەكێك لە ڕێكخراوە هەرە تۆكمەو دەستوەشێن و توندڕەوەكان ناوزەد كراوە، ئێستا پاش زیاتر لە 30 ساڵ لە سەرهەڵدانی ئەم ڕێكخراوە ئاماژەگەلێكی ئەوتۆ هەن كە دەخوازێت بە پێچەوانەی داخستن و كۆتایی هێنانی ئەو دۆسیە ئاڵۆزە، مێژووی ئەم ڕێكخراوە سەرلەنوێ بنوسرێتەوە. ئەم ڕێكخراوە هەتا ئەمڕۆش ترسێكی یەكجار گـەورەی خستۆتە دڵی دەسەڵاتدارانی ئەوروپا و ئەڵمانیاو هۆڵاندا بە تایبەتی بۆیە هەتا ئەمڕۆ پۆلیسی نهێنی ئەو وڵاتە لە خەمی سەرلەنوێ زیندوو بونەوەی ئەو ڕێكخراوانەن، هەرچەندە دڵنیاشن كە زەمینەو سەردەمی دروستبوونەوەی ڕێكخراوێكی لەو جۆرە بەسەر چووە..

نەوەی یەكەمی ئەم ڕێكخراوە لە ساڵانی 1970-1972 دا لەو چوار ئەندامە پێكدەهات كە لە سەرەتادا ناومانبردن، هەموو ئەمانە لە مانگی ژونی 1972 لە ئۆپەراسیۆنێكی پۆلیسی ئەڵمانیدا دەستگیركران و حوكمی زیندانی هەتایی دران، بەهۆی مەترسیدار بوونی ئەندامانی ئەم گروپەوە، هەر هەموویان لە زیندانی تایبەت و لە ژێر چاودێرییەكی توندو تۆڵی پۆلیسدا بوون، وێرای ئەوەش وەك زیندانییەك مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەكرا بەڵكو یاسای (دیل) بونیان بەسەردا سەپێنرا، چەندین جاریش بە هۆی ئەم مامەڵە نەگونجاوە مانیان لە خواردن دەگرت تا لە ئەنجامدا لە

رۆژی 9ی نۆڤەمبەری 1974 دا HOLGER MEINS گیانی خۆی لەدەستدا.

لە ساڵانی 1976 و 1977 دا چەندین ئەندامی دیکەی نەوەی یەکەمی چەپی توندڕەو لە زیندانداا پاش چەندین هەوڵی نەزۆکی نەوەی دووەم بۆ ئازادکردنیان مردن، بەڵام راپۆرتی پزیشکی داد و راپۆرتەکانی پۆلیس هەموو ئەو حاڵەتی مردنانەی بە خۆکوشتن ناوزەد کردووە، هەرچەندە تاکە کەسی نەمردووی ئەو گروپە (IRMGARD MÖLLER) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو کەسانە بە دەستی پۆلیس کوژراون.

چەندین روداوی ئەم دۆسیە ئاڵۆزە تا ئەمڕۆ ئاشکرا نەبوون، زۆربەی ئەندامانی ئەم رێکخراوە لە کاتی دەستگیربونیاندا بە بێدەنگی و قسە نەکردن زۆرێك لە کردەوەکانی خۆیان بە نهێنی دەهێشتەوەو زۆرێك لە هەڤاڵەکانی خۆشیانیان دەپاراست و کارەکانیان پەردەپۆش دەکردن، پاش کوژرانی راستڕەوی بەناوبانگی هۆڵاندا (PIM FORTUYN) لە رۆژی 6-5-2002 دا بەدەستی کابرایەکی چەپ دڵەراوکەی سەرهەڵدانەوەی ئەو رێکخراوە دیسان سەری هەڵدایەوە..

لە ساڵانی حەفتاو هەشتاو نەوەتەکاندا ئەم رێکخراوە بووە هۆکاری کوژرانی 34 کەس (بە ئەندامەکانی خۆیانەوە 50 کەس بەهۆی ئەم رێکخراوەوە کوژراون)، بە شێوەیەکی گشتیش 26 کەسیان لێ دەستگیر کرا کە زۆربەی هەرە زۆریان پاش بەسەربردنی ماوەیەکی درێژ لە زینداندا ئازادکران و ئێستا (2015) هیچ کام لەوانە لە زینداندا نەماون و ئازادکراون ..ئەم گروپە لە سەرەتادا پێکهاتبوون لە هەریەکە لە:-

ANDREAS BAADER، GUDRUN ENSSLIN، HORST MAHLER، ULRIKE MEINHOF

هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئـەم رێکخراوە بریتی بـوو لەو بێزاریەی کە بە شێوەیەکی گشتی خوێندکارانی زانکۆکانی گرتبۆوە کە لەو باوەڕەدابوون زۆربەی زۆری سیاسەتمەدارو پیاوانی دەسەڵات هەتا ئەو کاتە

هەر هەمان ئەو کەسانە بوون کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای توندڕەوی فاشیزم بوون، لەسەر ئەم بنەڕەتەش ئەو گروپە بڕیاری دژایەتیکردنی سیستەمی دەسەڵات و دەوڵەتی سەرمایەداری ئەڵمانی دابوو.

ناوی ئەم ڕێکخراوە لە بنەڕەتدا لە ناوی ڕێکخراوی (ئەرتەشی سوری یابان) ە وە، وەرگیراوە، بەڵام زاراوەی فراکسیۆن (FRAKTION) لە پاشاندا خرایە سەری بۆ ئەوەی پابەندی ئەم ڕێکخراوە بە بزوتنەوەی مارکسیستی جیهانەوە پیشان بدەن، وێرای ئەوەش بەڵگەکان وای نیشاندەدەن کە ئەم ڕێکخراوە بە دەوڵەتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی جاران و خودی دەزگای جاسوسی ئەو وڵاتە (شتازی) ەوە هەبوو‌بێت..

هەروەك ئاشکرایە پاش شکستی ئەڵمان لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەڵمانیا لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا دابەشکرا کە هەریەکەشیان کاری بۆ بلۆکی خۆی دەکرد لەم نێوەدا وێرای بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەڵمانیای خۆرهەڵات لە کاتی جەنگی سارددا، بەرژەوەندیە هەنوکەییەکانی ئەو وڵاتە وای دەخواست کە بە بەردێك دوو کێشکان بکوژێت و بتوانێت (راف) لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکاربێنێت ئەویش بەوەی لە لایەك جاسوسەکانی خۆی لە نێو ئەڵمانیای خۆرئاوادا بپارێزێت و پۆلیسی ئەڵمانیای خۆرئاوا بەو ڕێکخراوە سەرقاڵکات و لە لایەکی دیکەشەوە بتوانێت هەمیشە لە ئامادە باشیدا بێت بەرامبەر بە ئەڵمانیای خۆرئاوا ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو گروپە لە هەر ئان و ساتێکدا بێت کە خۆی دیاریدەکات..

لە 20 ی ئاپرلی ساڵی 1998 دا بیرۆی ڕۆژنامەگەری (REUTERS) رونکرنەوەیەکی لە 8 لاپـــەڕەدا بەدەستگەیشت کە تیایدا (راف) هەڵوەشاندنەوەی خۆی ئاشکرا دەکات، لە رونکردنەوەکەدا هاتووە کە " بەر لە 28 ساڵ و لە ڕۆژی 14ی مانگی مەی 1970 دا - راف - مان لە کردەوەیەکی ئازادکردندا پێکهێنا ئەمڕۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخراوە رادەگەیەنین، گەریلای ناوشار لەهاوتای راف لێرە بە دواوە بەشێکە لە

مێژوو"... ڕاستی و دروستی ئەو بڵاوکراوەیە تا ئێستا ئاشکرا نەبووە..

## گورگە بۆرەکان

ڕێکخراوێکی چەتەگەریی و مافیایی و فاشستی و ڕەگەزپەرستی ڕاستڕەوە تورکەکانی گرێدراو بە پارتی مەهەپە (پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی MILLIYETÇI HAREKET PARTISI -) یە، کە بەزمانی تورکی بە BOZKURTLAR)) ناو دەبرێت. ئەم ڕێکخراوە لە ریگای دەوڵەتی تورك و سوپای تورکەوە هاوکاری تەواوی کراوەو لە پشت زۆرێك لە کردەوەکانی تێکدان و کوشتن و بزرکردنی هاوڵاتیان دەوەستێت. مێژووی دروستکردنی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩ کاتێك ئەفسەرێکی کۆنی سوپا بە ناوی ئالپ ئارسلان تورکەش ‹ ALPARSLAN TÜRKEŞ › بزوتنەوەی مەهەپەی دروست کرد. ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان لە ڕاستیدا کۆمەڵێك ئامانجی ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستانەی هەبوو دژ بە هەموو شتێك کە تورك نەبێت، ئەندامانی خۆی لە نێو ریزەکانی سوپاو پۆلیس و ئاسایشدا دەدۆزیەوە و بە بایدۆلۆژیای MILLÎ ÜLKÜ واتە بیری ناسیۆنالیستی ڕێکی دەخستن، لە پاشاندا ئالپ ئارسلان تورکەش هەمان کەسانی ئەم ڕێکخراوەی بەکار هێنا بۆ گەشەپێدانی پارتەکی خۆیی و لە سەرتاسەری وڵاتا بڵاویکردنەوە...

کردەوەکانی ئەم گروپە تۆرانی بوون و لە پێناو کۆکردنەوەی هەموو ئەو جوگرافیایەی کە زمانی تورکی بەکار دەهێنی و بە تورکی دەئاخفن هەموو ڕێگایەکی دەگرتە بەر، لەم پێناوەشدا هەر شتێك تورکی نەبووایە بۆ ئەوان ئامانجی لەناو بردن بوون بۆیە بۆ ئەوان جیاوازی لە نێوان کورد و ئەرمەن و یۆنانی و چەپ و مەسیحی و عەلەویدا نەبوو، تەنها لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ – ١٩٨٠ دا ژمارەی ٦٩٤ کردەوەی کوشتن لەسەر ئەم گروپە تۆمار کراون، یەکێك لە کردەوەکانیشیان ئەو هێرشە بوو کە محمەد عەلی ئەگجای

ئەندامی ئەم گروپە لە ساڵی ١٩٨١ کردیە سەر پاپا یۆهانس پاولۆسی دووەم و ئەو هێرشەی کە تەواوی میدیاکانی دنیا باسیانکرد کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٧ دا رۆژنامەنوسی ئەرمەنی هەرانت دینك (HRANT DINK) یان کوشت.

وێرای کوشتن و بزرکردنە سیاسیەکان ئەم گروپە بەرپرسیارن لە کردەوەکانی پۆگرۆم (واتە وێران کردن و تاڵانکردنی ماڵی خەڵکی و سازدانی قەسابخانە بۆیان) کردنی خەڵکانی کورد و جولەکەو ئەرمەن لە شارەکانی تورکیادا بە تایبەت لە ئەستەنبول. ساڵی ١٩٨٠ پاش رودانی کودەتای سەربازی لە تورکیا مەهەپە قەدەغەکرا، بەڵام ئەندامەکانی ئەم پارتە سیاسیە بە هەمان گروپ و دەستەو بەرنامەوە ناوی خۆیان گۆڕی بۆ مەچەپە MILLIYETÇI ÇALIŞMA PARTISI، واتە پارتی نەتەوەیی کرێکاران، ساڵی ١٩٩٢ پاش ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکان دیسانەوە ناوی خۆیان گۆڕییەوە بۆ هەمان ناو. ئاشکرا بوونی ریکخراوێکی دیکە لە تورکیا بە ناوی ئەرگەنەکۆن لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بووە هۆی ئەوەی لە راستی و دروستی زانیاریەکان سەبارەت بە گورگەبۆرەکان دیسانەوە بکۆلرێتەوە، چونکە پێدەچێت ئەم رێکخراوە تەنها بەشێك یاخود باڵێك بووبێت لە ئەرگەنەکۆن...

## ADOLF EICHMAN

ئۆتۆ ئەدۆلف ئیخمان (١٩٠٦ - ١٩٦٢) یەکێك بوو لە بەرپرسە نازیەکانی ئەڵمانیا کە بە ئەندازیاری هۆلۆکۆست ناو دەبرێت و سەرپەرشتیاری لۆجستی تەواوی ئەو جولەکانەی دەکرد کە بۆ خۆرهەڵاتی ئەوروپا بەرەو سەربازگاکانی قەلاچۆکردن دەبران، پاش تەواو بوونی جەنگ لە رێگای پاسپۆرتی ساختەی رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتیەوە خۆی گەیاندە ئەرژەنتین و لە ژێر ناوێکی خوازراودا لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی مەرسیدیس کاری دەکرد، ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن دەزگای مۆسادی ئیسرائیلیەوە لە ئەرژەنتینەوە رفێنرا بۆ ئیسرائیل و بە تۆمەتی ئەنجامدانی ١٥ تاوانی جیاواز حوکم دراو رۆژی ٣١ی مانگی مەی ١٩٦٢ لەسێدارەدرا.

## ANC

AFRICAN NATIONAL CONGRESS کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریکا، ساڵی ١٩١٢ دامـەزراوە، ئەوێ دەمێ باشوری ئەفەریکا لەژێر دەستی حوکمی ئەپارتایدی سپی پێستەکاندا بوو، کە بەشێوەیەکی زۆر رەگەزپەرستانە حوکمی وڵاتیان دەکرد، یەکەم سەرۆکی ئەم رێکخراوە جۆن دۆب بوو، لەگەڵ تیژ بوونەوەی ململانێ سیاسیەکاندا ساڵی ١٩٦١ باسکی سەربازی خۆی دروستکرد.

نیلسۆن ماندێلا ساڵی ١٩٤٢ پەیوەندی بەم کۆنگرەیەوە کرد، ساڵی ١٩٤٨ پاش دەستبەکاربوونی پارتی ناسیۆنالستی سپی پێستەکان و توندبوونەوەی سیاسەتی رەگەزپەرستی دژ بە دانشتوانە رەسەنەکەی ئەو وڵاتە کە رەشپێست بوون، نلسۆن ماندێلا بوو بە سەرۆکی بەرگریکردن و یاخی بوون، سەرەتا ماندێلا لەگەڵ ئەوەدا بوو کە خەباتی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی پەیڕەو بکرێت، بەڵام ساڵی ١٩٦٠ پاش ئەوەی خۆپشاندانێکی ئاشتیانەی رەشەکان بە گوللە وەڵام درایەوە، ماندێلاو ئەندامانی دیکەی کۆنگرە بڕیاری شەڕی چەکدارانەیاندا.

ماندێلا لە ساڵی ١٩٦٠ بوو بە سەرۆکی باسکی سەربازی رێکخراوەکە، لە ئۆگستۆسی ١٩٦٢ دەستگیرکراو پێنج ساڵ حکومی بەسەردا سەپێنرا، پاشان ساڵی ١٩٦٤ کە ماوەیەك بوو ئازاد کرابوو، دەستگیرکرایەوەو حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا، ماندێلا وەك قارەمانی بەرگریکردن و ئەشکەنجەی زیندان ناسراوە ئەو ساڵی ١٩٨٥ بەرامبەر بە ئازاد بوونی قایل نەبوو فەرمانی کۆتایی هێنانی شەڕی چەکداری دەربکات، ناچار بە فەرمانی سەرۆکی وڵات فریدك ولیام و لە ساڵی ١٩٩٠ دا ئازاد کراو ساڵی ١٩٩٣بە هاوبەشی پێکەوە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیان پێشکەش کراو ساڵی ١٩٩٤ بوو بە یەکەم سەرۆکی رەشپێستی ئەو وڵاتە..

## BUITENHOF

بەرنامەیەکی بەناوبانگی رۆژانـــی یەکشەمەی کەناڵی یەکی تەلەفۆیزۆنی هۆڵاندایە، ئەم بەرنامەیە لەشێوەی مێزگرددا بەڕێوە دەبرێت و رووداوەکانی رۆژانەی وڵات تاوتوێ دەکات، بەرنامەکە ناوبانگی سیاسی زۆرەو کاریگەری سیاسی زۆریشی هەیە بەسەر میدیاکان و رایگشتی و سیاسەتمەدارندا، ئەوانەی لەم بەرنامەیەدا ئامادە دەبن کەسانی پسپۆڕو سیاسەتمەدارو پیاوانی دەوڵەتن، ناوی ئەم بەرنامەیە لە راستیدا پێچەوانەو دژە ناوی کۆشکی (BINNENHOF) ە، کە هەر لەساڵی ١٢٣٠ ە وە شوێنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی سیاسی وڵاتە..

## CDU

CHRISTIAN DEMOCRATIC UNION OF GERMANY، یەکیەتی دیموکراتی کریستیانەکانی ئەڵمانیا، پارتێکی گرنگی سیاسیە لە ئەڵمانیا، ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە ساڵی ١٩٤٩ دا توانی کۆنارد ئەدناوەر بکاتە راوێژکاری وڵات، لە زۆربەی هـەرەزۆری هەڵبژاردنەکانی هەرێمی باڤاریادا زۆرینە دەهێنێت، ساڵی ٢٠٠٨ بۆ یەکەم جار لە مێژوی خۆیدا بوو بە خاوەنی ٥٣٠ هەزار ئەندام و بوو بە پارتێکی گەورەتریش لە پارتی سۆشیالیست SPD لە رۆژی ٢٥ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ دا توانی بۆ یەکەم جار ژنێك بگەیەنێتە لوتکەی دەسەڵات و ئەنگێلا میرکل بکاتە راویژکاری وڵات.

## D66

پارتێکی سیاسی هۆڵەندیە ساڵی ١٩٦٦ لە لایـەن ٤٤ کەسایەتی هۆڵەندیەوە دامەزراوە، ناوی فەرمی ئەم پارتە لە ساڵی دامەزراندنیەوە وەرگیراوە و بریتیە لە (پارتی دیموکراتی ٦٦)، ئەم پارتە پارتێکی چەپی لیبراڵە،

خاڵی سەرەکی و هۆکاری دروستبوونی ئەم پارتە بریتی بوو لە دیموکراتیزە کردنی سیاسەتی هۆڵەندا، لەیەکەم هەڵبژاردنی پاش دامەزراندنی ئەم پارتە، واتە لە ساڵی ١٩٦٧ دا بۆ یەکەمجار حەوت کورسی پەرلەمانی هێنا، لەساڵی ١٩٩٤ دا ئەم پارتە ٢٤ کورسی بەدەستهێناو بوو بە مایەی سەرنج بۆ تەواوی چاودێران، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦ دا تاڵاوی خوارد و تەنها ٣ کورسی پارلەمانی بەدەستهێنا، ساڵی ٢٠١٠ توانی دیسان سەرکەوێت و ١٠ کورسی مسۆگەر بکات..

## FRANZ JOSEF STRAUSS

(١٩١٥- ١٩٨٨) سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانی بـوو، سەرۆکی پارتی یەکگرتوی کۆمەڵایەتی کریستیانەکان بوو، بە سیاسیەکی راسترەو ناسرا بوو، هەر لە سەردەمی لاوییەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووە، کوڕی کابرایەکی قەساب بووە، خوێندنی زانکۆی لە شاری مێنشنی ئەڵمانیا تەواو کردووە، چەندین پۆستی گرنگی سیاسی بەتایبەت لە هەرێمی باڤاریا هەبووە، گرنگترین پۆستەکانیشی ئەوە بوو کە پاش جەنگی جیهانی دووەم کاتێك ئەڵمانیا لە ژێر دەستی ئەمەریکادا بوو لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە وەك سەرۆکی وڵات بە وەکالەت دانرابوو..

## GUDRUN ENSSLIN

(١٩٤٠- ١٩٧٧) یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی رێکخراوی ‹راف› بە بیرمەندی رێکخراوەکە ناسراوە کە توانیویەتی کاریگەری زۆر بکاتە سەر ئەندریاس بادر، دەستی باڵای هەبووە لە رێکخستنی خۆپیشاندانەکانی دژ بە ئەمریکا و بۆمبی ئەتۆم، ساڵی ١٩٧٢ لە هامبۆرگ لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت و پاش چەندین هەوڵی جیاواز لە لایەن هاوڕێکانیەوە بۆ ئازادکردن و دەرهێنانی ئەم خانمە لە زیندان لە رۆژی ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٧

بە مردوویی لە زینداندا دۆزرایەوە، پێدەچێت هەر لە لایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە تیرۆر کرابێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشەکانی سەرەتای ئەم فەرهەنگۆکە لە بەشی (راف) دا..

## GREENPACE

ڕێکخراوی ئاشتی سەوز، ڕێکخراوێکی سەرتاسەری جیهانیە، کار بۆ پاراستنی ژینگە دەکات، ساڵی ۱۹۷۱ لە وڵاتی کەنەدا هاتە دامەزراندن و لە ٤١ وڵاتی دنیادا نوسینگەی هەیە و نوسینگەی سەرەکیشی لە ئەمستەردامی هۆڵەندایە، هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە ئەو تاقیکردنەوە ئەتۆمیە بوو کە ئەمەریکا بە نیازبوو لە کەنارەکانی ئالاسکا ئەنجامی بدات، بۆ ئەم مەبەستە پاش دامەزرادنی ڕێکخراوەکە هەموو ئەندامەکانیان بە گروپی بچوك بچوك و بەبەلەم لە ناوچەی مەبەست کۆبوونەوە، ئەم ڕێکخراوە لە ریگای کارە باش و کاریتاسەکانیەوە بە تایبەت بۆ پاراستنی حوت و سەگی دەریا ناوبانگ و سومعەی زۆر باشی بۆ خۆی پەیدا کردووە و لە لایەن سیاسیەکان و میدیاکانیشەوە زۆرترین بایەخ بە چالاکیەکانی دەدرێت، هەموو چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە ئاشتی ئامێزو دوور لە توندوتیژییە، لەمانگی گەلاوێژی ۱۹۸٥ دا کاتێك ئەندامانی ئەم گروپە بە کەشتیەکی مەزنی خۆیان بە تەمابوون لە نزیك نیوزەیلاندەوە ریگا لە ئەنجامدانی تاقکردنەوەیەکی ئەتۆمی فەرەنسی بگرن، لە لایەن هێزەکانی فەرەنساوە دەستدرێژی کرایە سەر کەشتیەکەیان و بە هۆی گولە بارانەوە نغرۆی ئاو بوو، لە ئاکامدا ئەندامێکی گروپەکە کوژرا، ئەم سکاندالە فەرەنسای هەژاندو بووە هۆی ئەوەی وەزیری بەرگری دەستکێشانەوە راگەیەنێت و وڵاتی فەرەنساش لێپرساوی خۆی بەرامبەر بەو هێرشە راگەیەنێت...

## HANS VAN DEN BROEK

لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٦)ە لە پاریس، سیاسەت مەدارێکی هۆڵەندیە، باوکی یەکێك بووە لە رۆژنامەنوسە ناسراوەکانی هۆڵەندا، ساڵی ١٩٧٠ بووە بە ئەندامی یەکێك لە شارەوانیەکانی هۆڵەندا، پاشان لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەم جار لەسەر لیستی پارتی گەلی کاتۆلیك بووە بە ئەندامی پەرلەمان، ساڵی ١٩٨٢ – ١٩٩٣ وەزیری دەرەوەی هۆڵاندا بووە، لە ساڵی ١٩٩٥- ١٩٩٩ بوە بە ئەندامی کۆمیسیۆنی ئەوروپا، لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بوو بە وەزیری دەوڵەت لە هۆڵەندا...

## HEDY DANCONA

لە دایکبووی ئۆکتۆبەری ١٩٣٧ ی هۆڵاندایە، لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا هاوتای هەموو خێزانە جولەکەکانی دیکە کەوتنە بەرشاڵاوەکانی جینۆساید و باوکی دەستگیرکراو لە پاشاندا مرد. بە خانمیکی کۆمەڵناس و سیاسی و فەمنیست ناسراوە، سەرەتای کاری سیاسی خۆی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیەوە دەستپێکرد، چەندین پۆستی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگی دیوە، ساڵی (١٩٧٤) بۆ یەکەمجار بووە بە ئەندامی ژوری یەکەمی پارلەمانی هۆڵەندا لەسەر لیستی پارتی کرێکاران، ساڵی ١٩٨٤ بۆ یەکەمجار بوو بە ئەندامی پارلەمانی ئەوروپا، لەپاش ساڵی ٢٠٠٩ دا خۆی تەرخانکردووە بۆ بایەخدان بە رەوشی منداڵان لە وڵاتانی خۆرهەڵات.

## HELMUT SCHMIDT

یاخود HELMUT HEINRICH WALDEMAR SCHMIDT، سالی ١٩١٨ لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا لەدایك بووە، سیاسەتمەدارو ئابوریناسی ناسراوی ئەڵمانی، چەندین پۆستی گرنگی سیاسی وەك وەزیری دارایی و وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوە و وەزیری ئابوری لە ئەستۆ گرتووە، سالی ١٩٧٤ هەتا ساڵی ١٩٨٢ راوێژکاری ئەڵمانی بوو، لە ماوەی

مێژوویەکی درێژی ئەڵمانیادا یەکێك بوو لە روخسارە کاریزماکانی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا SPD.

## JOSCHKA FISCHER

سیاسەتمەداری نـاسراوی ئەڵمانی ، بە بنەڕەت لە ئەڵمانەکانی هەنگاریایە، ساڵی ١٩٤٨ لەدایکبووە، ناوەکەی خۆشی یۆشکا بچوککراوەی ناوی یوسفە بە زمانی هەنگاری، باوك و دایکی یۆشکا فیشەر بەهۆی بـارودۆخـی جەنگی جیهانی دووەمــەوە لە هەنگاریا بـەرەو ئەڵمانیا دەرکراون، ساڵی ١٩٦٥ خوێندنی ئامادەیی بۆ تەواو ناکرێت و دەستدەداتە خویندنی فۆتۆگرافی، بەڵام ساڵی ١٩٦٦ واز لەو خوێندنەش دینێت و بۆی تەواو ناکرێت، ساڵی ١٩٦٧ فیشەر بۆ یەکەمجار لەگەڵ گروپێکی چالاکی چەپەکاندا سەرەتا لە شتوتگارد و پاشان لە فرانکفۆرت ئاشنا دەبێت و بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا دەکات، لە یەکێك لە خۆپیشاندانەکاندا پەلاماری پۆلیس دەدات و بە بۆمبی دەستی مۆلۆتۆڤ دووپۆلیس بە قورسی بریندار دەکات، ساڵی ١٩٧١ لە یەکێك لە کارخانەکانی کۆمپانیای ئۆپل بۆ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل کار دەکات، بەڵام پاش ساڵێك بەهۆی چالاکی خۆیی و پرۆپاگەندەی دژ بە سەرمایەداری لە کار دەردەکرێت، ساڵی ١٩٧٦هەتا ساڵی ١٩٨١ وەك شوفێری تەکسی کار دەکات... لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٥ یۆشکا فیشەر لەسەر لیستی چەپی سەوز دەبێت بە وەزیری ژینگە، بەڵام لەو ماوەیەدا فیشەر بوو بە مایەی سەرنج و مشتومڕ لەبەر ئەوەی هەموو رەسمیات و باوەکانی دەسەڵاتی شکاند و لە کاتی سوێندخواردنی یاساییدا پێڵاوی تێنسی لەپێدابوو، ئێستا ئەو پێڵاوانە لە مۆزەخانەی بۆن پارێزراون، لەساڵی ١٩٩٩ بە پشتگیریکردنی یۆشکافیشەر بۆ هێرشە سەربازیەکانی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ بۆ یەکەمجار ئەڵمانیا لەپاش جەنگی دووەمی جیهانیەوە، وەك هێزێکی سەربازی شەڕکەر دەرکەوتەوە، ئەمەش

دیسان بووە هۆی دروستبوونی مشتومڕێکی سیاسی زۆر، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨- ٢٠٠٥ پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیای لە ئەستۆ گرتبوو، ڕۆژی ٢٧ ی ژونی ساڵی ٢٠٠٦ ماڵئاوایی لە دنیای سیاسەت کردو بەتەواوی دوور کەوتەوە، ئێستا مامۆستای شەرەفە لە زانکۆی پرنسیتۆنی ئەمەریکا و وانەی قەیرانی دبلۆماسی نێونەتەوەیی دەڵێتەوە.

## JOB COHEN

ساڵی ١٩٤٧ لە شاری هارلم لە هۆڵەندا لە دایکبووە، دایك و باوکی کۆهین دەستگیراندار بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە جولەکە بوون لە جەنگی جیهانی دووەمدا دەبوو بە جیا خۆیان لە دەستی نازیەکان بشارنەوە و هەتا جەنگ تەواو نەبوو یەکتریان نەدی، نەنك و باپیری لە سەربازگاکانی نازیەکاندا بێسەروشوین بوون. کۆهین لەبەر ئەوەی دایك و باوکی مامۆستای زانکۆ بوون زۆر زوو بە دنیای سیاسەت ئاشنا بوو، ساڵی ١٩٦٧ بوو بە ئەندامی پارتی کرێکارانی هۆڵەندا، خوێندنی یاسا و مافەکانی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٨١ لە زانکۆی لایدنی هۆڵەندا پلەی دکتۆرای بەدەستهێناوە و پاشان لە زانکۆی ماستریخت بۆتە مامۆستا، لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە وەك سیمایەکی ناوداری پارتی کرێکاران دەردەکەوێت و چەندین پۆستی گرنگی سیاسی لەوانەش بریکاری وەزیری داد و پاریزگاری ئەمستەردام وەردەگرێت... ساڵی ٢٠١٠ لە پەرلەمانی هۆڵاندا بوو بە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتەکەی خۆی...

## KORTHALS

ALBERT HENDRIK (BENK) KORTHALS سیاسەتمەدارو مافناسی هۆڵەندی لە ساڵی ١٩٤٤ لە دایك بووە، باوکیشی یەکێك بووە لە سیاسەتمەدارە ناسراوەکانی وڵات و چەند جارێك لە چەند وەزارەتێکی جیاواز وەزیر بووە، لە ساڵانی ١٩٨٢ - ١٩٩٨ ئەندامی پەرلەمانی

هۆڵاندا بووە لەسەر لیستی پارتی گەلی ئازادی و دیموکراسی VVD، لە حکومەتەکەی کوکدا بۆ دووجار وەزیری داد بووە، هەتا ساڵی ٢٠٠٢ وەزیری بەرگری بوو، بەڵام پاشان لەبەر چەندین رەخنەو هۆکاری سیاسی خۆی کشاندۆتەوە. لەنێوان 2011-2014 بوو بە سەرۆکی پارتەکە.

## MARGARET THATCHER

تاتشەر ناسراو بە خانمی ئاسنین ‹THE IRON LADY› لە ساڵی ١٩٢٥ لە گرنتام – بەریتانیا- لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەمجار دەچیتە نێو پەرلەمانی بەریتانیاوە و پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ بوو بە سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٩هەڵبژاردنەکانی بردەوەو بووە سەرۆك وەزیرانی وڵات، پاشان دیسانەوە دووجاری دیکە بەهەمان شێوە هەڵبژاردنەکانی بردەوە هەتا ١٩٩٠ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو، ئەو یەکەم خانم دەبێت لە مێژوی وڵاتەکەی خۆیدا ئەو پۆستە وەربگرێت، باوکی تاتشەر دوکانداری سەوزەفرۆش بووە و دایکیشی بەرگ دروو بووە، بەلام تاتشەر زۆر بە توندی و رژێم پەروەردە دەکرێت، بۆیە ئەو لە قوتابخانە یەکێك بووە لە منداڵە زیرەکەکان و وەرزشکاریکی بەتواناش بووە، خوێندنی زانستەکانی کیمیا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو دەکات، پاشان وەك پسپۆڕێکی کیمیا لە یەکێك لە کۆمپانیاکاندا لە نیوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥١ کار دەکات، لە هەمان ماوەشدا خوێندنی یاسا و پۆلەتیکی تەواو کردووە. تاتشەر بەیەکێك لە سەرکردە هەرە دیارەکانی ئینگلیز هەژمار دەکرێت لە پاش ونستۆن چەرچل و یەکێکیش بووە لە سیاسەتمەدارە هەرە بەهێزەکانی جەنگی ساردو لە مێژووی بەریتانیادا تاکە سەرکردەیە کە درێژترین ماوە لەسەر دەسەڵات و بۆ سێ جاری لەسەر یەك هەڵبژاردنەکان بباتەوە، تاتشەر بە گشتی یازدە ساڵ و شەش مانگ و ٢٦ رۆژ سەرۆك وەزیرانی وڵات بووە. تاتشەر ناسراوە بە رەفتاری توندی

لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکارانی کانە خەڵوزەکان و زیاتر لەگەڵ رۆناڵد ریگان و بەڕێوبەرایەتی ئەمەریکا تەباتر بووە و زۆر پەرۆشی سیاسەتەکانی یەکیەتی ئەوروپا نەبوو. مانگی ئاپڕلی 2013 کۆچی دوایی کرد.

## MASSIMO D ALEMA

سیاسەتمەدار و رۆژنامەوانی ئیتالی بەناوبانگ ماسیمۆ دە ئەلیما لە ٢٠ ی ئاپرلی ١٩٤٩ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٩٨ هەتا ساڵی ٢٠٠٠ سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا بوو، ماسیمۆ دە ئەلێما لە ناو ژینگەیەکی مارکسی پـەروەردە بـووە، باوکی ئەندامی پارلەمان بوو لەسەر لیستی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا (PARTITO COMUNISTA ITALIANO)، ماسیمۆ خێرا لەنێو پارتی کۆمۆنیستدا گەشەی سەند، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا کاتێك خوێندکاربوو لە زانکۆی PISA بوو بە سەرکردەی بزوتنەوەی لاوانی وڵات، پاشان بوو بە بەڕێوەبەری گشتی رۆژنامەی (L´UNITA) ی زمان حاڵی پارتەکەیان، دە ئەلێما هەتا ساڵی ١٩٩٠ یەکێك بوو لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی پارتی کۆمۆنیست، بەڵام لە ئەنجامی هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەڵات، لە ئیتالیاش هاوتای هەموو وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا پارتی کۆمۆنیست هەڵوەشایەوە و ئەوسا ماسیمۆ دە ئەلێما هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی دیکەدا پارتی دیموکراتی چەپ (PDS) یان دامەزراند و بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٩٢ لەسەر لیستی پارتەکەی خۆی بوو ئەندامی پارلەمانی وڵات، بۆ دواجار ماسیمۆ دە ئەلێما ساڵی ٢٠٠٦هەتا ٢٠٠٨ بوو بە وەزیری دەرەوەی ئیتالیا.. هەتا ئێستا هەشت کتێبی بە چاپ گەیاندووە..

## NETELENBOS

ساڵی ١٩٤٤ لە هۆڵەندا لەدایکبووە، ئەم خانمە ساڵی ١٩٨٢ بۆ

یەکەمجار بوو بە ئەندامی شارەوانی لە سەر لیستی پارتی کرێکاران هەتا ساڵی ١٩٨٧، پاشان چەندین پۆستی گرنگی سیاسی وەرگرتووە، لە هەمان ساڵدا بو بە ئەندامی پەرلەمان هەتا ساڵی ١٩٩٤ پاشان ئیتر لەو ساڵە بەدواوە بۆ دووجار لە کابینەی حکومەتی ڤیم کۆك بووە بە بریکاری وەزیری خوێندن و پاشان بە وەزیری هاتوچۆ.

## NOS

NEDERLANDSE OMROEP STICHTING کورتکراوەی دەزگای راگەیاندنی هۆڵەندایە، چەندین دامەزراوەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەنتەرنێت و تێکست لە سەرتاسەری هۆلەندا لە خۆ دەگرێت.

## OTTO SCHILY

OTTO GEORG SCHILY لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٢ ی ئەڵمانیایە، خوێندنی یاسای لە زانکۆی مینشن خویندووە و زانستە سیاسیەکانیشی لە زانکۆی بەرلین تەواو کردووە، وەك پارێزەرێکی چەپ بەرگری لە زۆربەی ئەندامانی رێکخراوی راف کردووە لە بەردەم دادگادا، لە ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٥ لە حکومەتی شرۆدەردا وەزیری ناوخۆ بوو.

## PINOCHET

ئۆگستۆ پینۆشێ ١٩١٥- ٢٠٠٦ (AUGUSTO PINOCHET) دیکتاتۆری پێشوی شیللی و یەکێك لە هەرە حکومەتە خوینخۆرەکانی باشوری ئەمەریکا، ساڵی ١٩٧٣ لە رێگای کودەتایەکی سەربازی و بە هاوکاری ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا (سی ئای ئەی) حکومەتی نیشتیمانی ئەو وڵاتە کە بە هەڵبژاردنێکی راستەقینە هاتبووە سەرکار روخاندو سەلڤادۆر ئالیندیشی کوشت، سەردەمی حوکمی ئەم دیکتاتۆرە

بە سەردەمێکی تاریك و ڕەش نـاسراوە، سەردەمێك كە تیایدا كوشتن و ڕفاندن و بزركردن و زیندان و كۆشتنی بە كۆمەڵ ببوە تاقە ڕێگا بۆ مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا، ساڵی ١٩٩٠ ئەم دیكتاتۆرە لە ژێر فشاری سیاسیدا دەستبەرداری دەسەلاتی سیاسی بوو بەلام هەتا ساڵی ١٩٩٨ هەر فەرماندەی گشتی سوپا بوو، ساڵی ٢٠٠٢ ئەم دیكتاتۆرە پیرە بۆ ئەنجامدانی هەندیك پشكنینی تەندروستی بەرەو بەریتانیا بەڕێكەوت، بەڵام لەوێ دەستگیر كرا و ساڵێك لە زینداندا مایەوە، لەو ماوەیەدا داوا لە پارێزەر بریتا بولەر (پارێزەری ئۆجەلان و نوسەری ئەم كتێبە) كرا وەك پارێزەر ئامادەبێت بەرگری لێبكات، بەڵام ئەو لەبەر ڕابوردووی دكتاتۆری ئەو، ئامادەی ئەو كارە نەبوو.

## PLO

كورتكراوەی PALESTINE LIBERATION ORGANIZATION واتە ریكخراوی رزگاری خوازی فەلەستینیە، ساڵی ١٩٦٤ لە پێناو رزگاركردنی فەلەستین بە شێوازی سیاسی و سەربازی پێكهێنرا، ساڵی ١٩٩٣ یاسر عەرەفات كە بەرپرسی ڕێكخراوەكە بوو بە فەرمی نامەیەكی ئاراستەی سەرۆكی ئیسرائیل ئیسحاق رابین كردو دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ناو لە گەڵیدا رۆشتە نێو پرۆسەی ئاشتیەوە، بەرامبەر بەمەش ئیسرائیل دانی بەو ڕێكخراوەدا ناو وەك نوێنەری راستەقینەی گەلی فەلەستین ناساندنی و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیشی لە كەناری خۆرئاواو رامەلای خستە ئەستۆی ئەمەش بێگومان بەپێی ڕێكەوتننامەی ئۆسلۆ، ئیتر لەو كاتەوە ئەم ڕێكخراوە لە ریزی ڕێكخراوە تیرۆریستیەكان دەرهێنرا.

## ROSA LUXEMBURG

رۆزا لوكسەمبورگ (١٨٧١- ١٩١٩) لە خێزانی بازرگانی جولەكە لە

پۆڵەندا هاتۆتە دنیاوە، وەك سیاسی و فەیلەسوف و شۆڕشگێڕی مارکسی ئەڵمانیا ناسراوە، ساڵی ١٨٨٩ بەهۆی هەڵسوڕاوی سیاسی خۆیەوە بەرەو سویسرا هەڵهاتووە و لەوێ پەیوەندی بە مارکسیە شۆڕشگێڕەکانەوە بە رابەری بلیخانۆف کردووە، سەرەتا سەرقاڵی خوێندنی زانستەکانی سروشت و ئابوری سیاسی بووە، بەڵام لە ساڵی ١٨٩٢ ئیتر دەستی بە خوێندنی ماف کردووە، ساڵی ١٩١٣ کتێبێکی خۆی بە ناوی (کەڵەکەبوونی سەرمایە) بڵاوکردەوە، لە زۆر بۆچونیدا لەگەڵ لینین تەبا نەبوو، لەوانەش بەکارهێنانی حزب بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و سەپاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، لە ئەڵمانیا گروپیکی بەناوی سپارتاکوس رێکخست و پاشان پارتی کۆمۆنستی ئەڵمانیای دروست کرد،ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ کارل لیکبنخت کۆماری سۆشیالیستی ئەڵمانیایان دروست کرد، بەڵام پاش چەند مانگ لەم کارەیان هەردوکیان لە لایەن دەستیەکی سەربازی توندڕەوی ئەڵمانیەوە کوژران.

## SCHRODER

سیاسەتمەداری ئەڵمانی GERHARD FRITZ KURT SCHRÖDER ساڵی ١٩٤٤ لە دایکبووە، شەش مانگ پاش لە دایکبوونی واتە لە هەمان ساڵدا باوکی لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە رۆمانیا دەکوژرێت، شرۆدەر لە خێزانێکی کرێکاردا هاتۆتە دنیاوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٨ مامۆستای سەرەتایی بووە، بەڵام پاشان وردە وردە هەموو پلەکانی خوێندنی تەواو دەکات و ساڵی ١٩٧٦ زانستی مافناسی تەواو دەکات و هەتا ساڵی ١٩٩٠ وەك پارێزەر کار دەکات و دەبێتە یەکێك لەو پارێزەرانەی کە لیبڕاوانە لە نێو هۆڵی دادگاکاندا بەرگری لە چەپەکان و ئەندامانی رێکخراوی رێکخراوی راف دەکات. ساڵی ١٩٩٦ هەتا ساڵی ٢٠٠٥

دەبێتە راوێژکاری ئەڵمانیا لەسەر لیستی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا. لە هەڵبژاردنەکانی سێپتێمبەری 2005 سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بۆیە وازی لەکاری سیاسی هێناو گەڕایەوە بۆ پیشەی پارێزەری.

## SPD

پارتی سوشیال دیموکراتی ئەڵمانیا SOZIALDEMOKRATISCHE PARTEI DEUTSCHLANDS ساڵی ١٨٦٣ لە ئەڵمانیا دامـەزراوە، بناغەی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ سۆشیالیستەکانی سەدەی نۆزدە،ئەم ناوەی ئیستای لە ساڵی ١٨٩١ وەرگرتووە، هەتا ساڵی ٢٠٠٨ یەکیك بووە لە هەرە پارتە سیاسیە گەورەکانی ئەڵمانیا، لە ساڵی ١٩١٨ دا بۆ یەکەم جار ئەم پارتە حکومەتی پێکهێناوە، پاش هاتنە سەرکاری نازیەکان لە ئەڵمانیا ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٣٣ قەدەغەکراو زۆربەی سەرکردەکانی یان دەستگیر کران، یاخود کوژران و هەڵاتن و ئیتر پاریس و لەندەن و ڤیەنا و پراغ بوو بە مەڵبەندی خەباتیان لە دژی نازیەکان، ساڵی ١٩٤٥ سەرلەنوێ دروستکرایەوە، ئیتر لەوکاتە بە دواوە ئەم پارتە چ وەك دەسەڵاتدارو چ لـەدەرەوەی دەسەڵات رۆڵی گرنگی هەبووە لە نەخشاندنی سیاسەتی وڵاتدا، ئەم خشتەیەی خوارەوەش نیشانی دەدات کە چەند جار ئەم پارتە توانیویەتی کاندیدی خۆی بگەیەنێتە پلەی راوێژکاری وڵات:

| ساڵی هەڵبژاردن | ناوی کاندید | بووە بە راوێژکاریان نا؟ |
|---|---|---|
| 1949 | KURT SCHUMACHER | نەخێر |
| 1953 | ERICH OLLENHAUER | نەخێر |
| 1957 | ERICH OLLENHAUER | نەخێر |
| 1961 | WILLY BRANDT | نەخێر |

| | | |
|---|---|---|
| نەخێر | WILLY BRANDT | 1965 |
| بەڵێ | WILLY BRANDT | 1969 |
| بەڵێ | WILLY BRANDT | 1972 |
| بەڵێ | HELMUT SCHMIDT | 1976 |
| بەڵێ | HELMUT SCHMIDT | 1980 |
| نەخێر | HANS–JOCHEN VOGEL | 1983 |
| نەخێر | JOHANNES RAU | 1987 |
| نەخێر | OSKAR LAFONTAINE | 1990 |
| نەخێر | RUDOLF SCHARPING | 1994 |
| بەڵێ | GERHARD SCHRÖDER | 1998 |
| بەڵێ | GERHARD SCHRÖDER | 2002 |
| نەخێر | GERHARD SCHRÖDER | 2005 |
| نەخێر | FRANK–WALTER STEINMEIER | 2009 |

## SCHENGEN INFORMATIE SYSTEEM

سیستەمی زانیاری شنگن، بەشێکی بچوکە لە خودی رێکەوتننامەی شنگن، شنگن شارێکی بچوکە لە وڵاتی لوکسمبۆرگ لەسەر سنوری ئەڵمانیا و فەرەنسا، ساڵی ١٩٨٥ هەریەکە لە فەرەنساو ئەڵمانیاو هۆڵەنداو بەلجیکاو لوکسمبۆرگ رێکەوتنامەیەکیان لەو شارۆچکەیە مۆرکرد بۆ ئەوەی سنورەکانی نێوان خۆیان لەبەردەم زۆرێك لە ئاستەنگەکانی هاتوچۆ بە تایبەت هاتوچۆی خەڵکی بکەنەوە، ساڵی ١٩٨٦ ئەم پەیمانە فراون کراو بڕیاری ئەوە درا کە دوازدە دەوڵەتی ئەوروپی لە ساڵی ١٩٩٣ دا وەك زەمینە خۆشکردن بۆ پێکهێنانی تەواوەتی یەکیەتی ئەوروپا سنورەکانی خۆیان لەبەردەم هاتوچۆی سەرمایە و شمەك و کارگوزاری و خەڵکیدا بە

تەواوی بکەنەوە.

لەساڵی ٢٠٠٨ دا ژمارەی ئەو وڵاتانەی بوونەتە ئەندامی ئەم پەیمانە بوون بە ٢٢ وڵات، بڕگەکانی ئەم پەیمانە زۆر ورد و هەمە چەشنەن، لە چەندین بڕگەدا چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ پەنابەراندا دیاری کراوە، هەروەها سیستەمی زانیاری شنگن کە بریتیە لە پێکهێنانی یەك داتا بانك بۆ زانیاریەکانی تایبەت بە کەسان، بەشێکە لەو رێکەوتنە.

## VAN AARTSEN

سیاسەتمەداری ناسراوی هۆلەندی JOZIAS JOHANNES VAN AARTSEN لە پارتی VVD ساڵی ١٩٤٧ لە شاری دەنهاخ لە هۆڵەندا لە دایك بووە، باوکیشی یان ڤان ئارتسن وەزیری هاتوچۆ بووە، خوێندنی یاسا لە زانکۆی ئەمستەردام تەواو دەکات و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٠ دەبێت بە ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا، ساڵی ١٩٩٤ دەبێت بە وەزیری کشتوکاڵ و سروشت و بەرهەمی ئاوی، ساڵی ١٩٩٨ لە کابینەی دووەمی ڤیم کۆك دەبێت بە وەزیری دەرەوە و هەتا ساڵی ٢٠٠٢ لەو پۆستە دەمێنێتەوە، پاشان چەندین پۆستی دیکەی سیاسی و ئابوری وەردەگرێت، بۆ دواجار بوو بە پارێزگاری شاری دەنهاخ.

## VAN DER VALK

یەکێکن لە خێزانە هەرە سەرمایەدارو ناودارەکانی هۆڵەندا کە خاوەنی چەندین کۆمپانیای گەورەو بچوکن، بەتایبەت کۆمەڵە هۆتێلەکانی (ڤان دێر ڤاڵك)، ساڵی ١٩٨٢ یەکێك لە ئەندامانی ئەم خێزانە لەلایەن گروپێکی مافیای ئیتالیەوە رفێنراو بەرامبەر بە ١٣ ملیۆن گڵدەر(پارەی ئەوسای هۆڵەندا) ئازاد کرا..

## WILLY BRANDT

سیاسەتمەداری ناسراوی ئەڵمانی ناوی راستەقینەی خۆی HERBERT ERNST KARL FRAHM (١٩١٣ – ١٩٩٢)ە و ناوی ویللی برانتی وەك ناوی خوازراوی سیاسی دژ بە نازیەکان بەکار هێناوە، دەموچاوی ناسراوی پارتی سوشیال دیموکراتی ئەڵمانیا بوو، یەکەم دەرکەوتنی سیاسی ئەو لە ساڵی ١٩٢٩ بوو ئەودەمەی بوو ئەندامی کۆمەڵەیەکی لاوانی سوشیالیست،پاش ئەوەی نازیەکان لە ساڵی ١٩٣٣ هاتنە سەرکار، بەفەرمانی پارتەکەی لە رێگای دەریاوە هەڵهات بۆ وڵاتی نەرویج و لەوێوە سەرپەرشتی بەرەنگاربوونەوەی دەکرد، فێری زمانی نەرویژی بوو، لە رۆژنامەکانی ئەو وڵاتەدا بە نوسین و ریپۆرتاژی سیاسی خەباتی خۆی بـەردەوام دەکرد، سەرەنجام بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کاری سیاسیەوە نەیتوانی خوێندنی خۆی لەو وڵاتە تەواو بکات. ساڵی ١٩٣٨ حکومەتی ئەڵمانیا رەگەزنامەی ئەڵمانی لێسەندەوە بۆیە لە نەرویژ رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی وەرگرت، سالی ١٩٤٠ کاتێك نازیەکان نەرویژیان داگیرکرد ئەو ناچار بەرەو سوید هەڵهات، پاش شکستی نازیەکان گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیاو وەك نوێنەری نەرویژ لە بەرلین دەستبەکار بوو، ساڵی ١٩٤٩ دیسانەوە رەگەزنامەی ئەڵمانی خۆی وەرگرتەوە و سالی ١٩٥٧ بوو بە پارێزگاری بەرلین. ویللی برانت بە کەسایەتیەکی سیاسەتمەداری ئاوەڵا ناسرا بوو، ساڵی ١٩٦٩ بوو لەسەر لیستی پارتی سوشیال دیموکراتی ئەڵمانیا هەڵبژاردنەکانی بردەوەو بوو بە راوێژکاری ئەڵمانیا، پەیوەندیەکی دبلۆماسی نەرمی لەگەڵ ئەڵمانیای خۆرهەڵات وپۆڵەنداو یەکیەتی سۆڤیەت پەیڕەو دەکرد و وەك رێزلێنان لەم هەوڵانەش لە ساڵی ١٩٧١ خەڵاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرت، ساڵی ١٩٧٤ لە ناکاو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە دەرکەوت یەکێك لە هاوکارە هەرە جێگا باوەڕەکانی بە ناوی GÜNTER GUILLAUME شۆڤار، جاسوس، ی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتە. ساڵی ١٩٧٦ بوو بە سکرتێری گشتی سوشیالیست ئەنتەر ناسیۆنال.

## WIM KOK

سیاسەتمەداری هۆڵەندی WILLEM (WIM) KOK ساڵی ١٩٣٨ لە هۆڵەندا لە دایکبووە، سەرەتای دەرکەوتنی لە جیهانی سیاسەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە ئەو لە سەندیکاکاندا بەرگری لە کرێکاران دەکرد و هەندێك جار وەك چەپێکی توندڕەو لە میدیاکاندا بەدیدەکرا، سالی ١٩٨٦ بۆ یەکەمجار بە دووەم دەنگی لیستەکەی لەسەر پارتی کرێکاران بوو بە ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا، پاشان بوو بە بەرپرسی یەکەمی پارتەکە و لە ساڵی ١٩٨٩دا بوو بە لێپرسراوی یەکەمی سوشیالیست ئەنتەرناسیۆنال، هەر لە هەمان ساڵیشدا بوو بە وەزیری دارایی وڵات. ساڵی ١٩٩٤ – ٢٠٠٢ بوو بە سەرۆك وەزیرانی وڵات.

## WILLEM VAN MANEN - پارێزەر بۆ پارێزەران

پارێزەرێکی بەناوبانگی هۆڵەندی بوو (١٩٣٤- ٢٠٠٨) یەکێك بوو لە هەرە پارێزەرە دیارەکانی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا، ناسرابوو بەو پارێزەرەی کە هەرگیز هیچ کام لە دۆسیەکانی خۆی نادۆڕێنێت، یەکێك لە کارە هەرە گرنگ و بەناوبانگەکانی ئەم پارێزەرە دامەزرانی ڕێکخراوی پارێزەر بۆ پاریزەرانە کە ڕێکخراوێکی گرنگ و مەزنەو لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا هاوکاری ئەو پارێزەرانە دەکات کە خۆیان دەکەونە بەر هەڕەشەی دەسەڵات و ڕێگایان نادرێت کارەکانی خۆیان بە ئاسانی ئەنجام بدەن، ساڵی ٢٠٠٨ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.

ڕێکخراوی پارێزەر بۆ پارێزەران ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن کۆمەڵێك پارێزەری چالاك لە نێو ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال دامەزرا، ولیەم ڤان مانن نزیکەی بیست ساڵی تەمەنی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە تەرخانکرد، لەبڕگەی چوارهەمی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم ڕێکخراوەدا ئامانجەکانی خۆی دەخاتەروو لە هاوکاریکردنی هەموو

ئەو پارێزەرانەی لە دنیادا دووچاری گرفت دەبنەوە بەهۆی ئەنجامدانی کارەکانیان لە بوارەکانی پاراستنی ئەو بڕگانەی مافی مرۆڤ کە لە جاڕنامەی جیهانیدا ریزبەند کراون.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ماڵپەڕی ئەم رێکخراوە

/HTTP://WWW.ADVOCATENVOORADVOCATEN.NL



## نوسەری ئەم کتێبە

## Britta Bohler

رۆژی ١٧ ی گەلاویژی ساڵی ١٩٦٠ لە ئەڵمانیا لە شاری فرای بۆرگ لە دایکبووە، باوکی بەڕێوەبەری دارایی خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە بووە، دایکیشی فەرمانبەر بووە، دایك و باوکی لایەنگری پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا بوون، ئەم خانمە ساڵی ١٩٧٩ هەرلە ئەڵمانیاو هەمان شاری خۆی لە زانکۆی (ALBERT LUDWIGS) زانستەکانی یاسا وماف دەخوێنێت و لە بەشی یاسای سزادان خوێندن تەواو دەکات، لە کاتی خوێندنیدا لە ژێر کاریگەری مارکیسزمدا بووە و لایەنگری مەسەلەی فەلەستین بووە، وێرای تایبەتمەندیشی لە یاسادا دووساڵ زانستی ئابوری و دوو ساڵیش زانستی سیاسی خوێندووە.

ساڵی ١٩٨٥ بۆ یەکەمجار لە شاری مینشن (MÜNCHEN) وەك پارێزەر دەست بەکار دەبێت، پاشان لە شارەکانی فرانکفۆرت و ماین هەمان کاری پارێزەری دەکاتەوە، ساڵی ١٩٩١ بڕیاریدا ئەڵمانیا بەجێبهێڵێت و بە تەواوی لە هۆڵەندا لە ئەمستەردام بژی و ساڵی ١٩٩٢ پلەی دکتۆرا لە

زانستەکانی یاسا بەدەست هێنا..

ساڵی ١٩٩٤ وەك چاودێر لەیەکەم هەڵبژاردنی ئازادانەی باشوری ئەفەریکا پاش کۆتاییهاتنی سیستەمی ئەپارتاید، بەشداریکردو ئەم سەفەرەشی زۆرترین گۆڕانکاری لە ژیانیدا بەسەر هێناوە.

لە نێوان سالانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ وەك کارمەند لە نوسینگەیەکی پارێزەران کە بە نوسینگەیەکی چەپ ناسرابوون کاری دەکرد، پاشان بوو بە یەکێك لە خاوەنەکانی نوسینگەکە.

وێرای ئۆجەلان، پارێزەری ئەم کەسانەی خوارەوەش بووە

- VOLKERT VN DER G بکوژی سیاسەتمەداری ناسراوو راستڕەوی هۆڵەندا پیم فۆرتاین.

- ساڵی ٢٠٠٢ کاتێك ولیەم ئەلکسەندری شازادە ( کە ئێستا پادشای وڵاتە) کیژۆلەیەکی ئەرجەنتینی خواست و باوکی کیژۆڵەکە تاوانبار بوو بە رەشەکوژە، ئەم خانمە پاریزەری ئەو کەسانە بوو کە دژ بە هاتنی باوکی ئەو خانمە(JORGE ZORREGUIETE) بوون.

- ساڵی ٢٠٠٥ وەك پارێزەر بەرگری لە سەمیر عـەزوز ئەندامی (ریکخراوی شانەی پایتەخت) کرد، کە رێکخراوێکی ئیسلامی توند ڕەو بوو.

- هەروەها بەرگری لە ئەیان هیرسی عەلی پەرلەمانتاری بە ڕەگەز سۆمالی کرد لە کەیسی وەرگرتنەوەی رەگەزنامەی هۆڵەندیدا..

ساڵی ٢٠٠٤ دوو کتێبی بە چاپ گەیاندووە یەکەم دانـە ئەمەی بەدەستی خوێنەرەو دووەمیش بە ناوی (قەیرانەکانی یاسا).. بوو، چەندین جار خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرتووە، یەکیك لە خەڵاتەکانیشی لەساڵی ٢٠٠٣ بەناوی باشترین پاریزەری ئەمستەردام وەرگرتووە.

ساڵانی ١٩٩٤ هەتا ١٩٩٩ وێـرای سەرقاڵبوونی بە کاری خۆیەوە خۆبەخشانە سکرتێری ریکخراوی گرین پیس (ئاشتی سـەوز) بووە لە هۆڵەندا، ساڵانی ٢٠٠٠ هەتا ٢٠٠٣ بەرپرسی یەکەمی رێکخراوەکە بووە.

لەهەمانکاتیشدا لە ساڵانی ١٩٩٥ - ٢٠٠٣ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ریکخراوی (پارێزەر بۆ پارێزەران) بووە. لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ لە ژووری دووەمی پارلەمانی هۆڵاندا بوو بە سیناتۆر لەسەر لیستی پارتی چەپی سەوز، هەتا ناوەڕاستی 2011، لە ئێستادا پرۆفیسۆری تایبەتە لە زانکۆی ئەمستەردام.